# ڕامان RAMAN

151

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


**● سەروتار**

– با لە سەرەتاوە وەرگێڕانەکانمان بەپێی پێویستییەکانمان بێ/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– منداڵیی من و خۆم/ حەمە کاکەڕەش/ 6
– ئاشۆ پاشۆ/ عەباس عەبدوڵلا یووسف/ 8
– ئەودیو ئاگر/ مهاباد ئازاد/ 10
– گولڤەدانا ئێشێ تە/ سەرکان برووسک/ 12
– گۆشتی مرۆڤ/ لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 14
– جێژن/ کامەران حامیدیان/ 15
– سێبەر/ کەریم حیکمەتی/ 17
– بەڕێوەبەری ناحیە/ ئازاد ئەرگوشی/ 18
– دادگەه/ فاواز حوسێن/ 27
– پاش نیوەڕۆی یەکشەممانە/ لە فارسییەوە: محەممەد ئەمین شاسەنەم/ 32

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ وەرگێڕ و چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس)/ ئا: ڕامان/ 42

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– گرەوی بەختی شێرزاد.. خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵەی»/ سەعید سلێمانی/ 63
– شیزۆشیعر/ مراد ئەعزەمی/ 74
– (لیسا) لەنێوان نامۆیی و چاوەڕوانیدا/ د. پەخشان سابیر/ 88

**● بیرەوەری**

– مێشوولە خواردمیان/ د. مارف خەزنەدار/ 98

**● هزر و فەلسەفە**

– فەلسەفەی باوکانی کڵێسە/ د. حەمید عەزیز/ 101

**● وتار**

– کاروانی خەیاڵ/ ئەحمەدی قازی/ 115
– گۆرکی و چیرۆکی میللی/ لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات/ 119

**● هونەر**

– ئاوازی نوێ، شیعری نوێ لە دەڤەری هەورامان/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 125

**● زمانناسی**

– تیۆرەکانی واتا/ لە عەرەبییەوە: نەریمان خۆشناو/ 132

**● ڕۆژنامەگەری**

– سەردەمی زانیارییەکان/ محەممەد عەبدوڵلا کەلاری/ 145

**● خوێندنەوەی کتێب**

– کۆمەڵێک شیعری عاشقانەی میسری کۆن/ هاشم سەڕاج/ 149
– ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی/ جەلال سنجاوی/ 153

**● زاراوەسازی**

– ئەدەبی شوانکارە/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 156

**● نرخاندن**

– ڕامان دەرفەتێکی وای ڕەخساندووە کە زۆرترین قەڵەمی جۆراوجۆر لە سەرجەم.../ هاشم سەڕاج/ 158

**● نامە**

– نامەی ڕەفیق حیلمی بۆ د. مارف خەزنەدار/ ئا: ڕامان/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– کتێبەکەت چۆن چاپ دەکەیت/ جەلال بەرزنجی/ 160

**سەروتار**

**له پەراوێزی کولتوورەوە**

# با لە سەرەتاوە وەرگێڕانەکانمان بەپێی پێویستییەکانمان بێ

**(١ – ٢)**

**سەرنووسەر**

*لە حەفتایەکانەوە تا ئەمڕۆکە زۆربەی ئەو جارانەی ڕێ کەوتووە لەگەڵ نووسەر و ئەدیبە عەرەبەکان دابنیشین، ئەوان هەمیشە ڕووی دەمی گلەییان لە ئێمە کردووە و وتوویانە بەشێوەیەکی گشتی ئاگایان لە ئەدەبیاتی کوردی نییە، بە تایبەتیش زۆر ئاگاداری ئەدەبیاتی نوێی کوردی نین، هۆی ئەم بێ ئاگاییەشیان دەخەنە ئەستۆی نووسەران و داوودەزگا ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی کوردەوە. کە پێیان دەڵێین دەقگەلێکی زۆری شیعر و چیرۆک و بابەتی هەمەچەشنی دیکە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کراون بە عەرەبی، بۆچی ناچن ئەو وەرگێڕانانە بخوێننەوە؟ ئەوان داوا دەکەن کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبیی شاعیرێک، چیرۆکنووسێک، یان کۆمەڵێکیان بەسەریەکەوە لە دووتوێی کتێبێکدا بۆ بکرێتە عەرەبی و یەکسەڵەف بیخوێننەوە. کاتێکیش بەرهەمی (١٦) شاعیری کوردم وەرگێڕاو بەسەریەکەوە لە کتێبێکدا لە ساڵی ١٩٨٠ خستمە بەردەستیان، دیسان ئەو کارە و سەرجەم کارەکانی دیکەی وەرگێڕەکانمان ئەنجامیان داون نەبوونە جێگەی سەرنجی ئەوان، واتە نەک هەر بەسەریان نەکردنەوە، بگرە هەر نەشیان خوێندنەوە و ئەرک و زەحمەتی خوێندنەوەشیان نەگرتە ئەستۆی خۆیان. ئەو پرسیارەی بەزیندوویی دەمێنێتەوە ئەوەیە: ئایا پێویست نییە ئەو شاعیر و نووسەرە گەورانەی بەو زمانەی داهێنانیان پێکردووە، یان شەیدایان و تامەزرۆیان و خوێنەرانی شیعر کە ئەو زمانانە نازانن بۆیان وەربگێڕینە سەر زمانەکەی پێی دەخوێننەوە؟ دەکرێ خوێنەرێکی عەرەب کە کوردی نازانێ و نایەوێ زمانەکەشمان فێر بێ، شاعیری گەورەی وەک (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی) و (گۆران) نەناسێ و بە زمانی خوێندنەوەی خۆی ئەوانە نەخوێنێتەوە؟ یان خوێنەرێکی کورد کە ئینگلیزی نازانێ و ناتوانێ بەزمانی ئینگلیزی تی.ئێس. ئیلیەت بخوێنێتەوە، ئیتر لە خوێندنەوەی ئیلیەت بێ بەش بێ و بۆی نەکرێتە کوردی؟ کەوابێ وەرگێڕانی شاکاری گەورەی شیعری دنیا ، لەگەڵ ئەوەشەوە وەک دەڵێن (خیانەت) و (زوڵم)ـە لە شیعر دەکرێ، بەڵام هەروەک پێویستیی دەمێنێتەوە و دەبێ بکرێ.

*گرانیی داڕشتن و سەبک و ئاوێتەیی وێنە و فۆرمی شیعر و ئەفسوونی وشە، ئەوە ناگەیەنێ ئیدی ڕوو لەو جۆرە شیعرانە وەربگێڕین و بەلای وەرگێڕانیاندا نەچین. کاتێک وەرگێڕ بەرانبەر شیعرێکی قووڵ و فرە ڕەهەند و ئاوێتەو زیهنیدا دەوەستێ و لە وەرگێڕانیدا دەستەپاچەیە، قەت ناکرێ خوێنەری زمانێکی دیکە لە وەرگێڕانی ئەو شیعرە بێ بەش بکرێ، ئەگەر ئەو پشت تێکردنە ڕاست بوایە، ئەوە پرۆسە و بزاڤی وەرگێڕان لە هەموو دنیادا دەپووکایەوە و بەرەو کزی و لاوازی دەڕۆیشت و پەیامی خۆی نەدەگەیاند، ئێمەش تا ئێستا بە دەیان شاعیر و نووسەری گەورەمان هەر نەدەناسی و ئاگامان لە داهێنان و شاکار و بەرهەمەکانیان نەدەبوو، ئەوکاتە ئەوانیش نەیاندەتوانی کەم و زۆر کارتێکردنیان بەسەر ئەدەبیاتی گەلانی دنیاوە هەبێ. ئەو ستایل و شێوازی نووسینە ئەدەبیانەی پێش دەیان و سەدان ساڵ پێی نووسراون و باو و برەویان هەبووە، ئەمڕۆکە ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە پێمان دەگات. ئەوانەی بێجگە لە زمانی دایک زمانێکی دیکە دەزانن، بتوانن لە ڕێگەی زمانی دایک و زمانی دووەمەوە ئەو شاکار و داهێنانانە بخوێننەوە و بناسن، خوێنەرێک زمانی دووەم نەزانێ چی بکا؟ بۆیەشە پێم وانییە بەبێ وەرگێڕان هیچ زمانێک، هیچ ئەدەبیاتێک نە دەوڵەمەند بووبێ و نە گەشەی کردبێ.

*وەرگێڕان هەمیشە هۆیەک بووە بۆ فراوانکردنی سنووری خوێنەرانی دەقەکان و بەو هۆیەوە ئەو دەقانە لە بازنەیەکی تەسک و تەنگەبەر دەرچوون و بۆ مەودایەکی بەرینتر و ئاسۆیەکی ڕووناکتر پەلی هاوێشتووە. ئێمە بەهۆی وەرگێڕانی بەرهەم و شاکارەکانمانەوە

دەتوانین سنووری مەحەلییەت بەزێنین، کاتێک توانیمان بەرهەمەکانی (نالی) و (مەحوی) و (سالم) و (مەولەوی) و (کوردی) و (گۆران) وەربگێڕینە سەر زمانەکانی بێگانە، ئەوسا وەک شاعیری جیهانیی دەناسرێن و دەخوێنرێنەوە و لێمان وەردەگیرێن، هەر بەهۆی ئەو وەرگێڕانانەوە جوغزی سنووورداری ناوەخۆمان و هەرێم دەشکێنن، ئەوکاتەش نووسەران و ڕەخنەگرانی دنیا وەک بەشێک لە کەلەپووری داهێنەرانەی مرۆڤایەتی تەماشایان دەکەن و لەخوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیاندا بۆ ئەو شاعیرانەمان و لە نووسینی ڕەخنەیی لە بارەیانەوە، لەگەڵمان بەشدار دەبن و بەرانبەر بە گەورەیی هونەر و داهێنانیان بێ دەنگ نابن، ئەوەتا دەبینین باشترین و جوانترین ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە (فرانس کافکا) نووسراون، ئەو کەسانە نووسیویانە کە خەڵکی وڵاتەکەی ئەو نین، وەک (بۆریس بۆرسۆف)ی ڕووسیایی لە کتێبی (ڕیالیزم ئەمڕۆ و بۆ هەمیشە)، یان (ڕۆچیە گارۆدی)ی فەرەنسی لەکتێبی (ڕیالیزمی بێ کەنار)ەکەیدا کە لەبارەشیەوە نووسیویانە، زۆر جوان نووسیویانە و بیروڕا و بۆچوونی خۆیان هەڵخستووە. ئەگەر بیانووش ئەوەیە لەکاتی وەرگێڕاندا شیعر زۆر لە سیحر و ڕەونەق و جوانی و نهێنییەکانی گەورەییەکەی خۆی لەدەستدەدا و دەیدۆڕێنێ، یان کێش و ڕیتم و مۆسیقای وشەکانی لەبەین دەچن، دیسانەوە دەرگا داخستن لە وەرگێڕانی شیعر کارێکی دژوار و ئەستەمە، بەم بۆچوونە خوێنەری ئێمەش و ئەوانیش ناتوانن بزانن لەجیهانی شیعر و شاعیراندا چ دەگوزەرێ و شیعر و نوێخوازی و داهێنانە گەورەکان کامانەن؟ وەرگێڕانی شیعر نەبوایە خوێنەرانی غەیرە زمانی ئینگلیزی شاکاری وەک (خاکی وشکەڵان- أرض اليباب)ی ئیلیەت و (پەلکەگیا- أوراق العشب)ی وڵت وتیمان و دەیان و دەیان شاکاری شاعیرانی وەک (شاتوبریان) و (ڤرلین) و (ڕامبۆ) و (بۆدلێر) و کێ و کێیان لەکوێ دەناسی و چۆن پێی ئاشنا دەبوون و چۆن دەکرا تەکان بە بزاڤی شیعریی خۆیان بدەن و شۆڕشی نوێخوازیی تێدا بەرپا بکەن؟

* وەک دەڵێن ئێمە میللەتی شیعرین و بەشی هەرە زۆری نووسینەکانمان بۆ شیعر تەرخان کردووە، ڕۆژهەڵاتناسەکان وتوویانە لەناو کوردان لەناو هەر سێ کەسدا دوانیان شاعیرن، کەچی بەداخەوە لە مەسەلەی شیعرەکەش دیسانەوە بە تەواوی نەچووینەتە ناو بنجوبناوانەوە و هەقی تەواوی خۆیمان نەداوە، خوێنەرێکی ئاسایی کورد بێجگە لە دیوانە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد، زۆر ئاگاداری میتود و تیۆرە ڕەخنەییەکانی بواری شیعر نین و لە مێژووی شیعری گەلانی دنیادا بە تەواوەتی شارەزاییان نییە، واتە پێویستە چەندە ئاگاداری شیعر و شاعیرەکان دەبین، ئەوەندەش خەریکی ئەو ڕۆشنبیرییە بین کە شاعیرەکە لێیەوە هەڵێنجاوە و سەبارەت بە شیعر و هونەر و تەکنیکەکانی بە دەستی هێناوە، لێرەوە پێویستە ڕۆشنبیریمان سەبارەت بە شیعر بە شێوەیەکی گشتی، هەر لە ڕوانگەی دەقەکانی ناو شیعری کوردی خۆیەوە نەبێ، بگرە دەبێ (بێجگە لە هونەری شیعری هۆراس و ئەرستۆ) کتێبی چاکمان سەبارەت بە تەکنیک و هونەرەکانی شیعری نوێ هەبێ و وەریانگێڕین، کە تا ئێستا جگە لە هونەری شیعری هۆراس شتێکی ترمان نییە، بۆیە پێویستە تا بکرێ جموجووڵی وەرگێڕان لە بواری وەرگێڕانی شیعری شاعیرە گەورەکانی گەلانی دی برەوی پێ بدرێ و تا بۆمان دەکرێ وەرگێڕانی ئەو دەقانە لە دەستی یەکەم و زمانە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە بکرێن بە کوردی باشترە، پاشان خەریکی وەرگێڕانی کۆمەڵێک کتێبی ڕەخنەیی بین لە بارەی شیعرەوە، کە وەرگێڕانی ئەو کتێبانە بۆ خوێنەرانی کورد بە پێویستییەکی گەورە دەزانم، خوێنەرانیش دەتوانن بەهۆی ئەو کتێبانەوە پێوەرە ڕەخنەیی و ئێستێتیکییەکانی لەلایانە جێگیر بکرێن و پێوەرەکان لەلایان تووشی شێواندن نەبن و بتوانن لە ڕێگەی ئەو میتود و بیروبۆچوون و ڕێبازە ڕەخنەییانەوە زیاتر زەوق و چێژی خۆیان مشتومال بکەن، ئەوساکە هەر شیعرێکی کوردییان خوێندەوە دەزانن لە چ خانەیەکی دابنێن، یان بایی ئەوەندە پێوەری ڕەخنەیی و هەستی ئیستێتیکی و چێژ و زەوقیان دەبێ، کەس نەتوانێ موزایەدەی نوێخوازی و تێنەگەیشتنی شیعریان بەسەرەوە بکات، یان کەسێک بەخۆی ڕابپەرموێ نەخشەی شیعر و شیعری باش و خراپیان بۆ دەست نیشان بکات.

* بە پێویستی دەزانم پرۆسەی وەرگێڕان پلانی ساڵانە و پێنج ساڵە، واتە کورت مەودا و دوور مەودای بۆ دابنرێت و لە ئەرکە پیرۆز و گەورە و شارستانییەکەی خۆی دانەماڵرێ و دوور نەخرێتەوە، بۆیە دەزگایەکانی تایبەت بە (وەرگێڕان) و داوو دەزگا کولتوورییەکانی ئێمە ئەرک و بەرپرسیارەتی مێژوویی و هەنووکەیی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی خۆیان وەرگێڕی کارامە و بە سەلیقە و پسپۆڕ دەست نیشان بکەن و کاری وەرگێڕانی گرنگ و بە سوود کە کەلێنوکەلەبەرێک لەناو کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە بەو کەسانە بسپێرن کە شارەزاییان لەو بابەتانەدا هەیە و ڕووبەڕوویان بکرێتەوە، ئەوانیش زەمینە و باکگراوەندی ڕۆشنبیرییان لەبارەی ئەو بابەتەوە هەبێ کە دەستی دەدەنێ، یان هەندێ کتێب ڕووبەڕووی لیژنەیەک بکرێتەوە کە هەموویان لەبەردەم دیقەت و وردی و دەستپاکی و ئەمانەتی وەرگێڕانەکە دابنێ و بەرانبەر زمانە کوردییەکەی بەرپرسیار بن و بەهەموویان پێیدا بێنەوە، واتە هەوڵ بدرێ کاری وەرگێڕان لەو حاڵەتەدا و لەکاری گرنگ و حەساس و قووڵدا بکرێ بە کارێکی هەرەوەزی و هاوبەش، زیاتر لەوەی هەوڵی تاکەکەسی بێ، لێرەدا جگە لەوەی کارەکە خێراتر دێتە بەردەست، وەرگێڕانیش لە چێژ و هەڵبژاردنی تاکەکەسێکەوە، دەبێتە کارێکی دەستەجەمعی و وەرگێڕان وەک پێویستیی خۆی بەسەر باری ڕۆشنبیری و فیکری ئەمڕۆماندا دەسەپێنێ، هەر نەبێ دەبێتە هەوڵێک بۆ ئەوەی بەشێکی بچووک لەم کەلێنوکەلەبەرانە پڕ بکاتەوە. کەی توانیمان بەشێکی ئەو کونوکەلەبەانە پڕ بکەینەوە، ئەوسا وەرگێڕان ئەگەر بوو بە هەوڵ و تەقالای تاکەکەسیش قەیناکا، بێ گومانیشم لەو بارەدا وەرگێڕان دەبێتە خوێنی زیاتر بۆ دەمارە سڕبووەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریمان، لە کاری وەرگێڕانیشدا نابێ بیروڕایەک زەق بکەینەوە و بیسەپێنین، بەڵکو پێویستە لە پێشەوە خوێنەر لە هەموو بیروبۆچوون و میتود و قوتابخانە و ڕێبازەکان ئاگادار بکرێنەوە و دواتر سەرپشک بکرێ تا لەناو ئەو بیروڕایانەدا خۆی مەیلی بۆ کام لایان دەچێ هەڵبژێرێ، ئەگینا تووشی دۆگما و چەواشەکاری دەبێ، لەجیاتی ئەوەی دنیای وەک پەلکەزێڕینە بۆ بخرێتە پێش چاو بیبینێ، ئەوکاتە لەنێوان (ڕەش+ سپی)دا بەگیر دێت و گیر دەخوا.

* لەبەر ئەوەی میللەتەکەمان تا ئێستا لە ئەدەبیات نزیکترە وەک لە زانست، بۆیە نەک هەر وەرگێڕانی ئەو بوارە زانستیانەی سەردەم بایەخیان پێنادرێ، بگرە کتێبی دانراویشمان سەبارەت بە زانست نییە، یان لە باشترین حاڵەتدا زۆر دەگمەن و دانسقەن کە لە ڕیزی نەبوان دەژمێردرێن، ئەوەی کراویشە هەر ئەوەندەیە کە کورد حەزی لێیە و زەوقی پێ دێ، نەک ئەوەی پێویستی پێیەتی، چونکە کورد میللەتێکە لەگەڵ زانست دانووی ناکوڵێ و زۆر کۆک و تەبا نییە. باشە کە بەشی هەرە زۆری وەرگێڕەکان خەریکی وەرگێڕانی بوارە ئەدەبییەکەن، با لە سەرەتاوە بۆ ئاشنا کردنی خوێنەرانی خۆمان بەشاعیرە گەورەکانی دنیا دەست پێبکەین، سەرەتا ئەو شیعرانە بکرێنە کوردی کە (هاوکێشەی مەوزووعی- المعادل الموضوعي) لە شیعرەکانیاندا هەیە و لەنێوان فۆرم و ناوەرۆکەکەیاندا هاوسەنگییەک هەیە، واتە بایەخەکە بە تەنیا بە وشەسازی و فۆڕم نەدراوە، کە ئەم جۆرە شیعرانە بە سەختی وەردەگێڕدرێن و بە دەردی پەندە لاتینییەکە دەڵێ: وەرگێڕ تەواو دەکاتە (خائین)، یان وای لە ئیتاڵییەکان کردووە بڵێن: (وەرگێڕ.. تاوانبارە)، بەڵام وەرگێڕان هەر شتێ بێت و بە هەر جۆرێک وەسف بکرێ، ئەوە پێویستییەکە بۆ موتروبەکردن و جوانترکردن و خوێن کردنە لەشی ئەدەبی نەتەوایەتی گرنگ و پێویستە. ناکرێ کورد شاکاری وەک (زۆربا) و (پیرەمێرد و زەریا) و (دۆن کیشۆت) و (برایانی کارامازۆف) و (کلیلە و دمنە) و (هەزار و یەک شەوە) و..و.. نەخوێنێتەوە لەبەر ئەوەی زمانی ئەو شاکارانەی پێیان نووسراون نازانێ. دەزانین شیعری نوێ کێشی خۆی هەیە و لەکاتی وەرگێڕانیدا ناتوانین لە زمانی دووەمدا ئەو مۆسیقای وشە و ڕیتم و کێشانە دەربخەینەوە، یان (زمان) لە شیعردا بارگاوییە بە مۆسیقای تایبەتی وشەکان خۆیان، بەتایبەتی کاتێ شاعیر دوو وشە لە تەنیشت یەکدی دادەنێ و پێکیان ئاشنا دەکا، بێ گومان مەبەست لەو ئاشنا کردنە دروست کردن و خوڵقاندنی دوو دەنگە کە مۆسیقایەکی نوێ بەدەستەوە بدات، ئەوانە هەمووی لە وەرگێڕاندا لە کیس دەچن و نامێنن.. ئەفسوونی زمان لە بەین دەچێ و پووچ دەبێتەوە، بەڵام دیسانەوە دەڵێم ناکرێ دەسبەرداری وەرگێڕانی ئەم جۆرە شیعرانەش بین.

* ئەوەی لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سییەکان و چلەکان و پەنجایەکان هەڵبداتەوە، هەست دەکات نووسەران و خەمخۆرانی وشەی کوردی، جموجووڵێکیان بۆ وەرگێڕان دەست پێکردووە، کە بەلامەوە ئەو چالاکییە هەم هەست کردنە بە گرنگیی وەرگێڕان لە ژیانی کولتووریی ئێمەدا، هەم دەسپێکەکەی بە سەرەتایەکی ڕاستودروست دەبینم. (پیرەمێرد)ی شاعیر و منەوەر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە کاری ڕۆژنامەوانی خۆیدا زۆر بایەخی بە (وەرگێڕان) داوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم وەک هەڵبژاردنی بابەتەکان، بابەتی نەوعی و جوانیان هەڵبژاردووە و بە کوردییەکی زۆر جوان و ڕەوان و پاراو کراون بە کوردی، کە بەڕاستی بۆ ئەو ڕۆژگارە جێی سەرنجن، ئەمڕۆکە ئێمە ئەگەر بزاڤی وەرگێڕانمان فراوان کردووە و پەلمان بۆ زۆر بواری ئەدەبی و زانستی هاوێشتووە، کارێکی چاکە، بەڵام دەبێ (هەڵبژاردن)ی ئەو بابەتەی بۆ وەرگێڕان دەست نیشان دەکرێ و ئەو کوردییەی پێی وەردەگێڕین زۆر پێویست و گرنگە لەبەرچاو بگیرێن. پێویستیی و پڕ کردنەوەی بۆشایی و کەلێنوکەلەبەر لەکتێبخانەکەمان وامان لێ دەخوازێ دەست بۆ وەرگێڕانی بابەتی فەلسەفی و فیکری و دەست بۆ بواری کۆمەڵناسی و دەروونزانی و ئێستێتیکایی و مەنتیق ببەین و وەریان بگێڕین، بەڵام لەناو ئەو کایە زانستی و مەعریفی و هزریانەدا گرنگ و گرنگتر و گرنگترین هەیە، پێویستە لە سەرەتاوە (گرنگترینەکان) وەربگرین و وەربگێڕین، دەنا ئەوانەی پێویست نین وەک وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی ئارسین لۆپین و هیتشکۆک و کاری بازرگانی، ئەوانە لە ڕیزی (کەمالیات) دەژمێردرێن، بەلای منەوە بە هەدەر دانی کات و توانایی و داراییە، کە پێویستە ئەمە بۆ کارە هەرە گرنگەکان تەرخان بکرێن و خوێنەر لەسەر خوێندنەوەیان ڕابهێنین.

* وەرگێڕانی کتێبی زانستی و بابەتگەلی بواری هزری و فەلسەفەیی و تێکستی فەلسەفی، بۆ بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی تەندروستی و پزیشکی دیسانەوە پێویستیان بە بەرنامەیەکی تۆکمە هەیە، تەنانەت بایەخدان بە ڕۆشنبیری و هۆشیاری بواری سێکس وا داخوازێ چەند کتێبێکی زانستی و قووڵ سەبارەت بەو بابەتە بڵاوبکەینەوە، نەک مەسەلەکە ببرێتەوە بۆ لای بازاڕ گەرمییەکە و لایەنە بازرگانییەکەی و لە ڕاستەڕێی مرۆڤانەی خۆی ڕێگەی پێ لابدرێ، بۆیە بایەخدان بە پرۆسەی وەرگێڕان دەبێ بەشێوەیەکی سستماتیک بێ. (یەهوود) و (سریان)ەکان کە ئاگاهی و شارەزاییان لە فەلسەفەی یۆنانیدا هەبووە، هەر ئەوە وای لە موسڵمانەکان کرد، بەچەکی خۆیان ڕووبەڕوویان بوەستنەوە، ئیدی دواتر فێربوون بزانن مەنتیق و میتافیزیقیا چین و بە قووڵیی لێیان بکۆڵنەوە، بێجگە لەوەش کە وەک چێژ بەخشینێک بە عەقڵ و وەک مەشق و وەرزشێک بۆ عەقڵ وەریان گرتن، لێرەوە مەنتیق و فەلسەفەی یۆنانییەکانیان کردە چەکی دەستی خۆیان بۆ ململانێ و بەربەرەکانی کردنی نەیارەکانیان، لەکاتێکدا ئەو چەکە، چەکی کاریگەری دەستی وڵاتێکی دیکە بوو، بۆیە (وەرگێڕان)یان بە پێویست زانی و کەوتنە وەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە.


* ئەوانەی بەکاروباری سیاسییەوە خەریکن، هەر کە ویستیان ئەلف و بێی سیاسەت تێبگەن و لە دەرگای سیاسەت بدەن، دەبێ بۆ نموونە (میر) و (مطارحات)ی میکاڤیللی و (بروتوکولات حکام صهیون) و (لعبة الأمم) و چی و چی بخوێننەوە. ئەوانە کە ڕوو دەکەنە سیاسەت تا ئەو کتێبانە نەخوێننەوە ناتوانن هەنگاو بنێن و نازانن لەم دنیایەدا چی دەگوزەرێ و چۆن وەک داشی دامە هەڵمان دەسوڕێنن. عەرەبەکان پێویستیان بە فەلسەفە هەبوو، بۆیە ئەو هەست کردنەیان بەو پێویستییە سەرووی تینوێتی ئەوان بوو بۆ زانست و فێربوون، بە تایبەتی لەوکاتانەدا کە عەرەبەکان کەوتبوونە باس کردنی قەزا و قەدەر و بەرپرسیارەتی ئادەمزاد لەو کاروکردەوانەی ئەنجامیان دەدات و لە بارەی چاکە و خەراپە و خێرخوازی و شەڕخوازی دەدوان، کە ئایا ئەو باوەڕانە لەناوەوەی ئادەمزاددا بوونیان هەیە، یان لە دەرەوەی خۆی بەدەستیان دەهێنێ؟ هەڵبژاردن، یان سەپاندن لەکار و کردەوەی مرۆڤدا کامیان زیاتر برەویان هەیە؟ لەم سۆنگەیەوە دەمەتەقێ کەوتە نێوانی موسڵمان و مەسیحی و جوولەکەوە و ئەو گفتوگۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ توند دەبوو و شێوە گفتوگۆیەکی نوێی بەخۆوە دەدیت و بەدوای ئەوەدا دەچوون کە کام ئایینەیان ڕاستە؟ یان لە چوونە ناو وردەکارییەکانی بیروباوەڕی خاوەنانی ئەو ئایینانە کام بیروڕایە پتر لە واقیع و لە ڕاستییەوە نزیکە؟

# منداڵیی من و خۆم

حەمە کاکەڕەش
(سوێد)

بیرم دێ منداڵیی من و خۆمم باش بەبیر دێ
من و خۆم پێکەوە کراسێک و شەڕواڵێکی پینە پینە و
دۆشەگێک و
جووتێ پێڵاو و دڵێکی سادە و سەرێکی پڕ خەونی
ڕەنگاوڕەنگمان هەبوو.
بیرم دێ من و خۆم دەڕژاینە یارییەکانەوە
من وەک سێوێکی سوور بریسکەم دەهات
خۆم وەک هەنارێکی دەم بە پێکەنین هەر دەنکێکی
ڕەنگێکی لێدەڕژا
نە من دڵم هات چاوی دەنکێک هەناری خۆم کوێرکەم
نە خۆم ڕەنگێکی منی بریندار کرد
من لەسەر باڵی کۆترێک دادەنیشتم
خۆم دەهاتە سەر باڵەکەی تری
* * *
من و خۆم هێندە سادە بووین
لە ڕەنگی ڕژاوی پەپوولەیەکدا ون دەبووین، هیچ
هەستمان نەدەکرد، کە هەبووین.
* * *
بە منداڵی من وخۆم شەڵاڵی خەیاڵ بووین
ئێستاکە گومانم هەیە هەر نەبووین
دوو پەڵە خەونی ڕژاوی ژیان بووین.
* * *
بیرم دێ ڕۆژێکیان لە شەڕەگەڕەکدا منداڵێکی هار سەری
شکاندم
هەموو هاوڕێکانم ڕایان کرد و بەتەنیا مامەوە، کەچی خۆم
بەو منداڵییە بەدیارمەوە دەگریا و
گیرفانی کراسەکەی لێکردەوە و ئاگری تێبەردا و ستۆکەی
نایە سەر شکاوییەکەی سەرم.

منداڵ بووم لە پۆلی شەشەم بەیەکەم دەرچووم.
کاتژمێرێکیان پێدام بە دیاری
ڕۆژێکیان ونم کرد
خۆم لە من زیاتر دەگەڕا تا بیدۆزێتەوە
کات تێپەڕی و کاتژمێرەکەمان نەدۆزییەوە و
من و خۆم و خۆم منی ون کرد.



بیرم دێ من و خۆم منداڵ بووین
سەگ و پشیلە و پەپوولەمان خۆش دەویست
کە گەورەبووین
من و خۆم شەڕێکمان دەست پێکرد
من بووم بەسەگ و خۆم بە پشیلە
خۆم بوو بەسەگ و من بە پشیلە
پەپوولەکانیش لەنێوان شەڕی من و خۆما سەرگەردان
بوون
بیرم دێ منداڵیی من و خۆم باش بیر دێ
کە دەڕۆیی بۆ شەڕ دوای دەکەوتم
دەترسام بیکوژن و کەسێک مەیتەکەی نەهێنێتەوە
دەترسام بپێکرێ و کەسێک نەبێ تیماری کا و فڕێی
بدەنە خەرەندێکەوە
دەترسام بکەوێتە دەریایەکەوە و کەسێک گوێی لە
هاواری نەبێ
ئەو ڕۆژگارە وەک ئێستا دوژمنی یەکتر نەبووین
ئەو ڕۆژگارە یەکی چۆڕێ منداڵی و خەیاڵ و جوانیمان
هەبوو
هەناسەیەک ئومێد و نیگایەک ڕامان و چرپەیەک
عەشقمان هەبوو
ئەو ڕۆژگارە، کە خۆم دەچوو بۆ باغچەیەک
من پێش خۆم دەگەیشتمە ئەوێ، پڕ بووم لە ترسی
ئەوەی
بە بۆنی گوڵێک بمرێ
بە فڕەی باڵی باڵندەیەک خۆی بیر بچێتەوە
بە کەوتنی گەڵایەک بۆ هەتا هەتایە خەیاڵی لەدەست دا
ئەو ڕۆژگارە وەک ئێستا ئاگر و ئاو نەبووین
پێکەوە دەستی دڵۆپێک بارانمان دەگرت تا بیگەیەنینەوە
ماڵی هەور
پێکەوە گەڵایەکی وەریومان دەربردەوە سەر ڕێگای بەهار
پێکەوە دەستی شکاوی ئەستێرەیەکمان دەگرتەوە
پێکەوە تریفەی لێوی مانگمان تۆخ دەکردەوە
پێکەوە ورشەی ئەستێرەمان لەدەریادا کۆ دەکردەوە
هەڵمان دەگرت بۆ ڕۆژە تاریکەکانی تەمەن
بیرم دێ، کە خۆم سەفەری دەکرد
لەگەڵیا دەڕۆشتم
غەمباری ئەوە بووم بە تەنها سەفەری شارێکی دوور بکا و
نەگەڕێتەوە بۆ لام
غەمباری ئەوە بووم لە شەقامێکدا کەسێک ڕایوەشێنێ و
پێی بڵێ: چیت داوە لە خەیاڵ، خەیاڵ ناتباتەوە ماڵی
هیچ خەونێ
ئەو ڕۆژگارە من و خۆم پێکەوە مناڵ بووین مناڵ.

٢٠٠٨ – ٢٠٠٩

# ئاشۆ پاشۆ

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

پێی ناوێ بە ڕۆمانێک دەریببڕم، خۆم بە تەکنیک نانۆخوازم
لەبەر بارانێکی هاوینەدا
هێڵ هێلکەی کرد و بینەر بە بیبەر خوێدار کرا
تیپی کۆسەو کەلۆس، بە بووز جەنگی سارد هەڵدەگیرسێنن
نێرە فەیلەسووف، لەپێناو دوو سبەی سمێڵتراش کردنی گەلان
سێبەری ئێستای خۆی تێکەڵ بە سێبەری پێرار دەکات و
لەبەریدا چەقۆ دەمەسوو دەکا و پەڵۆڵەی بە دۆشاو دەخوات
هەر خۆی کەسی تر نا، لێناگەڕێ سەری گومگومە هەڵدەینەوە
نەوەک نەفرەجای لێ دەرپەڕێ و
وەک بەندەیەکی ئاڵقە لەگوێ بەرفەرمانمان بێت و بەداخواز
هانکە هانکی سەگمان بۆ بکاتە سەمفۆنیا
دنیا سۆپەرمارکێتە و دێڵە فەیلەسووفێک دەیگێڕێ و
بەنرخ داشکانێکی ٣٠٪، ژووژک لەسەرڕا پێی دەکەوێتە ناو دڕکان و
بە سووراوی لێوی سۆزانییەکی درەنگە شەو، برینەکانی تیمار دەکرێن
مەعبەینی هەولێر و هەولێر
یەک ملیار عانەی زەمانی مەلەکییە و بەقیتی ریزکراون
وەز بۆ دیتنی فلیمی:
بەسەرهاتی چینییەکی لالەش کۆمەنیست، لالەش سەرمایەدار
لە هۆلیوودەوە بەرەو بۆلیوود
بە پێیان و بەناو قوڕی لیچ و بنیشتاویدا نەرمە غارێکم کرد و
بەد خەڵاتی هۆنراوەش لەگەڵما خێرا ڕای دەکرد
بە هۆشڕێژە بچێتە لای لووس ئیراگاری
شکات لە ژنی خۆی بکات:
من بە ماف مێخوازم، بەس ئەو هاونوێنیم ناکات
لە میزۆپۆتامیا واتا وڵاتی دوو زێ
بە جانتایەکی پڕ ماری لاستیقەوە ونبوو و
بە نوو مۆدیلەی کلاشنکۆفی پاش سەردەمی سۆڤێت کوژرا
بەر لە مردن دەگریا و لەناو فرمێسکان
وێنەی ئێسکبەندی غوریللای دەهێنا پێش چاوی خۆ و لێی دەبۆوە پێکەنین
چەکدارانی ناو دەرەبەهاردا خەریکی نیشانانێ بوون
گوللەیان لە خاڵخاڵۆکێک دەگرت
ئەگەرچی بە منداڵی، گۆرانییان بۆ گوتووە
گوللەیەک چیغ هات و بە باپیری ناو قەبریم کەوت



بەهیچە حسێب کرا و شەهیدانەشی بۆ نەبڕایەوە
خوێن داوای تۆڵەی نەکرد، ئاو داوای کرد
چووە سەر مێز و میزی بە میزۆپۆتامیا داکرد.
لە ئەتەکێتی میزتن و تفاندن سفری وەرگرت
لەمەش زیاتر خەڵکەکەی ئەو وڵاتە کفندزن و
لەسەر دوا کفنێک کردوویانە بە شەڕ و
جلکیشیان لەگەڵ دڕا، جا بە ڕووتی مانەوە
لەم وڵاتەدا مقەست بە گازاندەیە:
کول بووم و ژەنگام و جارێ تێر قوماش و کاغەز نەبووم
لەم وڵاتەدا تارمافرۆش بە گازاندەیە:
تەرم بێ نەخشن و مۆمیاش بێ ماکیاژن
لەم وڵاتەدا گازاندەش بە گازاندەیە:
هەر گۆڤارێکی سیاسی، ڕووبارە خوێنێکە.
مردوو لەناویدا مەلە دەکەن و
زیندووش لەناو ئەستێڵکی پلاستیکدا پیلانێکی سادیانە دەگێڕن
بۆ هەرەوە.. بۆ زێدە و... بۆ ئەوپەڕی جڕناوفڕنای وێنە
دەرگای خەونم پێوەدا و ئەمڕۆ ئی سینەمام کردەوە و
بە تەماشم ڕۆژی سێشەمە لە چامەیەکی دیکەدا
دەرگەی گەرماوی گشتە بکەمەوە و
یەکەم دێری لێ زاوەی ئەو چامەیەش دەڵێ:
نیگاکێشی خاڵکوتی سەر جەستە بووم و..

***

*** ئاشۆ پاشۆ = خەونی جڕناوفڕنا. هاشە و پاشە.**
*** نانۆخواز = ئەو کەسەی حەزی لە نانۆیە، نانۆش Nano نووسازکردنی تەکنیکی هەرە ورد، ڕەهەندەکانی بەنانۆمەتر پێوانە دەکرێن، واتە بە پێوانەی ٥ تا ١٠٠٠ گەردیلە.**
*** بووز = بەفر، سەهۆڵ**
*** مەعبەین = نێوان، (ما بین)ە و کوردێنراوە**
*** وەز = ئەز. من**
*** فلیم = فیلم، فلم بە زارگۆتەیەکی میللی.**
*** لووس ئیراگاری = خاتوو Uce Iragaray هزرمەوەرێکی مێخوازە**
*** بۆلیوود = سینەمای هیندییە، سینەمای سەماو گۆرانی و شەڕە، سینەمایەکی بازرگانییە.**
*** لالەش = لایەکی لەش، لاجەستە**
*** دووزێ = دوو ڕووبار، مەبەست دیجلە و فوراتە**
*** هۆشڕێژە = تیار الوعي**
*** عانە = دراوێکی عیراقییە. ئانە. بریتی بوو لە ٤ فلس.**
*** تارما = شبح**
*** کۆمەنیست = کۆمۆنیست، شووعی. شیوعی.**

# ئەودیو ئاگر

**مهاباد ئازاد**
**(کۆیە)**

منداڵیت لەنێو مندایە
منداڵیم لەنێو تۆدا درەوشاوەیە
من و تۆ لە ئافاتە کۆن و دوورەکانی زەمەنەوە بەجێماوین
بە مشتێ ئاگرەوە لەودیو چیا بەرزە ئاگرینەکانەوە هاتووین
کە منداڵ بووین بەیانیان لە لێوار جۆگەلەی ئاگرینی
دوای گڕکانەکان چاومان دەشووشت..
ئێواران بە دزییەوە
لەژێر تافاوی ڕوحماندا خۆمان دەشووشت
نیوەڕۆیان بە بەردە تواوە و سوورەوەبووەکانی دەم ڕووبارە ئاگرینەکان
هەڵماتێنمان دەکرد..
ناوسنگمان پڕ دەبوو لە هەناسەی سووتاو و گەردەلوولی گڕ
شەوانەش بەدزییەوە، لە باوەشی خەیاڵی پڕ لە میهری
شەماڵێکدا دەخەوتین..
عەسران ئەو کاتانە لەژێر پریشکی دڵۆپە ئاگرینەکاندا
جەستەمان کون ڕێژ دەبوو..
شەوانەش بە ئەسپایی لەژێر نمە بارانی ڕەحمەتی ڕوحمان
ناو لە پمان پڕ دەبوو لەگیا
گەرووەمان پڕ دەبوو لە گۆرانی
هەناسەمان لە بۆی گوڵ و
سینەشمان پڕ لە عیشق.


* * *

چاوەکانمان لە سەیرکردنی گڕکاندا
بە ڕۆژ دڵۆپە ئاگری لێ دەچۆڕا
ماندووی دەستی ئەژدیها گڕهاوێژەکان بووین
بەپێ خاوسی لەسەر پشکۆی شاخی تواوە ڕامان دەکرد

* * *

نیوە شەوان
چاوی دڵمان
وردە مرواری عەشقی دەپرژاندە
دەریا بەرین و بێ بنەکان
دەم سەحەران، لە مێرگوزارێکی کەس نەدیو و دوورە دەستدا
لە عیشقی پەپوولەیەکدا دەمردین.

* * *



ئێمە منداڵی نێو تاریکی و شەوەزەنگین
جگە لە ڕوح، مەنزڵگەی ڕووناکی ئێمە، بە تیشک و
بڵێسەی ئاگر ڕۆشن نەبووە
من و تۆ منداڵی شەوین
دەبێ دنیا شەو دایگرێ، تاریک تاریک هیچ دیار نەبێ
جا دەتوانین من و تۆ یەکتر ببینین
لەژێر حوکمی تیشکەکاندا سێبەری یەکتر دەبینین
تۆ تیشکی ڕاستەقینەی ئاسمانی دڵی منی
تا دەرنەکەوی ناتبینم..
من تیشکی درەوشاوەی ئاسمانی ڕوحی تۆم
تادەرنەکەوم نامبینی..
جگە لەمن
کەس لەژێر تیشکی هەتاوینی سروشتی خۆتدا ناتبینێ
جگە لە تۆ
کەس لە ڕۆشنیی میهری دڵی من تێناگا، تا بمبینێ
من و تۆ مەحکومی گڕی ئاگرین
من و تۆ لەژێر تینی ئاگر پێناس دەکرێین.. حەشر
دەکرێین
چونکە بۆی سووتانمان لێ دێ.

* * *

جگە لە من کێ ئەودیوی منداڵیی تۆی لە یاد ماوە!
جگە لە تۆ کێ منداڵیی من دەناسێ!
من و تۆ باوەشی منداڵی یەکترین
من و تۆ جێماوی نێو ئافاتە کۆن و دوورەکانی زەمەنین
منداڵیمان کەس نەیدیوە
کەس لە ئەفسانەی گەورەبوونمان تێناگا

* * *

بە یەکەوە لە ڕەحمی نەرمی شاخەوە لە دایک بووین
لە یەک ساتدا من لە سینەی پڕ سۆزی شەق بووی تۆوە بووم
تۆش لە ڕەحمی پڕ لە میهر و گریانی منەوە هاتی
کەس شایەتی منداڵیی ئێمە نییە
من و تۆ شایەتی بوونی یەکترین
پێیان وایە هەڵێنجراو و گۆشکراوی نێو ئاگرین،
بۆیە لە گڕمان دەترسێن
کەس فراوانیی مێرگوزاری دڵەی مناڵت نابینێ
کەس بە باغی پڕ نەرمەگیا و موحیبەتی من نازانێ

* * *

ئەی یار..
تا دێیتەوە
مەهێڵە کەس لە ڕووباری هەنگوینی چاوەکانت بخواتەوە
ناهێڵم کەس لە کانیاوی شیری سپی سینەی مندا
بخواتەوە
مەهێڵە کەس سەمای پەپوولەکانی نێو ڕوحم بوەستێنێ
مەهێڵە ماڵی یەکبووی منداڵیمان لێ تێکبدەن
سات لەدوای سات
نەتوانی بیناسیتەوە
منداڵیمان کەس نەیدیوە، کەس لە ئەفسانەی
گەورەبوونمان تێناگا

* * *

ئەی ئازیزترین ئازیز..
حیکایەتی ئاگر دنیای تەنیوە
کێ باوەڕ بەوە دەهێنێ دەستنوێژمان
لە بەفراوگەلە دوورەکانی ئەبەدییەت هەڵگرتووە
تازە دەهات ماڵی دڵم تۆزی غەریبی لێ بتەکێ
کۆترە بەندکراوەکانی نێو قەفەزی سینەی ساردت
لە گەلییە دوورەکانەوە گوێیان لە شەقەی باڵیان بێت
تازە دەهات ڕوحی ماندوو و هەڵاتووی دەست بێگانەکان
بگاتەوە بۆ ماڵی چەند ساڵ ونبووی منالیمان
ئاوەدانی بکەرەوە..
هەڵکردنی چرای دڵم لە دەست تۆیە
ئاوەدانی بکەرەوە..
کلیلەکانی دەرگای ڕوحم لە دەست تۆیە
مەهێڵە چیتر قولپی گریان بمخنکێنێ
تیغی غوربەت ڕوحم بجنێ
لێوی وشکم بای بیابان بیوەرێنێ
جگە لە تۆ، کێ فرمێسکەکانم دڵۆپ دڵۆپ دەکاتە
شووشەی عەترەوە؟
جگە لە من، کێ فرمێسکەکانت لە بری ئاو دەخواتەوە؟
هەردەم جەستەم خۆڵەمێشی بەرپێی ڕوحمە
هەروەک جەستەت سووتووی ڕوحی داگیرساوتە
کاتێ لە ئاگر دەڕوانم
زۆر دەترسم ڕۆژێک دابێ، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم
لە فرمێسکەوە، بووبم بە هەورێک بە ئاسمانەوە
هەرگیزا و هەرگیز نەمدۆزیتەوە
زۆر دەترسم کاتێ دێیت، دەرگای دڵم بۆ دیدارم دەکەیتەوە
بووبم بە خۆڵەمێشی سووتاوی گڕی دووریت
هەرگیز پێیت کۆ نەکرێمەوە.

# گولڤەدانا ئێشێ تە


**سەرکان برووسک**
**(ستۆکهۆلم)**


رۆژ تە ب دەردان دگەهینە
چاڤێن تە ب تینا خوە دحەلینە
خوێدانا ل ئەنیا تە
دفوورینە بەژاهیا دلێ فەرمانێ
تە خلماش دکە
ب سەر دەردێن تە دە
و بەهجێ ل هناڤێ تە ددە گۆل کرن
دلێ تە یێ د کەفتەلەفتا لێدانەکێ دە
خوە دادلەقینە ب ئاخێ ڤە
دکشینە رەوایێ ژ کۆکا ناسنامێ.
شیهشیها ڤێرینا زامانان
رۆنیا چاڤێن تە
ژ بەربانگێ دفلیتینە شەڤێ.
کابۆکێن تە ل سەر ریا خوە دڕزینە
تە ژ قام ڤەدگێڕینە ب سەر کولیلکان دە
بهارێ د بن تە دە دپەرچقینە
عەورێن رەش ب ئاخینا تە دمچقینە
لێ تو دیسا ژی مینا دەریایەکە کونبوویی
ژ چاڤێن خوە دبارینی ژیانێ
چاڤێن تە ئێدی نەما خوە دگەهینن رۆژێ
رۆژ ڤەمری
رۆژا کو ڤەت پێنەکەتبوو
لێ تو برۆنی یی
ب بهاری،
لێ ب خەمی.
ئێشەک گول ڤەددە
ل ئاخا دلێ تە
رەوا خوە ژ دامارێن تە دکشینە
هەستێن تە خوین دبە
بیرا تە، دخەنقینە دلپاکیا خوە
و جەندەکێ وێ ژی




د بەر یێ گوندان رە رادده
دەستێ تە ل سەر پۆرێ یارێ خوین دبە
تو ژ خەونێ تێی گرتن
چنگێنیا تۆڤا ژ خوینا تە
ڤەددە ل بەدەنا چیایێ تە
بلنداهیا ژ تە دڕەڤینە
تە ژ هەیڤێ دهەلقینە
ئێدی زارۆکەکی ئەنی ب تەنی یی
خوە د مرێکێ دە نابینە
ب نەنووکێن خوە مرێکێ خوین دکی
ب تیتکان سەرژێدکی غەزالا گەلی
خوینا بهارێ هشک دبەلقە
تو ل خوە دگری
خوە ب چاڤێن خوە دبینی
سەربۆریا خوە ژ خوە رە هوور – هوور
دبێژی و دبلینی.
تو ئێشا خوە
مینا زارۆکێن خوە
د سەر دلێ خوە دە همبێز دکی
و ژ لۆرینێن خوە
دنقوتینی رۆندکێن چاڤان
پێ ڤەدمرینی چرا دلان
ل مێژیێ تە رابوو باگەڕ
پەڕتی ل تە هناڤ
لێ تو ل خوە دانایینی
لەورا راسەری تەیە
شینکاتیا ئەزمان..

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (پەیڤێن ئێشمژ) رووپەلێن (٣٣-٣٥) هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن (نوو دەم)ێ یە.**

**«ڕامان»**

# گۆشتی مرۆڤ


بێنژاما پێرێ
**Benjimin Peret**
لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



ژنێکی دڵگیر کە دەگریا
جلی ڕەش و بۆری پۆشیبوو
لە پەنجەرەی ئاسمانەوە فڕێی دام
ئای کە فڕێدانێکی گەورە بوو ئەو ڕۆژە کە مسی تێدا مرد
ماوەیەکی درێژ سەر پڕ لە دەنووکی فۆرم جیاجیای
باڵندە بوو
لەنزیک کفن ئاوارە بووم و
لە پێش وێستگاکانی ڤیتار چاوەڕێتم دەکرد
گالیسکەی مەرگ دەهات و حەوت جار بە دەوری
وێستگا ئەخوولایەوە
هەندێ جار ژنێکی ڕوانین چەماوە
مەمکی سرکی خۆی وەک سێوێک پێشکەش ئەکردم
سەرەنجام چەندان ڕۆژ
بێ بینینەوەی شەو و ماسییەکان مامەوە،
دەڕۆیشتمە ناو ئەو کێڵگانەی بە قاچی ژنان
پەرژین کرابوو
بۆ چنینەوەی بەفر و شلەمەنییە بۆندارەکان
ئینجا گوێچکەکانم پێ تەڕ دەکردن
بۆ ئەوەی گوێم لە هەرا و زەنای کەنارییەکان بێ کە دەمردن
هەندێ جاریش شەپۆلی گەڵا و میوەکان
بەسەر بڕبڕەی پشتم دەخشین
هەنسکم دەهاتێ
ئینجا پاش ئەم سرکە پێویستە
هەر ڕامدەکرد و ڕامدەکرد بەدوای بەردی شێت
ئەگەڕام و
کە قاچێکی خودایی دەیپارێزێ
لەگەڵ ئەمەش ڕۆژێک پڕ لە سۆزی تەمومژاوی
بە درەختێک شۆڕ دەبوومەوە کە بە بۆنی ژنێکی
سووورباو کوژرا بوو،
لەناو ئەم ئۆقیانووسە داهێزراوە چاوەکانم بەپێش
خۆم دەکەوت
وەک چۆن ئاسن پێش گڕ دەکەوێ و
شمشێرە تێک ئاڵاوەکان لێک جیادەکاتەوە
دەمتوانی دەرگاکە بەهێز بکەمەوە
خۆم بە هەورێکی شەهوانی لوول بدەم
بەڵام بێزار لە (پارک) و (پێنە لۆپەکانی تر)
ئێوچەوانم دەچەمانەوە کە بە کەفێکی خوێناوی
داپۆشرابوو
دەستەکانیشم لەبن بێ دەنگی توولە ڕێگایەک
دەشاردەوە
ئینجا ژنێکی دڵگیر دێ
جلی ڕەش و بۆری پۆشیوە
پێم دەڵێ
بۆ خۆشەویستیی کوژراوەکان
بێ دەنگ بە
ئینجا کە تەوژمەکان ڕاپێچیان کردم
زۆر هەرێمی بێ ڕووناکی و بێ دەنگم بڕی کە تیایاندا
بێ هێزی ڕاکێشانی زەوی دەکەوتم، کە تێیدا
ژیان وەهمی گەشە کردن بوو
تا ئەو ڕۆژەی کە بە خۆرێکی لوئلووئی ڕووناک دەکرایەوە
کە تێیدا لەسەر کورسییەک لەخۆێ دائەنیشتم
چاوەڕێی دوا خەنجەر وەشاندنی کۆتاییم ئەکرد.

**سەرچاوە:**
**Anthologie de La Poesie Francaise du xxe siecle. Gallimard. 2000.**

# جێژن



**کامەران حامیدیان**
**(مەهاباد)**

گرێی بوخچەی نێو دەستی توند دەکوشی سەری بەرز کردبوو و سینگی دابۆ پێش، چاوی لەگەڵ چاوی پیاوە پیرەکەی دەسووڕاند، کرێکارەکانی دیکەش خۆیان وەپێش دەدا و پشتیان بە پیاوە پیرەکە دەگرت، هەڵاو هەنگامەیان ساز کردبوو.

– کاکە ئەمن بێم؟ کاکە ئەمن بێم؟ خاڵە بڕۆ با بڕۆین.

بە شانۆ پیل پاڵیان بە یەکترەوە دەنا، پیاوە پیرە بەرانبەر بە لاوێکی سینگ پان و مل ئەستوور ڕاوەستا، عوسمان دڵسارد کشاوە پشتەوە، هەتاوی پاییزی بێ تاقەت و سەر لە کێوەکانی ڕۆژئاوا دەکەوت، سبەینێ جێژن بوو و خەڵک بە پەلە سەرقاڵی کڕینی پێداویستییان بوون، دووکاندارەکان زۆرتر لە ڕۆژانی پێشوو هات و هاواریان دەکرد، چاوێکی بە دەوران دەوریدا خشاند، ئیتر ڕۆژ درەنگ ببوو و هیوای ئەوەی یەکێک بیبا بۆ کارێ کەم ببووەوە، کرێکارەکانی دیکە زۆربەیان بڵاوەیان لێ کردبوو و تەنیا سێ چوار کرێکاری پیر لە دەوری یەک ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد، ئەوڕۆ چوارەمین ڕۆژ بوو کاری وەدەست نەدەکەوت، مابوو چ بکات، وردە وردە بەرەو ماڵ گەڕاوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، نەیزانی چۆن گەیشتبۆوە بەر دەرگاکەیان، پاڵێکی بە دەرگا چکۆلەکەیان ناو وە ژوور کەوت، خێزانی لە حەوشە چاوی پێ کەوت و هەناسەیەکی هەڵکێشا، بوخچەکەی لێ وەرگرت و بە دوایدا چووە ژوورەکەیان، عوسمان لە گۆشەیەکی تاریکتری ژوورەکەیان ڕاکشاو هەردوو چاوی قووچاند، چەند سەعات تێپەڕی و ئەو هەروا وەک پەیکەرێکی شکاو و کۆن کەوتبوو، منداڵەکانی بە هەراو هوریا وەژوور کەوتن و بەدیتنی باوکیان یەک جێ بێ دەنگ و مات لە گۆشەیەکی دیوەکە هەڵکورمان(*)، بانگی نیوەڕۆیەی دا، بەبێ حاڵی چاوی هەڵێنا،

به شیشەی پیسی تاقە پەنجەرەی دیوەکەدا چاوی لە حەوشە کرد، چاوی هەڵکشاندە سەر ئاسمان، پەڵەیەک هەور بە ئارامی دەخزا، بێ دەنگ و هەرا هەستا سەرپێ و وەدەرکەوت، بە هەنگاوی شل و سست بە کووچە و کۆڵاناندا دەڕۆیی، گەیشتە ناوەندی شار، کزە بایەکی سارد دەموچاوی دەگەست، هەڵا هەڵای داشقەچی و دەستفرۆشەکان گوێیان ئاخنیبوو، سەر لێ شێواو دەخولایەوە، دەستی هەتا قووڵایی گیرفانی پاتۆڵەکەی برد، توێکڵە تۆیەک و داوێکی کورت لە دەزووی پاتۆڵەکەی وە بەر دەستی هات، لە گۆشەیەکی بازاڕەکە پیرێژنێک بە دەستی لەرزۆک کیفێکی کۆنی کردەوە و پارەیەکی لێ دەرکێشا و بۆ قەسابەکەی ڕاداشت، قەسابەکە بە تەواوی هێزی بیورەکەی لە ئێسکێکی ڕادەکێشا، وردە ئێسک لەبەر دەستی دەردەپەڕین بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت، هاتبوو پەنا پیرێژنەکە ڕاوەستابوو و چاوی لە گۆشتەکە بڕیبوو کە قەسابەکە بۆی دە توورەکەی داویشت، سبەینێ جێژنە، ئەو ڕستەیە لە گوێیدا دەزرینگاوە، دەتگوت دڵی لە گوێیەکانیدا هەڵکەوتبوو گرمەی وا بە ڕاشکاوی دەبیست، پشووی دەسینگیدا قەتیس کردبوو، وەک پشیلەیەکی برسی مات ببوو، لە پڕ زیقەی ناخۆشی پیرێژنی و بیگرن بیگرنی خەڵکی لە پشتە سەری گوێ لێبوو، توورەکە گۆشتەکەی توند گرتبوو وەک تیرێ بەنێوان داشقە و خەڵکیدا هەڵدەهات، ئاوڕێکی بە پەلەی لە پشتە سەری داوە، خەڵک سەریان دەدووی نابوو، لە پڕ خۆی بەسینگی کابرایەکیدادا و هەرتک بەربوونەوە، ئێستا هەڵنەستابۆوە، شەپ و زللە وەک بارانێ بەسەریدا باری، هەرکەسەی دەیگەیشتێ تێی هەڵدەدا، شڕودڕ و خوێناوی هەڵیان دەستاند و پاڵیان بە دیواری دووکانێکی داو لە دەوری هاڵان، خوێن لە زار و کەپووی دەهات و دەڕژا سەر چەنەگەی و پان دەبۆوە، جوان چاویان لێدەکرد لەوانە بوو بۆ خاتری ئەوەی ڕوخساری دزێکیان لە نیزیکەوە دیتبێت، چاوی پڕ ببوو لە ئاو، نووزەیەکی لێهات.

– بە خودای ئەمن دز نیم، دوو مانگە منداڵەکانم گۆشتیان نەخواردووە.

سەری بەرداوە، نایلۆنەکە دڕابوو و گۆشتەکان لەبەر پێی خەڵکەکە بڵاوبوونەوە، وڵات تاریک داهات، دووکان و بازاڕ داخران، خەڵک دەماڵان خزابوون، مرۆڤێک هێندێک نایلۆن بە دەستەوە، شمەکی چێشتی جێژنیان تێدا وەک دەخەودا بڕوات چاوی دە تاریکی بێ بنی کۆڵانەکەیان بڕیبوو و ئارام و ئامۆش بەرەو ماڵ دەهاتەوە، سبەینێ جێژن بوو، منداڵەکانی لە خۆشی هاتنی جێژن زووتر لە شەوان هەریەکەی لە گۆشەیەکی خەویان لێ کەوتبوو.

**هەڵکورمان: بە مانای مت بوونی باڵندەیە لەسەر داروردەختەکان، بەداخەوە لە زۆر نووسینی کوردیدا ئەم وشەیە لە شوێنی خۆیدا بەکارناهێنرێ، چونکە بۆ مرۆڤ هەڵترووشکان هەیە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن: (جلس القرفصاء).**

**«ڕامان»**



# سێبەر

**کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

یەکەم جار بوو دەکەوت تامی تاڵی کەوتنی بە تەواوی مانا هەست پێکرد. هەستایەوە و ملی ڕێگەی گرتەوە بەر. لە دەوروبەری خۆی ڕوانی، بەڵام هیچی نەدی! تاوێک بوو درێژەی بە بڕینی ڕێگە دابوو. تەپ.. کەوتەوە. کە لەبەر پێی خۆی ڕوانی هیچی وای نەدی لێی هەڵکەوتبێ کە ئاوڕیشی دایەوە کەسی نەدی. ئارەقی ڕەش و شینی دەردابوو، هەر چۆنێ بوو هەستایەوە سەر پێ و لە دەوروبەری ڕوانی، سێبەرێک سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. دوای درەنگانێ بۆی دەرکەوت کە ئەمە سێبەری خۆیەتی لە قووڵایی ناخەوە ئاخێکی دوور و درێژی هەڵکێشا. بە هەوڵێکی زۆر هەستایەوە و درێژەی بە ڕۆیین دایەوە. وە هەناسەبڕکێ کەوتبوو جارجار پێدەکەنی و تاوتاو دەگریا. هەنگاوەکانی گورجتر کرد هەموو شتێکی لەیاد چووەوە، تەنانەت ناوی خۆی، تەنانەت.. خەریک بوو لە چاو ون دەبوو کە دیسان بووەوە نەخشی سەرزەوی. بە حاڵەک و دوو بەڵا سەری بەرز کردەوە وێدەچوو کەوتنی ئەم جارەی تەکانی پێ بڕیبێت، چوون هەرچی کۆشا نەیتوانی هەستێتەوە. زۆری لە دەوروبەر ڕوانی، بەڵام جگە لە تارماییەک و بیابانێکی چۆڵ هیچی تری بەرچاو نەهات، کەچی کۆک بوو لەسەر ئەوەی کە کەسێک پاشقوڵی داوە.

### تراویلکە

هیچ هەواڵێکی نەبوو خەڵکی بە ڕۆژدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و شەوانە باشوور و باکووری لێدەگەڕان. زۆربەی خەڵک دەڵێن گوێیان لە حیلەی ئەسپەکەی بووە. هەندێ تر دەڵێن تەنانەت گوێیان لە گۆرانییەکانی ئەو بووە. زۆر شیعر و چیرۆکیان بۆ هۆنیوەتەوە ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگەیان بۆ ڕازانووەتەوە و خۆیان بۆ پێشوازی ئامادە کردووە. شار مەکۆی هەراوهوریایە، ئێستە نا کاتژمێرێکی تر سێ کاتژمێری دی، بەیانی.. دوو سبەی.. هەرکە شەوانە سەگوەڕ پەیدا دەبێ، خەڵک بە چەپڵەڕێزان دێنە دەرێ و هەرکەسە و فانووس بەدەست پەناو پەسیوی لێدەگەڕێن. ڕۆژانە خەڵکی خەونەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە کە چلۆن هاتووەتە نێو شار و چەندەیان بەزم و دیلان بۆ گێڕاوە. شەو درەنگان سەگوەڕ پەیدا دەبێ، سەگوەڕێکی قورس. خەڵکی وێکڕا لە خەو هەڵدەستن، فانووس بەدەست دێنە دەرەوە. شاعیران چیرۆکنووسان بەرهەمەکانیان ئامادەی خوێندنەوەیە. تارماییەک بە بەرچاوی جەماوەردا تیژ تێدەپەڕێ زەنا زەنا ساز دەبێ، خەڵک بەر دەبنە شایی و چەپڵەڕێزان. هێور هێور ڕۆژ دەبێتەوە، خەڵکی وێکڕا لە زەوی وردبوونەتەوە، دەڵێی لە زەنگیانە دەگەڕێن. کتوپڕ بە زەنا زەنا دەکەونەوە جێ پێی چییە؟ جێ پێی ئەسپە. نا بابە زۆر چکۆلەیە جێ پێی.. جێ پێی... دەستەیەک لە خەڵکەکە لەولا ترەوە یەک بە خۆیان هاوار دەکەن وەرن وەرن شا گوو ڕێوی.



# بەڕێوەبەری ناحیە

ئازاد ئەرگوشی
(پیرمام)

لە خۆشییا خەوم لێنەدەکەوت، چونکە بڕیاری بوون بە بەڕێوەبەری ناحیە لەژێر سەرینەکەم بوو. من خۆشم نەمدەزانی چۆن چۆنی منیان کرد بە بەڕێوەبەری ناحیە! کاتێ لە باوکمم پرسی باوکە گیان بەس پێم بڵێ ئەم بڕیارە چۆن بوو؟ باوکم دەیگوت : دەمی خۆت بگرە ئەمە کاری تۆ نییە، ئەوەی لەسەر من بوو وەکو باوکێک جێبەجێم کرد، پێم گوتی بەس تەنیا بەکالۆریۆسەکەت وەرگرە ئەوەی تر خەمی من. وادەبینی چۆن باوکت بەڵێنەکەی هێنایەجێ؟ سبەینێ زوو بڕیارەکەت بخە تەنکەی باخەڵت و بڕۆ بۆ پارێزگا، ویستم پێی بڵێم باوکە مادام هەر وای لێهات حەزدەکەم بڕۆمە ناحیەیەک لەشار نزیک بێت، بەڵام مۆڵەتی ئەوەی پێنەدام خێرا ڕۆیشتە دەرەوە. بەلای خۆمەوە گوتم: ((خۆت کڕکە کوڕی باش خەڵک خەون بە بەردەستییەوە دەبینێ، کەچی تۆ بەکون فەیەکوونێک بوویتە بەڕێوەبەری ناحیە.بۆ شوکری خوا ناکەی؟» لێتان ناشارمەوە تا بەیانی شەش حەفت جار دەستم بردۆتە ژێر سەرینەکەم بۆ ئەوەی دڵنیابم کە بڕیارەکەم لەژێر سەرینم ماوە. بەیانی زوو چوومە پارێزگا، کاتێ چوومە وەرگرتە بۆ ئەوەی نووسراوەکەم تۆمار بکەم، ئافرەتێکی تەمەن چل پەنجا ساڵە خەریکی تۆمارکردنی نووسراوەکان بوو.

کاتێ نووسراوەکەم دایە دەستی و سەیرێکی ناوەڕۆکی نامەکەی کرد، بەسەر سوڕمانەوە سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی کردم، بەگومانەوە گوتی: ئەی جەنابی بەڕێوەبەر؟ سەرەتا لێی تێنەگەیشتم، بۆیە لێم دووبارە کردەوە ببوورە تێنەگەیشتم؟ ئەوجارە پرسیارەکەی بەشێوازێکی تر ئاراستە کردم و گوتی: هۆشەنگ هیشام کێیە؟ منیش بەبێ دواکەوتن گوتم بەڵێ خانم من هۆشەنگم، بۆ ساتێ لەنووسین وەستاو بەچاوە گەورەکانی بەژن و باڵای پشکنیم، ئەوجا ئاخێکی هەڵکێشاو دوای تۆمارکردنی نووسراوەکە و نووسینی ژمارەکەی، نووسراوەکەی دایەوە دەستم و

بەجۆرێک لەگاڵتە جارییەوە گوتی: فەرموو سەرکەوتوو بی جەنابی بەڕێوەبەر! بڕۆ کارگێڕی. لە دەرەوە گوێم لێ بوو ئافرەتەکە بەهاوکارەکەی دەگوت: هەموو شت بەخت و نێوچاوانە، منداڵی دوێنێ کراوەتە بەڕێوەبەری ناحیە!! ویستم بگەڕێمەوەو وەڵامی بدەمەوە، بەڵام قسەکەی باوکمم بیر هاتەوە کەهەمیشە دەیگوت: ئەگەر بتەوێ لەم وڵاتەدا ببی بەشتێک پێویستە ڕوو قایم بیت،گوێ بەقسەی ئەم و ئەو نەدەیت. گرنگ ئەوەیە بگەیت بەئامانج، ئیدی چۆن دەگەی ئەمە گرنگ نییە، بەپێی ڕاسپاردەی باوکم بەبێ دواکەوتن خۆم گەیاندە ژووری کارگێری. پیاوێکی تەمەن چل، چل و پێنج ساڵە لەپشت مێزەکە دانیشتبوو، خەریکی نووسین بوو، کاتێ هەستی بەبوونی من کرد، سەری بەرزکردەوە و لەژێر چاویلکەکەیەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: فەرموو. منیش بێ دواکەوتن بڕیارەکەم دایە دەستی، چاوێکی بەنامەکە داخشاند، پاشان دووبارە لەژێر چاویلکەکەی تەماشایەکی کردم زۆر ئاسایی گوتی: ئەی جەنابی بەڕێوەبەر لەکوێیە؟ خێرا گوتم: منم مامۆستا گیان لەخزمەتدامە. کاتێ ئەو قسەیەم کرد چاویلکەکانی بەلایەکەوە ناو بەوردی تەماشایەکی کردم دووبارە پرسی: دڵنیای بەڕێزتان (هۆشەنگ هیشام هاشم)ن؟. بەسەرسوڕمانەوە گوتم بەڵێ مامۆستا، ئەی خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم. خێرا ناسنامەکەم دەرهێناو دامە دەستی. دوای دیقەتدانی، خێرا لەشوێنی خۆی هەستاو بەرەو دەرگەی ژوورەکە ڕۆیشت و بە بەردەستەکەی گوت: با کەس نێتە ژوورەوە کاری تایبەتیم هەیە، دوای ماوەیەک گەڕایەوە شوێنی خۆی، بەدەنگێکی هێمن گوتی: جەنابت چەند ساڵە خوێندنت تەواو کردووە؟ گوتم، ئەم ساڵ، بەکەلۆریۆسم لەبەشی ئاداب و زمانی کوردیدا وەرگرت. دوای هەڵوەستەیەکی کورت گوتی: دەزانی ساختەکردنی ئیمزاو مۆری بەرپرسانی حکومەت چ سزایەکی گەورەی لەسەرە و چ تاوانێکی قورس و گەورەیە؟ بەسەرسوڕمانەوە گوتم: بۆ ئەم پرسیارە دەکەی بەڕێز،بۆ جەنابت وادەزانی ئەم نووسراوە ساختەیە؟ ویستم دەنگ بەرزکەمەوە بەپێکەنینەوە گوتی: نا.. بەڵام تۆ دەزانی یەکەم مەرجی بوون بە بەڕێوەبەری ناحیە ئەوەیە کە دەبێ بەلای کەمەوە ئەو کەسەی ئەو پۆستە وەردەگرێ پێویستە نزیکەی دە ساڵێک کاری پارێزەری کردبێت؟ کەچی تۆ تازە خوێندنت تەواو کردووە، ئەویش لە بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب! بۆیە من دڵنیام ئەم نووسراوە تایبەت بە ئێوە نییەو بەهەڵە نووسراوە. لەم سەین و بەینەدابووین وەبیرم هاتەوە پێش ئەوەی لەماڵەوە دەربچم باوکم ژمارە تەلەفۆنێکی وێدام و گوتی: ئەگەر کێشەیەکت هاتە پێش پێیان بڵێ باتەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکەن. منیش خێرا دەستم بردە گیرفانم پارچە کاغەزێکم دەرهێنا کە ژمارە تەلەفۆنێکی لەسەر نووسرابوو،کاغەزەکەم دایە دەست پیاوەکەو گوتم: ئەگەر بڕوام پێناکەن فەرموون پێوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن. کاتێ پیاوەکە چاوی بەژمارەکە کەوت چاوەکانی زەق کردەوە، پێ دەچوو خاوەنی ژمارەی تەلەفۆنەکە بناسێ، بەڵام ئەوجاش قەناعەتی نەهات، بەگومانەوە پێوەندی بەژمارەکەوە کردو ناوونیشانی بۆ خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی ناوونیشانەکە هەرئەوەندەم بینی وشەی بەڵێ قوربان و بەڵێ گەورەم بەلێشاو لەدەمیدا دەردەپەڕین. دوای کۆتایی هاتنی پێوەندییەکە ئارەقی نێوچاوانی سڕییەوە و گوتی: ببوورە مامۆستا گیان، فەرموو دانیشە. ئەوجا خێرا زەنگێکی لێدا، گەنجێک خۆی کرد بە ژوور و پێی گوت: دوو چامان بۆ بێنە. پاشان ڕووی تێ کردم و گوتی: یاخوا بەخێر بێی مامۆستا گیان گەورەت کردین. بەڕاستی بەڕێزتان شایانی ئەو پلە و پایەیەن، دڵنیام ئەوانەی سەرەوەمان زۆر شت دەبینن کە ئێمەی کارمەندی ئاسایی توانای بینینیمان نییە. بەڕێزتان حەزدەکەن لەچ ناحیەیەک دەست بەکار بن؟ چەند بەختەوەرە ئەو ناحیەیەی ئێوەی بەڕێز دەبنە بەڕێوەبەری. بەڕاستی من لەو هەموو وەرچەرخانە سەرم سوڕمابوو، نەمدەزانی چی بڵێم، دواتر لێی پرسیم حەزتان لێیە لەکوێ دەوام بکەن، ناحیەکە نزیک بێت یا؟ قسەم پێی بڕی و گوتم: هەڵبەت ئەگەر نزیک شار بێت باشترە. دوای تەواو بوونی قسەکەم پیاوەکە سجلێکی زلی دەرهێنا و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بوو، دوای ماوەیەک بێدەنگی ئینجا سەری هەڵبڕی و گوتی: بەداخەوە مامۆستا گیان، گشت ناحیەکانی دەوروبەر بەڕێوەبەریان هەیە، نەکەسمان بەوەکالەت هەیە نەکەسیش بەشێوەیەکی کاتی هەیە تا لابدرێن و بەڕێزتان لەشوێنی یەکێکیان دابنرێن. پیاوەکە دووبارە بەپەرۆشەوە دەستی بۆ تەلەفۆنەکە برد، دیسان پێوەندی بەژمارەکەوە کرد. زۆر بەستایش و زمانێکی پڕ

له ترس و نیگەرانییەوە گوتی: گەورەم ئێمە لەدەرکردنی بڕیارەکە هیچ کێشەیەکمان نییە سەرسەرو سەرچاو، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی شوێنە، بەداخەوە ئەوەندی گەڕاین هیچ ناحیەیەکمان نەدۆزییەوە بەڕێوەبەری نەبێت، نازانین ڕەوانەی کــوێی بکەین؟! لەگــەڵ تەواوبوونی قسەکەی هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو پیاوەکە بەشڵەژاوی چەند جارێک وشەی بەڵێ قوربان بەڵێ قوربانی بەلێشاو دووبارە دەکردەوە. ئەوجا تەلەفۆنەکەی دانا. هەستم کرد لەشەرمان هەموو گیانی ببوو بەئارەقە، دیاربوو لەو دیوی تەلەفۆنەکەوە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو. چونکە فرمان وابوو هەرچۆنێک بێت دەبێ کێشەکەم چارەسەر بکات و شــوێنێکم بۆ دابین بکات، بۆیە بەنیگەرانیــیــەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: بەختی تۆیە مامۆستا گیان زۆر بەداخــەوە لەدەرفــەتێکی نەگــونجــاو بڕیارەکــەت دەرچووە، بریا ساڵێک پێشتر با، شوێنی زۆر گونجاومان هەبوو. مامۆستا ئەمری کردووە پێکەوە بچینە لای جەنابی پارێزگار،تا بەهەر شێوەیەک بێت شوێنێکی گونجاو بۆ بەڕێزتان بدۆزنەوە. ئەمەی گوت و خێرا وەپێشم کەوت، کاتێ گەیشتینە بەر دەرگەی پارێزگار ڕووی تێکردم و گوتی: مامۆستا گیان چەند ساتێک چاوەڕوانیم بکە، ئەوەندەی پێ نەچوو گەڕایەوە و پێی گوتم: فەرموو فەرموو مامۆستا گیان، کاتێ بەترسەوە چوومە ژوورە گەورەکەی پارێزگار، شەرمم لەخۆم کردەوە کە جەنابی پارێزگار بەپیرمەوە هات، دوای تۆقە و چاک و چۆنییەکی گەرم، ماڵەوە چۆنن، باوکت چۆنە، ئەوجا بەپێکەنینەوە گــوتی: نیگەران مــەبە جــەنابیــان ڕایانسپاردووین لەژێر عەرزیش بێت دەبێ شوێنێکتان هەر بۆ دابین بکەین، چەند ساتێک پێش ئەوەی ئێوە بێنە ژوورەوە جەنابی تەلەفۆنی بۆ کردم. ئینجا ڕووی لەپیاوەکە کردو گوتی: شوێنی بەتاڵمان نییە وانییە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ قوربان هیچ شوێنێکمان شک نەبرد.دوای کەمێک بیرکردنەوە دەستی لەسەر دوگمەی زەنگەکە دانا، دوای چەند ساتێک پیرەپیاوێک هاتە ژوورەوە و پێی گوت: مام شەریف بەڕاوێژکارەکان بڵێ هەر ئێستا لەژووری کۆبوونەوە ئامادەبن. مام شەریف خێرا ڕۆیشتە دەرەوە. جەنابی پارێزگار بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە کارمەندەکە پێی گوتم: بەیارمەتی جەنابتان چەند تەلەفۆنێکی پێویست دەکەم ئینجا دەڕۆینە لای ڕاوێژکارەکان. منیش بەشەرمەوە گوتم: باشە بەڕێزم، لەو ساتەدا ئەوەی لەمێشکمدا دەخولایەوە ئەوەبوو کە دەبێ باوکم چ جۆرە پیاوێک بێت؟ دەبێ چەند دەست ڕۆیشتوو بووبێ کە ئەم پیاوانە دەستە وەستان خەریکی خزمەت کردنی منن، منێک کە هێشتان نازانم قۆپچەی کراسەکەم دابخەم. گەرچی باوکم ئەو ڕاستییەی باش دەزانی، بەڵام هەمیشە ئەو قسەیەی بۆ دووبارە دەکردمەوە و دەیگوت: کوڕم هیچ نیگەرانی ئایندەت مەبە هەر وەکو نووسەرێک فەرمووویەتی: «تا لەم وڵاتەدا نرخی گوللە لەقەڵەم زیاتر بێت، خەمی هیچت نەبێ». هەر ئەوەندە بەسە کە جوان و ڕێکوپێک و پۆشتە و جل ئوتووکراو بەدەرکەوی. ئەوی تر هەمــووی فشــەیە، پارە لای ئێمــە چارەســەری گــشت کێشەکانە و هەموو گرێ کوێرەکان بەپارە دەکرێنەوە. ئا لەم خەیاڵانەدا جیڕەی دەنگی دەرگەکە بەئاگای هێنامەوە، دیســان مــام شــەریف بوو گــوتی: قــوربان ڕاوێژکــارەکــان ئامــادەن چاوەڕێی بەڕێزتان دەکــەن. جــەنابی پارێزگــار تەماشای کاتژمێری دیوارەکەی کرد و گوتی: مام شەریف مــامۆستــا ببــە ژووری ڕاوێژکارەکــان، پاشــان ڕووی لەمن کرد و گوتی: تا لەگەڵیان ئاشنا بی منیش پێوەندییەکی تایبــەتیم هەیە هەر کــە تەواو بووم دێمــە لاتان. کــاتێ لەگەڵ مام شەریف ڕۆیشتینە دەرەوە بەرپرسی کارگێڕی گوتی: بەیارمەتی بەڕێزتان من دەبێ بگەڕێمەوە شوێنی خــۆم، ئەوە مــام شــەریف لەگــەڵتــانە. دوای ڕۆیشــتــنی بەرپرسی کــارگێڕی، لەگــەڵ مام شــەریف پێکەوە چووینە ژووری ڕاوێژکــــارەکـــان. ژوورێکی گـــەورەبوو، چوار ڕاوێژکارەکـە بەدەوری مێزێکی هێلکەییدا دانیشـتبوون ئەم سەر و ئەو سەری مێزەکە کورسییەکانی بەتاڵ بوون، لەپاڵ دیوارەکـەی لای دەستی ڕاست دەسـتێک قـەنەفـەی قـەبە دانرابوو، لەبەر پەنجـەرەکـە یەک دوو دەسـتـە گـوڵی پلاسـتـیـکی دانرا بوون. هەسـتم کـرد لە ڕووی دیزاینەوە لەکـاتی دانانی کـەلوپەلی ناو ژوورەکـە ڕەچاوی بـاری هونەری و جـوانکارییـان نەکـردووە. نەمـزانی کـەی مـام شـــــەریف چووبـووە دەرەوە و مـن ئاگــــام لێ نـەبوو، هەرئەوەندە گـوێم لەدەنگی پیـاوێک بوو کـە لە لووتەوە قـسەی دەکـرد، پێی گـوتم: بەخێـر بێی مـامـۆسـتـا گـیـان فـەرمـوو دانیـشـە. کـاتێ دانیـشـتم هەسـتم کـرد بەڕاسـتی سەرپێچی ڕاوێژکارەکان سەرنج ڕاکێشە، هەر کەسەیان خۆیان بە ڕۆژنامە و گۆڤارێکەوە خەریک کردبوو، وەک

دیار بوو ئەم چاوەڕوانییە کاری هەمیشەییان بێت بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بەبوونی من بدەن، خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان بوون، هەستم کرد زیاتر تەماشای وێنەکان دەکەن تا خوێندنەوەیان، لەم سەین و بەینەدا بوو لە پڕێکا ڕاوێژکاری لای دەرگاکە بەلای ڕاستی مێزەکەوە کەپیرە پیاوێکی کورتە بالای لاواز و ئێسقانی بەچەنەگەیەکی درێژ و لووتێکی پان و چاوێکی بچووک و سەرێکی زل و گەورە لەکاتی دانیشتنی پشت مێزەکە بەئەستەم دیاربوو دەستی برد بۆ کلاوەکەی، ئەوجا سەری هێنایە خوارەوە وەک خزمەتکارەکانی سەردەمی ئەشرافی ئەورووپا کڕنووشێکی برد و گوتی ببوورە مامۆستا گیان خۆمان بەبەڕێزتان نەناساند بەندەی موخلیستان ئەحە پاڵەوان. (ئاماژەی بەبرادەرەکەی تەنیشتی کرد) ئەمەش حەمە بچکۆلە، پاشان ڕووی لەدوو کەسەکەی تر کرد کە لەلای سەرەوەی مێزەکە دانیشتبوون و ڕوویان لەدەرگەی ژوورەکە بوو، گوتی: نەفەری سێیەم لای دەستی ڕاست ئەمەش عەبەجووجەڵەیە، بەپێکەنینەوە ئاماژەی بەنەفەری چوارەم کرد و گوتی: خەفە تۆڵاز. منیش لە شوێنی خۆم هەستام و گوتم: منیش هۆشەنگ هیشام هاشمم. دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. خۆشبەختانە لەشوێنێک دانیشبووم کە دەمتوانی بە وردی بەژن و بالا و سەرو پۆتەلاکی هەر چواریان بەوردی ببینم. جارێ ئەحە پاڵەوان سەرەڕای ئەو نیشانانەی پێشتر ئاماژەم پێ کردن ئەوەی لەهەمووی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام دەستە درێژەکانی بوون کە بەبەراورد لەگەڵ بەرزی بەژن و بالای کە هەڵدەستایە سەرپێ بەمرۆڤی نیاندەرتاڵ دەچوو، سەرێکی زل و گەورە چەنەگەیەکی درێژ کە بەرەو پێشەوە لار ببۆوە. لەکاتی هەناسەدانیش دەتگوت یەکێک دەستی بەدەمییەوە ناوە، بۆیە ناچار بوو لە لووتەوە هەناسە هەڵکێشێ، لەکاتی هەناسەداندا لێوەکانی دەهێنایە پێشەوە ئەوجا کیفەیەکی لێ دەهات و لەگەڵ هەناسە بەردانەکەی لێوی خوارەوەی بەلەرزینەوە بەرەو پێشەوە هەڵدەکشا، جارجارەش وەک ئەوەی مێشوولەیەک لەخۆی دوور خاتەوە دەستی ڕادەوەشاند. برادەرەکەی حەمە بچکۆل کە لەتەک ئەو دانیشتبوو، پیاوێکی بالا بەرزی ورگنی، مل پان، ژێرچەناگەی وەک ژێرچەنەگەی پیرە کەڵەشێرێکی شامی شۆڕ ببۆوە، ڕدێنێکی بەقەدەر ڕووبەری لمووزی بزنێک دانابوو، جاربەجار دەستێکی بەقەپۆزەکەی دادەهێنا، دیقەتم دا ئەنگوستە بچووکەکەی دەستی شکا بوو، ئەو ئەنگوستە بەجۆرێ چەمابۆوە دەتگوت نێلی ئەلەمنیومە خوارکراوەتەوە، ئەم جارە باشتر لەسەر و بچمی ورد بوومەوە، بەلای خۆمەوە گوتم هەبێت و نەبێت ئەم بەڕێزە پێشتر قارەمانی زۆرانبازی بووە،چونکە گوێیە قیتەکانی دەتگوت دوو قاپی فافۆنە کە سەد شوێنی قۆپاوەتەوە.

گوێیەکانی وەک دوو پارچە گۆشتی کوتاوەی نارێک بەهەردوو لای سەریدا شوڕببۆوە. چاوەکانیشی تەواونەبوون، چونکە جاربەجار وەک فانۆسێک کەخەریکە نەوتی لێ دەبڕێ پرتەپرتیان دەکرد و بەبەردەوامی خەریکی هەڵبەزین و دابەزین بوون، بەڵام عەبەجووجەڵە کەڕووبەڕووی حەمە بچکۆلە دانیشتبوو، بەژن و بالایەکی مام ناوەندی و دەمو چاوێکی خڕی هەبوو، لەکاتی پێکەنیندا زانیم ددانەکانی پێشەوەیان نەماون، تەنانەت یەک دانە لەسەرەوە و دوو دانەش لەخوارەوە ئەوانیش بەهەموو شت دەچوون تەنیا ددان نەبێت، وەک بڵێی سێ پارچە خەڵووز لەشوێن ددانەکان داندرابن وابوون. کێشەی سەرەکی ئەم بەڕێزە ئەوە بوو سەری وەک پانکە بەردەوام لەجووڵەدابوو. دەتگوت جووڵەی سەری بەدەست خۆی نییە، بەڵام ئەوەی لەهەمووی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام پێڵاوەکانی بوون، چونکە یەکەم جار بوو پێڵاوی وا گەورە ببینم، ئەمەش نیشانەی پێیە زلەکانی بوون. پێم وابوو ژمارە ٤٧ بۆ پێیەکانی ئەو وەک فیل و فنجان وابوون. کلاوێکیشی لەسەر نابوو کە تا بەر گوێیەکانی هاتبووە خوارەوە، گومانم لەسەری دەکرد و لەدڵی خۆمدا دەمگوت تۆ بڵێی کەچەڵیش نەبێت؟ چوارەم کەس کە لە تەک ئەو دانیشتبوو، خەفە تۆڵاز بوو. کەبەژن و بالا و قەلافەتی وەک ئۆتومبێلێکی شاسی خوار دەهاتە بەرچاو، قامەتی خوار ببۆوە، شانی چەپی لەهی ڕاستی بەرزتر بوو، وەک بڵێی شتێکی قورسیان لەسەر شانی ڕاستی دانابێت و لەژێر گوشاری ئەو قورساییەدا لار بووبێتەوە! شوێنی دوو سێ برین لە ڕوومەتی دیار بوو بەتایبەتی خوارەوەی چاوی ڕاستی تەواو دارزابوو، دیاربوو، بەنەشتەرگەری و جوانکاری کەمێک ڕێکیان خستبۆوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: دڵنیام ئەم بەستەزمانە لەدەست ڕەوە گورگێک دەرباز بووە، یاخود لەڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێ ئاوا

شر و شاوێر بووە. من خەریکی سەرو بچمی ڕاوێژکارە بەڕێزەکان بووم،لەپڕێکا هەر چواریان وەک سپرینگ لەشوێنی خۆیان دەرپەڕین، بەجۆرێ کرنووشیان برد ئەوەندە نەمابوو چەنەگەیان لەمێزەکە بچەقێ، تومەز جەنابی پارێزگار بەژوور کەوتووە. پارێزگار یەک ڕاست بۆ لای سەرەوەی مێزەکە ڕۆیشت و دوای دانیشتن داوای لێ کردم لەتەک ئەو دانیشم. ئینجا ڕووی لە ڕاوێژکارەکان کرد و گوتی: دانیشن مامۆستایان. لەدڵی خۆمدا گوتم: بەو تەمەن و سەروبچمەی ئەم چوار بەڕێزانە هەیانە دەبێ ئەو ساردی و گەرمی و تاڵ و سوێرییەی ئەوانە چێشتوویانە پڕ بن لە ئەزموون و تاقیکردنەوە، بڕواناکەم هیچ گرێیەک هەبێت بەدەستی ئەم خاوەن ئەزموونانە نەکرێتەوە. لەپڕێکا پارێزگار بیرکردنەوەی پچڕاندم و گوتی: خەمت نەبێ گرێ نییە بەدەست ئەم پیاوانە نەکرێتەوە، هەر ئەوەندەیە زانیاری پێویست لەسەر کێشەکە وەرگرن ئیدی تەواو، هەر ئەوەندەم بینی هەرسێکیان پێکەوە دەست لەسەر سینگ گوتیان: گەورەتان کردین قوربان هەڵبەت بەهاوکاری ئێوە، چونکە بەڕێزتان ڕووناکی فانۆسەکەن، ئێمەش سووتەمەنی لەو شارەدا، تەماشایەکی ڕوخساری پارێزگارم کرد، دیار بوو ڕوخساری لەخۆشیان سوور هەڵگەڕابوو، لێوەکانی زەردەخەنەیەکی ڕەزامەندیی لەسەر دەگەشایەوە. دوای ئەوەی کۆکەیەکی کرد و سینگی دەرپەڕاند و گوتی: بەڕێزان گەورەیی خۆتانە.. کێشەیەکمان هەیە دەمەوێ ئێوەی بەڕێز بە هۆشیاری و دانایی و زانایی خۆتان ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. کێشەکەش ئەوەیە ئەم مامۆستایە بۆتە بەڕێوەبەری ناحیە! بەڵام ناحیەمان نییە لێی دابنێین، بۆیە هەرچۆنێک بێت ناحیەیەکی بۆ دابین بکەین. ڕاوێژکارە کورتە باڵاکە ئەحە پاڵەوان گوتی: قوربان ئەمە هەر زۆر ئاسانە، لەهەر ناحیەیەک بەڕێوەبەرەکەی بەوەکالەت یا بەشێوەی کاتی دانرابێت، دەتوانین لای بدەین، ئەم بەڕێزە لەشوێنی ئەو دابنێین. بەبیستنی ئەم قسەیە پارێزگار گوتی: جەناب کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە لەهیچ ناحیەیەک بەڕێوەبەرێک بەشێوەی کاتی دانەمەزراوە، ئەگەر هەبوایە ئەوە کێشەکە نەدەهاتە ئەم ژوورە. ڕاوێژکارە شان و مل خوارەکە خەفەتۆڵاز یەک دوو جار برۆکانی بەرز و نزم کردەوەو جارێکیش تاخمە دانەکەی پێشەوەی لەشوێنی هەڵتەکاند و خستییەوە شوێنی خۆی، وەک ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا بێت، بۆ ئەوەی وەک مەلەوانێک بۆ ڕۆیشتنە ژێر ئاو خۆی ئامادەو تەیار بکات، فڕەیەکی لێ هەستا و هەناسەی دایەوە تفی دەمی قووت داو ڕووی لەپارێزگار کردو گوتی: قوربانتان بم، بەساقەو بم، دەردو ژانت لەگیانم، بەبۆچوونی بەندەی بچووک و موخلیستان و موفلیستان باشترین ڕێگە ئەوەیە کە بەڕێوەبەری ناحیەیەک لابدرێت و ئەم بەڕێزە لەشوێنی دابنرێت. دوای ئاراستەکردنی پێشنیارەکە لەلایەن خەفە تۆڵاز، ڕاوێژکارە باڵا بەرز و ورگنەکە (کاکە حەمە بچکۆلە) قەپۆزە خوارەکەی هێنا و برد و بەدەنگێکی گڕەوە گوتی: بەڕێزم خۆتان دەزانن ئەم کارە ئەوەندە ئاسان نییە، هەریەک لەو بەڕێزانەی بەناوی بەڕێوەبەری ناحیە دامەزراون دەست لێدانیان وەک ئەوەیە کە دێوێکی نووستوو لەسەر گەنجینەیەک بەئاگا بێنی، گەمەکردن بەکلکی شێرە، یاریکردنە بەئاگر! پارێزگار فەیلەسووفانە سەری بادا و پاشان بەمەبەستی پشتگیری کردن لەبۆچوونەکانی حەمە بچکۆل گوتی: ڕاستە بەڵام ئەی چارە چییە؟ چ پێشنیارێکی ترتان هەیە؟ حەمە بچکۆل گوتی: پێشنیار دەکەم ناحیەیەکی نوێ بۆ ئەم بەڕێزە دروست بکەین، ناکرێ بەڕێوەبەری ناحیە هەبێت بەبێ ناحیە. ڕاوێژکارە باڵا مامناوەندی و پێ گەورەکە کاکە (عەبەجووجەڵە) یەک دووجار شان و ملی بەرز و نزم کرد، ئەوجا بەنزمەپرتەپرتێکەوە گوتی: م،م، من پێشنیاری یەکەم بەباش دەزانم یەکێک لابدرێت ئەوجا ئەم بەڕێزە لەشوێنی ئەو دابنرێت. دوای چەند ساتێک بێ دەنگی پارێزگار بەنائومێدی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: من پێم باشە دۆسیەی کەسایەتی گشت بەڕێوەبەرەکان بێنین دانە بەدانە تەماشایان بکەین کێ دەڵێ کەلێنێک نادۆزینەوە؟ لەم کاتەدا مام شەریف سینییەک کە پەرداخی ئاوی لەسەر بوو لەبەردەم ئێمەی داناو پارێزگار پێی گوت: مام شەریف برۆ کارگێڕی دۆسیەی کەسایەتی بەڕێوەبەری هەموو ناحیەکانم بۆ بێنە. مام شەریف بەڵێیەکی کردو خێرا چووە دەرەوە و دیسان پارێزگار هاتە قسەو گوتی: باوکی مامۆستا یەکێکە لەبرادەرە نزیکەکانم، پێم خۆشە ئەوەی لەتواناتاندا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی بەکاری بێنن. حەمە بچکۆل گوتی: دڵنیابە قوربان... (خەفەتۆڵاز) گوتی: هەڵبەت

بەبوونی بەڕێزتان ڕووناکی ڕووناکی کە نەبێت،چرا بێ مانایە دڵنیام لەژێر ڕۆشنایی و ڕێنماییەکانی بەڕێزتان بەسەر هەموو کۆسپێک زاڵ دەبین. بەکردنەوەی دەرگەش گشت چاوەکان ئاراستەی مام شەریف کران کە کۆمەڵێک دۆسیەی لەباوەش گرتبوو٠ دۆسیەکانی لەسەر مێزەکە داناو ڕۆیشتە دەرەوە. ئەحە پاڵەوان یەکەم دۆسیەی کردەوە، دوای تێڕوانینێکی کورت سەری بەرزکردەوە، گوتی: قوربان ئەم برادەرە نامەی حەزرەتی قەدەرقودرەتی خاوەن قڕانی لەگەڵە! بەسەری تۆ دەستی لێ بدەین قڕانمان بۆ دێنێ. کەواتە هی دەست لێدان نییە. پارێزگار خێرا گوتی: نا برای باوکم دەست لێدان نییە دانەیەکی تر بێنە، ئەم پارووە لەگەرووی ئێمەدا ناچێتە خوارەوە. دۆسیەی دووەمی کردەوە، دوای چەند ساتێک تەماشاکردن ئەحە پاڵەوان فیکەیەکی لێدا و گوتی: قوربان ئەم بەڕێزە لەلایەن بەڕێز وەروەرغا ڕاسپێردراوە، ئەمەش نامەی بەڕێزیانی پێوەیە. پارێزگار لەڕووی خەم خۆرییەوە تەماشایەکی کرد و گوتی: بەداخەوە ئەم کابرایەش هی دەست لێدان نییە، هەمووتان دەزانن وەروەرغا چەند لای سەروەرەکەمان خۆشەویستە. حەمەبچکۆل گوتی: ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندیتان لەسەر بێت با من دۆسیەی سێیەم بکەمەوە، بەسەری بەڕێزتان دایکم هەمیشە دەیگوت کوڕم بەختت هەیە، لەو دیوی چیای قافیش بێت شانس و بەخت ڕووت تێدەکات، پارێزگار بەگاڵتە پێ کردنەوە گوتی: فەرموو جەنابی بەختەوەر دەی بابزانم بەختت چۆن دەبێت؟ حەمە بچکۆلە سێیەم دۆسیەی کردەوە، دوای هەڵدانەوەی یەکەم لاپەڕە بەدەنگێکی گڕەوە گوتی: قوربان ئەم کابرایەش ڕاسپاردەی بەڕێز مەڕمەڕەغای لەناو دۆسیە دایە. بەڕێزتان ئاگادارن چ کاشی و مەڕمەڕ و بەردی حەلان لەژێر دەسەڵاتی مەڕمەڕەغایە. دانانی ئەم برادەرەش وەکو بەڕێوەبەری ناحیە بەشێکە لەپڕۆتۆکۆلی گەورەی ئابووری ئەم وڵاتە! ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لەناو بازنەی پڕۆژەی پێنج ساڵەدایە. دوای تەواوبوونی قسەکانی حەمە بچکۆلە پارێزگار ڕووی تێکردم و گوتی: خۆ ناتەوێ باری ئابووری ئەم وڵاتە بشێوێنی؟ منیش گوتم: هەرگیز. پارێزگار گوتی: کەواتە ئەم برادەرە نابێ بەهیچ شێوەیەک دەستکاری بکرێت. بەلای خۆمەوە گوتم: باشە ئەگەر هەریەک لەبەڕێوەبەری ناحیەکان کە بوونەتە بەڕێوەبەر بنەمای دانانیان لەسەر بنەمای هەریەک لەو ڕێکەوتنە گرنگانە بێت، تۆ بڵێی دانانی من لەسەر چ بنەمایەک بێت؟ ئەم بەڕێزانە هەموو خەم و پەرۆشییان ئەوەیە شوێنێکم بۆ دابین بکەن. دەنگی ئەحمەد پاڵەوان ئامادەبووانی وەخۆ هێنایەوە کە بە پارێزگاری گوت: قوربان بەیارمەتی بەڕێزتان دۆسیەی چوارەم دەکەمەوە. دوای کردنەوەی دۆسیەکە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: بەداخەوە ئەم برادەرەش نامەی توتنەغای پێیە، خۆتان دەزانن جەنابی توتنەغا بووە هۆی دواخستنی پەسەندکردنی یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشان لەشوێنەگشتییەکاندا، تا ڕازییان کرد بچێتە ناو لێژنەی ژمێریاریی ئەم یاسایەوە بەرد شەقی برد. یەکێک لەمەرجەکانی ئەوەبوو کەخاوەنی ئەم دۆسیە بەشێوەی پشتاوپشت بکرێت بە بەڕێوەبەری ناحیە هەرکاتێ مرد کوڕەکەی دێتەجێی. پارێزگار بەپێکەنینەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: کەواتە پێش بەڕێزتان کوڕەکەی چاوەڕێی مردنی دەکات. بادرێژدادڕی نەکەم، چەندین دۆسیەیان هەڵدایەوە،کەچی هەر بێ سەرەنجام بوو، ماندووبوون و مشەقەتی لەدەم و چاوی هەموویاندا دەردەکەوت،لەناکاو مام شەریف بەخۆی و سینییەکەی بەدەرکەوت، شەش فنجان قاوەی بۆ هێناین. پارێزگار بەدیتنی مام شەریف کەیفخۆش بوو، بەماندووبوونەوە گوتی: بەخوا باش بوو لەکاتی خۆیدا هاتی. مام شەریف بەهێمنی قاوەکەی داناو ڕۆیشتە دەرەوە. ئەحمەد پاڵەوان لەپڕێکا بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئەوەتا، ئەوەتا ،دۆزیمەوە بەوخوایە دۆزیمەوە بەنەعلەت بێ شەیتان باشە بۆ تا ئێستا شتێکی وام بەمێشکدا نەهاتبوو، پارێزگار بەخۆشحاڵی فنجانە قاوەکەی داناو ڕووی تێکردم و گوتی: ئەها دەبینی نەمگوت گرێ نییە بەدەست ئەم کەڵە پیاوانە نەکرێتەوە؟ ئەحە پاڵەوان درێژەی پێدا و گوتی: بەڕاستی قوربان مرۆڤ هەندێ جار کەڕ و لاڵ دەبێ، نەزان دەبێ. نەدەبینێ و نەشتێک بەمێشکیدا دێت. پارێزگار کە لەو هەموو درێژدادڕییەی ئەحەی پاڵەوان بێزارببوو، گوتی: پێویست بەدرێژ دادڕی ناکات وادەبینی ماوەمان بەدەستەوە نییە، ئەگەر شتێکت هەیە بیلێ باکۆتایی بەگرفتەکە بێت. ئەوجا دەستی بۆ فنجانەکەی برد و لێوەکانی نزیک کردەوە. دووبارە ئەحەپاڵەوان هاواری کرد: بەڕاستی شتی وام نەدیوە

بەڕاستی جوانە، بەڕێزان تەماشای ئەو دەست و پەنجانە بکەن دەڵێی خانزادی سۆرانە فنجانی بەدەستەوە گرتووە، قوربانی ئەو قوڕگە بم کە قاوە لێی دەڕواتە خوارەوە، دەڵێی بلوورە بلوور. لەپڕێکا پارێزگار بەسەریدا تەقییەوە و گوتی: باشە تۆ پێم ناڵێی باسی چی دەکەی؟ ئەحەپاڵەوان بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدات گوتی: قوربان باس لە قاوە خواردنەوەت دەکەم، باس لەپەنجە ناسکەکانت دەکەم کە فنجانەکەی پێدەگری. پارێزگار لە تووڕەییا سوور هەڵگەڕاو لە شوێنەکەی خۆی هەڵسایە سەرپێ و هاواری کرد: توخوا ئێستا کاتی ماستا و گرتنەوەیە؟ تا ئێستا وام دەزانی چارەسەرییەکت دۆزیوەتەوە.

بۆیە بەبێ ئارامی لەشوێنی خۆی هەڵساو لەپانتایی ژوورەکەدا دەستی کرد بەپیاسەکردن، پاشان بەدەست ئاماژەی بە عەبەجووجەڵە کرد: ئەم جارە تۆ دۆسیەکە بکەرەوە ڕەنگە دەستت خێر و بەرەکەتی تێدابێ. عەبەجووجەڵە ویستی بۆ ساتێکیش بێت سەری لە جووڵە بوەستێنێ بۆ ئەوەی وا پێشان بدات کە زۆر باڵا دەستە، گەرچی هەوڵەکانی بێ سوودبوون، یەک دووجار بەزمانە درێژ و پانەکەی لێوەکانی تەڕکرد و بەقووتدانی تفەکەی گوتی: بەچاوان سەروەرم، دەستی بۆ دۆسیەکە برد، دوای کردنەوەی یەک دوو لاپەڕە لەسەر لاپەڕەی سێیەم هەڵوەستەیەکی کرد، وەک بڵێی کارەبا گرتوویەتی: چاوەکانی زەق بوونەوە، بۆ ساتێک سەری لە جووڵە وەستا، وام زانی تەواوی کردووە، بەڵام دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ گوتی: قوربان ئەمە دەبێ چ بەختەوەرێک بێت، کە ڕاسپاردەی مژمژەغا لەناو دۆسیەکەیدایە، بەبیستنی ناوی مژمژەغا هەموویان پێکەوە گوتیان: ئەی هەوار مژمژەغا؟! دیسان پارێزگار بەنائومێدی تەماشای کردم، گوتی: کوڕم دەزانی مژمژەغا کێیە؟ گوتم: نەوەڵڵا قوربان نازانم. پارێزگار گوتی: ئەی چۆن دەتەوێ ببیە بەڕێوەبەری ناحیە کە تا ئێستا زانیاریت لەسەر کابرایەکی بەناوبانگی وەک مژمژەغا نییە؟! سەرەتا بەبیستنی ئەم قسەیە زۆر ترسام، گوتم ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەمەرجەکانی دامەزراندن. بەڕاستی نەبوونی زانیاری لەسەر ژیانی مژمژەغا نیگەرانی کردم، پارێزگار کە پیاوێکی دنیا دیدە بوو، هەستی بەنیگەران بوونم کرد، بۆیە بەدڵنیاییەوە گوتی: مەترسە ئەم بابەتە پێوەندی بەدامەزراندنەوە نییە. خەڵکم بینیوە قازی محەمەدی بەسەرۆک کۆماری ئازەربایجان داناوە، ئێستا شانی خستۆتە بەر و یەک دنیا بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە، کەسێکی پایەداری لێ دەرچووە، سوپاس بۆ خوا بەڕێزیشتان هێشتا هەر گەنجن تازە سەرەتای ژیانتانە. گوتم: زۆر سوپاس گەورەت کردم، بەڵام نەتان فەرموو مژمژەغا کێیە؟ پارێزگار گوتی: لەمژمژەی منداڵان بگرە تا حەلەویاتی جۆراوجۆر تا دەگاتە داو و دەرمان و پێداویستی ئارایشت لەدەست جەنابی مژمژەغایە، بەڕێوەبەری ناحیەیە ئەم بەڕێزەش بە پشتاوپشت دامەزراوە، تۆ گەنجی خۆ دەبێ بزانی کاروپیشەی مژمژەغا چەند گرنگە و زۆریش هەستیار و ناسکە، مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مژمژەغا هەستێکی شاعیرانەی دەوێ، بۆیە کەس ناتوانێ بەئاسانی شان لەشانی بدات. بادرێژدادڕی نەکەم چیتان لێ وەشێرم دەستیان لەهەر دۆسیەیەک دەدا وەک خەزێنەیەک کەدێوێکی لەسەر خەوتبێ یەک لەیەک ترسناکتر بوون. دیاربوو ڕاوێژکارەکان تەواو بێزار بوون و لەپەلوپۆکەوتن، پارێزگاریش لەچاوەکانیدا دیاربوو لەوان باشتر نەبوو. بەڕاستی هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، بیرم کردەوە بۆ ئەوەی هەست نەکەن کە من کابرایەکی بێ ئەمەکم گوتم: جەنابی پارێزگار سوپاسی هەوڵ و کۆششی بەڕێزتان دەکەم، بەڕاستی ماندوو بوون. دیاربوو پارێزگاریش نائومێدی و ماندووبوون تەنگی پێ هەڵچنیبوو، لەپڕێکا بەسەر ڕاوێژکارەکانیدا تەقییەوەو گوتی: من نازانم دەبێ ئەم گرفتەم بۆ چارەسەر بکەن، چیتر ناتوانم لەگەڵتان بم ئەگەر تا یەک کاتژمێری تر ئەم گرێ کوێرەیە نەکرێتەوە، ئیتر خۆتان دەزانن. دوای هەڕەشەکردن بەبێ ئەوەی چاوەڕێی کاردانەوەی هەڕەشەکەی بێت لەسەر ئامادەبووان، لە ژوورەکە چووە دەرەوە. ئا بەم شێوەیە جەنابی پارێزگار خۆی لە کوێرە گرێکە دەربازکرد و دەرگاکەی بەتووڕەیی بەدوای خۆیەوە پێوەدا، حەمە پاڵەوان گوتی: ئەمە باشترین شێوەی خۆ دەربازکردنە لەبارودۆخێکی ناهەموار، پاشان تەماشایەکی کردم و گوتی: نیگەران مەبە هەر لەسەرەتاوە ئەم قوڕە بۆ ئێمە گیراوەتەوە، قەت نەبووە بەڕێزیان تا کۆتایی هاتن بەکێشەکان لەگەڵ ئێمەبوو بێت، هەمیشە بەجێی هێشتووین. ئەو دەیەوێ هەموو

شت بەئامادەیی پاککراوەیی بڕواتە بەردەمی. ڕاستە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام هیچ کێشەیەک نەبووە بەبێ چارەسەریی لەم ژوورەدا بچێتە دەرەوە. عەبەجووجەڵە کۆکەیەکی کرد و دوای دەرپەڕاندنی سینگی گوتی: بەڕێز بەبۆچوونی من کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین کەس لابدەین، باشترین چارەسەری ئەوەیە کە پێشنیاری دروست کردنی ناحیەیەکی تر بکەین، بەکورتی، ناحیەیەکی نوێ دابمەزرێنین. حەمە بچکۆلە گوتی: وەڵڵا خۆ پێشنیارێکی ئاسان و شیاوە، بەڵام پێویستە پێش هەموو شتێک شوێنێکی گونجاو بۆ دروست کردنی ناحیە دەستەبەر بکەین ئەوجا بیکەینە پێشنیار بۆ جەنابی پارێزگار. حەمە پاڵەوان بەبیستنی پێشنیارەکە لەشوێنی خۆی هەڵسا و چوو لەسەر مێزە بچکۆلەکە نەخشەیەکی هێنا، پێش ئەوەی نەخشەکەی بەتەواوی بکاتەوە، دەستی برد بۆ گیرفانی و چاویلکەکەی لەچاو کرد ئەوجا دەستی کرد بەکردنەوەی نەخشەکە و بەتەواوی لەسەر مێزەکە پانی کردەوە. دیسان دەستی برد بۆ گیرفانی پانتۆڵەکەی و زەڕەبینێکی بەقەد ژێر پیاڵەیەک دەرهێنا، ئەوجا دەستی کرد بەگەڕان و سووڕان بەهێڵە خواروخێچەکانی نەخشەکە. سێ ڕاوێژکاری تریش بەسەر نەخشەکەدا چەمانەوە، بەوردی تەماشای نەخشەکەیان دەکرد، دوای چەند ساتێک عەبەجووجەڵە خۆی ڕاست کردەوە، لەکاتێکدا هەوڵی دەدا سەری بێ جووڵە ڕاگرێ گوتی: بەڕێزان ئەوها نابێت، خۆتان دەزانن کە پارێزگاکەمان بەسەر چەندین ناحیەدا دابەش کراوە، ئەوەتان لەبەر چاو بێت، هەر ناوچەیەک بکرێتە ناحیە، نابێ لە چل گوند کەمتر بێت؟ خەفە تۆڵاز کە دەیویست بەژنە قوپاوەکەی بەخورتی ڕاست بکاتەوە، شان و ملەخوارەکانی بێنێتە یەک ئاست، دوای خوراندنی لووتە گەورەکەی گوتی: ڕاستە.. کەواتە با ئەم جارە لە باشوور بۆ باکوور دەست پێبکەین. ئەوجا لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوای پارێزگا دەڕۆین. تۆ بڵێی لەم دەشتودەرە بایی ئەوەندەی تێدا نەبێت ناحیەیەکی لێ دروست بکەین؟ ئەو ماوەیەی ڕاوێژکارەکان خەریکی تاووتووکردنی کێشەکە بوون لەسەر نەخشەکە، هەر ناوچەیەک کە دەستنیشانیان دەکرد بۆ ناحیە گەرچی هیچ لەو ناوچانە لەسەر نەخشە لەچل گوند کەمتر نەبوون، بەڵام جێگای داخ بوو کە هیچ لەناوچەکان چل گوندی ئاوەدانیان نەبوو. بەڕاستی وای لێ هات وردە وردە خەریک بوو خۆشم بێزار دەبووم، گەرچی دەستەی ڕاوێژکاران بەبەردەوامی خەریکی سەرژمێری گوندەکانی ناوچەکە بوون، بەڵام هەوڵ و تەقەللایان بێ سوود بوو. حەمە بچکۆلە سەری لەسەر نەخشەکە بەرزکردەوە و چاویلکەکانی لەسەر مێزەکە دانا و بەزەردەخەنەیەکی پڕ لەئومێد تەماشایەکی کردم، گوتی: باشە بۆ سەر لەخۆمان دەشێوێنین خۆ ئێمە ماوەیەکە بەنیازی هێنانی ڕاوێژکارێکی گەنجین،تا لە کارەکانماندا یارمەتیمان بدات، ئەگەر وەکو لیژنەش کاربکەین خۆ دەبووایە ژمارەمان تاک بێت نەک جۆت، کەچی ئێستا جۆتین، بەهاتنی بەڕێزتان دەبین بەتاک، لەچوار نەفەر دەبین بەپێنچ کەس. مووچەکەشی دوو ئەوەندەی مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەیە. دڵنیاشم باوکت بەئاسانی دەتوانێ بەیەک ڕۆژ بڕیاری ڕاوێژکاریت بێنێتەوە. پێشم وایە جەنابی پارێزگاریش لارییان نییە، چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم زۆرجار بەڕێزیان باسی دڵسۆزی و چاکەکانی باوکت دەکات دەرحەق بەخۆی. هەست دەکەم خۆی بەقەرزداری باوکت دەزانێت، دڵنیام دەیەوێ بەشێوەیەک لەشێوەکان تۆڵەت بۆ بکاتەوە، چ دەرفەتێکی گونجاوتر لەم دەرفەتە نییە بێجگە لەمەش پێم باشە بەڕێزتان وەک نوێنەری ئەو کەسانەی کە پۆستیان وەرگرتووە، بەڵام شوێنیان نییە، زۆر گرنگە. ئەگەر ئەو بەڕێزانە نوێنەرێکی هاودەردیان لەلیژنەدا هەبێت، ڕەنگە ئەم جۆرە کێشانە ئاسانتر چارەسەر بکرێن، بۆیە پێم باشە بەڕێزتان وەک ڕاوێژکار دامەزرێن. خەفە تۆڵاز گوتی: بۆ ئێمە جێی شانازییە کەگەنجێکی وەک بەڕێزتان لەگەڵ ئێمەدا کار بکات. ئەی ناڵێن با مۆڵەت بەگەنجان بدەین، ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندیتان لەسەر بێت، ئێمە وەکو دەستەی ڕاوێژکاران پێشنیار دەکەین کە ئێوە شایەنی ئەوەن پلەیەکی بەرزتر لەبەڕێوەبەری ناحیە وەربگرن. عەبەجووجەڵە گوتی: ڕاوێژکاری پڕ بەپێستی بەڕێزیانە. لەمەودوا خەڵک لەسەر پێشنیاری ئێوە دەبن بەبەڕێوەبەری ناحیە. من تا ئەو ساتە تووشی سەر لێ شێوانێک هاتبووم نەمدەزانی چی بڵێم، لەبەڕێوەبەری ناحیە بەرەو ڕاوێژکاری؟ ئەوەندەی من ئاگاداربووم ئەوەبوو کە ڕاوێژکاری کاری هەموو کەسێک نییە. زۆر کەس سەدان واستەی کردووە تا کراوەتە ڕاوێژکار، لەدڵی

خۆمدا گوتم: باشە کوڕی باش یەک جار بەخت دێتە بەردەرگا، بۆ دەرگەی لێناکەیتەوە؟ ڕووم لە ڕاوێژکارەکان کرد و گوتم: دەتوانم تەلەفۆنێک بکەم. چاوەڕێی مۆڵەتم نەکرد خێرا لەژوورەکە هاتمە دەرەوە. کاتێ بەتەلەفۆن بارودۆخەکەم بۆ باوکم شی کردەوە، پێم گوت کەبەڵێنیان پێداوم بمکەن بەڕاوێژکار. باوکم بەبیستنی ئەم هەواڵە بەخۆشحاڵییەوە گوتی: بڕۆ کوڕم بڕۆ تا پەشیمان نەبوونەتەوە. کاتێ گەڕامەوە ژوورەکە هەستم کرد هەموویان بێ ئۆقرە چاوەڕێی وەڵامەکەی منیان دەکرد، گوتم: شانازی بەوە دەکەم لەخزمەتی بەڕێزتاندا بم. هەموویان بەبێ دواکەوتن گوتیان کەواتە بابڕۆینە لای جەنابی پارێزگار. کاتێ چووینە ژووری پارێزگار، ئەو خەریکی نووسین بوو، دوای چەند ساتێک سەری بەرزکردەوە گوتی: فەرموو دانیشن. ئەوجا ڕووی تێکردم، گوتم: ببوورە کارەکەت ئەوەندە درێژەی کێشا، ئەوجا بەڕاوێژکارەکانی گوت: ئومێد دەکەم بەدەستی بەتاڵەوە نەهاتبن. خەفە تۆڵاز گوتی: بەیارمەتی بەڕێزتان و هاوەڵانی خۆشەویستم، گەورەم، بەداخەوە دەبێ بڵێم هیچ چارەسەرییەکمان پێنەدۆزرایەوە، نەدەتوانین کەس لابدەین، نەدەتوانین ناحیەی نوێ دابمەزرێنین، بەڵام پێشنیارێکی ترمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە پێمان باشە ڕاوێژکارێکی گەنجمان لەگەڵدا بێت، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی وەک کێشەی ئەم بەڕێزە. هەر لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی خەفە تۆڵاز وەک فیشەکەشێتە بەدەوری خۆی سووڕایەوە، هەر ئەوەندەم بینی دۆسیەیەک کەوتە بەردەستی و بۆ خەفە تۆڵازی هاوێشت، بەڵام باش بوو وێنە و کاغەزەکانی ناو دۆسیەکە بەناو ژوورەکەدا وەربوون. بەڕاستی ترسا بوو، ڕاوێژکارەکان لەترسان نەیاندەزانی چی بکەن!؟ پارێزگار هاواری کرد گەوجینە ڕاستە دەڵێن یاسا لاستیقە بەکەیفی خۆت ڕایدەکێشێ، بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی بیپچڕێ، ئاخر کەمێک ئەقڵتان هەبێت ئەم کابرایە کوێی بەڕاوێژکار دەچێت، ئاخر بووە بەو تەمەنە یەکێک ببێت بەڕاوێژکار کە هیچ ئەزموونێکی کارکردنی نییە؟ جەنابی پارێزگار لەوپەڕی تووڕەییدا بوو کەبەڕێوەبەری کارگێڕی بەترس و لەرزەوە هاتە ژوورەوە بەهێمنی گوتی: قوربان یەکێک لەدۆسیەکان لەلای من بەجێ مابوو، پێم باشە تەماشایەکی بکەن، هەرئەوەندەم بینی ئەحەپاڵەوان پڕی دایە دەستی پیاوەکە و دۆسیەکەی لێ وەرگرت. پێش ئەوەی دۆسیەکە بداتە بەڕێوەبەری کارگێڕی ڕۆیشتە دەرەوە و بێدەنگی سەراپای ژوورەکەی پارێزگاری داگرت. دنیا کشومات بوو، گشت چاوەکان بەنیگەرانی ئاراستەی دۆسیەکە کران، دیاربوو جەنابی پارێزگار لەهەموویان نا ئارامتربوو، هەر خەریکی هاتو چووکردن بوو، لەپڕێکدا لەپشت مێزەکەی وەستاو چەند ساتێک بەبێدەنگی تەماشای ڕاوێژکارەکانی کرد، پاشان تەماشایەکی کردم، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: دوا بەختتە ئومێد دەکەم بەختەوەر بی، ئەوجا ڕووی لەئەحەپاڵەوان کرد، گوتی: دەبێ بزانم ئەم جارە بەختی مامۆستا لەکوێ نووستووە. حەمە بچکۆلە گوتی: دڵنیام لەناو دۆسیەکەدایە. ئەحەپاڵەوان وەک ئەوەی خەریکی ڕاگەیاندنی نهێنییەکی زۆر گرنگ بێت گوتی: بەیارمەتی جەنابی پارێزگار. کاتێ دۆسیەکەی کردەوە یەکەم جار گوتی: ئەم بەڕێزە دە ساڵ پارێزەر بووە بەکالۆریۆسی هەیە، دیارە خاوەن ئەزموونە لەبەڕێوەبردندا، بەتایبەتی بەڕێوەبردنی ناحیە، وەکو دیارە ساڵی ڕابردوو وەک بەڕێوەبەری نموونەیی پاڵێوراوەو خەڵاتی ڕێزلێنانی بەرکەوتووە. گەرچی خەڵات و پلەکەی بەکەسێکی تر بەخشرا، پارێزگار بەپەلە گوتی: واز لەمانە بێنە باش تەماشای ناو دۆسیەکەی بکە بزانە.. ئەحەپاڵەوان قسەکەی پێ بڕی و گوتی: دەزانم قوربان چیتان دەوێ، خۆشبەختانە بامژدەی ئەوەتان بدەمێ ئەم برادەرە هیچ نامەیەکی ڕاسپاردەی لەناو دۆسیەکەدا نییە، دۆسیەکەی بەتەمای خوا بەجێ هێشتووە.. عەبەجووجەڵە بەپێکەنینەوە گوتی: لەکۆنەوە گوتوویانە لەتۆ حەرەکەت لە خوا بەرەکەت.. ئەم برادەرە هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکردووە وای دانێ دۆسیەکەی بەتاڵە، پارێزگار بەپێکەنینەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: مامۆستا گیان بەڕاستی بەختەوەری و دۆسیەی ئەم برادەرە بەتاڵە، هەموو خەڵات و بەراتەکانی ناکا دوو وشەی موبارەک کەبۆی نووسرابووایە ئینجا هەناسەیەکی بەختەوەری هەڵکێشا و گوتی: ئۆخەی خۆ ڕزگارمان بوو هەر ئێستا بڕۆن بەپەلە، بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری ناحیەی کۆن و دانانی ئەمە دەربکەن و پیرۆزە.

٢٠٠٩/٨/١٦



# دادگەه

**فاواز حوسێن**
**(ستۆكهۆلم)**

ئەگەر بەری دەه دوانزدەه سالان ژ من بهاتا پرسین: «چ هەیە كو ژێ نەخوەشتر تونەیە؟» منێ د جه دە بگۆتا: «ئەو ل ئامیدا بادێ، ل كێلەكا چەمێ مچقی، د ناڤا سەرگۆیێ گشتی دە، ماینە.» لێ پشتی كو ب هەزار هەزاران بار كربوو، پشتی كو كۆچا مەزن ئەم ل بەر پێلێن خوە ئاژۆتبوون و پشتی كو ئەم ل قراخێن دەریایێن ئەورۆپایێ ئاڤێتبوون، ئەگەر ئەو پرسا هان ژ من بهاتا كرن، منێ بێگومان بەرسڤا خوە ب ئاوایەكی دن بدایا.

ئەز ژ ئۆدەیا خوە یا قاتا هەفتان دەركەتم ل گەل كو رۆژ ژ بنی ڤە نە رۆژا دەركەتنێ بوو، هەرچی مینا منن، ل مالا خوە، ب ژنا خوە رە، د ناڤ زارۆكێن خوە دە بوون، لێ ئەز نە ب ژن، نە ب زارۆك، نە ب دۆستك، نە ب مال بووم. بایەكی خورت دكر ڤیزەڤیز و مینا گێسكەك نەدیار، وی بایی كێلەكێن كۆلانێن هەردەم داگیركری رێش كربوو. ئەز ل پۆرتە د ئاوتەولێ ل مەترۆیا كو دچوو تا گارە د ئاوستەرلتزێ سوار بووم، من بەرێ خوە دا تاخا لاتینی یا كو د ناڤەندا باژێر دەبوو. ل ئۆدەئۆنێ ئەز هنەكی د ناڤ كۆلانێن تەنگ دە گەڕیام. تەڤگەر پڕ قەلس بوو، ئەز پێرگی كێم كەسان هاتم.

وێ رۆژێ، من نە ژ ڤیان و رزا خوە بەرێ خوە دا كلونیا مەزن؛ چایخانەیا خوە.

وەكە كۆلانێن باژێر. هوندرێ چایخانەیێ ژی ڤالا بوو، گارسۆنان ئانیشكێن خوە دانیبوون سەر كێلەكا بارا ژ پاخرێ؛ گشان ل هەڤ دنهێری و گش ب هەڤ رە باوشكی دبوون. من ل وێ دەڤەرێ ژ چەند جیان ل قاتێن ژۆرین حەز دكر و ئەز هلكشیام. د نیڤێ پێلكان دە. ل گلورییایێ راست هاتم. ژ جهێ خوە تەڤ نە دلڤیا. كەچا جوان ل سەر خیزا گراڤەكێ خوە رامداندبوو. رۆژا هاڤینەكە خوەش.

شاخێن دارەکە خورما و ئاڤا دەریایەکە کەسک وشین د بن ئازمانەکی سایی دە گەهشتبوون هەڤ. کەتبوون گۆڤەندا خوەشکبوون و شادیێ. ژنک نوو ژ دەریایێ دەرکەتبوو ژ بەر کو دلۆپێن ئاڤێ ب هەزاران ل سەر بەدەنا وێ مینا مرارەیان دبرقین. وێ ب نازکی شووشەیا کۆکا کۆلا نێزیکی لێڤێن خوە دکر و د وێ بهشتێ دە هەمیوو خوەشییێن ژیانێ دکر دو سێ قورت. من نزانیبوو ب راستی ناڤێ وێ چ بوو، لێ من ژ ناڤێ گلۆریا حەز دکر و من ئەو ناڤ، لێ کربوو. وێ رۆژێ، چایخانە هەما ڤکیڤالا بوو، من بێتر، لێ تەماشەکر. ئەز ژ خوەشکبوونا روو و بەژنا وێ تێر نەدبووم.

ل سەر سوورەتێ دیوار، هایێ گلۆریایێ ژ بایێ فەلەکێ تونەبوو.

وێ لێڤێن خوە و شووشەیێن کۆکا کۆلایێ پێشکێشی ڤەخوران دکر.

ل قاتا ژۆرین تو کەس نەبوو. ژنکا پۆرتوغالی کو فرانسیان ناڤێ «خانما میزێ»، لێ دکر بێگومان ل بەر جهێ تەلەفۆنان و ل بەر داشرێ بوو. وێ وەک هەردەم تەنتەنەیێن خوە بەردەوام دکرن و ل رادیۆیا بچووک گوهداری دکر. ل ماسەیا ل بەر وێ، د سێنیکەکە فەرفووری دە، هەردەم سێ چار پەرچەیێن دو فرانکێن ب هەڤ ڤە هەبوون.

«خانما میزێ» ژی دخوەست کو هەما گوو و میزا موشتەریێن چایخانەیێ بهاتا دا کو دو فرانکان د سێنیکا فەرفووری دە هەما بکرانا چنگینی.

ئەز ل کێلەکا پەنجەرەیا مەزن روونشتم. ژ وی جهی، هەردو کۆلانێن مەزنێن تاخێ، رێزێن دکانان، دارێن بەخچیێ جلونیێ و ئۆتۆبوسێن کەسک یێن شەهرداریا پاریسێ ژ من رە خویابوون.

من نامەیا نیڤچۆ یا کو من ژ بۆ خوەها خوە نڤیسیبوو ل گەل دەفتەر و پێنووسان دانین بەرخوە. گەرەک من ئەو نامە بشاندا، لێ هێنا ئەز نەگهشتبووم نیڤێ وێ. دا کو ئەز بەردەوام بکم، من ل رێزێن کەڤن نهێری، تیپ و رستەیێن نامەیێ ل بەر چاڤێن من دیلان دکر، بوون وەک مووروچەیان، وەک گێرگەریکێن رەش و ل سەر رووپەلێ گەریان. من نزانیبوو منێ چ بگۆتا و وەها ژی من روویێ خوە خست جاما پەنجەرەیا مەزن. ل دەرڤە، بایێ خورت شاخێن بێپەل ب هێرس ل هەڤ دخستن و تەڤی کو پەنجەرەیێن چایخانەیێ گرتی بوون ژی نالە نالا داران و جارەجارا وی بایی دگهشتن گوهێن من. عەورێن ئاڤز دبن زکێ ئازمانی نزم دە دابوون دوو هەڤ.

من دەفتەرا خوە یا ناڤنیشان و نەمرۆیێن تەلەفۆنان ڤەکر، پەل ل هەڤ خستن. دو سێ کەس هەبوون کو من دکاریبوو ژ وان رە تەلەفۆن بکرا. من دەفتەر دیسا خست جەنتەیێ خوە. من تو کەس د سەرما وێ رۆژێ دە عەجز نەکر. وان دو سێ کەسان دێ ژ خوە رە ل بەهانەیان بگەریانا: «ببهورە، کاکە جان، پشتی دو رۆژان ئەمەن ئیتیحان هەیە،» «ب سەرێ تە هەڤالا من ژ لییۆنێ هاتیە ئانها ل بال منە و نابە ئەز وێ ب تەنێ بهێلم،» «ب سەرێ سەرۆک، ئەز ئیشمیش دکم. هەڤال حازریا تۆپلانتیەکێ دکن» ، «ئەز ژبەر تایێ دناڤ جهان دە مە، خوێدانەک من دگرە یەک من بەردده» . وان دو سێ کەسان دکاریبوو ب هەزاران تشتێن وها بگۆتانا و دگوتن ژی.

وێ رۆژێ، تو گارسۆن بەر ب من ڤە نەهاتن. ب راستی، دلێ من نەدبژیا تشتەکی. من ژ قەهوەیێ حەز نەدکر، لێ من ئەو هەردەم دخوەست ژ بەر کو ئەو ڤەخوارنا هەری ئەرزان بوو، ل پاش جاما پەنجەرەیێ، بایێ خورت د بەخچیێ کلونیێ ب چقلێن بێچارە ژ خوە رە دلیست و ب بێزاریا وان دکەنیا. ئۆتۆبوسا ٩٦ئان کو دچوو پۆرتە دەلیلاسێ دەرباس بوو و ژ بلی سەرێ شوفێر ب تەنێ چەند سەری ژ من رە خویا بوون.

ئەز نزانم چقاس وەخت د وێ ناڤێ رە بهوری گاڤا دەنگی چەند پایێن ب لەز ژ ژێر ڤە هاتن، بەرێ خوە دان ئارامیا قاتا ژۆرین.

ئاورێن من ب پەلیکان ڤە گرێدایی مان و ژ نشکا ڤە، کەچک د ڤالاهیا دەڤەرێ دە خویا بوو. ل دوو وێ، پێنج کەسێن ب کراسێن رەش، ب سۆلێن رەش، ب چەنتەیێن رەش چاڤێن خوە د ڤالاهیێ دە گەراندن. وەک کو تو جهێن ڤالا ژ بلی جهێن هەمبەر من نەبوویا، ئەو بەر ب من ڤە هاتن. ژنکا کراسرەش راستی من، ل هەمبەر من روونشت. ئەز ژبەر رابووم سەر خوە، لێ وێ ب دەنگەکی هشک گۆت:

– تو دکاری دیسا روونێ.

دەنگ ژ دەڤێ من دەرنەکەت. کەچا کراسرەش چەنتەیەکی مەزن دانی بەرخوە. وێ هوچکێن دانە ئالی و دەستێن خوە یێن سپی خستن هوندرێ چەنتە. وێ

کۆمەک بەلگەییێن د کراسێن جهێرەنگ دە دانین بەر خوە. وێ دو سێ جاران ل روویێ من نهێری.

ل کەسێ پاش خوە نهێری و دەست پێ کر ل پەلێن بەر خوە نهێری. هەر یەکی چەنتەیێ خوە یێ رەش ڤەکر و کراسێن جهێرەنگ دانین بەر خوە.

نالە نالا داران و گوڤەگوڤا بایێ هار نەما هات. من ژ خوە رە گۆت کو وێ کەچا جوان دکاریبوو ل هەزار جیێن دن بمایا، دکاریبوو ل پاش ستوونەکە ژ ستوونێن پڕ روونشتا. وێ دکاریبوو ل قاتا ژێرین ژی بمایا. لێ ئەو هات و ل هەمبەر من روونشت.

پشتی دەمەکێ، من دەست پێ کر د بەر خوە دە، د بن چاڤان رە ل کەچێ نهێری، پاشێ من هنەکی نهێرینێن خوە ئەشکەرە کرن. من دڤا د سەرما وێ رۆژێ دە ژ مەهینا ئێشێ پەیا ببوما. ژنەکە وەک یا ل هەمبەر من دەرمانێ دلان بوو، خەونەکە پڕ کەڤن بوو و ئانها بەلکی بەر ب گودەبووینێ ڤە دچوو. من ژ خوە رە گۆت کو کەچێ ژ قازی ڤە سەرێ خوە خستبوو بەر خوە و وێ بێگومان تشتەک ژ ناڤبەرۆکا بەلگەیان فیهم نەدکر. من د سەرێ خوە دە دۆماند: «ئەگەر دلێ وێ نەخوەستایا، ئەوێ ل مالا خوە بمایا. ما کی د رۆژەک وەک ڤێ رۆژێ دە ژ مالا خوە دەردکەڤە!»

تشتەکی ژ دەستپێکێ دە بالا من کشاندبوو، هشتبوو کو من نەما بزانیبوویا گەلۆ ئەز هشیار بووم ئان هێنا د ئۆدەیا خوە دە دناڤ نڤینان دە بووم. گاڤا من خوەش ل کەچا هەمبەر خوە مێزە کر من دیت کو پۆر، پێشانی، ئەبرووه، مژنک، چاڤ، لێڤ، چەن، رووهنارکێن وێ، هەموو یێن گلۆریا بوون. لێ ئەگەر گلۆریایا نیڤتازی یا سوورەتێ دیوێر ل سەر خیزا پەرەڤا گراڤێن باشوور بوو، چما یا ل هەمبەر من روونشت کراسەکی رەش ب سەر بەژنا خوە یا زراڤ دە کربوو و ژ قەسدی ڤە ب دەنگەکی هشک د ئاخفی.

د وان سالێن داوین دە، ئەز ل پاریسێ ل ژیانەکە برووەمەت دگەڕیام. پێشی کارەکی باش، پاشێ خانیێ خوەش. من گەرەک پشتا خوە بدایا ستوونێ ئارامیێ، دیوارێ هێمنیێ. پشتی ژنەکە هێژا، زنجیرا تەنهاییێ ئێ ژ هەڤ بکەتایا. من باوەڕ دکر کو ئەگەر چارەیەک ژ بۆ ژیانا من یا تاروومار پەیدا ببوویا، ئەوێ ب سایا کارەکی باش، ژنەکە باش و چەند دۆستێن باش پەیدا ببوویا. ئەز باوەڕ دکم کو ئەز دووری راستییێ بووم.

چقلێن داران ل بن گوهێن هەڤ دکەتن، دکرن جارەجار، لێ کەسەک تونەبوو ب گازیا وان وەرە. چەند کەسێن دن بەرێ خوە دانە قاتا ژۆرین. پاییێن وان وەک یێن لەشکەران کرن قورپە قورپ.

پێنج کەسێن ب کنجێن رەش، ب چنتەیێن وەک هەڤ ل بەر گلۆریایا بێدەنگ راوەستیان. وێ ب دەستێ خوە جیێن وان نیشانی وان دا. ئەو پێنج کەس ژی روونشتن، ژ دەڤێ چەنتەیێن خوە یێن دەستان بەلگەییێن د ناڤا کراسێن جهێرەنگ دە ل بەر خوە دانین. گاڤا وان کومێن سەرێ خوە دانین بەر خوە، من دیت کو ئەو کەس ئەو گارسۆنێن چایخانەیێ ب خوە بوون کو گەلەک جاران قەهوا من ل بەر من دانیبوون.

گلۆریایێ ل ساعەتا دەستێ خوە نهێری، ل روویێن کەسێ پاش خوە نهێری و پاشێ ل من ڤەگەڕیا و ب عەینی وی دەنگێ سار وهشک گۆت:

– تو دزانی چما تو ل ڤێ دەرێ یی؟

من دزانیبوو چما ئەز ل وێ دەرێ بووم. ئەز ژ ئۆدەیا خوە یا تەنگ دەرکەتبووم، ئەز دناڤ کۆلانێن ڤالا دەگەڕیابووم و پاشێ ئەز هاتبووم، ب ڤیان و رزا خوە ل چایخانەیا خوە روونشتبووم. ژ بەر کو من پرس تەوش دیت، من تو بەرسڤ نەدا و ب چاڤێن بەلۆق ل روویێ گلۆریایێ و ل روویێن سار یێن هەر پێنج کەسێن ل دەردۆرا وێ مێزە کر.

گلۆریا پرسا خوە ب شێوەیەکی دن رست. وێ ئەو بێدەنگیا من وەک نیشانا تێنەگهاشتنێ راڤە کر.

– تو دزانی چما ئەم ل ڤێ دەرێ ل دۆرا تە جڤیانە؟

وێ گۆت «ئەم» و پێنووسا دناڤ تلیێن زراڤ و سپی یێن دەستێ خوە یێ راستێ بەر ب سینگا خوە یا بەل و پاشێ ژی بەر ب وان کەسێن روونشتی ڤەکر. یەکی ژ ناڤ وان پێنج کەسان ب دەستەکی سڤک ل سەر پەلەکی دنڤیساند کو دەنگێ پێنووسا وی ل سەر کاغەزا زڤر بالا من کشاند. نا، من نزانیبوو مە ل وێ دەڤەرێ وەها روونشتی چ دکر. گەرەک گلۆریایێ بەریا هاتنا وان کەسان، بشکۆکێن کراسێ خوە یێ رەش یەک ل دوو هەڤ، ب زانەبوون، ڤەکرنا و سەرێ مەمکەک خوە دیاری تلی و لێڤێن من بکرا. تەنهاییێ ئەم هەردو ژ مالان قەوراندبوون، وەک چاوا برجیبوون گوران ژ ژەنگەلان

دەردخینە. گارسۆنێن چایخانەیێ ب راستی چما وان ئەو کنجێن رەش یێن دادوەر و قازاییان ل خوە کربوون؟ گەلۆ ژبەر کێمبوونا کار وان و خوەدیێن چایخانەیێ ژ خوە رە حەنەک دکرن، وەختێن خوە ب لیستکێن شانۆگەری دقەتاندن؟

من دیسا دەنگێ خوە نەکر. ئاڤا شێلوو گەرەک زەلال ببوویا، لێ ژ بۆ ڤێ یەکێ، گەرەک من خوە راگرتا، گەرەک هنەک وەخت د وێ ناڤبەرێ رە دەرباس ببوویا.

گلۆریایێ بێی کو سەرێ خوە ژ ناڤ کاغەزێن ل بەر خوە بلند بکە دۆماند:

– تو گونەهکاری. ما ب کێمانی تو دزانی جورم و گونەهێ تە چ یە؟ ل سەر گۆتنا «گونەهکار» من ئاورێن خوە ژ هوندرێ چایخانەیێ برن دەرڤە، من ئەو برن ناڤا باهۆزا کو خوە ل دارێن باخچەیێ کلونییێ پێچاندبوو. راستە، بێی کو ب راستی من بزانیبوویا من چ گونەه کربوو، من خوە ژ مێژڤە گونەهکار ددیت.هەر کو ژ دەڤەرەکە فەرمی نامەیەک ژ من رە دهات، تەرپینی ژ ناڤا من دهات. هەر کو ئەز دەرباسی ئاڤاهیەکە حکومەتێ دبووم، باوەڕیا من ب گۆتن و بەلگەیێن من نەدهاتن. دەرگەڤان وکارمەندان ب شک و گومان ل پۆری منی رەش و ل چاڤێن منێن خەمگین و ل تەڤگەرێن منێن ترسۆنەک دنهێرین. هەر کو ئەز ل بالافرێ سوار دبووم و نێزیکی سینۆران دبووم، ئەز ژ قودووم دکەتم. من باوەڕ دکر کو پۆلیسێن سینۆران ب هەر تشتێن من دزانیبوو. من پاسەپۆرتا خوە ددا وان و هەرگاڤ من باوەڕ دکر کو وانێ بگۆتا کو پاسەپۆرت و ناڤ و گۆتنێن من هەموو سەختەنە و وانێ ب چەپلێن من بگرتانا و ئەز بئاڤێتاما بنێ زیندانێن کۆر.

کی بێگونەه مابوو؟ ل سەر روویێ عەردێ کی بێگونەهێ بێگونەه بوو؟ گاڤا جهوویان ژنەکە زناکار ئانین بەر دەستێ عیسا، کو ئەو ل گۆر ئۆلا وان حوکمێ رجمکرنێ، کەڤرداوەشاندنێ، د دەرهەقا وێ ژنێ دە بدە. عیسا ل ژنێ و ل کەسێن دۆرا خوە نهێری و گۆت:

«هوون حوکمێ رجمکرنێ ژ بۆ ڤێ ژنێ دخوازن؟ دە بلا یێ کو تو جاری گو نەه نەکر بە کەڤرێ پێشین داوەشینە وێ». کەڤرێن جهوویان ژ دەستان کەتن. هەر یەک ب دەرەکێ ڤەچوو. ل سەر روویێ عەردێ کەسێ بێگونەهێ بێگونەه تونەبوو، عیسایێ پێغەمبەر ئەڤ یەک خوەش دزانیبوو.

ئەز بارگیرێ گونەهان بووم. من تەرکا ئامیدابادێ کربوو، ئەز ب هەزار هەزارێن گونەهکارێن وەک خوە رە کەتبووم ناڤ پێلێن کۆچا مەزن و من ب دەستێن پارسەکان ل دەرییێن باژارێن نەناس خستبوو. من ژ خوە رە کێف و خوەشی، مال و دەولەمەندی، ناڤدەنگی، سینگ و بەرێن سپی یێن جوانێن پوستسپی دخوەست. من نامەیا ژ بۆ خوەها خوە ژ بیر کربوو. من د تەمەنێ خوە دە زیانا هەری مەزن کربوو. راستە، گونەهێ من وێ رۆژێ ژی ئەو بوو کو من دلێ خوە دبژاند سینگ و بەرێن گلۆریایێ، دلێ من دچوو لێڤێن وێ یێن داگرتی، هێتێن وێ یێن گرۆڤەر.

پشتی هەر پرسەکە گلۆریایێ، بێدەنگییێ خوە مینا پسیکەکێ د هوندرێ چایخانەیێ دە ڤەدزلاند. ب تەنێ دەنگێ پێنووسێن وان پێنج کەسان ل سەر کاغەزێن ژڤر دهات. پرسان دا دوو هەڤ و بێ بەرسڤ مان. ما گلۆریا ب خوە ژی د دەرهەقا من دە نە گونەهکار بوو؟ ما نە گەرەک وێ دەڤ ژ وان بەلگەیان بەردا، چەند بشکۆکێن کراسێ خوە یێ رەش ڤەکرا و سەرێ من بەر ب سەرێ پێسیرا خوە ڤە بکرا؟ ما نە گەرەک وێ بەردابایا هەرکەسی و خوە ل سەر ماسەیەکێ درێژ بکرا و ئەز وەک لحێفەکێ بکشاندراما سەر گەنجینەیێن بەدەنا خوە یا زێرین؟ ما نە وێ رۆژێ گەرەک وێ گونەهێن مە، د شوونا وان پرسێن پووچ دە، هەزار قات بکرانا؟

ئەم هەموو گونەهکار بوون. ل دەرڤە نالەنالا وی بایی و چقلێن داران بوو. کەسێن کو ب گلۆریایێ رە هاتبوون سەرێ خوە خستبوون بەر خوە و ئەگەر نە ژ دەنگێ پێنووسێن وان بوویا. منێ باوەڕ بکرا کو ئەو هەموو د خەو رە چووبوون. گلۆریایێ دیسا ل ساعەتا خوە نهێری و گۆت:

– تو نەهاتیی گوهەرتن، مەژیێ تە وەک خوە مایە. حوکمێ ل سەر تە ژی وێ وەک خوە بمینە.

ب ڤان گۆتنان، وێ چەند رستەیێن ل ژێرا بەلگەیەکێ ب لەز نڤیسی و ئەو دا دەستێ مێرێ نێزیکی خوە. وی ژی تشتەک ل ژێرا کاغەزێ نڤیسی. گاڤا هەر پێنج مرۆڤان ئەو کاغەز ئیمزە کر، گلۆرایێ ئەو ژ دەستێ وان گرت و ئەو خست ناڤ کراسەکی ژ کراسێن ل بەر خوە و وێ دەڤێ چەنتەیێ خوە گرت. ئەو رابوو سەر خوە و بێی

کـو دەسـتێ خـوە درێژی دەسـتێ من بکە، ئەو ب لەز دەرکەت. وێ گاڤێ هەموو مرۆڤێن دن رابوون و ب پایێن لەشکەری دان دوو و ژبەر چاڤێن من وندا بوون.

هوندرێ قـاتا یەکێ ژ چایخـانەیا مـن یا بژرتە جـاردی ڤالا بوو.

بێدەنگیـەکە بێیـوّم بێدەنگیـەکە وەک یا پشـتی باو باهۆزێ خـوە لێ پێـچـاند. من ژی راهشت پەل و پێنووسێن خـوە. د نیـڤی پێلکان دە، ئەز ل بەر گلۆرایێ سـەکنیم. وێ کنجـێن خـوەیێن رەش ژ خـوە کـربوون. وێ خوە دیسا تازی کربوو، خوە ل سەر خیزا نەرم یا گراڤەکە بهـشـتی رامداندبوو و قـرکـا شـووشـەیا کـۆکـا کـۆلایێ نێـزیکی لێـڤـێن خـوە دکـر. ل قـاتا ژێر، گـارسـۆنێن چایخانەیێ، وەک بەرێ، هێنا ئەنیشکێن خوە دانیبوون سەر باخرا بارێ و ژ خوە رە حەنەک دکرن.

ل دەرڤـە، د بەخـچـە دە، داران ب دەنگەکی کـەتی دکـر جـارەجـار. مـن وەک هەرجـارێ بەرێ خـوە دا ترێنا بنێ عەردێ. من ل سوورەتێن ل سەر دیواران نهێری، من دلێ خـوە بژاند ژیانەکـە کـو نە ژبۆ من هاتبـوو سـاز و تێکووزکـرن. د هوندرێ ترێنێ دە، مـن باوەڕ کـر کـو ئەز دبن چاڤـان دە بووم. هەمـوو لەشـکەرێن برۆنزی، لەشکەرێن هەسنی، لەشکەرێن باخـری و هەمـوو سیـخورێن ناڤنەتەوی، ب دزی، ب چاڤـێن کـامـەرایێن ڤـەشـارتی، ل تەڤگەرێن من مـێـزە دکرن و گـونەهێن من قـەید دکـرن. وان نەدهشت کـو مـن خـوە ژ بەرەڤـاژۆیا گـونەهکارییێ ئازاد بکرا. وەک هەزار جـارێن دن، مـن بەرێ خوە دا زیندانا تەنهاییا بێپایان مەزن.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (ئامیدابادێ)ێ رووپەلێن (٤٣-٥٠) هاتیـە وەرگـرتن، کـو ل سـالا (٢٠٠١)ێ و ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن. هەژییـە بێـژین کـو چیـرۆکنڤـیس ل سـالا ١٩٥٣ ژ دایکبـوویە و خـوەندنا خـوە یا بلند ل سـۆربۆن- پـاریس تەمـام کـریە و ل سـالا (١٩٨٨)ێ دبە دۆکتۆرێ زمان و وێژەیا فرانسی و ل سالا ١٩٩٣ ئەو ل سوێدی دمینە ل زانکۆیێ و پاشێ ل ئەنستیـتویا فرانسی یا ستۆکهۆلمی کار دکە. چەندین کتێب ب زمانێن فرانسی و کوردی چاپ کرینە کو هنەک دانان و هنەک وەرگەڕاندنن.**

**«ڕامان»**



# پاش نیوەڕۆی یەکشەممانە

**عەلی خودایی**
**لە فارسییەوە: محەمەد ئەمین شاسەنەم**
**(بۆکان)**

پاش نیوەڕۆی یەکشەممانە میوانی خاتوو ئانا دەبووم. هەموو جارێ، بەپێی وەرز، چەپکەگوڵێکی چکۆلەم لە گوڵفرۆشی پالاس بۆ دەکڕی. کە درگای دەکردەوە، ڕوومەتی بۆ لام دێنا. ماچم دەکرد و گوڵەکەم دەدایێ. خاتوو ئانا گوڵەکەی وەردەگرت و دەیگوت: «چەن جوانە!» دوایی دەچوو دەیخستە گوڵدانەوە.

لە ڕێڕەوێکی کورتەوە تێدەپەڕیم، هەتا دەگەیشتمە ژووری نووستنەکەی، کە دیوی میوانداریشی بوو. لە پەنای مێزی خڕی قاوەیی خاتوو ئانا، کە ڕوومێزییەکی خڕیشی بەسەردا درابوو، دادەنیشتم. ڕوومێزییەکان هەموو حەوتوویەک دەگۆڕدران. وێنەکانی، گوڵەباخ، یان وەنەوشە، یان داودی، یان وەکو خاتوون بۆ خۆی دەیگوت، خریزانتۆنی گوڵدۆزی کراو یان ژمارە دۆزی کراو بوو. لەپاڵ مێزەکە، قەرەوێڵەیەکی لێ بوو کە بەیانییان لەجیاتی قەنەفەش کەڵکی لێ وەردەگیرا. سەر ڕووتەختییەکەی خاتوو ئانا، کە هەموو کات شەق هەڵگرتوو و چیندار بوو، پڕ بوو لە باڵنجی ڕەنگاوڕەنگ و بووکەشووشەی جۆراوجۆر، بە قسەی خۆی بووکەشووشەی نگرۆ لە هەموویان جوانتر بوو. هیچ کات لەسەر قەنەفە یان قەرەوێڵەکەی خاتوو ئانا دانەدەنیشتم. لەوە دەترسام ڕووتەختییەکەی خراپ بکەم، یان چینە شۆڕەکانی تۆزاوی بن. شوێنی لەشم لەسەر ڕووتەختییەکە دەماوە و بووکەشووشە نەرمونیان و هێدییەکان، هەر دەکەوتن و سەرمەقولاتیان دەدا.

هەمیشە لەسەر سەندەڵییە پێچکە کورتەکانی خاتوو ئانا دادەنیشتم و چاوم لە ڕادیۆ دوگمە عاجدارەکەی، یان لە گرامافۆنەکەی دەکرد، هەتا کاتێ خاتوون بە کەشەفێک و دوو پەرداخی چکۆلەی پڕ لە قاوەی گەرمی تورکی دەهاتە ژوورێ. قاوەکەی، بلقێکی زۆری لەسەر بوو. دوو لیوان ئاوی ساردیش لە پەنای پەرداخەکان بوو.

دەمگوت: «ببوورە، دیسان لەجێی ئێوە دانیشتووم.»

دەیگوت: «قەی ناکا لاوە گیان! دەزانم لەسەر تەخت دانیشتن بۆ تۆ هاسان نییە.» پێدەکەنی، پەرداخەکانی لەسەر مێزەکە دادەنا و لە پەنای هەر پەرداخێکیش لیوانێک ئاو.

– نۆشی گیانتی کە.

یەکەم جار، چەند حەوتوو لەمەوبەر، کاتێ فنجانی قاوەکەم بۆ فالْ گرتنەوە ئاوەژوو کرد، ئەوەم زانی. خاتوون پێی خۆش بوو فالم بۆ بگرێتەوە. دلۆپێک قاوە کەوتە سەر یەکێ لە گوڵە دووروواوەکانی روومێزییەکە. پەشۆکام. بە دوای پەرۆیەکدا دەگەڕام.

خاتوون گوتی: «قەی ناکا لاوە گیان.» لەژێر سەردەستی بلووزەکەی، دەسماڵەکەی دەرهێنا. بە زمان تەری کرد و پەڵە قاوەکەی سڕی.

داوای لێبووردنم کرد، بەڵام هەستم بەوە کرد ئەم گوڵە وەکو گوڵەکانی دیکە نییە، هەر لە ڕیزی گوڵە دووروواوەکانی دیکەش نییە. گوڵێکی چکۆلە بوو، وا دیار بوو پاش پینە کردنی دڕاوییەکی چکۆلە، گوڵدۆزی کرابێتەوە. دواتر زۆرترم سەرنج دایە؛ گوڵی چکۆلەی دیکەشم دیتنەوە.

خاتوون گوتی: «پاش قاوە، دەبێ چا و کێک بخوێن. مارمالادیشم ساز کردووە. مرەباشم هەیە. وا باشە هەموویان بێنم.»

قوتووە جگەرەکەی خاتوو ئانا لەپەنای پەرداخەکەی بوو و لەلای ئەویش، ژێرجگەرەکەی؛ کە سەدەفێکی شکاو بوو. لەپشت قەرەوێڵەکەوە، دیوارێکی سەوز هەبوو کە خاتوو ئانا وێنەیەکی گەورەی سەردەمانی لاوێتی ئافرەتێکی لێ هەڵواسیبوو کە دەبوو هاواڵی بووبێ، یان ڕەنگە کەسێکی دی. جارێکیان کە لێم پرسی: «ئەمە وێنەی خۆتە؟» گوتی: «نا، وێنەی نینایە، دەستەخوشکی زەمانی کچێنیم. زۆرم خۆش دەویست.» هەر بە دوایدا گوتی: «چا دەخۆیەوە؟» یان شتێکی وای گوت. گوتم: «زۆر جوانە.» گوتی: «بوو.»

خاتوون ماڵێکی چکۆلەی دوو نهۆمی هەبوو. من کرێ نشینی نهۆمی سەرێ بووم. تازە هاتبوومە تاران. ماڵەکەی لە یەکێ لە کۆڵانەکانی قەوامول سەڵتەنە بوو. خاتوون لە نهۆمی خوارێ بوو. فێرگەی سەمای هەبوو، فێرگەی زمانی فەرەنسی هەبوو، فێرگەی زمانی ڕووسی دانابوو، فاڵی قاوەی دەگرتەوە، لەم دواییانەدا کە نەخۆش کەوت، هەموویانی وەلانا. کرێیەکی کەمی لەمن وەردەگرت و ڕەنگبێ بڕە پوولێکیش لە یەک دوو کەس وەربگرێت کە دەهاتن یەک دوو کەڕەت فێری زمانی فەرەنسی بن یان فالێکی قاوە بگرنەوە.

هەموو بەیانییان لە زەنگی درگاکەیم دەدا. دەرکەی نەدەکردەوە. دەیگوت: «قەڵافەتم شێواوە.» لێم دەپرسی: «هیچت ناوێ؟» ئەگەر شتێکی پێویست بوایە، پاش نیوەڕۆیان کە دەگەڕامەوە، بۆم دەکڕی. سوپاس کردنی خاتوو ئانا بۆ ئەم وردەکارانەی من کە لەپێشدا شت کڕین بوو، دوایی وردەوردە بوو بە وردە دەسکارییەکی شتەکان و تەنانەت ئاڵوگۆڕکردنی جەعبەیەک لەم سەری دیوەکە بۆ ئەوسەری، پاش نیوەڕۆی یەکشەممانە بوو.

دەبوو بێ ئەم لاوئەولا لەگەڵ چا، مارمالادم بخواردبایە، دوایەش لە مرەبا جۆراوجۆرەکانیم بچەشتبایە. لە ڕوخسارم ڕادەما؛ هەتا من دەمگوت: «بەڵێ؛ زۆر باش دەرهاتووە.» جا برۆ وەسمە لێ دراوەکانی بەرز دەبوونەوە، بزەیەک دەنیشتە سەر ڕوخساری و لۆچی لای ئێسکی لاجانگی دەکرانەوە و ڕیزی ددانە دەسکردەکانی لە نێوان لێوە سوورەکانییەوە دەردەکەوتن و دەیگوت: «ئۆخەیش.» دوایی کەوچکە چایخۆرییە نوروبیلینییەکەی دەخستە نێو مرەباکەوە و دەیگوت: «خۆشم تاقی دەکەمەوە.» پاش چا و مرەبا، نۆرەی قسەی ئاسایی بوو. بۆ نموونە دەمگوت نامەیەکم لە بنەماڵەکەمەوە بۆ هاتووە، یان ئەمساڵ هەوا تەزوویەکی ساردی هەیە، یان سینەما مایاک چ فیلمێک پیشان دەدا. کاتێ قسە ئاساییەکانیشمان تەواو دەبوو، خاتوو ئانا دەیگوت: «با بڕێ وەرەقێن بکەین. جاڕز بووم.» هەڵدەستا و بە لای ئاوێنە باڵانوێنەکەی دیوەکە و گرامافۆنە هەمیشە خاوێنەکەیدا تێدەپەڕی، بڕێک ڕادەوەستا و دەیگوت: «نا، دوایی.» و دەستەیەک وەرەقی لە کومێدەکەی دەردەهێنا و دەیگوت: «ئێستا...» گرامافۆنەکەی قورمیش دەکرد، دەرزییە کۆنەکەی دەردەهێنا و یەکێکی تازەی دەخستە سەر و گرامێکی تازەش لە سەری. «... گوێی لێ ڕادەگرین.»

بەڵام ئەو ڕۆژە بوو کە گوتم: «خاتوون، وا دیارە ئەم وردە گوڵانەی روومێزییەکەت، دوای گوڵدۆزی یەکەم جار، گوڵدۆزی کراونەتەوە.»

خاتوون گوتی: «چۆن، لاوە گیان؟»
گــوتم: «هەروا. چونکە... وا دیارە... ئەمـــانە... نازانم! وا دیارە کاری پێشتر بن... پینە کراون؟»
خــاتوون گــوتی: «ئەم رووم‌ــێـــزییـــانە هی نینای دەستەخوشکمە؛ بەڵام گوڵە وردەکان کاری خۆمە، هەموو کەرەستەکانی دا بە من و ڕۆیشت.»
دوایی گوتی: «خۆ فلووت نازانی. ڕامیبی دووکەسی ناخۆش نییە.»
ئاورِم دابۆوە و چاوم لە وێنەی نینا دەکرد.
دەستی یەکەم من بردمەوە.
خاتوون جگەرەیەکی لە قوتووەکە دەرهێنا. شەمچەکەم بۆ داگیرساند. دەستی دووەم ئەو بردییەوە.
پرسی: «چا دەخۆیەوە؟»
گوتم: «نا.»
- دەچم پیراشکی دێنم.
هەستــا. کــاتێ جگەرەکەی دەخســتــە ژێرجگەرەکەوە، خــۆڵەکــەی ڕژا. بە ســەر بازی پیک، خــۆڵەکــەی لەســەر رووم‌ێزییەکە کۆ کردەوە.
- دەبێ سبەینێ بیشۆم.
هیچ قامکێکی خاتوون ئانا ئەنگوستیلەی تێدا نەبوو. جگەرەکــەی کــوژاندەوە. بە ســەری نینـۆکی، دوو سێ پەڕەتووتنی بەجــێـمــاوی ســەر زمــانی هەڵگرت و بە نینۆکەکەی دیکە حەوای دایە نێو ژێرجگەرەکە.
- بچم پیراشکی بێنم.
دەنگی مـۆسـیـقا دەهات. لیـوانەکە هەتا نیـوەی ئاوی تێدابوو.
وەرەقـەکـان لەسەر مـێزەکـە بڵاو ببوون. تۆزێک خـۆڵی جگەرەکە، رووم‌ێزییەکەی پیس کردبوو. جگەرەکە هێشتا دووکەڵێکی باریکی لێ هەڵدەستا و پەڕەسپییـەکەی، هەر ورشەورشی بوو.
خـژەخـژ و دەنگی لێـدانی دەرزی گـرامـافـۆن لەسـەر گرامەکە، دەهات.
هەسـتـام بەرەو گرامـافـۆنەکە چووم. لای گرامـافـۆنەکە وێنەی لە قــاپ گــیــراوی خــاتــوو ئانا، یان وەک خــۆی دەیگوت "کیژانی پۆلی سەمای فۆکستڕۆت"، دەبیندرا.
دەرزییەکەم لابرد. چەکمەجەی لای گرامـافۆنەکە، زۆری گـرام تێـدابوو. دانەدانە گـرامـەکـانم هەڵگرت. "ئالبێـرتا ئالبێرتا"، بۆ سەمای فۆکسـترۆت، "لوپانزا" بۆ ئەوانەی سەمای "ڕومبا"یان دەکرد، "مامی دریم" و "سێرتسا"، بۆ ئەوانەی دەیانویست سەمای "تانگۆ" بکەن.
خاتوو ئانا گوتی: «لە کاتی سەمای تانگۆدا، پیاوەکان لاقی خانمەکان پێشێل دەکەن.»
ئاورِم داوە.
خاتوون گوتی: «وەرە هەتا گەرمە تەواوی کە. ئێستـا کەس ئەم سەمایانە نازانێ. ڕەنگە ئەورۆ فرێد ئاستێر و سـتـێـر ویلیـامـز لەوپەڕی دنیـا و من لێـرە، لە ئێـران، بیانزانین.»
منیش تاقەتی فـێربوونیـانم نەبوو و ئەمـەش خـاتوونی خۆشحاڵ دەکرد. زۆر باش بوو. بە قسەی خاتوون، هەموو کرێ نشـینەکـان دەیانویست فـێری سەمـا بن، بێـجگە لە من. هەربۆیە من پاش نیـــوەڕۆی یەکـشـــەممانەم هەبوو. گرامافۆنەکەم کوژاندەوە.
دیســان کـەشـەفـێکی دیکەی لەســەر مـێـزەکـە دانا. دەورییـەک بۆ من، دەورییـەکـیش بۆ خـۆی. پرسی: «بە دەس دەیخۆی، یان بە چنگاڵ و چەقۆ؟ پیراشکی پەنیر، پیراشکی گۆشت، پیراشکی پەنیر و ئەسپـەناغ. لە هەر کـامـێکیـان پێت خـۆشـە هەڵگرە. ئەم سێ گـۆشـانە، پیـراشکی گۆشتن. هەتا سارد نەبۆتەوە بیخـۆ. هەوا زۆر سارد بووە. بیخۆ با دەستێکی دیکەش بکەین.»
گوتم: «باشە.»
گــوتی: «نـا، ببــوورە.» لیــوانەکــانی خــســتــە ســەر کەشەفەکە. کەشەفەکەی هەڵگرت و لەسەر تەختـەکەی دانا. وەرەقەکانی کۆ کردەوە و رووم‌ێزییەکەی هەڵگرت و بردی. پاش مـاوەیەک بە رووم‌ـێزییـەکی دیکەوە گەڕاوە. گوتی: «ببوورە.» رووم‌ـێزییـەکەی ڕاخست. کەشەف و وەرەقـەکـانی لەسەر مێزەکە دانا. گوتی: «نینا نارِەحەت دەبوو. ئەمانە هەموو کاری نینایە.»
پرسیم: «وا دیارە نینات زۆر خۆش دەویست.» قەپێکم لە پیراشکییەکەم گرت.
خاتوون گوتی: «زۆر. بیرەوەری زۆرم لەگەڵی هەیە... هەتا کاتێ ون بوو.»
- ون بوو؟
گــوتی: «کـاتێ مـێـردەکـەی مـرد ون بوو، ئیـدی هیچ هەواڵێکم لێی نییە.»
پرســیم: «تەنانـەت نامـــەیەک، مـــاڵئـــاوایـیـــەک، یادگارییەک، شتێک؟»

خاتوون گوتی: «هیچ شتێک. کاتێ هات بۆ ئێران، له تاران کاری دیتەوە. کچێکی جوان و لاو. له بەیانییەوه هەتا پێنجی ئێوارێ، له لالەزار، لای دکتۆر مامدۆف که له بادکووبەوه هاتبـوو، کاری دەکـرد. به پێرمـەنگەنات، نەخۆشەکانی دەشتەوه، یان دەرزییەکانی دەکوڵاند. برێ له نەخۆشەکانی دەشێلا و دوایی دەچوو بۆ کافەی ژاڵە. ئەوێ پڕ بوو له خـەڵکی هەندەران. فـارسـەکـان کـەمـتـر دەهاتن. بولغاری لێ بوو، مەجاری، رووسی. هەر لەوێ بوو میـلای ناسی. میـلا لاو بوو. کاری به کـەس نەبوو، لەگەڵ کۆمپانیای "ئەشکودا" هاتبووه تاران و ڕوون نەبوو بۆ کـار دەبێ بچێ بۆ کـوێ. نینا به دەسـتـەخـوشکەکـانی گـوتبـوو ئەو هەمـیــشـه لەوسـەری کـافـه دادەنیـشـت. سەندەڵییـەکەی ئەوەنده به پشتدا دەخست، تەنیـا دوو پایەکـەی دواوەی لەسـەر عـەرز دەمـاوه. لاقـەکـانی و دووپایەکــەی تر لەنێــوان زەوی و ئاســمــانـدا بوو. جگەرەکـەی هەڵدەکرد و بۆ هەمـوو کـەسێ بزەی دەهاتێ. بەتایبـەت بۆ نینا کـه له زمـانەکـەی تێدەگـەیشت. ورده ورده دەبوو نینا شـەوانه شـێـوی مـیـلای بدابایه. هەتا ئەوەی شەوێک، کاتێ نینا شێوی میلای لەسەر مێزەکه دانا و دوای گـوتنی «هیـچی دیکەت ناوێ،» ویسـتـی بگەڕێتـەوه، میـلا مـەچەکی نینای گرت. مـیـلا خـۆی بۆ ڕانەگیـرا و دووپایەی سەندەڵی شەق به عـەرزدا کەوت. دووسێ مـیــوانی مـێـزەکـانی دەوروبەر ئاوڕیان داوه و تەمـاشایان کـردن. میـلا گـوتی: «نینا لەگـەڵم دێی بۆ دەشتی موغان؟» نینا گوتی: «بۆ دەبێ لەگەڵت بێم؟»

مـیــلا گـوتی: «چونکه خـۆشم دەوێی.» نینا گــوتی: «دێم.» ئەوشەوه هەتا بەیانی یان هەتا بەیانی دواتر چی ڕووی دا، گـوتنی ناوێ؛ چونکه زۆر زۆر شـەکـەت دەبی، لاوه گیـان. پیراشکییەکانیش سارده دەبنەوه، بەڵام ئەمه بۆ نینای بەڵاڵێدراوی هەڵاتوو له وڵات شانسێکی گەوره بوو. به دکـتـۆری گـوت ئافـرەتێکی دیکه بێنێ و هەتا دوای نێــوەڕۆ، له نـادری، ئێـســــتـــا چی پێ دەڵێن، عەلادەوله، فیـردەوسی، له شەقامی ئیسلامبول بەدوای کەلوپەلی ژیاندا گەڕا. سەماوەری کڕی، مەنقەڵەی کڕی، دوو فـــەرشی دیـواری زۆر جـــوانی کــــڕی کـــــه هی ئەسکەندەرییــه بوو. زۆر نەرم. نینا دەیگوت: «وەکــو هاوڕێشم.» سوور بوو، بنیـادەمی تێدابوو که جلوبەرگی درێژی سپـیـیــان لەبەر کـردبوو و کـڵاوی گـوڵێنگداری سـەوزوسـووریان لەسـەر نابوو. تەواو ڕۆژهەڵاتیــیــانه. ئەوکاتەی سواری ماشینێک بوون که بڕیاربوو بۆ دەشتی موغانیان ببات، پێکەوه زەماوەندیان کردبوو.»

پرسیم: «چووبوونه کڵێسه؟»

گـوتی: «زەمـاوەندیان کـردبوو، به یەغـدانێکەوه کـه ئێستا له بیرم نییه نینا چی تێ خستبوو و دوو چەمەدان جلوبەرگ. به سـلامـەت نینا، بەڵام تۆ لاوه گـیــان؛ لەم پیراشکییانه بخۆ. یەغدانەکه بێجگه لەو شتانەی گوتم، کـەتانی سپی ڕووسی تێدابوو. دەزووی ڕەنگاوڕەنگ و دەرزی و قوتووی دوگمەی تێدابوو. دەرزی سەرشووشەیی تێدابوو، دەوری، چنگاڵ، کەوچک.»

گـوتم: «خـاتـوون؛ شـەومـان درەنگ کـرد. ئەگـەر ئیـزنم بدەی...»

گـوتی: «با ئەم شـەو درەنگ بخـەوین، قـەی چ دەکـا! هەتا نیــوەی ڕێ هاتووین. بیــرەوەری هاوالەکــەم نینا، قـەڵافـەتەکـەی، دەسـتـەکـانی کـه دەمـاره شینەکـانی دیار بوون، هەموویان ئێستاکه هاتوونەته ئێره.»

هیچم نەگوت.

خاتوون گوتی: «ڕێگایەکی دووردرێژ بوو هەتا دەشتی مـوغـان. نینا سەری دەکەوته سەرشـانی مـیـلا. دەچووه خەو. له خەو هەڵدەستا و دەیگوت: «نەگەیشتین؟» له خەودا بوون کـه له قەزوێن و زەنجان و تەورێز و مـیـانه و له کوێ و کوێ تێپەڕین، هەتا گەیشتنه دەشتی موغان. مـیـلا گـوتی: « گـەیشـتـین.» نینا گـوتی: «گـەیشـتـینه کوێ؟» مـیـلا گوتی: «ئەو شوێنەی که دەبوو بیگەینێ.» نینا گوتی: «ئەی کوا ماڵەکەتان؟» میلا گوتی: «هێشتا خـۆشم نازانم.» مـاشـێـنەکـه لەبەر مـاڵێکی دارینـدا ڕاوەستا. میـلا گوتی: «لێره دانیشه هەتا دێمەوه.» له ماشێنەکه دابەزی و بەرەو ماڵه دارینەکه ڕۆیشت. پاش مــاوەیەک چەن شــۆڕەژن و منداڵ به مــراوی و قــەل و مــریشـک و کـەڵەشـێــرێکی زۆرەوه بەرەو نینا هاتن. گـوتیـان: «تۆی ژنی ئاغـای نیکۆلافسکی؟ وەره خـوارێ بتـبـینین.» نینا نەیدەزانی چ بکا؟ سەروقـژی ڕێک بکا، یان دەسـتـێـک به دەمـوچاویدا بێنێ؟ تەنیـا پێکەنی. دەرگـاکەی کردەوه و به ژنەکانی گـوت: «ئێـره کـوێیـه من هاتووم؟» له ژوورێکی مـاڵه دارینەکـەدا کـه کـاتێک به سەریدا دەڕۆیشتی تەقـەتەقی دەکرد، جێیان بۆ کردەوه. سندووقـەکـەیان له نێـوەڕاستی دیوەکـه دانا. ژنێکیـان

گوتی: «کۆترەکان؛ خۆ کارێکتان نییە؟» درگای پێوەدا و ڕۆیشت. دیوەکــە چکۆلە بوو. نینا گـــوتی: «خـــۆ قەرەوێڵەشمان نییە.» میلا گوتی: «بە دروست کردنی دەدەم.» نینا سندووقەکەی کردەوە. فەرشە دیوارییەکانی هێنا دەرێ. گوتی: «ڕەفحە و قەفەزەشمان نییە پەرداخ و دەوری و قــوتووی دەرزی و دەزووەکـانمی لەسـەر دانێم.» درگـای سندووقـەکـەی داخست. لەسـەری دانیـشت و بە میلای گوت بریا نەهاتبایەن بۆ ئێرە و لە قولپەی گریانی دا. میلا گوتی: «لانی کەم فەرشە دیوارییەکان داکوتە.» چوو بۆ لای نینا. دەســتی بە قــژیدا هێنا.فــەرشــە دیوارییەکانی لە نینا وەرگرت و لەسەر عەرد ڕایخست. هەردووکـیـان لەسـەری درێژ بوون و یەکـتـریان لە ئامـێز گرت. بە دەنگی درگا لە خەو هەستان. ژنە هاوسێکانیان بوون. دەیانگوت: «نینا گـیـان، هێـشـتـا جـێگای ئاشپەزخانە و حەمام و دەسبەئاو فێر نەبووی؟ کەی دێیتە دەرێ کـۆترە لاو؟» کـە شـەو داهات، پیـاوەکـان لە کـار گـەڕانەوە. هەمـوو لە دەرەوەی مـاڵێ لەسـەر مـێـزێکی درێژی داریـن و سـەندەڵی دارین دانیـشتن و بە خـۆشی کـۆترە لاوەکـان، خـواردیان و خـواردیانەوە. کە سـەریان گەرم داهات، لەبیریان چوو مریشک و مراوییەکان بکەنە ناو کــولانەوە. هەر لەبەر دەست و پێـیـاندا دەهاتن و دەچوون. نۆرەی گـارمـۆن و ویۆلۆن و ئاکـاردۆن و بەزمـو سەما هات. کاتێ پەرداخەکان بەرز دەبوونەوە، بە خۆشی تازەبووک و زاوا لێک دەدران. کـازاچۆک و ڕاســبـاڵ دوایی هات و نۆرە گەیشتە والس. منداڵەکان هەر لەسەر سەندەڵییەکان خەویان لێکەوت و مریشکەکان بە چاوی ئاوەڵاوە خەو بردنییەوە. دەستی پیاوەکان لەسەر شانی ژنەکـانیـان بوو. ژنەکـان لە شـوێنێکی دووریان دەڕوانی، زۆر بە هێواشی دەستیان بە سەر قامکی مێردەکانیاندا دەهێنا. نینا بە میلای گوت سەرمامە. میلا گوتی: با بڕێکی دیکەش سەما بکەین.» ئەو کـاتەی هەرکـەسـەی بەرەو دیوی خـۆی ڕۆیشت، نیـوەشـەو داهاتبـوو. هەر کـامـەیان شـۆخییـەکـیـان لەگەڵ نینا و میـلا کرد. نینا پێدەکەنی و سەری لە نێو سینگی میلادا دەشاردەوە. دوو ژن و مێرد بە میلا و نینایان گوت ئێـمە لەگـەڵتان دێین؛ لەدوای کـۆترەکـانەوە گـۆرانیــیـان گـوت، هەتا کۆترەکان گەیشتنە دیوەکەیان. میلا گوتی: «زۆرچاکە، ئیدی شەوتان خۆش.» نینا درگای کردەوە. قەرەوێڵەیەک

لە ناوەڕاسـتی دیوەکـە بوو. ژن و مـێـردەکـان گـوتیـان: «شـەوتان خـۆش کـۆترەکـان؛ هەتا بەیانی نەخـەون.» درگـایان پێـوەدا و ڕۆیشتن. کـەڕەی بەیانی نینا چاوی هەڵێنا. دەنگی هاتوچۆ، زووکـە وەرە دەرێ، کـوا نان و چایی من، وڵاتی داگرتبوو. میلای هەستـاند و گـوتی: «وەخـتی کـارە مـیـلا.» کە درگـایان کـردەوە هەمـوویان چەپڵەیان بۆ لێدان. یەکیان گوتی: «باس و خواس؟» و قاقا پێکەنی. کاتێ نان و چایان بە پیاوەکان دا، نینا چووە دیوەکەی خۆی. قەرەوێڵەکەی ڕێکوپێک کرد،فەرشە دیوارییەکانی داکوتا و لەگەڵ ژنە دراوسێکان قسەی کرد؛ چێـشـتی لێنا، هەتا ئێـوارێ کـە مـیـلا هاتەوە. هەمـوو شەکەت و مـاندوو بوون. هەواش سارد بوو. نینا گوتی: «سەروچاوت دەشۆی؟ دەزگای ڕیش تاشینەکەتم داناوە.» کاتێ مـیلا سەروچاوی شت و ڕیشی تاشی و بە خاولی دەمــوچاوی وشک کــردەوە، بە نینای گـوت: «ئێـســتـا دەمــەوێ چاو لە تۆ بکەم. ئەمـڕۆ چیت کـردووە؟» نینا لەسەر لاقی مـیلا دانیشت. هەر پێکەوە قسـەیان کرد و گوێیان بۆ یەکتری ڕاگرت هەتا کاتی خەو.»

خـاتوون بێ دەنگ بوو، پاشـان گـوتی: «وا دیارە زۆر قسـە دەکەم. بەڵام کـاتێ بیـرەوەرییـەکانی نینام دێتـەوە یاد، وەکـو پەردەی سینەمـا هەتا کـۆتاییەکـەی دەڕوا؛ بێ ئەوەی چرکەیەک ڕاوەستانی هەبێ. لاوە گیـان ماندووت دەکەم.»

گــوتم: «بیــرەوەرییــەکــانی نینا سـەرنجی منیــشی ڕاکێشاوە. دوایی چی ڕووی دا؟»

خـاتوون گـوتی: « بۆ حـەوتووی دواتر، دیوەکـە هەم قــەرەوێڵــەی لێ بوو، هەم مــێــزێکی چکۆلە بە دوو چوارپایەوە، قـەفـەسـەیەکی چکۆلە و سـەندەڵیـیـەکی ڕاحـەتی بۆ نینا. هەوا سـارد ببـوو. لەپەنای دیوارەکـە کـوورەیان دانابوو کـە قـۆڵەکـەی لە پەنجـەرەوە دەچووە دەرێ. شـــەوانە لەبەر ڕووناکی لەنتــەر، نینا لەســەر سەندەڵییە ڕاحەتییەکەی، کەتانە ڕووسیەکانی گوڵدۆزی و ژمارەدۆزی دەکرد. میلاش لەسەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشا و کـــتـێـبی دەخـــوێندەوە و دەکـــۆخی، نیناش چایی و شەربەتی سولکامفـێری بۆ دەهێنا کـە بۆ سنگ دەبوو و ئەوکـات تازە هاتبـوو، شـەوانە خـاولی گـەرمی لەسـەر سنگی دادەنا. لە سـەرەتای پاییـزەوە کـە تازە هاتبـوون، دوو مـانگ تێپـەڕیبـوو. پاییـز خـەریک بوو ماڵئـاوایی

دەکرد. کەتانە رووسییەکانی نینا تەواو ببوون. سێ دانە روومێزی خڕ بە گوڵەباغ و وەنەوشەوە، چەند دەسماڵی چکۆلە بە گوڵی یاسەوە، شەش دانە گوڵدۆزی کراو بە گوڵی پێنج پەڕی پەمەییییەوە بۆ پاڵ دەوری، چەند دەسماڵی چکۆلە کە پیتی یەکەمی ناوی نینا و میلای لەسەر گوڵدۆزی کرابوو، چەند دانەش ژمارەدۆزی کراو. ئیتر کەتانێک نەمابۆوە. نینا گوتی: «میلا، کارێ بکە. جارز بووم.» نینا لەبەر وەڕسی لەسەر کلاوی گوڵێنگداری فەرشە دیوارییەکان گوڵدۆزی دەکرد، هەتا ئەوەی میلا نۆبەتێی گرت. هەرکارێک ژنەکان دەیانزانی کردیان، تەنانەت دێهاتییەکانیش هاتن نۆشادریان سووتاند. هیچی پێ نەکرد. میلا هەناسەی دەرنەدەهات. خڕەخڕ و کۆخە و یاوەکەی زۆرتر بوو. دەبوو بیبەن بۆ شار.»

پرسیم: «بۆ کوێ؟»

خاتوون گوتی: «تاران.»

پرسیم: «بە هاتوچۆی ئەوکاتە هەتا دەگەیشتێ دەمرد.»

خاتوون گوتی: «گوێت لێ بێ لاوەگیان. بە ماشینێک کە ژن و مێردێکی لاوی هێنابوو، هاتن بۆ تاران. ناکرێ بڵێین ماشێن؛ کامیۆن بوو. چەند ڕۆژیش لە بەرزایی و کەلەکان مابوونەوە. نینا گوتی: «میلا؛ دەڕۆین و ناگەڕێینەوە. یانی من کە ئیدی ناگەڕێمەوە.» دەوری و پەرداخ و یەغدانەکەی بە ژنە دراوسێکانی دا. قەرەوێڵەکەی بە ژن و مێردەکە دا.فەرشە دیوارییەکان، گوڵدۆزییەکان و چەند کەرستەی تایبەتی خۆی هەڵگرت و خستنییە چەمەدانێکەوە. میلایان خستە نێو ماشێن. مەنقەڵەیان لەژێر لاقیدا هەڵکرد هەتا گەرمی بێتەوە. نینا لای پەنجەرەکە دانیشت. شۆفیرەکە ماشێنی هەڵکرد. نینا سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا و دەستی بۆ ژنە دراوسێکانی هەڵتەکاند. مندالان کەوتنە دوای ماشێن و مریشک و کەڵەباب و قەل و مراوی بەم لاولادا هەلاتن و کەوتنە باڵەپرژە. هەتا میانە ڕێگا خراپ نەبوو. زۆر تووشی نارەحەتی نەبوون. بەڵام میلا یاوی هەبوو. نینا لەپەستا سەروچاوی میلای بە خاولی تەڕ دەکرد و قژی دادێنا. دەستە گەرمەکانی میلای بە ڕوومەتییەوە دەنا هەتا فێنک ببنەوە. لەپەستا پرسیاری دەکرد: "باشی میلا؟ باشی میلا؟" دوایی ڕوومەتە گەرمەکانی بە پەنجەرەی سەهۆڵ گرتووی ماشێنەکەوە دەنا. میانە دکتۆری نەبوو. هەتا تەوریز بەفر وەک سەلکەچۆکە دەباری. هەتا بگەنە ئەوێ، ڕۆژێک لە ڕێگا مابوونەوە. ئەو ڕۆژە هەتا نیوەڕۆ لەگەڵ نینۆکەکانی میلا خەریک بوو، هەمووویانی کرد. گۆشتی دەوروبەری نینۆکەکانی هەڵکەند. قامکەکانی دەستی شێلا. بە قەڵەم لەسەر نینۆکەکان چاو و برۆی کێشاوە. میلا پێکەنی. نینا گوتی: "باشتری میلا؟" میلا گوتی: "باشم؟" دکتۆرەکانی تەوریز گوتیان باشترین شوێن، نەخۆشخانەی شوورەوییە لە تاران. گوتی دەیبەم و بەرێ کەوتنەوە، هەتا زەنجان. لەسەر مەنقەڵەی چایی لێ دەنا. لەپەستا ماڵئاوایی شۆفیرەکەی دەکرد.

پرسیم: "خاتوون، میلا مرد؟ حەتمەنە نیناش مرد.»

گوتی: «پەلە مەکە. ڕوون نییە. دەتەوێ دیسانەوە قاوەت بۆ دروس بکەم؟ پێت خۆشە یەکشەممەیەکی دیکە پاشماوەی بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە؟»

گوتم: «پەلە ناکەم، خاتوون. برێک سەرمامە. ئێمەش لە بەفردا گیرمان کردووە. خاتوون دەخۆمەوە.» جەستەم گەرم داهاتەوە.

خاتوون گوتی: «نینا هەموو ڕۆژێ لەسەر مەنقەڵەکە بە ئاوی گەرم خاولی تەڕ دەکرد و بە سەروچاوی میلایدا دێنا. دوایی بە ئاو و سابوون و فلچە، کەفاوێکی دروست دەکرد و بە تیغ، ریشی میلای دەتاشی. دوایی ئاوێنەکەی بەرانبەر سەروچاوی ڕادەگرت و دەیگوت: «بنوارە، بوویتەوە تازە لاوێک! خۆ ئێستاکە باشتری؟» شەوێک لە هوتێلی قەزوێن مانەوە. دەستی دا ژێرباڵی میلا هەتا لە دیوەکەی خۆیان بچنە سەرمێزی شێوخواردن. سەروچاوی نینا لەبەر تینی یاوی میلا گەرم داهاتبوو و سوور هەڵگەڕابوو. میلا سوییشی نەخوارد. چاوی هەڵنەدەهات. هەر دەیگوت: "با بخەوین. لە شوێنێکی فێنکدا نیناگیان." لە قەزوێنەوە هەتا تاران میلا وڕێنەی دەکرد. باسی سەگێکی دەکرد کە بەدوایاندا وەڕیبوو. داوێنی نینای کێشاوە. دەیگوت: "برۆ، برۆ." نینا بەدەست شووشەی پێشەوەی ماشێنەکەی دەسڕی و دەیگوت: "تەماشا بکە. کەسی لێ نییە. ئێستا دەگەینێ. هەموو لایەک سپی داگەڕاوە." بە هەر تەکانێکی ماشێن، سەری میلاش دەجوولاوە و دەیگوت: "ئای سەرم، نیناگیان." شەوێک بەر لە ساڵی نوێ

گەیشتنە تاران. کامیۆنەکە لەبەر درگای نەخۆشخانە ڕاوەستا. لە تارانیش بەفر باریبوو، دەتگوت بووکە و تارای سپی پۆشیوە. نینا درگای کردەوە. هەتا قولاپە لە بەفر ڕۆچوو. گوتی: "چەند ساردە."»

خاتوون هەستا و لە کومێدەکە شاڵە دەسچنەکەی هەڵگرت و بە شانیدا دا و گوتی: «شۆفیرەکە هاتە یارمەتی نینا. شەقەشەقی ددانی میلا دەهات. بە هەردووکیان دایانگرت. ئاگایان لێ بوو نەخلیسکێ. میلا لەپەستا دەیگوت: "نی نی نی نا گیان." هەتا درگای ژوورەوەی نەخۆشخانە، هەر دەنگی شەقەشەقی ددانی میلا دەهات. کاتێ درگا کراوە، میحرابێکی گەورەیان دیت کە چرای سوور و زەرد و سەوزی هەبوو. هەڵدەبوو و دەکوژاوە. عیسا مەسیح و فریشتەکان و... لەژێر میحرابەکە بوون. ئەستێرەیەکی تریفەداریش لەسەر میحرابەکە بوو. دوو پەرستار هاتنە یارمەتی. دوای ماوەیەک میلایان بە ڕووتی خستە نێو وانێکی پڕ لە ئاوی گەرم و سەوز، بۆ ئەوەی هەم گەرم دابێتەوە، هەم چڵکی لەشی لاچێ. دوایی میلایان وشک کردەوە و کراسیان لەبەر کرد و لەسەر تەختی ژمارە ٢٢ خەواندیان. میلا گوتی: "باشم خەو لێ دەکەوێ. بڕۆ نینا گیان." و چاوی قوچاند، بەڵام لاوەگیان، نینا چی کرد؟ چەمەدانەی هەڵگرت و ڕاست چوو بۆ کافیێی ژاڵە. هەر ئەو شوێنەی لەوێ میلای ناسیبوو. لەبەر دەرکە، لاقی خاوێن کردەوە. کە درگای کردەوە، جێگای دەرزی هەڵاویشتنی نەدی، بە دەوری هەموو مێزەکاندا کڕیار دانیشتبوون. دیسان هەر ئەو کڕیارانە. ئۆرکێسترایەکی هەنگاریا، چارداشی لێ دەدا. نینا هەستی کرد گۆرەوییەکانی بە بەفر خووساون و قژی لەبەر بەفری نێو ڕێ تەڕ و خاو بۆتەوە و پێکەوە نووساون. پیاوەکان چاویان لە نینا نەکرد. نینا هەستی بە خۆشحاڵی کرد. لە تاران بوو. میلاشی گەیاندبووە نەخۆشخانە. خودا هاتبووە یارمەتی. دیوێکیش لە نهۆمی سەرێ چۆڵ بوو. کاتێ کلیلەکەی وەرگرت بە هەڵاتن لە پلیکانان وەسەر کەوت. درگای کردەوە. لامپەکەی هەڵکرد. چەمەدانەکەی لە ناوەڕاستی دیوەکە دانا. چاوی بە قەرەوێڵەیەک و مێزێکی چکۆلە و ئاوێنەیەک لە پشتی درگاکە و کومێدێک و پەنجەرەیەک کەوت. چووە بەر پەنجەرەکە. پەردەکانی سپی و شین بوون. لەوبەری شووشەکەوە شەقام دیار بوو کە جارجارە ماشێن یان عارەبانەیەک، هێڵێکی لە سەر سپێتی یەکدەستی شەقامەکە دروست دەکرد. چووە بەر ئاوێنە. دەنگی خەڵک و زرینگە زرینگی لە یەک درانی پێک و پەرداخی بیست. هەناسەیەکی شادی هەڵکێشا. چەمەدانەکەی کردەوە و فەرشە دیوارییەکانی دەرهێنا. دوو پیاوی میسری بە کڵاوی گوڵینگدارەوە، کە گوڵدۆزی لەسەر کرابوون، لەسەر مێزەکە دانا. بڕیاری دا بیانبا بۆ میلا، بۆ ئەوەی هەست بە دڵتەنگی نەکا. دوایی کەوشەکانی داکەند. قامکەکانی لاقی داماڵی. دەستی تەڕ بوو. هەستا، دەورێکی لێدا. شەوی ساڵی نوێ و تاران. کراسێکی لە چەمەدانەکە دەرهێنا. کراسە چرچ و لۆچاوییەکەی کە لە سەرتاسەری ڕێگادا لەبەری کردبوو داکەند و لەسەر تەختەکەی دانا. جلی تازەی لەبەرکرد. دەستی بە قژیدا هێنا. کۆی کردەوە و دەرزی قژێکی لێدا. ئاوا باشتر بوو. کەمێ سووراوسپیاوی کرد و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ. لە پلیکانەکان هاتە خوارێ. لەسەر دوایین پلیکان ڕاوەستا. جێگای چۆڵ نەمابوو. هەموو شوێنە باشەکانیان گرتبوو. ئۆرکێسترا ئاهەنگی لێدەدا و هەندێک سەمایان دەکرد. هەر لەوێ لەسەر پلیکانەکان دانیشت و داوای ساردەمەنییەکی لە گارسۆنەکان کرد کە هاواڵی بوون و ویستی جێگایەکی بۆ بدۆزنەوە وەک بنیادەم دانیشێ. لە هاواڵەکانی میلا کەس لەوێ نەبوو. ویستی سەردانێکی نەخۆشخانە بکات؛ بەڵام دەیتوانی چ بکا؟»

گوتم: «هیچ شتێ خاتوون؟»

– هەروا دانیشت و دانیشت هەتا دوای نیوەشەو. کاتێ مێزەکان بەتاڵ بوون لەدوایین پلیکانەوە گەیشتە شوێنێ کە هەر ئەو مابۆوە و ئۆرکێسترای هۆنگری. ویۆڵۆن ژەنەکە لەسەر مێزەکە دانیشتبوو و ئامێرەکەی لەسەر لاقی دانابوو. فلووت ژەنەکە لەنێو فلووتەکەیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا کە نەدەدۆزرایەوە. ئاکاردۆن ژەن خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام ویۆڵۆن ژەن هەر خەریکی ژەنین بوو. نینا لەسەر چرپایەکی پۆڵەندی ڕووبەڕووی ویۆڵۆن ژەن دانیشتبوو و لاقی لەسەر لاق دانابوو. کەوشەکانی داکەندبوو و بەسەر یەکدا کەوتبوون. بە هەوای ویۆڵۆنەکە سەری دەلەقاند. ویۆڵۆن ژەن گوتی: "خاتوونێ، ماندوو نەبووی؟ ئێمە هەموومان لە شان و پیل کەوتین. خەریکە بەیانی لە درگا بدا." نینا گوتی: "چی؟" و ئاوڕی

دایەوە. چرپاکـان لەسـەر مـێـزەکـان کـۆ کـرابوونەوە. گارسۆنێک لە ئاخری هۆڵەکە لەسەر مێزێک خەوی لێ کەوتبوو. تەنیا دوو گلۆپ داییسا. ژەنیار گوتی: "لێی دەمەوە، خاتوونێ؟" نینا گوتی: "بلێ نینا. تازە هاتووم. لە ترسی سەرما هەڵاتووم."

خاتوون، شاڵەکەی لە شانی توندتر کرد.

- ژەنیـار گـوتی: "لێی دەمـەوە خـاتوو نینا؟" نینا گـوتی: "هەتا هێزت هەیە لێدە. لەمێژە دەنگی ویۆلۆنم نەبیستووە. لەوانە بوو شێوەکەیشیم لەبیر بچێتەوە. پێم خۆش بوو دیسان ویۆلۆنم دیتەوە." ژەنیار گوتی: "دەیجا بۆ خـۆشی ئێـوەی لێدەدەم. ئەو ئاهەنگەی خـۆم زۆرم پێ خۆشە. جارجارە کە منداڵیی خۆم وەبیر دێتەوە بە فیـتوو لێی دەدەم." نینا گـوتی: "ئاهەنگی سێرتسا دەزانی؟" ژەنیـار گوتی: "ڕەنگە بزانم. بە فیـتوو لێی دە." نینا بە فیـتوو لێیدا؛ لە پێشدا هێواش؛ دوایی گوتی خراپم لێ دا، لەسـەرڕاوە. پاشـان دوو سێ نۆت دوابەدوای یەک. دوایی دەنگی ویۆلۆن هات. نینا گـوتی: "ئێسـتا ئاوا." قامکەکانی لە حەوا بۆ ئەم لاو ئەولا برد. ژەنیـار گوتی: "ئێسـتـا باشـتـرە؟" نینا گـوتی: "نە من چاکی دەزانم نە تۆ." ژەنیار گوتی: "سەما دەکەی خاتوونێ؟" نینا گوتی: "مـاندووم." ژەنیـار گـوتی: "بەتەنیـای؟" نینا گـوتی: "بەتەنیـام." ویسـتی باسی مـیـلا بکا کە باسەکەی بردە سـەر دەشـتـی مـوغـان و مـیـانە و تەورێز و... دوایی تێگەیشت ژەنیـارەکە ئاهەنگی سێرتسـا لێ دەدا. نینا گـوتی: "مـاندوو بووی؟" ژەنیـار گـوتی: "نا خـاتوونێ؛ لەگـەڵ چیـرۆکـەکـەی ئێـوە دەهاتم. دیارە هەر کـەسـەی بەسەرهاتێکی هەیە. گرنگ نەگوتنی چیرۆکەکەیە. لەگەڵ من سـەمـا دەکەی خـاتوونێ؟" ژەنیـار و نینا بە فیـتـوو ئاهەنگی سـێـرتسـایان لێ دا و سـەمـایان کرد. ژەنیـار گوتی: "من ناوم لۆکایە، خاتوو نینا. زۆر خۆشحاڵم ئەم شەو لەم سەری دنیا لەگـەڵ تۆ سەما دەکەم." بۆ بەیانی کـاتێ نینا لە خـەو هەسـتـا چوو بۆ نەخـۆشـخـانە. لە دووکـانی تورکەکـانی شـەقامی ئیسـلامبول، پرتەقـاڵ و لیمۆترش و قەیسی کڕی و لە دووکانی خاتوو شیبراوا، کە چاوی پەڵەی سووری تێدابوون و دەیانگوت شـوومی باش نییە، مریشـک و کەڵەشێـر و ماسی شۆگۆلاتی و لیکۆری پرتەقاڵی کڕی کە میـلا پێی خۆش بوو. کـە لە پلیکانەکانی نەخۆشخانە وەسەر کەوت، لای دیوی ژمارە ٢٢ شـۆگـۆلاتی بۆ پەرسـتـارێکی هەرمـەنی ڕاگـرت. پەرسـتـار، دوو مـاسی هەڵگرت کـە لە نایلۆنی زەرد و سوورەوە پێچرابوون. میلا لەسەر تەختەکەی خەوتبوو. لە کـەلێنی درگـاکەوە گـوتی: "مـیـلا، من هاتووم."حـاڵی لە پەرسـتـارەکـە پرسی. چاوەڕێی وەڵام نەمـا. چوو بۆ لای میـلا. میلا کە چاوی بە نینا کەوت، مەلافەکەی بەسەر خۆیدادا. نینا مـەلافـەکەی لادا و گـوتی: "مـیـلا، منم، نینا؛ نوقلی جەژنم بۆ هێناوی." دوایی نێوچاوانی مـاچ کـرد. "ڕیشـیـشت نەتاشـیـوە." گـەرم بوو. مـیـلا گـوتی: "سـەرمـامـە." نینا گـوتی: "هەمـوو جێـیـەک سـاردە." پێکەنی. مـیلا گوتی: "ئاوم دەیێ. قومە قومـە بیکە بە گەروومدا. خـەریکم ئاور بگرم." نینا داوای ئاوی کرد و هێـواش هێـواش بە کـەوچک کـردی بە دەمـیـیـەوە. مـیـلا دەستی نینای گرت. چاوی قوچاند. پەرستار هات. نینا گوتی: "دەستی گرتم و چاوی قوچاند." پەرستار بە نینای گـوت بچێـتـە دەرێ. پەرژینەکەی بە دەوری تەختـەکـەی مـیـلادا کێـشـا. کـاتێ پەرسـتـار لە دیوەکـە هاتە دەرێ، ئەنگوستیلەکەی میلای دا بە نینا. گوتی: "هی ئێوەیە. مەرگێکی ئارام و جوانی کرد." نینا چاوی لە دیوەکە و لە پەرژینە سـپـیـیـەکـە کرد و گـوتی: "نوقلـەمـاسـیـیـەکـەی نەخوارد." گـریان ئەوکی گـرتبوو. پەرسـتـار گوتی: "لێرە نا. نەخۆشەکـانی دیکە نارەحەت مـەکە. خـۆشت هەروا. خـۆت دەتزانی دەمـرێ." لە نەخـۆشـخـانە هاتە دەرێ و ڕۆیشـتـەوە بۆ کـافێ و دیوەکـەی خۆی. چاوی قـوچاند و لەسەر تەختەکە کەوت.»

گوتم: «یانی میلای نەدەویست؟»

خـاتوون گـوتی: «بەیچـۆن. نینا پێی خـۆش بوو مـیـلا زیندوو بێ. لە سەرتاسەری ڕێگا ئەمەی پێ خـۆش بوو. تەنانەت ئاوی گەرم کرد. بە فلچە ڕیشی کەفاوی کرد و تاشی. ئاوێنەی بەرەوڕووی ڕاگـرت و گـوتی: "تەمـاشـا بکە؛ ئێستا باشتری." ئۆدکلۆنی لە دەموچاوی دا. بەڵام سەروچاوی مـیـلا گـەرم بوو. دەموچاوی دەنا بە پەنجەرە سەهۆڵ گرتووەکەوە. گەرمای سەروچاوی، سەهۆڵەکانی ئەوبەری شـووشـەکـەی دەتواندەوە. دەبوونە ئاو. دەنگی چرپاکەی میلا بوو. دەستەکانی میلا بوون کە مەچەکی دەستی نینایان بەردا: "لەگەڵم دێی بۆ دەشتی موغان؟" بریا نەیگوتبایە لەگەڵی دەچێ. کاتێ چاوی هەڵێنا، شەو بەسـەردا هاتبـوو. دیسـان قـریشـکوهۆڕ و هەراوزەنا

دەگــەیشـتـــە دیوەکــەی نینا. پەنجــەرەکــەی کــردەوە. تەزوویەکی ســارد هاتە دیوەکـە. دەنگی ئۆرکـێـســتــرا و دەنگی چەپڵــەرێزان دیوەکەی تەنیبـۆوە. نینا لە دیوەکە چووە دەرێ. بەر لەوەی درگــا پێــوە بدا، لە ئاوێنەکــە چاوێکی خێرای لە خۆی کرد. کێ دەزانێ میلا مردووە؟ لە پلیکانەکان هاتە خوارێ. لەدوایین پلیکان دانیشت. داوای ســاردەمــەنیــیــەکی کــرد. کــاتێ بۆیان هێنا و خواردییەوە، گەرم داهات. خـەریک بوو چاوەکـانی تەڕ بن، لەناکـاو دەستێـک دەستی نینای ڕاکـێشـا و گوتی: "شــەوی ســاڵی نوێ و تەنیــایی خــاتوونێ؟" هەمـــوو خــەریکی ســەمــا بوون. نیناش. چارداش، دوایی هەر سەمایەکی بیزانیبایە، یان نەیزانیبایە. هەتا سەماکان تەواو بوون و سەماکەرەکان لەسەر چرپاکان پاڵ کەوتن. دەقیقەیەکی مابوو بۆ کاتژمێر دوازدە. بێ دەنگی وڵاتی داگرت. دوایی دە چرکە، دوایی نۆ چرکە... دوو چرکە، یەک چرکە. چراکان کوژانەوە. ساڵ نوێ بۆوە. هەرکەسەی دەســتی یەکــێکی گــرت. دەنگی پێکەنین، جــووڵەی چرپاکــان، جــموجــووڵی بنیــادەمــەکــان، خرمــەی کــەوتنی پەرداخێـک بەسـەر عـەرزدا، قـاقـا و پاشـان بێ دەنگی. کــاتێ چراکـــان هەڵکرانەوە، لۆکـــا بەرانبـــەر بە نینـا وەستابوو. لۆکا گوتی: "ساڵی تازەش هات، خاتوونێ." نینا گوتی: "ساڵی نوێت پیرۆز." لۆکا گوتی: "لە تۆش پیـرۆز." نینا گـوتی: "میـلا مـرد." لۆکا گـوتی: "سـاڵی نوێیە خـاتوونێ. سەمـام لەگەڵ دەکـەی؟" چراکان چواری بەیانی کوژانەوە. لۆکا ماتۆڕە شڕەیەکی سایدکاری هەبوو کـە لە تەنیـشـتـیـیـەوە جـێگای کـەسـێکی بۆ سـواربوون هەبوو. چواری بەیانی، لۆکا ماتۆڕەکەی هەڵکرد و لەگەڵ نینا بۆی ڕۆیشتن. لۆکا گـوتی: "بۆ ئێـمـەی قـەرەج، لە هەمـــوو شـــوێنێـک ئەوین هەیە." نینا چاوی قـــوچاند و گـــوتی: "هەر تـوند مـــەڕۆ؛ هەمـــــوو شـــــوێنێـک سەهۆڵبەندانە." ئیتر کەس چاوی بەوان نەکەوتەوە.»

بەری بەیان بوو. حەسابوومەوە.

خاتوون گوتی: «کوڕە گیـان دیتت ئاخری چی لێهات؟ بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن.»

چاوم لە وێنەکانی نینا دەکرد.

خـاتوون گـوتی: «چەندەم پێ خـۆشبـوو ئەم چیـرۆکـە، چیـرۆکی نینا، بگێـڕمـەوە. هەر تۆ سـەرنجی گـوڵدۆزی ڕوومێزییەکەت دا. شەوانە کاتێ جگەرە دەکێشم و بیر لە نینا دەکەمەوە، چاوم دەقوچێنم و خۆڵەمێشی گەرمی جگەرەکەم دەکەوێتە سەر ڕوومێزییەکە و کونی دەکا. واز بێنین. لاوەگـیـان، چایی و نوقـڵـەمـاسـیـیـەکی بەتام دەخۆی؟»

گوتم: «بەڵێ، خاتوونێ.»

خـاتوون چایی هێنا. چەند نوقـڵـەمـاسـیش کـە لە نێـو نایلۆنی بریقەداری ڕەنگامەدا پێچرابوونەوە.

گـــوتم: «چ ســـەیرە، خـــاتـوون! ڕاست وەک ئەو بەسەرهاتەی گێڕاتەوە.»

خاتوون گوتی: «بەڵام لاوەگیان ئەم بەسەرهاتە هێشتا تەواو نەبووە.»

گوتم: «بۆچی خاتوون؟» دوایی چاییەکەم خواردەوە.

خـاتوون شـاڵەکـەی لەسـەر شـان و پیلی ڕێک کـرد و گوتی: «نا کوڕم، کاتێ لەگەڵ لۆکا ڕۆیشتم تێگەیشتم هیـچ شـوێنێ لەو شـوێنەی بۆ یەکـەم جـار ئەوین هاتۆتە ئامـێـزم، خۆشـتـر نییـە. خۆ کـەس نەیدەناسیم. لۆکـاش قـەرەجـێک بوو. ویۆلۆنەکـەی هەڵدەگـرت و دەگـەڕا، لە ڕۆخی ڤـۆلگا، یان دانووب. بەڵام من هەر لە نیـوەی ڕێ گەڕامەوە.فەرشە دیوارییەکانم لە چەمەدان نا و ون بووم. هەتا بوومـە خاتوو ئانا. کەس نینای نەدەناسی. بێجگە لە تۆش کـــەس نازانێ خـــاتوو ئانا کـــێـــیـــە. من ئەو بەســەرهاتەم بۆ کـەس نەگـێـڕاوەتەوە، کـوڕی باش. پێم خۆشە بەر لەوەی بڕۆی...»

هەسـتـا. گـرامـافـۆنەکـەی قـورمـیش کـرد. گـرامـێکی هەڵگرت. لەسەر گرامافۆنی دانا.

– هەستە سەما بکەین.

چرای کوژاندەوە. لە دەرێ بەفر دەباری.

– لۆکا هەتا کوێ دەڕۆین؟

– تا ئەو شوێنەی تۆ پێت خۆشە نینا.

– میلا هەتا کوێ دەڕۆین؟

– تا ئەو شوێنەی تۆ پێت خۆشە نینا.

دەنگی گرامافۆن وڵاتی داگرتبوو.

**پاییزی ٧٠**

**وەرگێڕان ٨٦/٤/٣**

**سەرچاوە:**

**تمام زمسـتـان مـرا گـرم کن – علی خـدایی – چاپ اول ١٣٧٩ نشر مرکز.**

فەرهەنگۆک:

لالەزار: شەقامێکی تارانە

ئیسلامبول: شەقامێکی تارانە

فیردەوسی: شەقامێکی تارانە

موغان، قەزوێن، زەنجان، تەورێز، میانە: چەند شارێکن لە ئێران

قەوامول سەڵتەنە، نادری، عەلادەولە: سێ شەقامی تارانن

سینەما مایاک: ناوی سینەمایەکی تاران بوو

کافێی ژاڵە: کافێیەکی تاران بوو لە سەردەمی ڕژێمی شادا

بادکووبە (باکۆ): شارێکی وڵاتی ئازەربایجانە

ئەسکەندەرییە: شارێکی وڵاتی میسرە

پۆڵەندە: وڵاتێکی ئەورووپایە

بولغارستان: وڵاتێکی ئەورووپایە

هەنگاریا، یان مەجارستان: وڵاتێکی ئەورووپایە

مەجار: هەنگاریا

ڤۆلگا: درێژترین ڕووباری ئەورووپایە، لە ڕووسیایە و دەڕژێتە نێو زەریای خەزەرەوە

دانووب: گەورەترین و گرنگترین ڕووباری ئەورووپای ناوەندییە.

گرامافۆن: ئامێری بڵاو کردنەوەی گۆرانی گوتن لە پێشوودا

گرام: ئەو پەڕە خڕانەی، گۆرانی لە سەر تۆمار دەکرا و دەخرایە سەر گرامافۆن.

ئالبێرتا، لوپانزا، مامی دریم، سێرتسا، چارداش: ناوی گۆرانین

فۆکستڕۆت، ڕومبا، تانگۆ، کازاچۆک، ڕاسباڵ، واڵس: ناوی چەند سەمایەکن

فلووت، ویۆڵۆن، گارمۆن، ئاکاردۆن: ئامێری مۆسیقان

پیراشکی: خواردەمەنییەکە وەکو کێک

مارمالاد: مرەبایەکی زۆر خەستە کە لە چەرخ کراوی میوە ئاودارەکان دەیکوڵێنن.


پێرمەنگەنات: بۆ شتنەوە و خاوێن کردنەوەی جێی برین بە کار دێ.

لیکۆر: چەشنێک عەرەقی ئالکۆلی شیرینە بە تامی میوەوە

گارسۆن: خزمەتکاری چێشتخانە

ڕامی: یارییەکە لە پاپەزێندا

سەربازی پیک: پاپەزێکە لە کایەی پاپەزێندا.



## جەلیل کاکەوەیس:
## چیرۆکی ئێستای کوردی لەسەر کەوڵی حەقایەت ناژی.. نووسەریش ئەگەر خۆی داهێنەر نەبێت، بە ڕیکلام نابێت بە داهێنەر

**ئا: ڕامان**

ئەدەب چالاکییەکی تەواو خودییە و بەهۆیەوە ئەقڵ بە هێمنی و بە ئاگاییەوە تانوپۆیەکانی خۆی دەچنێت. شاعیر و چیرۆکنووس مرۆڤی خودن، مرۆڤی ئەوانی دیکە نین. تەنیاوتەنیاش داهێنەران دەتوانن خودی خۆیان بگەیەنن. بەشێک لە نووسەران سەرەتا بەهێز دێنە ناوەندەکە و کۆمەڵێک خاڵی سەرسامیش دەنوێنن، دواتر هێدی هێدی هێڵی توانا و هێزیان دادەکەوێت و لەکورتی دەدەن، گەرموگوڕی دەقیان نامێنێت. ئەم بارە دەمانباتەوە سەر ئەو گومانەی کە یان ئەو پێوەندییەی لە دڵەوە و بە گەرمی لە نێوان نووسەر و نووسین دروست بووە ساردبووەتەوە، یان ئەو سەرەتایە بەهێزە کۆکراوەی زانیاری و ئیش کردن بووە لەناو ئەزموونی ئەوانی دیکەدا. (جەلیل کاکەوەیس) لە سەرەتایەکی سادە و لە خودی خۆیەوە، کە کردوویەتی بە کەسی ناوەند خۆی پێشکێش کردین. کتێب دوای کتێب ئەزموونی هەڵدەکشێت و خاڵی سەرسامبوون زیاتر دەنوێنێت. ئەمانە کتێبە چاپکراوەکانیەتی:

١- میراو، کۆچیرۆک- ١٩٨٥.
٢- بیبلۆگرافیای ١٠٠ ژمارەی یەکەمی برایەتی ئەدەب و هونەر، ڕۆژنامەنووسی-١٩٩٩.
٣- چرکە زیندووەکان، کۆچیرۆک- ٢٠٠٠.
٤- بەدگۆڕان، وەرگێڕان-٢٠٠٢.
٥- بۆنی ئەشکەوت، کۆچیرۆک- ٢٠٠٣.
٦- ڕۆمانی کوردی، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە- ٢٠٠٥.
٧- باخچەی بەردین، وەرگێڕان- ٢٠٠٥.
٨- خلتەی دنیا، وەرگێڕان- ٢٠٠٧.
٩- ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە، وەرگێڕان- ٢٠٠٧.
١٠- کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، وەرگێڕان- ٢٠٠٨.
١١- وەچەکانی مەولانا، کۆچیرۆک- ٢٠٠٨.

ئەم هەڤپەیڤینە بۆچوونی و گۆشەنیگای بۆ کارکردن هێناوەتە دوان و خۆی تێدا وەک کەسی ناوەند ئاشکراو دەستنیشان کردووە.

**ڕامان:** چەند كۆمەڵە چیرۆكێكت نووسیوە و چاپت كردوون؛ میراو- ١٩٨٥، چركە زیندووەكان- ٢٠٠٠، بۆنی ئەشكەوت- ٢٠٠٣، وەچەكانی مەولانا- ٢٠٠٨. لەنێوان هەریەك لە كۆمەڵە چیرۆكەكانتدا ئەو جیاوازییە شێوازییانەی بەدەستت هێناون، یان پێی گەیشتوویت كامانەن؟ ئاخۆ دەتوانیت دەربارەی شێواز و زمانی هەریەك لە كۆمەڵە چیرۆكەكانت قسەمان بۆ بكەیت؟

**جەلیل كاكەوەیس:** هەر یەكێ لەو چوار كۆمەڵە چیرۆكەی چاپم كردوون، ڕیزبەندییەكیان لە كارەكانی مندا دروست كردووە و بەلای خۆمەوە هەریەكێ لەو چوار كۆمەڵەیە قۆناغێكی تاقیكردنەوەی چیرۆكنووسییە. ڕەنگە لێكۆڵەرەوەی بەهۆڵەوە بوو، ئەو هێڵ و ڕێچكەی شێوازانە لەنێو چیرۆكەكاندا بە ئاسانی بدۆزێتەوە.

پێی لێ دەنێم لە كۆمەڵە چیرۆكی (میراو)دا پتر بایەخم بەهێزی بازوو و ئامێزی وشە ڕستە داوە. ڕەنگە هەر لە یەكەم چیرۆكەوە هەست بەم دۆخە بكرێ. ئەوەش ناشارمەوە سەڵای بەهات و باتی (ڕوانگە) و هەڵپەی گەران بەدوای وشە و ڕستەی هێمادار، كە جێگەی دەربڕینی ئاشكرای دەگرتەوە، توخمێكی سەرەكی و پێكهێنەری كارەكانی سەرەتام بوون. لەوێدا چەندین ڕستە و ئیدیۆمی میللی و جیهانی لە پای مەبەستێكی دی بەكارهێنراون، چونكە هیچ دەقێك لەو قۆناغەدا بەدیوە ئاشكراكەی خۆیدا تێنەدەپەڕی. ئەمێستا كە لەو دۆخە ڕادەمێنم، هەست دەكەم بەكارهێنانی ئەو حەمكە هێمایە لە لایەكەوە فێری گەمەی زمان و دەربڕینی ناڕاستەوخۆی كردم، لەلایەكی دیكەوە زیانی بەدەقەكان گەیاند و لە پای دەربڕینی جێگرەوەی ئاشكرا نەفەسی هەندێ لە چیرۆكەكانی كورت كرد. هەر ئەم شێوازەش بوو ڕەخنەی ئەوسا پێشوازی لێ نەكرد و بگرە لای هەندێ كەس ڕەتیش كرانەوە.

هەندێ لە چیرۆكەكانی (چركە زیندووەكان) هی نیوەی دووەمی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوون. بوونەوەرەكانی نێو ئەم كۆمەڵە چیرۆكە ئاراستەی دیكەیان وەرگرتووە و پتر بابەتی كۆمەڵایەتی و دەروونی و دیاردەكانی دەوروبەر بوون بە خەمی كارەكتەرەكان. كارەكتەرەكانی نێو ئەم كۆمەڵە چیرۆكە پێیەكیان لە ڕابردووە و پێیەكەی تریان لە ئەمێستای خودی قۆناغەكەدایە، بۆیە گێڕانەوە بە زمانێكی بارگاوی ترە و

بڕێ جار كەشی ڕۆمانسیانەش لەخۆ دەگرێت، بڕێ جاریش سیمای بێهوودەیی و بێزاری لە ڕەوتاری كەسانی نێو چیرۆكەكان دەردەكەوێت. ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی باسی چیرۆكی ئاخر و ئۆخری هەشتاكانی خۆم بكەم، ڕەنگە بڵێم دروستبوونی ئەو دۆخەی نێو پانتایی چیرۆكەكان، كە ڕەنگی هەموو شتێك تەڵخ و تاریكە، ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو ڕووداوانە بێت، كە ئێستا لە دەرەوەی دەق بێ باكانە و بەشێوەیەكی زۆر ئاسایی وەك حەكایەتێك دەگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەوسا تەنیا كارەكتەری چیرۆك و ڕۆمان و شیعر خەمەكەی هەڵگرتبوو و لەهەناوی خۆیدا حەشاری دەدا. هەر ئەمەشە وای كردووە، كە خەڵقندەی نێو چیرۆكەكان بە هاوار و زایەڵە بن، چونكە لەو كەسانەن دەوروبەریان بە مەترسی تەنراوە و هاوارەكانیان لە خۆیان دوور ناكەوێتەوە و كەس نایبیستێت.

تۆ كارەساتی ئەنفال بێنە بەر چاوت، خاكێك بێنە بەرچاوت هەموو جوولەیەكی تێدا حەرام كرابێت، خاكێ نە تەیرێك لە ئاسمانەكەی مابێت، نە سەگێك تێیدا بوەڕێت، نە قاو و قیژی منداڵ و نە كوڕ و كچی عاشق و نە حیكمەتی پیرەمێردێكی تێدا مابێت، دەبێ چ زمان و شێوازێك بۆ ئەو كۆستە گەورەیە بدۆزرێتەوە!؟ پێم وایە ئەو دەقانەی لەو سەردەمەدا نووسراون تاڕادەیەك هاواری خودی سەردەمەكەیان لە یادمان هێشتووەتەوە و منیش بۆ خۆم ئەوەندەی لە بارمدا بووە، هەندێ دەقی چیرۆكم بەو شێوە هاوار ئامێزە خستووەتە پاڵ كاری چیرۆكنووسانی دیكەی میللەتەكەم.

لە هەردوو كۆمەڵە چیرۆكی (بۆنی ئەشكەوت) و (وەچەكانی مەولانا)دا، ئاستی زمان و هەڵبژاردنی بابەت و هەڵوێستی كارەكتەرەكان لە یەك ئاستدا ناوەستن و بەردەوام لە خولیای ئەوەدا بووم كەشێك لە چیرۆكەكانمدا دروست بكەم ئاسایی نەبێت، زمانەكەم زمانی هاوار و دەنگدانەوەی ئەو ڕوحانە بێت كە قەدەر و چارەنووسیان ئەوە بێت لە ڕۆژگارێكدا ژیان و مردن لە هیچ بەهایەكی مرۆڤبوونیان پێ ڕەوا نەبینرا، بۆیە زۆرجار ئەو ڕوحانە جارێكی دی دێنەوە ناو جەستەكەی جارانیان، یان بە ڕوخسارێكی تر دەردەكەونەوە، بۆیە كە دێنە زمانیش، زمانیان پڕە لەهاوار و گازاندە، وتووێژی عاریفانە دەكەن، خودا دەدوێنن، قسەكانیان هەندێ جار لە بنی بنەوەی مێژوو دێتە گوێمان؛ ئاگادارمان دەكەنەوە، سیمای ڕۆژگاری خۆیانمان پیشان دەدەن. پێم وایە هەوڵی

شێوازێکی وام داوە و ئەوی تر بۆ ڕەخنە جێ دەهێڵم.

**ڕامان:** هەموو داهێنەرێک لە کردەی داهێنانیدا دیدوگۆشەنیگای تایبەت بەخۆی لە ئەزموونیدا بەدی دەکرێ. دیدوگۆشەنیگای تۆ لە کردەی چیرۆکدا چییە و چۆنی بەخوێنەر دەگەیەنیت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** دیدوبۆچوونی تایبەت لە کردەی داهێناندا چەمکێکی جێگیر و چەسپاو نییە، تا لەسەر ڕاستە ڕێیەک بڕوات و لێ لادانی نەبێت، چونکە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و لەگەڵ گۆڕانەکەشدا بۆچوونەکان شێوەی دیکە وەردەگرن. خۆ ئەگەر نووسەرێک بەدرێژایی تەمەنی نووسینی خۆی وابەستەی یەک جۆرە قاڵبی بیرکردنەوە بکات، ئەوە خۆی و داهێنانەکەیشی سنووردار دەکات و هەمیشە گوێڕایەڵی مقۆمقۆی ئایدۆلۆژیایەکی فەرماندار دەبێت، ئاوهاش هاوبەشییەک لەنێوان نووسەر و ئایدۆلۆژیای فەرماندار پەیدا دەبێت و ئەنجامیش کردەی نووسەر بەشێکی کەمی وەک کاری خودی بۆ خۆی دەمێنێتەوە و بەشە هەرە زۆرەکەی بەر دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیای فەرماندار دەکەوێت. نموونەی ئەمەش ئەو دەربارییانەن کە وزەی خۆیان لە سنوورێکدا قەتیس دەکەن، کاتێکیش مێژووی ئەدەب دەوریان دەکاتەوە، کردە خودییەکانیان کزکز دیارە.

نایشارمەوە ئەندێشەیەک بزوێنەری کارەکانم بووە، جەمسەرێکی لە تەواوی ڕابردوو بە قەوماو و یادەوەری و ڕوخسارە جیاجیاکانییەوە، جەمسەرەکەی دی لە ئێستای نووسیندا. ئیدی هەر جارە و بەر بەلای یەکێکیاندا دەکەممەوە و شتێکی نوێیان تێدا دەبینمەوە، کە کاتی خۆی هەموومان فەرامۆشمان کردووە. ئەو ڕوخسارانە بەدرێژایی تەمەنەکەی خۆم و پێش خۆشم ئێستا وەک خۆیان، یان بە بیچمی دیکە دووبارە دەبنەوە، بۆیە لە هەندێکیان بێزار و دەهری دەبم و لە ڕێگەی کارەکتەری چیرۆکەوە تووشی نەفرەتیان دەکەم. لەگەڵ برێکی دیکەیاندا تەبام، تا ئەو ڕادەیەی وەک کۆست کەوتەیەک بە دیاریانەوە گەرمەشین دەکەم. ئا بەم شێوەیە لە میانەی خەیاڵەوە مامەڵەم لەگەڵ هەر یەکێ لەو ڕوخسارە جیاوازانە کردووە، بۆیە پێم وایە دەبێت بوونەوەری هەر دەقێک لە بوونەوەرانی دەقێکی دی جیاواز بێت، ئەگینا شتێک نامێنێتەوە پێی بوترێ: من و تۆ و ئەو.

**ڕۆمانی کوردی خەریکە دەکەوێتە سەر ئەو شارێگەیەی بتوانێت ببێتە بەشێک لە کردەی مرۆڤایەتی**

لە ئەزموونی نووسیندا هەر نووسەرێک گەشتی خەیاڵی خۆی هەیە و لە هەر گەشتێکدا ڕووبەڕووی ڕوخساری نوێ دەبێتەوە؛ ڕوخسارەکان هەریەکەیان حەکایەتی خۆی هەیە، دەردە دڵی خۆی هەیە، بۆیە کە دێنە گۆ دەبینیت هەریەکەیان جۆرە زمانێک بەکاردێنێت؛ هەندێکان زمانی لاڵەپەتەیە و برێکیان ڕەوان و ئەمیان دەپاڕێتەوە و تووک و نزا دەکات، ئەویان زمانی زبر و هەڕەشاوییە. کەواتە لەو گەشتی خەیاڵەدا لە پانتایی دەقێکدا بەپێی کات و شوێن و ڕووداو و کەسەکان، جیاوازییەکان دروست دەبن، ماکی ئەو جیاوازییانەش لە ویژدانی نووسەرەکە دایە و ئەم لە ڕێگەی زمان و کەرەسە و تفاقی خۆیەوە جێبەجێیان دەکات، هەر ئەمەش شێوازی نووسەرەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە.

**ڕامان:** چۆن نووسینی بیۆگرافیا پێوەندی بە هونەری چیرۆکەوە دەکات، یان چیرۆک بۆ دەوڵەمەندی و فرە دەنگی چەند سوود لە ڕەگەزی بیۆگرافیا وەردەگرێت؟ ئەم دوو ڕەگەزە بە چ شێواز و ئاستێک یارمەتیدەری یەکترین بۆ بەرهەم هێنانی دەقی زیندوو؟

**جەلیل کاکەوەیس:** هەردوو توخمی ئەفتۆبیۆگرافیا و چیرۆک لەسەر گێڕانەوە بەندن، بەڵام لە ژیاننامەدا نەفەسی گێڕانەوەکە درێژترە. لە هەردووکیاندا چەندین ویستگە هەیە، ئەو هەڵوەستانەی ئەفتۆبیۆگرافیا لەو ویستگایانەدا دەیکات، چیرۆک نایکات، چونکە ویستگەکان لە ڕێگەی ئاماژەوە قەدبڕ دەکات و ڕووداوەکان چڕ دەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی خۆی بە ڕووداوی درێژخایەن و ململانێی کەسەکان قەرەباڵغ ناکات، بەڵکو بە زمانێکی بارگاوی بەگوزارشت ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، کەچی بیۆگرافیانووس بایەخ بەو زمانە بارگاوییە نادات و پتر پشت بە دۆکیومێنت و زمانی ژمارە دەبەستێت و کەسایەتییەکان کتومت وەک خۆیان نمایش دەکات، بۆیە زۆرجار ئەفسوونی پیرۆزی کەسەکانی نێو ژیاننامە نامێنن، کەچی ئەفسوونی کەسایەتی نێو چیرۆک بەچاک و خراپیانەوە هەر دەمێنێت.

نووسەری ئەفتۆبیۆگرافیا ئەگەر شارەزایی لە هونەری سینەما و شەپۆلی هەست و خۆ دواندن و پاش و پێش کردنی کات و جێگۆڕکێی شوێن بێت، ئەوە کارەکەی لە

توخمی ڕۆمان نزیک دەبێتەوە، وەک لە گەشت و بیرەوەرییەکانی کازانتزاکیشدا دەردەکەوێت.
بەم پێیە بە گوێرەی پانتایی، ئەفتۆبیۆگرافیا پێوەندی بە ڕۆمانەوە زۆرترە، نەک چیرۆک. سەرەڕای هەموو ئەمانەش کارەکە دەوەستێتە سەر کارامەیی و شارەزایی چیرۆکنووس، چونکە چیرۆکنووس کە ئالوودەی دنیای چیرۆک بوو، ئیدی لە هەموو دیاردە و شتەکانی دەوروبەری خۆی غافڵ نابێت، تا ئەو ڕادەیەی کل لەچاوان دەدزێت و تێکەڵی سرووتی چیرۆکنووسینی دەکات. ئەو لە سەفەرێکی بەردەوام دایە لەنێوان هەر سێ زەمەنی: ڕابردوو، ئێستا، ئایینده، بۆیە لە مەودای ئەو زەمەنانەوە، بیرەوەریی، بینینی ئێستا، پێشبینی ئایندە، لە میانەی خودی کەسی چیرۆکنووسەوە ئەزموونێک پەیدا دەبێت، کە پڕن لە دەنگی جیاجیا، ئەو دەنگانە هەریەکەیان سەر بە چاخ و دۆخێکن و لە پرۆسەی نووسیندا سەرهەڵدەدەنەوە.
ئا لێرەوە پێوەندی نێوان ژیاننامە و کاری چیرۆکنووسین میانەگیر دەبن، چونکە لە هەردوو ڕەگەزەکەدا ڕووداوەکان لە کۆگای بیرەوەرییەوە هەڵدەقوڵێن. لە کۆی هەموو ئەمانەشدا تەمەنێک پێکدێت، ئەوە تەمەنی نووسەر و جۆری ژینگەکەیەتی، کە پڕن لەفرە دەنگی. لە ژیاننامەدا ئەو دەنگانە هەر وەک خۆیانن و خاوەن دەنگەکانیش بە زۆری ڕوخساریان ئاساییە، بەڵام لەچیرۆکدا ڕوخسار و دەنگە متبووەکانی ناو یادەوەری، کە سەردەردێنن، لە کەشێکی خەیاڵاویدا بیچمی جارانیان وەرناگرنەوە.
خاڵی بەیەک گەیشتنەوەی چیرۆک و ئەفتۆبیۆگرافیا ڕەنگە تەنیا لە عەمارکردنی ڕووداوی وێستگەکانی تەمەندا بێت، بەڵام هەر یەکەیان هونەرێکی جیاوازە، چونکە ڕووداو لای ژیاننامەنووس ئاراستەیەکی ئاسۆیی وەردەگرێت، کەچی لای چیرۆکنووس ئاراستەکە ستوونییە.
**ڕامان:** تێکەڵاوی و نا حاڵی بوونێک لە ئاستی شیعرییەتی زمان و زمانی شیعرییەت هەیە، لە چیرۆک و ڕۆماندا شیعرییەتی زمان و زمانی شیعری چۆن کاریان پێ کراوە، بە تایبەتی لە کارەکانی ئێوەدا؟
**جەلیل کاکەوەیس:** پۆلێن کردنی توخمەکانی ئەدەبیات، وەک دابەشکردنی بۆ شیعر و پەخشان ماکێکی قووڵ و مێژوویی لە دنیای ئەدەبیاتناسیدا هەیە. سەرەتای ئەم بابەتە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆی یۆنانی دەگەڕێتەوە. جا لەبەر ئەوەی زمانی شیعر، زمانێکی سۆزاوی و بە ئاڵوشە و ختووکەی هەست دەدات و ڕیتمێکی ئەفسووناویش لەخۆ دەگرێت، بۆیە ئەفلاتوون پێی وابووە شاعیران لە ڕێگەی ئەفسوونی شیعرەوە لاوان و هەرزەکاران فریو دەدەن و بەدخوویان دەکەن، چونکە گەمە لەگەڵ هەستیاندا دەکەن، ئاوهاش کۆمەڵگەیەکی گومڕا و دوور لە لۆژیک دروست دەبێت.
دەبینین بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە، ئەرستۆ پێی وایە شیعری باش ئامۆژگاری خەڵک دەکات و ئاکاریان جوانتر دەکات، چونکە شیعر لە دنیایەکی پاکژەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە لە کتێبی (شیعر)دا وەک وەڵامێک بۆ ئەفلاتوونی مامۆستای ئەو بابەتانەی دەربارەی شیعر و ئەرکی شیعر وتووە.
ماکی زمانی شیعر و زمانی پەخشان لە یەک ئاستدا ناوەستێت و هێڵی جیاکەرەوەیشیان تەنیا کێش و سەروا نییە، بەڵکو دامەزراوی زمان و ئەو وێنە شیعریيانەش دەگەڕێتەوە، کە لە پەخشاندا بەکزی دیارە. هەندێ لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەروا دارن، کەچی نەبوون بە شیعر، چونکە بناغەی داڕشتنیان شیعری نییە.
ئەوەی بۆ شیعر دەلوێت، بۆ پەخشان نالوێت، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم وتنە لەوەوە سەرهەڵبدات، کە زمانی شیعر زمانی سۆز و ختووکەدانە، وەلێ زمانی پەخشان، زمانی ژیری و ژیربێژییە، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی گەمەی زمان و خواستی کێشی شیعری، دەکارێت وشەکانی ڕستەی شیعری پاش و پێش بخات، یان پیت لە وشە بقرتێنێت و لێیشی ناگیرێ، چونکە ئەوە پێویستبوونی



دامەزراندنی زمان و ڕیتمی شیعرە ئەوە دەخوازێت، کەچی ئەمە بۆ پەخشان مەیسەر نابێت، چونکە ژیربێژی وتن وا دەخوازێت پەخشان لەسەر ڕیتمێکی دیکەی زمان دابمەزرێت و وابەستەی دەستوور و ڕێسای ڕێزمانی بێت. دەتوانین لێرەوە (ڕستەی شیعری) و (ڕستەی پەخشانی) لێک جیابکەینەوە و دواجار ناوی دیکەشیان بۆ دابنێین، وەک (زمانی شیعر) و (زمانی پەخشان)، دوای ئەمانەش بپەڕینەوە سەر (شیعرییەتی زمان) و (زمانی شیعرییەت).

ئەگەر بە دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانماندا بچینەوە و لە حەناس (نالی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا هەڵوەستە بکەین، ئەوسا دەزانین چ گەمەیەکیان بە زمان کردووە، چۆن وشە و ڕستەی شیعرییان بە مانای هەمەجۆر بارگاوی کردووە، بۆیە پێم وایە ئەکادیمیەکانیشمان جگە لە (عەزیز گەردی) پەییان بەو زمانە شیعری و لێوانلێو لە ڕەوانبێژییە نەبردووە. ئەوانەی خەریکی نالی بوون نەیانگەیاندینە نهێنی زمانی شیعری نالی و ئەنجامێکی بنبڕ، تەنیا (مەسعوود محەمەد) لە (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) ئاوێک بە ئاگری زمانە ئەفسووناوی و بە ئالۆشەکەی نالیدا دەکات، کەچی ئەویش لە هەندێ شوێندا لە گوماندا دەمانهێڵێتەوە. کەواتە زمانی نالی هەر لە ئیجادەوە بۆ شیعر خوڵقابوو، بۆیە ئەگەر دێرە شیعرێکی بە پەخشان لێک بدەینەوە، ئەستەمە وشەکان لەناو ڕستەیەکی پەخشانی ئاساییدا جێگەی خۆیان بگرنەوە، چونکە دارشتنەکەی نالی، دارشتنێکی شیعرییە.

وای بۆ دەچم دەربڕینی (شیعرییەتی زمان) مەبەست لەو زمانەیە، کە لەبنجدا زمانی دارشتەی شیعرە و پێکهاتەیەکی سۆزاوی هەڵچوونە و ڕێگە بە خۆی دەدات لە ڕێساکانی زمانەوانی دەربچێت. لەلایەکی ترەوە، زمانێکە هەر بەوەوە ناوەستێت بوونەوەری بەهۆش و گۆش بدوێنێت، بەڵکو تخووبەکانی مرۆڤیش دەبڕێت و لە تەک بێ ئاوەز و شتە نازیندووەکانیش دیالۆگ دەکات، بۆیە لە کۆندا شیعر بە جۆرە ئەفسوون و سیحرێک لێکدراوەتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ساتەکانی داهێنان لە جۆرە سروشتێک دەچێت سەرچاوەکەی لە من و تۆوە دیار نییە. دە تۆ دیقەتێکی ئەم دێرە شیعرەی گۆران بدە:

**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

بزانە چۆن (مانگ) تێکەڵی هەستەوەری کراوە و (جوانیبایس)ێکی پێک هێناوە. دەبینین ئەم زمانە هەر لە بنچینەدا وا دامەزراوە کە دەربڕینەکەی جادوویی بێت و وشەکان لە پاڵ یەکتردا ڕیتم و ئاهەنگێک دروست بکەن، کە لە ڕستەی پەخشانی باڵاتر و بەزەمزەمەتر بن. هەر ئەمەش وا دەکات هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە پانتایی دەقی شیعریدا پتر خۆ بنوێنن.

کاتێ هۆ دەدەینەوە سەر (زمانی شیعرییەت)، دەبینین ئەمیان زمانێکە پڕە لە هارمۆنیای جووڵە و ناسکی، کە تا ئەندازەیەک لە زمانە پڕ ئەفسوونەکەی شیعر نزیک دەبێتەوە و بارگاوییە بە دەلالەتی هەمەجۆر و دارشتنەکەیشی شیعری نییە، بەڵکو تەنیا بوێری ئەوەی تێدایە لە هونەری شیعر نزیک بێتەوە و کەرەسە ڕەوانبێژییەکانی شیعر تێهەڵکێشی خۆی بکات، وەک خواستن و درکە و جوانیبایس و ئەوانی دی، بەڵام توخنی کێش ناکەوێت، چونکە ڕۆنانی زمانەکەی شیعر نییە. دە تۆ بنۆڕە ئەم ئایەتە پیرۆزە: (بسم الله الرحمن الرحيم: قل هو الله أحد، الله الصمد، لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفوا أحد). دەبینین ئەم وتنە خوداییە، شیعر نییە، لێ هێندە ڕیتمدارە لە زمانی شیعرەوە نزیکە، تەنانەت ڕستەکان سەروا داریشن و لە پەخشانبوون نەکەوتوون و هەر بە زمانی هۆش و ژیری ماونەتەوە.

**چیرۆکی ئەمڕۆ لە ڕێگەی زوومی کامێرای خەیاڵەوە ئەو گرتە ژیانیانە دێنێتە بەرچاو کە بەشێکن لە ڕەفتار و ناخ و هەڵوێستی هەموومان**

بەشی دووەمی پرسیارەکە دەربارەی شیعرییەتی زمان و زمانی شیعرییەتە لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و کارەکانی من. زۆر هەستەمە بنیادەم پێ بە جەرگی خۆیدا بنێت و لەکاری داهێناندا بڵێ (من!)، بۆیە لە ئاست ئەم جۆرە پرسیارەدا شەرم دام دەگرێت و خۆم بە نەزانێکی ئەو بوارە دێتە بەرچاو، چونکە مرۆڤی خولیادار پێ بە پێ لەگەڵ ئەزموونی تەمەندا تا شتێک دەدۆزێتەوە، سەرەداوی هەزاران شت و دیاردەی دیکەی لێ ون دەبێت، بەجۆرێ لە حەقیقەتبوونی ئەو شتانە تووشی گومان دەبێت. ڕەنگە ڕەخنە پەی بە هەندێ وردەکاری زمانی شیعرییەت لە هەندێ کاری مندا ببات، وەک ئەم ئاستە زمانییە: (کە ئێوارەش دادێت، هەرزەکاران جوون

جوون بە بەردەم تەلارەکەدا تێدەپەڕن و هەر لەخۆڕا نافەکیان تەڕ دەبێت). ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەربڕینی (نافەک تەڕبوون)ە، کە مەبەستێکی سێکسییە و ناڕاستەوخۆ هاتووە و بەلای ماکێکی ڕەوانبێژیدا چووە، کە مەبەست لە ئێرەق بوونە. یان (جاران پێستی مامۆژنم بروونزییەکی تێر بوو، ئەمێستا پێستی پەمەییەکی کاڵە و لە قەیرە کچێکی نێرنەدیو دەچێت، کەچی کوڕ و کچەکەی پیر پیرن..) لە تەمەنی ئاساییدا دایک لە منداڵەکانی پیرترە، کەچی ئەم دایکەی ئێرە بەهۆی هەوەسبازی و گوێ نەدانەوە تەمەنی پێوە دیار نییە و منداڵەکانیشی بەهۆی چەوسانەوەی دەروونییەوە لەناوەختدا پیر بوون. (بۆنی ئەشکەوت ل١٣٦). ئیدی پاشماوەی ئەم باسە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم و پێداگریی زیاتر بە خۆم ڕەوا نابینم.

**ڕامان:** کردەی فەرامۆشکردنی داهێنەران لە هەموو قۆناغەکاندا بەردەوامی هەبووە و هەیە، بە تایبەتی ئەگەر گرووپ بیەوێت یەکێک بکات بە دیاردە، بە پلان ئەم کارە دەکەن. هەست ناکەیت کار بۆ درێژبوونەوەی بوونی ئەم دیاردەیە ئێستاش بەردەوامی هەیە؟


**جەلیل کاکەوەیس:** نووسەر ئەگەر خۆی داهێنەر نەبێت، بە بانگەشە و ڕیکلام نابێت بە داهێنەر، چونکە بانگەشەش هەر ماوەیەک خۆی ڕادەگرێت، ئیدی بە داماڵینی ماسکەکان گەوهەری ڕاستەقینەی بانگەشە بۆ کراو دەردەکەوێت.

بە دیاردە کردنی کەسێک لەنێوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا هی ئێستا نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو، ئایدۆلۆژیا و سەنتەری بڕیار، بۆ پیشاندانی پێگەی دەسەڵات و نمایشکردنی جۆری ئایدیۆلۆژیا کەسێکی نێوەندەکە زەق دەکەنەوە، تا لە میانەی ئەمەوە متمانەی خەڵک وەدەست بێنن. زۆر جار گرووپ و ڕێکخراوەکان لەمیانەی ئەم بە سونبولکردنەوە دەچنە مەیدانی دژە بۆچوونەکانی خۆیانەوە. ئاوهاش دەسەڵات و نووسەری داتاشراو بۆ ماوەیەک هێز لە یەکتر وەردەگرن، تا وێنەیەکی تر لە بەرانبەردا پەیدا دەبێت و ئەمان چک دەکەن. ئەم کردەیەی دەسەڵات لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە گوایا لە هەناوی هزری ئەوانەوە داهێنەر پەیدا دەبێت.

پەتای ئەم دیاردەیە ڕەگێکی قووڵی لەمێژووی گرووپدا هەیە. دەبینین لەیەک قۆناغدا چەندین قەڵەم دەردەکەون، ئەمانە لەڕووی کەرەسە و فەرهەنگی ڕۆشنبیری سەردەمەوە لە یەکتر نزیکن، کەچی لەنێو ئەوانە تیشک دەخرێتە سەر یەک دووانێکیان و ئەوانی دی لەلایەن گرووپ و ڕێکخراو و دەسەڵاتەوە فەرامۆش دەکرێن. ئەوانەی لە بازنەی گرووپدان بیانەوێ، یان نا، چاوی ڕەخنە دەیانبینێت، ئەگەر لەسەردەمی خۆیشیدا لێی نەکەنە قاو، ئەوە لەسەردەمێکی تردا ئەو مەسەلەیە دەورووژێنرێ و داهێنەری ڕاستەقینە دەگەڕێنرێتەوە شوێنی خۆی.

نموونەی نووسەری دەربار و نووسەری داهێنەر بە قەد کۆنی مێژوو ڕەگی هەیە، پێم وایە داهێنەری ڕاستەقینە هەر زوو بڕیاری بێ پەروایی خۆی دەدات، چونکە پەیامێکی خودی پێیە. ڕەنگە بەیامەکەشی لە سەردەم و ژیانی خۆیدا نەگاتە جێ، بەڵام ئەو چ باکی بەمە نییە و لەوەش نیگەران نابێت کە فەرامۆش دەکرێ، چونکە زۆربەی داهێنەران لە دەستکەوتی مادی و مەعنەوی سەردەمی خۆیان بێ بەش دەبن و ناشخوێنرێنەوە، کەچی لەسەردەمی دوای خۆیان دەدۆزرێنەوە. خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیش کە زۆر کەس پێیانوایە پێوەری داهێنانە، بەڵام بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەو خەڵاتە نەیتوانیوە لەنگەری نێوان داهێنەر و داهێنەرتر بپارێزێت، هۆیەکەشی ئەوەیە لە پشت بڕیارەکانەوە گەمەی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندی و نادادپەری خۆیان مەڵاس داوە.

**ڕامان:** کاتێک خوێنەر چیرۆکێکت دەخوێنێتەوە هەست دەکات چەند تابلۆ و پۆرترێتێک لە پێکهاتەی چیرۆکەکەدا بەشدارن، هێنانی ئەم تابلۆ و پۆرترێتانە چ سەرەتایەکیان لە دیدگای تۆدا هەیە؟ کە ئەم شێوازەش جۆرە تایبەتمەندییەکە لە تۆدا هەیە. چۆن دەتوانیت خوێنەر



وەک تابلۆ و پۆرترێتێک ڕابکێشیتە ناو ئەم شێوازە و لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەشداری پێ بکەیت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** وەک چۆن لە دەقی شیعردا باسی وێنەی شیعری دەکرێ، لە چیرۆکیشدا لە ڕێگەی وەسفەوە بەپێی کات و شوێن و جۆری ڕووداوەکان دیمەن دروست دەبێت؛ دیمەنی شوێن و ڕوخساری کەسەکان و دیمەنی ئەو گرتانەی کە لە میانەی گێڕانەوەوە پەیدا دەبن. لێرەوە دیسان دەگەڕێینەوە سەر پێوەندی نێوان هونەرەکان، ڕەنگە شێوەکارێک سرووش لەو دیمەنانەی نێو چیرۆکێک وەربگرێت و تابلۆیەکی لێ پەیدا بکات. بە هەمان شێوە چیرۆکنووس لە تۆنی ڕەنگ و فەزای تابلۆیەک سوودمەند دەبێت و بیرۆکەیەکی نوێی پێ دەبەخشێت. جاری وا هەیە کەسایەتی نێو چیرۆکێک دەبێتە جێگەی بەزەیی خوێنەر، یان کەسایەتییەکی دی لەنێو چیرۆکدا نەفرین و قێزەونە و خوێنەر ڕقی لێدەبێتەوە، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی کەسایەتی وا خوێنەر سەرسام دەکات، لە دڵەوە خۆشی دەوێ، برێ جار هێندە دەکەوێتە بەر کاریگەری ئەو کەسایەتییە، بە جۆرە ڕابەرێکی خۆی دەزانێت. هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوە و وەسفی چیرۆکنووس خۆی، یان یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکەی پێکدێت و شێوە تابلۆیەک، یان پڕۆترێتێک لە زەینی خوێنەردا دروست دەکات.

ئەو سیمایانەی کە لە هەندێ چیرۆکدا دەردەکەون، ئەو ڕوخسارە متبووانەن کە کەوتوونەتە دەرەوەی یادەوەری و ویژدانی خەڵکەوە، بۆیە کە لای چیرۆکنووس زیندوو دەبنەوە هەرگیز شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان وەرناگرنەوە، بەڵکو ماوەیەک چوون مەلۆتکەیەک لەنێو ڕەحمی دایکدا دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت، ئاوهاش ئەو دیمەن و ڕوخسارانە ماوەیەک لە خەیاڵی چیرۆکنووسدا دەمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاتێکیش دەبنە پاژێک لە پێکهاتەی دەقێکی چیرۆکدا، لە ڕێگەی وەسف و گێڕانەوەوە ڕوخسارێکی دیکە وەردەگرن و زۆرجار لەتابلۆیەکی سوریالی دەچن. پێم وایە لای مینش ئەم دۆخە کەمەکێک بوونی هەیە.

(هادي العلوي) لە کتێبی ئەشکەنجەدان لە مێژووی ئیسلامدا کاتێ باسی هیتلەر و حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی، وەک دوو کارەکتەری خوێنڕێژی ناو مێژوو دەکات، لە باسی حەجاجدا داوا لە وێنەکێش و شێوەکاران دەکات؛ هەر کەسێ دەیەوێ وێنەی حەجاج بکێشێت، ئەمە وەسفی کەسێتی حەجاجە.. بە وردی ئیدی باسی ڕوخسار و باڵاو ڕەفتاری حەجاج دەکات. کەواتە ئەو تابلۆ و پۆرترێتانەی نێو چیرۆکیش دەرهاوێشتەی گێڕانەوەی چیرۆکە، تابلۆکە، یان بەرجەستەکردنی شوێنە، یان ڕوخساری کەسەکانە، یان بە کاریگەری گەرمی ڕووداوەوە دیمەن و تابلۆ پێکدێت. هەندێ لەو دیمەنانە کە دەخزێنە نێو پانتایی چیرۆکەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بە سەریاندا دێت، هێشتا ماکێکی دۆخە ئاساییەکەیان تێدا دەمێنێت، بۆیە بە چەندین شێوە لای وەرگر لێک دەدرێنەوە. لێرەوە هاوبەشییەک لەنێوان چیرۆکنووس و خوێنەر پەیدا دەبێت، چونکە بەلای کەمەوە خوێنەر دیمەنەکە دەباتەوە سەر ڕوخسارێکی هاوشێوەی نێو چیرۆکەکە.

**ئەدەبیات ئەو درەختەیە توخمی دیکەی لێ موتروبە دەکرێ، درەختەکە یەک ڕەگی هەیە و لقەکانی هەمەجۆرن**

هەریەکێ لە دیمەنەکانی نێو چیرۆکێک، کە وەک تابلۆ، یان پۆرترێتێک خۆ دەنوێنن، دوو ژینگەیان هەیە، ژینگەیەکیان ئاساییە و لەزەینی هەموویاندا بوونی هەیە، بەڵام بیرچوونەتەوە و دیمەنی دیکە جێگەی گرتوونەتەوە. ژینگەی دووەمیان خەیاڵە و وەک پێشتر وتم بە جۆرێکی دی دیمەنەکان دروست دەکاتەوە. ئەگەر جارێکی تر بە چیرۆکی (من کێم)دا بچینەوە، لەوێدا بە ئاسانی هەست بە هەردوو دۆخی ئاسایی و خەیاڵ دەکرێ. لە ڕێگەی ئاماژەی شوێنەوە دیمەنی کووخێکی پەرپووت و لاچەپ و دابڕاو لە دنیات دێتە بەرچاو، لەناو کووخەکەشدا دیمەنی دوو کچە ئەنفالکراوی کورد دەبینیت، کە هەریەکەیان پۆرترێتێکت پێ دەبەخشن. ئەو کووخە ژینگەی دووەمە و خەیاڵکردەیە. ئیدی خوێنەر ژینگەی یەکەم کە ئاساییەکەی لای هەموومانە بە ئاسانی دەناسێتەوە، ناسینەوەکەش لە دیالۆگی حەسرەتباری ئەو دوو کچەوە بەدەست دێت. ئەمەش کاری ڕەخنەیە و ڕووی پرسیارەکە ئەمانەی پێ درکاندم.

**ڕامان:** لە چیرۆکی پەنجاو شەستەکانی کوردیدا هونەری نامە زۆر بەکارهاتووە. نموونە لە چیرۆکی (محەرەم محەمەد ئەمین، مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم)..تاد، لە چیرۆکی حەفتاکاندا بەرەو کزی دەچێت و لە یەک دوو نموونەی (عەبدوڵڵا سەراج و

جەلیل کەکەوەیس)دا دەمێنێتەوە. لە نەوەی دوای ئێوەدا ئەم کارپێکردن و نەمانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە و وێستگەکانی چین؟

**جەلیل کاکەوەیس:** هونەری نامە، کە خۆی بەشێکە لە پەخشانی هونەری، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە، وەک پەیامی ئاشتی و پەیامی شەڕ و پەیامە پیرۆزەکانی ئاسمان و پەیامی سۆزداری و..تاد. پەیامی پێغەمبەران لە ڕێگەی کتێبە ئاسمانییەکانەوە، پەیام بوون بۆ مرۆڤایەتی. ڕەفتارەکانی گاندی بە ڕەنجاندنی جەستەی خۆی و بە بزنە ڕستکراوەکەی دەستی و ڕەتکردنەوەی کاڵای بیانی پەیام بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی هندستان و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالی ئەوسای بەریتانیا. کەواتە بە پەیامبوونی هەر هەڵوەستەیەکی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بەندە بە بارودۆخی خودی و بابەتی ئەو دیاردەیەی، کە پێویستبوون دەیکات بە پەیام.

پەیامی ئەدەبی لە چوارچێوەی کارێکی خودیدا درێژەپێدەری ئەو هەڵوەستە مرۆڤانەیەیە، کە بەشێوەی جیاجیا و دەقی جیاجیادا پێمان دەگات. پێم وایە هەموو توخمە ئەدەبییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی بە پەرۆشەوە نووسراون، هەموو نامە و پەیامن ئاراستەی ئێمە کراون. تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی بە هەموو ڕووداوەکانییەوە، بە دووفاقی کەسێتی ڕاسکۆلنیکۆفییەوە، پەیام و هاوارێکن لەناو جەرگەی گەلانی ڕووسیاوە وەک پەرچەکردارێک بە ڕووی دەسەڵاتی قەیسەردا بەرز دەبنەوە. دەقە ئەدەبی و هونەرییەکانی لای خۆمانیش تێکڕایان نامە و پەیام بوون هەواڵەی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکانی عێراق دەکران و نەدەخوێنرانەوە. چیرۆک و سروود و شانۆی هێمادار و دەنگی ڕادیۆکانی نێو شۆڕش و کەسایەتی غەدرلێکراوی نێو ڕۆمان هەموویان پەیام بوون، بەڵام لەکاتی جیاجیا و بارودۆخی جیادا دەنووسران.

ئەدەبیات لە هەموو سەردەمێکدا پەیامە و لە ڕێگەی کەناڵی نووسراوەوە پێمان دەگات، بەڵام ئەمێستا لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای نوێوە کەناڵی دیکەشی بۆ زیاد کراوە، کە ئەویش ئینتەرنێتە، بەڵام شێوازی پرسیارەکە خودی نامەیە و چۆن لە چیرۆکی نیو سەدە لە مەوبەر تێهەڵکێشی چیرۆک کراوە. پێم وایە چیرۆکنووسانی ئەوسا لە میانەی هەستکردن بە پەیامی ئەدەب، لە دووتوێی چیرۆکدا پەیامێکی تایبەتیتریان بەکارهێناوە ئەویش نامەیە. ڕەنگە کاکڵە و مەبەستی چیرۆکەکە بەلای چیرۆکنووسەوە لەو نامەیەدا چڕ بووبێتەوە، ئەمەش خەڵق کردنی پەیامی تایبەتی بوو لەنێو پەیامێکی گشتیدا. زۆرجاریش نامە وەک هێمایەک بۆ ڕێ بزری لە سانسۆر بەکارهاتووە. بۆ نموونە چیرۆکنووس بەشێوەی سۆزداری نووسیویەتی: بۆ (ن)ی خۆشەویستم، یان (ک)ی ئازیزم. لێرەدا (ن) واتا (نیشتمان) و (ک) واتا کوردستان). بەم جۆر لەو سەردەمانەدا هونەری نامە لەنوێی چیرۆکدا خاڵی نەبووە لە مەبەستی خوازراو.

مان و نەمانی هونەری نامە لە چیرۆکدا پێوەندی بە گەشەکردنی هونەری چیرۆکەوە هەیە. چیرۆکنووسانی ئێمە پێش ئەوەی شارەزای (شەپۆلی هۆش) و هونەری خۆ دواندن و فلاشباک و بەکارهێنانی جێناوەکان بە مەبەستی جیاجیابن، نامەیان وەک کەرەسەیەکی هونەریی چیرۆک بەکارهێناوە. چیرۆکنووس لە توانایدا هەیە هونەری نامە وەک کەرەستەیەک لە هەموو سەردەمێکدا بەکاربهێنێت، ئیدی بەپێی قافی گێڕانەوە و شێوازی دامەزراندنی بیرۆکە، لە سەردەمی تەکنۆلۆژیاشدا نامە تێکەڵی گێڕانەوە دەبێت. دیقەتێکی چیرۆکی (چاخی تاوێرەکان) لە کۆمەڵە چیرۆکی (وەچەکانی مەولانا) بدە، دەبینیت گێڕەرەوە نامەیە لە ژێر تاشە بەردێکدا تەقەت دەکات و ناوونیشانی شوێنی تاشە بەردەکەش دیاری دەکات، کە پێی وایە دوای سێ سەد ساڵ، بگرە چوار سەد ساڵ ئەم پەیامە دەگاتە یەکێ لە نەوە هەرە دوورەکانی خۆی. لەم نامەیەدا باسی کارەساتەکانی سەردەمی ئێستای خۆی بۆ ئەو نەوەیەی دەکات.



پێشبینی ئەوەش دەکات، ڕەنگە ئەم کارەساتانە بگەنە سەردەمی ئەو نەوەیەی، بۆیە ئاگاداری دەکاتەوە، تا هەڵەکانی سەردەمی ئێستای لای ئەو نەوەیەی دووبارە نەبێتەوە.

ڕەنگە دەرنەکەوتنی نامە لە چیرۆکی ئێستادا، هۆیەکەی پەرەسەندنی ئەو تەکنۆلۆژیا خێرایە بێت، کە مرۆڤی ئێستای بێ حەوسەڵە کردووە و ناپەرژێتە سەر وردەکارییەکانی ئەدەب.

**ڕامان:** قەڵاتی هەولێر وەک بنیادێکی مێژوویی لە زۆرینەی بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی نەتەوایەتیمان دروشمی جۆراوجۆری پێدا هەڵدەواسرێ، قەت ڕێکەوتی کردووە ئەم دروشمانە بووبنە نوختەی دەست پێکردن و بەهرە بەخشی کارێکی ئەدەبیت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** قەڵا وەک چەمکێکی مێژوویی لە یادەوەری میللەتی ئێمەدا هەمیشە ئامادەیی هەیە، چونکە وشەکە بەردەوام مایەی ئازایەتی و جوامێری و هاوکات خۆ تەقەت کردن و بەرگریکردنیشی بەخشیوە. ئیدی وشەی قەڵا چووەتە نێو کولتوور و پەندی پێشینان و دەیان ئەفسانەشی بە دەوردا چنراوە.

کارکردن لەنێو مێژوودا زەینێکی وریای گەرەکە، خەیاڵێکی دەوێ هەم مێژووەکە بە زیندوویەتی بهێڵێتەوە، هەم لە کاری ئەدەبیدا لە (بەمێژووکردن) خۆی بپارێزێت. عەرەبی شەمۆ لە دارشتنەوەی ڕووداوەکانی قەڵای دمدمدا ئەمەی کردووە و لە ڕووداوە مێژووییەکە ڕۆمانێکی ڕۆناوە.

لە سێ چیرۆکدا (کوکوی ئارابخا) و (حەوتەمین ڕۆژ) و (خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر)، تا ڕادەیەک مامەڵەیەکم لە میانەی فانتازیاوە لەگەڵ قەڵای کەرکوکدا کردووە، بەڵام دەربارەی قەڵای هەولێر لە چیرۆکی (شەیتانە کۆسە)دا پەنام بردووەتە لای دیوار بەندەکەی گیوی موکریانی و لەوێ هەندێ دیمەنی تراژیدی و ناخەزانەی سەردەمەکەی خۆمانم بەو هەوارگەیە گەیاندووە، وەلێ پێش ئەوەی بگەمە لای گیو هەستم کردووە قەڵا بەو گەورەییەی خۆیەوە هەمان خولیای منی هەیە و وا لەگەڵ مندا کەوتووەتە ڕێ، ئەویش دەیەوێ دەردە دڵی خۆی لای گیوی هەڵبڕێژێت. لەو چیرۆکەدا بەلای ئەوەدا نەچووم، ئاخۆ خەڵکی ئەم سەردەمە بۆچی ئەو هەموو پرسەنامە ڕەشانە بە بەرۆکی قەڵادا دەکەن!؟ ئاخۆ هەستیان بە غەمگینی مێژووی قەڵا کردووە، تا ئاوها بە بەردەوامی بە غەمگینی نمایشی بکەن؟! پێم سەیرە هێشتا قەڵا نەبووەتە ماکی شاکارێکی گەورە، یان هیچ نەبێت لە جیاتی ئەو پرسەنامانە دیواربەند بووایە و حەکایەتەکانی ناو ئەو مێژووە غەمگینەیان بۆ بگێڕابایەنەوە.

**ڕامان:** ئەدەبی وەسفی، ئەدەبی دیدگای موتوربەکراو بە ئیستێتیکا، ئەدەبی فیکری.. تاد، هەیە. نموونەی ئەدەبی وەسفی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازییە. ئەدەبی دیدگای موتوربەکراو بە ئیستێتیکا، ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوایە. ئەدەبی فیکری نموونەی ڕۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن. ئەم سێ هێڵە چۆن تێدەگەیت و هەستە دەکەیت کامە هێڵ زیاتر بۆ کارکردن و پەرەپێدان دەوڵەمەندت دەکات؟

**جەلیل کاکەوەیس:** بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە سەدەی حەڤدەمەوە، تا ئێستا ئەم توخمە ئەدەبییە هەر یەک ناوی هەبووە و هەیە، ئەویش (ڕۆمان)ە، لێ ڕەخنە بەپێی نێوەرۆک و کارکردن لەسەر دامەزراوە هونەرییەکانی پۆلینی دەکات. بەدرێژایی ئەو مێژووەش یەک ڕەگەزی سەرەکی دەوری گێڕاوە، ئەویش گێڕانەوەیە. ئیدی نێوەرۆک هەرچی بووبێت ڕووداوێک گێڕدراوەتەوە. هەر لە میانەی هونەری گێڕانەوەوە وەستایی و کارامەیی ڕۆماننووس دەردەکەوێت. هەر لە سەردەمی سەرەتای ڕۆمانەوە، لە سوارچاکی دۆنکیشۆتەکەی سەرڤانتسەوە تا ڕۆمانە هەرە تازەکانی ئێستا کە بە هزری نوێ و فەلسەفەی نوێ بارگاوی کراون، گێڕانەوە، هونەری هەرە لەپێشی ڕۆمانی سەرکەوتووە و پێم وایە ناواخن هەرچییەک بێت بێ گێڕانەوە مەیسەر نابێت.


پۆلین کردنی ڕۆمان بەپێی نێوەرۆک و دەسەڵاتی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی کەرەسە هونەرییەکاندا، خۆی دەنوێنێت، دکتۆر ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا، بیرەوەری سەردەمی کۆماری کوردستان تۆمار دەکات. کەواتە لەم ڕۆمانەدا لەناو مێژوودا کاری کردووە، لێ لە ڕێگەی گێڕانەوە و ئاراستەی کارەکتەرەکانەوە زەمەنێک ئامادە دەکات، کە خۆی تێیدا ژیاوە، بەمەش ئەو جووڵەیەی لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێ، جووڵەیەکی ئاسۆییە، ڕووداوەکان هەر ئەو ڕووداوانەن، کە هەموومان مێژووەکەی دەزانین، ئەوەی ڕۆماننووس کردوویەتی، خەیاڵکاری نێو ڕووداوەکان و گۆڕینی سیمای کارەکتەرەکان و هەڵوەستە نوێیەکانیانە، بۆیە من وای بۆ دەچم لەم کارەدا ڕۆماننووس جگە لە

نووسـینی ڕۆمـان، ژیاننامـه و مـێـژووی بە ئەدەب کراویشی پێ بەخشیوین.

دەربارەی جۆری دووەمی ڕۆمان، وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە (ڕۆمانی دیدگای موتووربەکراو بە ئیستێتیکا) پێم وایە کارکردن لەم بوارەیاندا پتر پەیوەستە بە دوو لایەنەوە؛ یەکەم: بینین. دووەم: کارکردن لەسەر بینین و گۆڕینی ڕەگەزە بینراوەکان. وەک ئاشکرایە هەمەنگوای یەکـێکە لەو ڕۆمـاننووسـانەی بەزۆری لەسـەر ئەم دوو لایەنەدا کـاری کـردووە، ئەمـە جگە لەوەی ڕەگـەزی دیالۆگ لە ڕۆمـاندا بەناوی ئەوەوە بۆ یەکـەم جـار تۆمارکراوە، ئەو شت و دیاردانەی کە بە چاو دەبینرێن، ئەگەر وەک خۆیان بگوێزرێنەوە نێو پانتایی ڕۆمان، ئەوە بەرهەمێک دەخوێنینەوە، جگە لە ڕۆماننووس کەسانی ئاسایی لە توانایاندا هەیە ئەنجامی بدەن، بەڵام کاری ڕۆمـاننووس لێـرەدا ناوەسـتـێت، بەڵکو لە ڕێگەی خـەیاڵەوە بوونەوەرە بینراوەکـان لە دۆخی ئاسـاییـەوە دەگـوێزێتـەوە بۆ دۆخـێکی نائاسـایی، ئەو دۆخـە نائاساییەش نیشـتمانی تازەی بوونەوەرە بینراوەکانە، بۆیە ئێـمـە بە ئاسـانی لەو نیـشـتـمـانە تازەیەدا نایانناسینەوە، چونکە سیمـای تازە و ئەرکی تازەیان دەداتێ. هەر ئەمەشە وا دەکات لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمـانەدا لێکدانەوەی جیـاوازمـان هەبێت. ئەگـەر لە ڕێگەی مێـژووی ڕەخنەوە نەبووایە، ڕەنگە بە جۆرێکی دی ڕۆمـانی (زەنگەکـان بۆ کێ لێـدەدرێن)ی هەمـەنگوایمان لێک بدایەتەوە، چونکە نەمـاندەزانی هەمەنگوای لەکۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو وەک پەیامنێـرێک بەشداری شەڕی ناوخۆی ئیـسـپـانیـای کردووە و ئەوەی بە چاوی خۆی لەو جەنگەدا بینیویەتی دواجار لە ڕێگەی خەیاڵەوە کەرەسەی ئەو ڕۆمانەی لێ دروست دەکـات. ئەم جۆرە ڕۆمـانە لەلایەکـەوە دەبێـتە شـایەدحـاڵی ڕووداوی سـەردەمی خـۆی و لەلایەکی دیکەوە سیـحرکـارییـەک لە شـتە بینراوەکـان دەکـات و زەینمان فریو دەدات و ناتوانین بە هاسانی بچینەوە سەر بنجوێناوانی ڕووداوە ڕاستەقینەکە.

ئەو جـۆرە ڕۆمـانەی ئێـوە بە هێـڵی سێـیـەم، یان بە ڕۆمـانی هزری ناوی دەبەن، وادەزانم ئەمـەیان پـتـر دەرهاویشـتـەی شـارسـتـانێـتـیـە ئاڵۆزەکـان و بەرهەمی تەکنۆلۆژیا و سـەرگـەردانی مـرۆڤـایەتی لە چارەسەرنەکردنی کێشە بەدرم بووەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. خۆ ئەگەر قووڵتر بڕوانینە هەڵبژاردنی تیمەی ئەم جۆرە ڕۆمـانە، ئەوە دەبێت بڵێین نووسـەرانی ئەم جۆرەیان بۆ خـۆیان بیـرمـەندن و لە بری ئەوەی بیـری خـۆیان لە چوارچێـوەی تیـۆرییـەکـدا بەتاڵ بکەنەوە، دێن لە چوارچێوەی هونەرکاری ڕۆماندا خولیای خۆیان دەگەیەنن. ڕۆمـانی فـیـکری پێ بەپێی ئاڵۆزبوونی پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و شێوازی جەنگی نادیاری بەردەوام و نائومێدبوونی مرۆڤایەتی لە ئاییندەی خـۆی، تا دێت نموونەی زۆرتر دەبێت. هەندێ لەو فـیلمـانەی هۆلیـوود، کـە پڕن لەو ئاییندە ترسناکـە، بەشـێکن لەهەمـان ڕێچکە. جگە لەمـانەش ڕۆمـانی (عەتر)ی پاتریک زۆر سکیند و (کۆدی داڤینشی)ی دان براون، جگە لەوەی شارستانێتی گەورەیان لە پشتەوەیە، پێم وایە هەر لەو چوارچێوەیەدان.

سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەی وتران، پێم وا نییـە وا بە ئاسـانی بتـوانین لەو سێ ڕێچکەیەی باس کران، خۆمـان سەرپشک بکەین و بانگەشە بۆ یەکێکیان بکەین، بەڵکو کۆمەڵێ فاکتەر هەن لە سەرووی چێژی ئێمەوەن، وەک داواکـاری سـەردەم و بە مـۆدێل کـردنی شـێـوازێک لە شـێـوازەکـان و لەسـەرووی ئەمـانەشـەوە باڵادەسـتی و ئەزمـوونی فـرە ڕەهەندی ڕۆمـاننووسـە، کـە لای هەر خوێنەرێک جۆرە چێژ و ڕوانینێک دروست دەکات. هەر لەم ڕۆژهەڵاتەی خۆمـاندا سـاڵگارێک بەرهەمی یەشـار کـەمـال-مـان دەخـوێندەوە و پێی سەرسـام بووین، بگرە زۆربەمان بە شایستەی نۆبڵیشمان دەزانی، کەچی ئۆرهان پاموکێک لە پڕ بەشێوازێکی تر سەری هەڵداو لەبەردەم داهێنانێکی نوێتـر ڕای گـرتین! ئاخـۆ دەکـرێ هەمـوو کـارەکـانی یەشار کـەمـال بپێـچینەوە و بۆ یەکجـاری



فەرامۆشیان بکەین!؟ لێرەدا دەڵێم من بۆ خۆم هەموویان دەخوێنمەوە، بەڵام هەریەکەیان لە قۆناغی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

**رامان:** لە سەرەتای حەفتاکاندا (سەدرەدین عارف، لەتیف حامد، ئەحمد شاکەلی) جۆرە تەوژمێکیان هێنایە ناو چیرۆکی کوردی و خۆیان لە چیرۆکی پێش خۆیان و هاوچەرخەکانیان جیاکردەوە، ئەگەرچی ئەم تەوژمە بۆ ماوەیەکی کورت کاری کرد و بەردەوام نەبوو، لەگەڵ ئەم بەردەوام نەبوونەشدا ئەو ماوەیەی کاریان تێدا کرد، کاریگەرییان زۆر بوو، وەک دیاردەیەکیش لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا باسیان دەکرێ. دەکرێ لەم ڕووەوە بۆچوونی خۆت و هۆ و ئامانج و پانۆڕامای ئەو تەوژمەمان بدەیتێ؟

**جەلیل کاکەوەیس:** ئەو سێ چیرۆکنووسە پێش ساڵی حەفتا بەرهەمی جیاکەرەوەیان هەبوو، بەتایبەتی ئەوەندەی من ئاگاداربم سەدرەدین عارف ساڵی ١٩٦٧ بەو نەفەسی جیاکارییە چیرۆکی هەیە. خۆزگە هەر ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئەوان بکرایەتەوە، چونکە سەدرەدین عارف و ئەحمەد شاکەلی لە ژیاندا ماون و ئەوان خاوەنی تەوژمەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیلێین بۆچوونە، بۆچوونی منیش ئەوەیە؛ ئەو سێ چیرۆکنووسە لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردیدا بە زەنگێکی هۆشیارکەرەوە دەزانم و پێم وایە لەنێوان گرووپی کەرکووک و تەوژمی ڕوانگەدا پردێکی پێوەندییان دروست کرد، جگە لەوەی ئەو سێ چیرۆکنووسە لە ڕێگەی زمانی عارەبی و ئینگلیزییەوە ئاگایان لەو شەپۆلە هزرییانەی ئەورووپا هەبوو، وەک سوریالیزم و کارە بێهوودەییەکانی سارتر و ئەلبێر کامو و سامۆئیل بیکیت و ئەوانی دی.

کاتێ ئەو سێ چیرۆکنووسە دەستیان پێکرد، بە تایبەتی سەدرەدین عارف، چیرۆکی کوردی هێشتا لە جغزی کاری وەسفی و دروشمکاری سیاسی قەتیس ببوو. هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئەو تەوژمە چیرۆکنووسییە، پێم وایە بریتین لە:

**یەکەم**: ئاگاداربوونی ئەو چیرۆکنووسانە لە تەوژمە هزرییەکانی ئەورووپا، لە ڕێگەی خوێندنەوەوە.

**دووەم**: بەهۆی بوونی فرە نەتەوەیی و جۆرە کولتوورێکی جیاواز لە شارەکانی دیکەی کوردستان کەشێکی هزری بزێو لە کەرکووکدا هەبوو.

**سێیەم**: پەرچەکردارێک بەرانبەر چەقبەستنی چیرۆکی کوردی بوو.

**چوارەم**: جۆرە یاخیبوونێک بوو بەرانبەر ستەمی فەرمانڕەواییە سەربازییەکانی عیراق و هاوکات نارەزاییەک بوو بەرانبەر ناکۆکی کورد لە شارەکەدا و گەڕان بەدووی تەسەللایەک تا نائومێدی تێدا بەتاڵ بکرێتەوە، ئەویش کاری نووسین بوو لە شێوەی شیعر و چیرۆک.

کاریگەریی گرووپی کەرکووک بڕواناکەم بەو شێوەیە بێت لەسەر تەوژمەکە، بەڵکو پتر وای بۆ دەچم تەوژمە هزرییەکانی ئەورووپا بە هۆکاری ڕاستەقینە دادەنرێ. ئەو تەوژمە هزرییانە بەجۆرێ تەشەنەی کردبوو، تەنانەت هەندێ لە مامۆستا وریاکانی ئامادەیی ئەو باسانەیان بۆ قوتابییەکانیشیان دەکرد و ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار ناوی سارتر و هزرە بزێوەکانیم لە مامۆستای عارەبی (وسام عوسمان) بیست. کەواتە لەو سەردەمەدا ئەو هزرە ناباوانە جگە لە خەڵکی نووسەر کەوتبووە سەر زاری خوێندەواری ئاساییش. هەر لەو ماوەیەدا دەنگوباسی لەتیف حامید وەک مامۆستایەکی نائاسایی بەسەر زاری ڕۆشنبیرانی کەرکووکەوە بوو. ئێ لەتیف هەڵمەتی شاعیریش هەر لەو سەروبەندەدا ناوی لەناواندا بوو، بەتایبەتی دوای دەرچوونی دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە ساڵی ١٩٧٠.

لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٠/٤/٢٥ (بەیانی ڕوانگە) دەرچوو. پێش ئەم مێژووە، ئەو سێ چیرۆکنووسە لە چیرۆکی نوێدا ئەزموونێکی سەرەتاییان گەڵاڵە کردبوو، بە تایبەتی سەدرەدین عارف چیرۆکی (کوێرە ڕێیەکی ژیان)ی لە ژمارە (١٠)ی برایی ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکردووەتەوە. هەردوو چیرۆکی (ڕازێک) و (تاکەی ئەم شەوە)ی ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکردووەتەوە. لەتیف حامد چیرۆکی (سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو)ی لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردووەتەوە. ئەحمەد شاکەلی هەردوو چیرۆکی (زنجەکانی ژووروو) و (شانۆکەیان سووتابوو)ی لە مانگی (٦) و (٨)ی ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردووەتەوە.

کەواتە بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، ئەو تەوژمە چیرۆکنووسییە پێش تەوژمی ڕوانگە دەکەوێت، ئاوهاش ئەمان دەبنە سەرەتایەک بۆ گۆڕانی فۆرم و نێوەڕۆکی چیرۆکی کوردی. هاوکات لە ڕێگەی کاری خودییەوە دەبنە حەڵقەیەک لەنێوان گرووپی کەرکووک و ڕوانگە، بەم پێیەش ناکەونە نێو بازنەی هەر یەکێ لەو

دوو گرووپەوە.

ئەوانەی چیرۆکی کوردییان قۆناغبەند کردووە، باشتر وابوو تەوژمەکەی ئەم سێ چیرۆکنووسەیان وەک کورتە قۆناغێک تۆمار بکردایە، چونکە بەرهەمی ئەمان زادەی تەوژمەکانی ئەورووپایە و قۆناغێکی سەربەخۆ لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا پێکدەهێنن. لەلایەکی دیکەوە دەبینین چیرۆکەکانی ئەم تەوژمە لەناوونیشان و تابلۆی سوریالی و یاخیگەری و هێماگەری و نێوەرۆکی ناباودا بوونە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ڕوانگە، چونکە لە دوای ڕوانگە بۆ ماوەیەک چیرۆکی کوردی هەمان سیمایان پێوە دیارە.

**ڕامان:** کردەی ناوونیشان چۆن دەبینیت. ئایا ناوونیشان ثیمەی ڕامانی سەرەکی دەقەکە دەبەخشێت، یان ناوونیشان ئیحایەکە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە. نموونە ناوونیشانی نۆڤلێتی (تۆڵە)ی محەمەد موکری ثیمەی دەقەکە دەبەخشێت، هەروەها ناوونیشانی چیرۆکی (تابلۆیەک)ی هەمان چیرۆکنووس ئیحایە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوە. مەبەست و تێگەیشتنی تۆ لە کردەی ناوونیشان چۆنە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** زۆرجار دایک و باوک لە ڕوانگەی بیروباوەڕی خۆیانەوە ناوێک لە منداڵەکەیان دەنێن، تا ئەو ناوە لە ڕەفتاری منداڵەکەدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام زۆرجار وا ناکەوێتەوە و ڕەفتاری بنیادەمێک بە پێچەوانەی گوزارشتی ناوەکەی خۆیەوەیەتی.

وەک پێشتر ئاماژەیەکمان بە خەملێنی بیرۆکەی چیرۆکێکەوە کرد، کە بریتییە لە کۆی ئەزموونی خوێندنەوە و بینین و بیستن و سەفەر و شکست و داهاتی عەقڵ و..تاد لە کۆی ئەمانەش کۆمەڵێ شتی بێ ناوونیشان پەیدا دەبێت و ئاوهاش ڕەشنووسێک دەکەوێتە سەر کاغەز و لەگەڵ ڕوونبوونەوەی هێڵە سەرەکییەکانی ڕەشنووسەکە ثیمەیەک، یان تەوەری سەرەکی بابەتێک وردە وردە ناسنامەیەک بۆ خۆی پەیدا دەکات، کە بریتییە لە کۆی گوزارشتی دەقەکە، هەر ئەم گوزارەیە لە ئەنجامدا دەبێتە ناسنامە و ناوونیشانی چیرۆک. ئاوهاش نێوەرۆک دەبێتە بناغەی ناوونیشانی چیرۆک. بە بارەکەی تر ئەگەر لەسەر لاپەڕەی سپی ناوونیشان دابنرێ و لەبەر ڕۆشنایی ناوونیشانەکە ئیش لە نێوەرۆک بکرێ، پێم وایە ئاوها چیرۆکنووس هەر لەسەرەتاوە خەیاڵی خۆی سنووردار دەکات، چونکە هەمیشە بیری لای ئەوە دەبێت لە دەسەڵات و حوکمی ناوونیشانەکە دەرنەچێت، بۆیە لەم بارەدا بیرۆکەی جوان و وێنەی ئەدەبی دەبنە قوربانی لەقاڵبدانی نێوەرۆک لە پای ناوونیشانی لە پێشینە دانراو. ئەمەش ڕەنجی بە فیڕۆچووی هەندێ لە شاعیرانی قۆناغی کلاسیکیمان دێنێتەوە یاد، کە لە پای کێش و سەروای ڕازاوەدا یەکێتی بابەت و نێوەرۆکی شیعریان لە قاڵب دەدا.

بە پێچەوانەی ئەو دوو میتۆدە کارکردنەی باس کران، هەندێ جار ناوونیشان پێوەندییەکی یەکجار کزی لەگەڵ مەتنی چیرۆکدا هەیە، ڕەنگە چیرۆکنووس ئەمەی لە پای سەرنجڕاکێشان بە ئەنقەست کردبێت، کە ڕستەیەکی بارگاوی بە مانایەکی ڕەوانبێژی و تارادەیەک دوور لە ثیمەی چیرۆک هەڵدەبژێرێت. تۆ دیقەتی ئەم ڕستەیە بدە (ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانییە)، کە ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی (محەمەدئەمین ئەحمەد)ە. خوێنەر بە خوێندنەوەی ناوونیشانەکە دنیا و کەشی چیرۆکی بە خەیاڵدا نایەت، بەڵکو بیری بەلای بابەتەکانی زمانەوانیدا دەچێت، کەچی لەکۆتاییدا هەست دەکەیت چیرۆکنووس بەنێو دنیای چیرۆکێکدا تێپەڕمان دەکات.

من پێم وایە ئەگەر نێوەرۆکی چیرۆک هەر لە سەرەتاوە بە زەبری ناوونیشان گەشە بکات، ئەوە ئەو دەقە پڕ دەکرێ لە لاشەی بێ گیان، نە جووڵەیان ڕەها دەبێت و نە وەک کارەکتەری ئەکتیڤ لەنێو ڕووداودا ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان جێبەجێ دەکەن. گرنگ ئەوەیە خولیایەکی گەرم و زیندوو هەبێت و بابەتێک خەڵق بکات، دیارە دواجاریش ئەو بابەتە ناوێکی هەر دەبێت.

**ڕامان:** بەشێک لە ڕۆشنبیری کورد هەمیشە لەبەردەم دەسەڵاتدا لاواز و دەستەپاچەن. ئەگەر مێژووی نووسراو و تۆماری میرنشینی (بابان، سۆران، بۆتان)ت بۆ دەستەبەر بکرێ و بخرێتە بەر دەستت، چۆن ڕۆشنبیرانی ئەم میرنشینانە کار پێدەکەیتەوە و وەک چ جۆرە کەسایەتییەک لە کارەکانتدا دەیانجوولێنیت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** بەدرێژایی مێژووی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکان، نووسەران و ڕۆشنبیران لە ڕووی هەڵوێست و کردەی ڕۆشنبیرییەوە چەند جوونێک بوون؛ جوونێکیان جیوەیی و هەلپەرست، بەردەوام ڕوو لە سەنتەری هێز و دەسەڵات بووە، تا لەوێوە هەم دەووروبەر فریو بدات و هەم لە ڕێگەی ستایشەوە بگاتە دەستکەوت. ئەمانە لەبەر ئەوەی کاری خودی بەرهەم ناهێنن، تەمەنی بەرهەمیان بە تەمەنی دەسەڵاتەوە بەستراوەتەوە، ئیدی لە دوای نەمانی دەسەڵات ناوی

ئەمان و بەرهەمیان بە گوێرەمەی ئاسیاودا دەچێت و خامۆش دەبنەوە. جۆری دووەمیان ئەوانەن کە پەیامی گەورەیان پێیە و بەردەوام لە گەشتێکی عاشقانەدان و لابەلای هیچ جۆرە دەستکەوتێکدا ناکەن، ئەوەشی بەرهەمی دێنن، دەبێتە موڵکی هەمووان. ئەمانە هەرگیز دەستەمۆ نابن، بۆیە لە قۆناغە شموولییەکاندا باجی خۆیان دەدەن، ئەگەر بەسەریش نەبووبێت، ئەوە یان نانبڕاو و برسی کراون، یان ناویان زڕێنراوە. جۆری سێیەمیان بەلای هیچ بڤەیەکدا ناچن و هەمیشە ئاگایان لە کڵاوی سەری خۆیانە و بە زۆریش ئەوەی بەرهەمی دێنن، هونەر لە پای هونەرە.

با ئەمێستا هۆیدەینەوە ناو مێژووی خۆمان و سەرنجێ لە دەسەڵات و نیمچە دەسەڵاتی کوردی بدەین، دەبینین دەسەڵاتەکان بریتی بوون لە دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی خێڵ و دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی نیرایەتی. ئیدی ڕۆشنبیرانیش بەپێی پۆلینەکەی باس کرا، کەموزۆر خزمەتی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەیان کردووە و خۆیان بە هەوادارایان زانیوە.

دەسەڵاتی ئایینی، کە سەنتەرەکەی تەریقەت بووە و لەمیانەی تەکیەکانەوە جێبەجێ کراوە، ئیدی سەدان و هەزاران مرید و هەواداری ئەو تەریقەتە وەک کابە ڕوویان لەو تەکییانە بووە. لەنێو ئەو هەزاران مریدەش شاعیر و خوێندەواریشیان تێدابووە؛ وەک تەکیەکانی قادری و نەقشبەندی و خانەقاکان. شاعیرێکی گەورەی وەک مەولەوی لەخۆشەویستی تەریقەتی نەقشبەندی و ڕابەرانی نەقشی تەوێڵە، دەستی لە شێوازەکەی خۆی هەڵگرتووە و بەشێوەزاری گۆران شیعری وتووە. نامەوێ لەم کارەدا پایەی شاعیری مەولەوی کەم بکەمەوە، لێ ئەمە ڕاستییەکە و داچۆڕانە بەلای دەسەڵاتی ئایینییەوە. کەڵە شاعیرێکی وەک شێخ ڕەزا، کە بێ پەروا لە نزیک و دوورەوە کەسایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی داشۆریوە، کەچی لە مەیلی تەریقەتگەرایی قادری، لەبەر دەرگانەی غەوسی گەیلانی، خۆی بچووک کردووەتەوە.

بە ئاوەژووی ئەوەی باس کرا، دەبینین حاجی قادری کۆیی لە سۆنگەی دەسەڵاتی ئایینی و دابی خێڵ و نەفرەت کردن لە نیرایەتی، زێد و باوان جێ دەهێڵێت و لە ئاوارەیی سەر دەنێتەوە، چونکە دەستی بە ئابرووی خۆی و ئابرووی شیعرەوە گرت و تا کۆتایی و تا ئێستاش لە ویژدانی خەڵکدا ماوەتەوە. کەواتە لە هەموو سەردەمێکدا ڕۆشنبیران و داهێنەران، یان ڕێگەی سەربەخۆ بوونی هزریان هەڵبژاردووە و باجی قورسیان داوە، یان لارەمل و هەواداری دەستە و تاقمێک بوون و کاری ڕۆشنبیرییان وەک دروشمێک بۆ بژێو و ئاسوودەیی سەر و بەرژەوەندی بەکارهێناوە.

لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا ڕۆشنبیران (خوێندەواری ئایینی و شاعیران) لەبەر پابەندبوونیان بە مەیلی ئایینی و خۆ خەریک کردن بەجوانی درکاندن، ئەوەندە نەپەرژاونەتە سەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی میرنشینەکان، ئەوانەیش کە باسی دیاردەیەکی ئەو میرنشینانەی کردبێت، پتر پێدا هەڵگوتن و ستایش بووە. ڕەنگە میرنشینی بابان لەوانی دی زۆرتر چانسی هاتنە نێو شیعری کوردی هەبێت و لەم ڕووەوە ئەرشیڤەکەی ڕوونترە. ئەوەتا عەلی بەردەشانی لە بەیتەکانیدا سوارچاکی و لێوەشاوەیی میرانی بابان تۆمار دەکات و بەلای کەموکوڕییەکانیاندا ناچێت. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ستایشی (ئالی بەبە)دا دەڵێت:

**ئێوەن بە حەقیقەت مەلکی میللەتی کوردان**
**شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان**

لە کاتێکدا تەنیا بنەماڵەی بابان بە شایانی ئەوە دەزانێت، کە میللەت وەلائی بۆیان هەبێت و خاکی بەرپێیان ماچ بکات، کەچی خۆی لەوە لاداوە میرانی ئەو میرنشینە بە قسەی سەفەوی عوسمانی دڵیان لە یەکتر کرمێ بووە و گەیشتە ڕادەی ناکۆکی و کوشتاری نێوان عەبدولڕەحمان پاشا و خاڵند پاشا.

زۆرجار تارمایی خراوەتە سەر نالی لە مەڕ پێوەندییەکانی بەسەرانی بابانەوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە تێکڕای شیعری نالی، دەردەکەوێت نالی شاعیرێکە تا ئەوپەڕی خودی بووە، بەڵام لەو شوێنانەی کە وابەستەییەک لە شیعرەکانیدا بۆ ئەو میرنشینە دەردەکەوێت، پێم وایە هەر لە پەرۆشی میللەتەکەیەوە بووە، بەتایبەتی لەو نامە شیعرییەی لە شامەوە بۆ سالمی ناردووە.

لەسەردەمی میرنشینی بۆتاندا، ئەحمەدی خانی لەهەمووان بوێرتر بووە و بە ئاشکرا لە مەم و زینەکەیدا بانگەشەی سەربەخۆ بوونی کورد هەڵدەدات و پێم وانییە دەسەڵاتی میرنشینەکەی لە تەواوی میللەتەکەی جیاکردبێتەوە، بەڵکو بەردەوام ئاراستەی بیرکردنەوەی بەرەو ناوجەرگەی میللەت بردووە و ڕەخنەیشی لە دەوروبەری خۆی گرتووە. کەواتە کارەکتەری ڕۆشنبیری کوردی بە درێژایی مێژوو وەک چۆن لە سەرەوە پۆلینمان

کرد، ئەو ئاراستەیەی هەبووە.

خۆ ئەگەر جارێکی دی، بێین وەک کارەکتەری نێو دەقی چیرۆک، یان ڕۆمانی ئەمێستامان بیانخەینەگەڕ، ئەوە دەست لەسەر سینگ بۆ هەندێکیان دەوەستم و ئەو ڕۆڵەی پێ دەسپێرم کە وەک داینەمۆیەک هەمووومان بەرەو سەرفرازی دەجوولێنێت. ڕەنگە ئەوانی دیکەش بەوە تۆمەتبار بکەین، کە نەیانتوانی دەست بخەنە سەر پەتا درمەکانی ناو میللەتەکەمان و نەبوونە ویژدانی هەمووومان و تەنیا لە سیلەی بەرژەوەندییەوە بەرهەمەکانیان بۆ جێ هێشتین.

**ڕامان:** ڕەگەزی (ڕووداو، کەسایەتی، شوێن، کات) پێکهێنەری دەقی چیرۆکن. ئایا دەکرێ یەکێک لەو ڕەگەزانە لە پێکهاتەی چیرۆکدا بوونی نەبێت؟ یان ڕەگەزێکی تری وەهمی جێگای بگرێتەوە، دەقێکیش بێت لە ڕووی پێکهاتەوە کەموکوڕی نەبێت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** لە پێناسەکردنی بە چیرۆکبوونی هەردەقێک، ڕەخنەگرانیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە. ڕاستە بەپێی پێناسە باوەکە توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆک لە ڕووداو و کەس و کات و شوێن پێک دێن، بەڵام جگە لەمانە کەرەسەی دیکەش بەشداری لە دروستبوونی چیرۆکدا دەکەن، وەک زمان و خەیاڵ و بیر و شەپۆلی هەست و کەرەسەی کۆلاژکەری سینەمایی و هونەری شێوەکاری و مۆزیک، ئینجا لایەنە دەروونناسییەکەش سەرباری هەمووی.

لە تەمەنی چیرۆکی جیهانیدا، چیرۆکنووسان بەردەوام هەوڵی ئەزموونی نوێ و تاقیکردنەوەی جێگۆڕکێی ڕەگەزەکانی چیرۆکیان داوە. لە چیرۆکدا ڕووداو کە شاڕەگەزە بە دەوری خۆیدا توخمەکانی دیکە کۆ دەکاتەوە، دیسان لە سەرووی ڕەگەزێکی بەهێزتر هەیە، ئەویش خەیاڵە. لە پانتایی خەیاڵدا دەستکاری شوێن و کات و کەسەکان دەکرێ. لە وزەی خەیاڵدا هەیە لە جیاتی شوێنی ئاسایی وەک: ماڵ، باخچە، شەقام..تاد بەرەو شوێنە نادیارەکان بمانبات، وەک ئەوانەی لە پێچەکانی یادەوەریدا هەر ئەوەتا بوونیان هەیە و نییە، وەک هەڵدێرە هەزار بە هەزارەکان و بیابانە لەبن نەهاتووەکان و ئەشکەوتە هەزار لۆغانە ئەفسانەییەکان و خەرەندە سەختەکان و پشت کێوە سەختە نەبینراوەکان و..تاد. ئەم شوێنە خەیاڵکردانە بەپێی جۆری ڕووداو، جاری وا هەیە دەبنە پەناگای کەسانی هەڵاتوو لە ستەمکاران، یان دەبنە خەڵوەتگای کەسانی عاشق و دوور لە چاوی کەسانی دی دەچنە ژووان. هەر خەیاڵە ئەم شوێنانە دەکاتە بەهەشت، یان دۆزەخ. ئەو شوێنانە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە و ئێمە پێیان ئاشنا نین، بەڵام لە پانتایی چیرۆکدا شێوەیەکی دیکە وەردەگرن و نایانناسینەوە، مەگەر لە ڕێگەی ئاماژە و دەلالەتەوە بەو شوێنانەیان چوێنین، کە لای ئێمە ئاشنان. لە ڕاستیدا ئەو شوێنانە مەگەر خەیاڵ پەیان پێ ببات، چونکە جێگە ڕاستەقینەکەیان پێچوپەناکانی یادەوەری چیرۆکنووسە.

کات ئەو توخمە هەستەوەرەی چیرۆکە، ئەگەر نووسەر لە ڕوودانی دۆخەکانیدا وریا نەبێت، شیرازەی توخمەکانی دیکەش تێک دەچێت. ئەوەندە هەیە وەستاکاری و شارەزایی لە گەمەی زماندا جاری وا هەیە لە ڕوودانی کاتدا فریومان دەدات. بۆ نموونە تۆ لە دەقی چیرۆکێکدا هاوتەریب لەگەڵ کاتدا دەڕۆیت و لە زەینتدا بەپێی گێڕانەوەکە، تۆ چەندین ساڵ گەڕاویتە دواوە و لەگەڵ ڕووداوی ڕابردوودا دەژییت، یان لە ئێستادا ڕووداوەکان دەور دەکەیتەوە، کەچی لەکۆتاییدا بۆت دەردەکەوێت، تۆ نە لە ڕابردوودا ئەو ڕووداوانەت ژنەوتووە و دیوە، نە لەئێستادا، بەڵکو خەیاڵی چیرۆکنووسەکەیە بە نوقڵانە و پێشبینی، کاتێکی لە ئاییندەدا دروست کردووە ئەم جۆرەیان دەچێتەوە سەر چیرۆکی خەیاڵی زانستی و ڕیالیزمی ئەفسوونی. پێم وایە ئەم دۆخەی کات وەک جێگرەوەی کاتی ڕاستەقینە پیشان دەدات.

ئێمە لە کاتی ئاساییدا تەنیا ڕووداوە زەقەکانمان لەیادە و بەلای وردە ڕووداودا ناچین ئەم وردە ڕووداوانە، یان ئەوانەی لە قووڵایی مێژوودان، لافاوی خێرای ڕۆژگار ڕاپێچی کردوون و ون بوون. ئەم ڕووداوانە کە لە دەقێکی چیرۆکدا زیندوو دەبنەوە، ئێمەی خوێنەر بە خەیاڵکردەیان دەزانین و ڕەنگە ئەم دۆخەش بە جێگرەوەی ڕووداوی ڕاستەقینە دابنرێ.

پێم وایە هەروا لە خۆڕا و لە پای بە ئەزموونکردنی پرۆسەی نوێ کردنەوەی چیرۆک، ناکرێ دەستکاری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆک بکەین، چونکە وەک خشتی نێو دیدار وان و بەلابردنی یەکێکیان درزی تێدەکەوێت. ئەوە ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆکە ئەم گەمە هونەرییە دەکات و زەینمان فریو دەدات، وەک گەمەی زمان و شێوازی گێڕانەوە و خەیاڵی بێ سنوور و وریایی هەر پێنج هەستەکە و زانیارییەکی هەمەڕەنگ.

**ڕامان:** شیعر و چیرۆک هەریەکەیان ژانری ئەدەبی

سەربەخۆن و بەکۆمەڵێ پێکهاتەی خۆیەوە تایبەتدارن، بەڵام دەکرێ هەردووکیان لە لێک نزیک کردنەوەیەکدا سوود لە یەکتری وەربگرن و خاڵی هاوبەش بهێننە ناو پێکهاتەی خۆیانەوە. نموونە شاعیر و چیرۆکنووس (سەلاح شوان) لە چیرۆکی (خەونی شەوێکی هاوین) ساڵی ١٩٨٤ لە ژمارە (٦٥)ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە. بەجۆرێ ژانری شیعر و گۆرانی لە درێژەی چیرۆکەکەدا بەکارهێناوە. هەست ناکەیت شیعر و گۆرانییە بەکارهاتووەکە ژانرێکی جیابن. بۆ ئەوە دەچیت شیعر و گۆرانی و چیرۆکەکە یەک ژانری ئەدەبین، خوێنەریش لەناو بازنەی خوێندنەوەی چیرۆک دەرناهێننە دەرەوە. بیروبۆچوونت دەربارەی ئەم جۆرە بەکارهێنانە چییە. لەکاتێکدا ئێستا کۆمەڵێک ڕەگەز لە دەقێکدا بەکاردەهێنن، لەم بەکارهێنانەدا دەق پێناسەی دیاری کراوی خۆی وەک: شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، پەخشان...تاد. بزر دەکات و بە (دەق) ناو دەبرێ. بە پێچەوانەی ئەوەوە بەکارهێنانەکەی شاعیر و چیرۆکنووس ئاماژە بۆ کراو پێکهاتە سەربەخۆکە دەهێڵێتەوە و دەست نیشانی دەقی چیرۆک دەکات؟

**جەلیل کاکەوەیس:** بەم پرسیارە ناچارتان کردم جارێکی تر چیرۆکی (خەونی شەوێکی هاوین)ی سەلاح شوان بخوێنمەوە. لە کۆتایی خوێندنەوەکەدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەندێ دەقی ئەدەبی هەن، هەرچەندە لە مێژووی نووسینیدا کۆن بێت، بەخوێندنەوەی پەرۆش و جددی، خۆی تازە دەکاتەوە، هۆیەکەشی ئەو خەیاڵە بزوێنەرەیە، کە چیرۆکەکەی لەسەر دامەزراوە.

ئەم چیرۆکە مێژووی نووسینی ساڵی (١٩٧٨)ە و ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا خەیاڵی لە دوو شوێندا خستۆتەکار (بەغدا) و (بێخاڵ). لەنێوان ئەم دوو شوێنەدا جەستەی لە بەغدایە و خەیاڵەکەی لە ڕێگەی هەندێ ئاماژەوە لەنێوان بەغدا و هاوینەهەواری بێخاڵ دەجوولێت.

ڕێچکەی گشتی چیرۆکەکە ئەوەی لە منەوە دیارە ڕەوتی ئاوەکەی بێخاڵە، کە سەرچاوەکەی سازگار و ڕوون و بە تافە تافە، ڕێژگەکەیشی ڕووبارێکی سست و لیلە (دیجلە). ئاوەکە لە ژینگەیەکی پاکەوە هەڵدەقوڵێت و هەموو بونەوەرەکانیشی گەش و جوانن، لێ هەر ئەو کە دەگاتە ژینگە نوێیەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. خۆ ئەگەر دوورتر بڕۆین، بەپێی ڕەوتی ئاوەکە دوو جوگرافیای جیاواز و دوو نەتەوەی جیاوازیش بەدی دەکەین، چونکە چیرۆکەکە هێماکاری تێدا بەکار هێنراوە.

ئەدەبیات ئەو درەختەیە توخمی دیکەی لێ موتوربە دەکرێ. درەختەکە یەک ڕەگی هەیە و لقەکانی هەمە جۆرن، بە هەمان شێوە بەری هەمەجۆریش دەدات. بەم ئاوهایەش هەر دەقێکی ئەدەبی لەسەر هەر توخمێک ڕەگی داکوتا، لەسەر هەمان ڕەگ پێناسە دەکرێ، ئیدی ئەو توخمە هونەرییانەی تێکەڵی دەبن، پێناسەی لاوەکی خۆیان هەیە، بەڵام وزە لە دەقە بنچینەییەکە وەردەگرن. ڕەنگە هەندێ جار ئەو توخمە تێئاخراوانە هەڵیش بگیرێن، ئەوەندە کار لە ڕەوتی دەقەکە نەکەن، بگرە لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر ئەوەندە خەیاڵی لای ئەو توخمە لاوەکییانە نامێنێت و تێکەڵی ئیمەی دەقەکە دەبێت، بۆیە لەکۆتاییدا توخمی لاوەکی بە یەکجاری شوناسی خۆی لە دەست دەدات، تەنیا ئەوەندە بۆ ئەو توخمە لاوەکییانە دەمێنێتەوە کە دەبنە جێگای سەرنجی توێژەرەوە و وەک بابەتێکی ڕەوانبێژی تەماشا دەکرێن. چیرۆکی (خەونی شەوێکی هاوین)ی سەلاح شوانیش هەر لەو دەرگایەوە پێیدا گوزەر دەکەین، چونکە لە بنچینەدا لەسەر بنەمای چیرۆک دامەزراوە، ئیدی ئەو بابەتانەی تێکەڵی ئەم چیرۆکە بوون، نێوەرۆکەکەیان دەوڵەمەند کردووە. ئەو کە ناوبەناو دەربڕینێکی ناسکی شاعیرانەی خۆی، یان نیوە دێڕێکی شیعرەکەی هەژار (شەوە و دنیا وەکو زوڵفت سیاپۆش) وەستایانە تێکەڵی ڕەوتی گێڕانەوە کردووە و خۆیشی بە ئەنقەست ئەمەی کردووە و لەنێو کەوانە دایناون، ئەمە لە هونەری ڕەوانبێژیدا پێی دەوترێ تێهەڵکێش. سەرەڕای هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا دەبینین ئێمە چیرۆکێکمان خوێندووەتەوە، نە دەربڕینی شاعیرانەی ناسک و نە شیعرەکەی هەژار و نە دەنگی گۆرانی، بوونێکیان نامێنێت. هاوکات هەست بە جوانکاری و موتوربەکردنێک دەکەین.

هەر دەقێک لەسەر توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆک دامەزرا، هەر ڕەگەزێکی دیکەی تێهەڵکێش کرا، لە چیرۆکبوونی ناخات. بە هەمان شێوە ئەو دەقەی لەسەر ستونگەکانی شیعر دامەزرا هەر ڕەگەزێکی دیکەی تێهەڵکێش بکرێ، لە شیعرێتی ناکەوێت. داستانی مەم و زین، ڕووداو و شوێن و کات و کارەکتەری بزواوی بە تەواوی تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر دامەزراوەکانی شیعر بوون ڕۆنراوە، هەر بە شیعرێتی ماوەتەوە، ئەوە ئێمەین ناوی دیکەی لێدەنێین، داستانە شیعر و ڕۆمانە

شیعر و...تاد. کەواتە ئەو دەقانەی هێڵە سەرەکییەکەیان چی بێت، هەر ئەو ئاراستەیە وەردەگرن و هەر بەوەش دەناسرێنەوە. ئیدی هەرچی ڕەگەزی دیکەیان ئاوێتە بکرێ بە (تێهەڵکێش) دادەنرێ.

**ڕامان:** کات لە ڕۆماندا چ بینایەکی ڕووداو و هونەری لەسەر بنیاد دەنرێ. نموونە: لە ڕۆمانی کوردیدا هەیە کات چەند کاتژمێرێکە و هەشە چەند ساڵێکە. ئایا کاریگەری و گرنگی کات لە ڕۆمانی نوێدا چییە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** لە ڕۆماندا کات بەشێوە باوەکەی دوو جۆرە؛ کاتی نووسینی ڕۆمان، واتا سەرجەم ئەو کاتەی لە نووسینی ڕۆمانەکە خەرج کراوە، کاتی دووەم، سەرجەمی ئەو کاتانە دەگرێتەوە، کە ڕووداوەکەیان تێدا قەوماوە. جووڵەی ڕووداو لە چوارچێوەی کاتدا هونەرێکی باڵایە و شارەزاییەکی فرە ڕەهەندی گەرەکە. تۆ دیقەتی ڕۆمانی (سەعاتی بیست و پێنجەمین) بدە، بزانە چۆن کۆنستانت جۆرجیۆ سەربردە تاڵەکانی (ئایۆهان مۆریتز) دەگێڕێتەوە. ڕۆماننووس بە کاتە عادەتییەکەی شەو و ڕۆژ، کە بیست و چوار سەعاتە، دڵی دانەکەوتووە و سەعاتێکی دیکەی لە دەرەی زەمەنی ئاسایی بۆ خواستووە، تا بتوانێت لەهەق ڕووداوی دەربەدەرییەکەی شاکەسی ڕۆمانەکە بێت. ئاوهاش لەم ڕۆمانەدا کاتێکی نائاسایی جێبەجێ کراوە، ئەوکاتە نائاساییەش تەنیا کۆنستانت جۆرجیۆی ڕۆماننووس خاوەنیەتی، چونکە دڵنیام ئەگەر ئەو تاقە سەعاتەی نەخستایەتە سەر زەمەنە ئاساییەکە، هاوسەنگی نێوان کات و ڕووداوەکە تێک دەچوو.

لە ڕووکاردا گێڕانەوەی ڕووداوی دەربەدەری (ئایۆهان مۆریتز)ی شاکەس بە زارەکی بیست و پێنج سەعاتی خایاندووە، کەچی هێشتا دوو زەمەنی دیکە ماون؛ کاتی نووسین و کاتی ڕوودانی قەوماوەکە. بەم پێیە لەم ڕۆمانەدا سێ جۆرە کات هەیە: کاتی گێڕانەوە بەزارەکی، کاتی گێڕانەوە بە نووسین، کاتی ڕووداوەکە. بەم پێیەش هەر وەک چۆن لە ڕووی کاتەوە گەمەیەک لەناوونیشانەکە کراوە، ئاوهاش کاتی هونەری (نووسین) و کاتی ڕاستەقینە گوێ بە گوێی هەڵکێشانی ڕووداوەکان، گەمەیان تێدا کراوە.

لە ڕۆمانی (ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە)ی (جەنگیز ئەیتماتۆف) بە هونەرکردنی کات بە ئاشکرا دیارە و ڕووداوی یەک سەدە لە یەک ڕۆژدا دەگێڕدرێتەوە. دەبینین لە میانەی تێکەڵکردنی ڕووداوی لاوەکی بە ڕووداوە سەرەکییەکە، توانراوە هاوسەنگییەکی لۆژیکی و لەبار لەنێوان کات و ڕووداودا ڕابگیرێت.

پێم وایە لە ڕۆمانی کوردیدا بەهۆی درێژدادڕی و تێئاخنینی بە زۆر و ڕستەی وەسفییەوە، کاتێکی زۆر (کاتی هونەری) بە فیڕۆ چووە. خەریکە نموونەی ڕۆمانی هونەریی سەرهەڵدەدات و ئەو بۆشاییانەی دەکەونە نێو گێڕانەوەی ڕووداو بە گەمەی هونەری و زمانی بارگاوی پڕ دەکرێنەوە، بەجۆرێ دەبینین لە هەندێ ڕۆمانی کوردیدا ڕووداو بارتەقای کات نییە، بۆیە ڕۆماننووسەکە لە ڕێگەی فانتازیاوە وردە ڕووداوی دی دەداتە دەم ڕووداوی سەرەکییەوە، ئەنجامیش ئێمەی خوێنەر قایل دەکات، کە ئەوەی خوێندوومانەتەوە، یەکەیەکی تەواو و بێ کەلەبەرە. بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا هاوسەنگی نێوان کات و ڕووداوی ڕاگرتووە. خەسرەو جاف لە ڕۆمانی هەشت بەرگەی (دەربار)دا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ڕاگرتنی لەنگەری ڕووداو و کات.

**ڕامان:** ڕۆمانی کوردی زیاتر لە پانتایی بابەت ئیشی کردووە، کە کۆمەڵگای کوردی لە بارودۆخێکی سیاسی دەژیا، ڕۆمانەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە بووە. ئایا ڕۆمانمان هەیە لەم بارە بابەتییەی دەرچووبێت و تەواو لەناو بابەتی جوانناسیدا کاری کردبێت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** ڕۆمان، جگە لە مەرجە هونەرییەکانی، دەبێت لەسەر ماکی بابەتێک دابمەزرێت، ئەم کارکردنە لە ڕۆمانی خۆمانە و جیهانیدا چوونیەک نییە، بەڵکو کۆمەڵێ فاکتەری ژینگەیی و ژیاری و خودی و بابەتی لەپشت هەڵبژاردنی ڕۆمانەوە هەیە. بابەتی ڕۆمان بەندە بە دیدوبۆچوونی ڕۆماننووسەوە، هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیەیە، کە ڕۆماننووس دۆخەکانی کەسێتی خۆی و چۆنێتی کۆمەڵگاکەی تێدا ئەزموون کردووە. ئەلیکس هالی، ئەگەر چەوساندنەوەی مێگەلاسای ڕەگەزی ڕەش پێست تا سەر ئێسک کاری تێنەکردبا، چۆن بابەتێکی کاریگەری وەک ناواخنی ڕۆمانی (ڕەگەکان)ی بەرهەم دەهێنا. ئەگەر کازانتزاکیس بە قەولی خۆی حەجی تەواوی وڵاتی یۆنانی نەکردبا و لەگەڵ دار و بەرد و ئاو و درەخت و بنیادەمی ئەو وڵاتەدا گفتوگۆی نەکردبا، چۆن (زۆربا)یەکی بەو بیچم و ڕەفتارەوە دەخوڵقاند، ئەگەر یەشار کەمال دڵڕەقی و بێ مروەتی تورکی دەرهەق بەهاو ڕەگەز و خۆ وڵاتی نەدیبا، چۆن ئاوها لە زۆربەی کارەکانیدا تورکی بەو ناجۆرییە

وێنا دەکرد. ئیدی نموونە زۆرن و پێم وایە بابەتی هەر ڕۆمانێک سەرچاوە ڕاستەقینەکەی ژینگەی ڕۆماننووس خۆیەتی. خۆ ئەگەر گشتگیرییەکیش لە بابەتی هەندێ ڕۆماندا هەبێت، ئەوە خاسیەتە هاوبەشەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

ئەوەی باس کرا، ڕۆمانی کوردی لێ بەدەر نییە، ئەوەی نووسراوە زادەی ژینگەی کوردەوارییە و بە خەوشیش دانانرێ، تەنیا شتێک پێویستی بە هەڵوەستە بێت، ڕەنگە لایەنە هونەرییەکەی ڕۆمانی کوردی بێت کە لە قۆناغی بەراییدا لەگەڵ ڕۆمانی جیهانی بەراورد ناکرێ، لێ ئێستا ئەو پاساوەش نەماوە و ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی ململانێی ڕۆمانی دەوروبەر و دنیایە، بۆیە ڕەخنەی ئێستا نابێت چاوپۆشی لە بۆشاییەکانی ڕۆمانی کوردی بکات.

بابەتی ڕۆمانەکانی بەراییمان وەک وترا زادەی کۆمەڵی کوردین و لە زۆربەیاندا خولیاکانی ئێمەیان وەک بابەت نمایش کردووە، وەک چەوساندنەوەی نەتەوەیی و شێوازی جوگرافیا و بابەتی تر، بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەپێی ئەو گۆڕانەی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هاتووە، ڕۆمانیش نەفەسێکی دیکەی وەرگرتووە، ئیدی هەر ئەوە نییە ڕۆماننووسن و خەریکی بیرازکردنەوەی ئەزموونی پێش خۆی بێت و لەو ژێیە زەقانە بدات، کە ماوەیەکی زۆر لە گوێچکەماندا زرینگانەوە، بەڵکو ئێستا ڕۆمانی کوردی لە پاڵ خەمە گشتییەکاندا لە هۆڵی ئێستێتیکای نووسینە، خەریکە لەسەر ئەو وێستگایانە هەڵوەستەمان پێدەکات. ئەگەر بە ویژدانەوە بڕوانینە کارەکانی بەختیار عەلی، دەبینین هەم لەسەر بابەت کاری کردووە، هەم ئێستێتیکا. عەبدوڵڵا سەراج کە بەردەوام بە دوای ئەزموونی نوێوەیە، نە بابەتی فەرامۆش کردووە، نە هونەرکاری ڕۆمان. ڕۆمانی کوردی خەریکە دەکەوێتە سەر ئەو شا ڕێگەیەی کە بتوانێت ببێتە بەشێک لە کردەی مرۆڤایەتی.

**ڕامان:** لە دەقدا هێزی هەست و هێزی شێواز زۆر گرنگن. ئایا لە وەرگێڕاندا چەند دەتوانرێ ئەو هێزانە بپارێزین؟ یان ئەگەر نەپارێزران، وەرگێڕان دەتوانێت لایەنێکی تر بکاتە پارسەنگ بۆ پاراستن و هاوسەنگی دەقەکە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** هەر نووسەرێک، کۆمەڵێ کەرەسەی هزری و زمانی و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و لە کەسانی دی جیای دەکاتەوە، بە تایبەتی زمان هەندێ جار ئەوەندە بە فرە گوزارەیی و ئیدیۆم کاری بارگاوی دەبێت، ڕەنگە لە وەرگێڕانی زمانی ئەو دەقەدا واتای پێچەوانە و دژی لێ بکەوێتەوە کە بە هیچ جۆرێ بوونی لە دەقی یەکەمدا نییە، ئەمەش کارێکی وا دەکات دوو دەقی جیاواز بخوێنینەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، کاتێ نووسەر خەریکی چنینی دەقێکە، لە ماوەی کارەکەیدا ڕایەڵی بیرێک لە زەینیدایە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو ئامرازەکانی دیکە لە خزمەتی ئەو بیرەدا بن، کەچی وەرگێڕێکی لێ پەیدا دەبێت پەی بە کرۆکی بیری ناو دەقەکە نابات و ونی دەکات، ئەنجامیش خاوەن دەقی یەکەم ڕەنج بە خەسار دەبێت.

ئەرکی سەرەکی وەرگێڕ شارەزایی زمانە؛ زمانی دایکی خۆی و زمانی دەقەکە، چونکە وا ڕێ دەکەوێت زمانی دەقەکە و زمانی وەرگێڕ هەریەکەیان سەر بە گرووپێکی جیاوازی بنەماڵەکانی زمانن و لە ڕووی پێکهاتە و دەستووری ڕێزمانییەوە یەکجار لە یەک دوورن و هەر یەکێ لەو دوو زمانەش بە درێژایی مێژووی خۆیان، گۆڕانیان تێدا کراوە و هەزاران ئیدیۆم و زاراوەی میللی تێرژاوە، کە تایبەتە بە ژینگەی ئاخێوەرەکانی، بۆیە کاتێ ئەم ئیدیۆم و زاراوانە بۆ زمانە تازەکە دەگوێزرێنەوە، نامۆ دەبن و لەگەڵ ڕەوتی زمانی دەقەکەدا هەڵناکەن. ئەم جیاوازییە لەنێوان زمانی عارەبی و کوردیدا یەکجار زۆر و زەقە، چونکە هەریەکەیان سەر بە بنەماڵەیەکی زمانی جیاوازن، کەچی جیاوازییەکە لەنێوان کوردی و فارسیدا کەم دەبێتەوە، هیچ نەبێت لە ڕووی دەستووری ڕێزمانییەوە، چونکە سەر بەیەک گرووپە زمانن. دەتوو بڕوانە ئەم پەندە کوردییە (خوا کڵاوی بۆ بە ڕووش کردووە)، بزانە واتاکەی لەکوێوە هەڵقوڵاوە و بۆ چ مەبەستێک لە ژینگەی کوردیدا بەکاردێت. کاتێ ئەم پەندە دەگوێزرێتەوە بۆ ژینگەی زمانێکی دی، دڵنیام واتاکەی هەڵدەوەشێتەوە و مەبەستەکەی خۆی لە دەست دەدات. کەواتە یەکێک لە ئاستەنگە هەرە گەورەکانی وەرگێڕان، جیاوازی تایبەتمەندی زمانەکانە.

یەکێ لە وەرگێڕە دانسقەکانی کورد مامۆستا (شکور مستەفا)ی ڕەحمەتی بوو، کاتێ ڕۆمانەکانی یەشار کەمالی وەرگێڕا، توانی بیری ناو دەقەکان و شێواز و کەرەسەکانی (یەشار کەمال) بە ئێمە بگەیەنێت، بەڵام لە ڕێگەی تایبەتمەندی زمانی کوردی و زمانە گشتگیر و ستاندارەکەی خۆیەوە توانی کۆسپ و لەمپەرەکانی نێوان

زمـانی کـوردی و زمـانـی تورکی تەخت بکات و دواجـار ئێـمـە هەست بە هیچ لەنگیـیـەکی دەقـەکـان نەکـەین و ڕاسـتەوخۆ مـامـەڵە لەگـەڵ گـەرمـوگـوڕی هەسـتی یەشـار کەمال خۆیدا بکەین. ئا ئەم جۆرە زمانپـاراوییەی وەرگێڕ هەندێ جار خەوشەکانی وەرگێڕان ون دەکات و ئەوە لای خوێنەر جـێگیـر دەکـات کـە دەقـێک دەخـوێنێـتـەوە، لە بنەچەدا بەزمـانـی دایک نووسـراوە. هەرچەندە ئەم جـۆرە شێوازە برێ جار لە خزمەتی تێکستە ئەسڵەکەدا نییە و لە ڕێگەی بایەخی وەرگێڕ بەزمانەوە، هەندێ لە بیرۆکەی دەقەکە ون دەکرێ. دەمەوێ ئەوەش بخەمە سەر قسەکانی پێـشـوو، پێم وایە سـەرکـەوتنی (شکور مـسـتـەفـا) لە وەرگێڕانی کارەکانی یەشار کەمالدا، جگە لە کارامەیی خـۆی وەک پسـپـۆڕێکی زمـانزانی کـورد، هۆکـارێکی دیکەش یارمـەتیـدەری بووە، ئەویش بەو پێیـەی یەشـار کەمال خۆی کوردە و شارەزای کولتووری کوردیشە، بۆیە وای بۆ دەچم کـاتێ بەزمـانی تورکی کارە ئەدەبییـەکـانی داڕشتووە، بەپێی پێویستبوون و عاسێ بوونی زاراوە و ئیـدیۆمی تورکی، بەکـوردی بیـری کـردووەتەوە و پەنای بردووەتەوە لای تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕەسەنی خۆی، بۆیە زاراوە و ئیـدیۆمـەکان واتا کوردییـەکـەیان لە دەست نەداوە، با لە قـاڵبی تـورکـیـشـدا داڕێژرابن و لەکـاتی بەکوردی کردنیاندا جێگەیان لەق نەبوو.

کـەواتە لە هەمـوو بـارێکدا ئیـشی سـەرەکی وەرگـێـڕ پاراستنی گوزارشتی دەقە ئەسڵەکە و تایبەتمەندییەکانی زمانی نووسەرەکەیە، بەڵام هێشتا بایی ئەوەی هەر تێدا دەمێنێتەوە، بابایەکی تر پێیدا بچێتەوە و بڵێ لە فلان و فـیـسـار شوێن غـەدر لە نووسـەری دەقـەکـە کـراوە، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی شیعردا کەمەکێک مەحاڵە، بەڵام لە وەرگـێـڕانی چیـرۆک و ڕۆمـاندا ئێـهـێکی تێـدایە، بە مەرجێ وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکەدا باڵا دەست بێت.

**ڕامان:** هەقایەت بوونێکی دووروودرێژی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئایا ئەو چیرۆکە هونەرییانەی چیـرۆکنووسـانی ئێـمـە نووسـیـویانە، چەند سـوودیان لەم هەقـایەتانە وەرگـرتووە، یان بە بۆچوونی تۆ چیـرۆک درێژبوونەوەی هەقـایەتە، یان ڕادەی کـارتێکردن و نزیکایەتییان لەگەڵ یەکتر چییە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** هەقایەت بە ئەدەبی میللی، یان فۆلکلۆر ناسراوە، بەڵام چیرۆک هونەرێکی ڕۆژاوایییە و لە ڕێگەی دەستاودەستی وەرگێڕانەوە گەیشتووەتە کورد. حەکایەت دەرهاویشتەی کۆمەڵگای کشتوکاڵییە و زارە و زار گـێـڕدراوەتەوە، هەرچی چیـرۆکی هونەرییـە دەرهاویشـتـەی کـۆمـەڵگای شارسـتـانییـە. لەگـەڵ ئەم جیـاوازییـانەش، لەوەدا هاوبەشن، هەردووکیـان ڕەگەزی گێڕانەوە و جێکات و ڕووداو و کارەکتەری خۆیان هەیە.

ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ بەراییـەکـانی چیـرۆکی کـوردی، دەبینین زۆربەیان لە گێڕانەوەدا حەکایەتئامێزن، یان هەر ئەو حـەکـایەتە بیـسـتـراوانەن، چیـرۆکنووسی کـورد بەشێـوەیەکی هونەریتر دایڕشتووەتەوە. لە (هەمـیـشـە بەهار)ی (عەلادین سجادی) ئەم جۆرە تاووتووە دەبینین، لای (شـاکـر فـەتاح) و (برایم ئەحـمـەد)یش بە هەمـان شێوە. لە ڕێگەی وەرگێڕانی چیرۆکی بیانییەوە، چیرۆکی کـوردی وردە وردە لەو قـاوغ و پۆرگـە دەرچوو، تا لە کۆتایی پەنجاکاندا چیرۆکنووسی کورد ئیدی خۆی دەبێتە خـوڵقـێنەری ڕووداو و کـەرەسـەی نوێ بۆ چیـرۆک پەیدا دەکـات، (شـێـخ مـارف بەرزنجی) یەکـێکە لە ڕەوت گـۆڕەکـان و دواتریش (سـەدرەدین عـارف) و ئەوانی تر وەک پێشـتـر باسم کـرد دەبنە خـاوەنی سـتـایلێکی تازەی چیرۆک.

پێم وا نییە چیرۆکی ئێستای کوردی لەسەر کەوڵی حـەکـایەت بژێت، چونکە چیـرۆکنووسی ئەمـڕۆ، خـۆی خوڵقێنەری تێکڕای پێکهاتەکانی چیرۆکە، ئەو زمانە بە ئاڵـوشـەو ئەو خـەیاڵەی تێـدا بەکـاردێت، وای کـردووە چیرۆکی کوردی بە تەواوی لە توخمەکانی دیکەی ئەدەب خـۆی جـیـا بکاتەوە و خـەریکە پەی بە دیاردەکـانی گەردوون دەبات و زانستەکان لەگەڵ خۆی ئاوێتە دەکات، چیرۆکی ئەمڕۆ لە ڕێگەی زوومی کامێرای خەیاڵەوە ئەو گرتە ژیانیـانە دێنێتە بەرچاو کە بەشێکن لە ڕەوتار و ناخ و هەڵوێستی هەموومان.

**ڕامـان:** ترسناکـتـرین کـردەی نـووسین ئەوەیە ڕووداو نەکرێ بە هونەر. ئایا ئەدیبی ئێمە توانیویەتی ڕووداوی کـوردی لە بەرگـێکی هونەریدا پێـشکێش بکات؟ بۆ نموونە: (عـەبدوڵڵا سەراج) ڕۆمـانێکی بەناوی (کـۆچڕەو کـۆچڕەو)ە و کـارەسـاتی کـۆڕەوی کـردووە بە بابەتی نووسینەکەی، (حوسێن عارف) ڕۆمانێکی هەیە بەناوی (هێـلانە) هەیە، (ئەحـمـەد مـحـەمـەد ئیـسـمـاعـیل) ڕۆمـانێکی بەناوی (بەهاری ڕەش) هەیە و ئەنفـالیـان کـردووەتە بابەتی نووسـینەکـانیـان. ئایا ئەم ڕۆمـانانە توانیـویانە ڕووداوی کۆمەڵگای کوردی بکەن بە هونەر؟ یان ئەگـەر ڕووداو نەکـرا بە هونەر، دەتوانرێ وەک هونەر تەماشا بکرێ؟

**جەلیل کاکەوەیس:** هەمیشە بۆچوونم وابووە، کاری ڕۆمان ئەوە نییە ڕووداو بە دەق و مۆری خۆیەوە تۆمار بکات. زۆربەمان حەکایەتەکانی ڕووداوی ئەنفالمان لە ڕزگار بووەکان بیستووە، لەوانەوە ناوی جەلادەکەی نوگرەسەلمان (عەجاج) و ئەو سەگە ڕەشەی لاشەی مردووەکانی لە گۆڕ دەردەهێنا و دەیخواردن، هەروەها ناوی (تەیموور)ی مێرد منداڵ کە لە بیابان لە مەرگ ڕزگاری بووە، ئەگەر هەر ئەم ناوانە لەنێو کەش و پانتایی ڕۆماندا بەشێوە ئاساییەکەی خۆیان بجووڵێن، ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ گێڕانەوەی ئەوکەسانە نابێت، کە پاشماوەی ئەو ڕووداوانەن.

بە هونەرکردنی ڕووداو، ئەوەیە جارێکی دی لە کەشێکی خەیاڵئامێزدا ڕووداوەکان بە سیمایەکی تر وێنادەکرێن، کارەکتەرەکان برێ جار لە ڕێگەی دۆنای دۆنەوە، ڕەنگ و ڕووی دیکەیان لێ دەنیشێت، بەجۆرێ جووڵەی جەستەیان دەگۆڕێت و بگرە ڕوح دەبێتە جێگرەوەی جەستە مادییەکە، بۆیە لە پانتایی شوێنی خەیاڵکردەدا بەخێرایی دەبزوێن، هەر ئەو خێراییەش وا دەکات لەمەودای کاتدا، لە لاپەڕەیەکی ڕۆمانەکەدا لە جێکاتی ڕاستەقینەی ئێمە بن و لەلاپەڕەیەکی تردا لە جێکاتی خەیاڵکردە. ئەو پانتاییەی ئێمە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆماندا بە چەند سەعاتێک، یان ڕۆژێک پێدا تێدەپەڕین، ڕەنگە پانتاییە ڕاستەقینەکەی، چەندین مانگ و بگرە چەندین ساڵ بێت. ئەوە ڕۆماننووس ئەو مەوداو کاتانەمان لە چەند لاپەڕەیەکدا بۆ کورت دەکاتەوە، لە ڕێگەی کۆدە تایبەتییەکانی خۆیەوە، چەندین خاڵی دەست نیشانکەر لەو پانتاییە دادەنێت، تا بەهۆیانەوە ئێمە بچینەوە سەر کاتی ڕاستەقینە و شوێنی ڕاستەقینە و ڕووداو و کەسانی ڕاستەقینە. ئەو ڕۆمانانەی ئێوە دەست نیشانتان کردوون، پێم وایە دەست پێشخەرن و دەبنە سرووش بۆ بەرهەم هێنانی جۆرێکی دیکەی ڕۆمان، بەڵام ئاراستەی دیکە وەردەگرن.

**ڕامان:** لە هونەری چیرۆکدا دەسپێک کرانەوەی سەرەتای دەقە و هونەرێکی کاریگەرە، کۆمەڵێک ئاماژە بە جەستەی دەقدا بڵاودەکاتەوە. لە هەندێک چیرۆکدا دەسپێک وەک کرانەوەی سەرەتای دەق، لەکۆتایی دەقیش دووبارە دەبێتەوە و چیرۆکەکە داناخرێ و وەک دەقێکی کراوە دەمێنێتەوە. ئەم بەکاربردنە ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین شاعیر و چیرۆکنووس (سەلام محەمەد) لە چیرۆکی (گرێکوێرەی مەرگ) ساڵی ١٩٨٦ لە ژمارە (٥١)ی گۆڤاری کاروان دەستپێشخەری ئەم چەشنە بەکارهێنانەی کردووە. لەدوای ئەم بەکارهێنانە چیرۆکنووسی تر ئەم دووبارەکردنەوەیەی دەستپێکیان بەکارهێناوە و چیرۆکەکە لەنێوان دوو دەستپێکدا جومگەکانی خۆی پێشکێش دەکات. ئایا هونەری دەسپێک لەچیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا چۆن بەڕێوە چووە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** دەسپێک لە چیرۆکدا بەپێی بینای گشتی چیرۆک و شێوەی هەڵبژاردنی چیرۆکنووس دەگۆڕێت. زۆرجار دەبینین دەسپێکی چیرۆک بە دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەری نێو چیرۆکەکە دەست پێدەکات و لەو دیالۆگەوە دەروازەیەک دەکرێتەوە. هەندێ جار لە چەند ڕستەیەکی کورتەوە، کە دوورە لە پێشەکی، یەکسەر تێکەڵی گرێی چیرۆک دەبێت، بەڵام وەک جاران باوبوو، کە چیرۆک دەبێت لەسەر: پێشەکی و ناوەرۆک و کۆتایی، بەند بێت، پێم وایە ئەم دامەزراندنە قەتیس کردنی چیرۆکە لەسەر یەک جۆرە فۆرم و ئەمەش خزمەتی گەشەکردنی چیرۆک ناکات. ئەوەندەی من لە سەنعەتی چیرۆک گەیشتبم، وا دەزانم چیرۆکنووس هەمیشە بەوەوە ناوەستێت شێوازی دەقگرتووی چیرۆک بەگشتی ڕەچاو بکات، بەڵکو لە ئەزموونی تاقەکەسی خۆیشیدا هەوڵی هەمەڕەنگی و شێوازی جیاواز دەدات.

ئێستا با بێینەوە سەر پرسیارەکە، کە دەربارەی دەسپێک و کۆتاییە. دووبارەکردنەوەی دەسپێک لەکۆتایی چیرۆکدا لە هونەری میللی بەند و گۆرانی کوردی بەکارهێنراوە. دەبینیت بەندێک بە کۆپلەیەک دەست پێدەکات و هەمان کۆپلە لە کۆتایی بەندەکەدا دووبارە دەبێتەوە. زاهیر ڕۆژبەیانی لەکتێبی شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر ئاماژەی بەم جۆرە بەکارهێنانە داوە، هەروەها مەحموود زامداریش لەکتێبی دەروازەیەک بۆ گۆرانی و ئاوازی کوردی، لە بەندی ئازیزە و بەندی گوڵێ گوڵێ، ئاماژەی بۆ ئەم جۆرە فۆرمە کردووە.

لە چیرۆکی (گرێکوێرەی مەرگ)ی (سەلام محەمەد)دا هەمان شێوازی پێشبەند و پاشبەندی گۆرانی و بەندە کوردییەکاتی تێدا بەکارهێنراوە، ئیدی بە سوود وەرگرتن بێت، یان لە خەیاڵی خۆیەوە بێت، داهێنانێکە لە چیرۆکی کوردیدا، بە ڕێکەوت پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دیدارێکی (سەلام محەمەد)م لە هەردوو ژمارە (٣٧) و (٣٨)ی گۆڤاری (هەنار) خوێندەوە، ئەو کەش و دۆخەی لە چیرۆکی (گرێکوێرەی مەرگ)دا بینیم،

هەمـــان دیدگـــاو بۆچوونی لە دیدارەکـــەدا دووبارە کـــردووەتەوە، بەڵام لە دیدارەکـــەدا جـــیـا لە ســـرووتی چیرۆکنووسین، دان بەو هەڵە و سەرپێچیانەدا دەنێت، کە ئێـــســتـا ئازاری دەدەن، دان بە ڕابردوویەکدا دەنێت کە خۆی کارەکتەرێکی قوربانی سەردەمەکەیە. پێم وایە ئەگەر چیرۆکەکە و دیدارەکە وەک (وتن) پێکەوە بەراورد بکرێن، ئەنجامەکەی وا دەکەوێتەوە، کە ئەو چیرۆکە لە پاڵەپەستـۆ و ئازارێکی دەروونی ساتەوەختی خـۆیدا سـەری هەڵداوە. کـەواتە دانپـێـدانانەکـەیەتی پێش دیدارەکەی، لەو چیرۆکەوە دەست پێدەکات.

وای دەبینم دەسپێک لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا لە تێکڕای ئەوەی بەرهەم هێنراوە چوونیەک نییە و بەپێی شـێـوازی نووسـەرەکـە گـۆڕاوە، بەڵام لە هەندێ دەقـدا توانراوە لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە دەسپێک خۆی بە دەقەوە ببەستێتەوە، نەک بەو مانایەی هەموو وتراوەکانی نێو دەقەکەت پێ بڵێت، بەڵکو بەستنەوەی دەسپێک بە دەقـــەوە لەگـــەڵ هەڵکشـــانی ڕووداودا وردە وردە دەردەکەوێت. دەتوانین بڵێین بابەتی نێو دەق بریتییە لەو ڕایەڵەی، کە سەرێکی لە دەسپێکە و سەرەکەی دی لە کۆتایی، بەدرێژایی ڕایەڵەکەش لەرینەوەیەک هەیە و بەو لەرینەوەیە هەموو بوونەوەرەکانی نێو دەقەکە دەهەژێن و لە جووڵەدا دەبن.

**ڕامان:** لە کۆ چیرۆکی (وەچەکانی مەولانا)دا هەست دەکرێ بەناو جیهانی (نیکۆس کازانتزاکیس)دا گەشت دەکـەیت، بەڵام جـیـهـانی تایبـەت و بینینەکـانی ئەو ئەفسوونکارە گەورەیە دوا دەخەیت و بینین و جیهانی تایبەت بە خۆت دادەمەزرێنیت، پێوەندی نهێنی نێوان بینینەکانت دەردەخەیت. ئەمە کارکردنی لە دڵەوەیە بۆ دۆزینەوەی کانگای تایبەتی نووسین، هەروەها ئەم هاو گەشـتـە لە کـۆچیـرۆکی (بۆنی ئەشکەوت)یش هەست پێدەکرێت کە لەگەڵ (فرانتز کافکا)دا دەیکەیت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** حەز دەکەم بەر لە هەر شتێک ئەوە بڵێم، بەدرێژایی تەمەنی نووسینم لەیەک شت زۆر سڵم کردووەتەوە، ئەویش بیرۆکەیەک، یان ڕستـەیەک، یان وێنەیەکی هونەری لەکـارەکـانمدا لە هی کـەسـێکی تر بچێت، بۆیە چەندین جار بەکارەکانی خۆمدا چوومەتەوە، تا دڵنیابووم، ئەوەی کردوومە مووبەموو موڵکی خۆمە و بەشێکە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆم، ئیدی هەر ئەوەندەم بۆ کراوە، کە ئێستا هەیە و لەبەر دەستدایە.

لەکـاری ئەکـادیمیـدا بۆ وەدەست هێنانی مـتـمـانەی خـوێنەر، ئامـاژە بەکـاری ئەم و ئەو دەکـرێ، لێ کـاری داهێنان، ئەوەندە خودییە، بە ئاستـەم بۆن و بەرامـێکی نامـۆی لێ بێت، پێـوەی دیار دەبێت و لە شـێـوازەکـەی خۆت دەچێتە دەرەوە.

نووسـەر خـاڵقی ڕاسـتـەقـینەی بوونەوەرەکـانی نێـو دەقـــەکـــەی خـــۆیەتی، هەر ئەوە ســـزایان دەدات و پاداشتیشیان دەداتەوە، غەزەبیان لێدەگرێت و بەنەفرینی وێنایان دەکات، میهرەبانانە فرمێسکی چاویان دەسڕێت و دڵیـان دەداتەوە، هەر ئەو خاڵقە داهێنەرەیە، شوێن لە بوونەوەرەکانی خۆی دەکاتە دۆزەخ، یان بە هەشت. ئیدی لەم کـەین و بەینەی خـولـقـاندنەدا تاقـە کـەسـێک هەڵسووڕێنەرە، ئەویش نووسەرەکەیە، بە خۆی و خەیاڵ و تفاقەکانی دیکەیەوە.

لە کۆچیرۆکی (وەچەکانی مەولانا)دا، هەر چیرۆکێکی ئەو کۆمەڵە، سرووتی تایبەتی خۆی هەیە و ناکرێ لێرە دووبارەیان بکەمەوە، گومانم نییە، ئەگەر ئەو هەوڵەش بدەم، ئەوە ســرووتێکی دیکە و دەقـێکی دیکە پەیدا دەبێت، چونکە هەریەکێ لەوانە زادەی دۆخی خـۆیانن و وەک هەر یەکێ لە ئێمەی مرۆڤ لە یەکتر جیاوازن.

ماوەیەک لەمەوبەر کەسێک بە تەلەفۆن پێی وتم: (تۆ لە چیـرۆکی «چاخی تاوێرەکان»دا، وەسێتنامـەیەکت بۆ نەوەیەکی دووری خـۆت- دووسـەد، سێ سـەد ساڵ- لەمـەولا، نووسـیـوە و لە سـەردەمی خـۆت ئاگـاداری دەکەیتەوە..). بۆچوونەکەی ڕاسـتەو شاییم پێ هات، بەڵام ئێـسـتـا بێم، هەمـان شت دووبارە بکەمەوە، پێی لێدەنێم، ئەستەمە بتوانم هەمان کەش بۆ هەمان چیرۆک دروست بکەمەوە، ئەگەر بیشیکەم، ئەوسا شەڵلاڵم دەکرد جێگەی بوونەوەرەکانی نێو ئەو چیرۆکەم لەق نەکردبا، باشتر بوو. کـەواتە منێک ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ خودی خۆم بکەم، لەگەڵ کەسانی دیکە چۆن دەبم؟

لە کاری وەرگێڕاندا دەستم بۆ کارێکی (کازانتزاکیس) بردووە، ئەویش (باخچەی بەردین)ە، بۆیەش دەستم بۆ برد، چونکە پێم وابوو نێکۆس لەو گەشتە فەلسەفییەدا، خووخدەی بنیادەمە جیاوازەکان و عەقڵ و کولتوور و ڕەنگی پێستی جیاواز و جیۆگرافیای جیاوازی لە یەک نوختەدا کۆکردووەتەوە، ئەویش مرۆڤبوونە.

لە دنیـاکـەی کـافکادا دەسـتم بۆ (بەدگـۆڕان) برد و ئازارێکی زۆرم لەگـەڵ (گـریگۆر سـامـسـا)دا چەشت و هەستم کرد مرۆڤ بەو هەموو جوانی و ژیرییەی خۆیەوە، چۆن لە پڕێکدا لە بوونی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و نەفرەت

له ماهییەت و توانای خۆی دەکات. لەکاتی وەرگێڕانی ئەو بەرهەمەدا بەردەوام ئەم فەرموودە خوداییەم لەبەر خۆوە دەوتەوە: (لقد خلقنا الأنسان علی أحسن تقویم.) ئەوەی گریگۆرسامسای بەو دەردە برد، ئەوە خودە ڕەنجاوەکەی کافکا بوو، بۆیە پێم وایە هەتا هەتایە کەسێکی تر ناتوانێت، سامسایەکی تر دروست بکاتەوە.

لە هەر یەکێ لە چیرۆکەکانی (بۆنی ئەشکەوت)دا، سەفەری من تەنیا لەگەڵ کەسانی نێو چیرۆکەکان بووە و کەسی دیکەمان لەگەڵدا نەبووە. مەودای گەشتەکانی نێو ئەو چیرۆکانە بریتین لە سەفەری بیابانەکان و ناو ئەو مێژووەی، کە کارەکتەرەکانی بکوژی خۆمانن و تا ئێستاش لامان پیرۆزن، سەفەرێک بوو لەگەڵ ئەو دایکانەدا کردوومە بۆ سۆراغی ڕۆڵە ونبووەکانیان. لەو سەفەرانەدا گوێم لە حەکایەتی ئەو ژنە جحێڵە پیاو ئەنفالکراوە گرتووە، کە دەستڕۆیشتووان هەوڵی دەستەمۆکردنیان داوە، ئیدی بەم ئاوهایە هەر یەکێ لەو چیرۆکانە لەژینگەکەی من و تۆوە سەریان دەرهێناوە و بوونەوەرەکانیشیان نێر و مێی ئەم وڵاتەن.

**ڕامان:** ئایا هەست دەکەیت چیرۆکی (تانەی سەرچاو) وەک بیرو ڕووداو، بە تایبەتیش پێداگری شاکەس، نزیکایەتییەکیان لەگەڵ ڕۆمانی (تەنەکە)ی یەشار کەمال لەنێواندایە؟

**جەلیل کاکەوەیس:** وا خەریکە بەدەم پرسیارەکانی ئێوەوە باسی هەموو کارەکانی خۆم دەکەم و بۆ یەکەم جار ئەم هەموو (من)ە بەکاردێنم، بۆیە ناچارم بڵێم، چیرۆکی (تانەی سەرچاو)، کە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا نووسیومە، وەک لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێدا، هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ (تەنەکە)ی یەشار کەمال-دا نییە. ئەو چیرۆکە پێشبینییەکە بۆ ڕاگواستنی خەڵکی کەرکووک و دێهاتەکانی دەوروبەری. پێداگری شاکەسیش لە ترسی ڕاگواستنە، بۆیە وا بەو ڕادەشێلگرییە وابەستەی زەوییەکەیەتی. ئەو بیر و لادڕەی کە لەچیرۆکەکەدا هاتووە، هێمایە بۆ قووڵی ڕەگی شاکەس لەو خاکەدا. ئاوەکەش ژیان و بەردەوامی خەڵکەکەیەتی. لەم چیرۆکەدا نایشارمەوە بەپێچەوانەی کارەکانی دیکەمەوە، لەسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە پەیدا بووە و تێکەڵی خەیاڵ کراوە و ئەو سیمایەی پێ بەخشیوە.

**ڕامان:** ئەگەر بڕیار بێت کار لەسەر چیرۆکێکی خۆت بکەیتەوە، کامە چیرۆک هەڵدەبژێریت؟ هۆ و ئامانجی ئەم کار لەسەرکردنەوەیە چییە؟ یان ئەگەر بتەوێت کار لەسەر یەکێک لە چیرۆکی چیرۆکنووسانی کورد بکەیت، کام چیرۆکی و کێ هەڵدەبژێرێت؟

**جەلیل کاکەوەیس:** زۆر بڕوام بە قۆناغەکانی نووسین هەیە و ڕێک بە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤی دەچوێنم، منداڵی، هەرزەکاری، کامڵ بوون. ئاوهاش لە هەر قۆناغێکدا دادگاییەکی بەرپرسیارێتیم لە خودی خۆمدا سازاندووە و خودی خۆم سزا داوە، سزا دانەکەشم بریتی بووە لە خوێندنەوەی زۆرتر و جڵەو گرتنەوەی ئارەزووی زۆر نووسین. بەمەش هەوڵی قەرەبووکردنەوەی بۆشایی کارەکانی پێشترم داوە.

زۆرجار دەوترێ فلانە کەس درێژەی بە چیرۆکێکی داوە و ڕۆمانێکی لێ دروست کردووە. ئەم کارە ڕێک لە کاری پێوەری وێنەکێشان دەچێت، چۆن ڕووبەری زەوییەک لەسەر نەخشە یەک سەنتیمەترە، کەچی ڕووبەرە ڕاستەقینەکەی یەک کیلۆمەترە. بەم پێیەش کارکردن لەسەر چیرۆک بۆ بنیادنانێکی تر، ئەو مەودا دوورەیان دەکەوێتە نێوانەوە و جارێکی تر بە هەمان نێوەڕۆک و بیچمەوە ناچێتەوە ئەوەی یەکەم. بە هەمان شێوەی پێوەری وێنەکێشان، ڕۆمانێک لەسەر چیرۆک دابەزرێنرێ و شوێن هەراو بکرێ و ژمارەی کارەکتەرەکان زیاد بکرێ و ڕووداو چەشنی لاستیک لێک بکێشرێ، ئەمە کارێکی زۆر لێکردنە و پێم وایە هەردوو دەقەکە بەهای خۆیان لەدەست دەدەن و دەشیوێنرێن.

لەبەر ئەوەی هەر دەقێک شوناسی تایبەتی خۆی هەیە و ناچێتەوە سەر دەقێکی تر، بۆیە دەڵێم ناتوانم کار لەسەر هیچ دەقێکی دیکەی خۆم بکەمەوە. ئێ منێک نەتوانم کارێکی خۆم دووبارە بکەمەوە، ئیدی چۆن کار لەسەر بەرهەمی یەکێکی دی بکەم، چونکە دەزانم هەر مرۆڤێک ئەوەندە ڕاز و مەتەڵ و نهێنی تەمەنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە مەحاڵە پەی بە هەموو دیوی دەرەوە و ناوەوەی ببەیت. ئیدی ئەوەی دەینووسێت بەشێکی یەکجار بچکۆڵەی مەتەڵەکەی ژیانێتی و هێشتا بەشی دەیان دەقی دیکەش دەکات. بۆیە پێم وایە هیچ نووسەرێک ناتوانێت کاری نیوەچڵی یەکێکی تر تەواو بکات.

لە دوا وتەمدا دەڵێم: هەر بابایەکی خولیاداری ئەم دنیای نووسینە بەردەوام پەلەی ئەوەیەتی پێش مردن خولیا و ڕاز و نهێنییەکانی خۆی بە ڕوخساری جیا و بەگوزارشتی جیا، لەنێو کۆمەڵە دەقێکدا پەرت بکات.


# گرەوی بەختی شێرزاد
# خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەلاڵە»


**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**


یەکەم جار کە «گرەوی بەختی هەلاڵە»م خوێندەوە، واتە هەر ئەو کاتە کە چاپ کرابوو، بۆ کۆی پێوەندی کەسایەتییەکان و چۆنیەتی و هۆکاری سەرهەڵدانی سەرجەم ڕووداوەکان هەستم بە شتێکی نوێ و جیاواز کرد لە شێوەی ڕوانین و بۆچوونی نووسەردا. هەربۆیەش خاڵێکی ناوازە و تایبەتم تێدا بەدی کرد کە بە شێوەیەکی نادیار لە بەستێنی دەقەکەدا گونجاوە و خوێنەری چالاک دەبێ بە سەرنجێکی وردەوە ئەو خاڵە بقۆزێتەوە. گەرچی نووسەر - بە ئانقەست یان خۆنەویست - ئەو شێوە ڕوانینەی بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ نەخستۆتە ڕوو، بەڵام لە پشت دێر بە دێری دەقەکەوە بە زیندوویی خۆ دەنوێنێت. ئێمەش ئەگەر بە چاوی خوێنەرێکی ئەمڕۆییەوە سەیری بکەین، خوێنەرێک کە بە شوێن دۆزینەوەی شتێکی نەگوتراوەوە بێت، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە لە دەقەکەدا بەدی دەکرێت و دەکرێ وەک ڕەهەندێکی شاراوەی دەقەکە ئاماژەی پێ بدەیت، تەنیا ئەو خاڵەیە. جا بۆیە لێرەدا ئەرکی ئەم پرسە، واتە دەرخستنی ئەو خاڵە نادیارە دەکەوێتە ئەستۆی ڕەخنەگرێکی ئەمڕۆیی، ڕەخنەگرێک کە شتێک زیاتر لە نووسەر دەخاتە سەر دەقەکە و نەوتراوەکانی دەخاتە ڕوو. هەر ئەو کاتە بە زەینمدا هات لەو بارەوە بابەتێکی لەسەر بنووسم، بەڵام بە هۆی تەمبەڵی و ئەوەی کە بەشکەم کەسێکی دیکە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ، خستمە پاش گوێ و خۆمم لێ نەبان کرد. تاکو دواجار زستانی ڕابردوو لە ژمارە ١٤٠ گۆڤاری ڕاماندا بابەتێکی «بەختیار سەجادی»م چاو پێ کەوت کە لەسەر ئەو ڕۆمانەی نووسیبوو و منیش بە ئاگاداری لەوەی کە بەختیار ڕەخنەگرێکی شارەزا و ئەمڕۆییە، بە تامەزرۆییەوە خوێندمەوە. هەر ئەو بابەتەی بەختیار بوو بە هۆی ئەوەی کە بڕیارەکەی ئەوسام زیندوو بکەمەوە کە دەرەنجامەکەی بوو بە ئەمەی کە ئێستا لە بەر دەستدایە.

گرەوی بەختی هەلاڵە چیرۆکی بنەماڵەیەکی خەڵکی یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بانە)یە کە پاش شۆڕشی ئێران بە تەواوی لە سیاسەتەوە دەگلێن و بە هۆی پێشمەرگایەتی باوکی بنەماڵەوە لە شار دەردەکەون. پاشان منداڵانی بنەماڵە وەک باقی سیاسیکارانی دیکەی کورد، سەرجەمیان ڕوو لە هەندەران دەکەن. لەم نێوەدا نووسەر کۆی ڕووداوەکان لە دەوری یەکێک لە منداڵانی ئەو بنەماڵە، واتە «هەلاڵە» کۆ دەکاتەوە و بە قووڵی بە وردەکارییەکانی ژیانیدا ڕۆدەچێت. هەلاڵە دواتر لە سوێد لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکانی باوکیدا بە ناوی شێرزاد - کە باوکی لە ڕێی هەلاڵەوە دەینێرێ بۆ ئەوێ - ژیانی هاوبەش پێک دێنێت و دواجاریش هەلاڵە هەر لەوێ بە دەستی شێرزاد دەکوژرێت و بەمەش ڕۆمانەکە کۆتایی پێ دێت.

من هەر ڕۆژی یەکەم کە ڕۆمانەکەم خوێندەوە، هەستم



**عەتا نەهایی**

بەوە کورد کە سەر لە بەری ڕەخنەگرانی کورد لە نووسراوەکانیاندا شێرزاد دەکەنە دێوەزمە و شەیتان و هەڵاڵەش دەبێتە فریشتەیەکی پەپوولەیی و بێ خەوش و پاک، چونکە ئەوە دۆخێکی کۆنکرێت و داسەپاوە کە پانتایی ڕەخنەی کوردی تەنیوەتەوە و بووەتە نۆرمێکی زاڵ بەسەر خوێندنەوەی کوردیدا و ئیتر ڕەخنەگر هیچ خۆی لە قەرەی خوێندنەوەیەکی جیاواز نادات و هیچ خۆی ماندوو ناکات بە بەشداری کردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق و مانادا و هیچ تەقەلایەک بۆ ئەوە نادات کە شتێکی زیاتر بخاتە سەر دەقەکە، بەڵکو یەکراست خۆ دەکات بە سەر ئاخوڕەی ئامادەکراوی نووسەردا و هەرچییەک لەوێدا بەدی بکرێت، دەست بە کاوێژ کردنی دەکاتەوە.

من لێرەدا و لەسەر ئەو زاراوەیەی کە ماوەیەکە کەوتۆتە ناو پانتایی ڕۆشنبیری کوردییەوە، ناوی «ڕەخنەگری کوشندە» لەسەر ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دادەنێم، چونکە لە ڕوانگەی ئەوان و نووسراوەکانیانەوە لەم ڕۆمانەدا پیاوی کورد و سیستمی پیاوسالاری کوردەواری حوکمی موتڵەق و تەواوەتی دەکات و ئەو نەریت و دژەکولتووره تاوانباری لەسەدا سەدی تەواوی ڕووداو و کارەساتەکانە و هەر بۆیەش لە ڕوانگەی ئەوانەوە سەرلەبەری ڕۆمانەکە لەو خاڵەدا کورت دەبێتەوە و بەوەش نووسەر بۆ ئاستێکی بڵند بەرز دەکەنەوە کە توانیویەتی ئەو خاڵە گرینگە بە جوانی بە دەستەوە بدات و بیخاتە ڕوو. لە کاتێکدا کە ئەمە بە زەینی هەر خوێنەرێکی هاکەزایی و ساویلکە دەگات و ئیتر پێویستی بە شیکردنەوە و کاغەز ڕەش کردنەوە بە ناوی ڕەخنەوە ناکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە ئەوەی پێویستە ڕەخنەگر بە ئەنجامی بدات، خستنەڕووی «دەقی شاراوە»یە لە بەستێنی دەقی ئامادەکراوی نووسەرەوە. ئەرکی ڕەخنەگر گواستنەوەی بابەت نییە لە دەقێکی داستانییەوە بۆ دەقێکی وتار، بەڵکو ئاشکراکردنی ئەو دەقە نادیار و شاراوەیە کە نووسەر ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ نەکردووە. نووسینەوەی دووبارەی سەرلەبەری دەقە سەرەکییەکەیە بە شێوەیەک کە دەقی شاراوە بەرجەستە ببێتەوە و دەقی ڕواڵەتیش بکەوێتە نادیارەوە. ڕەخنە خۆی پانتایی خۆنواندنی کۆد و ئاماژە شاراوەکانی دەق و نووسەرە و شیکردنەوەیانە بە شێوەیەک کە نووسەر پێشتر نەیخستوونە بەر دەست. «ڕەخنەگری داهێنەر» کە دەکەوێتە بەرانبەری «ڕەخنەگری کوشندە» ئەوەیە کە خۆی، جیاواز لە دەرەوەی دەقەکە دەست بکات بە دۆزینەوە و ڕاڤەکردنی هۆکارە ئاماژە پێنەکراوەکانی ڕووداوەکان و چۆنیەتی پێوەندییەکان و ئەو تۆڕە نادیارەی کە لە ئەودیوی دەقە ئەسڵییەکەوە کەسایەتییەکان دەخوڵقێنێ و دەیانباتە پێشەوە. ئیشی ڕەخنەگری داهێنەر دروست کردنی شێوەیەکی دیکەیە لە پێوەندی لە نێوان کەسایەتییەکاندا بە دوور لە پێوەندی ئاسایی ناو دەقەکە. بە کورتی ئەرکی ڕەخنەگر خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێیە، هەر تەنیا بە ئاماژە کردن بە دەقی پێشوو.

دواجار من بە خوێندنەوەی چوار دەقی ڕەخنەیی لە سەر ئەو ڕۆمانە لە هەر یەک لە بەڕێزان (بەختیار سەجادی - کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد - و ئیدریس عەلی و جەبار سابیر و حوسێن لەتیف)، بۆم دەرکەوت کە هەر چواریان ئەو شتەیان دووپات کردۆتەوە کە چاوەڕوان دەکرا، چونکە ڕەخنەگری کورد چاوێکی موتڵەق بینی هەیە و بەوە ڕاهاتووە کە هەموو شتەکان، یان بە ڕەشی ببینێ، یان سپی، ئیتر لەم نێوەدا جێگە بۆ ڕەنگێکی دی و بۆ ڕوانینێکی تر ناهێڵێتەوە. گەرچی بەختیار سەجادی زۆر لایەن و کونجی ڕۆمانەکەی شی کردۆتەوە و بەتایبەت وردەکارییەکانی پێکهاتە و تەکنیکی دەقەکەی خستۆتە بەر باس و لێ وردبوونەوە و هەروەها ڕێگەشی بۆ خوێنەر هێشتۆتەوە کە دواجار خۆی بڕیار بدات، بەڵام بۆ ئەم

مەسەلەیە نەپێکاوە و بیرکردنەوەی ئەویش لەگەڵ ڕەخنەگرانی دیکەدا هاوتەریبە، هەربۆیەش کە بە دوای هۆکاری تاوانەکاندا دەڕوات، دروست ئاراستەیەک دەگرێتە بەر کە ئەوانی دیکە پێیاویانە.

ڕەخنەگری کورد هێند بێ دەربەستانە دەقێک دەخوێنێتەوە کە تەنانەت زەحمەتی ئەوەش بە خۆی نادات کە هەر نەبێ تێگەیشتنێکی ڕواڵەتییانەی لە ڕەوتی ئاسایی دەقەکە و تایبەتمەندی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە هەبێت. ڕەخنەگرێک کە نەتوانێت تەنانەت وەک خوێنەرێکی ئاسایی لە ڕەوتی ئاسایی ڕووداوەکان تێبگات چۆن دەتوانێ خوێندنەوەیەکی ورد لە دەقەکە بە دەستەوە بدات؟! هەم ئیدریس عەلی و هەم جەبار سابیر «دکتۆر سەعید ڕەحمانی» بە کەسێکی فارس زمان دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە نووسەر هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات کە: «سەعید کرماشانی بوو، کوڕی بنەماڵەیەکی کوردی کرماشانی کە ساڵەها لەوەوبەر هاتبوو بۆ سوێد.» ل٢٩. دواتر لە وتووێژێکی نێوان هەڵاڵە و شێرزاددا دیسان بۆمان دەردەکەوێ کە کوردە: (شێرزاد): «عەجەمە؟» ... (هەڵاڵە): «نا، کوردە. کرماشانییە.» ل ١٢٣. تەنانەت سەعید بە کرماشانی قسەیان لەگەڵ دەکات: (پارەگرافی یەکەمی لاپەڕەی ١٢٧) و ئیتر بە درێژایی ڕۆمانەکە تا کۆتایی لە چەندین شوێنی دیکەدا ئاماژە بەم مەسەلەیە دەدرێتەوە و نووسەر زۆریش جەختی لە سەر دەکاتەوە. تەنانەت ئیدریس عەلی ناوەکەشی بە هەڵە دەبات و لە جیاتی «سەعید» بە «سەعدی» ناوی دەبات. من نازانم چۆنە کە ئەو بەڕێزانە هەستیان بەو مەسەلەیە نەکردووە؟ چما هەر دەڵێی ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە، یان جەبار سابیر لای وایە کە ئەو ڕۆژەی هەڵاڵە دەکەوێتە بەر پەلاماری شێرزاد، ئەو لە ماڵی دکتۆر سەعیدەوە گەڕاوەتەوە، لە کاتێکدا دەزانین کە ئەو شەوە، ئەوە دکتۆر سەعید بووە کە تا شەودرەنگان لە لای هەڵاڵە و لە ماڵی هەڵاڵە بووە و بەیانیش دکتۆر سەعید ئارەزووی کچی هەڵاڵە دەبات بۆ باخچەی ساوایان و ئیتر هەڵاڵە بە تەنیا لە ماڵی خۆی دەمێنێتەوە. یان گەمەیەکی سەیرتر ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە لای وایە کە «کەمال یان جەمال» لە شەڕی نێوان پێشمەرگە و سەربازانی ڕژێمی پێشوودا بە بەرچاوی هەڵاڵەوە گوللەی بەر دەکەوێت و دەکوژرێت لە کاتێکدا دەزانین کە ئەوە یارییەکی منداڵانە بووە و هەڵاڵە و کەمال، یان جەمال و منداڵانی دیکە بە یەکەوە کردوویانە و لە ناو یارییەکەدا (بە گاڵتە) گوللەی بەر دەکەوێت نەک لە واقیعدا.

قسە کردن لەسەر ئەم مەسەلانە نامانگەیەنێتە شوێنێکی ئەوتۆ، بەڵکو مەبەستم تەنیا دەرخستنی پانتایی ڕەخنەی کوردی و ئاستی وشیاری و تێگەیشتن و خۆماندوو کردنی ڕەخنەگری کورد بوو بەشکەم لە داهاتوودا چیدی ئەم ڕەوتە لاوازە نەمێنێتەوە و جێی خۆی بە ڕەخنەیەکی چالاک و خولقێنەر بدات.

* * *

ئەوەی کە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین و بیخەینە ڕوو، دۆزینەوەی ئەو هۆکار، یان هۆکارانەیە کە هەڵاڵە بەرەو ئەو چارەنووسە دەبەن. باس کردن لە چۆنیەتی پێوەندی نێوان ئەو و شێرزادە و شیکردنەوەی تایبەتمەندی کەسایەتی ئەو دووانە و پێوەندی ئەو تایبەتمەندییانە بە ڕووداو و کارەساتەکانەوەیە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە کێ تاوانبارە؟ هۆکاری سەرەکی کارەساتەکە چییە؟ چییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵاڵە تووشی ئەو چارەنووسە ببێت و ژیانی بە تراژیدیا کۆتایی بێت؟ ئایا ئەوە هەر هەڵاڵەیە گرەوەکە دەدۆڕێنێت، یان کەسانی دیکەش لەو هەرەس و دۆڕاندنەدا بەشدارن؟!

شتێکی سەرەکی کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە زەینی خوێنەری کورد و ڕەخنەگرانیشی لەگەڵ بێت، بەوە گۆش کراوە کە تەواوی گوناهەکە بنێتە ملی شێرزاد و سیستەمی پیاوسالاری کوردەواری. لە حاڵێکدا من خۆم کە ڕۆمانەکەم دەخوێندەوە و کە دەگاتە ئەو جێگایەی شێرزاد دەچێتە ناو ژوورەکەوە و دواتر خەنجەرەکە لە هەڵاڵە دەدات، هیچ ئەو ڕق و کینە پیاوسالارانەیەم تێدا بەدی نەکرد. خوێنەر هیچ هەست بە نەفرەت و بێزاری ئەو – لەو چرکەساتەدا – ناکات، بەڵکو هەست بە دۆڕاندن و ڕووخان و بێ دەسەڵاتی شێرزاد دەکات. واتە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کوشتنی هەڵاڵە دەرەنجامی دەسەڵاتی موتڵەقی پیاوی کورد (شێرزاد) نییە، بەڵکو ئاکامی ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتی و داماوی شێرزادە. تەنانەت هەڵاڵە لەو کاتەدا خۆی هەست بەو بێ دەسەڵاتییە دەکات: «هەڵاڵە لە چاو و نیگای ورد بووەوە. لە چاو و نیگایدا ڕق و قین نەبوو، تووڕەیی نەبوو، تەنانەت شەیتانی و فێڵەبازییەکەی ڕۆژی جیابوونەوەشیان لە مەحکەمە نەبوو. هەرچی بوو جۆرێک لە داماوی بوو.»

ل٣٦١. چرکەیەکی دیکە کە دەستەوەستانی و بێ دەسەڵاتی شێرزاد دەخاتە ڕوو، ئەو کاتەیە کە شێرزاد خەنجەرەکەی وەشاندووە کە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا نووسەر ئەو چرکەیە دەگێڕێتەوە: «(هەلاڵە) لە مژەکەدا شێرزادی دی کە حەپەساو واق وڕماو سەیری دەکات. نیگەران و تۆقاو لە پەڵەی سووری کراسەکەی دەڕوانێت.» ل٩. ئەمە ئەو چرکەیەیە کە شێرزاد خەنجەرەکەی وەشاندووە و ئەو چرکەیەش دیارە چرکەی پیاوێک نییە کە پێشتر بڕیاری تەواوەتی خۆی دابێت، بەڵکو دۆخی پیاوێکە کە لە ناکاو هەستێکی غەریزی ڕابەرایەتی ئیرادەی کردبێت و ئەوسا خۆی لە کردەوەکەی خۆی حەپەسابێت. کاتێک خوێنەر ئەو حاڵەتە بێ دەسەڵاتی و داماوییەی شێرزاد هەست پێدەکات لە کاتی پێچانەوەی کەلوپەلەکاندا، ئەگەر خۆی بکات بە ناو زەینیدا بۆی دەردەکەوێت کە چ قەیران و کارەساتێکە لە ناو زەینی ئەودا. خوێنەر ئەگەر فەزای ژوورەکە و چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوە و مامەڵە کردنی شێرزاد لەگەڵ ئەو کەشوهەوایەدا بۆ خۆی بێنێتە بەر چاو، دەزانێت کە بڕیاردان لە کاتێکی ئاوا سەختدا کارێکی هەروا سادە و ساکار نییە کە هەر تەنیا پێوەندی بە ڕوحێکی پیاوسالارانەوە هەبێت کە دابونەریت و کۆمەڵگە بە سەریدا سەپاندبێت، بەڵکو ڕیشەی ڕاستەقینەی لەو هەستە غەریزی و نێرانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سروشت و غەریزە ئاراستەی مرۆڤی کردووە نەک کولتوور و کۆمەڵگە. شێرزاد هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات، هەربۆیەش لە ناکاو و لە ترۆپکی داماویدا دەست دەداتە پەلاماردانی هەلاڵە کە دواتر ئەم چرکەیە زۆرتر شی دەکەینەوە.

من لە کاتی خوێندنەوەی ئەو دیمەنەدا دروست فیلمی «بێ وەفا»م بیر کەوتەوە کە لەویشدا پیاوەکە دەست دەداتە کوشتنی دۆستی ژنەکەی واتە فاسقی ژنەکە. لەو فیلمەدا دەزانین کە پیاوەکە هیچ بە نیازی کوشتنی کوڕەکە نەچووە بۆ لای، بەڵکو کاتێک بە پێوەندی نێوان ژنەکەی و ئەو کوڕە دەزانێت، تەنیا دەچێت تکای ئەوەی لێ بکات کە پێ لە ژیانی ئەو و ژنەکەی بکێشێتە دەر، بەڵام کاتێک لە ناو ژوورەکەدا چاوی بە ئەو دیارییە دەکەوێت کە سەردەمانێک بە دیاری داویەتی بە ژنەکەی و بە لایەوە گرینگترین دیارییەک بووە کە لە تەواوی ژیانی هاوبەشیاندا بۆ ژنەکەی کڕیوە، کەچی ئێستا ژنەکەی هێناویەتی و پێشکەشی کوڕەی کردووە، هەموو جیهانی لێ تاریک دەبێت و دەکەوێتە ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتی و داماوییەوە و ئەوەندە خۆی لاواز و بێ دەسەڵات هەست پێ دەکات کە لە ناکاو بە سەریدا دێت کوڕەکە بکوژێت و هەربۆیەش هەر بەو دیارییە کە شتێکی خڕی گەورەی شووشەییە، بە سەری کوڕەکەدا دەدات و دەیکوژێت. هەر کەسێک ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەلاڵە» بخوێنێتەوە و ئەو فیلمەش ببینێت، دەزانێت کە ئەم دوو دیمەنە زۆر هاوشێوەی یەکترن و زۆر خاڵی هاوشێوە و لێکچوویان هەیە، بەڵام گرینگترینیان خاڵێکی هاشێوە و خاڵێکی دژن کە لە نێوان ئەو دوو دیمەنەدا بەدی دەکرێت. یەکەم ئەوە کە لە هەر دووی ئەو دیمەنانەدا ئامێری کوشتنەکە ئامێرێکە کە بیرەوەرییەکی شیرین دەکاتە تاڵترین یادگاری و هەربۆیەش مرۆڤ – وەسوەسە دەکەن بۆ کوشتن، بەڵام خاڵی جیاوازی لێرەدایە کە لە ناو فیلمەکەدا کوڕە دەکوژرێت و لە ناو ڕۆمانەکەدا ژنەکە، واتە هەلاڵە.

هەرکەس ئەو فیلمە و ڕۆمانەکە بەراورد بکات تێدەگات کە شێرزادیش دروست لە دۆخێکی ئاوهادا دەژیت. شێرزاد هەر وەک کابرای ناو فیلمەکە هیچ بە نیازی کوشتنی هەلاڵە ناچێ بۆ لای و ئێمە نە لە بڕیار و بیرکردنەوەیدا و نە لە کرداریشدا هەست بەوە ناکەین کە پێشتر بڕیارێکی لەو شێوەی دابێت، تەنانەت وتەی یەکێک لە هاوسێکان کە لە کاتی چوونی شێرزاد بۆ لای هەلاڵە چاوی پێی کەوتووە ئەمە بە دروستی دەسەلمێنێ: «هیچی لە جەنایەتکار نەدەچوو. نە چاوی سوور بوو، نە هەوڵ و هەراسان بوو، نە چەقۆ و شتی وای بە دەستەوە بوو.» ل٣٢٧. شێرزاد تەنانەت پێشتر و بەر لە کارەساتەکە لە دەستی هەلاڵە ڕادەکات و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کچەکەشی لەگەڵ خۆیدا بەرێت و ئەم ڕاکردنەش بە تاکە ڕێگا و دواین دەرەتان دەزانێت. هەروەها دواتریش پاش کارەساتەکە ڕادەکات و پۆلیس دەیگرێت بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەپرسێت:

«مردووە؟»

پۆلیسەکە گوتی: «نا، ئێستا نەمردووە. لە نەخۆشخانە کەوتووە و...»

شێرزاد خۆشحاڵ بوو. بزەیەکی بێ گیان و سارد نیشتە سەر لێوە وشکەکانی و چاوە ترساو و ماندووەکەی

بریسکەیان دا. گوتی: «من بە تەمای کوشتنی نەبووم. من ئەگەرچی لێی جیا بووبوومەوە، بەڵام هێشتا خۆشم دەویست.» ل٣٠٠.

لێرەدا وا باشە کە ئاماژەیەکیش بەوە بکەین کە بە بارێکی دیکەدا ئەوەی وادەکات شێرزاد هەلاڵە بداتە بەر خەنجەر، نەفرەت و بێزاری نییە. لە ڕاستیدا ئەو خەنجەرەی شێرزاد لە هەلاڵەی بەرز دەکاتەوە خەنجەری ڕق و کینەیەکی پیاوسالارانە نییە، بەڵکو خەنجەری عەشقە، خەنجەری پیاوێکی بریندارە بە خەنجەری خۆشەویستی، چونکە دەزانین کە شێرزاد چەندین ساڵە عاشقی هەلاڵە بووە. واتە عەشق شێرزاد لە کەسێکی ئەویندارەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی پیاوکوژ. هەربۆیەش شاعیر گوتەنی: «عەشق سیمای منداڵان دەگۆڕێت بۆ سیمای سەرهەنگە یاخییەکان».

شێرزاد شەوی پێش کارەساتەکە پێ دەزانێت کە دکتۆر سەعید بووەتە هاوسێی هەلاڵە و هەربۆیەش بەیانی بە داماوی دەچێت بۆ لای هەلاڵە کە گلەیی و گازندەی لێ بکات و کەلوپەلەکانیشی بگوێزێتەوە، بەڵام کاتێک دەچێتە ناو ژوورەکە دۆخێکی وەک کابرای ئەمریکی (کابرای ناو فیلمی بێ وەفا) بۆ پێش دێت و لە حاڵێکی وادا دەژی. نووسەریش بە وەسفی حاڵەتی دەروونی شێرزاد و کەشوهەوای ناو ژوورەکە و ئەو کەلوپەلانەی شێرزاد (بە تایبەت وێنە قرتاوەکان کە دواتر باسیان لە سەر دەکەین) و هەروەها هەست بە حوزووری مەجازی دکتۆر سەعید لە ژوورەکەدا لە لایەک و بووژانەوەی بیرەوەرییەکانی لە لایەکی دیکەوە، بە جوانی ئەم دۆخ و حاڵەتەی کە دەست دەداتە شێرزاد، دەخاتە ڕوو. لێرەدا وا باشە ئاماژەیەک بەوە بکەین کە نووسەر بە درێژایی ڕۆمانەکە سەرەڕای ئەوەی کە گازندەی شێرزاد دەکات و ناحەزییەکانی دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا لایەنی هەستیاری کەسایەتی ئەویش وەسف دەکات. ئەو ڕەهەندە پۆزەتیڤانەی کە ئەو هەڵگریانە دەخاتە بەر سەرنج و لە زۆر جێدا ئاماژەیان پێ دەدات. بێ گومان دەرخستنی ئەم خاڵە باشانە هۆکار و مەبەستی بەئانقەستی لە پشتە، مەبەستێک کە وادەکات ئێمەی خوێنەر بێنینە سەر ئەو قەناعەتە کە شێرزاد هەر تەنیا گورگێکی دڕندە نییە، بەڵکو دەکرێ لە هەمان کاتیشدا بوونەوەرێکی نەرمونیان بێت کە هەڵگری زۆر خەسڵەتی مرۆڤانەیە. ئەم دوو حاڵەتە لە کەسایەتی یەک کەسیشدا شتێکی سروشتییە و دەکرێ مرۆڤ- بەو مەرجەی کە مرۆڤە و هەڵگری شوناسی مرۆڤانەیە، لە یەک کاتدا هەڵگری هەر کام لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە دژبەیەکانە بێت. لێرەدا وا باشە ئاماژەیەکیش بە ڕۆمانی «ڤیکۆنتی دوولەت بوو»ی ئیتالیۆ کالڤینۆ بکەم کە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە باس کردنە لە حاڵەتێکی لەو شێوەیە. لەو ڕۆمانەدا کەسێک کە لە شەڕدا دوولەت بووە، هەریەک لە لەتەکانی جەستەی بە جیا دەگەڕێنەوە و هەریەکیش لەو دوو لەتە هەڵگری تایبەتمەندییەکن. یەکیان زۆر نەرمونیان و خێرخوازە کە کاری بووەتە ئاوەدانی درەخت و گوڵەکان و یەکیشیان کاری بووەتە کاولکاری و شەڕانگێزی، بەڵام لە دواجاردا هەر دوو لەتەکە یەکتر دەگرنەوە و دەبنەوە مرۆڤێکی کامڵ و ئاسایی، مرۆڤێک کە هەڵگری تەواوی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە بە چاک و خراپەوە، ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەکرێ زۆر جار تەواو دژ بە یەک بن.

ئێستاکە دەمەوێ پرسیارێکی گرینگ بورووژێنم کە شایەد لە لای خوێنەر چاوەڕوان نەکراو بێت و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئێمەمانان - وەک پیاو - بکەوینە دۆخێکی وەک ئەوەی کە شێرزاد لە ناو ژوورەکەدا تێیدا دەژی، چی دەکەین؟ هەڵوێست و بڕیارمان چی دەبێت؟! جا بۆیە لێرەدا من دەمەوێ بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی ڕۆمانی کوردی، هۆکاری خەنجەر وەشاندنی شێرزاد لە هەلاڵە بۆ لایەکی دیکە بگێڕمەوە کە ئەویش هەستێکی دەروونی و هەڵوێستێکی نێرانەیە کە پیاو (وەک نێر) لە سروشت و ناخیدا هەڵگر و خاوەنیەتی. واتە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هۆکاری پەلاماردانی هەلاڵە زۆرتر هۆکارێکی دەروونی و دەروونناسانەیە تاکو هۆکارێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و پیاوسالارانەی کوردەواری. سەرەڕای ئەوانە شێرزاد کەسێکە بە «ڕوحێکی قورس و ماندوو، وەڕس و بێتاقەت»-ەوە. ل٣٣١. کەسێکە کە هەست دەکات هەموو شتێکی دۆڕاندووە. ترۆپکی هەست کردن بەو دۆڕاندنەش کاتێکە کە شێرزاد لە ناو ژوورەکەدا چاوی بە وێنەکان دەکەوێت، ئەو وێنانەی کە لەتوپەت کراون و بەشێکیان سڕاوەتەوە. سڕینەوەی ڕەسمەکان لە ڕاستیدا هەر سڕینەوە و وردوخاش کردنی پارچەیەک کاغەز نییە، بەڵکو سڕینەوە و لەناوبردنی ڕابردوو و یادەوەرییە. پاک کردنەوەی ڕابردووی مرۆڤێکە کە وا هەست دەکات وەک

مرۆڤێکی سەربەخۆ «بوون»ی سڕاوەتەوە، بەتایبەت شێرزاد کە هەست دەکات ئەم کارە لەلایەن هەلاڵەوە بە هاندان و هاوکاری دکتۆر سەعیدەوە کراوە. ئەم لەناوبردنی «بوون»-ە پتر لە هەموو شتێک هەستی شێرزاد بریندار دەکات و تا سنووری شێتی ئازاری دەدات، سنوورێک کە پەیوەستە بە سنووری هەرەس و رووخان و مەرگەوە: «شێرزاد بە بینینی ئەو رەسمە دڕاوانە تەواو رووخا، لە ناوەوە هەرەسی هێنا.» ل ٣٦٨. لە ڕاستیدا سڕینەوەی «بوون» یانی لەناوبردنی هەمیشەیی و تەواوەتی ئەو کەسە بە تەواوی ئاسەوار و شوێنەوارەکانییەوە. ئێمە دەزانین کە هیتلەر کاتێک لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی حزبەکەی ناکۆکی دەکەوتە نێوان سەرەڕای ئەوەی کە دەیکوشت و لەناوی دەبرد دواتریش تەواوی ئاسەوار و شوێنەواری و بەتایبەت وێنەی ئەو کەسەی لە ناو تەواوی وێنە و فیلمی بۆنەکان و مەراسیمەکاندا پاک دەکردەوە و ئەمەشی بە شارەزاییەکی تەواوەوە ئەنجام دەدا، وەک ئەوەی کە ئەو کەسە هەر ڕۆژێکیش لەسەر زەوی نەژیابێت، هەر بۆیەش ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەوانیش ڕۆژێک چارەنووسێکی لەو شێوەیان دەبێت، ئەوان کوشتنیان بە لاوە گرینگ نەبوو، بەڵکو ئەوەی کە ئەوانی ئازار دەدا ئەم سڕینەوەی یادەوەری و شوێنەوارە بوو کە دەکرێ هەر مرۆڤێک لە پاش خۆی بەجێی بێڵێت. جا بۆیە کەسێک کە هەست بە سڕینەوەی بوونی خۆی بکات، بوونی کەسانی دیکەی بە لاوە گرینگ نامێنێ و ئەمەش لەو حاڵەتەدا شتێکی ئاسایی و سروشتییە. هەربۆیە بڕیاری لەناکاوی پەلاماردانی هەلاڵە دروست لەو چرکەساتەی لەناوچوونی «بوون»-ە دا شێوە دەگرێت کە ئەم بڕیارەش پێوەندی بە پرسی «بوون»ەوە هەیە نەک بە کولتوور و دابونەریت و کۆمەڵگەوە، بۆیە لام وایە کە هەر پیاوێکی دیکە لە هەر نەتەوە و فەرهەنگ و کولتوورێکی دیکەوە، لە بارودۆخێکی لەو شێوە هیچ سەیر نییە بڕیارێکی لەو شێوەیە بدات. (پێشتر نموونەی فیلمی بێ وەفام هێنایەوە کە لە ناخی فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژئاواوە هەڵقوڵاوە.) هەر بۆیەش لێرەدا دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە هۆکارەکە تەواو هۆکارێکی دەروونی و غەریزیانەیە، واتە دەرەنجامی ئەو هەستەیە کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە- بە گشتی و بەتایبەت بە ڕەگەزی نێرینە واتە پیاو!

لێرەدا من بوێرانە داکۆکی لەم خاڵە دەکەم و ئەمەش شایەد بەر دڵی زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە نەکەوێت و لە دژی بوەستنەوە، بەڵام بە ڕای من ئەمە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویستە کە خۆ لێ نەبان کردن و پشتگوێ خستنی و دواجار بەستنەوەی بە هۆکاری دیکەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕەهەندە بەهێزەکانی ڕۆمانەکە فەرامۆش بکرێن و لە لایەکی دیکەشەوە بە مانای چاوپۆشی کردنە لە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری بوونی مرۆڤ- لێرەدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە ئەمە بە مانای پشتگیری کردن لەو دیاردە و خەسڵەتە نییە، چونکە ئەمە بێ گومان خەسڵەتێکی کوشندە و کاولکارە، بەڵام ئاماژە پێدان و خستنەڕووی حەقیقەت و هۆکاری ڕاستەقینەی پرسەکەیە. لێرەدا نامەوێ مەبەستی خودی نووسەر بپێکم، یان بانگەشەی ئەوە بکەم کە مەبەستی نووسەر دەقاودەق ئەوە بووە کە من ئاماژەم پێ داوە، چونکە بە ئەگەری زۆریشەوە ڕەنگە مەبەستی سەرەکی (نەک تەواوەتی) نووسەر هەر ئەو سیستەمە پیاوسالارانەیە بووبێت کە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا لە مێژەوە جێی خۆش کردووە (بەڵام لەم دواییانەدا جێ پێی لێژ بووە). بەتایبەت کە سپاردنی خەنجەر لە لایەن باوکی هەلاڵەوە بە شێرزاد ئاماژە و دەلالەتێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەردەوامی و مانەوەی ئەو سیستم و نەریتە نەشیاوە، چونکە ئاشکرایە تەوەرێک کە نووسەر بەردەوام وەشوێنی دەکەوێت پرسی خەنجەرەکەیە کە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی پیاو و پیاوسالاری کوردە و نووسەریش هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە و لە یەکەمین ڕستەکاندا ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دەدات، بەڵام کەشوهەوای ڕۆمانەکە و بەتایبەت بەیانی ئەو ڕۆژەی کە هەلاڵە دەپێکرێت شتێکی دیکە دەخاتە ڕوو. لێرەدا شایەدیش نووسەر لە بەر هەر هۆیەک بووبێت نەیویستبێ ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەبەستەکەی ئێمە بکات، بەڵام ئەوەی کە هەست پێ دەکرێت شتێک زیاتر نییە لەوەی کە باسمان کرد نەک ڕا و بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانەی کە خۆیان هیچ ڕۆڵێک لە داڕشتنەوەی دەقەکەدا ناگێڕن و هەر تەنیا کاوێژی دەقەکەی نووسەر دەکەنەوە.

بە واتایەکی دیکە ئەم ڕۆمانە چەندە گرینگی بە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەدات بەو ڕادەیەش بە ناخی سەرەکی و سروشتیانەی مرۆڤەکاندا

ڕۆدەچێت و لە وردەکاری تەبیعەتی جیاوازی نێوان نێر و مێ ورد دەبێتەوە، چونکە دواجار دەزانین کە چەندە هەلاڵە خۆی بخاتە قاڵبی پیاوێکەوە و چەندە هەوڵ بدات وەک نێر دەربکەوێت (دواتر شی دەکەینەوە)، دیسان هەر ئافرەتە و لە ڕەگەزێکی جیاواز لەوەیە کە هەوڵی بۆ دەدات و هەر بەو پێیەش شێرزاد هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی پیاوانەیە و ئەمەش لە ڕکێفی کەسدا نییە و جیاوازییەکە سروشت دروستی کردووە و بەخشیویەتی.

جا هەر بۆیە لێرەدا دەبێ پێ لەو ڕاستییە بنێین کە بە پێچەوانەی ڕا و بۆچوونی ڕۆشنبیران و خاوەن ڕایانی خۆماڵی، دیاردەی ژن کوشتن هەر تەنیا تایبەت بە وڵاتی ئێمە یان وڵاتانی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکە لە تەواوی دنیادا بوونی هەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا دابونەریتی نەشیاوی کۆمەڵایەتی و هەندێک عورفی دژەکولتوور و پیاوسالارانە ئەم دیاردەیە دوو هێند دەکەنەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم پرسە لە وڵاتی ئێمەو وڵاتانی هاوشێوەدا زەق ببێتەوە و دەنگ بداتەوە. لە ڕاستیدا بوونی ئەم دیاردەیە وەک حەقیقەتێک پێوەندی بە سروشتی خودی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە لە شوێن، یان وڵات، یان کولتوورێکدا تۆختر دەبێتەوە و پەرە دەستێنێ، بە واقیع و بە ڕێژەی دابونەریتی دەمارگرژانە و پیاوسالارانەی ئەو وڵات و شوێن و کولتوورەوە بەستراوەتەوە.

* * *

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر هەلاڵە، بە پێچەوانەی ڕای زۆربەی خوێنەران و ڕەخنەگران کە شێوەیەک ژێست و خۆنواندنی ڕۆشنبیرانە بە خۆیەوە دەگرێت، هەلاڵەش بێ تاوانی موتڵەق و بێ گوناهێکی بێ خەوش نییە. ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دەبینین کە مرۆڤ- لە هەمبەر ئەو کردارانەدا کە دەیکات بەرپرسیاریەتی هەیە. هەلاڵە کاتێک دەچێتە ژیانی هاوسەرییەوە دەبێ مەزندەی هەندێک شت بکات و بە لەبەرچاوگرتنی ڕوحیات و زەینیەتی شێرزاد دەبێ چاوپۆشی لە هەندێک ویست و داخوازی خۆی بکات، بەڵام مەسەلەکە لەوەدایە کە هیچ شتێک سزای ئاوا قورسی نییە وەک لەوەی بە سەر هەلاڵەدا دەسەپێت. هەلاڵە دروست بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ شێرزاددا لە ژێر گوشار و کاریگەری بنەماڵەدایە، بەڵام دواجار خۆی بڕیاری دواجارەکی و سەربەخۆیانە دەدات. هەربۆیەش مرۆڤ- کاتێک ئەو پێوەندییە دروست دەکات، دەبێ بەرپرسیاریەتی ئەو پێوەندییەش وە ئەستۆ بگرێت و هەروەها دەبێ ئەو گۆڕانکارییانەش لەبەر چاو بگرێت کە لە ئاکامی ئەو پێوەندییەدا دێنە بەرهەم، چونکە پێوەندی کۆمەڵایەتی هاوەدەمە لەگەڵ هەندێک بەرپرسیاریەتی لە ژیانی داهاتوودا و هەندێک ئاڵوگۆڕیش لە ژیانی ڕابردوو. جا هەربۆیە بە پێچەوانەی ڕای ڕەخنەگر، یان خوێنەر، هەلاڵە بە حوکمی ئافرەت بوون یان مێینەبوون ناتوانێت لە ژێر قورسایی هەموو شتێک دەرچێت. لێرەدا دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە ئەمە لایەنی کۆمەڵایەتی مەسەلەکەیە و تا ڕادەیەکیش لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسییەکاندا دژایەتی هەیە و هەربۆیەش گرینگایەتیەکی ئەوتۆی نییە بۆ خوێندنەوەی ئێمە لە سەر دەقەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هەر تاکێکی ئەم جیهانە - چ نێر و چ مێ - کاتێک کەسێک وەک هاوبەشی ژیان یان وەک خۆشەویست هەڵدەبژێرێ بە هیچ شێوەیەک حەز ناکات کە ئەو کەسە بایەخی زیاتر بە کەسێکی دیکە بدات جگە لە خۆی و هەربۆیەش هەر تاکێک ڕوح و جەستەی بەرانبەرەکەی بە موڵکی قۆرغ کراوی خۆی دەزانێت و بە هیچ شێوەیەک حەز ناکات لەگەڵ یەکی دیکەدا دابەشی بکات و ئەمەش هەستێکی تەواو غەریزی و سروشتیانە و دواجاریش مرۆڤانەیە و بە هیچ یاسا و ڕێسایەکیش پاساوی بۆ نایەتەوە. ئێمە ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە تەنانەت لە زمانی خودی هەلاڵەوە دەبیستین: «ببوورە برایم گیان، هیچ پیاوێک حەز ناکات لە سەر سنگ و بەرۆکی ژنەکەی ڕەسمی پیاوێکی تر ببینێت.» ل ٦٢.

هەموومان دەزانین کە هۆگری هەلاڵە بۆ دکتۆر سەعید پێش ئەوەی کێشەی لەگەڵ شێرزاددا تۆخ ببێتەوە، بە جوانی هەست پێ دەکرێت و بە ڕاشکاوی ئەوە دیارە کە پێوەندی نێوان هەلاڵە و دکتۆر سەعید هەر تەنیا پێوەندییەکی قوتابی و مامۆستا نییە و بگرە لەوە قووڵترە. شێوەی مامەڵە کردنی ئەو دوو کەسە لەگەڵ یەکدا لە حاڵەتی ئاسایی تێپەڕیوە و شێرزادیش بە جوانی هەست بەوە دەکات و پێوەی دەناڵێنێت، تەنانەت کەسانی دەوروبەریش (وەک سوەیلا ژنی ئیرەج) لە ڕاستی ئەو شێوە پێوەندییە گەیشتوون: «...لەو ماوە کورتەدا لە ڕاستی پێوەندی ئەو مامۆستا و قوتابییە

گەیشتبوون.» ل ٢١٨. ئەمە بە مانای پشتگیری کردن لە شێرزاد و هەڵسوکەوتی نییە، بەڵکو دەرخستنی حەقیقەتی ئەو هەڵسوکەوتەیە کە هەلاڵە دەرحەق بە دکتۆر سەعید هەیەتی.

سێ گۆشەی شێرزاد، هەلاڵە، دکتۆر سەعید سێ گۆشەیەکە کە لەودا ڕۆژ بە ڕۆژ هێڵی هەلاڵە – دکتۆر سەعید کورتتر دەبێتەوە و هەر بەو پێیەش هێڵی هەلاڵە – شێرزاد درێژتر، شێرزادیش لەو سەرەوە بە سەر کورت و درێژی ئەم هێلانەدا دەڕوانێت و لە هەمان کاتیشدا کارێکی ئەوتۆی لە دەست نایە کە ئەم مەودایە بڕەوێنێتەوە. لە ڕاستیدا هەست کردنی شێرزاد بەم حەقیقەتە، ئەو بەرەو لای کارەسات دەکێشێت. ئەگەر نا بە ڕای من شێرزاد ئەوەندەش داخراو و دەمارگرژ نییە وەک هەندێک لە پیاوانی دیکە هەن. شێرزاد کەسێکە کە چەندین ساڵە عاشقی هەلاڵە بووە و تەواوی ژیانی بۆ گەیشتن بە ئەو تەرخان کردووە. ئەو کەسێکە کە لە کانگای دڵییەوە باسی خۆشەویستی دەکات و نیازی وایە کچەکەی ناو بنێ «ئەوین»، چونکە لای وایە: «ئەوین یەعنی عەشق، یەعنی خۆشەویستی.» ل١٣٤. لە هەمان کاتیشدا هەروەک گوتم کەسێکی ئەوتۆ دەمارگرژیش نییە، ئەو بە مەجیدی برای هەلاڵە دەڵێ: «ژنەکەی تۆ نەک هەر لێرە و لەم قەراغ دەریایە، ئەگەر لە ماڵەوەش، لە وڵاتی خۆشمان بە ڕووتی بسووڕێتەوە، ئیجازەی ئەوە بە کەس نادا بە چاوی خراپ سەیری بکەن. مەبەستم ڕووتییەکە نییە کاکە مەجید. مەبەستم شتی ترە. مەبەستم هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ترە.» ل ٧٦.

ئەم شێوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەی کە شێرزاد مەبەستیەتی، هەر لە یەکەم دیداری ڕەسمی دکتۆر سەعید و هەلاڵە و شێرزاددا بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت. هەر یەکەم جار کە دکتۆر سەعید بۆ ماڵی هەلاڵە و شێرزاد داوەت دەکرێت، ئێمە ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە جیاوازەی هەلاڵە هەست پێ دەکەین. ئەو پێش هاتنی دکتۆر سەعید دەچێتە حەمام و دواجار ژووری خەوتنەکە و جل دەکاتە بەری، سەرەتا کراسێکی شین و پاشان بە دڵی نابێت و کراسە بنەوشەکە لە بەر دەکات. نووسەر بە تایبەت جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە. ئەو شێوە ڕەفتارە بە بڕوای من ئەگەر ورد بخرێتە بەر سەرنج تەنیا لە ئافرەتێک دەوەشێتەوە کە بیەوێت سەرنجی کەسێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سەرەڕای ئەوەش دەزانین ڕەنگی «بنەوش» کە نووسەر پێداگری لەسەر دەکات، ڕەنگی ڕاکێشانی سەرنج و ڕەنگی خۆدەرخستنە بە شێوازێکی ئەویندارانە. هەروەها دکتۆر سەعیدیش دەستووە گوڵێکی بنەوش بە دیاری لەگەڵ خۆیدا دێنێت. بێ گومان ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەو هەستە کە لە ناو ناخ و دڵی ئەو دوو کەسەدایە بەرانبەر بە یەک.

هەلاڵە کەسێکە کە بە درێژایی تەمەنی، ڕوحی کچانە و مێینەی خۆی سەرکوت کردووە و ڕوحێکی پیاوانە و نێرانەی بە بەردا کردووە و هەر لە منداڵیشەوە بەم دیدەوە گۆش کراوە و پەروەردە بووە و خۆشی دان بەم مەسەلەیەدا دەنێت: «ئەو قسە، ئەو مەزننە سادە و ئاساییەی گوڵاڵە، سەرنجی منی بۆ لایەنێک لە کەسایەتی خۆم ڕاکێشا کە ساڵەها بوو پشت گوێم خستبوو.» ل١٦٠. هەربۆیە دواجار کە پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزی نێرینە، واتە پیاودا دەگرێت، کەسێکی پێویستە کە ئەو ڕوح و لایەنە کچانە و پشتگوێ خراوەی وەبوژێنێت و بە تەواوەتی پاراوی بکات. سەرەتا برایم، یان برایمۆک ئەو کەسەیە، ئەو ڕوحەیە کە وادەکات هەلاڵە خودی ڕاستەقینە و فەرامۆشکراوی خۆی بدۆزێتەوە: «(برایم) یارمەتیدا خۆی و تواناکانی، خۆی و ڕاستیەکانی، خۆی و لایەنە شاراوە و پشتگوێ خراوەکانی دەروونی بدۆزێتەوە.» ل١٧٠.

هەلاڵە ساڵەهایە کە لە ساتێکی پیرۆزدا (ل ٤٩) لە «هەلاڵە»وە بووە بە «هەڵمەت»، بەڵام ئەم جارە ساتێکی پیرۆزتری پێویستە تا دیسان لە هەڵمەتەوە ببێتەوە بە هەلاڵە، ببێتەوە بە کچە ڕوح ناسکەکەی کە دەبوایە ببێت. ساتی پێوەندی گرتن لەگەڵ برایم ، چرکەساتی ئەم ئاڵوگۆڕە دەروونییەی هەلاڵەیە، ساتی گەڕانەوەیە بۆ ئارەزووەکانی کچێنی و ساتی نکوڵی کردنە لە دەمامکی نێرینەبوون و حەزی پیاوانە، کە ئەمەش لە ڕاستیدا شتێک نییە جگە لە گوێ گرتن لە خواست و ئارەزووی سروشتی و غەریزیانە، چونکە هەلاڵە چەندە دەمامکی یەکی دیکە بە بەر خۆیدا بکات دیسان ناتوانێ لە خودی ڕاستەقینەی خۆی نکوڵی بکات: «ئەو کچە گەنجە کە جلوبەرگی پیاوانەی لە بەر دەکرد و وەک پیاوان هەڵسوکەوتی دەکرد، پێکەنینەکەی پیاوانە نەبوو، ژنانە بوو، کچانە بوو. پێکەنینێکی خۆش و شیرینی کچانە.» ل١٥٢. هەربۆیەش دواجار هەلاڵە لە ڕاستیدا بۆ دکتۆر

سەعید ناگەڕێت، بەڵکو بۆ ئەو چرکەساتە ون بووە دەگەڕێت کە لەودا لە هەلاڵەوە بووە بە هەڵمەت. هەوڵی ئەو فەرامۆش کردنی شێرزاد و دۆزینەوەی دکتۆر سەعید نییە، بەڵکو تەقەللای ئەو دۆزینەوەی ڕەهەندێکی بزربووی تەمەنیەتی کە بەئانقەست فەرامۆش کراوە. هەوڵەکانی هەلاڵە لە پێناو دۆزینەوەی ئەو هەلاڵە ون بووەدایە. کە دواجار وا هەست دەکات لە ڕێی دکتۆر سەعیدەوە دەتوانێت بچێتەوە سەر ئەو جیهانە ون بووە. ئەو دکتۆر سەعید وەک ڕێگایەک دەبینێ کە دەیباتەوە سەر جیهانی هەلاڵەی ڕاستەقینە، یان بە واتایەکی دیکە ڕوحی دکتۆر سەعید بە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە دەزانێت کە ئەو جیهانە دەگمەنەی تێدا بەدی دەکرێت. ڕوحی دکتۆر سەعید بۆ ئەو دەبێتە دەلاقەیەک بۆ سەر کێشان بە جیهانێکدا کە پێشتر برایمۆک بۆی دەستەبەر کردبوو.

هەلاڵە لە وڵاتێکدا گەورە بووە کە لەودا بە قسەی دایکی: «کچ دەبێ لە سێبەری خۆشی بترسێ.» ل ٥٢. هەربۆیە شتێکی ئاساییە ڕوحێکی هەستیاری وەک هەلاڵە نکوڵی لە ڕەگەزی خۆی بکات و دواجار خۆی وەک ڕەگەزی بەرانبەر بشوبهێنێت، بەڵام ئەم خۆشوبهاندنە تا کەی؟ ئەم نکوڵی کردنە لە سروشت و دەروون بەرەو کوێی دەبات؟ ئەی کەی دەلاقەی حەز و خواستە سروشتییەکانی خۆی - وەک مێینەیەک - بکاتەوە؟! جا بۆیە ساتی نزیک بوونەوە لە دکتۆر سەعید ساتی کردنەوەی ئەو دەلاقە پیرۆزەیە کە بە بێ ئەو هەلاڵە بوونێکی نییە. هەربۆیە شتێکی ئاساییە کە سەرلەبەری پێوەندییەکانی لەگەڵ شێرزاددا، ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێت و پێچەوانە ببنەوە.

جا بۆیە لێرەدا دەبینین هۆکارێکی سەرهەڵدانی قەیران و خولقانی کارەسات، سەرکێشانی ئەو هەلاڵە فەرامۆشکراو و پشتگوێ خراوەیە لە ناوەوە بۆ دەرەوە. ئەو جیهانە فەرامۆش کراوە کاتێک دێتە ناو جیهانی واقیع و لەگەڵیدا بەریەک دەکەوێت، ئاڵۆزی و قەیران دەنێتەوە. بەریەک کەوتنی جیهانی سەرکوتکراوی هەلاڵە لەگەڵ جیهانی واقیعدا وەک بەریەک کەوتنی دوو هێزی شەڕ وایە کاتێک دەگەنە یەک. هەلاڵە هەر کاتێک پێ دەنێتە ئەو دۆخەوە لەگەڵ وەرچەرخان و دڕدۆنگیدا بەرەوڕوو دەبێت و ئەوسا تەواوی ئاکار و هەڵسوکەوتی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و دووچاری ئاڵوگۆڕی دەکات (سەرجەم ل ١٧١). ئەم ئاڵوگۆڕەش ئەوەندە تۆخە و هێندە کاریگەرە کە دواجار کێشەی بۆ دەنێتەوە و ئەو کێشەیەش بە مەرگی خۆی کۆتایی دێت.

ئێستا دەبێ پرسیارێک بێنینە گۆڕێ کە پێشتر وەڵاممان داوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕەی هەلاڵە چ دۆخێک بۆ شێرزاد دروست دەکات؟! کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانە لە سەر شێرزاد بە چ شێوەیەک کاردانەوەی دەبێت؟ شێرزاد تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لە هەمبەر گۆڕانی ئەو پێوەندییانەدا، لە خۆی نەرمونیانی نیشان بدات؟! دژکردەوەی شێرزاد چییە و ئایا ئەم ئاڵوگۆڕانە نابنە هۆی ئەوەی سەرلەبەری پێوەندییەکانی ئەو و هەلاڵە و دکتۆر سەعید ڕەوتی ئاسایی خۆیان لێ تێک بچێت؟!

دروستە کە هەستی خۆشەویستی هەلاڵە بۆ دکتۆر سەعید دەرەنجامی ناکارامەبوونی سۆز و خۆشەویستی شێرزادە بەرانبەر بە هەلاڵە، یان بە بارێکی دیکەدا شێرزاد هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە ڕوحییە نییە کە بتوانێت ڕوحی هەستیاری هەلاڵە پاراو بکات، چونکە هەلاڵە بۆ ڕوحێکی هەستیار و شاعیرانە دەگەڕێت کە نەوازشی ڕوحی بکات، کەچی هەست بەوە دەکات شێرزاد ئەم توانا ڕوحییەی نییە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی شێرزاد تاوانباری موتڵەق بێت و بە ناوەندی کارەسات و قەیرانەکانی بزانین.

جا بۆیە ئەگەر بۆ پرسیاری سەرەکی ئەم خوێندنەوەیە بگەڕێینەوە، دەبێ پێ لەو حەقیقەتە بنێین کە بە بارێکدا تاوانباری سەرەکی ئەو جیاوازییە ڕۆشنبیرییەیە کە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا هەیە و بە ڕاشکاوی بەدی دەکرێت. ئەو بۆشاییەی نێوانیان کارێک دەکات کە ئەو دوو کەسە لە یەک تێنەگەن و ڕوح و زەینیان بە یەک نەخوات و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە یەک دوور بکەونەوە و لێک دابڕێن تا دەگاتە شوێنێک کە ئیتر ئەو مەودایە شیاوی پڕکردنەوە نەبێت و نەتوانن بۆ سەرەتای دۆخەکە بگەڕێنەوە و لە دەرەنجامدا بە کارەساتێکی لەو شێوەیە کۆتایی بێت. ئەو جیاوازییە ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە خودی هەلاڵە لای وایە کە ئەوان دوو کەسی سەر بە دوو دنیای جیاوازن، بە دوو جۆرە حەز و خۆزگە و خەونی جیاوازەوە (سەرجەم ل ١٣٢).

بە کورتی ئەگەر باسی سەرجەم ژیانی هەلاڵە و شێرزاد بکەین، دەبینین کە سەرەتا ژیانێکی زۆر ئاسایی و خۆشیان هەیە و لە ڕواڵەتدا هیچ گرفت و کێشەیەکی

ئەوتۆ بە ڕوخساری ژیانیانەوە بەدی ناکرێت. تەنانەت کە دکتۆر سەعیدیش پێ دەنێتە ناو ژیانیانەوە، ڕەوتی ژیانیان هەروەک جاران ئاساییە و لە هەمان کاتدا شێرزادیش ڕێزێکی تایبەتی بۆ دکتۆر سەعید هەیە و هەربۆیەش لە یەکەم دیداردا هەموو شاد و کەیف خۆشن و هیچ خەوشێک ناکەوێتە سەر دڵی شێرزاد، بەڵام تۆوی ڕووداو و کارەساتەکان ئەو کاتە دەچێنرێت کە دکتۆر سەعید بە هەلاڵە دەڵێ:

«تۆ و شێرزاد ژن و مێردێکی زۆر چاکن. هەردووکتان میهرەبان و بەڕێزن، بەڵام...» ل ١٣٢.

بە ڕای من لاپەڕەی مەرگی هەلاڵە لە ئەم «بەڵام»-ەوە هەڵدەدرێتەوە:

«بەڵام زۆر لێک جیاوازن. هەر کامەتان مرۆڤی باشی دنیایەکی جیاوازن.» ل ١٣٢

باس کردن لەم جیاوازییە دەبێتە دەسپێکی خوڵقانی کارەساتەکە. سەرەڕای ئەمەش دەزانین کە هەڵسوکەوتی دکتۆر سەعید لەگەڵ هەلاڵەدا کاتێک کە دوو کەسی لە زانکۆ بەیەکەوەن جیاوازە لەو کاتانەی کە لەگەڵ شێرزاددان. هەروەها دکتۆر سەعید بە ئاماژەدان و بە ورووژاندنی ئەم جیاوازییە لە لایەن خۆیەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەستی خۆی بۆ هەلاڵە دەردەبڕێت، یان بە شێوەیەک بە هەلاڵە دەڵێت کە تۆ و شێرزاد بۆ یەک ناشێن و بۆ یەک نەخوڵقاون. کە ئەم شێوە ڕەفتار و ئەم شێوە دەربڕینانە لە بنەڕتدا لە شێوەی ڕوانینی دکتۆر سەعیدەوە بۆ هەلاڵە سەرچاوە دەگرێت کە نیگایەکی ئەویندارانەیە و لە ڕاستیشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوشێوەیە لەگەڵ هەڵسوکەوت و ڕوانینی مامۆستا کلۆڵ بۆ هەلاڵە، تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ڕوانینی مامۆستا کلۆڵ هەندێک سێکسیانەتر لە نیگای دکتۆر سەعید دەردەکەوێت.

هەلاڵە وا هەست دەکات کە ڕوحی دکتۆر سەعید ئەو جیاوازی و بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە لە نێوان ئەو و شێرزاددا هەیە و لە هەمان کاتیشدا دکتۆر سەعید ئامادەیە ئەو دەورە بگێڕێت و ئەو بۆشاییە داپۆشێت، بەڵام نەک لە ڕێگایەکی ناوبژیکەرانەوە، بەڵکو وەک جەمسەرێکی بەهێز و ڕەقیبێکی دژ و بێ هاوتا. هەلاڵە لەو دۆخەدا وەک وردەئاسنێک لە نێوان هێزی موگناتیسی شێرزاد و دکتۆر سەعیددا سەرگەردانە و جۆلانێ دەکات، بەڵام هێزی ڕاکێشانی دکتۆر سەعید زۆر بەتینترە و موگناتیسێکی زۆر بەکێشترە. ئەمەیە کە لەم نێوەدا هەلاڵە بەرەو لای جەمسەرە بەهێزەکە دەکێشرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە هەروەک بەختیار سەجادیش ئاماژەی پێدەکات، هەلاڵە کەسێکە کە لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە هەڵگری چەندین کەسایەتییە و بە قسەی بەختیار کەسێکە «فرەتوێ». ئەم تایبەتمەندییەی هەلاڵە بەدگومانی و دوودڵییەکی گەورە و گران لە لای شێرزاد دەخوڵقێنێ کە ئەوی بە چۆکدا هێناوە و بۆ دەربازبوون لێی چارەیەکی نامێنێ جگە لە پاک کردنەوەی جەمسەرێکی هاوکێشەکە. شێرزاد لەو بەدگومانییەدا، یان دەبێ خۆی لە ناوەندی کێشەکە بکێشێتە دەرەوە، یان هەلاڵە. ئەوەیە کە دۆخەکە ئاڵۆزە و بڕیارەکەش گەلێک سەخت، بەڵام سەرەڕای ئەمە دواجار شێرزاد بڕیار دەدات کە خۆی لە ناوەندی قەیرانەکە بکێشێتە دەرەوە، بەڵام دروست لەو کاتەدا کەسێکی سێیەم خۆی دەکات بە ناوەندی ئاڵۆزی و کێشەکەدا کە ئەویش حوزووری ڕاستەوخۆی دکتۆر سەعیدە. جا بۆیە هەر کە دکتۆر سەعید سیمای دەردەکەوێت، سیمای کێشەکەش چرکە بە چرکە چڕتر دەبێت. ئەم حوزوور و ئامادەبوونە لە دوایین ڕۆژدا، واتە ڕۆژی پەلاماردانی هەلاڵە بە تەواوی تۆخ دەبێتەوە و هەر بۆیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرلەبەری ڕووداوەکان بگۆڕێن و دەرەنجامی دیکەیان لێ بکەوێتەوە، چونکە هەموومان دەزانین کە ئەگەر هەست کردن بە حوزووری دکتۆر سەعید لە ناو ژوورەکەدا نەبووایە (حوزوورێکی مەجازی کە شێرزاد بە تەواوی هەست و نەستییەوە هەستی پێ دەکات) بێ گومان شێرزاد کەلوپەلەکانی دەپێچایەوە و بۆ هەمیشە لە قەیرانەکە دەهاتە دەر، بەڵام ئەم حوزوورە لەمپەرێکی گەورەیە لە بەردەم بڕیاری شێرزاددا. بڕیارێک کە لە ناکاو سەرهەڵدەدات و بۆ هەمیشە هەموو ئاراستەکان دەگۆڕێت.

* * *

لە کۆتاییدا ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە و بۆ تاوانباری سەرەکی بگەڕێین دەبینین کە خودی نووسەریش پێی وا نییە شێرزاد تاوانباری سەرەکی بێت:

«من پێم وا نییە کە شێرزاد ئەو شەوە بیری لەو جەنایەتە کردبێتەوە کە بەیانی ڕووی دا. پێم وا نییە بڕیاری دابێت بەیانی کە لە خەو هەستا چەقۆیەک بە

دەستـــەوە بگرێ و بچـێت بۆ مـاڵی هەڵاڵە و هەر کـە دەرکەی لێکردەوە لە سنگی بچەقێنێت.» ل٣٦٠.

هەر بۆیە ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە و گرینگە لەبەردەم خوێندنەوە و تێگەیشتنی رۆشنبیری کوردیدا کە لەودا چیدی سیستمی پیاوسالاری کوردەواری وەک تاکە تاوانبار و سزاکار سەیر ناکرێت و پیاوی کوردیش نابێتە ناوەندی سەرەکی و موتڵەقی گوناهەکان، بەڵکو تەنیا وەک تەواوکارێکی ئەو میکانیزمە سەیر دەکرێت. پیاو چیدی ئەو ڕوخسارە گرژ و مۆنەی نییە و چیدی وەک ئەو بوونەوەرە دەمارگرژ و خوێنسارده نایەتە بەرچاو. ئەوەی کە لەم نێوەدا وەک تاوانباری سەرەکی دەردەکەوێت ئەو هەستە غەریزی و سروشتییە لەناکاوەی مرۆڤە – وەک بوونەوەر – کە هەڵگریەتی و بە شێوەی گشتیش تاوانی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو جیاوازییە فیکری و رۆشنبیری و روحییەی کە کەوتۆتە نێوان هەڵاڵە و شێرزادەوە و ئەو بۆشاییە قووڵەی کە لە تێگەیشتنی نێوان ئەو دوو کەسەدا بوونی هەیە.

جا لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ساویلکانەی ڕەخنەگران، ئەم رۆمانە هەڵگری ڕەهەند و ڕەگەزێکی جیاوازە کە دەبێتە خاڵێکی دەسپێک لە هەناوی تێگەیشتن و ڕوانینی رۆشنبیری کوردیدا و سەرەتای ڕوانینێکی نوێیە بۆ مەعریفەی داهاتوومان.

ئێمە کاتێک لەگەڵ شێرزاددا – وەک بکوژێک – بەرەو ڕوو دەبینەوە، زیاتر لەوەی کە قینمان لێی بێت، بەزەییمان پێیدا دێتەوە. عەتا نەهایی بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەری کورد کە پێی وایە دەبێ ڕوخسارێکی ناشیرین و دزێو لە پیاوی کورد بکێشێتەوە، شێرزاد ناکاتە ئەو دێوەزمە تاوانبار و سزاکارەی کە ناوەندی سەرەکی گوناهەکان بێت، بەڵکو شێرزاد لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەویش خۆی کەسێکە کە قوربانی گوناهێکی گەورەتری دیکەیە. ئەو چەندە تاوانبارە هەر بەو ڕادەیەش بێ گوناهە. ئەو زیاتر لەوەی کە جێی ڕق و کینەی خوێنەر بێت، شیاوی ڕەحم و بەزەییە. کە بەداخەوە ڕەخنەگرێکی وەک بەختیار سەجادیش هەستی بەمە نەکردووە و خۆی لە قەرە نەداوە و ئەویش شێرزاد بە کەسێکی دەمارگرژ و ناحەز و تاوانکار دێنێتە ئەژمار.

خوێنەر ئەو کاتەی کە وەسفی کەشوهەوای ناو ژوورەکە و بارودۆخی دەروونی شێرزاد دەخوێنێتەوە و هەستی پێدەکات، زیاتر لەوەی کە خەمی هەڵاڵە بخوات، خەمی شێرزاد دەنیشێتە دڵی. زیاتر لەوەی بەزەیی بە جەستەی برینداری هەڵاڵەدا بێتەوە، پەرۆشی ڕوحی ڕووخاو و کۆڵەواری شێرزادە. ئەگەر هەڵاڵە لە چرکەساتێکدا جەستەی بە خەنجەر پێکراوە، ئەوە ڕوحی شێرزاد عەیامێکە ئەنجن ئەنجن بووە. ئەوەیە کە چیرۆک هەر تەنیا چیرۆکی مەرگی هەڵاڵە نییە، بەڵکو چیرۆکی ڕووخان و هەرەسهێنانی ڕوحی عاشقی شێرزادیشە. عەشقێک کە ساڵەها بە خولیایەوە ژیاوە و هەوڵی بۆ داوە، کەچی لە ماوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا هەمووی خاپوور بووە. بە ڕای من دڵڕەقی هەڵاڵە دەرحەق بە شێرزاد لە کاتی پێچانەوەی کەلوپەلەکاندا چی کەمتر نییە لە دڵڕەقی شێرزاد کاتی وەشاندنی خەنجەرەکە لە هەڵاڵە. دڵتەنگی شێرزاد لە ناو ژووری ماڵەکەدا زۆر قورسترە لە دڵتەنگی هەڵاڵە لە ژووری نەخۆشخانە. بێ دەسەڵاتی و داماوی شێرزاد لە کاتی پێچانەوەی کەلوپەلەکاندا زۆر ئەستەمترە لە بێ دەسەڵاتی هەڵاڵە لە سەر تەختی نەخۆشخانە. بە بڕوای من دۆڕاوی سەرەکی دواجار شێرزادە نەک هەڵاڵە، چونکە ئەگەر مەرگ سەرەتای ئارامی هەڵاڵە بێت، ئەوە ئازارەکانی شێرزاد تازە دەست پێ دەکەن، ئازاری دۆڕاندنێکی هەمیشەیی و لەولاشەوە ئازاری مەرگی هەڵاڵەش بچێتە سەری. ئەگەر کارەسات سەرەتای ئۆقرەگرتنی هەڵاڵە بێت، ئەوە لە هەمان کاتدا سەرەتای عەزاب و ئازاری بێ بڕانەوەی شێرزادیشە. جا بۆیە ئەم رۆمانە چەندە چیرۆکی مەرگی هەڵاڵە بێت، بەو ڕادەیەش چیرۆکی دۆڕاندنی شێرزادە، چەندە «گرەوی بەختی هەڵاڵە»یە هەر بەو پێیەش دەبێتە «گرەوی بەختی شێرزاد».

**هاوینی ١٣٨٨ (٢٠٠٩)**

**پەراوێز:**

**١– گرەوی بەختی هەڵاڵە، عەتا نەهایی، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧.**

**٢– گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا، بەختیار سەجادی، ڕامان ژ ١٤٠.**

**٣– گرەوی بەختی هەڵاڵە، ئیدریس عەلی، ئاینده ژ ٧٧.**

**٤– خەنجەر وەک یادگاری گرەوی بەختی هەڵاڵە بە خێرایی، جەبار سابیر، ماڵپەڕی خامەی نووسەران.**

**هەر لە ماڵپەڕی «خامەی نووسەران»دا نووسراوەکەی «حوسێن لەتیف»یش دەست دەکەوێت.**

# شیزۆشیعر

## «باسێک لەبارەی دوا بەرهەمی شیعری یوونس ڕەزایی»

مراد ئەعزەمی
(شنۆ)

**"ئێمە شیعرمان بنیات نا کە سەرەتایەک لە شێتی**
**هەرکەس هزر تەڕی دەکا**
**سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی**
**کە شێتی ڕەهاترین باڵندە"**
(منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان/ بارانییەکانی هەڵفڕین/ ل٣٣)

(١)

چەمکی شێتی لە سێ قۆناغی فیکری بەشەریدا، ئامادەیی تۆخی هەبووە. لە جیهانی پێش مۆدێرنی سوننەتیدا، کە هێشتا دووانە لێک دژی ئاوەزمەندی/شێتی کردنی شێتی و شێت، دەستەوداوێنی سیستمی بیرکردنەوەی شهوودی خۆی دەبۆوە، جاری وا هەبوو شێتی بەجۆرێک"زانیاری ئوستوورەیی و(شێت)یش جندرِ پۆشی زۆرزانی پیرۆزی قودسی پێناسە دەکرا. وەک چۆن (سەن پۆل) دەڵێ: خوا وای داناوە کە جیهان لەسەر دەستی شێتەکان، دەرباز بکات " یان بە گوتەی پاسکاڵ:" مرۆڤ بە پێی ویست، وەها شێتە، کە شێت نەبوونی خۆی بە جۆرێکی دی دەبێتە شێتی.

لەم جیهانە پڕ لە سیحر و ڕەمز و ڕاز و جادوو و ئەفسانە و ئوستوورەیەدا، ئەدەبیاتێکی دوورە ئاوەزی خەیاڵاوی بەدیهات، کە تژی بوو لە دێو و درنج و جندۆکە و ئەژدیها....

جیهانی دوای سەدەکانی ناوەڕاست یەکسەر وەرسووڕا، یەکسەر ئاوەز و ئاوەزمەندی و مەنتیق و عەقڵ و تێکڕای نیزامی بەر لە خۆی، کە لە سەر ئوستووره و ئەفسانە دامەزرابوو، وەلانا و ئاوەز لە پەراوێزەوە کەوتە ناوەند و هەرچی دژە عەقڵ و مەنتیق بوو، خرایە پەراوێزەوە. دەروونناسی لەم قۆناغەدا، بە کارکردێکی ئەزموون خوازانە و ئاوەزمەندانە، ڕەسەنایەتی دا بە بەشی وشیار و ڕەفتاری عاقڵانە و دیار و ڕێسامەندی مرۆڤ و بەشی بەئاگای زەین و هەرچی ڕەفتاری دژە ڕێسا و عەقڵ و مەنتیق و سەر بە بەشی نابەئاگای زەینی مرۆڤ بوو، خستییە ناو خانەی نەخۆشی و شێتییەوە، تەنانەت هەست و عاتیفەی بەشەری بە لایەنی منداڵانە و بێ بایەخی مرۆڤ هاتە ئەژمار. لەم قۆناغەدا، ئەدەبیاتێکی مرۆڤ تەوەری ئاوەزخوازی ئیشک و ڕەق و ڕەسمی بەرهەم هات، کە دژ بە ئوستووره و ئەفسانە بوو. بە گاڵتەوە دەیڕوانییە ئەدەبی سیحر و جادووی قۆناغی بەر لە خۆی. شێتی چەمکی نالەبار و غایبی پانتایی دەقە ئەدەبییەکانی سەردەم بوو، شێت گوناهبارێک بوو، کە دەبوایە لەوبەر حەسارەکانی دەسکردی عاقڵەکاندا کەلەبچە کرابا.



**یوونس ڕەزایی**

له سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و هەر تەنیا چەند دەیە دوای شۆڕشە دەروون ناسانەکەی فیلیپ پینێل (phlip pinel) کە کەلەبچەی دەست و قاچی شێتەکانی کردەوە و پەردە ڕەشە چەند قاتەکانی پەنجەرەی شێتخانەی هەڵدڕی و ڕووناکایی خستە ژووری شێتەکان و ئەو تاقمەی وەک دەسکەوتی کۆمەڵگا ناساند-نووسەران و هونەرمەندان، دوا بەدوای پینێل، دووره ئاوەزی بەشەریان بە بەشێک لە هەستی مرۆڤ وەرگرت و دانیان بەم ڕاستییەدا نا.

دوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە، فرۆید بناغەی سیستەمی دەروونشیکاری خۆی دارشت، کە لەودا دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، بە تێروتەسەلی باسی لایەنی ناوشیار و نامەنتیقی بەشەری کرد.

بەم جۆرە یەکەم چەکەرەی ئەدەبیاتی دژە ریالیزمی، واتا ڕۆمانتیسیزم سەری هەڵدا، کە واقیعی دەرهەستی دەروونی و زەینی ناهۆشیار، لە بەرانبەر واقیعی بەرهەستی عەینی و دەرەکی دانا و ناوەرۆکەکەشی بە دووره ئاوەز ناساند، بەم جۆرە کێشەی لەگەڵ ئۆردوگای ئاوەزمەندی بۆ خۆی ساز کرد. ئەم ئۆردوگا ئاوەز تەوەرە، کە سەرەتا توانیبووی خۆی لە دەست جیهانی دووره عەقڵی ئوستوورەخوازی سەدەکانی ناوەڕاست بخەلسێنێ و بە قەرا دوو سەدە مرۆڤ لەدەست ئەم سیستەمە دووره عەقڵە، دەرباز کات. ئێستاکە خەریک بوو لە دەلاقەی دوورەئاوەزی ڕۆمانتیسیزمەوە هەڕەشەی لێدەکرا، کە بانگەشەی واقیعی دەروونی مرۆڤی دەکرد. ئینجا ئاوەزخوازی ئەزموون تەوەر، لە بەرانبەریدا ڕاوەستا و لە میانەی سەدەدا ڕۆمانتیسیزمیش تێک قرما، بەڵام لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، نیو ڕۆمانتیزم بە قەڵافەتی هێماخوازی (سەمبۆلیزم) سەری هەڵداوە. ئەمە تەنیا ڕێگایەک بوو، کە هونەروەر و نووسەر لەوێڕا دەیتوانی قووڵترین ئەزموونی هەست خوازانە و سۆزمەدارانەی خۆی دەرببڕێ، لەبەر ئەوەی ئەم ئەزموونانە، ئەزموونگەلی دووره ئاوەزی دەرهەست بوون، بە کەرەستەگەلی دەرهەست بۆیان نەبوو دەرببڕدرێن. بۆیەش هونەروەر و نووسەر، ڕووی لەم شێوە دووره عەقڵ و دووره ئاوەزە کرد و لە ئاکامدا خۆی بوو بە هێمای ئاوەز سڕینەوە.

تامەزرۆیی نووسەر و هونەروەر، بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت کە لە ڕەهەندی ڕۆمانتیسیزمەوە سەری هەڵدابوو، بە تێکشکانی سەمبۆلیزم دانەمرکا و ئەم جارە بەگۆڕانکارییەک و بە پاڵپشتی دەروون ناسییەوە، پێی نایە سەدەی بیستەم. ئەگەر کو ڕۆمانتیسیزم، دوا بەدوای شۆڕشی پینێل سەری هەڵدا، نیو ڕۆمانتیسیزم هاوکات لەگەڵ دەروونشیکاری، لە ناخی کولتووری مۆدێرنیتەدا بەدی هات و درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بەشی ناهۆشیاری زەینی مرۆڤ، کە یەک سەدە بەر لەم قۆناغە باسی لێ کراوە، ئەم جارە و بە کارەکانی فرۆیدەوە دووبارە کەشف کرایەوە و پاساوێکی زانستی بۆ دۆزرایەوە. نیزامی دەروون شیکاری فرۆید و یۆنگ و لایەنگرانی لە لایەک و دەقە فەلسەفییەکانی نیتشە و هایدگەر و بێرگسۆن و یاسپێرس تا دەگاتە مێرلۆپۆنتی و دیتران لە لایەکی ترەوە، ئەم جارە ئەوەندە بە هێز بوو کە جەماعەتی دژ بەو بیرۆکەیەش، نەیانتوانی بەری پێبگرن و بەشی ناوشیاری زەینی مرۆڤ ئێستاکەش لە سەدەی بیست و یەکدا، هەر زیندوو و کارامەیە.

لەو کەشوهەوایەدا، بزاڤێک سەر بە (ئار. دی. لەنگ) بەم بۆچوونەوە کە؛ "زمانی شێتیش زمانێکی مرۆڤانەیە، بەڵام کاتێ دەکرێ لێی حاڵی بین کە بە بەشێک لە ئەزموونەکانی ئینسانی وەری بگرین" سەری هەڵدا. لەنگ شیزۆفرینیای نەک بە نەخۆشییەکی سەیر و سەمەرە، بەڵکو وەک دژکردەوەیەکی سروشتی مرۆڤ،

بەرانبەر بە کۆمەڵگای چەوسێنەر پێناسە دەکات. کۆمەڵگایەک کە تاقەتی هیچ جۆرە ئەندێشە و ڕەفتارێکی بەدەر لە نۆرمەکانی خۆی نییە. بۆیەش بە دوو شێوە، مرۆڤی شیزۆفرینیک دەخاتە پەراوێزەوە و دەیسڕێتەوە، یان بە تاوانی دووره ئاوەزی و شێتی و نامەنتیقی بوون، لە شێتخانەدا بەندی دەکا. یان وەک تاوانبار و خەتاکار لە بەندیخانەدا کەلەبچەی دەکا. بۆیەش فووکۆ ئەندێشە و بیر و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە عەقڵانییەت و دژە عەقڵانییەت، لە کتێبی شێتی و ژیاردا، کە لە واقیعدا مێژووی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی چەمکی شێتی و پێوەندی ئاوەز و شێتییە، لە لێکدانەوەیەکی مێژووییدا دێنێتە بەر باس. واتا مێژووی شێتی و ئاوەزمەندی، لایەنی کەم لە قۆناغێکدا بە مێژووی ژیار و کوولتووری بەشەریەوە بەستراوەتەوە. دۆزینەوەی چۆنیەتی ئەم بەسترانەوەیە ڕێگایەکە، بۆ گەیشتن بەهۆی سەرهەڵدانی پاش مۆدێرنیتە لە پەنا مۆدێرنیتەدا.

ئار.دی. لەنگ (R.d.lang) ڕاشکاوانە لایەنی شێتی دەگرێ و دەڵێ: "بۆ گەیشتن بەوپەڕی هەڵدان و پوختەیی و زانایی، هەرکەسێک پێویستە شیزۆفرینیا بەسەر کاتەوە"، یان ئەوجۆرەی پێشتر فووکۆ باسی دەکا و دەڵێ: "ئێمە هێشتا پێویستە مێژووی ئەو بیچمەی دیکەی شێتی بنووسینەوە. بیچمێک کە لەودا، مرۆڤ بە کردەوەیەکی سەر بە" جەنابی پاشای ئاوەز "جیرانەکانی خۆی کەلەبچە دەکا و بە زمانی بێ بەزەیی" ناشێتی "لەگەڵ یەک پێوەندی ساز دەکەن و یەکتر دەناسنەوە."

بەم جۆرە ئیتر دیوارەکانی نێوان دوو بەشی جیاوازی، هۆشیار و ناهۆشیار و جیهانی دەرەوەی عەینی و ژوورەوەی زەینی مرۆڤ و ئینجا دیوارەکانی نێوان دوو دنیای ژوورەوەی شێتخانە و دەرەوەی دنیای عاقڵان، تێک ڕووخا و هەردووک وەک دوو لایەنی ڕاستەقینەی مرۆڤ هاتنە ئەژمار. لایەنی دووره ئاوەز و ناعەقڵانی و لایەنی ئاوەزمەند و عەقڵانی مرۆڤ.

(٢)

تێرمی شیزۆفرینیک (Schisophrenic) یەکەم جار لە لایەن (ئیۆجین بلوویەر) دەروونناسی سویسری، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بە زاراوە ناسی دەروونناسییەوە زیاد کرا.

ئەم تێرمە بۆ تاقمێک لە دەروون شێواوییەکان دەکار کرا کە پێشتر بە (فەوتانی پێش وەختی عەقڵ) ناودێر کرابوو. شیزۆفرینیا واژەیەکی یۆنانییە، کە لە دوو بەشی (Schiso) واتا دوولەت بوو (Phrenia) بە مانای فیکر و دەروون پێکهاتبوو.

پێوەندی ئەو زاراوەیە و ئەوانەی گرفتاری ئەو شێواوییەن، لە سیستەمی ڕەوانی و دەروونییاندایە، کە تووشی پارچە پارچە بوون و نارێکی هاتوون. سیستەمی ڕەوانی و نیزامی دەروونی هەر کەسێک، لە چوار بەشی (هەست، بیر و بۆچوون، وەرگرتن و ڕەفتار) پێکدێت، کە بە شێوەیەکی هاوهارمۆنیا و یەکدەست و ڕێک، بەرانبەر هەر وورووژێنەرێکی دەرەکی دەکار دەکەوێت، لە نیزامی دەروونی مرۆڤی شیزۆفرینیکدا، ئەم چوار بەشانە جیا لە یەک دەکەونە گەڕ و پێکهاتەی نیزامی ڕەوانی ئەو کەسە دەشێوێ. کەسی شیزۆفرینیک لە بەرانبەر وورووژێنەرێکی تایبەتدا، هەست و ڕەفتارێکی نارێک لەگەڵ هەست و وەرگرتنەکەی خۆیشی دەردەبڕێ. بۆ وێنە لە بەرانبەر ڕووداوێکی هەژێنەر، لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەکە دەبینێ و هەستی پێ دەکا، لە جیاتی تێکچوون و گریان، یان غەمبار بوون، دەس دەکا بە قاقا پێکەنین. جگە لەمە جیهانی دەروونی و زەینی و فانتازیای ئەم کەسە، ڕاستەقینەتر لە جیهانی بەر هەست و عەینی و واقیعی خۆ دەنوێنێ. لەئاکامدا مرۆڤی شیزۆفرینیک، پتەوی کەسایەتی خۆی لە کیس دەدا.

گوتاری شیزۆفرینیک بە هۆی ئەو شێواویانەی باس کراوە، تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە چەند ئولگوو پێکدێت:

١- پچڕ پچڕ بوونی بیرکێشەکییەکان:

گوتاری هەنجار و ساغ، خاوەنی تەکووزی و تەرتیباتێکی ڕێکوپێکە، کە ئەم ڕێکوپێکییە لە گوتاری (Schiso)دا نابیندرێ. بەردەوام بیر و بۆچوونەکان لە ئاراستەیەکەوە بۆ ئاراستەیەکی دی وەردەسووڕێن، کە فڕی بە بابەتی بەر لە خۆیەوە نییە. لە پرۆسەیەکی ساغ و ناشێواوی گوتاری مرۆڤێکی ناشیزۆفرینیکدا، قۆناغێک هەیە بە ناوی (هەڵبژاردن). کاتێک مەیلی پێوەندی گرتن لەگەڵ دیتران ئیرادە دەکرێ، بەر لە دەربڕینی ڕا و بۆچوون، مێشک و زەینێکی ناشێواو باشترین واژە و

ڕسته و گوزاره و تەعبیر لە ناو کۆی دەریای واژە و ڕسته و گوزاره و تەعبیرەکانی، گەنجینەی واژەگەلی زەیندا، سەبارەت بە دۆخ و هەروەها وەزعی بەردەنگ هەڵدەبژێرێ و دوا جار دەیهێنێتە قۆناغی گوتە و دەربڕین. ئەم قۆناغە، واتە قۆناغی هەڵبژاردن و ئەم پرۆسەیە لە گوتاری شیزۆفرینیکدا غایبە، بۆیەش بێژەری ئەم گوتارە، دابڕاو لە هێڵی پێوەندی گرتن و فیکری بەر دەنگ، گوتەی خۆی پەرە پێدەدا.

٢- واژە داتاشین(Neo logism):

یەکێک لە بەڵگەکانی شێواوی گوتاری شیزۆفرینیایی، بێ دەستەڵات بوون، لە وەدەست هێنانەوەی نیشانە کەلامییەکانی شیاوە. لەوانەیە ئەم دەلالەتانەی ئەم دەروون شێواوانە بەتەمای دەربڕینیانن، گەلێ عاقڵانەش بن، بەڵام توانایی دیتنەوەی واژەی پتەو و دروستیان نییە، بۆیەش سیستمی کەلامی وان بۆ لای داهێنان و داتاشینی واژەی تایبەت بە خۆیان دەکار دەکەوێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە، جاری وایە لە گوتاری ئەم تاقمەدا گوزاره و ڕستە و واژەی وا دەبینرین و دەبیسرێن، کە لە هیچ فەرهەنگۆکێکدا نادۆزرێنەوە و هەر تایبەت بە دەقی زەمینەی خۆیانن.

٣- سالادی واژە(Word salads):

جاری وا هەیە کە زمانی شیزۆفرینیایی دەبەردایە، ئەزموونی تێکشکانێکی تەواو عەیاری گەڕیانی هاوهارمۆنیا نیشان بدات، بە ڕەنگێک کە وەدوا کەوتن و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان واژە و ڕستە، لە تەک ڕووداوەکان بۆ بیسەر و خوێنەر دووره دەست و نەگونجاوە. بە پێچەوانەی واژە داتاشین، سالادی واژە هیچ جۆره کارکردێکی پێوەندی گرتنەوەی نییە. واتا ئیرجاعی بۆ دەرەوە نییە، نووکی تیری دەلالەتی بۆ ناو خۆی دەگەڕێتەوە. واژەکان تەنانەت لەسەر وێکچوونی دەنگیش هەڵنەبژێردراون، سالادی واژە لە واقیعدا، دەربڕی دۆخی چەند بارە بووی سیستمی ڕەوانی شیزۆفرینیکە.

(٣)

ئەدەبی پۆست مۆدێرن وەک لکی کولتووری گەڕیانی پۆست مۆدێرنیزم، ئەرکی دابەزاندنی پرەنسیپەکانی ئەم گەڕیانەی، بە بەرهەم هێنانەوەی دەقگەلی سەر بەم دۆخەی وەئەستۆ گرتووە. زمان و ڕوانینی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە چەمکە تەوەرەییەکانی مۆدێرنیتە، وەک ئاوەز و مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا، گەڕانەوە بۆ چەمکە پەراوێزییەکان و سروشت و ڕابردوو و ئوستووره و... و تێکدانی دووانە چەسپاوەکانی سیستمی مۆدێرنیتە، وەک پیاو/ژن ئاوەزمەندی /شێتی،... بە ڕەسمی ناسینی لایەنە نارەسمی و پەراوێزییەکان و لەوان چەمکی شێتی، وەک بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە هەستی مرۆڤ و کارکردی بە هێزی ناوشیاری لە پانتایی دەقە ئەدەبییەکاندا، پرۆژەی سەرەکی ئەم گوتارە ئەدەبییە بووە. ڕۆمانەکانی کەسانێک وەک (کۆندێرا، ڤۆنێگات، مارکیز، بارگاس یووسا،......) و کورتە چیرۆکی بۆرخێس و شیعری ئۆکتافیوپاز و.... لەم بەستێنە فیکری و فەلسەفییەڕا بەرهەم هاتوون.

زمانی ئایرۆنیک (گاڵتە ئامێز) سەبارەت بە هێماکانی مۆدێرنیتە و دەسکەوتەکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا، وەدەنگ هێنانەوەی لایەنی ناوشیار و ناعاقڵانەی مرۆڤ، بە زەمینەگەلی وەک (مۆنۆلۆگ، بیرکێشەکی ڕەها، گەڕیانی سەربەخۆی زەین، ڕیالیزمی جادوویی و...) سەرەکیترین ڕەفتار و خەسڵەتەکانی ئەم گوتارە ئەدەبییە بووە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بە تایبەت لە ژانری شیعریدا، هەندێک لە شاعیرانی هاوچەرخ لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان، هەوڵی هەڵسووڕان لەم کەشوهەواو دۆخەیان داوە. کەسانێکی وەک: (ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵڵا یووسف و...)، هەروەها حەمەسالح سووزەنی و ڕەزا عەلیپووریش لەم بەستێنەدا تاقیکاری تایبەت بە خۆیان هەبووە. واتا هەرکام بە شێوە و زمانی تایبەت بە خۆیان، زمانی ناعاقڵانەی شێتانەیان تەجرەبە کردووە.

* * *

"یوونس ڕەزایی" یەکەم ئەزموونی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی تایبەت بە خۆی، لە بەستێنی گوتاری شیزۆفرینیکدا، لە کۆمەڵە شیعری "شین ترین بەتاڵ"دا تۆمار کردووە. ئەم دەفتەرە بە تەواوی ئەو خەسڵەتانەی بۆ شیزۆفرینیا هاتنە ئەژمار بەرهەم هاتووە. کە بە شێوەیەکی پێکهاتەخوازانە لە لایەن کاک"ڕەهبەر مەحموودزادە"وە شی کراوەتەوە. ئەگەرچی لایەنی زاڵی پۆست مۆدێرنیکی شێتی ئەم دەقە شیعریانە، زۆر

نەهاتوونەتە بەر باس و چەمکی شێتی و ئەدەب و گوتاری شێتی، بە شێوەی گوزارە و لە سووچێکدا ئاماژەی پێکراوە. دووەمین کتێبی یوونس ڕەزایی واتا "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" وەک دەوامی تاقیکاری گوتاری شێتی و وەک پاشکۆی شین ترین بەتاڵ دێتە بەر چاو، بەڵام خاوەن کارەکتەرگەلێکی جیاوازیشە، کە لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دێنە بەر باس.

(٤)

لەم بەشەدا بە تەمایین بەو ڕوانگە و ستراتیژیەی کە لە سێ بەشی ڕابردوودا بنەماکانی شی کرانەوە، کۆمەڵە شیعری"منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" بخوێنینەوە. سەرەتا پێویستە چاوێکی خێرا بخشێنینە سەر دەقەکانی دووتوێی ئەم کتێبە و پۆلێن کردنێکی گشتیمان هەبێ، لە بەرهەمە شیعرییەکان بۆ وەی ڕێگەیەک بۆ پرۆسەی خوێندنەوەمان خۆش بکەین.

بە گشتی سێ جۆرە دەقی شیعری سەر بە سێ ستراتیژی جیاواز لەو کتێبەدا کۆ بوونەتەوە.

١- ئەو دەقە شیعرییانەی کە دەوامی(شین ترین بەتاڵ) ن و لە کەشوهەوای ئەو دەفتەرەدا بەرهەم هاتوون و بە حوکمی زەمانی لەم دەفتەرەدا جێ کراونەتەوە.

٢- ئەو دەقە شیعرییانەی لەگەڵ ئەوەی هێندێک تایبەتمەندی فۆرمیک و پێکهاتەیی (شین ترین بەتاڵ)یان پێوە دیارە، لە سەر ئەو گوتارە شیعرییە بەرهەم هاتوون، بەڵام لایەنی هەندەسی و میعماری شیعریان، بە بەرژەوەندی لایەنی وێنەی شیعری و دەلالەتی شاعیرانە و پێوەندی گرتن زاڵترە و ئێمە بە قۆناغی دووەمینی شیعری "یوونس " ناودێریان دەکەین.

٣- ئەو دەقە شیعریانەی سەر بە هیچ کام لەو دوو گوتارەی باس کران نین، تەنانەت زمانەکەشیان خەسڵەتی زمانی شیزۆفرینیکیان نییە و زۆرتر ڕۆمانسیانەن.

ئەم سێ تاقمە شیعرە، بە گشتی گوتاری شیعری خۆیان بە دەکار کردنی چەند زەمینەیەکی سەرەکی دیاریکراو دادەمەزرێن. ئەگەر بمانەوێ وەک سەرەتا و بە شێوەی گشتی، ئەم زەمینە سەرەکیانەی ئەم گوتارە شیعرییانە دەست نیشان بکەین، دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

ئەلف: کەڵک وەرگرتن لە شێوە ئاخاوتنی کتێبی پیرۆز (قورئان، تەورات، ئینجیل، ئاوێستا و...)

ب: کەڵک وەرگرتن لە زەمینەی سەروو شیعر(Meta poem)، واتا باسی تێکنیک و زەمینەکانی خودی دەق کردن و حزووری نووسەر لە ناخی دەقدا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

پ: داهێنانی ئوستوورەگەلی نوێی تایبەت بە دەق (Neo myth)

ت: کارکردی بە هێزی ناوشیار و شهوود و چەمکە دووڕە ئاوەزەکان و گاڵتەی بەردەوام بە ئاوەز و هزر و لەبەر یەک دانان و هەڵوەشاندنەوەی دووانەی هزر/شێتی و بەراوەژووکردنەوەی پێکهاتەی مۆدێرنی ئەم دووانەیە (هزر/شێتی، ئاوەز/شهوود، شێتی /هزر، شهوود/ئاوەز).

س: تەواوی ئەم زەمینانە لەسەر بەستێنی زمانێکی شیزۆفرینیایی لە ناو دەقدا، بەو تایبەتمەندییانەی بەر لەمە بۆ ئەم زمانە دیاری کران (پچڕ پچڕ بوونی بیر کێشەکییەکان، واژە داتاشین، ساڵادی واژە) دێنە بەرهەم.

(٥)

"شین ترین بەتاڵ" ئەزموونی دانوستانی شاعیرێکە لە تەک واژە و حەرف و پیتەکان، مەیدانی بەتاقی کردنەوەی خەسڵەتە جۆراوجۆر و کارەکتەرە هەمەڕەنگەکانی کەلیمەکانە. لە دەسپێکی زەمانێدا لەو قۆناغەی کە هێشتا هەر کەلیمە هەبوو و بەس، واژەکان کە دەهاتنە خوار دوا جار تەکسیر دەبوونەوە و جەستەی دەقیان دەتەنییەوە و ڕوحیان وەبەر دەنا. ڕوحی ئیکسیری ناوشیاری خواوەندی شیعر. ئەم ئیکسیرە لە دۆخێکی تەواو هۆشیارانەدا دەخرایە جەستەی دەقەوە. هۆشیارانە هەڵدەبژێردرا تاکو ناهۆشیاری پیت و واژە بێتە ڕوو.

**سەرسوڕمانی حەقیقەت و دارژانی بزە**
**دادەڕژێ سەرسوڕمان وەک بزە**
**دەبارم وەک ترس لە لەشتا.**
**لە چاوتا من نم نم**
**وەک سەرسوڕمانی خۆم**
**ئەو کاتەی دەستی تۆ**

**ئارامی ئوقیانووس بۆ سەرم**
**ئوقیانووسی ئارامی لەشت وەک دالدەی سەرسوڕمان**
**دادەڕژێ بۆ دوورگەی باوەشم...**
**سەرسوڕمانی حەقیقەت و دارژانی مەرگ**
**وەک دوورگەی حەقیقەت لێوڕێژی مەرگم من**
**تەنیا هەر ڕژانی بزەتە ئاماژەی سەرسوڕمان بۆ دلّم**
**لە دوورگەی بزەتدا تەنیایی لێوڕێژە لەمن و**
**من هەروا لە چاوتا کە بارین**
**لە لەشتا**
**کە مردن**
**من هەروا...**

(من هەر وا لە چاوتا...من هەر وا، شین ترین بەتالّ ل٧٩)

ئەمە قۆناغی کیمیاگەری شاعیرێکی ئەزموونگەرایە، کە بە فۆڕمۆلەکانی ژێرەوە خەریکی کەشفی شێوەی تەقاندنەوەی وزە شاراوەکانی ڕادیکالّی واژەکانە، لە شێوە جۆراوجۆرەکانی تێکەلّ بوونیاندا.

١- تێکشکاندنی تێکەلّبوونی هێلّی واژەکان و تێکدانی پێکهاتەی خەتتی دەقە شیعرییەکان.

٢- تەقاندنەوەی توانستی خۆ بەرهەم هێنانەوە.

٣- وەخەبەر هێنانەوەی لایەنی خۆ ئیرجاعی دەق.

٤- تەنرانەوە بە شێوەی بەرەو ژوور(تصاعدی)

٥- خۆ تەقاندنەوەی واژە و دەقەکان(بە ناوەندکردنی پەراوێز)

ئەم ئەزموونە تەواو هۆشیارانەیە، لە زۆرێک لە دەقە شیعرییەکانی کتێبی (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان)یش دا دەوامی هەیە، با ئەو دوو دەقە پێکەوە هەلّسەنگێنین:

ئەلف: درێژترین شیعری عاشقانە -شین ترین بەتالّ- ل١٢٦

**لە کوێوە سەرەتای پێکەنینی بومەلێلّ**
**لە کوێوە درێژترین شیعری عاشقانە**
**کە من تاریکترین شاعیر.**
**ئاوێتەی حەیرانی داگیرساوی ئەستێرەیەک... خەونم تا**
**لەنگەرێک لەسەر شلّەژانی پەپوولە.**
**عاشقانەترین شیعری درێژ لە بوومەلێلّ**
**حەیرانی خەونی پەپوولەیەکە.... لێلّ**
**وێڕای من و فانووسەکانی ئەم شارە**
**هەموو قاقاکانی... تاریکی**
**وەبیرت دێ ... وەبیرت دێ لە قەسری ئامێزمدا ماسی**
**تا خوشین بەزەمانەوە**
**لە دوێنێترین ڕووبار دا**
**وەبیرت دێ.... سبەی؟**
**نا... تۆ ئەگەر سبەینێت ڕووبار**
**بڕوات دەکرد بە توانای من و شیعری عاشقترین لێلّ.**
**کەس وەبیری نایە سەفەر لەشەوێکداو**
**خودای عاشق و**
**من و شەقام**

ب: سەردێری شیعرێکی خوێناوی -منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان-ل٨)

**"تەلاقی تاریکیم هەپروونە و**
**ئەگینا عەشیرەی داستانێک کازیوە**
**شان بە شان لەون بوون**
**پێ بە پێ لە کوێستان.**
**ئەگینا... کۆڕژنی ئەم شیعرەم سلاوە و**
**سمکۆلّی تەنیایی**
**ئەگینا... من بە باغەلّی شەوەوە هەلّواسراو**
**هەر بۆیە حەوت بەدفەڕی تاریک**
**تا چەند عەشیرەی بێ هەوار**
**قاقایان لە من دا**
**پاییزە و هەلّوەرین."**

ئەم ڕەوتە لە چەند شیعری دیکەی کۆ شیعری (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان) دا دەبیندرێ، بەلام ڕێژەی کارکردی زەقی تایبەتمەندییەکانی شیعری دەفتەری (شین ترین بەتالّ) لە کەمی دەدا و ئەم خەسلّەتانە دەخزێنە ژێرخانەکانی دەقە شیعرییەکانەوە و کیمیاگەری بەرەو شاعیر بوون ئالّوگۆڕ دەکات:

ج: قامەتی بێ زەمانی مانا-منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان-ل٢٤-٢٥)

**«:بە ناوی تۆوە منم شاعیری کالّتر**
**بە ناوی تۆوە بەدیهێنی دلّەکوتەی بەردەوام**
**لەو دوایین نامەیەدا بزانە فڕینم لە چاوتا ئازادە و**
**دلّنیام لەوەی کە دلّنیا نەماوە بالّندە**
**یەقینم ڕەشتر لە شیعر و**
**بەرمالّم بەرینە هەتاکو ڕوحی ئاو**

بە جێی ئەو خەسلّەتانەی بۆ ئەم گوتارە شیعرییە دیاری

کراون، زۆربەی شیعرەکانی کتێبی (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان) و بە گشتی گوتاری زاڵی ئەم دەفتەرە، لە سێ زەمینە (تا ڕادەیەکی زۆر دوا مۆدێرنانە) کەی گۆڕین کەڵک وەردەگرێ:

١- شێوە ئاخاوتنی کتێبە پیرۆزەکان

٢- سەروو شیعر Meta poem

٣- ئوستوورەی نوێ Neo myth

ئەلف ؛ کارکردی شێوە ئاخاوتنی کتێبە پیرۆزەکان:

١- بەرچاوترین شێوە ئاخاوتنی دەقە پیرۆزەکان، شێوەی قورئانە کە لە گوتاری شیعری ئەم دەفتەرەدا، کارکردی هەیە. سەرەتا سەرنج دەدەینە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز:

*** "سوێند بە هەژیر بە زەیتوونیش**
**سوێند بە تووری سینایە** (سوورەی تین ئایەتی ١و٢)

*** سوێند وە بنووس بەوەش کە دێتە نڤیسین...**
(سوورەی قەڵەم ئایەتی١)

*** وای لە هەر کەسێکی بەتەشەری خوسپ کەرە..** (سوورەی هومەزە ئایەتی١)

*** شەلە بێ هەر دوودەستی ئەبوو لەهەب و عەمری نەمێنێ و شەلەش بوو...** (سوورەی مەسەد ئایەتی ١)

ب: کارکردی ئەو شێوە ئاخاوتنە لە دەقی شیعری یوونسدا:

***...وای لەو شیعرەی شەوی بەسەر دادێ و**
**کوندیش**
**وای لەو کەسەی هەڵفڕینی لێڵی ڕەها و**
**پیرۆزترین کتێبی ئەهریەنی شەو...."** (بارانییەکانی هەڵفڕین....ل٣٣و٣٤)

*** بمرن شاعیرانی عاقڵی ئیماندار و دەشمرن**
**دەستیان بە بڕین چێ نووسەرانی تاریکی و بە بڕین چوو..."** (بارانییەکانی هەڵفڕین....ل٣٤)

*** بە بەفر سوێند**
**کە سپیایی داوەریوە لە خەونی ئەم حەشیمەتە**
**کە - سەرمایەک سەربەندی ئەم شیعرانەیە و**
**کەسیرەتر**
**شاعیرێکی وەریو لە خەونی سپیایی**
**بە بەفر سوێند**
**کە ئا ئێستا زستان تەعاروفم دەکا**
**تا دەربیجەیەک نازڵ کەم**
**لە خەونی کەسیرەی شیعرا**
**تا شاعیر بم**
**بە تەعاروفی هەزاران وشەی باریوو**
**خەواڵوو.....** (بارانێک لە داس دا...ل٤١و٤٢)

تەنانەت لە کۆتایی ئەو دەقە شیعرییەدا، ڕاستەوخۆ ئایەی قورئان بانگهێشتن دەکرێ:

*** سوێند بە پێنووس و**
**ئەوەی کە دێتە نڤیسین..."** (بارانێک لە داس دا...ل٤٢)

٢- کارکردی شێوە ئاخاوتنی ئاوێستا:

*** ئەی مەزدا ئەهوورای خاوەن... ڕووناکتر بە**
**ئەی مەزدا ئەهوورای عاشق... شەقامتر بە**
**ئەی مەزدا ئەهوورای وشە... شیعرتر بە** (ئێمە ساحیرانی شەو بووین..ل٦٦)

* ئێمە زەردەشت بووین و بڵێسەیەک لە خەفەت...) (ئێمە ساحیرانی شەو بووین..ل٦٨)

*** ئەی دەسکردی هەمیشەیی خۆم**
**ئەی مرۆڤ**
**ئەهوورا بە ..."** (ئێمە ساحیرانی شەو بووین..ل٦٨)

جگە لەم جۆرە کەڵک وەرگرتنە لە شێوە ئاخاوتنی کتێبە پیرۆزەکان، جاری واشە بانگهێشتنی ڕاستەوخۆی چەمک و ئوستوورە و کەسایەتییەکانی کتێبە پیرۆزەکان بۆ پانتایی دەق، سیمای دەقێکی پیرۆز دەدا بە شیعرەکان.

*** ان الشاعر لفي خسر...** (بارانییەکانی هەڵفڕین...ل٣٢)

*** کە یووسف درەوشانەوەی یازدە ئەستێرە نەبوو**
**کە یووسف عەزیزی میسر بوو...** (شیعرێک بە پەراوێزی مێژووەوە...ل٤٨)

*** ...من یووسف دەپەیڤم کەچی ئەو هەر گورگە**
**من مەسیح دەچێژم**
**بەڵام هەر خاچدەژی**
**حوسێنیش وشکەساڵ....."** (شیعرێک بە پەراوێزی مێژووەوە..ل٤٨-٥٠)

*** ئێمە زەردیست بووین و بڵێسەیەک لە خەفەت...**
**تا تەوڕات**
**کە مووسا بەتەمەنی نیل دا شیعر بوو**
**کە مووسا بە خەفەتی ئاودا موسافیر**

*** مەسجیدولحەرامی نەتەوەیەک لە ڕەقیبانی دا گەلاوێژە و...**
*** گەر چوار جار ئاییم درەوشاوەتر**
**تا ڕووحانەتی ئاو**
**تا کەعبەی وشەیەک**
**تەوافی هەستم بێ و...**"(ئێمە ساحیرانی شەو بووین....ل٦٨و٦٩)
*** ئێرە کۆتایی گۆچانێک دەڕوێ**
**کە موعجیزەی مووسا و منیش**
**کە من و مووسا و ئەژدیها**
**تەمەنی قووڵی فیرعەونێک دارژاوین**
**کە ئەگەر هەستی بێ**
**یا ڕووبار...**" (من و مووسا دروودی خوامان لە سەر بێ...ل٨٦)

دیارە کارکردی یەکەمی دەقە پیرۆزەکان، بە هۆی کارکردی بەرچاوی خودی پەیڤی پیرۆز، کارکردێکی ناوەکییە و ئەمە گوتاری ئەم دەقە پیرۆزانەیە کە گواستراوەتەوە لایەکانی ژێرەوەی دەقی زمانی شیعری، لە حاڵێکدا کە لە کارکردی دووەمدا، کارکردی نێوان دەقی هەر لە لایەی یەکەمدا ماوەتەوە و چەمک و هێما و ئوستوورە و کەسایەتی و ڕووداوەکانی دەقە پیرۆزەکان، لە چوارچێوەی گوتاری دەقی شیعریدا جێیان بۆ کراوەتەوە.

٢-کەڵک وەرگرتن لە زەمینەی سەروو شیعر Meta poem

ئەم زەمینەیە یەکێکە لە و خەسڵەت و ڕەفتارانەی لە دەقە ڕەواییەکاندا هاتە کایە، ئەم ستراتیژییە بە ئاراستەی تەفەککوری دووری ئاوەز و دژە ئاوەزی پۆست مۆدێرنیتە و سڕینەوەی سەروەری ئاوەز و مرۆڤ و نووسەر و دواجار وەلانانی زەمینە و تەکنیکەکانی فریودەری خوێنەر بنیاد نرا. سەروو ڕەوایەت (Meta fiction) بەرهەمی ئەو قۆناغە بوو، کە خوێنەر ئیتر لە فرتوفێڵەکانی نووسەر گەیشتبوو و لە هەوڵە فێڵبازانەکانی نووسەر بۆ خۆ حەشاردان لە پشت ڕەوایەت و دەقدا وەڕەز ببوو. دوا جار نووسەری ئەم قۆناغەش بە ڕاشکاوی دێتە ناو دەق و هیچ ئەمە ناشارێتەوە کە دەق و تەواوی زەمینە و ڕووداوو داهێنانەکان دەسکردی ئەون و چ داکۆکی لەمە ناکات، کە خەریکە ڕێک واقیع و ڕاستی دەخوڵقێنێ، بۆیەش جار جار لە ڕەوایەت لادەدا و باسی چۆنیەتی داڕشتنی دەق و پێچوپەناکانی تەکنیک و زەمینەکان دەکا. ئەم ستراتیژییە دوا جار لە بەستێنی شیعریشدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

ئەم زەمینە دژ بە زەمینەیە لە دەقە شیعرییەکانی کۆمەڵە شیعری(منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان)یشدا حزوورێکی بەرچاوی هەیە.

"**...دەتبەم و دەتچێنم بە ناخی ڕووحمدا...**
**تا دەبم بە دێری بێ مانای عەشیرەت...**"(سەردێری شیعرێکی خوێناوی..ل١٠)

چەمکی بێ مانایی و هەڵاتن لە گوورانی مانایەکی دیاریکراو، ڕەفتاری سەرەکی ئەم کتێبە شیعرییەیە، دەق خۆی ئەم بانگەشەیە لەو دێرە دا بە ئاشکرا دەردەبڕێ. لەگەڵ ئەوەی زەمینەیەکی جوانی ناسانەش لە ناخی ئەم دێرەدا دێتە بەرچاو. (ڕێکەوەندی دێری بێ مانای عەشیرەت) لە فەزایەکی شیزۆفرینیکی نابەئاگایانەدا، مەسخ بووی ڕێکەوەندێکی سەرەتایی دیکە بووە، کە لەوانەیە بەم جۆرە بووبێ: "تا دەبم بە دێری بێ مانای شیعرت"کە دێرێکی خاوەن دەلالەتێکی ڕوون و مەنتیقێکی زمانی ساغ و نۆڕماڵە، بەڵام (شیعرەت) لە کەشوهەوایەکی دوا مۆدێرنانە و نابەئاگایانەدا، تێک دەشکێ و لە سەرڕا پیتەکان یەک دەگرنەوە و دەبن بە (عەشیرەت). بەڵام ئەم دووبارە یەکگرتنەوەیە زۆریش نابەئاگایانە نەبووە. عەشیرەت مەجازێکی زیرەکانەیە بۆ گەڕانەوە بۆ جیهانی پێش مۆدێرن، ئەو جیهانەی کە هێشتا عەقڵی ڕووت و ڕەبەن هەست و سۆز و ڕەها بوون و منداڵی و شێتی و شهوودی کەلەبچە نەکردبوو، ئوستوورە و ئەفسانە و حەقایەت سەروەری زەین و جیهانی مرۆڤ بوون، نەک عەقڵی ویشکی خۆبەزلزان.

"**...هەر لێرەوە سەرەتای دال و مەدلولە نوێیەکانی هەوەسی شاعیرانەیە**
**پاساری مەست دەکا...**"(دایکم لە گورگ دا شیعر دەنووسێ...ل١٢)

ئەم دێرە بە ئاشکرا سەروو شیعرە (Meta poem) و فەلسەفەی سەرەکی بەرهەم هاتنی دەق ئاشکرا دەکا. چرکە ساتی کارکردی دال گەل و بەرهەم هاتنی مەدلوول گەلی نوێیە کە نەک لەسەر بنەمای مەنتیق و ئاوەز و

نەزم و هزر، بەڵکو بە پێی هەوەسێکی شاعیرانە بەرهەم دێن.

**"....بەردەنگانی خەزان دەشبیستن**
**نەگونجاو"یوونسێک"لە دڵی شیعرێکدا و**
**یەکی تر لە قووڵی ماسی دا..."**(بە گوتەی ئەم شیعرە قاقابن..ل٢٨)

ئەم کۆپلەیە خاوەنی دوو "یوونس"ە، یەکیان لە دڵی شیعرێکدا و ئەوی دی لە قووڵی ماسیدا. یوونسی یەکەم کە لە دڵی شیعر دایە، دیارە یوونسی شاعیر خۆیەتی و ئەوی دی لە قووڵی ماسیدا بۆی هەیە بە قەرینەی ماسی، "یوونس"ی نەبی بێ. ئامادەیی ڕاستەوخۆی شاعیر بە ناوییەوە، لە ناخی دەقدا، زەمینەیەکی سەروو شیعرییە. ئەو زەمینەیە بە بانگهێشتنی یوونسی نەبی، جوانکارییەکی دەلالەتی و ماناییشی وەخۆ گرتووە. ئەگەر یوونسی نەبی بە یەک دەم سەرەڕۆیی و نافەرمانی، کەوتە ناو زگی ماسی و بەم جۆرە سزای بێ سەبرییەکەی دیت، یوونسی شاعیریش بە سزای سەرەڕۆیی لە نۆرم و هەنجار و یاسای باو، لە دڵی دەقی شیعرەکانیدا بەند دەکرێ و سزا دەدرێ، کە هەر دووکیان مەیلی ڕەهابوونیان هەیە لەم چوارچێوە و کۆت و بەندەدا کە، یان ماسییە، یان دەقی شیعر.

**"...لەگەڵ تۆمە نووسەری شین ترین بەتاڵایی شیعر..."**(بارانییەکانی هەڵفڕین...ل٣٢)

لێرە دا شاعیر قامکی بەردەنگی ڕوو لە نووسەری(شین ترین بەتاڵ) ڕادەدێرێ، کە ئەویش هەر خۆیەتی، بەڵام بەم دوولەت بوونی کەسایەتی شاعیر، دەلالەتێکی دی خۆیا دەبێ، واتا جیابوون و گۆڕانی شاعیری ئێستای دەقی (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان) و شاعیری دەقی(شین ترین بەتاڵ). بۆیەش شاعیری یەکەم (من)ە و شاعیری دووەم (تۆ)یە.

**"ئێمە شیعرمان بنیاد نا کە سەرەتایەک لە شێتی**
**هەر کەس هزر تەڕی دەکا**
**هە... هە... ها...**
**سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی**
**کە شێتی ڕەهاترین باڵندە..."** (بارانییەکانی هەڵفڕین..ل٣٣)

ئەم کۆپلەیە بە ڕاشکاوی، هۆشیارانە و ئیرادی بوونی وەڕێ کەوتنی دەق بەرەو بەرهەمهێنانی گوتارێکی ناهۆشیارانەی دوورە هزری نائاوەزمەند و شێتانە هاوار دەکا. بە قاقایەک کە سەر شێتانە ئاراستەی لایەنگرانی هزر و ئاوەزی دەکا و قۆناغی بنیاد نانەوەی شیزۆ شیعر ڕاشکاوانە دەردەبڕێ، بەڵام نەک بە پەیڤێکی شیزۆفرینیکی شێواو، بەڵکو بە ڕستەگەلی ساغ و ڕێکوپێک. ئەمەش تەوسێکە بۆ پاڕادۆکسی جیهان و پەیڤی مۆدێرن.

٣- ئوستوورەسازی نوێ Neo myth

کاتێ باسی ئوستوورە دەکرێ، یەکاویەک ئەفسانە و ڕەوایەت و ڕووداو و چەمک و زاراوە گەلێک دێنەوە یاد، کە زۆربەیان داهێنەریان نادیارە و ڕیشە و بنچینەیان بۆ ناخی مێژووی کۆن و بیرەوەری گشتی جەماوەر دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی بەشێک لە جیهانی ئوستوورە هەر وا بووە، بەڵام بەشی زۆری سازێنەرانی ئوستوورە، جەماوەر و خەڵکی ڕەشۆکی نەبوونە، بەڵکو ئەم کارەکتەر و ڕووداو و چەمک و ئەفسانانە، سەرەتای بەرهەمی زەینێکی ڕاهاتووی نوخبە بووە (وەک تۆگۆنی Teogony ئۆرفیۆس Orpheus و ئۆزیودی Osiud یۆنانی ئەساتیری) و دواتر کە لەگەڵ بارودۆخ و ویستی گشتی یەکی گرتووە، وەرگیراوە و برەوی پێ دراوە و بووە بە بەشێک لە باوەڕ و ژیانی جەماوەر.

کاسیرێر لەسەر ئەم بڕوایە بەرهەمهێنەرانی ئوستوورە (هەڵبەت چینی هەڵکەوتە و نوخبە) دەکاتە سێ تاقمی جیاواز، کە بە کورتی بەم شێوەیەن:

**ئەلف**: تاقمی یەکەم کە تێکڕای ئاوەزمەندی سوننەتی و بەشێکیش لە هزرمەندانی مۆدێرن دەگرێتە خۆ، ئەمانە ئوستوورەیی بیر دەکەنەوە و تەنانەت ئوستوورەییش دەژین. دوا جار بەو ڕوانگە و تەفەککورەوە، دەبنە بەرهەمهێنەری ئووستوورە(Myth maker).

**بێ**: تاقمی دووەم بە پێچەوانەی تاقمی یەکەم زۆر ماتریالیستی و ئەزموونخوازن و لە هەرچی کە لە قەرەی دوورە ئاوەزی و نامەنتیقی و نەخۆشییە دەروونییەکان نزیک بێ خۆ دەپارێزن و مرۆڤ لە چوارچێوەی چەمکی ئاوەز و بەئاگابوون و ویست و ئیرادەدا پێناسە دەکەن. بەڵام لە ئاکامدا بەو زانست تەوەرییەی کە هەیانە، دەکەونە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئوستوورەگەلی زانستی و مۆدێرن، هەڵبەت بە شێوەیەکی نابەئاگایانە، واتا ڕێک

دژ بەو تەفەککورەی ئیمانیان پێی هەیە.

جیم: تاقمی سێیەمی ئەو جەماعەتە ئوستوورەناس و لێکۆڵەرەوەن. ئەم تاقمە بە ناسین و توێژینەوە لە سەر ئوستوورەکان، هەوڵی ڕێکوپێک کردن و پۆلێن بەندی و پێناسە دان بە چەمکەکانی بەشەری دەدەن. فرۆید بە نووسینی"تۆتێم و تابۆ" جگە لە جەخت کردنە سەر ئوستوورەی ئۆدیپ، باسی گرێی ئۆدیپ کردن کەڵکەڵەی چەندین ئوستوورەی دیکە وەک(Eross) و (Tanathos) وەردەگرێ و بە کەڵک وەرگرتن لە خەسڵەت و ڕەفتارەکانی ئەم ئوستوورانە، ڕەفتار و تایبەتمەندییەکانی بەشەری لێک دەداتەوە. هەروەها یۆنگ و ئۆتۆڕانگ لە کارەکانیاندا، کەڵکیان لە ئوستووره وەرگرتووە. لە ئاکامدا ئەم تاقمە لەسەر ئەو بڕوایەن کە زەینی مرۆڤ، تێکەڵاوێکە لە ئەندیشە و غەریزەگەلی دووره ئاوەز لەگەڵ ئەندێشە و ئامانجی ئاوەز تەوەر.

پڕۆسەی Neo myth لە شیعری یوونسدا، تێکەڵاوێکە لە هەر سێک تاقمی ئەم پۆلێن کردنە.

یوونس لە هەندێ شوێن کاتدا بە بانگهێشتنی ئوستوورەگەلێک و هەندێک جاریش بە بەرهەمهێنانی ئوستووره گەلی مۆدێرن و نوێی تایبەت بە دەق، خەریکی پڕۆسەی دووره ئاوەزی و نابەئاگایانە و شهوودتەوەر کردنەوەی دەقە:

**"..وای لەو تەورێزە ڕابردووەی کە منی ئێستاش خیابانم**
**وای لەو «ئابرەسانە» پیرەی؛**
**کە تەنیاییم بە سەر ڕانییەوە**
**خوێندەوار...**

* * *

**ـ تەورێز!**
**ئەی ڕاهـ ئاهەنی دووریت دەپێوم.**

* * *

**شێتترم دەنووسێ و عاشقتر**
**تەورێزی ئێستاکەی – ڕابردوو...**

* * *

**تەورێزی کووچەکانی تەنیایی کوردێک**
**تەنیا من**
**هەتا ڕاهـ ئاهەنی ژیانێک لە تۆ دا.**

* * *

**گەر ئەوین بە غوررەم پەڵەی دا و**
**سلاو بۆ تەورێزی ئێستاکە و سەفەریم...**
**لەیلایەک**
**کوردانە تەورێزم پڕ دەکا**
**لە دروشمی سەوزی؛ هەر ئێمەین**
**سەرەتای وەرزەکان دەبارین**

(ون بوون لە تورک دا...ل٥٣ تا ٥٨)

لەم دەقەدا لە پڕۆسەیەکی ئوستوورەسازیدا، چەمکی مۆدێرنی شاری تەورێز قۆناغ بە قۆناغ پێناسە ناسیاو و بەرهەستەکەی لێ دەسێنرێتەوە و ڕیشەی دەچێتە دەناخی نۆستالژی بیرەوەری بە کۆمەڵی دەق و چڵوپۆپەی تا ئەو پەڕی داهاتووی نادیار ڕادەخوشێ. لەم چەند دێرەی داهاتووشدا ژمارەی بیست و پێنج و واژەی گەلاوێژ بیچمی ئوستوورەیان دەدرێتێ:

**گەر گەلاوێژی ماچەکانی هەمیشە لە بیست و پێنج ساڵەیی دا بوەرێ**

* * *

**– تکایە شاخ!**
**تا دڵی قیرتاو و وێستگەکانی هیچی**
**تا ناخی گاراجە غەریبەکان**
**تا ئەوپەڕی تەنیایی موسافیرێک**
**ڕۆژئەژمێرت پەرەدەستێنێ ئاخۆ؟**
**– تکایە شاخ!**
**بە بەر چاوی هەموانەوە مێژووت بڵێندە؟**

* * *

**تا... ئاوەدانییە گەشەکانی هەرەسی موسافیرانی ئەوپەڕی تەنیایی**
**موسافیرانی بیست و پێنج ساڵەیی دۆڕاو...**

* * *

**بیست و پێنجی هەرەسی هەزار و سێسەد و تەنیایی**

* * *

**گەلاوێژ لە هیچەوە بەرینە**
**کەچی ڕووخاوە**
**ئەویندارى ئەوپەڕی و پێی قاچاغ و**
**هیچ گەلاوێژێ چاوی گەشانەوەی لە ڕژاندا**
**نەڕژاوە...**

* * *

**سەربەخۆیی گەلاوێژانەترین ماچ و تەنیایی**

**لە وێرانییەوە کە بیست و پێنجی من بێ**
**کە لە ئاست شکۆفەی گەلاوێژتا دۆڕاوم**
**ئەی ترست لە دڵدا پیرۆزی زەمان و**
**یەقینت لە خوێندا سەوزایی هیچ و**
**وێرانیت لە مندا**
**بیست و پێنجی کتێبی پیرۆزی کارەسات...**

* * *

**ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم...**
**تا یازدەی سێپتامبری گەشی ئەو ئەوینە پیرۆزەی کە**
**گەشکەی ئاوەدانی دەژی**
**تا تۆ گەلاوێژی هیچیم....** (لە وێران. کە وێران. تا وێران....ل٦٠ تا ٦٢)

(گەلاوێژ، بیست و پێنج، شاخ، قاچاغ، سەربەخۆیی، کارەسات و...) پێکەوە بیرەوەری دەق دەگەڕێننەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، بەڵام ئەم چەمکانە و بە تایبەت (گەلاوێژ و بیست و پێنج) لە ڕەوتی بەرهەمهاتنی دەقدا و لە بەستێنی سەیالی کایە زمانییەکاندا، شوناسە ناسیاوەکەیان لێ دەستێندرێتەوە و لە ژێر تەمومژی سیحری دەقدا، هەستییەکی ئوستوورەییان دەدرێتێ.

بەڵام هەر لەو دەقـــــەدا، هەوڵی ڕەنگرێژی چەند ئوســـتـــوورەی دیکەش دراوە، کــە لە ئاکـــامـــدا زۆر نەیانتوانیوە پێ بە پێی (گەلاوێژ و بیست و پێنج) ڕێگا ببڕن و پێناسەی ئوستوورەی لە گوێن ئەوان وەربگرن:

ڕووداو و چەمکگەلی مـــــۆدێرنی وەک (یازدەی سێپتامبەر و دووی ڕێبەندان و...)

**بێزار لە وێرانی بلووغ، کە سەرەتای ئاوەدانم**
**بێزار لە دووی ڕێبەندان و**
**یازدەی سێپتامبر**
**کە ناتەواوترین ڕژانی بلووغ و**
**گەشکەی هەرەس**
**بە بەر چاومەوە دەبارن...**

* * *

**هەمیشە ماچەکانی ناتەواوترین هەرەسم**
**یازدەی سێپتامبری گەشاوە و**
**گەشکەی ئاوەدانییەکان لە مندا دەڵێتەوە...**

* * *

**ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم...**
**تا یازدەی سێپتامبری گەشی ئەو ئەوینە پیرۆزەی کە**
**گەشکەی ئاوەدانی دەژی.....** (لە وێران. کە وێران.تا وێران....ل٦٠ تا ٦٢)

لە شیعری مەیلەو مەنزوومەی (ڕۆژنامەکان بەجێم دێڵن ئەگینا) سەرنج بدەنە ئوستوورەسازی ئەمریکا:

**ئەمریکا کوا لێرا کۆشکێکی سپی ترا!**

* * *

**خانمی من ئەمریکای سیا نیە و دەچۆڕێ لەخۆیدا**
**ئەویندار و ڕووت**
**ئەویندار و مات...**

* * *

**کێ دەڵێ ئەمریکا پیرترین جەنگەڵی پەپوولە دەوەرێ ئاخۆ؟!**

* * *

**نەخۆشی دڵی من ـ گەر ئەمریکا نەبارێ لە تەنیاییمدا ـ**
**چاری دێ گەر شەوپێک**
**چاری دێ گەر ساتێک**
**هەر کیژێک جەنگەڵی تەنیایی خۆی لە مندا بوەرێ**

* * *

**ناتوانێ ئامریکای جەهانگیر**
**عاشقی ڕەشتر و ڕەشتر و سیام بێ....** (ڕۆژنامەکان بەجێم دێڵن ئەگینا...ل٧٠ تا ٧٣)

دەق لە پرۆسەی بە ئوستوورە کردنەوەدا کە خەریکە لە چەمکی ئەمریکا ئوستوورەیەکی مۆدێرن دەسازێنێ، لە هەندێک شـــوێندا لەم پرۆســـەیە لادەدا و تووشی ڕەفتارێکی دروشم ئاسا دەبێ:

**با ئامریکاش سپیترین کاخەکان و**
**ئێمە ڕەشترین کۆخەکان و**
**هەر کەسیش ئەگەر کەپرۆچکەیەک و**
**دژی شۆڕش هەڵفڕیو...** (ڕۆژنامەکان بەجێم دێڵن ئەگینا.ل٧٦).

ئەم پارچەیە لە دەقەکە و جۆری دانوستانی لە تەک چەمکگەلی نوێی وەک (ئەمریکا و کاخی سپی و...) جودایە و لە توێژی دروشم دا ماوەتەوە و پێ بە پێی دەق نەیتوانیوە لە پرۆسەی ئوستوورە سازی مۆدێرندا هەنگاو هەڵگرێ.

زەمینەی ئوستوورەسازی یەکێکە لە ستراتژیەکانی نامەنتیقی و دووره ئاوەزی و شهوودی کردنەوەی دەق و هەڵاتن لە کۆت و بەندەکانی ئاوەز تەوەرەیی و مەنتیق

خوازی خۆ بەزلزانی تەفەککوری مۆدێرنیتە، کە دەقە شیعرییەکانی یوونس لە کتێبی (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان) دا بۆ هەلاَتن لە عەقلّ و مەنتیقی ڕووت و پەنا بردنە بەر چەمکی نامەنتیقی و شیزۆفرینیک پەنای بۆ بردووە.

* * *

ئەم سێ فۆرمۆلّ و ڕێسا شیزۆ شیعرسازییە، هەر وەک بەر لەمە ئاماژەی پێ کراوە، لە سێ زەمینە کەلّک وەردەگرن بۆ بەئاگا و شەهوودی و نامەنتیقی کردنەوەی زمان.

١-پچڕ پچڕ بوونی بیر کێشەکییەکان

٢-واژە داتاشین Neo logic

٣- سالاَدی واژە word salads

با چەند نموونە یەکیش لەم سێ زەمینەیە شیزۆشیعرسازە، لە دەفتەری (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان) بێنینەوە:

١-پچڕ پچڕ بوونی بیر کێشەکیەکان

**ئەلف و بێی دارستانی ڕووداوێک لە بارانا تەڕم دەنووسێ و**
**دوێنێی لوورەی هیچ دلێک**
**کە چکۆلەتر بێ لە تەڕایی ئەسپ و بالّندە نامژێ.**

**گورگی باران**
**خوێندنەوەی شیعرەکانی وجوودی شاعیرێکە**
**کە دلّی من دەتریێنێ......** (دایکم لە گورگدا شیعر دەنووسێ..ل١١)

دارستان، ڕووداو، باران، ئەسپ، بالّندە، گورگ، شیعر و ترپەی دلّ، ئەو واژە و چەمک و شوێنانەن، کە ڕاستەوخۆ یەکتر بانگهێشتن ناکەن و جۆرێک بازدانی بیرەوەری و وێنە زەینییەکان دەخولّقێنن.

**سووری ژنێک کە تاریکتر**
**غار ئەدا لە بیرەوەرییەکانی منێکدا و**
**منم من**
**هەر بەرزترە حیلەم**
**گەرمترە سمکۆلاَنم**
**لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا**
**کە دۆش داماوە تا پلیکان ڕابکا و**
**هەتا کۆرپە بێ و بەرزتر بشنێتەوە...**
**تاکو وشەش کارەساتێکی ماندووتر...** (هەر ئەسپ و مانیتۆڕ غار ئەدەین...ل٣٧)

سووری ژن، تاریکتر، غاردان، بیرەوەری، حیلە، سمکۆلّ، پلیکان، کۆرپە، شنانەوە، وشە، کارەسات، ماندوو...) لە فەرایەندی وێنەسازی و تەسویرگەریدا، بەقەرا چەمک و واژەکان وێنە و تەسویر ساز دەکەن و دەکەونە سەر یەک و ئەم وێنە پچڕپچڕانە، بە زەحمەت و بە وزەی فانتازیای خوێنەری قوولّ لەوانەیە یەک بگرنەوە.

٢-واژە داتاشین Neo logic

پەیڤی شیزۆفرینیک بەهۆی ئەو کەمایەسیانەی لە سیستمی ڕەوانی خاوەنی ئەم دەروون شێواوییەدا باس کرا، لەگەلّ ئەوەی لەوانەیە لە قۆناغی داڕشتنی بناغەی پەیڤ بەر لە خولّقانی پەیڤ، دەولّەمەند و خاوەنی دەلالەتگەلی بە هێز بووبێ، بەلاَم بە هۆی قەیرانی واژە و بەتالّ بوونی وشەدانی زەینی ئەم کەسایەتیانە، لە قۆناغی دەربڕیندا، تووشی کێشەی هەلّبژاردن و گونجاندنی واژە گەلی پێویست و شیاو دێ و گوتارێکی کز و لاواز بەرهەم دێت. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم کەلەبەرە، بەشی داهێنەری زەین وەکار دەکەوێ و دەست دەکا بە پرۆسەی واژەسازی. ئەم ڕەوتە بە دەگمەن لە دەقە شیعرییەکانی ئەم دەفتەرە بۆ نزیک بوونەوە لە پەیڤی شیزۆفرینیک دەبینرێ.

**نەورۆز لە دەمارم دا جەنگەلّ ئاسا و**
**زەمان بە یاوی تێپەڕینەوە – دەنا.**
**چونکە باران ناسنامەی نە بە سەوز**
**نە بە هەمیشەیی سەخاوەت**
**چونکە منم بە یاوی جەنگەلّەوە، چڕ**
**بە داری ترسەوە هەلّزناو...**

**ئەگینا دەبارێ لەو دەمارانەدا هەمیشەی بلّێسە**
**لەو ساکە دەشتەدا کە پەنجەم**
**بەردەوامی دارستان**
**کە واتە ناسنامەی جەنگەلّی سەخاوەت**
**کە نە بە یاوی ترسەوە ڕامژێنێ**
**نە بە هەمیشەی بارانەوە**
**قاقڕتر...**

**بڵێسەیەک بە تەوێڵی بەردەوامی مانەوە - جەنگەڵەو**
**هیچ پەنجەیەک داگیرساو**
**بە مەمکی هەمیشەوە**
**تا**
**تێپەڕی هەمیسان سەخڵەتی یەک لە سەوز و**
**من عاشقانە چڕ دەبمەوە**
**لە باوەشی کیژێکدا**
**کە ڕامژێنێ بە دارستانی ترسەوە**
**من شێتانە شەپۆلی سەوزی**
**کچێک**
**سوورترین ئاوری زەمانم....** (هەمیشەی بڵێسە....ل ١٧٥)

سەرنج بدەنە پێکهاتەی دوو واژەی (نە بەسەوز و نە بەهەمیشەیی) لەم کۆپلەیەدا.

٣- سالادی واژە word salads

بەرچاوترین دۆخی زمـانی پەیڤی شـیزۆفـرینیک، دۆخێکە کـە لەودا واژەکـان ڕەها لە کـۆتوبەندی یاسـا باوەکانی سێمانتیکی و سێنتاکسی، دەکەونە پاڵ یەک و ڕستـەگـەلی غـەریب و سـەیر پێکدێنن. وەک چۆن لە سالاددا چەندین ماکەی جیا لەیەک دەکەونە پاڵ یەک و لە ئەنجـامیـشـدا شـتێکی یەکـدەست بەرهەم ناهێنن، لێرەشدا پەیڤ لە هەر جـۆرە دەلالەتێکی ڕاستـەوخـۆ دەرەوێتەوە، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی هێرمێنۆتیکانە و خـۆ مـاندوو کـردنێکی پتـر، مـاناگـەلی جـۆراوجـۆری لێدەکەوێتەوە.. وەک ڕەفتـاری دەلالەتسازی تابلۆکانی ئابستره و کووبیسم، شیزۆ شیعری یوونس ڕەزایی لە زۆر جێگادا بەکارکردی بەرچاوی سالادی واژە، بەئاگـایانە هەوڵی خولقاندنی زمانێکی شاعیرانەی شیزۆفرینیکانە دەدا:

**دەرفەتێکی کاڵە لە مەودای هەناسە و بزە**
**تا بۆشایی**
**بەڵێنی هەتاو گوایا گەرم و درەوشاوە**
**وچانێکی سرکە کە ئێستا و هەمیشە**
**بە پەراوێزی شنەیەکتەوە**
**حەرام...**
**بە درێژایی نەفرەت ئەگەر ڕەش و بەستەڵەک**
**بەفرێک ئەگینا کەی دادەپۆشێ**
**کە نە ڕەشەمەیەک لە پەنجەکانتەوە کەروێشکەی بەرز**
**نە وەرزێکی دڕدۆنگ لە ئینسان و**
**وشە...**
**دڕدۆنگی پەنجەکانت بە دەرفەتی لێوم نەبەخشی**
**ئەگینا**
**هەمیشەی بەستەڵەک لە کەروێشکەی وەرزمدا**
**نە شنەی هەتاو سرک و**
**نە پەراوێزێک بە بەڵێنمە**
**تەنانەت سارد و سیا...**
(پەراوێزێک بە هەمیشەوە...ل١٥٩)

**پاسەوانەکان دەوەڕن بە شوشەکانی - پاک**
**کە هەر ئەو دیوی جوانییان**
**لە هەناودا خەزانە**
**سەگەکان جوانیت دەلەوەڕن بە تەنیا**
**کە تێر نابێ زەمانێ لە خودایەک**
**کە بەردەوام**
**بە موعجیزەی جوانییەوە**
**یەزدان و**
**سەما...** (وەڕینی دژواریم...ل١٣١)

**نەجیبزادەترین گوڵی نێو کاشییەک وەری و**
**هەنگاوی - با - لە بەرد دا قەتیس.**
**نەجیبزادەترین گورگ لە کۆڵان دا**
**بە سروودی ئەی ڕەقیبەوە**
**شڵەژاو...**
**ئای نەجیب زادەی**
**بەردە زا...** (گورگ....ل١٠٨)

ئەگـەر لە گـوتاری کـەسی دەروون شـێـواوی شیزۆفرینیکدا، گوزارەکان لە سەر بناغەی ورد و خاش بووی لەت لەتی فیکری دادەمەزرێن و واژەکان لەقاقڕی ناوشیـاری واژەدانی زەینێکی شێـواودا دادەتاشرێن و دەکەونە پاڵ یەک، لە پرۆژەی شـیعری شیزۆفرینیکدا، دۆخی ئەندێشەی ئاوەز نەویستی مەنتیق نەخوازی دوا مۆدێرن، هۆشیارانە دەخزێتە دەناخی واژە و ڕستەکانەوە و بە سڕینەوەی مەنتیق و قـەتعییـەت و تەکـووزی گوتاری مـۆدێرنی ئاوەز تەوەر، بناغـەی جـوانیناسی تەکـووزی خوازی عەقڵی مۆدێرن تێک دەشکێنێ و بە دامەزراندنی گـوتارێکی شیـزۆفـرینیکانە، ڕەسـمیـەت دەدا بە لایەنی ناوشیـار و منداڵانە و شێـتانە و ڕەهای ڕەوانی مـرۆڤ، قـاعـیـدە و یاسـای شیـزۆ شـیـعر لەسەر هەڵسـووڕانی

سـەرشێـتـانەی واژەکـان و سـالادی واژە و ڕەوینەوە و گەڕانەوەیان دایە، لە بەستێنی ڕستەگەلی ناتەواوی پچڕ پچڕ، وەک زەینی چەند پارە و نارێک و لەت لەت بووی شیـزۆفـرینیک، وەک هەسـتی و شـوناسی پارچە پارچە بووی مرۆڤی سەردەم.

ئەگـەر گـوتاری شـیـزۆفـرینیکی دەروون شـێـواو، ناهۆشیارانە و دڵنەخوازانە تووشی لاوازی و کەمایەسی وشـە دێت و گـوتارەکـە بەو هۆیەوە توانای بەرهەم هێنانەوەی دەلالـەتێکی ڕوونی نابێ، لە گـوتاری شیزۆشیعر دا، شاعیر هۆشیارانە و دڵخوازانە و بە پێی مـەنتـیقی سـتـراتژییـەکی بەئاگـایانە، ئەم پاوانە بۆ دەق ڕەچاو دەکـا. دوا جـار ئەم پاوانە لە لایەکـەوە بەو فـەزا تەمـاوییـەی دەیدا بە ڕواڵەت و پێکهـاتەی دەق، کارکردێکی جوانیناسانە بەرهەم دێنێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەق دەکەوێتە داوی دووپات کردنەوەی خۆی و لە کـیـسـدانی ئەو ڕەهابوون و ئازادییـەی کـە بڕیار وابوو پەیڤی شیعری نوێ (مۆدێرن و دوا مۆدێرن) هەی بێ و بە ڕەنگێک دەکـەوێتـە داوی ئەو تەنگژە و گـوشـارانەی کـە شیـعری کـلاسیـک هەیبوو، بەڵام ئەم جارە بە جۆرێکی دی:

**لە موعجیزەی مندا کە پێغەمبەرێک نەبام – ئەگەر**
**هەزار و یەک مار بە جەرگەی وشەوە**
**لە خەونی شیرینترین گۆچان دا**

**هەزار و یەک سیحر بە کەلامێک لە چەشنی ئاودا**
**لە خولیای تینووترین کەسانمدا... سەر سوڕماو**

**لە موعجیزەی مندا کە شاعیرێک بم ڕەنگە لە دوێنێ**
**بە گۆچانێکی ڕاستگۆوە**
**هەزار و یەک دەریا لە خۆم دا**
**دەنووسمەوە**
**شێن**
**هەزار و یەک شەپۆل بە تەعبیری ئەوینی ئاڵایەک...**

**سەرم سوڕما لە کەلامی پێغەمبەرێک**
**کە گۆچانی هەزار شاعیری هۆنیەوە**
**لە تینوێتی سەرسوڕمان دا.**
**وە من وەها شاعیر دەبم لە موعجیزەی کەلامێکدا**
**کە وەک دەریایەکی ڕاستگۆ**
**هەزار و یەک شەکانەوە بە تینوێتی و**
**سیحرێک بە ئەوینی وشێ...**
**وەها شاعیر**
**کـە سـەری مـار سـوڕ بمێنێ لە تینوێتـیم....**
(موعجیزە...ل١٢٢و١٢٣)

بە چەند پاتبـوونەوەی واژەکـان، لە واقـیـعـدا زۆرترین مەودای بارستای ئەو دەقە بەم واژانە پڕ بووەتەوە و ئەگەر دەلالەت و وێنە و مانایەکیش بۆی هەبووە بەرهەم بێت بە پێی حـزوور و هەڵسـووڕانی ئەم چەند واژەیە بەرهەم هاتووە. بە کـورتی ئەم شـێـوە هەڵسـوکـەوتە لەگـەڵ دەق، ئەگـەر هەلاتن بێ لە جـەمـسـەری مـاناسـالاری دەقگەلی کلاسیکی ڕابردوو، دەگاتە جەمسەری واژە سالاری. واتە ئەگـەر ئەو دەم واژە لە پەراوێز دابووە و مـانا لەناوەند جێگیـر بووە، ئێـسـتـا مـانا دەکـەوێتـە پەراوێزەوە و واژە دەکەوێتە ناوەندەوە.


سەرچاوەکان:

**١- یزدانجو، پیـام، (تدوین و ترجـمـە)، ادبیـات پست مـدرن، نشر مرکز: تهران: ١٣٨١.**

**٢- صناعـتی، دکـتر مـحـمد، زمـان و نـامـیرایی در سینمـای تارکوفسکی، نشرمرکز، تهران: ١٣٨١.**

**٣- دیویسـون، آسیب شناسی روانی، ترجمـە دکـتر دهسـتانی، انتشارات دهستانی، تهران: ١٣٨٤.**

**٤- مەحمـوودزادە، ڕەهبەر، هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێتدا، گۆڤاری پەیژە ژمارە ١، زانکۆی تەورێز: ١٣٨٠**

**٥- قـورئانی پیـرۆز، وەرگـێـڕانی عـەبدوڕەحـمـانی شەرەفکەندی(هەژار)، بڵاڤۆکی تازە نگاە و نشـر احسـان، تاران: ١٣٨٠.**

**٦- ڕەزایی، یوونس، شێن ترین بەتاڵ، انتشارات عـابد، تاران: ١٣٨٠.**

**٧- ڕەزایی، یوونس، منم شـاعـیـری ژنانی چاوەڕوان، دەزگـای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٧.**

# (لیسا) له نێوان نامۆیی و چاوەڕوانیدا

**د. پەخشان سابیر**
**(کۆلێژی پەروەردە – سۆران)**

**(٢ – ٢)**

(له ترسی تەنیاییەکی قوولّ کە شەوانە لە پشتەوە دەیترساند) هەڵاتم بۆ بەردەم مانگ و چاوم بڕییە تکایەکی منداڵانە و سەری پاڕانەوەم بۆ ئاسمانی چاوەکانی نەوی کرد و ئیکلامێکی شاهانەم کێشا)ل١٥

ئەمە ڕستەیەکی شیعری دوورودرێژە کە چەندین ڕستە بەهۆی (و)ی پێوەندی بە یەکەوە بەستراون، بۆیە کە شیعرییەت لەنێو دەقێکدا هەبوو، ناکرێ شیعر بە تەنیا بەکێش پێوانە بکەیت، تاقیکردنەوە گیانییەکەی شاعیر هەموو ئەو پێوەندییانەی بەلاوە ناوە و دەقەکەیشی بەرەو تەمومژاوی بردووە، بە تایبەتی لە بواری بوونی ئەم هەموو خواستنە درکاوەی لەنێویدا ڕەنگی داوەتەوە، نموونەی **(مردنێکی نەخوێندەوار، تێنەگەیشتنی باخچەیەکی ناحاڵی، کەمتەرخەمی دارستانێک، بێ دەربەستی تاشە بەردێک، بێ وەفایی ئیلهام...تاد)**.

هەڵوەشاندنەوەی بیر و قاڵبی شیعری کلاسیکی کوردی لەپشت دێرەکانی شاعیردا بە بەرگێکی نوێوە بەدی دەکرێن.

**(فریشتەیەک لەلالە زاری بەهەشتی و جەستەی تۆدا ڕاکشاوە هیچ کەنارییەک دڵی نایەت بەخەبەری بهێنێتەوە بڵێ ئەی مانگ هەستە نوێژەکەت ڕۆیی، تۆ کە پێدەکەنیت سوێسەن و یاس لەجوانیت تەریق دەبنەوە مانگ پێی عەیبە لە ڕووتدا هەڵبێ، هیچ باخچەیەک لە ڕووی نایەت لەبەردەم شکۆفەی فەرشی بەهاری تۆدا خۆی ڕابخات)** ل١٦

تارمایی ئەم بیرۆکەیە لەنێو شیعری کلاسیکدا بەدی دەکرێت، ڕۆنانەکان شتێکن دوور لە ڕێسای زمان و وشەسازی، چونکە بنەمای ڕۆنانەکان لەسەر ڕۆشنبیری و چێژی شاعیر بنیادنراون، لەپاڵ ئەو ئاستە هونەرییەی لەناخی شاعیردا ئەم چێژەیان دروست کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕۆنانەکان دەنوێنن، کەچی ڕێسای زمان تەنیا یاسا و سیستمێکی دیاریکراوە و هیچی تر، تەنانەت ئەو یاریکردنە بە زەمەن و ئەو ناکۆکییەی لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا بەدی دەکرێت، مرۆڤێکی نێوان ئەم دوو زەمەنە هەستەکانیمان بۆ دەخاتە ڕوو، لێرەوە کەسایەتی نێو (لیسا) هەر لە (لیسا)وە کۆمەڵێک دژایەتی هەڵدەگرن، بەشێکیان خەسڵەتی پۆزەتیڤی و بەشێکی تریان خەسڵەتی نێگەتیڤین، هەروەها بابەتی سەرەکی (لیسا) خۆشەویستییە، شاعیر وەک کەسێکی ڕۆمانسی هەروەک ڕۆمانتیکییەکان مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستیدا دەکات، بەوەی خۆشەویستی لەلای ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەرز و ئامرازێکیشە بۆ ئەوەی هەستەکانی خۆی پێ بەهێز بکات تا ئاسوودە دەبێت.

خاڵێکی تری ڕۆمانتیکییەکان کە لێرەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، هەڵاتنی شاعیرە لە واقیعەکەیدا و هاتوچۆکردنی بیرەکانیەتی لەنێو جیهانی خەوندا، بەمەش

سەر بۆ خەون دادەنەوێن و بەمەش خەون بەسەر واقیعدا زاڵ دەکەن، بۆیە شاعیر گەیشتۆتە ئەوەی:

**(مەهدی ساڵحێکم لەبەردەم شەعبدا دۆزیوەتەوە و گیانی تێدا نەماوە بزانە چ شارەوانییەک لەبیری چووە بینێژێت)** ل١٧

هانا بردنی شاعیر بۆ (ئیلهام) کە هەمیشە یارمەتیدەر و هاورێی گیانی بە گیانیەتی، بەڵام هەندێ جار لەبەردەم قسەنەکردنی (ئیلهام) و بێ دەنگ بوونی دەبێتە مایەی سەرسامبوونی شاعیر، تا دەگاتە ئەوپەڕی تووڕەیی و هاوارکردنی بەسەر (ئیلهام)دا:

**(ئەتۆ چیت خۆ بەرد نیت قسەیەک بکە)** ل١٧

(ئیلهام)یش لێرەدا بە کەس کراوە و بەشێکە لە کەسایەتییەکانی نێو ئەم دەقە، بەڵام ئەوەی پانتاییەکی فراوانی لەنێو ئەم دەقەدا داگیرکردبێ و یەکێک بێ لە دەنگەکانی نێو ئەم دەقە (تەنیایی)یە، هۆکاری ئەم تەنیاییەش نەبوونی خودی (لیسا) خۆیەتی. نەبوونی (لیسا) تەنیایی لەلای شاعیر دروستکردووە، بۆیە تەنیایی تەنیا چەند کاتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بووەتە گرێ کوێرە و حاڵەتێکی دەروونی.

**(عەزیەتی تەنیایی خۆت مەدە ژیان تونێلێکی تاریکە لە هەر کوێیەکەوە پێدا دەچیت، سەرێکی لە مردنەوە دەردەچێت و ئەو سەرەکەی لە تەنیاییەوە دەست پێ دەکات)** ل١٨

ئینجا شاعیر لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ هاوسەنگ کردنی ئەو هاوکێشەیە کۆمەڵێک پاساو دەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی لای تەرازووەکەی بەلای مەرگدا بەرزبێتەوە، زۆر بە نەرمونیانی و بەمیهرەبانییەوە دەیەوێ مەرگی لا خۆشەویست بێت و قەناعەتێکی لەبارەی مردنەوە لا دروست بێ.

**(لێگەڕێ با بەمردن داتبپۆشم، دەبێ تێبگەی مردن لە باوەشی فەرامۆشی ئەم گۆڕەدا لە ڕاڕایی ژیان خۆشترە لە منداڵییەوە خەریکم بۆت دروست دەکەم، بێ دەنگی جوانترە لە گلەیی، مردن باشترە لەم تەنیاییەی کە بە هیچ خۆشەویستییەک پڕ نابێتەوە، گیانت تەسلیم بکە و دەستبەرداری دنیای فانی کە، هیچ لیسایەکی تێدا نییە بۆ ئاشنایەتی)** ل١٨.

هەر سێ زەمەنەکەی لە نەبوونی (لیسا)دا چڕ کردۆتەوە، بۆ ئەوەی یەقینێک لای شاعیر خۆی دروست ببێت بەوەی (لیسا) لە هیچ زەمەنێکدا نەژیاوە و ناژی، بە تایبەتیش چونکە شاعیر (لیسا) لە لووتکەی جوانییەکان دەبینێ، کە زەمەنەکان توانای هەڵگرتنیان نییە.

**هیچ لیسایەکی تێدا نییە بۆ ئاشنایەتی ـــ ئێستا**
**هیچ لیسایەکی تێدا نەبووە بۆ ئاشنایەتی ـــ ڕابردوو**
**هیچ لیسایەکی تێدا نابێت بۆ ئاشنایەتی ـــ داهاتوو...،** ل١٨

ئەو بە یەکەوە گرێدانی زەمەنانە لە ئێستا و ڕابردوو داهاتوو ئەوپەڕی بێ هیوایی دەبەخشێت، بۆ ئەوەی چاوەڕوانییەکەی لا کاڵ بکاتەوە، یان هەر نەیهێڵێت، بۆیە شاعیر هەمیشە خۆی لەنێو تەنیاییەکی بێ هوودەیی و ژیانێکی بێ هوودە دەبینێتەوە، تەنانەت دەڵێ:

**(شەوەهای شەوم لەنێو کەلاوە کۆنەکانی تەنیاییدا بردۆتە سەر)** ل١٩

نایابترین هەست بەرانبەر بەو دوو کائینەی (دایک و باوک) دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی هیوای ئەوانیش کاڵ بکاتەوە، لەوەی بتوانێ بەشداری لە ڕووناکی وەجاغیان بکات.

**(ئەو پیاوەی ئێواران لەسەر کۆڵانی تاریکی داهاتووی مندا تا نزیکی بەرەبەیانی مردن ڕاوەستا، وەجاغی بۆ ڕۆشن بکەمەوە، پێم عەیب بوو دڵی بشکێنم و نەموێرا ئیزنی بدەم و بڵێم:**
**بەم بەخشە بە تەمای من مەبە**
**تاقەتم نییە کەس بەدوای خۆمدا ڕاکێشم**
**ناوێرم ناوی سیانی خۆم بە کۆڵی کەسەوە بنێم..)** ل١٩

ئەم بیرۆکەیە داهێنانێکی نایابە بۆ فراوان کردنی ئەم دێرە شیعرانەی شاعیری عەرەب (أبو علاء المعري) کە وتوویەتی:

**هذا ماجناه أبي علي**
**وما جنيته على احد**

هەمان بیرۆکە، بەڵام بەشێوەیەکی پێچەوانەیی لای (گۆران)ی شاعیر لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لەم دێرانەدا:

**بەڵێ ڕۆڵە، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختی ئیدراکیش**
**لەتۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو ڕۆژی ڕووناکیش**

**حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نا مەفهووم و بێ مەعنا**
**زەمانی بەسط و تەقریری شکانت بێ لەدەست دونیا!**

**حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما ،**
**بەحر پڕکەی لەتف بیدەی بەناوچاوانی باوکیما–**

**بەڵام ڕۆڵەم کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای**
**لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای**

**بەچی مەعلووم بە شوێنی هی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟**
**سەراسەر پێکەنین و خوڕەمی نابێ خەمی عومرت؟**

**بەڵێ بەرخم ئەگەرچی هەروەکو یەک ژین گشت لایە**
**لەبەینی بێشکە و قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە**
(دیوانی گۆران، ل٢٠٢)

بەڵام هێڵی جیاوازی لەنێوان ئەم دوو بیرۆکەیە و تەوزیف کردنیان لەنێو ئەم دوو دەقەدا لەوەدایە کە (گۆران) تاڕادەیەک ژیانی خۆی لە هیوای کوڕی وەک نەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە و گەشبینە بەوەی کە دەشێ ژیانی کوڕەکەی وەک خۆی نەبێ، شاعیر لەم شیعرەدا هیوای کوڕی کردۆتە پاساوێک بۆ دەربڕینی هەستەکانی خۆی بەرانبەر (ژیان و مردن)، لەپاڵ بەراوردکردنی ژیانی خۆی و کوڕەکەی، کەچی (مەهدی)ی شاعیر بە تەواوی لای وایە کە ناشێ تاوانی باوکی دووبارە بکاتەوە، واتە زۆر ڕەشبینە و بێ هوودەیی بەسەریدا زاڵە. خاڵێکی تری جیاوازی ئەوەیە پەیامی (گۆران) لە باوکەوە بۆ کوڕە، پەیامی (مەهدی) لە کوڕەوە بۆ باوکە، بەمەش ئاراستەکەیان پێچەوانەیە هەر بۆیە (مەهدی) شاعیر وەک بچووکێک بەرانبەر گەورەیی (باوک) هەست بەوە دەکات کە بەشێوازێکی پڕ لە بەخشندەییەوە ئەم حاڵەتە دەربڕێ.

شاعیر کەسێکە هەست بە شکستی خۆی دەکات و هێندە شکستی بینیوە تووشی فۆبیای ژیانیان کردووە، کە دەگەڕێتەوە منداڵی و سەردەمی قوتابخانە تۆزێ جوانی بەدی دەکات، بەڵام لە گەورەییدا تەنانەت شوێنەواری ئەم جوانیانەش ون دەکات. هەربۆیە قسەی نێو کتێبەکانیش فەرامۆش دەکات.

**(کتێبەکان با بۆ خۆیان بڵێن.. ژیان ئەوە نییە کە لەنێو دەفتەر ڕەسمەکانی منداڵیدا بانگی دەکردینە دەرەوە...)** ل٢٠

واتە ژیانی نێو کتێب و ژیانی واقیعی شاعیر وەک کەسێکی نێو ئەم کۆمەڵگایە دوو شتی وەک ئاسمان و ڕێسمانن، شاعیر چاوەڕێی ئەوەی لە ژیان دەکرد بەردەوام لەسەر هێڵی جوانییەکانی بڕوێنێ، کە ناکۆکی نێوان ئەم دوو ژیانە بەدی دەکات. بە تەواوی دەیانکاتە مرۆڤێکی بێ هوودە، بەتایبەتی ژیانی ئەو دوو مرۆڤەی (دایک و باوک) کە هەمیشە لەسەر ژیان دەمەقاڵێیان بووە.

خاڵێکی تر کە لەم دەقەدا وروژێنراوە، مەسەلەیەکی گرنگ و هەمیشەییە، ئەویش تەماعکاری و تێرنەبوونی مرۆڤە..

**(... نەخێر ئەگەر هەموو زەویش بە تەنیا بدەیتە قابیل، هەر دەڵێت: بەشم ناکات و ئاسمانیشم پێ دەوێت، ئەی من بەهای گەرمی ژیان و ڕووناکایی جوانی دڵ لەکوێدا بکوژم..)** ل٢٠

ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆکاری کاریگەر بۆ ئەوەی شاعیر بە تەنیا لەنێو ئەم ژیانە پڕ سەیروسەمەرەیەدا ببێتە تەماشاکەرێکی وردبین و تێبینی ناکۆکییەکان بکات، بۆیە دەڵێ:

**(هاوڕێکانم هەڵاتن بەرەو ئاییندە، من لەنێو بیرەوەرییەکاندا تەقەی سەرم دێت..)** ل٢٠

**(لە پشت دیوارە سەختەکانی تەنیاییەوە زۆر دانیشتووم هیچ کتێبێک تێم نەگەیشت.**
**بەدەم ساڵە درێژەکانی دەست خەرۆییەوە لە تەمەنی گەنجێتم جێمام)** ل٢١

ئەم وێنانە لە ئاکامی نەبوونی (لیسا) خۆیان دەنوێنن، بۆیە گفتوگۆکانی شاعیر هەمووی لەگەڵ (لیسا)یە، هیچ کتێبێک تێی ناگات، چونکە (لیسا) لە ئارادا نییە، (لیسا) چەقی هەموو بابەتەکانە، یان بە واتایەکی تر (مەهدی)ی شاعیر هەروەک چۆن (ئەحمەدی خانی) (مەم و زین)ی کردۆتە چەقێک بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی هەستە پەنگ خواردووەکانی لە بارەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی باڵا و خەونە پاشەڕۆژییەکانی. ئەویش بە هەمان شێوە (لیسا)ی کردۆتە پەناگە و خاڵی چڕکردنەوەی هەموو هەستەکانی، بەڵام دیسان خاڵی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا لەوەدا بەدی دەکرێت کە بەرهەمەکەی (ئەحمەدی خانی) لەنێو کۆمەڵگادا ڕووداوێک بووە بوونی هەبووە، (خانی) بەهۆی خەیاڵە فراوانەکەی خۆیەوە هێڵەکانی درێژتر کردۆتەوە، بەڵام (مەهدی) بە خەیاڵە پڕ لە داهێنانەکەی هەیکەلێکی بۆ

(لیسا) کردووە، کە بە هیچ شێوەیەک بوونی نییە و تاڕادەیەکیش هەست بە پێویستی گەڕان بەدوای (لیسا)دا دەکات، بۆیە (لیسا) بۆتە نەبوویەکی هەبوو، خەیاڵێکی تاڕادەیەک ڕاستی ئامێز، وەهمێکی ناوەهم...تاد.

شاعیر گرێ کوێرەکانی دڵی بۆ (لیسا)ی تاقە پزیشکی بەتوانای چارەسەرییەکان دەکاتەوە، دەیەوێ هەموو گرفتەکانی وڵاتەکەی پێ بگەیەنێ، گرنگترین گرفتەکانیشی لەم خاڵانەدا بەدی دەکرێن:

١- ئەتۆ چ ڕۆژێکیت لیسا.. لای ئێمە حەفتە بریتییە لە یەک ڕۆژ و هەمووشیان وەکو یەک دووبارە دەکەینەوە.

٢- بێ ئیشی لە وڵاتەکەی مندا بەیانیان درەنگ لەخەو هەڵدەستێت.

٣- نیگەرانی هەموو ڕۆژەکانی حەفتەی فێری جگەرەکێشان کردووە.

٤- دەستبەتاڵی ڕۆژ تا ئێوارە لە چایخانەکاندا تەقەی دۆمینەی دێت.

٥- چاوچنۆکی شیر براکانم هەمیشە سەریان لە شەڕ دەخورێ و ناموسی جوانی نیشتیمانەکەمیان ئەتک کرد بە کوشتنی دڵی هیچ یەکێک لە ڕۆژەکانی حەفتە تێر نەبوون ساڵەکانی داهاتووشیان تیرۆرکردین.

٦- پیاسەی دووری کچەکانمان لەبەر قاپی ئێواران زیاتر تێناپەڕێ..ل٢١

ئەمانە و چەندانی تریش گەندەڵییەکانی نێو کۆمەڵگەی شاعیرن، کە شاعیر بێزیان لێ دەکاتەوە، سەراپای ژیانی کۆمەڵگەکەی بۆنی بێزارییان لێ دێت، دووبارە بوونەوە، چاوەڕوانی، تەنیایی، بێ ئیشی کەسەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیەیان خنکاندووە، لە پشتی ئەم دێرانەوە گەندەڵی و شەڕی براکوژی دەخوێنینەوە بێ ئەوەی ناویان هاتبێت، بۆیە شاعیر لە ڕابردوودا دەژی هیچ هەنگاوێک دوور لەم ڕابردووە ناهاوێژێ.

**(بێجگە لە بیرەوەری هیچ بوونەوەرێکی ترم تێدا ناژی... تەنیاییەکی تەواوەی بەرگەرمایی هاوینم**
**باڵندەیەکی بێ پەناوپەسێوی ژێر سێبەری تەڕی بارانم، لەنێو کەوانە گرژەکانی برۆی لیسادا**
**تەنیاییەکی داڕزیوی دەست بەسەرم هەموو ئێسقانەکانی نیگەرانیم بەدەرەوەیە..)**ل٢٢.

ئەم وەسفانەی وردترین هەستەکانی بەرجەستە کردووە، هێنانەوەی (کەوانە گرژەکانی برۆی لیسا)، لێکچواندنی (برۆ) بە (کەوانی گرژ) کە کەوان خۆی گرژی هەیە، گرژیش سیفەتێکی نێگەتیڤە، بەڵام لێرەدا جوانییەکی تێدا بەدی دەکرێت، چونکە لکێنراوە بە (کەوان) کە لەنێو شیعری کلاسیکی و تاڕادەیەک شیعری نوێشدا (برۆ بەرانبەر بە کەوان) دانراوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە سیفەتی (گرژی) پێ ببەخشرێ، یان لێکچواندنێکی ڕەوانی وەک (تەنیاییەکی داڕزیو)، یان (ئێسقانەکانی نیگەرانی) کە وێنەی تەنیاییەکەی بە تەواوی بەرجەستە کردووە.

ئەمانە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خودی خۆی بە (حافیزی شیرازی) دەچوێنێ. دواتریش پێی وایە کە هێندە نامۆیە، غەریبییەکەی هێندە کەڵەکە کەوتووە، تۆز لەسەر نیشتووی سەدەکانی ناوەڕاستە و بۆنی ڕۆمانسیەتی (شیللی)ی شاعیری لێ دێ، ئەمانەش هەمووی دەربڕینی ئەم خودەن کە لە ناسکیدا تواوەتەوە، شاعیر هێندە دەروون ئاڵۆزە، ئاڵۆزییەکەی گێژی کردووە، بۆیە خۆیشی سەری لەخۆی سوڕماوە، بە تایبەتی لەنێو چوارچێوەی ژیان، ئەم جارەیان دیمەنێکی ترمان بۆ دروست دەکات لە وەسف کردنی خۆیدا، بەڵام لێرەدا زیاتر وێنەیەکی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵە واتە وەکو کوردێک لە چوارچێوەی جیهاندا کاتێ دەڵێ:

**(دیلێکی بەدبەختی جەنگی جیهانی یەکەمم، سەرلەنوێ دادگایی دەکرێمەوە، تۆ بۆنی چ بیرەوەرییەکی بێ تامت لێ دێت، دەموچاوت ڕەنگی قەوزەی چ عوزلەتێکی ناشیرینت هەڵگرتووە، ئەم کەئابەتە چڵکنەت ڕوخساری ئادەمی پێوە نەهێشتووی لەبەردەم قازی کەزییە جوانەکانی لیسادا کە وەکوماینی تاکەکاس سەر ڕادەوەشێنێت. بەرگریم لە چارەنووسی شوومی خۆم پێ ناکرێت، هەناسەم بۆنی دەنگی دانوساوی شەڕی گەرمی براکوژی لێ دێت، بۆنی دەنگی قرخنی تەعدای باروتی کورد کوژەکانم لێ دێت بۆنی خوێنی تەڕی ئەنفال و دووکەڵی چڕی کیمیاباران و عارەقی ترشاوی کۆڕەو لەبن باڵم هەڵدەستێت)**ل٢٢.

لای (مەهدی) شاعیر ئێستا و داهاتوو بوونیان نییە، بەڵکو تەنیا ڕابردووەکە لە چەندین قۆناغی جیاجیا و بەشێوەیەکی تاڕادەیەک جیاواز خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەمەش خاڵی چڕکردنەوەی ژیان لە ڕابردوودا دەنوێنێ. هێندە خۆی بەڕابردووەوە بەستۆتەوە ترسێکی زۆری

لەوەدایە هەنگاوێک لەم ڕابردووە دووربکەوێتەوە، هەموو دنیای شاعیر (ڕابردووە) بە هەموو بیرەوەرییەکانییەوە – ئەوەتا خۆی بە دیلێکی بەدبەختی جەنگی جیهانی یەکەم دەچوێنێت، واتە بارودۆخ و کەشی سەردەمی ئەم جەنگە زیندوو دەکاتەوە،.. **(عوزلەتێکی ناشیرین، کەئابەی چڵکن، قازی کەزی لیسا،...تاد)** ئەمانە شیعرییەتی زیاتر بەدێرەکان بەخشیوە.

هێڵی دەقەکە بەرەو حیکایەتی کوردی دەڕوات، بە تایبەتی خواستی کەسایەتی (کوڕە کەچەڵی عاشق) کە ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە گەلێک حیکایەتی کوردیدا هەیە، گەر بپرسین شاعیر لەبەرچی هانای بۆ (کوڕە کەچەڵ) بردووە؟ لەبەر ئەوەی کەچەڵییەکەی دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەهامەتییەکان.

**(ڕۆژ لە هەڵاتن دوو دڵە، ئاو لە ڕۆیشتن پەشیمانە و (با) فێر بووە پێش ئەوەی بچێت بۆ دارستان خۆی دەکات بەنێو مەیخانەکاندا و نیوەشەو ساقییەکان بەپاڵ دەری دەکەنە دەشتەوە، ئاسۆی ژیان ئەوەندە لێڵ بووە بەیانیان بە شەقیش خەبەری نابێتەوە، ڕۆژەکانی حەفتە کە دێن هێشتان نەگبەتی بەری نەداون، پێیان لەسەروسەکوتی چارەنووسی من دەئەنگووتێ و داهاتووم دەڕژێننەوە سەر سفر)** ل٢٣

ئەم وێنانە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگمەن و ناوازەن کە بەم شێوەیە بەرجەستە بکرێن، هەرچەندە سەرەداوێکیان لە ئەدەبیاتدا هەیە، بەڵام ئەم بە کەس کردنەی شت و دیاردەکانی سروشت، وای کردووە هەست بە کرۆکی حاڵەتەکان بکەیت، هەموو هاوکێشەکانی بۆ ئەوە دروست کردووە بگاتە (سفر) و لە بازنەی هیچدا بسووڕێتەوە.

ئینجا دێتە سەر پۆلێن کردنی کار و فەرمانەکانی (لیسا)، واتە شاعیر دەیەوێ وردە وردە سیمای (لیسا)مان زیاتر بۆ دەربخات، ئەگەر لەسەرەتادا (لیسا) وەک مەتەڵێک بووبێت ئەوە لەو دێرانەدا خوێنەر خەریکە بگاتە هەڵهێنانێک..

١- لیسا هەموو بەیانییەک زوو. ژیان لە خەو هەڵدەستێنێ.
٢- ئیزنی ئەستێرەکان دەدات.
٣- بە خۆرەتاو دەڵێ خۆت بگۆڕە و هەڵبێ.
٤- ڕوخسەتی ئاو دەدات.
٥- بە وەرزەکانی ژیان دەڵێت بڕۆن بۆ میوانی ساڵی تازە، بەڵام یەکی لە سێ مانگ زیاترتان پێ نەچێت.
٦- بە گەردەلوول دەڵێ تۆ زۆر چڵکنیت خۆت بشۆرە.
٧- بە باران دەڵێ تۆ مەشروب زۆر دەخۆیتەوە و سەرما گلەییت لە دەست دەکات.
٨- بە (با) دەڵێ تۆ زۆر هەڵەگەڕی و ڕوو لەماڵی خۆمان ناکەیت.
٩- بە تاریکی دەڵێ لەبەردەم کۆڵانەکانی دڵتەنگی ئێواراندا ڕامەوەستە عەیبە دراوسێکان پێیان ناخۆشە..
١٠- بە مانگی نیسان دەڵێ تۆ فێری درۆکردن بوویتە.
١١- بەمن دەڵێ تۆ بمرە بە کەڵکی ژیان نایەیت.

ئەم دێرانە دەشێ جوانترین و نایابترین دێرەکانی نێو (لیسا) بن، ئەم دەسەڵاتانەی کە دەریخستووە دەسەڵاتەکانی یەزدانن، واتە لێرەدا (لیسا) یەکسانە بە (یەزدان)، شاعیر بەخەیاڵ زمانحاڵی یەزدان دەدوێت. وێنەڕێژێکی بیری شاعیرە بۆ یەزدان، کە لە خاڵی (١١)دا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ: (بەمن دەڵێ) واتە (من یەکسانە بە مرۆڤ) کە ناشێ بە نەمری بمێنێتەوە و مردن وەک بابەتێکی چارەنووسی چەسپاو دەخاتە ڕوو کە بەکەڵکی ئەوە نایەت هەتا هەتایە لە چوارچێوەی ژیاندا بمێنێتەوە.

بۆ جەخت کردنەوەی ئەوەی ڕابورد.

**(لیسا.. لەحەوت تەبەقەی ئاسمان دادەنیشێ و بەزمانی باڵندەیش قسان دەکات و هیچی لێ حاڵی نابم..)** ل٢٤

لەگەڵ ئەوەشدا (لیسا) وەکو دەسەڵاتی باڵا سەیری بە شاعیر و بیرکردنەوە و ژیانی لەنێو هیچدا دێ، لە ئاکامی ئەمەدا گفتوگۆیەک دروست دەبێت، گلەیی ئەوەی لێ دەکات، کە لە ئاکامی چییەوە بەم ئەنجامە گەیشتووە؟ چی وای لێ کردووە بەردەوام بەدوای ئەم جۆرە وەڵامانەدا وێڵ بێت کە ئەستەمە پێیان بگات، دیسان شاعیر ڕۆدەچێتە ناخ و قووڵایی مێژووی مرۆڤایەتی:

**(دوای لافاوەکەی نووح- من و دایکم بە تەنیا لەسەر عەرزا ماینەوە، زاووزێمان نەدەکرد بە تەنیا لەنێو بیرەوەرییەکاندا مابووینەوە. بێ کەسی ئاوی چاوی ژەندبووین، دەیگوت: کوڕم بە تەنیا ئیدارە ناکەین ژنێک**

**بێنە، ئەم چاوەڕوانییە خوانناسێ قاتڵە ئەمانکوژێ.**
**دایکم لە گەڕەکی ژیان باری کرد و بەرگەی ئەو تەنیاییە قاتڵەم نەگرت..)ل۲۵**

ناوەرۆکی (لیسا) دەشێ بیێتە ڕۆمانێک، هێندە هێڵی ڕووداوەکانی دووروودرێژن، دوای ئەوەی دایکی لەگەڕەکی ژیان دەچێتە گەڕەکی مردن، کە لێکچواندنی ژیان بە گەڕەک نوێیە، دنیای ژیان دەگرێتەوە، سەرەداوێکی تری ئەم ڕۆمانە شیعرە خستنەڕووی ئەو هۆکارانەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەی وڵات بەرەو هەندەران جێ بهێڵێ، لە چەندین وێنەی ناوازەی خودی کە ئەم خودییەت و دەربڕینی وردترین هەستەکانی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ئەم دەقەوە هەیە، بە تایبەتی وێنەکان گوزارشت لە نەبوونی ئازادی و ململانێی تەسکی حزبایەتی دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناویان بهێنێت.

**(لەنێو شەڕە چەقۆی ئەو جەللادانەوە هەڵاتم کە قەسابی نیشتمانەکەم دەکەن و بچووکتریان سوعبەتیان کوشتنی جوانییە لە زەردەپەڕی ئێوارەداو یاساغ کردنی سنووری ئازادی ڕۆیشتنی (ئاو)ە بەنێو بۆنی دارستاندا و بە (با) دەڵێن لێرەوە هاتوچۆ مەکە (شەرع) ڕێ نادات بەبێ دەنگی نیشتمانەکەم دەڵێن خۆت پۆشتە بکە، باران بە ڕووتی نەگەڕێ و هەتاو بەسەر پۆشەوە هەڵبێت..) ل۲۵**

هەموو ئەو هاوارانەی بەرانبەر بە (لیسا)، شاعیر هەمیشە قسە دەکات

**(بۆچی تێم ناگەیت لیسا گیان کوردی نازانیت؟ نە موعانەتەکانی من کوردین و وەرناگێڕرێتە سەر هیچ زمانێکی دیکەی ئاسوودەیی) ل۲٦**

ناسنامەی نەتەوەیی شاعیر داکۆکی لێکراوە و ئیتر شاعیر لە هەر کوێیەکی دنیادا بێت دەست بەرداری نابێت، ئەم جەختکردنە لەسەر جۆری ئازار و موعانەتەکانی پارێزگاری کردنی هەستی نەتەوەیەکی خۆڕاگرە، بە تایبەتی لە بواری پارێزگاری کردنی زمان کە بەرگری کردنێکە لە زمان بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی بکات، کە ئاماژە بەوە دەکات (وەرناگێڕرێتە سەر هیچ زمانێکی دیکە) واتە تایبەتمەندی خۆی هەیە و ناکرێ زمانێکی تر ئەم موعانات و ئازارە دەربڕێ.

**(لیسا پێکەنینی بەو چیرۆکە خورافیانە دێت کە من دەهێنێتە گریان، دەڵێ: ئەو گوێزانەی تۆ دەیان شکێنێت هیچیان ناوکیان نییە، ئەدی چۆن بەرگەی ئەو هەموو تەنیاییەت گرت؟**

**– کوا بەرگەم گرتووە– لیسا– ئەوە نییە مشتێک ڕەژووی بێ دەنگییەکی عەدەم کراوم کە بای بێ ڕەحمی هەر جاری بۆ لایەکم دەبات و هەر ڕۆژێ لە دەرودووی ناوەرەییەکدا**

**وەکو دوو شەش لێی کەوتووم..!!) ل۲٦**

زۆرجار لە شیعری کلاسیکیدا ئەم دوالیزمی (پێکەنین × گریان)ە گوزارشتی لێکراوە، کە دەشێ بناغەی ئەم بیرۆکەیەی لێرەشدا هەیە بووبێتە بنچینەیەک بۆ دروستکردنی گفتوگۆ، سەرچاوەی لەوێوە گرتبێ، بۆ نموونە:

*** هەور ئەگری، گوڵ پێئەکەنێ**
**باوک و فرزەندەی بێ ڕەحم دەنوێنێ**

*** گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە کە دەشوبهێن**
**بەو مەوسیمی بارانە، کەوا خونچە دەپشکووت**

*** من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین**
**من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا.**

(گوێز) لێرەدا ڕەمزێکە بۆ ڕۆژەکانی شاعیر کە بە بەتاڵی و بێ ناوەرۆکن، بۆیە ئەوەی مایەی سەرسوڕمانی (لیسا)یە، ئەوەیە کە چۆن بەرگەی ئەو هەموو ڕۆژە بە تاڵانە دەگرێ، کەچی وەڵامی شاعیر کە لێرەدا (قسەکەر و وەرگر) هەر خودی شاعیر خۆیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئازار و تەنیاییەکانی هێندە زۆرن، دروستکردنی ئەم گفتوگۆیانە نەبێت، کە وەک ڕەگەزێکی درامی زیندوو چالاکی بەدەقەکە بەخشیوە، هیچ ڕەگەزێکی تر ناتوانێت بەم شێوەیە فریای دەربڕینەکانی شاعیر بکەوێت. هەرچەندە لە زۆربەی وێنەکاندا شاعیر بە تەنیا خۆی دەدوێ، هەندێ جار خەڵکانی تریش دەهێنێ بۆ ئەوەیە دەنگی خۆی، یان دژە دەنگەکانی، یان دەنگە زۆرەکانی ناوەوەی خۆی پۆلێن بکات، گفتوگۆ، یان (فرە دەنگی) یەکێکە لەو ڕەگەزە درامییانەی دەقەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە، ئیتر شاعیر لە وەڵامی (لیسا)دا وەسفێکی وردی ناوەوەی خۆی دەکات. کە لە حاڵەتێکدا دەژی، خۆی کردۆتە (لێ چوو) بۆ (دوو شەش) پوولی دۆمینە کە لەوچووە، ئەمە وێنەیەکی زۆر نایاب و ناوازەیە، چونکە لە پشتی ئەم دێرانەوە ژیانی شاعیر بەم شێوەیە

دەخوێنینەوە کە وەکو یاری (دۆمینە)یە و (دووشەش) چارەسەر و بڕیاری بردنەوەی یارییەکە دەدات، کەچی ئەم پوولە پڕ بایەخە بۆی نایەت، کەمن ئەو کەسانەی بتوانن ژیانیان دووشەش بێت و یاری لە ژیان ببەنەوە، ئەمەش حاڵەتی ڕەشبینی شاعیر نیشان دەدات، شاعیر کە چۆتە دەرەوەش هەر لە ناوەوەی خۆیدا دەژی، واتە هەمیشە بەدوای ئەو پێوەندییانەدا دەگەڕێ کە گەرموگوڕییەک بەژیان دەبەخشن، ئەم خاڵە ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر کەسێکی تا سەر ئێسقان سۆزاوییە و دەیەوێ سۆز ژیان برازێنێتەوە و ببێتە پردی بەیەکگەیشتنی دڵ و دەروون و بیری کەسەکان.

**(هەناسەم لە بۆنی خۆشی قسەی گەرمی ئاشنایەتییەک دەگەڕێ کە تامی نانی گەرمی دەستی دایکم بدات، خودایە تۆ چەند بێ وەفای نازانی دایکم تۆی چەند خۆش دەویست.**

**نەدەبوو مردن بەر بدەیتە گیانی نەرمایی لێرەوار و تەڕایی گیاکان بسووتێنێ)** ل٢٦

هەناسەکەی وێڵە بەدوای گەرمایییەک کە بە گەرمایی نانی دەستی دایکی تەشبیە دەکات، وێنەیەکە لە لووتکەدایە و نایەتە خوارەوە، تەنانەت گەڕانی بەدوای ئەم وێنە وای لێ دەکات کە سکاڵاکانی ڕووبەڕووی (خوا) بکاتەوە کە هیچ نەبا نەدەبوو لە گەرمی دایکی بێ بەشی بکات.

تەنانەت پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵێ: (نازانی دایکم چەند تۆی خۆش دەویست) واتە بۆ پاراستنی ئەم خۆشەویستییە نەدەبوو بیمرێنێ، لەوانەیە شاعیر دوای مەرگی دایکی زیاتر لە بازنەی تەنیایی و ساردوسڕی ژیاندا بخولێتەوە.

هەر ئەم خاڵەشە کە شاعیر دەخاتە سەر گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و هەوڵ دەدات لەماوەی دێرەکانی دواتردا وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەویش ئەوەیە (ئایا مرۆڤ لە ژیانیدا هەڵیدەسوڕێنێ، یان خۆی دەتوانێ جۆری ژیان و شێوەی ژیان هەڵبژێرێ؟) ئەم پرسیارەش هێندە ورد و کاریگەر و پڕ بایەخە کە چەندین بەرگ کتێبی لەسەر دانراوە، شاعیر لەم دێرانەدا وەک مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە بێ دەسەڵاتە، بە تایبەتیش بەرانبەر بە (مەرگ) ئاماژەیش بۆ ئەو سێوە دەکات کە بووە هۆی نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی و خواردنی لەلایەن (ئادەم)ەوە، گۆڕانکاری گواستنەوەیەکی جۆری لە ژیانیاندا دروست

کرد، وا لە شاعیر دەکەن بگەنە ئەو ئەنجامەی کە (تۆ کە هەموو ڕێگاکانت داخست) زیاتر مەبەست لە داخستن (مردن)ە، شاعیر لای وایە ئیتر کە (مردن) هەبێ هەموو شتێکی نێوان (ژیان) تا گەیشتن بە (مردن) هەمووی زێدەیە. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی عەبەسیانەیە بەرانبەر بە ژیان و بێ بایەخ کردنیەتی بەبێ گەیشتن لە حیکمەتەکانی ژیان، لەوانەشە لە ئاکامی تاقیکردنەوە و ژیانی خودی شاعیر ئەم تێڕوانین و بیرانە دروست بووبن، بەڵام شاعیر زیاترگشتگیری کردوون.

**(ئەم دەفتەر ڕەسمانە هیچ حیکمەتێکیان تێدا نییە بۆ فێربوون، دارا تەنیا لە دوورەوە دوو داری بینی، من لە نزیکی هیچ ئاشنایەتییەکەوە گەرمایییەک شک نابەم، بۆ سەبووری دڵم، ئیتر ئەم هەموو عومرە بۆ خۆی زیادە، ئەم هەموو ژیانە ئیسرافە لە چاوەڕوانی پیاڵەیەکدا کە خاڵییە لە شەرابی ئاسوودەیی)** ل٢٧

مەسەلەی (دارا دوو داری دی) وەک وانەیەکی منداڵی هەمیشە لە مێشکی مرۆڤدا چەسپاوە، تەنانەت بۆتە بەشێک لە (نۆستالیژیا) بە تایبەتی لای شاعیران خاڵێکە هەموو کات بە ڕابردوویان دەبەستێتەوە و وانەیەکە بیرناچێتەوە، تەنیا وەک نموونەیەک: (نەزەند بەگیخانی) لە (دوێنی سبەینێ)دا کە لە ١٩٩٠ نوسیویەتی، دەڵێ:

**کە منداڵ بووم**

**....**

**لەپشت سەوزی ڕەزی سێوان**

**دارا دوو داری دیم دەخوێندەوە...** ل٢٧

بەڵام (مەهدی)ی شاعیر لەم دەقەدا (دارا) لە (دوو دارەکە) دووردەخاتەوە بەوەی تەنیا لە دوورەوە بینیویەتی، بەمەش دەیەوێ پێوەندی نێوان (دارا) و (دوودار) ڕەت بکاتەوە، بەمەش پێوەندی (ژیان) و گەرموگوڕی و ئاشنایەتی لەنێوانیان ڕەت دەکاتەوە، ئەمە پێوەندییەکە لەنێوان مرۆڤ و شت و دیاردەکانی دەوروبەر، واتە گیانلەبەر و بێ گیان، چ جای ئەوەی هەردووکیان گیانلەبەر بن، شاعیر لەنێو گیانە زیندووەکاندا بێزارە، بۆیە نەک تەنیا بەهیوای ئەوەیە گیانە مردووەکان زیندوو ببنەوە، بەڵکو بەخەیاڵ بە ڕەسمەکەی (دۆستۆیڤسکی) دەڵێ وەرە دابەزە با دوو بە دوو قسە بکەین، ئەمەش ئەوپەڕی تەنیایی شاعیر لەنێو ژیاندا دەردەخات، تەنیایی لەخاچی داوە، شاعیر تەنیا

ئاشنایەتی لەگەڵ تاریکایی ئێوارەدا هەیە، تاریکایی و ئێوارە هەردووکیان نیشانەی وەستان و ناچالاکین، بەڵام تەنیا ئەمانە ئاشنایەتییان لەگەڵ شاعیردا هەیە، ئەم ناچالاکییە وای کردووە شاعیر لە تاریکایی ئێوارە بپاڕێتەوە کە تەنیا جارێکیش بێت بانگی بکات بۆ دڵنیایی بوون لە بوون و وجوودی خۆی بۆیە دەڵێ:

**(من هیچ کەسێکی تر ناناسم بێجگە لە تۆ، خەریکم لەم فەرامۆشییەدا سوێم دەبێتەوە و دەمرم تەنیا یەک جار لە دواوە بانگم بکە با دڵنیابم کە ناوم «مەهدی»یە)** ل٢٧

ئەم بابەتی بانگکردنە زۆرجار لای شاعیران دەوروژێنرێ، بە مەبەستی دڵنیایی بوون، لە شیعری نوێدا لای (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) بۆ مەبەستی ئەوە بەکارهێنراوە کە ناوەکەی خۆشە بە زمانی خۆشەویستەکەی، بۆیە حەز دەکات ناوی خۆی لەسەر زاری ئەو گوێ لێ بێ، بەڵام ئەوەی (مەهدی) بۆ دڵنیاییە لە بوونی خۆی، ئەم بانگکردنەش دڵنەواییی شاعیر ناداتەوە، بۆیە چارەسەری سەرەکی بۆ شاعیر کۆتایی هێنانە بە ژیانی بەڵام چۆن؟ یان لەبەر چ ژیان دەردی شاعیر تیمار ناکات.

**(دواجار نامەیەکم نووسی بۆ عیزرائیل و گوتم برام تۆ خەریکی چیت من زۆر تەنیام بۆ نایەیت سەرێکم لێ بدەیت)** ل٢٧-٢٨

نامەنووسین یەکێکە لە ئامرازەکانی شیعر، هەر لە شیعری کلاسیکییەوە تا شیعری نوێ و هاوچەرخ، بەڵام ئەو شێوە نامەنووسینە و ئاراستەکردنی بۆ (عیزرائیل) و ناونانی بە (برا) ئەوپەڕی میهرەبانی شاعیر و ڕێزگرتنیەتی کە هێندە چاوەڕێی کردووە هەر نەهاتووە، بۆیە ناچار بووە نامەی بۆ بنێرێ، بە نووسەرێکی وەک (کافکا)ش دەڵێ:

**(تۆ چاکت کرد مردیت، ژیان بە کەڵکی تەنیایی نایەت)** ل٢٨ وەک ئەوەی دەستخۆشی لە (کافکا) بکات، کە ژیانی جێهێشتووە و تاڕادیەکیش بەخیلی پێ دەبات، شاعیر لەنێوان دوو جەمسەردایە جەمسەری دوانەی ژیان و مردن، پێی وایە کە ژیانی بەم شێوەیە نەبێت چاکترە، بۆیە لە ژیان دەپاڕێتەوە کە پارێزگاری هەندێ شت بکات، تا هیچ نەبێت ڕوویەکی گەش بە مرۆڤ ببەخشێ، وایان لێ نەکات هانا بۆ مردن ببەن و پێیان چاکتر بێ، بۆیە لە ژیان دەپاڕێتەوە، بەڵام پاڕانەوەیەکی هێمنانە لەم دێرانەدا دەخوێنێتەوە کە ڕۆڵێکی بەرز و بەخشندە بە ژیان دەبەخشن.

١- ناوی خۆمم لەسەر دیوارەکانی دڵڕەقی حەوشی دڵت نووسیوە، ئەم جارە ڕەشم مەکەرەوە.

٢- کەنارییەک نەیزانیوە ژیان قەدەغەیە لە سێبەری سەرووی باڵات هەڵنیشتووە، هەڵی مەفرێنە.

٣- کانییەک دڵی بەخۆی خۆشە... بۆ پێی دەڵێی دەنگت ناخۆشە.. ل٢٩

جگە لەمانە **(چوارشەممەیەکی هەرزەکار، گەڵایەکی ماندوو، کانی نیگا، پەنجەرەیەکی ژەنگ گرتوو، بارانێکی دڵ سەخڵەت،... تاد)**

ئەمانە پەیامێکی شاعیرن و هەڵقوڵاوی ناخێکی ناسکی پڕاوپڕ لە مرۆڤایەتین کاتێ (لیسا) سەفەر دەکات، بە تایبەتی شاعیر ئاماژە بۆ سەفەری (لیسا) لە شەوانی میعراج دەکات. نەمانی (لیسا) و ڕۆیشتنی بۆ ئاسمان دیاری دەکات، هەمووی دەخاتە گۆڕان و لە ئاکامدا ئەم حاڵەتانە بەدی دەکەین:

١- هەموو وەرزەکان لە هاتن پەشیمان دەبنەوە.

٢- باران لە بارین دوو دڵە و بەفر داناکات

٣- ئاسوودەیی ڕەنگی مردن دەگرێت... ل٢٩

شاعیر سەری لەوە سوڕدەمێنێت کە ئاسمان چۆن بەشی تەماشای ڕەونەقی جوانی لیسا دەکات؟ شاعیر لەنێوان سەرسوڕمان و باڵایی (لیسا)دا دێ و دەچێ، کەچی (لیسا)، یان وەڵامی (لیسا) گاڵتە بە عەقڵی شاعیر دەکات و دەڵێ:

**(عەقڵت لە گەمژەیی گردەوە کە بۆ فێر نابیت لە کونجی ئەم تەنیاییەدا بمریت باشترە لەم گەڕانە بێ هوودەیەت..)** ل٢٩.

حیکایەت و بەسەرهاتی شاعیر بە چیرۆکی فۆلکلۆری (خورشید و خاوەر) دەچوێنێ.

**(تۆ کە لەبەردەم باخچەوە ڕەت دەبیت دەبێ زمانی دڕکیش بزانیت)** ل٣٠

ئەم دەربڕینە ڕێک هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەندەیە کە دەڵێ: (ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە)، بەڵام لێرەدا شاعیر وای لێکردووە کە ئەگەر گوڵت بوێ، دەبێ بە دڕکەوە بتەوێ، چونکە (گوڵ و دڕک) دوانەیەکی یەک سکن و ناشێ جیا بکرێنەوە، ئەوکەسەی گوڵەکەی بوێ دەبێ دڕکەکەش پەسند بکات و لەزمانی تێ بگات،

بەتایبـەتیش کـە لە هەنگاوەکـانی گـەیشتن بە گـوڵ تێپەڕاندنی دڕکەکانە، هەموو کات شاعیر لە دیاردەکانی سروشتەوە دێتەوە سەرخۆی لەنێو سروشتدا بەچاوێکی نیگارکـێـشـانە بە وشـە جـوانتـرین و وردترین دیمەن هەڵدەبژێرێ و بە کەسیـان دەکـات و پێوەندی نێـوانیـان دەردەخات.

**(«با» کـە لە دوورەوە دەکـوتێ دارسـتــان بە پەلە حەوشەی گەڵاکانی دەکاتەوە و بەسێبەر دەڵێ دەبێ بڕۆن مێردەکەم هاتۆتەوە...**

....

**مـەهدی تۆ سـەهۆڵبـەندانێکیت لە شـەرم... تەریق بوونەوەیەکی ڕۆمـانسـیـت بەرگـەی نیگای هیچ خۆرەتاوێکی گەرم ناگریت، هەڵدێی بۆ قووڵایی سێبەر، ئەو شەمەندەفەرە بەسەرچوو کە سەردەمی ڕۆمانسییەتی هەڵدەگرت.**

**ئەو دراوانەی عـەقڵی تۆ زۆر کـۆنن لەم مـەملەکـەتەدا قیمەت ناکەن تۆ بۆ مۆزەخانە باشیت..)** ل٣٠

ئیـتر شاعیر دەکەوێتە گیانی خۆی و کەوڵی دەکات، بەڵام دیسان هێمنانە و هەموو دژایەتی و ناکۆکییەکانی ناوەوەی دەردەخـــات. خـــۆی دەخــاتە تاقــیـگەی تێـڕوانینەکانی، بەمـەش چەندین کـەس لەناخیـدا بەدی دەکــەین، بەڵام هەمـــوویان لەوەدا یەک دەگــرنەوە کــە ڕەشـبـینن و ژیان بەم شـێـوەی ئێـسـتـای خـۆیان ڕەت دەکەنەوە و هەمـیـشـە بەدوای جوانییـەکانی نێـو ژیاندا دەگـەڕێن، بەڵام لەلایەن ئەوانی دییـەوە دەشـێـوێنرێت، شاعیر نامۆ دەکەن، بۆیە خۆی بڕیاری ئەوە بەسەر خۆیدا دەدات کە چەشنە مـرۆڤی خـۆی دایناسۆر ئاسا نەمـاون، تەنیا ئەم نموونەی شاعیـرە بۆ مۆزەخـانە دەست دەدات. هەر لەبەر ئەوەشە (عـەقڵی خۆی بەدراوی کۆن) چواندووە، ئـەمـەش ئامـاژەیەکی بـۆ دابڕانی شـاعیـر لەو دەوروبەرەی تێـیدایە و ئاماژەیشـە بۆ ئەو کەسـانەی بە (اصحـاب الكهف) ناسـراون، دوای نووسـتنیـان بەهۆی دراوەکــەیانەوە ئاشکرا دەبن، بۆیە دراو مـــۆرکی ئەو سەردەم و کـاتەی تێدا بەدی دەکرێت کە دروست کـراوە، **(پێت ناخـۆش نەبێت تۆ هەندەسـەی بوونت لە بنەڕەتەوە هەڵەیە**

.....

**من هەڵەیەکی زۆر کوشندە نیم لیسا گیان..)** ل٣١

(لیسا) لای وایە شاعیر مرۆڤێکە پێچەوانەی هەموو مـرۆڤـەکـانی تر و کـەسـێکە وەسـتـانی نیـیـە و بەدوای پرسـیـاری بێ وەڵام، یان پرسـیـاری بێ سنوور و قـەدەغـە کـراودا وێڵە، ئینجا قەدەغـە کـراوەکە چ بە هۆی ئایین، سـیـاسـەت، کـۆمـەڵایەتی.. تاد، یان هەر لایەنێکی تر بێت، ئەمەش سەربەشە دروست دەکات و خۆیشی دەخاتە مـەترسـیـیـەوە، هەرچەندە دەلالەت لەبوێری و هەڵوێست وەرگرتن دەکەن، بۆیە شـاعیـر پێی وایە کـە هێندە هەڵە نییە کە ترسناکییەک بۆ کۆمەڵگە دروست بکات، تەنیا وەکـو کـەسـێکی نێـو ئەو کـۆمـەڵگەیە سـۆراغی شـتـە نەزانراوەکـان دەکـات، دەیەوێ خـاڵـەکـان بەشـێـوەیەکی ڕێکوپێک بخاتە سەر پیـتەکان و ئەمەش بەمـافی خۆی دەزانێ، بەڵام ئایا کۆمەڵگە لێی دەگەڕێ ئازادانە بەدوای ئەم شـتـە نهـێنی و نەزانراوانەدا بگەڕێت و ناسـراویان بکات، یان پەردەیان لەسـەر هەڵماڵێ، شـاعیـر ئەمـەش باش دەزانێ کە ئەم کارەی دەیکات لۆژیکی نییە، کەچی ناتوانێ دەسـتـەوەسـتـان بەرانبـەر ئەم دیاردە و بابەت و کـەسانەی نێـو کـۆمـەڵگاکەی بوەسـتێت، شاعیـر لەنێـو یاریگای ژیاندا بـۆ حـــاڵـەتی ناوەوەی خـــۆی هانا بـۆ هەندێک یاریش دەبات، تەنیـا بـۆ ئەوەی خـودی خـۆی بدۆزێتەوە، بۆیە دەڵێ:

**(لەم کـڵاوەیاندا نیـیــە خـۆت هیـلاک مـەکـە،.. لە بەیانیشدا نییە**

....

**بزانم خەتی، یان شێری، ماویت، یان مردوویت..**

**من هیچ کامیان نیم لیساخانم، نە شێرم، نە خەتم، من ئاوێکی بێ کەنارم...)** ل٣١

یاری کڵاوێن و شێروخەت کە تا ئەمڕۆش شوێنەواریان ماوە و بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی بەختی خۆیان مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بەڵام شاعیـر نێوانی شێروخەت، یان هیـچـیـان هەڵنابژێرێ، چونکە خـۆی لە هیچ لەمـانەدا نادۆزێتەوە.

**(لیسـا پێکەنینی بە من دێت کـە بە بەگـا دەڕۆم بەرەو ئاییـندە.)** ل٣٢ بە بـەگ ڕۆیشـتن لـەگـــەڵ ئاییـندەدا یەکناگرنەوە و دەلالەت لەنائۆقرەیی ناخی شاعیر دەکەن.

شـاعـیـر لێـرەدا دان بە نەزانینی خـۆی، یان ڕێژەیی نەزانینی خۆیدا دەنێ بەوەی:

**(هیچ شـتێک لە بارەی لیسـا نازانم.. تەنیا ئەدرەسی بێ وەفاکەیم لایە..)** ل٣١

واتە (لیسا) دەبێتە دنیا، یان گەردوون کە هەموو دەم بە بێ وەفایی دانراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

**(لەتارمایی لیسا لە دوورەوە دەستی هەڵتەکاند و گوتی من لە چارەنووسی تۆدا هەڵنایەم.**

**بێ ئومێدی لە ناخمدا لەسەردەم خۆی دا بە عەرزا و لە دراوسێتی ژیان بارم کرد**

**قفڵی تەنیاییم لە خۆم دا و ڕۆیشتم بەرەو بێ دەنگییەکی دوور دوور لە مەملەکەتی ئەو دڵانەی کە لە مەعنای شکان نازانێ...)** ل٣٤

(لیسا) چەند دوور بکەوێتەوە، هێندە جوانییەکانی ژیان دوورتر دەکەونەوە جووڵە و چالاکی بە ڕووی ژیاندا نامێنێ تەنانەت:

**(لە قەترە بارانیش ناباریێ و ئیتر ئاو لە ئاستی ژیان ناگەڕێ)** ل٣٥، ژیانێکی وەستاو، ژیانێکی بێ ڕەونەق و چێژوتام و پڕ لە نائومێدی دروست دەبێ و دەبێتە ئاشی بێ ئاو، کە ئەمە تەوزیف کردنی پەندێکی کوردییە شاعیر گۆڕانکاری تێدا کردووە، کە ئاش ژیانە و بنچینەی ژیانیش ئاوە، چونکە ئاو ئاوەدانی دەخوڵقێنێ.

**(هەر کاتێک لیسا بگری ئەوە نیشانەی ئاخر زەمانە، ئیتر خوا غەزەب لە هەموو دنیا دەگرێت و .. دەبێ بە تاریکە سەڵات و چاو چاو نابینێ و ئاخری زەمان دەست پێ دەکات)** ل٣٥

ئەمانە قورسایی (لیسا) و نرخی فرمێسکەکانی لیسا دەردەخەن، شاعیر لە کۆتایی ئەم قەسیدە درێژەیدا دەشێ بڵێین داستانە شیعرە ڕەنگینەدا دەڵێ:

**(قەشەکانی کەنیسە لە ترسانا لەمەسیح دەپاڕێنەوە «خودایە با لیسا نەگری» بۆ ئەوەی ئاخری زەمان بێت شەو و ڕۆژ لە مەسیح دەپاڕێمەوە «خوایە با لیسا بگری»)** ل٣٥

شاعیر پێچەوانەی لایەنی ئایینی، لەبەر ئەوەی ڕەشبینە و بێ دەسەڵاتە حەز دەکات کاتێک زووتر دنیا نەمێنێ، لای وایە بەمە ئاسوودەیی بەدەست دێنێ.

**بەکورتی (لیسا) لەم خاڵانەدا گەڵاڵە دەکرێن:**

١- لیسا دەقێکی چڕی ئاخنراو بەچەندین بیری هەمەجۆرە کە هەموویان ئاوێنەی کۆمەڵگەی کوردین.

٢- زمانی شیعری (لیسا) زمانێکی قورسە، چونکە بەخواستن و بە کەسکردن دەقەکەیان بارگاوی کردووە و دەشێ لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەبارەیەوە ئەنجام بدرێت.

٣- (لیسا) دەق ئامێزە، تێکشکانی چەندین وێنەی شیعری کلاسیکی و نوێ لەخۆ دەگرێت.

٤- جوانییەکان لە (لیسا)دا بریسکەیەکیان دروست کردووە، سەرتاپای دەقەکەی گرتۆتەوە.

٥- (لیسا) خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، ئەمەش وای کردووە، (لیسا) دەریا ئاسا بێت و چەند بچیتە قووڵایی زیاتر ترسناکی دەقەکە دەردەکەوێت.

٦- (لیسا) دەقێکی خودییە و خودی شاعیر زۆر شەفافانە دیارە و وەرگێڕانی هەموو ئەو هەستانەیە کە لەناخیدا پەنگیان خواردۆتەوە و پاڵەپەستۆیان لەسەر دروست کردووە.

٧- ڕستە و دێرەکانی (لیسا) دوورودرێژ و چەندین ڕستەن لەنێو یەک ڕستەدا، لەگەڵ ئەمەشدا توانیویەتی پارێزگاری شیعرییەت بکات و ناسنامەی شیعریی پێ ببەخشێ.

**سەرچاوە:**


**(١) الأسطورة في الشعر العربي، د. أنس داود، القاهرة، ص٥١٦-٥١٧.**

**(٢) نظرية الأدب المعاصر، وقراءة الشعر، ديفيد شندر، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، مصر، ١٩٩٦، ص١٣.**

**(٣) دەقی (لیسا) بەرگی دووەم، کتێبی تەریق بوونەوەم، مەهدی ساڵح مەجید، بەریتانیا، ٢٠٠٠.**

**(٤) دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریم مودەریس، ١٩٧٦ بەغدا.**

**(٥) ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤ سلێمانی.**

**(٦) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووە، ١٩٨٠ بەغدا.**

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(١٢)

# مێشوولە خواردمیان

**مارف خەزنەدار**

**رۆژی پێنج شەمموو ١/ ١٩٨٣/٩**

شەوی ڕابردوو نازانم چۆن بەسەرچوو! لە توانای هەموو کەسێکدا نەبوو ئەرکی ئەو شەوە پڕ لە ئێشوئازارە هەڵبگرێ. ژوورەکە هەرچەندە پاک نەبوو، بەڵام بەرانبەر بە گەڕەکەکە ئەوە نەبوو ئەم هەموو مێشوولەیە ڕووی تێ بکا بۆ ئەوەی ئارام لەمن ببڕێ. گەڕەکەکە مەڵبەندی زەلکاو و سەرچاوەی سیانی بۆگەن بوو، فابریقەیەک بوو دەتگوت بۆ دروست کردنی مێشوولە کەوتۆتە کار. لە ئانی نووستندا مێشوولە هێرشی بردە سەرم، دەنگە ناسازەکانی گۆرانی ناو ماڵان، ئاهەنگ و زەماوەندی ناو کۆڵان، دەنگی ترانزیستۆری هەرزەکار و گاڵەگاڵی منداڵانیش لەو دیو پەنجەرەکەم، ئەم هەموو خەڵکە دەتگوت پەیمانیان بەستووە بۆ ئازاردانی من! تێی نەگەیشتم خەڵکی ئەم وڵاتە بۆچ ئەوەندەی دەنگیان بەرزە! سەرەڕای ئەم هەموو کارەساتە لەمەتبەقی شوققەکە بۆرییەکی ئاو شکابوو، بەرۆژ لەبەر ئەوەی ئاو نەبوو، هەست بە خوڕەی ئاو نەدەکرا، بەڵام شەو تا بەیانی خوڕەی ئەویش لەگەڵ گۆرانییە ناسازەکانی دەرەوەو گیزەگیزی مێشوولە تێکەڵ بوون.

ئەمڕۆ بەیانی نوورەدین هات، لە ماڵ چووینە دەرەوە، لە بازاڕی گەڕەکەکە سەموونێکم کڕی، لێرە باگێتی پێ دەڵێن، ئینجا گەڕاینەوە ماڵەوە، لەم گەڕەکەدا چێشتخانە نەبوو، تەباخی غازیش لەکار کەوتبوو و ئیشی نەدەکرد. لەو ڕۆژەی لە بەغدا دەرچووم چایەم نەخواردبووەوە. خەڵکی ئێرە چایەیان نییە، قاوە لە باتی ئەوە. خواردن و خواردنەوەی گەرم بۆ من نەبوون. ناچار نیوەڕۆ نان و کاڵەک، ئێوارە نان و ماسی ناو قوتوو توێشووی ئەم سەفەرە خۆش و ناخۆشەم بوو.

لەو ڕۆژانەدا هەمموو شتێک ناخۆش بوو. ئەوەی خۆشی بوو ماوەی خوێندنەوە زۆر بوو، ئەمەش وەنەبێ خوێندنەوەی قورس، بەڵکو خوێندنەوەی ئاسان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ وەنەبێ خوێندنەوەی سووک کەڵکی نەبێ، بەپێچەوانەوە زۆر شت لەو خوێندنەوە سووکانە فێر بووم، جگە لەوەی چێژی گیانی کە لە ئەنجامی خوێندنەوەدا دڵ و دەروونم دەکاتەوە و هەست بە گەورەیی ژیان دەکەم.

ئەو دەمەی خوێندنەوەم بخستایەتە لاوە و بیرم لەو ڕۆژە نالەبارە نەکردایەتەوە کە تێی کەوتبووم، تووشی ئازار و ئەشکەنجەی قووڵتر دەبووم. دوورە وڵاتی، یان هەندێ جار بێ نیشتمانی، لەو جێیە دوورە بە بێ کەسی. ئەم بیرە ڕەشە شەیتانییە ناو جگەر و دەروونی دادەوەشاندم.

## ڕۆژی هەینی ١٩٨٣/٩/٢

ئەمڕۆ بەیانی نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە، شەوی ڕابردوو لە شەوی پێش ئەو خراپتر بوو. ئەوە ڕاستە کلیلی ئاوەکەم دۆزییەوە و بەشەو دامخست، بەمە ڕزگاریم بوو لە دەنگی خوڕەی ئاو، بەڵام هێرشی مێشوولە و یاری منداڵان و دەنگی گۆرانییە ناسازەکان لە شەوی پێشوو زیاتر بوو، چونکە شەوی هەینی بوو.

ئەمڕۆ نوورەدینی هاودەمیشم نایە بۆ ئێرە. ئێوارە پیاسەیەکی ناوچەکەم کرد، چاوم بە دوو دیاردەی پێچەوانەی یەکتری کەوت لەم گەڕەکەی کە سۆناتیبەی پێ دەڵێن. خانووبەرەکانی جوان و ڕێکوپێک بوون، هەمموو وەستاییەکی ئەندازیاریان تێدا خەرج کراوە. بێ گومان گۆڕەپانی نێوان خانووەکان بۆ ئەوە دانراون ببن بە باخچە و دارستان، بەڵام داخی گران ئەم بۆشاییانە لەگەڵ شەقام و کۆڵانە فراوانەکان بوون بە زبڵخانە. بۆنی بۆگەن پیاویان کاس دەکرد. ئەم گەڕەکە دەمێکە دروست کراوە، ئەی بۆچ گۆڕەپان و شەقام و کۆڵانەکانی وا پشتگوێ خراون؟!

لەکاتی خۆیدا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە گەڕەکی ڤیتیبسکی لە شاری سانت پیترسبۆرگ کە شوققەم وەرگرت، باخچە و دارستانی کۆڵانەکەمان هێشتا دیمەنی تەواوی سەوزایی نەگرتبوو، درختەکانی بەرز نەببوونەوە، بەڵام پاک و تەمیز بوو. لە ساڵی ١٩٦٨ کە ئەوێم بەجێ هێشت باغچە و باغات هێشتا ساوابوون، کە ساڵی ١٩٧٦ سەردانی ئەوێم کردەوە بۆ ماوەی دوو مانگ لە ماڵەکەی خۆم ژیامەوە کۆڵانەکەم نەناسییەوە، چونکە ببوو بە دارستانێکی چڕو باغ و باغاتێکی ڕەنگین، بەڵام ئەم سۆناتیبەیە قەت وەکو ئەوێی لێ نایە، ئەگەرچی خانووبەرەکانی وەکو ئەوێیە.

نیوەڕۆش و ئێوارە تەنیا بە ماسی قوتوو و کاڵەک و ترێ ژیام، ئەمەش تاموبۆی خۆی هەبوو.

## ڕۆژی شەممو ١٩٨٣/٩/٣

ئەمڕۆ بەیانی نابێ بڵێم لە خەو هەڵسام، چونکە شەوی ڕابردوو چاوم خەوی نەدیبوو لەبەر مێشوولە. وەکو دەردەکەوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان زیاد دەکا. لەوانەیە ئەوانەی بە ڕێکەوت شەوی یەکەم منیان دۆزییەوە بۆ ڕۆژی دوایی پەیامی خۆشییان بە خەڵکی خۆیان گەیاندبێ: هیزە! بەخۆ کەون، کابرایەکی کوردستانی هاتووە، تامی خوێنی شیرین و خۆشە. لەگەڵ ئەم مەینەتییەشدا ئەمڕۆ بەیانی هەوایەکی گوشادیی لەناو دڵمدا شنەی دەکرد، بەوەی بڕیاری دواییم دابوو کە چێتر لەم جێیە بەدفەڕە نەمێنم بەهەر نرخێک بێ.

نوورەدینی هاوڕێم هات، بێ قاوەڵتی بەیانی چووین بۆ زانستگە. چاوم بەکارگێڕی ئامۆژگای زمان و ئەدەب کەوت. ناوی عەبدولمەجید حەنوون بوو. دیار بوو پیاوێکی ماقووڵ و لەسەرخۆ بوو و بەعەرەبییەکی باشی دوور لە وشە و لێکسیکۆنی فرەنسی قسەی دەکرد. لە پاشاندا چاوم بە زوبەیدە حەنوون کەوت، لەوکاتەدا سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو. پێشوازییەکی گەرمی کردم، چونکە لە پێش هاتنم بۆ جەزائیر ناوبانگی منی بیستبوو و لەو ڕۆژگارانەدا جێگری سەرۆکی زانستگا بوو و مەسەلەی هاتنم بۆ ئەوێ ئەم خاتوونە جێبەجێی کردبوو.

لە بابەت خانوو و جێگە و ڕێگەی ژیانەوە خۆم شێلوو نەکرد، دەبوو کارەکە بە زۆر، یان بە ژێری بچێتە سەر. هەر لەسەرەتای هاتنم بۆ عەننابە ئاگاداری ئەوەبووم هاوسێیەکی ساڵح تەقی فەهمی ناوی عاشووری بوو، کەسێکی جەزائیری و مووچەخۆر بوو لە زانستگە، کلیلی ماڵی ساڵح تەقی لای ئەو بوو، پێم گوت: پاش نیوەڕۆ شتومەکەکانم دێنم بۆ ئەوێ و لە ماڵی ئەو دەبم تا لە

دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە.

دیاربوو ڕەزامەندی دەربڕی. نیوەڕۆ لەگەڵ نوورەدین چووینەوە ماڵیان، ئەم جارەیان باوکی نانەوای هات و بەخێرهاتنی کردم، خواردەمەنییەکی سەوزی پەیتیان لە پێشم دانا، لە تۆڵەکەی سوورەوەکراوی دەکرد، گوتیان ئەمە ناوی ملوخیەیە، لە پاش ئەو قاپێک هێلکە و ڕۆنیان هێنا لەگەڵ خۆشاوی پرتەقاڵ.

لە دەوروبەری سەعات چواری پاش نیوەڕۆ ڕوومان کردە ئەو دۆزەخەی ناوی سۆناتیبە بوو. ئەم جارەیان دڵخۆش بووم، چونکە دەمزانی جارێکی تر ڕووی تێناکەمەوە. زۆر بە پەلە بووم، وام دەزانی بەم زووانە زەوی سۆناتیبە دەقڵیشێتەوە، بۆیە دەمویست پێش قڵیشانەوەکە ڕزگاریم ببێ لێی هەتاهەتایە. خۆم و شتومەکەکانم کە لە سنووری سۆناتیبە دەرچووین هەناسەیەکی خۆشیم هەڵکێشاو باوەڕم بەخۆم نەکرد ئەوە منم و ڕزگاریم لەم ماڵ و گەڕەکە نەگریسە بوو.

ئەم گەڕەکە لە نێوان زانستگەو شاردابوو، هەموو جارێ کە بۆ ناو شار دەچووین دەبوو بە تەنیشت ئەوێ تێپەڕین، هەموو جارێکیش دڵم خورپەی دەکرد، یادی ئەو سێ شەوە ڕەشە چڕنووکیان لە مێشکم گیر دەکرد و ئازاری گیانیم دەچێشت.

بەختم بەوە یاربوو کە عاشووری بیرێکی باشی بۆ هات بەوەی دەرگای ماڵی ساڵح تەقیم بۆ نەکاتەوە، بەڵکو خانوویەکی بەتاڵ بەرانبەر ماڵەکەی ئەوانم بداتێ تا لە دواییدا بە تەواوی نیشتەجێ دەبم. ئەمە بۆ من زۆر باش بوو، بڕیارمدا ئەگەر بۆ زانستگە بگونجێ لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم خانووە بۆ من باشە و هەتا لەو وڵاتەش بم دەتوانم لە ناویدا بژیم. ئەم ناوچەیە حەججاریان پێ دەگوت. جێیەکی هێمن، هەمیشە بەهارێکی بێ وێنە، دانیشتووانی هەموویان مامۆستای زانستگە بوون، زۆریان بێگانە و کەمیان جەزائیری. زیاد لەسەر ئەمەش کۆمەڵێک ماڵی ڕووسی لێ بوو لەوانەی موحازەرەیان لە زانستگە دەگوتەوە، یان لە فابریقە گەورەکەی ئاسنی حەججار کاریان دەکرد.

خانووەکە پیس بوو، ئەوەی تێیدا دانیشتبوو دەیانگوت عیراقی بووە و لە بەریتانیا خوێندوویەتی، خۆی و خێزانی و دوو منداڵی تێیدا ژیابوون، بەڵام من باوەڕ ناکەم ئەو معێدییە لەبەریتانیا هیچ فێربووبێ، وەکو دەڵێن ڕەنگە بە گوێدرێژی چووبێ و بە بارگیری گەڕابێتەوە، ئەگینا کە چاوم بە ماڵەکە کەوت وام زانی ڤێللایەکی خۆشەو بۆ ماوەیەک کراوە بە تەویلەی وڵاغ.

لە دوای ئەوەی ژوورێکیانم هەندێ ڕێک خست بۆ نووستن و حەسانەوە و خوێندن و نووسین، عاشووری سەتڵێک ئاوی بۆ هێنام و گوتی: ئێمە لە عەننابە گەورەترین تەنگو چەڵەمەمان ئاوە، ڕۆژی یەک سەعات ئاو لە ترومپەکانمان دەچۆڕێتەوە. لە پاش ئەوە قۆرییەک چای بۆ هێنام، پێم سەیر بوو، گوتی: پێت سەیر نەبێ، ئێمەی جەزائیری لەسەر دەستووری فەرەنسییان قاوە بەکاردێنین، بەڵام من ئەوەندە لەگەڵ عیراقیان هەڵسام و دانیشتووم دەزانم ئێوە چایە دەخۆنەوە. ئەمە یەکەمین جار بوو لە پاش دەرچوونم لە بەغداوە چایە بخۆمەوە.

دەمێکە خۆم نەشوشتووە، بێجامەکەشم ئەوەندە دژوون و چڵکنە بە ئاوی زەریای عەننابە پاک نابێتەوە.

پاش نوێژی شێوان عاشووری هاتە لام، داوای کرد نانی ئێوارە لە ماڵی ئەوان بخۆم. خێزانی گەنجی قژ زەردی سووروسپی بە عەباوە بەخێرهاتنی کردم، بە باڵاو ئەدگاری دەموچاو لە کچە بەربەر (ئەمازیغ)ی دەکرد، گۆشتاوی مریشکی لێنابوو لەگەڵ نانی ماڵ (لەوێ کیسرەی پێ دەڵێن لە نانی مادەی لای خۆمان دەکا)، تێکوشەیەکی لێ سازبوو، چایەکەش بارتەقای هەموو شتێکی تر بوو.

# فەلسەفەی باوکانی کڵێسە

## «سەرەتاکانی فەلسەفەی مەسیحیەت»

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

### سەرەتا

١- فەلسەفەی باوکانی کڵێسە، قۆناغی یەکەمی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا دەگەیەنێ. لەو قۆناغەدا دوو ڕێباز لە چوارچێوەی فەلسەفە- لاهووتدا دەستبەکاربوون:

**یەکەم**: چەند ڕاهب و کەشیشێک بوون کە بۆ داکۆکی کردن لە بنەما و ڕێوشوێن و دۆگمەکانی ئایین پشتیان بە فەلسەفەی یۆنانی بەستووە و کۆشاون نیشانی بدەن کە ئەو فەلسەفەیە لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا گونجاو و تەبایە. جوستینی ناسراو بە شەهید ڕابەری ئەم ڕێبازە بووە.

**دووەم**: ئەوانە بوون کە بەلایانەوە فەلسەفە و ئایین دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن و هیچ جۆرە تەباییەکیان لەنێوان فەلسەفەی یۆنان و ئایینی مەسیحیدا نەدیوە. بەو بیانووەوە گوایە فەلسەفەی یۆنان فەلسەفەیەکی گۆمڕاییە و مەسیحیەت ئایینێکە ئەو ڕاستیانە نیشان دەدات کە ڕەب بۆ مرۆڤی ناردووە. تێرتولیان Ter-tullian ڕابەری ئەو ڕێبازە بووە.

وشەکە خۆیشی «باوکانی کڵێسە» Kirchenvater لەوەوە هاتووە کە لە سەرەتای جێگیربوونی ئایینەکە لە هەواری نوێدا پێویستی بە پشت ڕاست کردنەوە و داکۆکی لێ کردن هەبوو بۆ ئەوەی وەڵامی دڵ کرمێ بووان بدرێتەوە و جیهاندید و ژیاندیدی ئایینەکەش جێگیر و ساغ بکرێتەوە. ئەو کەسانەی ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ کەسانێک بوون قەشە و ڕەبەن کە لە کڵێسە و ڕێزی ڕەبەن و دەزگاکانی سەر بە ئایینەکەوە هاتبوون و پێگەیشتوون، ئەوانە ئەو لاهووتی و فەیلەسووفانە بوون کە وەک باوک ژیانی خۆیان بۆ پاراستن و جێگیرکردنی بڕوا و عەقیدە و ئیمانە نوێیەکە دانابوو. ئەو بیرمەندانە

دوو سەرچاوەیان لەبەردەستدا بووە.

– ئایین (ئایینی جوولەکە و سۆفیێتی و ئایینی ڕۆژهەڵات).

– فەلسەفە، بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنان.

هەربۆیە ئەرکی سەرشانیشیانە دوو ڕەنگی بووە. لە لایەکەوە بنەماکانی ئایینەکەیان بۆ خەڵک ڕوون کردۆتەوە و وتوویژی لاهووتییان کردووە(١)، لەلایەکی ترەوە ئەو چالاکییە پێویستی بە زمانێکی تایبەتی هەبووە تێیدا چەندین چەمک و وشە و ڕستە و دەستەواژە بەکارهێنراون کە لە ڕێبازە فەلسەفییەکان خوازراونەتەوە، ئەگەرچی ئەوانە وەها بێنە پێش چاو کە سەر بە پەرەسەندنی مێژووی لاهووتن، بە تایبەتی بابەتی ڕێبازی سێ ڕەنگی لەم کایەیەدا خاڵێکی سەرنجڕاکێشە کە لە خۆیدا بنەمای بنەڕەتی دۆگم و بڕوای مەسیحیەت پێکدەهێنێ.

٢- ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایا ئەو شتانەی ئەم کەشیش و ڕەبەنانە وتوویانە لاهووت و ئایینە، یان فەلسەفە؟ دەکرێ ئەوان بە فەیلەسووف دابنرێن؟!

وەڵامی ئەو پرسیارانە بەوەوە بەندن مرۆڤ چ بابەتێک بە فەلسەفە دادەنێ و بە چی لەلاهووت و بابەتی ئایین جیای دەکاتەوە؟! ڕاستە فەلسەفە بابەتێکە لەبابەتە کۆنەکانی هزری مرۆڤ کە پشت بە ژیر و مەنتیق دەبەستێ و هەندێک جار وادێتە بەرچاو کە بابەتەکانی دیار و دەستنیشان کراون و هیچ جۆرە گۆڕانێک هەڵناگرن.

ئەم پرسیارانە بە ڕەها سەرنجی بابەتی فەلسەفە دەدەن ئەو ڕەوش و دۆخە مێژووییانە کە فەلسەفە لە سێبەریاندا پێگەیشتووە و سەری هەڵداوە و کاریان تێکردووە لەبەرچاو ناگرن و بگرە بە هەند دانانێن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەوی پەیدا دەبێ و ئەوی لەناودەچێ، ئەریستۆتالیس وتەنی، لە چوارچێوەی ئەو پێداویستییانەدا دەبن کە لە خانەکانی ژیاندا دادەنرێن، بابەتێک، ئیتر بەبێ گوێدانە چەند و چۆنییەتەکەی، ئەگەر ژیان خۆی بە پێویستی دانەنابێ بەهیچ شێوازێک دەروازەی پەیدابوون و لەناو چوونەکەی بە ڕوودا ناکرێتەوە. هزر بە بەرهەمە فەلسەفییەکەشییەوە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی هەیە کە لە ناخی ژیاندا خۆی داکوتاوە و هەر لەوێشەوە سەرهەڵدەدات. ئەو هەلومەرجانەی بوونەتە مایەی پەیدابوونی بابەتەکە بەو جۆرەی کە لە کۆمەڵگاکەدا خەتوخاڵی داوە و هەر لە سیاسەتەوە تاوەکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفە بەشێوەیەک لە شێوەکان کە لە مێشکی بیرمەندێک، سیاسەتمەدارێک ڕەنگ دەداتەوە و بووە بە کەرەسەی هزر دەربڕێکی ڕاستەقینەی ئەو هەلومەرجانەیە کە پەیدایان کردووە و ئەو ڕەوشە ناچارییە دەردەخات کە نەدەکرا بە جۆرێکی دیکە لە ئارادا بووبایە. هەلومەرجە سەرەکییەی سەدەکانی ناوەڕاست وەک لە هەموو سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ لەژێر باڵی ئایینێکی سەرتاپاگیردا چڕۆی کردووە. نەدەکرا هەر شتێک لەو ڕەوشەدا سەرهەڵبدات و پەیدا ببێ لەجێ دەست و پریشکی ئەو ئایینە سەرتاپاگیرە سیستەم ئاسایە بە دوور و بەدەر بێت. ئەگەر بابەتەکانی فەلسەفە لە جێ دەستی ئایین و پریشکەکەی بەدوور بانایە نە فەلسەفە دەبوو، نە تایبەتمەندی ڕێئالیستی و ڕاستەقینەی خۆی و سەردەمی خۆی نیشان دەدات. ئاوێتەبوونی بابەتەکانی ئایین و فەلسەفە و بەکاربرانی فەلسەفە بە تێکڕایی بۆ سوود و قازانجی ئایینەکە جارێکی تر ئەوە ساغ دەکاتەوە کە فەلسەفە هەمیشە دەربڕی خواست و ڕەوش و هەلومەرج و دۆخی ڕاستەقینەی سەردەم بوو، ئەگەر نا نە ڕابردوو نە پاشەڕۆژی نەدەبوو.

٣- ئایین لە ڕوخسار و جەوهەردا لە فەلسەفە جیاوازە، هەر بەم پێودانگە کایە و گۆڕەپانی چالاکی و بابەت و چەمک و کەرەسەی هەردووکیان لە یەکتری جیاوازن، بەڵام ئەم جیاوازییە- ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە- نابێ بە ڕێگر لەبەردەم بابەتی ناوکۆیی و هاوبەشی هەردووک لاو پێوەندی دەستیاوی نێوانیان. ڕاستە هەندێک بابەتی ئایین هەیە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ژیر و مەنتیق نایەنەوە و هەڵناکەن و ناگونجێن، وەک بابەتەکانی ئیمان و موعجیزە و بەرجەستەبوونی ڕەب لە کەسایەتی یەسوعی مەسیح و زیندووبوونەوە دوای چوار مێخەکێشانەکە، بەڵام ئەمانە ئەگەرچی بە ئامرازی فەلسەفە، ژیر و مەنتیق، پشت ڕاست ناکرێتەوە ئەوە خۆشیان نە بابەتی فەلسەفەن و نە دەکرێ فەلسەفە بە ماڵی خۆیانی دابنێ، جا بۆیە ئەگەر توێژینەوەیان بە ئامرازی ژیر و مەنتیق ناکۆکییەک و ناتەبایی نێوانیان دەربخات دوو ئەنجام دەکەوێتەوە کە هەردووکیان پێکەوە، یان هەریەکەیان بە

جیا بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست پەسند کراون، یان پاساو دراونەتەوە؛ دوو ئەنجامەکەش بریتی بووە لە بوونی دوو ڕاستی و پرۆسەیەکی فەلسەفە- مەنتیقی درێژخایەن:

**یەکەم**: ڕاستییەکانی بڕوا و ئیمان و ڕاستییەکانی ژیر و مەنتیق

ئەگەرچی لەو قۆناغ و سەردەمەدا فەلسەفە تاڕادەیەکی فرە بێ دەسەڵات بووە و لە ڕۆڵی خۆپاراستن و داکۆکی لە خۆکردن بەولاوە چارەیەکی تری شک نەبردووە، ئەوە ئەو دابەشکردنەی ڕاستی بە دوو بەشەوە جۆرە دان پێدانانێکی دوو لایەنی دەستیاوییە لەلایەن لاهووت و فەلسەفەوە بە یەکتری. ئەگەر لەسەرەتای جێگیربوونی ئایینەکەدا هەوڵدرابێ سنوورێک لەنێوان ئایین و فەلسەفە دابنرێ و هەردوو پاوان لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەوە ڕەوشی پەرەسەندنی هەڵکەوتی کۆمەڵگا و گەلانی ئەو سەردەمە و چالاکی جێگیرکردنی بنەماکانی جیهاندیدی ئەو ئایینە و لەبەرچاوگرتنی سروشتی پێکهاتەی ئەو دۆخە ڕێئالیستییەی لە ئارادا بوون پیاوانی ئایینی ناچار کردووە لە کەلی شەیتان بێنە خوارێ و زمانی ئاخاڤتنیان بگۆڕن بەوەی پەنا بەرنە بەر ئامرازێک کە لەدەرەوەی پاوانی ئایین چالاک و دەستبەکار و بۆ سوود و قازانجی مانەوە و جێگیربوون و پەرەسەندن سوودی لێ وەربگیرێ، بۆیە دان بە بوونی ڕاستییەکی تر دانراوە کە شان بە شانی ڕاستییەکانی ئیمان لە ئارادایە ڕاستی ژیر و مەنتیق، ئەو ڕاستییانەی بە بنەمای ژیر و پشت ئەستوور بە مەنتیق ڕاستی و بوونەکەیان ساغ دەکرێتەوە.

ئایینی مەسیحی لەنێو ئایینی جوولەکەوە سەری هەڵداوە، بەڵام هیچ جارێک ئایینی مووسایی دانی بە ڕەوایی مەسیحیەتدا نەناوە، ئەو ڕاستییە ڕێگای لەوە نەگرتووە کە لەلایەکەوە مەسیحییەکان سوود لە کەلەپووری جوولەکە و تەوراتەکەیان وەربگرن و لەلایەکی دیکەوە تایبەتمەندی ئایینەکەی خۆیان پشت ڕاست بکەنەوە.

بەپێی سەرچاوەکان ئەوکاتە هەر لە شاری ئەسکەندەرییەی میسری ئێستاوە تاوەکو ئەو ناوچانەی مەسیحی لە ئەورووپادا تێیدا بڵاوبۆتەوە دوو جۆرە کولتوور لە ئارادا بووە. کولتوورێکی جێگیر و دەستبەکار کە پشتی بە فەلسەفەی یۆنان بە تایبەتی بە ئەفلاتوون ئەستوور بووە و ڕابەرەکە ئەفلاتوونیزمی نوێ بووە بە ڕابەرێتی قوتابخانەی ئەفلۆتین. شان بە شانی ئەو کولتوورە بابەتێکی تری تازە پێگەیشتوو هەوڵی خۆ جێگیرکردنی داوە، بەڵام نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەو کولتوورەی پێشوو ببێ، چونکە لێیەوە ئامرازی ژیری داکۆکی کردنی لێوە خواستۆتەوە. ئەو کولتوورە تازە پێگەیشتووە بریتی بووە لە کولتووری مەسیحی. لە سەرەتادا ئەفلاتوونیزمی نوێ بەگژ کۆششی مەسیحییەکاندا چۆتەوە و ویستوویەتی پتر خۆ جێگیر بکات.

٤- فورفوریۆس کە کتێبی بەناوبانگی مەنتیق «ئیساغۆجی» بەناوییەوە ناسراوە فەیلەسووفێک- بووە لەو فەیلەسووفانە بە کردەوە و نووسین بەگژ بڕوای ئایینی جوولەکە و مەسیحیەتدا چۆتەوە و هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە تەورات و ئینجیلی جوولەکە و مەسیحی چەندین ناکۆکی و ناشیاوەکییان تێدایە و ئەو ناکۆکییانەش ناشێ لە کتێبێکدا هەبن کە لافی ئاسمانی لێبدات. لەو بارەیەوە نامەیەک- بەرهەمێکی- بەناوی «دژی مەسیحییەکان» نووسیوە لە چەند قسەیەک بەولاوە لەو بەرهەمە نەماوە؛ ئەو بەشەی ماوە و بڵاوکراوەتەوە چوار خاڵە تێیدا هێرش دەباتە سەر مەسیح (عیسا) و بەوە گازندەی لێ دەکات کە قسەکانی لەیەکتری جیاوازن و هیچیان بەسەر هیچەوە نییە. ئەو بڕیارەی فورفوریۆس کە خۆی هیچ ئایینێکی نەبووە و هیچی نەپەرستووە ئەو قسانەی عیسا دەگرێتەوە کە مەسیحییەکان لە ئینجیلە هەمەجۆرەکانی ئەو سەردەمە و دەماودەم تۆماریان کردووە. عیسا لەژیانیدا وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن کە لە قسەی خۆی بەولاوە هیچی تری نەبووە، قسەکانیشی بەپێی گۆڕانی کەشوهەواو ئەو کەسانەی لە دەمیان بیستراوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. من لەو باوەڕەدا نیم عیسا قسەی بێ سەروبەری کردبێ، بەڵکو کەسانی دوای خۆی قسەیان بۆ هەڵبەستووە و ئاخاڤتنەکەیان دەسکاری کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرام و مەبەستیاندا بگونجێ و بۆچوونی خۆیانی پێ پشت ڕاست بکەنەوە.

بەلای فورفوریۆسەوە ئەوانەی ئینجیلەکانیان نووسیوە کەسانێک چەندین ڕووداویان هەڵبەستووە بۆ ئەوەی خەڵک تەفرە بدەن و بڕوا بە موعجیزەکانیان بهێنن. ئینجا قسەکانیان لەگەڵ یەکتری نایەنەوە و بە

پێچەوانەی یەکترییەوە دەئاخڤن. کاتی دیاری کردنی چوارمێخەکێشانەکە و مردنی مەسیح هەریەکە بە جۆرێک دەیگێڕێتەوە، بۆیە دەکرێ بپرسرێ ئایا ئەو نووسەرانەی ئەو ئینجیلانە باسی یەک کەس دەکەن(٢). فورفوریۆس بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی چەندین نموونەی لە ئینجیلەکان هێناوەتەوە وەک دوا قسەی مەسیح پێش گیان دەرچوونی کە لەلای لۆکا و یوحەننا و مەتا و مارکوس بە جۆری جیاواز باس کراون.

٥- ئەگەر فورفوریۆس کە بڕوای بەهیچ ئایینێک نەبووە، بەتایبەتی ئایینی جوولەکە و مەسیحی و لە سۆنگەی فەلسەفەوە هێرشی بردبێتە سەر ئایینە نوێیەکە و بە پێودانگی فەلسەفەی یۆنانی (ئەفلۆتینیزمی نوێ) دۆگم و ڕێسا و بنەماکانی شی کردبێتەوە، ئەوە هەر لەنێو ئایینی مەسیحی خۆیدا کەسانێک هەڵکەوتوون پەنا بردنە بەر فەلسەفەیان بە پێویست دانەناوە و هەوڵیان داوە لەلایەک کەموکوڕی و ناتەبایی ناوەکی نێوان ڕێبازەکانی فەلسەفە دەربخەن و ساغی بکەنەوە کە مەسیحیەت ئایینێکە پتر بەلای بڕوا و ئیمان و کرداردا دەچێ و ڕێگای ڕزگاربوون نیشان دەدات، ڕێگای ڕزگاربوونیش نەک بەهۆی دانایی و فەلسەفەی یۆنانەوە، بەڵکو بەهۆی پەیڕەوکردنی ئایینی مەسیحییەوە دەبێ. فەلسەفەی یۆنانی، بەلای ئەو پیاوەی ئایینیانەوە، لە چەند ڕێبازی لەگەڵ یەکتری ناکۆک پێکهاتووە، چەند بنەما و ڕێسا و ڕێوشوێنێک دەداتە دەست، بەڵام بە کردەوە توانای جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایانەی نییە ئەوەی ئەو کارەی لە دەست دێ ئایینی مەسیحییە. فەلسەفە باسی ڕاستی و ناڕاستی دەکات، بەڵام پێودانگێکی گومانهەڵنەگری لەبەردەستدا نییە کە ئەم دووە بەهۆیەوە لە یەکتری جیا بکرێنەوە ئەوی ئەو پێودانگە دەستەبەر دەبێ بڕوا و ئایینی مەسیحییە(٣).

ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینی مەسیحی و فەلسەفەی جێگیربووی یۆنانی لەناوچەکەدا بەتایبەتی دوای هێرشە تواناکارەکانی ئەسکەندەر، شتێکی ئاسایی بووە، چونکە فەلسەفە و ئایین دوو شتی لەیەکتری جیاوازن، خۆ ئەگەر دوا ئەنجامی کۆششی هەردووک لایان لەڕوخساردا وەک یەک و لە یەک نزیک بێنە بەرچاو، ئەوە لە جەوهەردا دوو شتی لە یەکتری جیاوازن. لە کاتێکدا مەسیحیەت ژیانی ئێستا لەبەرچاو خەڵک دەخات و دنیا بەبێ بایەخ دادەنێ و بایەخ بە جیهانێکی تر و ژینێکی دیکەی دوای مردن دەدات، بەلای فەلسەفەوە لەو جیهانەی ئێستا بەولاوە مرۆڤ ژینێکی تر شک نابات، ئەویتر هەموو دەربڕینی خواست و هەستونەست و ناخی مرۆڤ کە جڵەوی ئەندێشە شل دەکات و کۆترئاسا بێ سنوور لە شەقەی باڵ دەدات و بەرەو جیهانێک دەفڕێ کە تەنیا هەر لەئەندێشە و ناخ و دەرووندا هەیە.

بەڵام چالاکی ڕۆژانەی مەسیحییەکان وای کردووە ڕووبەڕووی ناحەزانی ئایینەکە ببنەوە، جا هەر لە لایەنگرانی فەلسەفەی یۆنانەوە بووبێ تاوەکو ئەوانەی بڕوایان بە ئایینەکە نەبووە، یان پلەوپایە و سوود و قازانج و دەسەڵاتیان دووچاری مەترسی بووبێ، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە پێویستی بە هەڵوێست و وتووێژ و وەڵام و پرسیار هەبووە لێرەوە مەسیحییەکان بەدوو شێواز و بۆ یەک مەبەست پەنایان بردۆتە بەر فەلسەفە و کولتووری ناوچەکە، چونکە ئەگەر ئایینەکە مەسیحی بووبێ، ئەوە گیان و زمان و کولتووری شارستانی ناوچەکە یۆنانی بووە. مەبەستەکە داکۆکی کردنە لە ئایینی نوێ و ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجی نوێ و ناحەزان. کۆمەڵگە ئۆرگان و پێکهاتەیەکی زیندووە، ڕاستە پێویستی بە خوێنی نوێ و گۆڕان هەیە، بەڵام بەبێ بژار و مشتوماڵ کردن هیچ شتێک وەک خۆی وەرناگرێ، بۆیە مەسیحییەکە خۆشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە کاتێک ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئەوسای ئەورووپا بگۆڕێ، بیکات بە مەسیحی. دوو شێوازەکەش خۆی لە دوو هەڵوێستدا دیوەتەوە، فەلسەفەکە، کولتوورە نائایینە یۆنانییەکە بۆ بە گژداچوونەوەی هێرشی دوژمنانی مەسیحییەت بەکارهێنراوە ویستراوە ساغ بکرێتەوە، مەسیحییەت ئایینەو فەلسەفە شتێکی ترە و پێکەوە نایەنەوە، بگرە ناکرێ بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، شێوازی دووەمیان بە پێچەوانەوە هەوڵی داوە بە پێی توانا بەڵگەی فەلسەفە و مەنتیق بۆ داکۆکی کردن لە ئایینەکە بەکاربهێنێ. ئەوی لێرەدا وەک ڕاستییەکی گومانهەڵنەگر هەستی پێدەکرێ ئەو پرۆسە دوو لایەنە ئەنجامێکی دیار و بەرچاوی لێکەوتۆتەوە کە تاوەکو کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و بەرپابوونی کۆششی دوورکەوتنەوە لەو قۆناغە و دەرکەوتنی خۆری ڕێنیسانس لە کەل و ئاسۆوە دەست بەکاربووە:

- ئایین خۆی لە کەلی شەیتان هاتۆتە خوارێ و ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر فەلسەفە و ئینجا سەرگەرمی

ئەوەبووە کە فەلسەفە و ئایین (لاهووت) بەیەکەوە بگونجێنێ و هەردووک بابەت پێکەوە هاوکاری و کۆمەکی یەکتری بکەن و پێکەوە بێنەوە. ئەمەش ماوەیەکی درێژخایەن سەری گرتووە. لەوانەیە لێرەدا لە بارەی ئەو دیاردەیەوە بپرسرێ، ئەگەر ئەو پێکەوە هاتنەوەیە بنەمایەکی ڕاستەقینەی هەبووە، بۆچی هەتا سەر بڕی نەکردووە و هەردووک لا لەیەکتری جیابوونەتەوە؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پتر دەچێتە خانەیەکەوە دەبێ تێیدا پشت بە فاکت و ڕاستەقینە مێژووییەکان ببەسترێ کە ڕەوشی کۆمەڵگە دیاری دەکەن. ئەو پرۆسەیە لە دوو دەڤەری نەتەوەی جیاوازدا ڕوویداوە کە دوو ئایین بەبێ گوێدانە جیاوازی نەتەوەیی و زمان و کولتوور بڵاوبوونەتەوە. ڕۆژهەڵاتی فرە نەتەوە و ئەورووپای ئەوسای فرە نەتەوە و کولتوور بەپێز.

٦- جیابوونەوەی فەلسەفە لە ئایین لە ڕۆژهەڵاتدا و خەفەبوونی تیشکی فەلسەفە تێیدا دیاردەیەکە توندوتۆڵ و سروشتی گەلانی ناوچە و جەوهەری ئایینە سەرتاپاگیرە یەکڕەنگییەکە دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە تا چەند ئامادەیە زەمینەی هۆکار و بنەماکانی گەشەکردن و پەرەسەندن خۆش بکات بۆ ئەوەی تێیدا شین بن و بێنە بەر. ڕاستە لە ڕۆژهەڵاتدا ئایینە تاڕادەیەک ئەگەر هەندەکیش بووبێ شیرازەی بوونی کۆمەڵایەتی بەندایەتی و کۆیلایەتی تێکداو ئەوانەی هاتنە ناو ئایینەکەوە ئازادکران، چینی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) سەری هەڵداو گەشەی کرد و خۆی سەپاند. هەر کە لە ئاسۆوە هۆکارەکانی گۆڕینی فیودالیزم و دەرکەوتنی جۆرە سەرمایەداریی- بورژوازی بازرگانی بەپێی ئەو سەردەمە دەرکەوت (فەتوای) قەدەغە کردنی فەلسەفەی چرای ئازادی و داد و گەشەکردن دەرکرا. بە بڕوای من فەتواکەی ئیبن تەیمییە سەبارەت بە قەدەغەکردنی فەلسەفە (من تمنطق فقد تزندق....) بەهیچ بنەمایەکی ئایینی و زانستی پشت ئەستوور نەبووە. ئبن تەیمییە بابەتەکەی بە ڕەها (مطلق) داناوە، بۆیە ئەو بڕیارە ڕەهایە کاولکارەی داوە. لە سۆنگەیەکی ڕەهاوە سەرنجی هەر بابەتێک بدرێت جا ئەو بابەتە ئایین (لاهووت)، فەلسەفە، زانست، ژیان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێ، هەمیشە ئەنجامێکی ڕەهای ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە سوودبەخش و بێ کەڵک، کۆن و نوێ، جوان و ناشیرین، چاک و خراپ بەیەکەوە ڕادەماڵێ. فەلسەفە هەمووی بەدکاری و گومڕایی نییە، بەڵگەش ئەوەیە کە غەزالی و دواتر هەموو پیاوانی ئایینی بڕیاریان دا مەنتیق (ئیساغۆجی) لە حوجرە و مزگەوتەکاندا بخوێنرێ. ئەگەر بابەتەکە پتر ڕوون بکەینەوە و خاڵی ناڕەوا لە بڕیار و فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە لەلایەن ئیبن تەیمییەوە پتر بە دەربخەین دەبێژین؛ ئەو فەتوایە ڕاستییەکی گومانهەڵنەگری پێشێل کردووە کە ئەمەیە: ئایین بەگشتی دەکرێ بە دوو بەشەوە:

**یەکەم: بڕوا (عەقیدە و ئیمان)**

ئەم لایەنە بە هیچ جۆرێک پێوەندی بە فەلسەفەوە نییە، خۆی لەخۆیدا هیچ جۆرە قسە لەسەر کردن و گومان و ئەگەرێک هەڵناگرێ. مرۆڤ ئەگەر بە ڕاستی بڕوای (ئیمانی) بە شتێک هەبوو، بەڵگەی ژیر و مەنتیق (فەلسەفە) لە توانایدا نابێ ئەو بڕوایەی بگۆڕێ، یان لاوازی بکات. فەلسەفەش لەلای هیچ کاتێک هەوڵی نەداوە و نەیویستووە دەست لە کاروباری بابەتێک وەربدات کە توندوتۆڵ بە هەست و سۆز و ناخی دەروونەوە بەند بێت. فەلسەفە بابەتێک دەکات بە کەرەسەی توێژینەوە کە لەگەڵ ژیر و مەنتیقدا بێتەوە. ئیمان بابەتی ناخی دەروون و پەسندکردنی ویژدان و دەروونە (قەناعەتێکی ناخی دەروونە) هیچ جۆرە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانێکی ژیر و مەنتیقی فەلسەفە ڕەوا ناکات.

**دووەم: کاروباری ئایین و حوکمە شەرعییەکان**

ئەو لایەنە پتر پێوەندی بە توێژینەوەی ئازادی (ئیجتیهادی) پیاوانی ئایینی (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلامەوە) هەیە و دەکرێ فەلسەفە بیانکات بە بابەتی توێژینەوە. بەکارهێنانی پێوانە (قیاسی) ئەریستۆتالیس لە ئایینەکاندا بەڵگەیەکە ڕاستی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. تەنانەت ئەبو حامیدی غەزالی خۆیشی باسی ئەوەی کردووە کە لە هەموو سەرە سەد ساڵێکدا کەسێک دەردەکەوێ کاروباری ئایینی نوێ دەکاتەوە.

لە ئەورووپای ئەوسادا ئەو بڕیارەی قەشە تێمپیر کە لە سەرەوە ویستوویەتی بەسەر کۆمەڵگای ئەورووپای بە تۆبزی کراو بە مەسیحیدا بسەپێنێ، ئەگەرچی جۆرە فەلسەفەیەکی قەدەغەکردبوو کە لەبەرگی شرۆڤەکردنەکانی ئیبن ڕوشدی ئەندەلوسیدا لە کۆڕ و کۆمەڵە و زانکۆدا ناسراوبوو، بە تەواوەتی ئەنجامێکی

تری لێکەوتۆتەوە، چونکە سروشتی مرۆڤی ئەورووپا و ژیان و کۆمەڵگە و ئەو هەلومەرج و ڕەوشە مێژووییەی لە سروشتی میللەتانی ئەو دەڤەرە کەوتۆتەوە بە تەواوەتی جۆرێکی تر بوون. فەلسەفە و ئایین شان بە شانی یەکتری بەردەوام بوون و فەلسەفە هاتۆتە پێشەوە و سیاسەت جێگای بە مەسیحییەت لەق کردووە.

## تیرتولیان

١- ڕابەرێکە لەو ڕابەرانەی داکۆکی لە ئایینی مەسیحی کردووە و هەوڵیداوە ساغی بکاتەوە کە بڕوا (ئیمان) و هزری فەلسەفەیی دوو شتی لەیەکتری جیاوازن، بۆیە ناکرێ پەنا ببردرێتە بەر بابەتێک کە پێی لەسەر بابەتێکی دیکە بکرێتەوە کە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا، لە ئامراز و ئامانجدا لەیەکتری جیاوازن و دوو جەوهەری سەربەخۆن.

تیرتولیان (١٦٠-٢٢٠ز) بەوە ناسراوە کە ئیمان و ژیری بە تەواوەتی لە یەکتری جیاکردۆتەوە و قسەیەکی ناسراوی هەیە کە بۆی تۆمارکراوە و گوتوویەتی:

« من ئیماندارم، چونکە ئیمان بە پێچەوانەی ژیرەوەیە(٤)» Widersinnig ئەمە جیاکردنەوەیەکی زەقی بڕواو ژیرە لە یەکتری، ڕاستی بڕوا و ئیمان بابەتێکە ئەوپەڕی جیاوازە لە بابەتی هزر و ژیر (فەلسەفە) ئەوەی بەهۆی (سایەی) ئیمان و بڕواوە بەدەست دێت بەهۆی هزر و بیرەوە دەستگیر نابێت، چونکە ئەم دووانە دوو دەڤەر و کایە و کەشوهەواو ناوچەی Sphare جیاوازیان هەیە. ڕاستییەکانی بڕواو ئیمان بەلایەوە، ئەگەرچی بەهیچ بنەمایەکی ژیر پشت ئەستوور نین، بەرزترین ڕاستین خۆ ئەگەر جۆرە ناتەباییەک لەنێوان ئەوان و ئەنجامەکانی هزردا بەدەربکەوێ، دەبێ ئەوی بە پێچەوانە و دژی بڕوا و ئیمان بێت و ئەوەی لەگەڵ ڕاستییەکانی ئیماندار نەیەتەوە نابێ بە ڕاستی (هەقیقەت) دابنرێت. تیرتولیان کۆششی کردووە فەلسەفە بکات بە پاشکۆی لاهووت و زانین بە ژێر دەستەی بڕوا و ئیمان بەم هەوڵەی سروشت و مۆرکی فەلسەفەی مەسیحی دوای خۆی دیار و دەستنیشان کردووە.

لەکاتێکدا هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە هیچ جۆرە هاوبەشی و پێوەندی و لە یەکچوونێک لەنێوان ئەتینی پایتەختی فەلسەفەی یۆنان و ئۆرشەلایمی ناوەندی مەسیحییەتدا نییە، داکۆکی لە سێ ڕەنگی (باوک و ڕۆڵە و گیانی پاکی) مەسیحییەت کردووە دژی ئەو هێرشانەی لەلایەن ئایینە یەکڕەنگییەکانەوە کراونەتەسەری. لۆرد ڕەسڵ قسەیەکی تیرتولیانی لە زاری زینوە گێراوەتەوە گوایە وتوویەتی: «ڕەبی مەسیح بە جۆرێک لە جیهانی ماددەدا بڵاوە وەک هەنگوین لە شانەدا»(٥).

٢- پەسند نەکردنی فەلسەفە لەلایەن مەسیحیەتەوە هەتا سەر نەدەچۆ سەر و نەدەگونجا، دەبوو لەو ڕاستییە بگات کە ئەو کاتە فەلسەفە هێزێکی گیانی بنەڕەتی و جەوهەری سەردەم بووە، دەبوو لەگەڵیدا بدوێ و بێتە ئاخاوتن.

لەسەرەتادا تیرتولیان کە ڕێچکەی سەحابە پاولۆسی گرتۆتەبەر باسی ئەوەی کردووە کە مرۆڤی مەسیحی لەتوانایدا هەیە بە ڕێگای سروشتی- ئاسایی ڕەب بناسێ. بۆیە گوتوویەتی:

«ئەوەندەی مرۆڤ لە هەلومەرج و ڕەوشی خۆیدا بتوانێ شتێک لە بارەی ڕەبەوە ساغ بکاتەوە و ئەوەندەی بشێ و ڕێگا بدرێت هۆش و هۆشیاری هەموو شتێک بزانێ من ئەمە پشت ڕاست دەکەمەوە: ڕەب ئەوپەڕی گەورە و بەرزە، نەمر و هەتا هەتاییە، لەدایک نەبووە، خەلق نەکراوە، سەرەتای نییە کۆتاییشی نییە.»(٦)

هەرچەند لافی پەسندنەکردنی فەلسەفە لێبدرێت لە پشت هەموو وشەیەکی ئەو تێکستە خوازراوەوە بۆچوونی فەلسەفەیی هەیە. ئەو بڕیارەی تیرتولیان کە دوو ڕەنگییەکی دروست کردووە وا دێتە بەرچاو هیچ جۆرە پردێکی پێوەندی لەنێوانیاندا هەڵنەبەسترێ، جیهانی هزر و جیهانی بڕوا و ئیمان هەر ئەو بڕیارە پەرگیرە کێشە ئاسایە بووە ڕێگای دیالۆگی نێوان هەردوو بابەتی خۆش کردووە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کردوویەتی، دەبێ چ لە یەکچوون و پێوەندییەک لەنێوان فەلسەفە و مەسیحییەتدا، لەنێوان شاگردانی یۆنان و ئاسماندا لەنێوان دۆست و دوژمنانی هەڵە و چەوتیدا لەنێوان شێوێنەر و دروستکەری ڕاستی و پاسەوان و دزەکەیدا هەیە.؟! دەگاتە ئەو ئەنجامە کە لەوەتی یەسووعی مەسیح دەرکەوتووە مەسیحییەکان پێویستیان بەوە نییە سەرگەرمی زانین بن و Wissbegierde لەوەتی ئینجیلەکان پەیدابوون پێویستی بە توێژینەوە نییە ئێمە ئەگەر بڕوامان هەبێ و ئیماندار بین لەودیو ئیمانەوە

شتێکی تر بەدی ناکەین(٧).

ئەگەرچی تیرتولیان بە ئاخافتن گومانی سوود وەرگرتن لە فەلسەفە دەڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونانەی کە جۆرە جیهاندیدییەکەی پێکدەهێنێ بێ هیچ ئەگەر لە جیهاندیدی ڕواقییەکان بەولاوە نییە(٨)

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بڕوا (ئیمان) و زانین کێشەیەکی بەرچاوی بابەتی زانستی بەهان Axiologie (بە تایبەتی ئاکار و ئایین و هونەری جوانی) نەک کێشەیەکی مەنتیق، هەڵوێستە بنەڕەتییەکانی مەسیحییەتیش لە سەرەتادا کە جۆرە شێوازێکی ژینیان لە بەرگێکی نوێدا پێشکەش کردووە، بە تایبەتی کێشەی گوناح و ئۆباڵکێشان، کێشەی ئاکار و ڕەوشت و کرداری ڕۆژانە و کاروباری شەرعی و لاهووتی و بەدیهاتنی مەلەکوتی و ڕەب و ئاسمان لەسەر زەوی، ئینجا بابەتی کێشە ئامێزی سێ ڕەنگی، هیچ کاتێک وەک خۆیان بەبێ بەربەرەکانی پەسند نەکراون، ئیتر چۆن دەبێ بیرمەندێکی مەسیحی وا بە ئاسانی دەستبەرداری ژیر و مەنتیق (فەلسەفە) ببێ و بڕوا و زانین لێک بترازێنی. دەبێ ئیماندار بەبێ زانین چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبێ؟! من وای بۆ دەچم، هەڵوێستی باوکانی کڵێسە، بە تایبەتی ئەوانەی ئایین و فەلسەفەیان لە یەکتری جیاکردۆتەوە لەوەوە نەبووە کە ئایین و فەلسەفە لەیەکتری جیاوازن و ڕاستییەکانی بڕوا و ئیمان لەسەروو ئەو ڕاستیانەوەن کە ژیری مرۆڤ پەیان پێدەبات، بڕوا هێنان پەکی لەسەر ژیر و مەنتیق نەکەوتووە، بەڵکو بابەتەکە بریتی بووە لەوەی ئەو گومانە بڕەوێنرێتەوە کە مەسیحییەت سوودی لە فەلسەفەی یۆنانی وەرگرتبێ. ئەو جۆرە گومان و تۆمەت لە پارسەنگنانە لەسەردەمی فیلۆنی جوولەکەوە لە ئارادا بووە و هەر ئەو خۆی لافی لێداوە گوایە «ئەفلاتوون مووسایە و بە زمانی یۆنانی دەدوێ(٩)». جیاکردنەوەی بڕوا و زانین لەیەکتری پتر ئامرازە نەک ئامانج، خۆ ئەگەر بوترێ بڕوا بابەتی دڵە و لەپێش زانینەوە دێ کە بابەتی ژیرە ئەگەر جۆرە ڕاستییەک لەو بۆچوونەدا هەبێ، ئەوە پێوەندی نێوانیان ساغ دەکاتەوە و دەری دەبڕێ کە هەردووکیان داخوازییەک بەدی دەهێنن کە مرۆڤ سروشت ئاسا سەرگەرمیەتی.

**جوستینوس**

١- ڕاستییەکی مێژووییە کە مەسیحییەت بە پێچەوانەی جوولەکەوە (ئایینی مووساوە) ئایینێکی جیهانییە، ڕووی گوفتار لە هەموو مرۆڤێکی ڕەگەز جیاواز دەکات و بەبێ جیاوازی زمان و نەتەوە هەموو کەسێک وەردەگرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئایینە ئەگەرچی گازندەی ئەوە بکرێت کە کۆیلە و بەندایەتی ڕەوا کردووە، ئەوە لایەنگیرانی و ئەوانەی چوونە ژێر باری سەختی بلاوکردنەوەی و لە پێناویدا دووچاری نەهامەت و ئازار و ئەشکەنجە و مردن بوون کەسانی هەژار و نەدار و دەستکورت بوون، ڕاستە ئەمڕۆ وەک دوێنێ نییە، ئەوانەی داکۆکییان لێکردووە و هێز و توانای لەش و ژیری خۆیان بۆ بەکارهێناوە و خستۆتەگەڕ ئەوکەسانە بوون کە لە ژیانی سەرزەویدا لەخۆشی بێ بەش بوون و بەهیوای ئەوەبوون لە ژیانی دوای مردندا باری هەژاری و زۆر و جەوریان لەسەر هەڵبگیرێ، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمەوە دان بە بوونی ئەو ئایینەدا نراو بە فەرمی ناسراو ئازادی پێدرا یەکسەر گەوهەرە ڕاستەقینەکەی دەرکەوت کە بۆچی هاتووە، لەسەرەتادا و ئێستا خزمەتی سوود و قازانجی چ کەس و لایەن و توێژێک دەکات. مرۆڤ کە دەربارەی ئەو فەیلەسووف و لاهووتییانە دەنووسرێ کە وەک سەربازی بڕوا بە فەلسەفە و لاهووت لەسەر ئەو ئایینەیان کردۆتەوە ئەو بیرۆکەی سەرەوەی بە بیرو مێشکدا دێت.

جوستینوس Justinus (١٠٣- ١٦٧ز) لە سەرەتای ژیانیدا باوەڕی بە هیچ ئایینێک نەبووە. لە شاری نابلسی ئیسرائیلی ئێستا لەدایک بووە. شارەزایی لە فەلسەفەی یۆناندا هەبووە. بووە بەلایەنگیرێکی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزم. چووە بۆ شاری ئەفسووس لەوێ بووە بە مەسیحی. لەدواییدا ڕووی لە ڕۆم کردووە و لەوێ قوتابخانەیەکی کردەوە و وانەی تێدا گوتۆتەوە تا ئەوکاتەی خۆی و شەش شاگردی کوژراون. چەند بەرهەمێکی نووسیوە تەنیا سێ کتێبیان ماونەتەوە کە بە تێکڕایی بۆ لەسەر کردنەوەی ئایینەکە نووسراون.

نووسینی بەرهەم بۆ سەرخستنی جیهاندیدی ئایینی مەسیحی و لەسەرکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی دوو هۆکاری سەرەکی هەبووە:

**یەکەم**: هۆکاری ناوەکی کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بڕوا و ئیمان و دۆگمەکانی ئایینەکەوە هەیە.

دەبوو پیاوە ئایینییەکان پەیامی ڕزگاربوون و Heils-botschaft دانایی و نهێنییەکانی ئایینەکە بۆ خەڵک

ڕوون بکەنەوە، لەوەدا پەیڕەوی ئەو داواکارییەیان کردووە کە سەحابە پیترۆس لەنامەی یەکەمیدا کە ئاراستەی مەسیحییەکانی کردووە پێی لەسەردا گرتووە. لەوێدا گوتوویەتی:

«هەمیشە ئامادەبن وەڵامی ئەوکەسانە بدەنەوە کە دەربارەی ئەو هیوایەی لەناختاندایە دەپرسن، وەڵامێک دڵیان پێی ئاو بخواتەوە(١٠).» ئەو قسەیەی پیترۆس دەکرێ بە دوو جۆر لێک بدرێتەوە:

**یەکەم**: دان پێدانانە کە هەر لە سەرەتاوە ئایینەکە ڕکەبەر و ناحەزی هەبووە و بە گومانەوە سەرنجی بنەما و ڕێوشوێن و دۆگمەکانی ئایینەکە و قسەی پیاوە ئایینییەکانیان داوە.

**دووەم**: جۆرە هاندانێکە بۆ پەنابردنە بەر وتووێژ و قەناعەت پێ کردن، ئەمەش دەروازەیەکە لەبەردەم چوونە ناو جیهانی فەلسەفەدا دەکرێتەوە، ئەنجامەکەشی داننان بووە بە هەبوونی دوو دەقەر و دوو ڕاستی. دەقەری لاهووت و فەلسەفە، ڕاستی ئیمان و ڕاستی ژیر. ئەم هۆکارە ناوەکییە ئەگەری خۆی لەخۆیدا ڕاستییەک ساغ دەکاتەوە کە شتی نوێ بەتایبەتی ئەگەر لە دەرەوە هاتبوو ویسترا لەسەرەوە بەسەر خەڵک و کۆمەڵگەدا بسەپێنرێ جۆرە کاردانەوەیەک بەرپا دەکات. مەسیحیەت لە ڕۆژهەڵاتەوە براوە بۆ ئەورووپا و لەوێ سەپێنراوە، ئەوە ئەوەش نیشان دەدات کە مەسیحیەت دەبوو گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هەواری نوێدا بگونجێ و نەدەکرا وەک خۆی بمێنێتەوە.

**دووەم**: پاڵنەر و هۆکاری مێژوویی(١١).

ئەگەر هۆکاری یەکەم لەوەوە کەوتبێتەوە کە قسە بۆ لایەنگیرانی ئایینەکە بکرێ و ئەگەری ناخ و دڵیان بروێنرێتەوە، هۆکاری دووەم بریتی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە مەسیحیەت نەبووە و هێرشیان کردۆتە سەری بە تایبەتی فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە.

جوستینوس لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا چالاک و دەستبەکار بووە، ئەگەرچی خۆی لە سەرەتای ژیانیدا بێ ئیمان بووە و شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفەی یۆنانی هەبووە، بەڵام بە باشترین شێوەی سەردەمی خۆی لەسەر ئایینەکەی کردۆتەوە. ئەوی لێرەدا بە بیردا دێت ئەو پرسیارەیە، ئایا مرۆڤێک ساڵەهای ساڵ بێ ئیمان بێ و لایەنگیری فەلسەفەیەک بێت لەگەڵ ئایین نەیەتەوە لەناکاو ببێ بە ئیماندار دەتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری پەروەردە و جیهاندید و دابونەریتی پێشووی ببێ؟! دەبێ ژیانی پێشووی ئەم فەیلەسووفە هاندەر نەبووبێ بۆ ئەوەی سڵ لە فەلسەفە نەکاتەوە و بۆ مەرامی نوێی پەنای بەرێتەبەر و بەکاری بهێنێ؟!

جوستینوس لە سەرەتادا لەو باوەڕەدا بووە کە فەلسەفە مرۆڤ لە ڕەب نزیک دەکاتەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزمی نوێ، بەڵام لە دواییدا گۆڕانێک بەسەر ئەو بۆچوونەیدا هاتووە. گەشتێکی بەنێو جیهانی ئەرستۆ و پیادەکاندا (Peripatetiker) کردووە و سەرنجی فەلسەفەی ڕیواقی داوە و ئینجا هاتۆتەوە سەر فەلسەفەی ڕێبازی فیتاگۆریاس، بەڵام لە هەموویان دەستخەڕۆ و بێ ئومێد بووە. لە کۆتاییدا لەلای ئەفلاتوونیزمدا گیراوەتەوە و وای داناوە کە ئەو شتەی دیوەتەوە کە بەدوایدا وێڵ و سەرگەردان بووە.

بەلای جوستینوس فەلسەفە زانینی بوون و ناسینی ڕاستییە، بەختەوەریش پاداشتی ئەو زانین و ئەو داناییەیە، بەڵام ئایینی مەسیحی ئامرازی ڕاستەقینەی ڕزگاربوون و پاکبوونەوە و ناسینی خوا دەداتە دەست، بۆیە دەکرێ بوترێ مەسیحیەت فەلسەفەی ڕاستەقینەیە(١٢).

٢- لە تەوراتی مووساوە ئەوەی وەرگرتووە کە ڕەب لە کەرەسەی خاو جیهانی خەڵق کردووە. لەو باوەڕەدا بووە کە لەتوانای مرۆڤدا هەیە ڕاستەوخۆ ڕەب ببینێ(١٣)، بۆیە بەهۆی سێ زانستەوە دەکرێ مرۆڤ ڕەب بناسێ و بیزانێ:

**یەکەم**: زانستی سروشتی: ژیر دەتوانێ بزانێ کە ڕەبێک هەیە ئەو هەمیشە هەبوونە، ئەو خۆی هەمیشەییە، هۆکاری بوونی شتی ترە.

بەڵام فەلسەفە ناتوانێ ڕەب دیار و دەستنیشان بکات و لەتوانای مرۆڤیشدا نییە بەو دەستنیشانکردنە بگات، بەڵام نەفسی مرۆڤ دەخوازێ ڕەب بناسێ وەک چۆن مرۆڤێکی زیندوو دەناسێ، بۆیە زانستێکی تر دێتە کایەوە.

**دووەم**: ئەو زانستەیە، ئەو ڕێگایەیە کە ڕەب پەیامبەرەکانی تێدا ناردووە و ئەوانیش وەک شایەتێکی ڕاستی و هەق دەدوێن و بەڕاستی باسی ڕەب دەکەن، لەکاتێکدا فەیلەسووفەکان تەنیا هەر ئەوەیان گوتووە کە ناکرێ باس بکرێت، چونکە توانای ژیر و زمان

سنووردارە.

**سێیەم**: گیانی پاک(١٤) ئەمە زانستی سێیەمە و مەسیحیەتیش خۆی ئەو فەلسەفەیەیە کە مەبەستی فەلسەفە بەدی دەهێنێ.

جوستینوس لە نووسین و بیر و بۆچوونەکانیدا سوودی لە فەلسەفە و ئایینی جوولەکە و ڕەوشی ئەو سەردەمە خۆی وەرگرتووە، بەڵام نەیتوانیوە شتێکی نوێ بداتە دەست کە تایبەتمەندی و جێ دەستی خۆی پێوە دیار بێ. بە باوەڕی من دەکرێ چەند بابەتێکی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفە-لاهووتییە لەبەردەم ئەگەر و گوماندا دابنرێت: بابەتی خەڵق کردنی جیهان بە ئاشکرا لە سفری پەیدابوونی تەوراتەوە وەرگیراوە. نازانرێ چۆن و بۆچی ئەم لاهووتییە باسی دیتنی ڕەبی کردووە و بە چ بەڵگە و بنەمایەک پشت ئەستوورە کە ئەو دیتنە دێتەدی؟ ئایا ئەم بڕیارە تا چەند لەگەڵ بنەماکانی مەسیحییەتدا دەگونجێ. ڕاستە لە تەوراتی مووسادا باس لەم بابەتە کراوە، بەڵام مەسیحییەکان خۆیان لافیان لێ داوە و هەوڵیان داوە لایەنگیرانیان ئەو لافە پەسند بکەن و پەسندیشیان کردووە گوایە ڕەب خۆی لە یەسووعی مەسیحدا (لە عیسای مریەمدا) بەرجەستە کردووە ئیتر چ پێویست دەکات ببینرێت؟!.

سروشتی مرۆڤ سروشت ئاسا سنووردارە و ئەگەر ئەو سنوورەی بەزاند شتی وای لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ ژیر خۆی و مەنتیقدا نایەتەوە، بۆیە ڕاستی ژیر تەنیا لە دەڤەرو کایەی سروشتدا ڕەوایە و بڕ دەکات، بەڵام ئەندێشە و هەست و سۆزی مرۆڤ باڵدارن و سنوور و مەرزیان بۆ نییە، بۆیە سەیر نییە کە باوکانی کڵێسەی مەسیحی وباسی ڕەب و مردن و ژینەوە و بەهەشت و دۆزەخ بکەن، هەروەک ئەوەی بابەتێک بێ پێ گەیشتنەکەی بەکرداری دیار و بڕواهێنان و کاتەوە بەندە. ئایینی مەسیحی بێ گومان بابەتی ژیر نییە، بۆیە ئەو شتانەی کە بە موعجیزەیان دادەنێ و باسیان دەکات تەنیا هەر بە بڕوای دڵ و ناخی دەروون و ئەندێشە پەسند و ڕەوا دەکرێن.

جیاکردنەوەی زانین و بڕوا، ژیر و ئیمان، فەلسەفە و لاهووت (ئایین)، یان پێکەوە گونجاندنیان دەبێ ببێتە مایەی دوورکەوتنەوە لە ئەفسانە و داستانی پڕوپووچی بێ مانا کە لە ئەندێشە بەو لاوە پشتوپەنایەکی دیکە شک نابەن.

ئەم کێشەیە هەویرەکەی ئاوێکی زۆروزەبەند دەکێشێ، ڕاستە ناکرێ لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە سەرنجی بابەتێک بدرێت کە تەمەنەکەی لە هەزار ساڵ پترە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئایینی مەسیحی خۆی لە چوارچێوەیەکی ڕەهاو بێ سنووردا داڕشتووە و دەرفەتی هیچ جۆرە ڕێژەییەکی دۆگمەکانی نەداوە و نادات، بۆیە دەکرێ ئەمڕۆش لە سۆنگەی ژیرومەنتیقەوە قسە لە بابەتەکانی بکرێت.

پەنابردنە بەر فەلسەفە، یان دوورخستنەوەی لە کایە و مەیدانی ئایینداهەردووکیان لە دواکەوتنی کڵاوی بابردوو دەچن. ئایینی مەسیحی ئەگەر ئەو لافە لێبدات کە ئایینێکی جیهانییە و بنەما و دۆگم و جەوهەرەکە بە چەندین موعجیزەوە بەندن، موعجیزەش ڕووداوێکی سەرووسروشتی ترانسندێنتییە و بە ئاسانی سنووری ژیر دەبەزێنێ و بەهیچ جۆرێک بەژیر و مەنتیق پاساو نادرێتەوە. فەلسەفەش لەلای خۆیەوە تەنیا ئەوە پەسند دەکات کە ژیر پاساوی دەداتەوە. کەواتە ئەو دوو بابەتە جەوهەر و سروشت لە یەکتری جیاوازە چۆن پێکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن؟!

ئایا دەکرێ لاهووتییەکی مەسیحی ئەو هیوایە بەر بەر خۆی بنێ کە بە ژیر و مەنتیق موعجیزە و نهێنییەکانی ئایین پشت ڕاست دەکاتەوە؟ ئەگەر هاتو موعجیزە و نهێنییەکان بەژیر پاساو دران موعجیزە و نهێنی دەمێنن، یان دەبن بە بابەتێکی دنیایی؟! دەبێ ئەو ژیرەی موعجیزە و نهێنییەکانی بڕوا و عەقیدە و ئیمان پشت ڕاست بکاتەوە چ ژیرێک بێت؟!

## کلیمینسی ئەسکەندەرییە

بە ڕابەرێکی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە دادەنرێ کە هەوڵیداوە جۆرە فەلسەفە و لاهووتێکی مەسیحی پەرەپێبدات. لەو قوتابخانەیەدا بابەتی زمان، بیرکاری، فیزیک، فەلسەفە و ئاکار سەرەڕای ئایینەکە خۆی خوێنراوە. دەتوانرێ بوترێ ئەمە قوتابخانەیەک بووە لە قوتابخانە سەرەکییەکەی مەسیحیەت کە تێیدا ئایین و کاروباری شەرعی خوێنراوە و کەسانی شارەزا پێگەیەنراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری کردنی هزری گنوسی و بێ ئایینەکان کە دژی مەسیحیەت شتیان گوتووە و نووسیوە.

کلیمینس (١٥٠-٢١٧ز) Klemens لە

بەرهەمەکانیدا لەسەر مەسیحیەت و فەلسەفەی کردۆتەوە، بۆیە دەکرێ بخرێتە نێو خانەی پارێزەرانی ئاینەوە. ئەو فەلسەفەیەی ئەو ڕەوای کردووە لە ئەفلاتوونەوە خوازراوەتەوە، بە تایبەتی ئەو لایەنەی لەگەڵ ئاینەکە دێتەوە. ڕەب و نەفس و ئاکار گرنگترینی ئەو بابەتانەن شان بە شانی وەڵامدانەوەی ناحەزانی ئاینەکە، کە خامەی تێدا تاوداوە.

بەلایەوە هیچ کێشەیەک بەرپا نابێت کە سوود لە فەلسەفە وەربگیرێ و ئەگەر فەلسەفە و زانست و مەسیحیەت (لاهووت) پێکەوە کاربکەن و کۆمەکی یەکتری بکەن. بە فەلسەفە مرۆڤ هانی چاکەکاری دەدرێت، چونکە فەلسەفە بەشێکە لە بەهرەی ڕەببانی Vorsehung کە بە خەڵکی بەخشیوە، ئەو بەهرەیەش بە چەند شێوە و ناوەرۆکێک دەرکەوتووە، بۆ نموونە ئەو بەهرەیە لەلای «جوولەکەکان قانوون و لەلای یۆنانییەکان فەلسەفە بووە تاوەکو بەدەرکەوتنی ڕەب» (١٥). فەلسەفە ڕاستە لە توانایدا نییە ڕاستی بە تەواوەتی بداتە دەست، بۆیە دەکرێ بە قۆناغی ئامادەیی بەرەو گنوسی دابنرێت، ڕاستی خۆی یەکە، بەڵام دواتر بووە بە چەند بەشێکەوە، ئەوە وای لێکردووە کە لە ڕاستی ڕاستەقینە authentisch دوور بکەوێتەوە.

فەلسەفەی یۆنان بووە کە ڕێگای دەرکەوتنی ئاینی مەسیحی خۆش کردووە، فەلسەفە دانایی و زانینە دەبێ بڕوا و عەقیدە و ئیمان چی بێ و چ بابەتێکی هەبێ. فەلسەفەی یۆنان خۆیشی لە تەوراتەوە شتی خواستۆتەوە، بۆ نموونە فەیلەسووفەکان، بە تایبەتی ئەفلاتوون کە بەهۆی پرشنگی تیشک و پژێنی لۆگۆسی ڕەببەوە ناخی ڕووناک بۆتەوە و توانیویەتی تاڕادەیەک بگاتە ئەوەی ڕاستی بزانێ (١٦).

ئەرکی لاهووتی مەسیحی، بە قسەی کلیمنس ئەوەیە بڕوا و ئیمان بکات بە زانین (گنوسیس)، بەڵام زانینی مەسیحی کە بەپێچەوانەی زانینی بێ ئیمانەکانەوەیە. بابەتی ئیمان ناسین و زانینە، بابەتی زانینیش بڕوا و ئیمانە، تەنانەت لە دەڤەر و کایەی زانستیدا، شان بە شانی دەڤەری ئاین، ناکرێ دەستبەرداری ئیمان ببین، چونکە ئەوەی کە لەتوانادا بێ بزانرێ بەو دوا گریمانەیەوە بەندە کە ناکرێ ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە. فەلسەفەش ڕێگا بەرەو ئیمان خۆش دەکات.

ڕەب بەهۆی لۆگۆسەوە وەکو کۆی هەموو ئیدیەکان کار لە جیهان دەکات، هەموو زانینێکیش بەندە بە لۆگوسەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەربارەی ڕەب هیچ شتێک نازانرێ، چونکە لەسەروو سنووری جیهانەوەیە و هیچ هێزێکیش ناتوانێ ئەو سنوورە ببەزێنێ و شتێک لە بارەیەوە بزانێ بۆیە دەتوانرێ تەنیا بە شێوازی نارێ (نێگەتیڤ) باسی ڕەب بکرێت. ئەو تایبەتمەندییانە باس کرێن کە لە ڕەبدا نین. بەم پێیە کلیمنس یەکەم کەسە کە ڕێگای دامەزراندنی لاهووتی نارێ (نێگەتیڤی) خۆش کردووە(١٧). بابەتی سیفەتەکانی ڕەب کێشەیەکی قووڵ و ئاڵۆزە وا بە ئاسانی ناکرێ بەلایەکدا بخرێ، بۆیە ئەو لاهووتییە داوای کردووە ئەو سیفەتە جۆربەجۆرانە بگوترێن کە لە ڕەبدا نین، ئینجا دەردەکەوێ کە ئەو چۆنە. هەر ناوێک ناو بهێنرێ و بگوترێ ڕەب ناگرێتەوە و لەگەڵیدا ناگونجێ و هەرچەندە مرۆڤی شارەزا و دانا هەوڵ بدات باسی ڕەب بکات و ناوێک بدۆزێتەوە ئەوی پێ ناو بنێ، ناگونجێ و ناشێ و دەست نادات، چونکە «ڕەب ئەوپەڕی لەسەروو توانای تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە» (٨). ئەو بۆچوونەی کلیمنس ئەو بۆچوونەی کانت دەهێنێتەوە یاد کە جیهاندیدە ترانسندێنییەکەیدا قسەی لێکردووە و ویستوویەتی جۆرە میتافیزیکێک ڕەوا بکات.

لوگۆس ئەو ڕابەرە ئاسمانییەیە کە ڕێگای ڕاست نیشان دەدات، ئەو بەهرەمەند و بەخشندەیەیە کە خەڵک بەرەو ڕزگاربوون دەبات و ئەو مامۆستایەیە کە سرووش (وەحی) بۆ ناردووین و دەرمانی دەردی نەفس دەکات و مشتومالی دەکاتەوە(١٩). ئەگەر پێش دەرکەوتنی ڕەب (مەسیح) فەلسەفەی یۆنانی پێویست بووبێ بۆ ئەوەی جۆرە داد و دادپەروەرییەک جێبەجێ بکرێت، ئەوە ئێستا بۆ ڕەب پەرستی پێویستە. مەسیحی ڕاستەقینە ئەوەیە بە تەواوەتی شارەزای ئاینەکەی بێت، فەلسەفەش باشترین ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

ئاکار بابەتێکە لەو بابەتانەی کلیمنس بایەخی پێداوە. ڕاستە مرۆڤ هێزێکی سروشتی هەیە و دەتوانێ بەهۆیەوە بڕیار (حوکم) بدات، بەڵام گەیشتن بە زانین (عرفان) ڕەببانی هەیە.

چاکەکارییەکان کە ئاین نیشانی داون هەلومەرجی بەختەوەری و هەلومەرجی زانین (عرفان) و ناسینی ڕەبن، ئەمە بە تەنیا نە لە دەست بەختەوەری و نە لە دەست زانین دێت. ئەوی لێرەدا بڕیاردەر و بەلایەکدا خەرە

زانین نییە. بەڵکو خواستە(٢٠) «ئیرادەیە». ئەم بەدەرخستنەی خواست بە پێچەوانەی ڕێبازی ئاکاری فەلسەفەی یۆنانییە. لێرەدا هەمیشە خواست وەک هێزێک لە دوای زانینەوە هاتووە و مرۆڤی شارەزا و شت زان بە چاکەکار و کار ڕاست دانراوە.

ئەو بایەخدانە بە خواست لەبەرانبەر زانیندا نیشانەیەک دەری دەخات کە ئیمان و بڕوا و کردەوەی ژیانی ڕۆژانە خراونەتە سەرەوە و لە چاو زانین و مرۆڤی شارەزا و مەڵبەندێکی ناوەند و گرینگی هەیە و بڕوا لە پێشەوە دێت. ئەم جیهاندید و بۆچوونە دواتر لە فەلسەفەی مەسیحیدا و تاڕادەیەکیش لە فەلسەفەکانی ئایینەکانی تردا بوون بە بەشێک لە لاهووتی کێشەی ڕەب و لقەکانی.

کە دەگوترێ خواست Wille مەبەست لە ئازادییە، ئازادی خواستی بڕیاردان و هەڵبژاردن، ئینجا چوونە ژێر باری ئەو بڕیارە و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە کە خۆی لەخۆیدا بابەتی ئۆباڵ کێشان ڕەوا دەکات. ڕەواکردنی ئۆباڵ کێشان و چوونە ژێرباری ئەنجامی هەڵبژاردن و بڕیاردانی ئازاد دەرگای کێشەی بنەمای بەدکاری و بەدبەختی و ئێشوئازاری مرۆڤ دەخاتە سەرپشت. پێداگرتن لەسەر خواستی ئازاد پێوەندی نێوان هێز و توانا (قودرەت)ی لە ڕادەبەدەر و بێ سنووری ڕەب و ئازادی مرۆڤ دێنێتە سەر خوانی باسکردن. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری هەبوو ڕەبێکی هێز و زانست و خواست لە سنووربەدەر لەگەڵ بوونی جیهانێکی پڕ لە کوێرەوەری و بەدبەختی و نەخۆشی و نەهامەتی بەبێ وەڵامدانەوەیەکی ڕاست و ڕەوان دەمێنێتەوە.

زەردەشت جۆرە وەڵامێکی داوەتەوە کە بە پێی سەردەمی خۆی لە هەموو وەڵامەکانی تر پەسندترە، کەچی فەلسەفەی یۆنان سوودی لێوەرنەگرتووە. زەردەشت بۆ پاساودانی ئازادی و خواست و بوونی بەدکاری لەجیهاندا بوونی یەزدانێکی چاکەخوازی لە بەرانبەر یەزدانێکی(٢١) بەدکار (ئەهریمەن)دا گریمانە کردووە، ئۆباڵی هەبوونی چاکەکاری و بەدکاری خستۆتە ئەستۆی ئەو دوو هێزەوە. لێرەدا هێزە چاکەخوازەکە و هێزە بەدکارەکە هێز و توانای لە ڕادەبەدەریان نەماوە، چونکە بەرانبەر بەیەکتری لەنگەریان گرتووە و دەسەڵاتی یەکتری سنووردار دەکەن.

ئەو گریمانە، ئەگەرچی لە چاو وەڵامەکانی تر و بەپێی سەردەمی خۆی ئەوپەڕی ژیر و زیرەکانەیە، بەڵام کێشەکە بەلایەکدا ناخات. دانانی دوو هێزی سەرەکی کە هۆکاری چاکەکاری و بەدکاری بن لە دەرەوەی مرۆڤدا، خواستی ئازاد لە مرۆڤ زەوت دەکات و هەبوونی بەدکاری ڕەوا دەکات و مرۆڤ لێرەدا لە بەرانبەر ئەهریمەن و لە بەرانبەر ئاهورامەزدای چاکەخوازدا لە ڕۆڵی تەماشاکردن بەولاوە هیچ دەورێکی تری نامێنێ، چونکە ئەوانن هۆکاری بوونی چاکەکاری و بەدکاری ئەگەر دوو هێزی سەرووسروشتی چاکەکاری و بەدکاری، هەبن و ئۆباڵی بوونی ئەو دوو لایەنە بکێشن، دەبێ چۆن باسی ئازادی خواستی مرۆڤ بکرێت و دەبێ مرۆڤ بچێتە ژێر باری ئەنجامی چ شتێکەوە کە پێشەکی لەلایەن هێزێکی سەرووسروشتییەوە کراوە؟!

ئەگەرچی ئەو دوو هێزەی چاکەکاری و بەدکاری بەجۆرێکی تر لەلایەن مەسیحییەکانەوە لێکدراوەتەوە، بەڵام چارەسەرێکی ژیرانەیان نەداوەتە دەست کە چاکتر و پێشکەوتووتر بێت لەچاو زەردەشت. ئەهریمەنی بەدکار لە مەسیحیەتدا بووە بە دووبەش:

- **یەکەم**: شەیتان.
- **دووەم**: بەشێکی نەفسی مرۆڤ کە بەدکارە.

ئەم وەڵامە لەخۆیدا کاڵ کردنەوەی کێشەکەیە، نەک چارەسەرکردنی، ئایا هێز و توانای شەیتان و نەفسی مرۆڤ ڕەها و لە سنوور بەدەرن، یان ڕێژەیین؟ بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێتەوە وەڵامەکە پەسند نییە و کێشەکە بەلایەکدا ناخات، چونکە ئەگەر ڕەها بوونەو دەسەڵاتە ئەم بڕیارە لەگەڵ دەسەڵات و خواستی لە ڕادەبەدەری ڕەبدا ناگونجێ، ئەگەر دەسەڵاتی شەیتانی بەدکار و نەفس بە تایبەتی لایەنە بەدکارەکەی ڕێژەیی بن دیسانەوە ئۆباڵەکە کاڵ دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ لەو کێشەیە سەرەوەدەرناکات. مەسیحیەت و پێشتریش مووساییەکان باسی خواستی ئازادی مرۆڤیان کردووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئۆباڵی کردەوەکانی بکێشێ و بوونی بەدکاری ڕوون بکرێتەوە و پاساو بدرێت، کەچی هەر ئەو دوو ئایینە خۆیان ئازادییەکە کەلەبەر و کاڵ دەکەنەوە بەوەی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە هەموو کەسێک پێویستی بە بەزەیی و لێبوردەیی و ڕەحمی ڕەب هەیە و بەبێ ڕەحم و بەهرە و لێبوردەیی ڕەب هیچ مرۆڤێک ڕزگاری نابێ و لە گوناهەکانی پاک نابێتەوە! کەوابوو باسکردنی ئازادی خواستی مرۆڤ لەلادان لە خواستراو کە لە سەرەتادا لە

گـریمانە بەولاوە شـتـێکی تر نیـیــە و لە چوارچێـوەی ئاخـافـتنی ئەم لاو ئەولا پێکردن و بارگـۆڕین ناچێـتـە دەرەوە. ئازادی خـواسـتـی مـرۆڤ لەگـەڵ خـواسـتـی لە ڕادەبەدەری ڕەب ناگونجێ و نایەتەوە، ئەوەی تری هەمـوو جـۆرە پاساودانی بابەتێکە کە هیچ جـۆرە پاسـاودانێک هەڵناگرێ.

**ئۆریگنس**

١- ڕابەرێکی قـوتابخـانەی لاهووتی ئەسکەندەرییـە بووە، بەوانە و نووسین هەوڵی داوە لاهووت وەک ئامـراز بۆ شرۆڤەکردنی کتێبی پیرۆزی ئایینەکەی و بڕواو ئیـمان و عەقیدەی مەسیحی بەکاربهێنێ. لە نووسینەکانیدا جێ دەسـتی فـەلسـەفـەی یۆنان دەردەکـەوێ. بۆ ڕەنگڕشـتنی پرۆژەی جیـهـاندیدەکەی فەلسەفەی یۆنان (ئەفلاتوون و ڕیواقی) لەگــەڵ دۆگم و بنەمــاکــانی ئایینەکــەی لە چوارچێوەی لاهووتدا ئاوێتەی یەکتری کردووە.

ئۆریگنس (١٨٥- ٢٥٤ز) لەو جیـهـاندیدەیدا کـە ڕەنگی ڕشتووە دوو خاڵ سەرنج ڕادەکێشن.

**یەکەم**: جیـهـاندیدەکە هی لاهووتییـەکـە زەمـینەیەکی فـەلسـەفـەیی هەیە و لە هەندێک ڕێبـازی فـەلسـەفـەی سەردەمی خۆیدا شارەزا بووە.

**دووەم**: پەنای بردۆتە بەر فەلسەفە بۆ لەسەر کردنەوەی ئاییـنی مەسـیـحی و وەڵامدانەوەی ئەو فەیلەسووفـانەی هێرشیان بردۆتە سەر ئایینەکەی.

بەپێی سەرچاوەکان ئۆریگنس وەک مەسـیـحیـیـەکی بە ئیـمان ژیاوە، بەڵام لە فەلسەفەدا وەک یۆنانییـەک بیری کـردۆتەوە. لەگـەڵ ڕیواقـیـەکـاندا لەوەدا کـۆک بووە کـە مـرۆڤ هەر نەبێ تۆزە بڕوا و ئیـمـانێکی هەبێ چاکـتـرە لەوەی دووچاری دەستی ئەگەر و گومان بێ.

وەک مـەسـیـحیـیـەک لەو باوەڕەدا بووە کـە ڕەب گـیـانی (ڕوحی) تەواوەتییە و هەر ئەو هەموو گیانێکی ئافەریدە (خەڵق) کردووە. هەمـوو گـیـانێکی ئافەریدە کراو ڕێگای گـەڕانەوەی بەرەو ڕەب لەبەردەمـدایە. ڕەب وەک لاشـە نییە، بەڵکو سروشتێکی سادەی گیانی هەیە کە ڕێگای هیـچ جـۆرە خـسـتـنە سـەر و لێ دابڕانێک نادات. ڕەب بەهۆی خواستی خۆیەوە جەوهەری ژیری ئافەریدە کردووە، بەڵام ئەو چەندین جـەوهەری جـیــاوازی ژیری دروست نەکـردووە، بەڵکو هەمـوویان وەک یەکن، ئەو جـەوهەرە توانای بڕیار و هەڵبـژاردنی ئازادیـان پێ بەخـشـراوە، ئەو

ئازادی خـواسـتـە هەندێکـیـان هان دەدات کە بەرەو پێش بچن و لاسایی ڕەب بکەنەوە، یان بەهۆی کەم تەرخـەمی و گـوێ پێنەدانەوە دووچاری سـاتمەو کـەوتن و بەدکـاری دەبن، ئەمـەیە هۆی جیـاوازی و فـرە ڕەنگی جـەوهەری ژیر(٢٢).

ڕەب هەر لەکۆنەوە دنیا و بوونی داهێناوە مادده کۆنە و هەر هەبووە. ئەو داهێنانە هیچ لە توانا و خـواسـتی ڕەب ناگـۆڕێ و هیچ جـۆرە گـۆڕانێک ناگـەیەنێ، چونکە ڕەب ئەوپەڕی تەواوەتی و کـامڵە، لەبەر ئەوەی ڕەب کـامڵە و تەواوە ئەگـەر شـتـێکی بدرێـتـە پاڵ پێی زیاد ناکـات و ئەگەر ئەو شتە نەبێ پێی کەم ناکات(٢٣). ئەگەر مرۆڤ سـەرنجی دەوروبەری (جیـهـانی دەرەوە) بدات و گـوێ بۆ ویژدان و نـاخی دەروونی شل بکات دەگـاتە ئەو ڕادەیەی بڕوا بە بوونی ڕەب بهێنێ!.

بیـروڕای ئۆریگنس لە بنەڕەتدا مــەسـیـحـیــیــە و تانوپۆیەکــەی چەند بۆچوونێکە کــە لە فــەلسـەفــەی یۆنانیـیــەوە هاتووە و ئەو فــەلسـەفــەیە هۆکــاری ڕەنگڕشتنەکەی بووە، بە تایبەتی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلۆتینیـزم کە ئەوکـاتە ڕەوا و گـونجاو هاتۆتە بەرچاوی بڕواو عـەقیـدەی مەسیـحی. یەکـەی ڕەب سێ ڕەنگییـە لوگـۆس، یان وشەی (ژیر) لە مەسیحدا بووە بە گۆشت و خـوێن و لاشـە، ئەمـەش لە یەکـچـوونی مـرۆڤ و ڕەببـە، تەنانەت ئەوەش بە سایەی بەهرەی ڕەببەوە بووە و دەبێ. گەڕانەوەی نەفسی مرۆڤ بۆ لای ڕەب کارێکی وا سووک و ئاسـان نییـە کـە تەنیـا هەر لە (عـیـسـادا) مـەسیح و بەهۆی مـەسـیـحەوە کە ڕابەر و ئاغـای کـڵێـسـەیە دێتـە دی(٢٤).

٢- بەلایەوە ڕاستی (هەقیـقەت) تەنیا لە مەسیـحدا دەدۆزرێتــەوە، بۆیە دەبێ پەیامــەکــانی کــڵـێـســە هەر لەسەردەمی سەحابەکانەوە (حیـوارییەکان) Apostel ئەو ڕێچکەیە بێت کە هزری لاهووتی بیگرێتەبەر. ڕاستە ئینجیلەکـان و پەیام و نـامەی سـەحـابەکـان ڕاسـتـیـیـە بنەڕەتییـەکانیان تێدایە، بەڵام ئەوان بەهیچ جۆرێک ئەو ڕاسـتـیـیـانەیان سـاغ و پشت ڕاست نەکـردۆتەوە، بۆیە دەرفەتی پرسیـار و پرسیارکردن بە کـراوەیی لە ئارادایە، لێــرەوە ئەرکی ســەرشـانی لاهووتی تیــۆرییــانەیە کــە کـەلەبەرەکـان پڕ بکاتەوە و کەموکورتییـەکـان چارەسـەر بکات(٢٥). ئەو بۆچوونەی کـە ئەوپەڕی زیرەکـانە دێتـە بەرچاو چەند خاڵێک دەورووژێنێ:

**یەکەم**: هەر لە سەرەتاوە دۆست و لایەنگیر و ناحەزان، بیرمەند و مرۆڤی سادە هەستیان بەوە کردووە کە جیهاندیدی ئایینی مەسیحیەت کە لەبەر و کەموکوڕی تێدایە ئەم هەستکردنە پاڵنەر بووە بۆ هەڵگرتنی دوو هەنگاوی تر:

**دووەم**: پرۆسەی بە دۆگم کردنی ئایینەکە ئەگەر دەستی پێ کردبێ پتر درێژە بکێشێ و بەردەوام بێت، ئەمەش دان پێدانانەکە:

**سێیەم**: ئایینەکە پێویستی بە کاری هزری هەیە، ئەو کارەش لەلاهووت بەولاوە نییە و دەبێ لاهووتەکە پشت بە فەلسەفە ببەستێ، بێ گومان فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلۆتینیزم کە بە کۆنە پارێز و ئایدیالیستی ناسراون باشترین سەرچاوە بووە کە ئەوکاتە لاهووتی مەسیحی لێوەی هەڵێنجاوە. لەکاتێکدا ئایینە نوێیەکە بۆ رەواندنەوەی ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوونی خەڵک لە دەرگاوە فەلسەفەی وەدەرناوە، پرۆسەی ژیانی رۆژانە و بەرەو پێشچوون ناچاری کردووە جارێکی دیکە پەنا بەرێتەوە بەر فەلسەفە و لە پەنجەرەوە بیهێنێتەوە ژوورەوە.

ئوریگنس کە مەسیحییەکی رۆشنبیری سەردەمی خۆی بووە پابەندی بنەماکانی ئایینەکەی بووە، بۆیە بەلایەوە سەرەتا و کۆتایی وەک یەکن و کۆتایی پێودانگی سەرەتا بووە. ژیانی دنیا بەلایەوە رێگا خۆشکەری ژیانێکی دوای مردن و (زیندووبوونەوە)یە، دنیا خۆی بەدکاری نییە، بەڵکو بە دەرخەری بەدکارییە و رزگاربوونیش بەوە دەبێ مرۆڤ لەدەست بێ دادی و گوناه دەربازی ببێ و پاک بێتەوە. لێرەوە گوناه و ماددە بەرانبەر بە یەکتری خراونەتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

**گنوسیس**

١- وشەیەکی یۆنانییە بە واتای زانین، یان بە واتای عەرەبی (عیرفان) دێت. بزووتنەوە و رێبازێکی نیمچە ئایینی - لاهووتی- فەلسەفەییە لە سەرچاوەی جیاوازەوە بابەتەکانی هەڵهێنجاوە و خواستۆتەوە. دیاردەیەکە لە دیاردە گیانییەکانی مێژوو بەگشتی دوو لایەنی لەیەکتری جیاواز لەو رێبازەدا یەکتریان گرتووە و دوای ئاوێتە بوونیان دوا روخسار و ناوەرۆک ئامراز و ئامانجیان دیار و دەستنیشان کردووە..

**یەکەم**: لایەنی ئایینی بە تایبەتی بنەماکانی بروا و ئیمانی مەسیحی و تارادەیەک جوولەکە و ئایینە کۆنەکانی فارسی و سوریا.

**دووەم**: فەلسەفە بە تایبەتی بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەفلاتوونیزمی نوێ و فیساگۆرس و فیساگوریزمی نوێ(٢٦). لە گنوسیسدا، بەپێی سەرچاوەکان، سێ بابەت لەلایەن رابەرانییەوە داکۆکی لێکراوە، یان دەکرێ بوترێ، بەپێی بابەت سێ جۆرە گنوسیس هەبووە:

**یەکەم**: گنوسی جوولەکە

**دووەم**: گنوسی مەسیحی

**سێیەم**: گنوسی ئەوانەی بروایان بە هیچ ئایینێک نەبووە (heidnische) ئەوی لێرە بەلای ئێمەوە گرنگە گنوسی مەسیحییە، چونکە تارادەیەک پێوەندیی کارلێکردنی دەستیاوی لەگەڵ فەلسەفە و لاهووتی مەسیحیدا هەبووە.

گنوسی مەسیحی لە سەدەی دووەمی زاییندا دەرکەوتووە وەک ئامراز بۆ داکۆکی کردن لە بیروبۆچوون و جیهاندیدی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر لێکدانەوە و شرۆڤەکردن Hermeneutik ئەو بابەتانەی کە خۆیان هەڵیان بژاردووە و پێوەندی بە بروا و جیهاندیدەکەیانەوە هەیە. بۆ نموونە بەجۆرێکی تایبەت لەنێوان رەبی مووسا و رەبی مەسیحیدا جیاوازیان کردووە و بۆچوونی تایبەتیان دەربارەی چاکەکاری و بەدکاری و نەفس و گیان و پەیدابوونی جیهان و لەناوچوون هەبووە کە بە هەمان شێوازی شرۆڤەکردن خستوویانەتە بەرچاو. لە نووسین و کردار و بۆچوونیاندا جۆرە سۆفیگەرییەک هەست پێ کراوە.

ئەگەر چاو لە جیاوازی هەندەکی نێوان لایەنەکانی ئەو بزاڤە بپۆشرێ دەکرێ هزر و جیهاندیدی سەرەکی گنوسیس لە سێ خاڵدا کۆبکرێتەوە:

**یەکەم**: داد و بەهرەی رەببانی: Theodizee پاساودانی بوونی رەب، بنەما و هۆکارەکانی بەدکاری لە دنیادا و چۆنێتی گونجانی ئەو بەدکارییە لەگەڵ داد و بەهرەی رەببانیدا. بەلای رابەرانی ئەو بزاڤەوە ناکردنی جیهان و ماددە لەخۆیدا هەنگاوە بۆ پێشەوە، رزگاربوونیش لەباری گرانی سەرشان بە رزگاربوون دەبێ لە ماددە و لە جیهان(٢٧).

**دووەم**: گنوسیس وەک زانین و عیرفان:

سەرەڕای زانینی ژیرەکی بەلای ئەو بزاڤەوە، زانینێکی

تر بۆ پەیبردن بە واقیعیەتی ڕاستەقینە پێویستە، دەبێ مرۆڤ ئەوە بزانێ کە نەفس بەهۆی هەڵە و گوناهێکی گەردوونییەوە سزا دراوە و سزادرانەکە بریتی بووە لەوەی بخرێتە نێو لەشێکی ماددەوە. لەبەر ئەوەی نەفسی مرۆڤ بنجوبنەمایەکی ڕەببانی هەیە، ئەو دەرفەتە شیاوەکییەی لەبەردەستدایە بەهۆی ئەو زانینە تایبەتییەوە بگەڕێتەوە بۆ لای ڕەب. بەم پێیە زانین لەم ڕێبازەدا جێگەی بڕوا و عەقیدە و ئیمان دەگرێتەوە(٢٨).

**سێیەم:** دوو ڕەنگی بوون Dualismus

گنوسیتەکان بوون دەکەن بە دوو بەشەوە، بوونی ڕاستەقینەی گیانی و بوونی ماددەیی. بوونی تاریکی و بوونی ڕووناکی(٢٩). بوونی هەڵکەوتی ڕاستەقینە جیهانی گیان و ڕۆحانییە و جیهانی ماددە لە بنەڕەتدا هیچ و نابوونە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Coplestion, F.C., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1970. S.30 ff.**

**٢- بدوي، الدكتور عبدالرحمن، تأريخ الفلسفة في ليبيا. سونسيوس القورينائى. ج٢، دارالصياد بيروت ١٩٧١ (منشورات الجامعة الليبية) ص٢٩-٣٠. فما بعد.**

**هەروەها بڕوانە:**

**- حنفي، د. حسن، مقدمة في علم الاستغراب. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع. بيروت ٢٠٠٠ ط٢، ص١١٤ فما بعد.**

**٣- بدوي، عبدالرحمن، فلسفة العصور الوسطى. مكتبة النهضة المصرية، ١٩٦٢، ص١٠-١١.**

**4- Storig, Hans Joachim., Kleine Weltges chichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.248.**

**5- Russell, Berteand., Phiosophie des AbendLandes. Europaberlag Wien 2000. S.275.**

**6- Weisch edel, Wilhelm., Der Gott der Philiosophen. Erster Band. WB. Darm Stadt. 1971. s.73.**

**7- Weischedel, Wilhelm, Ebeda. a.o.**

**8- Copleston, F.C. Ebenda. S.26.**

**9- Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie Altertum und Mittelalter. Komet 1980. S.336.**

**10- Die Bible., Wuppertal 2003. Der erster Brief des petrus: 3:15.**

**11- Gilson, E. und Bohner, Philo theus., Christliche Philosophie. Paderborn. 1954. S.22 (Bd. 1-2).**

**12- Gilson, E. und Bohner, Philo. Ebenda. S.24.**

**13- Schupp, Framz., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.2. Mittelalter. meiner 2003. S.18.**

**١٤- كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة اليونانية دارالقلم بيروت ١٩٦٩ ص٢٦٤ فما بعد.**

**15- Schupp, Franz., Ebenda. S.21 ff.**

**16- Coplestion. F.C, Ebenda. S.27- 28.**

**17- Rod, Woldgang., Der Weg der Philosophie. Bd. I. Munhen 1994. S. 285.**

**18- Coplestion. F.C, Ebenda. a.o.**

**١٩- كرم، يوسف، المصدر نفسه، ص٢٧٠.**

**20- Schupp, Franz., Ebenda. S. 25.**

**21- Schupp, Franz., Ebenda. S. 26.**

**22- Schupp, Franz., Ebenda. S. 35**

**٢٣- كرم، يوسف، المصدر السابق، ص٢٨٠ وفى أماكن أخرى.**

**24- Coplestion. F.C, Ebenda. S. 32.**

**25- Rod, Wolfgang., Ebenda. S. 288.**

**26- Storig, Hans Joachim., Ebenda. S.250. ff**

**27- Schupp, Franz., Ebenda. S.38.**

**28- Storig, Hans Joachim., Ebenda. 252.**

**29- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.281-282.**

# کاروانی خەیاڵ


ئەحمەدی قازی
(مەهاباد)

(هێدی) زۆرتر وەک پێشمەرگەیەک دێتەوە موکریان. گەڕانەوەکەی شۆڕشگێڕانەیە. ناگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون و خوێندن و کایەکردن و سەر لە شوێنی حەز و خۆش ویستنەکانی نادا. کاری بەخۆی و باب و برا و کەسوکار نییە و یادێک لە ئامێزی دایک و باب و دیواخان و سەرا و باڵەخانەی فێنک و ئاوەدانی گوندی «شێخاڵی» و بۆکان و شوێنەکانی دیکە ناکا. یەکڕاست وەک پێشمەرگەیەکی خەباتگێڕ دەگەڕێتەوە ئەو مەڵبەندە و هەر ئاوهاش بەجێی دێڵێ و ماڵاوایی دەگەڵ دەکا. لە شوێنەکانیدا زۆرتر ڕوو دە چیا و دۆڵ و دەرە و چۆل و دەشت دەکا و لە شارەکان تەنیا سەرێک لە مەهاباد هەڵدێنێ و تێدەپەڕێ: دەتوانم بڵێم هێدی دە ژێر کاریگەری بەرەو موکریانی هەژاردا ئەم شیعرەی هۆندۆتەوە و زۆری تێدا سەرکەوتوو بووە:

**خەفەتی زۆرە لە زستان دەگەڕێم**
**بۆ وڵات دەچمەوە کوێستان دەگەڕێم**
**هەر لە باکوورەوە تاکو باشوور**
**چۆمەڵ و دەشت و چیای سەخت و دوور**
**بە دڵی گەرم و بە هەنگاوی ورد**
**بازێ داوێم لە سنووری دەسکرد**

ئەم گەڕانە لە ناوچەی «سۆما»وە کە دەکەوێتە ڕۆژاوای ورمێ، دەست پێدەکا، دەچێ سەر لە چەند پێشمەرگەی شەهیدی بزووتنەوە جوانەمەرگ و کەم تەمەنەکەی ساڵی ١٣٤٦-١٣٤٧.. هەتاوی (١٩٦٧-١٩٦٨. زایینی) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدا کە بریتین لە «نحۆ باپیر»، «ناجی»، «مەلا سمایل»، «ڕەزا» و «فیرووز» و تەنانەت شوێنی شەڕ و قارەمانەتییەکانیشیان لەبیر ناکا و ناویان دەبا:

**پێش هەموو جێ یە لە سۆما تاوێ**
**گڕ دەخۆم ڕێی دەخشێنم چاوێ**



هێدی

**چۆن لە پێشوازی مەرگ بوو بە دەلیل**
**قۆچی قوربانی مەلا ئیسماعیل**
**ئەو دەمەی ناجی و فیرووز کوژران**
**کاتێ باپیر و ڕەزا دابێژران**
**چۆن بوو ئەو ناوە نە هەستا نە بزووت**
**چبوو سۆما نە گڕی گرت و نە سووت**

پاش سۆما بە مەهابادا تێدەپەڕێ. ئێرە لانکی کوردایەتی و پێتەختی کۆماری کوردستانە. هەروا بە ئاسانی ناکرێ بەسەریدا باز بدەی و دەرباز بی:

**لە مەهابادەوە ڕێ تێ دەپەڕێ**
**هەلە با گیان بەسەریدا بگەڕێ**
....
....
**چوار چرا لەو بەرەوە دەمکێشێ**
**سەری سەودام هەیە دەچمە پێشێ**
**چەق و چۆ دەمگرێ دێمە لەرزە**
**گیانی قازی دەفڕێ لەو بەرزە**

بەدرێژی لەسەر چوارچرا دەدوێ و پاشان بەرەو بازاڕی مەهاباد دەچێ و سەرێک لە «مام حەمەدەمینی موعینی» باوکی «سولەیمان و عەولای موعینی» دەدا و لەسەر حاڵ و هەوای سیاسی و چالاکی و بزووتنەوەی لاوەکانی مەهاباد پرس و جۆ دەکا:

**کەس هەیە بۆم بڵێ «نەرمەنەرمە»**
**مامڵێ بەزمی شەوانی گەرمە؟**
**لاوەکانی وەکو پیری ژیرن**
**بە تەمەن گەنج و بەزانین پیرن؟**
**کۆڕێ دەگرن بەشەوی دووردرێژ؟**
**لە هەموو بارێ دەکەونە وتووێژ؟**

لەو گەشتەی ناو شاری مەهابادا شاعیر وەک پەیکێک لە لایەن شۆڕشێکەوە دەگەڵ لاوەکان دەدوێ و هانی هەستانەوە و خرۆشانیان دەدا. چاوەڕوانە یەک بگرنەوە و بۆ ئازادی گەل بکەونە تێکۆشان. لە کۆتایی ئەم بەشەدا هیوا و هومێد دەدا بە هەموو لایەک و تێدەپەڕێ.

شاعیر مەهاباد بە ناوەندی هزر و بیر و ڕووناکبیری دادەنێ و پاش خولانەوەی نێو بازێڕ و هاندانی لاوان بۆ تێهەڵچوونەوە، لێکدانەوەی خۆی لەسەر باری نالەباری ژیان و دواکەوتوویی گەل دەردەبڕێ و بەم جۆرە بۆمان دەدوێ:

**گەلی تر ئەوڕۆ لە ئەستێرە و مانگ**
**بۆ هەموو سەرزەوی هەڵدێن بانگ**
....
....
**دەچنە سەر مانگ و لەڕێ تل نادا**
**کانگە دەردێنێ لەبن دەریادا**
**کورد، بەڵام هێشتە لە دەس بێگانە**
**خۆی ئەسیرە و وەتەنی وێرانە**
**ماڵ و داهاتی بەتاڵان دەبرێ**
**سەری ببزێوێ قەڵاچۆ دەکرێ**
**یان لە پای دارە بە دەست بەسراوی**
**یان لەبەر گوللە دەبەستێ چاوی**
**خوێن و فرمێسک و ژیانی ئەستەم**
**بەرهەمی کوردە لە چەرخی بیستەم**

بەڵام ناهومێد نییە و پشت بە ڕەوەندی بەرەوپێش کەوتنی ڕەوڕەوەی مێژوو دەبەستێ و پێمان دەڵێ کە ئەم بارودۆخە نامێنێ:

**ئەوی تێک نەشکێ، بەڵام هێزی گەلە**
**ڕقی گەل دوژمنی خستۆتە پەلە**
**سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمە سەختە**
**من لەلام ڕێگە هەتا سەر تەختە**
**ئەوە دەرسێکە ژیان پێی داوم**
**لە ژیان نابێ بترسێ چاوم**
**مێژوو ڕێی خۆی دەبڕێ ناچێتەوە پاش**
**ناچێتەوە بن سەوەتە بەرخی هەراش**

**چەرخ ئەگەر ئێستە دژی مە دەگەڕێ**
**لاپەڕێکی ڕەشە زوو وەردەگەڕێ**

سەرەنجام مەهاباد جێ دێڵێ و ماڵاوایی دەگەڵ دەکا و دەڵێ:

**ئیدی ناوێستم و ڕێی خۆم دەگرم**
**لەسەر ئەو ڕێیە دەڕۆم تا دەمرم**
**گیانی شیرینی، دڵی دڵخوازی**
**خوات لەگەڵ جارێ هەوارگەی قازی**

لە مەهابادەوە دەگاتە «بەیرەم» ئەو شوێنەی «مەلا مەحموودی زەنگەنە»ی تێدا شەهید کرا و سووکە وچانێک بە پێویست دەزانێ:

**قوڵقوڵەی بەیرەمی وا لەو بەرزە**
**لەسەری سووکە وچانێک فەرزە**

پاش بەسەرکردنەوەی سەنگەری «مەلا مەحموود» ڕوو دەکوێستانی «سپی سەنگ» دەکا. «سپی سەنگ» کوێستانێکی زەنوێر و ڕازاوەی موکریانە و دەکەوێتە باشووری شاری مەهاباد. هێدی لە کاتێکدا بە شوێنی پێشمەرگەدا دەگەڕێ و باسی قارەمانەتی و ڕاپەڕین و شەهیدبوونیان دەکا، چونکە شاعیر و خاوەن هەستی سەرکێش و خەیاڵی ناسک و جوانپەروەرە. باسی جوانی سروشت لەو گەشتەدا ناخاتە پشتگوێ و زۆر تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ لە دیمەنە جوانەکانی موکریان ڕەسم دەکا و دەیخاتە بەر چاوی ئێمە. بڕوانە چەند جوان باسی ئەو کوێستانە دەکا و چ شاکارێک دەخوڵقێنێ:

**گەرچی لەش ماندووە وەستاوە سرە**
**پێشی ناگیرێ خەیاڵ بەرزەفڕە**
**با هەرێمی سەرێ هەڵنەبوێرم**
**دڵ گرووی گرتووە با بیگێڕم**
**ڕێی هەواری بگرم بچمە سەرێ**
**هێند بە ئەسپایی کە شەونم نەوەرێ**
**پشوو هێدی بێ گەلا ڕانەژەنێ**
**نەرگسی نوستوو لە خەو ڕانەچەنێ**
**لووزەوی ئاوی ڕنوو لەکوێ بێ**
**هێندە پێ دانەگرم شلوێ بێ**
**دەمێ پارێزێ بە چاو بستێنم**
**دەست نەبەم گوڵ نەکەمە داوێنم**
**سەر لە بیزا دەم و نەیبزوێنم**
**بۆنی شەوبۆ کەم و نەیشەمزێنم**
**هەڵز و مەندۆک و هەڵاڵە و بەیبوون**

**تێک نەدەم چۆنی دەبەریەک ڕاچوون**
**نازی شللێر بە دڵ و گیان بکڕم**
**تێرو پڕ چاوی دەچاوی ببڕم**

لێرەدا بوار و مەودای ئەوەم نییە ئەو بەشە لە «کاروانی خەیاڵ» بە تەواوی باس بکەم. ئێرە، یانی «سپی سەنگ» سەنگەری «عەولای موعینی» و هاوڕێیەکانی بوو کە شەڕی گەورەی تێدا قەوماو و زۆرجار زەبری گورچوو بڕ لە جەیش و جاشی شاهەنشاهی درا و زۆریان لێ کوژرا.

**ئێرە جێی تۆڵەیە مەیدانی گەفە**
**بەڵێ ئێرەش «مەتەرێزی شەرەفە»**
**لێرە بوو کەوڵ عەجەم کەوتە ڕمێن**
**کەوتە بەردەستی کوڕان کوردخنکێن**

ئەوجار شاعیر لە گەشتی حەماسی خۆیدا دەگاتە «قالوێ» لە ناوچەی «گەورکایەتی» و بە هەست ڕاگرتن و هۆشیارییەوە بەدوای هەواڵاندا دەگەڕێ:

**سووکێ پەنجەم لە زەوی دادەگرم**
**شاخ و کێوان دەبڕم ڕادەبرم**
**گوندی قالوێ دەکەوێتە سەر ڕێم**
**هێشتە لێم دوورە خەیاڵ ئەدزێ لێم**
**باری ئەم ناوە چلۆنە ئەمساڵ**
**چۆن بکەم دیتنی دۆست و ئاواڵ؟**
**سەنگەری مینەشەم و عەولایە**
**داخەکەم دەنگی کەسی لێ نایە.**

لە «قالوێ»ڕا بەرەو چیای «حاجی کیمی» کە کێوێکی سەخت و جێی حەوانەوەی پێشمەرگەیە، دەڕوا یادێک لە چەند قارەمانی گەل وەک: «فەقێ عەلی وەرگێلی»، «سەید فەتاح»، «پیرۆت»، «عەلییە گەلە» و «دەروێش عوسمان» دەکاتەوە و ڕێگا درێژە پێ دەدا و دەگاتە شاخی «گوێزە کوێرە» و «ئەوجار بەرەو گوندی «نستان» و لەوێوە بۆ سپیلکی «سەرشیو» تێدەکشێ و لە هەموو ئەم شوێنانەدا باس لە قارەمانەتی کوڕانی گەل دەکا:

**سەری شێواوە سپیلکی سەرشیو**
**تەم سەری گرتووە ئەم دیو ئەودیو**
**نە بە ڕۆژ دێ، نە شەوانە لەسەری**
**دەنگی دەسرێژی حەمەی ڕەسووە مەڕی**

پاش ئەو هەموو گەڕان و بەسەرکردنەوەی شوێنی شەهیدان و یادکردنەوەیان، ماندوو دەبێ و دەبێ وچانێک بدا و دەچێتە ناو«ئەشکەوتی خەزاڵێ» هەر لەو

ناوچەیە.

**ڕێ سەروژوورە گەلێک بڕ ناکەم**
**بۆ وچان جێیە دەبێ پەیدا کەم**
**لەسەر ئەشکەوتی خەزالێ تاوێ**
**با خەیاڵی سەرەڕۆ خۆی باوێ**
**سێبەری فێنکی هەیە بۆ ڕێبوار**
**وەکو یەک ڕادەگرێ پیادە و سوار**

لە کۆتایی ئەو سەفەرە هەست بزوێن و غیرەت وروژێنەدا دەگاتە ڕووباری «کۆدەڵ» لەگوندی «دارینە»ی ناوچەی بانە کە شەهیدی جوانەرگ موهەندیس «سمایلی شەریف زادە» و چەند هاوەڵێکی لێ شەهید کران. چۆمی سەرشێت کە ساڵان ڕوون و زوڵاڵ و ئارام بوو، ئێستە بە خوێنی شەهیدان سوورە و شێتانە دەخرۆشێ و سەر لە کەند و بەردەڵان دەکوتێ و شین دەگێڕێ:

**کۆدەڵ ئێستاشی سرەوتن ناوێ**
**سینگ لە بەرد ئەکوتێ پڕیشک داوێ**
**هەڵوەدا و شلوێ بە چۆڵدا وێڵە**
**چاوە هەر لێڵ و دەڕوا هەر لێڵە**
**وات ئەزانی کە هەمووی کافوورە**
**ئێستە بەخوێنی شەهیدان سوورە**
**نە شەریف زادە لە هیچ کوێ هەستی**
**دێتەوە گوێ نە محەممەد ئەستی**
**نە حوسێن ڕابی ئیتر لەو ناوە**
**هەڵمەتی نیوەشەوانی ماوە**
**نە لە جێیەک عەلی عەولا کۆڵی**
**ماوە هەڵماڵێ لە دوژمن قۆڵی**

سەفەر دەگاتە کۆتایی، دوایین مەنزڵ گوندی «دیوالان» لە ناوچەی سەردەشتە کە لەوێ «مەلا ئاوارە»، شەهیدی نەمری ڕێگەی ئازادی دەسگیر کرا:

**با لەپێ توند کەمەوە بەن کالان**
**لێرەوە سەربڕە بۆ دیوالان**
**دیەنی جوانە بەلام وا دیارە**
**ڕێی مەترسی هەیە بۆ ئاوارە**

پاش سەرکۆنە کردنی جاش و بەکرێ گیراوان کە بە کەڵەک مەلا ئاوارە دەگیرێ، دوژمن دەخەن بە پەژارەوە دەڵێ:

**بێن ببینن کە شەهید ئاوارە**
**سەری چەند بەرزە لەسەر سێدارە**
**چۆن حەمەد ئەحمەد و ڕەحمان وەتمان**
**بۆ وەتەن مردن و سەریان نەچەمان**
**هێشتە هەر چۆن لە گەلێ و دارستان**
**دەگەڕێ دەنگی بژی کوردستان**

ئەوجار نۆرەی ماڵاوایی کردنە و ئەو بەشەی پڕوتەژییە لە سۆز و عاتیفە، ئەوەتا دەڵێ:

**ڕێ ئەوە هاتووە ببڕێ کەم کەم**
**ڕێی بە هەورازو نەویو دەردو خەم**
**ماچ دەکەم مستەگڵێک دوو سێ جار**
**بە لەشم دادێ تەزوو سەر تا خوار**
**کە دەڕۆم ڕۆیینەکەم نا بەدڵە**
**شینەکەم چونکە کەت و نیوەچڵە**
**کوردەواری گەلێ جێی وای ماوە**
**قارەمان گیانی لەوێ داناوە**
**هەن لە ڕێی ئەو گەلەدا بێ سەروشوێن**
**چوون و بۆم ڕوون نەبوو جێیان لە کوێن**

ئەم مەسنەوییە حەماسییە لە ٤٤ لاپەڕەدا چاپ کراوە و لە ٢٨٣ تاکە شیعر پێکهاتووە و لەسەر یەک دەتوانین وەک مێژووی ئەو بزووتنەوەیەی ساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ لە دژی ڕژێمی پاشایەتی چاو لێ بکەین. جوگرافیا، یان مەڵبەندی شۆڕش، شاخ بە شاخ و گوند بەگوند باس کراوە و ناوی زۆربەی پێشمەرگە قارەمانەکان تۆمار کراوە. شاعیر لەو گەڕانەوەیەدا بە ڕوح و گیان دەگەڵ کاروانی شەهیدان دەکەوێ باسی ئازایەتی و قارەمانەتییان و سەرەنجام شەهید بوونیان بۆ بەرەی داهاتوو دەکا و لەسەر یەک بەرهەمێک دەخوڵقێنێ کە دە ئەدەبیاتی کوردیدا کەم وێنەیە و هەڵدەگرێ زۆرتر بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و کەڵکی پێویستی لێ وەربگیرێ.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لە ڕوانگەی هونەری شیعر و هۆنەوە ئەم بەرهەمە شاکارێکی بێ وێنەیە. زبانێکی سادە و ساکار و خەڵکانی تێدا بەکار هێنراوە، لە هیچ شیعرێکدا تووشی لەنگولۆری نابێ و هەموو لایەنەکانی جوانکاری و سەنعەتی شیعری تێدا بەکارهێنراوە و شاعیر زاڵبوونی خۆی بەسەر ئەم سەبک و شێوازە شیعرییەدا نیشان داوە. واژە و دەستەواژەی ڕەسەن و ڕەزاسووکی شێوازی موکریانی بۆتە هۆی جوانی و تەڕوپاراوی ئەم بەرهەمە و من بە بەشی خۆم وەک هۆگرێکی فەرهەنگ و زبان و ئەدەبی کوردی دەسخۆشی لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

# گۆرکی و چیرۆکی میللی

له ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات

دەربارەی ئەو پرسیارەی ئێوە: چیرۆک و گۆرانی میللی چیان پێت بەخشی؟

له تەمەنی شەش، یان حەوت ساڵیمدا ئاشنایەتیم لەگەڵ وشەی جوانی میللی پەیداکرد، ئەو شیعر و پەخشانە دێرینەی کە لە زار بۆ زارەوە دەگوێزرایەوە بۆ نەوەکانی تر بەر لەوەی نووسین پەیدا بێت، کە پێی دەگوترێت ئەدەبی زارەکی. ئاشنایەتی یەکەمم لە ڕێگای دوو پیرەژن پەیداکرد: داپیرم و دایەنم (یەڤگینیا)، ژنێکی بچووکی خرتیلانەی سەرزل کە لە دوو سەرکە کەلەمی یەک لەسەر یەک دانراو دەچوو. یەڤگینیا قژێکی ئەستووری نا ئاسایی هەبوو، هەندی دوو کلکە بارگین کەمتر نەبوو، ماشوبرنج و لوولخواردووی تێک قژقژابوو، تەنانەت بە هەردوو لەچەگە ڕەش و زەردەکەی سەریشی بەتەواوی دانەدەپۆشرا. ڕوویەکی سووری بچووکی، لووت چەماوەی بێ برۆی هەبوو. چاوە گەشەکانی سیمایەکی ڕووخۆشی دەبەخشییە ڕووە تێکسمڕاوەکەی.

داپیریشم، سەرێکی قژنی هەبوو، بەڵام ئەوی بە کڵاوێکی ئاوریشمی شاردبۆوە، دایەنەکەم پتر لە بیست و پێنج ساڵ لەگەڵ ماڵی باپیرمدا ژیابوو بۆ بەخێوکردنی گەلە منداڵی داپیرم بە جوانە مەرگەکانیشەوە کە بەیەکەوە لەگەڵ خانمەکەی زۆریان بۆ گریابوون. ئەو ژنە دووەم نەوەشی بەخێوکرد کە دەکاتە نەوەی خانمەکەی. بە گوێرەی بیری خۆم ئەوانە دوو هاوڕێی نزیک بوون نەک هەر خانم و دایەن، بەیەکەوە گاڵتەیان بە باپیرم دەکرد، ئەگەر ئەو بێ بەزەیی بووایە دەرحەق بە هەر کامیان بەیەکەوە دەگریان، پێکەوەش یەک دوو پێکیان بە نهێنی دەنۆشی. داپیرم دایەنەکەمی بە (یێنیا) بانگ دەکرد، ئەویش داپیرمی بە (ئەکولیا)ناو دەبرد. کاتێ دەبووە شەڕیان، دایەنم دەیقیژاند و بە داپیرمی دەگوت: هەی

ڕەشێی جادووکەر! «داپیریشم بەوی دەگوت: تۆش بۆڕێی جادووکەر. هەی داوەڵی شڕو شەپڕێو!» زۆرجار شەڕیان دەکرد و زووش ئاشت دەبوونەوە و سەریشیان لە خۆیان سوڕدەما.

«باشە ئێستا ئەو شەڕەمان بۆ کرد؟ ئێمە هیچمان لە نێواندا نییە شەڕی لەسەر بکەین، کەچی وا پڕ دەدەینە یەکتر. چ پیرە گەوجێکین ئێمە!»

جا بەو شێوەیە، لە شەوێکی زستاندا کاتێ کە کڕێوەیەک لە دەرەوە فیکاندی و شێلگێرانە هەڵیکوتایە سەر ئەم پەنجەرەو ئەو پەنجەرە و ڕنۆک ئاسا شووشەکانی دەڕنی، یان کاتێ کە ئەو سەرماو سۆڵەیە گەیشتە ڕادەیەک کە دارە سەرمابردووە بەسەزمانەکانی بە دەنگ هێنا و داپیرە لە ژوورە بچووکەکەی ڕۆخ ناندین دانیشتبوو و کاری چنینی دەکرد و دایەنیشم (نانی) لە قوژبنێک لە خوار کاتژمێری دیوار دانیشتبوو بەخۆ و بە تەشییەکەیەوە و منیش بەسەر سندووقەکەی پاڵپشتی هەڵگەڕام و گوێم لە قسەکانی هەردوو پیرەژنەکە ڕاگرت کە باسی دراوسێکانیان دەکرد کە شەوێک پێشتر منداڵێکی تریان ببوو، شەشەمین منداڵیان بوو، کەچی باوکەکە هێشتا هەر بێکاربوو و بەیانییەکەی کچە گەورەکەیان هاتبوو داوای نانی دەکرد. زۆر قسەیان لەبارەی خواردن کرد: ئێوارەکەی ئەو ڕۆژی باپیرە بۆڵەبۆڵی کردبوو، چونکە شۆربا کەلەمەکەیان بەتام نەبووە و گۆشت گۆلکیان زێدە کوڵابوو. لە ڕۆژی ناولێنانی کەسێک کابرایەک گیتاری قەشەی شکاندبوو، من قەشەکەم دەناسی. جارێک کە یەکێک بوو لە میوانەکانی باپیرم گیتارەکەی مامم یاکۆڤی ژەنی. پیاوێکی زەبەللاح بوو. قژ تۆپەڵە و ڕیش سوورێک و قەپۆز گەورەی ددان گڕو سپی بوو. قەشەیەکی ڕاستەقینەبوو، ئەو بوو ئەوەی (نانی) باسی بۆ کردبووم. ئەوەی بۆی گێڕابوومەوە ئەوەیە: ڕۆژێک خواوەند بڕیاری دا شێرێک دروست بکات. سەرەتا جەستەیەکی قوڕی بۆ دروست کرد و لەسەر دوو لاقی پشتەوەی چەقاند و سەرکەکەی تێخست و تووکی بەسەر و ملییەوە لکاند و زاری تژی ددان کرد.... و تەواو.

ئینجا سەیری کرد قوڕ نەمابوو بۆ لاقەکانی پێشەوەی. ئەهریمەنی بانگ کرد و پێی گوت: «ویستم شێرێک دروست بکەم، بەڵام دەرنەچوو، جارێکی تر دروستی دەکەمەوە، تۆ ئەو قوڕە بێ کەڵکە بۆ خۆتی ببە.» ئەهریمەن لە خۆشییان خەنی بوو و گوتی: «بیدە من، من لەو قوڕە قەشەیەک دروست دەکەم.» ئینجا جووتە قۆڵێکی درێژی لەشتە بێ کەڵکەکە قایم کرد و قەشەیەکی هێنا ئاراوە.

لە ماڵی باپیرم وشەی «خواوەند»ت هەر لە بەیانییەوە هەتاکو شەو گوێ لێدەبوو: «خواوەند» تکای لێدەکرا بۆ یارمەتی، داوای لێ دەکرا ببێتە شایەت و بەکاردەهات بۆ ترساندن، چونکە ئەو زۆر بەخێرایی سزای گوناهکارانی دەدا، بەڵام وێڕای بە قسە ئامادەبوونی، ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لەناو ماڵماندا بەدی بکرێت. سزادانیش کاری باپیرم بوو.

لە نێو چیرۆکەکانی دایەنەکەم (نانی)دا خواوەند هەمیشە شتێکی نامۆ بوو. لەسەر ئەو زەمینەدا دەژیا و لە دێهاتەکان دەگەڕا و خۆی لە کاروباری مرۆڤ هەڵدەقورتاند و هەمیشە بێ سوود بوو. جارێک لە ڕێگادابوو، ئێوارەی بەسەرداهات. لەژێر دارباوییەک دانیشت بۆ پشوودان. لەپڕ کابرایەک بەسواری ئەسپ هاتە لای، خواوەند بە نیازی کات ڕابواردن بەخێر هاتنی کرد و پرسیاری لێ کرد: «تۆ کێیی؟ لە کوێ دێی و بۆ کوێ دەچی؟» و چەندین پرسیاری تر و هەتا تاریکیان بەسەرداهات و خواوەند بڕیاری دا شەوەکەی لەژێر دارەکە لەگەڵ پیاوەکە بمێنێتەوە. کە بەیانی وەئاگاهاتن سەیریان کرد ماینەکە زابوو. کابرا ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو و خواوەند پێی گوت: «نا، وا پەلە مەبە! ئەوە دارباوییەکەی منە کە زاوە». دەمەقاڵێوە دەستی پێکرد هەتا وای لێ هات هەر یەکەو پڕی دا چەکەکەی. پیاوەکە گوتی: «با بچینە لای قازی» چوونە لای دەستەی قازی-یان و داوایان کرد ناکۆکییەکەیان دادپەروەرانە یەکلابکەنەوە. قازییەکان گوتیان: ئەو مەسەلەیە پارەی تێدەچێ. جا پێشەکی دەبێ پارەکە بدەن «کابرا جووتیارێکی هەژاربوو، خواوەندیش ڕەزیل بوو نەیدەویست ببڕای پارە لە گیرفانی بێتە دەرەوە، لەبەر هەندێ بەکابرای گوت: بابچینە لای جبرایل، ئەو بەخۆڕایی لەسەر کێشەکەمان بڕیار دەدا.» چوونە لای و ئەویش دوای لێکدانەوە و سەر خوراندن بە خواوەندی گوت: «گەورەم کێشەکەتان زۆر ئاسانە، بەڵام منیش کێشەیەکم هەیە سەری لێشێواندوومە: من هەندێ جۆم لەناو زەریادا چاندووە، کەچی شین نابێ!» خواوەند گوتی: «ئەرێ تۆ بێ ئەقڵ نیت!؟ ئاخر کەی جۆ لە ناو زەریادا شین بووە؟» لێرەدا جبرایل ئەوەی قۆستەوە و گوتی: «ئەدی کەی دار باوی بێچووی بووە»؟

هەندێ جار خواوەند شتێکی سەیر بووە. بۆ نموونە شەوێک لەگەڵ قەشە جۆرج بەناو شەقامی گوندیدا

دەرۆیشتن هەموو خانووچکەکان تاریک بوون، جگە لە یەکێکیان: پەنجەرە ڕووناکەکە کرابۆوە، بەڵام لەلای ژوورەوەیدا پەردەپۆش کرابوو پێدەچوو کەسێک لە ژوورەوەدا دەینالاند. خواوەند، هەڵبەتە هەر دەبووایە لووتی خۆی بخاتە نێو شتان، گوتی: «وا دەچم بزانم لەوێ ئەوەچی قەوماوە» قەشە جۆرج ویستی بیگێڕێتەوە دواوە و گوتی: «وەرە نەچی.. سەیری ژن مەکە لە کاتی منداڵبوونیدا.» خواوەند گوێی پێ نەدا و پەردەی پەنجەرەکەی ڕاکێشاو لەگەڵ سەری خۆی بردە ژوورەوە، ژنی ماڵەکە مەردانە چینییەکی ماستاوی لەناوچەوانی دا و چینی وردوخاش بوو. «باشە باش» شوێنی زەبرەکەی سەر ناوچەوانی سڕییەوە و گوتی: «ئەو کەسەی لێرەدا لە دایک دەبێ، هەرگیز لە دنیادا خۆشی نابینێ. ئەوە بەڵێنی من بێ.» سی ساڵێک بەسەرچوو خواوەند بەناو هەمان گونددا لەگەڵ قەشە جۆرج پیاسەیان دەکرد. قەشە کێڵگەیەکی پیشانی خواوەنددا کە جۆیەکەی لە جۆی هەموو کێڵگەکانی دەوروبەری چڕتر و بەرزتر بوو، گوتی: سەیرکە ئەو زەوییە چەند بەخێربووە بۆ ئەو جووتیارەی تۆوەکەی کردووە! خواوەند بە شانازییەوە گوتی: «ئەوە مانای وایە زۆر نوێژی بۆ من کردووە. قەشەش گوتی: ئایا دەیناسی کێیە؟ بیهێنەوە بیرت چۆن زەبرێکت بە چینییە ماستاوەکە پێکەوت کاتێ ئەو پیاوە لە دایک دەبوو. خواوەند گوتی: بەڵێ لە بیرمە» و فەرمانی بە ئەهریمەنەکان دا کێڵگەکەی لێ تێکوپێک بدەن. دەغڵەکە وێران بوو و جووتیار لە داخا زۆر گریا. قەشە ئامۆژگاری کرد: «جارێکی تر هیچ تۆیەک مەکە. لەبری ئەو ئاژەڵ ڕاگرە.» پێنج ساڵی تری بەسەرچوو جارێکی تریش خواوەند و قەشە پێکەوە بەناو هەمان کێڵگەدا پیاسەیان دەکرد. ڕانەمەڕێکی باش لەنێو مێرگەکەدا دەلەوەڕان. خواوەند بە شانازییەوە گوتی: «کە کەسێک ڕێز و حورمەتم بگرێ، من ئاوا خێر و بەرەکەتێکی بێ ئەندازەی پێ دەبەخشم.» قەشە جۆرج خۆی پێڕانەگیراو گوتی، بەڵام مێگەلە مەڕەکە هی هەمان کابرای جووتیارە. خواوەند پەتایەکی ئەوتۆی بڵاوکردەوە ناو مەڕەکانی تەفروتونایانی کرد و کابراش ما لەسەری خۆی بدا. قەشە ئەم جارە ئامۆژگاری کرد.

مێشهەنگ بەخێو بکات. دوای چەند ساڵی تر ڕۆژێک خواوەند باغێکی مێش هەنگوینی بینی و بە شانازییەوە بە قەشە جۆرجی گوت: «سەیری ئەو سامانەی خاوەنی هەنگەکە بکە کە من پێم داوە.» ئەوجارە قەشە جۆرج دەنگی نەکرد و خاوەنی هەنگەکەی بانگ کرد و بە ئەسپایی پێی گوت: «داوەتی ماڵەوەی بکە و هەنگوینێکی زۆری بدێ، بەڵکو ئەوجارە وازت لێ بێنێ.» خاوەن هەنگ بانگی کردن بۆ هەنگوین خواردن و نانی گەرم و شەرابی ڤۆدکا و مید. خواوەند شەرابی نۆشی و بە شانازییەوە گوتی: «ئەو پیاوە منی خۆش دەوێت و دڵسۆزی منە». ئەوجا قەشە جۆرج بۆ سێیەمین جار زەبرەکەی سەر نێوچەوانی وەبیر هێناوە.

خواوەند دەستی لە خواردن و خواردنەوە هەڵگرت و سەیرێکی کابرای کرد و تێڕاما و گوتی: «قەیناکا، با ئەو هەر بژیت و هیچی بەسەر نەیەت، من چیتر ئازاری نادەم» کابراش لە وەڵامدا وتی: «شکۆیی بۆ تۆ گەورەم، بەڵام من بە پەرۆش نیم بۆ ئەم دنیایە، من تازە هەموو هێز و توانای خۆم بە فیڕۆ داوە.»

داپیرم گوێی لەو چیرۆکانە ڕاگرتبوو و لەسەرخۆ پێدەکەنی و جارجاریش قاقای پێکەنینی دەهات و هاواری دەکرد: «کچێ (یێنیا) بەسە، خواوەند هەرگیز وانییە بەو شێوەیەی تۆ باسی دەکەی. ئەو زۆر میهرەبانە، هەی کەرە!»

دایەنم ڕووی گرژبۆوە و بەبۆڵە بۆڵ گوتی: «خۆ ئەوە چیرۆکی ڕاستەقینە نییە، ئەوە ئەفسانەیە ئەفسانە. خواوەندێکی تریش وەکو ئەو هەیە، بۆ خۆت پرسیارکە لە باپیرە ڤاسیلی... «ئینجا دەبووە دەمەقاڵێیان و منیان بێزار دەکرد. مەسەلەی خواوەندی کامیان ڕاستەقینەبوو، ئەوە لە سەرووی ئاستی هزری منداڵبوو! بۆیە تکام لێکردن لەبری ئەو مەسەلەیە گۆرانییەکم بۆ بڵێن، بەڵام لێم تووڕەبوون و یەکێکیان ددانەکانی چیرکردەوە و گوتی: بەسە، هێندە جاڕسکار مەبە» ئینجا ئەوی دی وتی: «هێندە تووڕەم مەکە ئەوجا!»

من لە تەمەنی هەشت ساڵیمدا سێ خواوەندم دەناسی. یەکیان خواوەندی باپیرم بوو، ئەوەی گوێڕایەڵی و نەر و بێ فیزی لێم دەساند، هەر چەندە من ئەو خەسڵەتانەم بە دەگمەن هەبوو، جا بۆیە باپیرم بە بەردەوامی ئەوانەی دەخستە نێو جەستەم. خواوەندی داپیرم میهرەبان بوو، بەڵام تا ڕادەیەک بێ دەسەڵات و بێ سوود بوو. خواوەندی چیرۆکەکانی دایەنەکەم گێل و بێبار و بەد بوو، هەرچەندە زۆر دڵخۆش نەبوو، بەڵام لە هەمووان خۆشتر بوو. دوای پازدە- بیست ساڵێک دڵشاد بووم کە هەندێ لە چیرۆکەکانی دایەنەکەم دەربارەی خواوەندە لە نێو کارەکانی ڕۆمانۆڤدا خوێندەوە: «چیرۆکەکانی بیلۆڕووس». بە گوێرەی چیرۆکەکانی دایەنم دەرکەوتبوو هەموو شتێک لەسەر ئەو زەمینە بێ مانا و فشەو گاڵتە

و ناڕەوا بـوون و دادوەرەکـــــان بەرتـیـل خـــــۆربـوون و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕاستیدا وەکو ئەوەی قەساب بوو لەگـەڵ گـۆلک، دەرەبەگـەکـان خـەڵکانێکی بێ ویژدان بوون، هەرچەندە زۆر زیرەک نەبوون، بەڵام بازرگـانـەکـان زۆر چاوچنۆک بوون. لەنێـو یەکـێک لە چیـرۆکـەکـاندا بازرگانێک پێویستی بە پەنجا کۆپیک هەبوو بۆ ئەوەی کـۆی پارەکـەی بگەیەنێتـە هەزار کـۆپیک، بۆیە ژنەکـەی خۆی و منداڵەکانی بە پەنجا کۆپیک فرۆشتە تەتەرەکانی نۆگـای. تەتەرەکـان پارەکـەیان پێـداو بۆ مـاوەیەک لێی گـەڕان هەتا پەلامـاریان داو بە دیلیـان گـرت و بەهەزار ڕۆبڵ و ژنەکەو منداڵەکانییەوە بردیانە نیمچە دوورگەی قرم. وابزانم هەر ئەوکات بوو چیـرۆکەکانی دایەنەکەم و گۆرانییەکانی داپیرم نیمچە دڵنیاییەکیان لە مێشکمدا چاند کە کەسێکی وا هەبوو توانای بینینی هێندە بەهێز بوو کـە هەمـوو شـتـێکی بێ مـانا و ترۆ و فـشـەو قـۆڕ ببـینێ، کەسێک بوو ئاشنایەتی لەگەڵ خوداوەندەکان و ئەهریمەنەکـان و قـەیـســەرەکـان و قـەشـەکـاندا نەبوو و کەسێکی زۆر زیرەک و ئازابوو.

تەمەنم لە دەوری هەشت ساڵێدا بوو هەستم کرد هێز و توانای وا بوونی هەیە. هەستەکەم لە ناخمدا گەشەی کرد لەلایەک بە ڕێگای ئەو جـیـاوازیـیـەی نێـوان چیـرۆک و گۆرانیـیـەکان و سـەختی ژیان کـە گـەمـارۆی دابووم و لە لایەکی ترەوە دەیخنکاندم و بەهەمـوو شـێـوەیەک ئازاری دەدام.

هەڵبـــەتە ئەو هێـــزە، هی دایەنەکـــەم نەبوو: بە پێچەوانەوە، هەمـوو ئەوانەی لە مـاڵەکەمـاندا بوون بە خەڵەفـاویان لە قـەڵەمـدابوو. تەنانەت داپیـرم، دۆسـتـە ڕاستەقینەکەی، زۆرجار پێی دەگوت: «بەڕاستی گەوجی، یێنیا!»

من لە نێـو کۆمـەڵە چیـرۆک و گـۆرانیـیـەکـانی داپیـرم هەسـتم بەو هێـزە کـرد. کـاتێ کـە ئەو گـۆرانی دەگـوت، داپیـرم حـەزی لێ نەبوو و هاواری دەکـرد: «دە بەسـە ئەو لوورە لوورە! تۆ یەک دانـە نوێژ نازانی هەی گێلە، کەچی هێندی مـووەکـانی سـەرت گـۆرانی دەزانی! ڕۆژێـک ئەو مووانە ببڕم ئینجا فێر دەبی»

بەڵام کـە داپیــرە لە مــاڵ دەردەچوو، یان خــەریکی کـارەکـەی دەبوو لە دووکـانەکەی نـاو حـەوشـدا، داپیـرە بەردەوام دەنگی قـــولاپەکـــانی دەردەهێنا و دەیگوت: «دەی، یێنیا، کوا گۆرانییەکانت؟ دەست پێ بکە دەی.»

نانیش بە دەنگە باریکەکـەی بلوێر ئـاسـا دەسـتـی پێ دەکرد، داپیرەش تینی دەدا گەرووی خۆی و بەشداری لە گۆرانی گوتن دەکرد.

بەکردار ناوەرۆکی سەرجەم گۆرانییەکانیان جیاوازبوون لەگەڵ ئەو شـتـانەی نانی و داپیرە و هەمـوو ئەوانەی لە مـاڵمـاندا باسیـان لەبارەیانەوە دەکـرد. بۆ نموونە هەندێ مـەسـەلەی نـاومـاڵ وەکـو چووزەدانی پەتـاتەی ژێر زەمین و بژارکـردنی و ئینجـا لەنێـو خـۆڵەمـێـشـدا هەڵگرتنی، هەروەها دەربارەی پارە قەرزکـردنی کـەسانێک لە باپیـرم بەرانبـەر بە شاڵی کـەشـمیری و مـلاکی زیو و دەربارەی مــێــرد نەکــردنی دایکم بە یاکــۆڤلیــڤی تاک چاوی سەعـاتچی، ویڕای ئەوەی سێ هەزار ڕۆبڵـیـشی لە بانک هەبوو، دەربارەی شـتـانی تر کـە باسـیـان لە خـۆشی و کامـەرانی ژیان دەکرد. گـۆرانییـەکانیـان بە پێچەوانەوە دەربارەی ژیانێکی پڕ لە سەختی و برسییەتی و کەساسی بوو، تا ئەمڕۆش ئەو دوو دەنگە لەرزۆکە کۆنەم لە بیرە کە شیوەنی بەلەم لێخوڕێکی ئازار چێشتوویان دەلاواندەوە:

**«دەرۆی ڕووبەڕووی ڕەشەباو تەوژم،**
**پێی خواس و ئەستوور و بە زگی برسی،**
**سۆڵ و پێی بەخوێن، هەمووی هەڵزڕاو،**
**یەک برە هەناسەت لە جەستە نەماو،**
**تەکانتان هەبێ و ورەتان بەرز بێ،**
**قەشە نیکۆلاس گوێت لە نوێژمان بێ،**
**بە پشتیوانیت شەو دەبەینە سەر**
**هاوڕێیان ڕاکێشن بە هەموو تینتان،**
**دەی ئێستا هاوڕێیان پێکەوە هەمووتان!**

ئەو نووزانەوەیان دڵـی توندکردم و وای لێکردم بقـیـژێنم و داوایان لێ بکەم ئەو گۆرانییە ڕاگرن.

نانی سـەرزەنشـتی کـردم و گـوتی: «بۆ ئەوە چی تێدایە بتترسێنێ؟ خۆ لە بارەی گورگ و شتی وا وەبیە.»

«قـەیناکـا، دەبا گـۆرانیـیـەکی خـۆشـتـر بلێـێـن» ئەوە پێشنیاری داپیرم بوو، بەڵام ئەو گۆرانییە لەوی تر خۆشتر نەبوو. پارچەی یەکەم جـۆرە گـاڵتـەو کۆمـیـدیایەکی تێدا بوو، بەڵام چونکە بەگرانی دەڕۆیی، وای لێهات خەمناکتر و بێـزارتر بێ. من هەڵبـەتە هەمـوویم لەبیـر نەمـا جگە لە پارچە پارچەی بچووک، دێڕێک لێرە و دێڕێک لەوێ. کە تەمــەنم لە دەوری پازدە نزیـک بۆوە، دەســـتـم کـــرد بە نووســینی وشـەی ئەو گـۆرانیــیـانەی کـە بەلای منەوە خۆشترین بوون، بەڵام دەفتەری تێبینییەکانم لە سەردەمی کـۆچەرێدا زوو بزر کـرد و دووانیـان لەگـەڵ زۆرێـک لە گـۆرانی کـازان و ڤـیــاتکا و چەند گـۆرانی تر لە لایەن

جەندرمەکانی (نیژنی نۆڤگۆرۆد)ەوە زەوت کران و نەیانگەڕاندنەوە. گۆرانییەکی جەردەو ڕێگران هەبوو کە زۆرجار دوو پیرەژنەکە دەیانگوت. من هەموو وشەکانم لەبیر نەماوە و دەشێ ئەوانەی لە بیریشمن شێواندبوومن، بەڵام لە هەموو گۆرانییەک خێراتر لەبیرم چەسپا، چونکە کاتێ داپیرم دەیگوتەوە پێی خۆی بە شێوەیەکی زۆر سەیر و بەسووکی لە زەوی دەدا و قولاپە بچووکەکانی دەقرتاند لەسەر کێشی گۆرانییەکە. من دزانم خۆش دەویست، باپیرم چیرۆکی خۆشی دەربارەیان دەگێڕایەوە بە ڕادەیەک کە وام دەزانی ئەو پەشیمان بوو بەشداری باندەکەیانی نەکردبوو، بەڵکو لەبری ئەوە بە درێژی تەمەنی ببوو بە ڕەنگکار. جارێک لە کاتێکی لەباردا لەو بارەیەوە پرسیارم لێ کرد. لە وەڵامدا وتی:

«ئاخر دزان لە سێدارە دەدرێن و قامچی خوارد دەبن» بەڵام وەڵامێکی دڵ قایلکەر نەبوو.

خۆ منیش لەسەر لاساری قامچی خوارد ببووم، وەلێ هێندەی تر لاسار بووم، ئەویش لەبەر ئەوە بوو ژیان هەرگیز دڵخۆشکەر نەبوو. ئەفسانە سەرسوڕهێنەرەکانی نێو چیرۆک و گۆرانییەکان یەکجار زۆر نەبوون، بەڵکو ئەوەی کە ڕۆژانە لەماڵی ئێمەدا ڕووی دەدا پڕبوو لە شتی هیچوپووچ و پڕ فڕوفێڵ و خێوی شەڕ و زۆر جۆری تری سەیر و سەمەرە.

لەژێر سۆپاکەی ناندینەدا «گەورەی ماڵ» هەبوو کە جنۆکەی ناو ماڵەکە بوو. داپیرم پێی وتم جنۆکەکە گیانەوەرێکی بچووکی زبری چاوسەوز بوو لە شێوەی ژووژک و بێچووە پشیلە بوو، بەڵام تەنیا دوولاقی هەبوو. بە ڕۆژ ڕەفتاری باش بوو، بەڵام شەوان هەڵدەخشا دەرەوە و جێی پێیەکانی لەنێو هەموو ماڵەکەدا دیاربوو و لەناو کۆگادا لە بنمیچی خانووەکەدا هاتوچۆ و یاری دەکرد و لەژێر دۆلابەو سندووقەکانی ناوماڵدا بەگشتی ڕاوەدووی مشک و جورجی دەنا، بەشتی قۆڕی ڕادەبوارد، بۆ نموونە خۆی بە مقاشەوە دەنووساند لەژێر سۆپاکەدا کەوا ئەستەم بوو بە ئاسانی ڕابکێشرێتە دەرەوە، هەروەها چەنگاڵی فڕنی دەخستە خوارەوە و قاپوقاچاغی گڵینەی دەشکاند و ماڵی پڕ کردبوو لە خشەخش و جیڕەجیڕ و قرچەقرچ و لەو جۆرە دەنگە تیژانە و هەمیشە بەدکار بوو.

من بڕوام بە جنۆکەی ناوماڵ هەبوو. ئەگەر لە نیوەشەودا وەئاگا هاتبام، هەر لەناو نوێنەکەم دەمامەوە و گوێم بۆ دەنگە دزانییەکەی مووچ دەکردەوە کە لە میانەی یارییەکانیدا دەبیسترا، چونکە پێشبینیم دەکرد بازبداتە سەر قەرەوێڵەکەمەوە و قدیلانەم بکاتەوە و گەزە لە لووت و گوێچکەکانم بگرێ. ئەو چرکانە هێندەی قەڵس دەکردم کەوای لێکردم جارێک پارچە ئاسنێکی نیو کیلۆییم خستە ژێر بالیفەکەم بۆ داکۆکی کردن لە خۆم، بەڵام ڕۆژێک بەیانی زوو بوو کاتێ کە بەرچامییان دەخوارد، گرمەیەک لە بنمیچەکەوە هات و شتێک کەوتە خوارەوە، یەکسەر گرمەیەکی تر هات، ئینجا هیتر....

یەکێکمان قیژندی: وای ئەوە چی بوو....؟

باپیرم ڕووی گرژ بۆوە و بە دەست خاچێکی لە سەر سینگییەوە نیشان کرد و دەستی دا پارچە شیشێک و چووە سەرەوە بەرەو بنمیچەکە و سەرکارەکەی (گریگۆری)یش بە دوایدا چوو و ئینجا ئەوانی دی هەموو بە جارێک مات و ترساو بوون. باپیرە زۆر بەخێرایی گەڕایەوە و بە تووڕەییەوە گوتی: «جنۆکەکە وا دیسان لەسەرەوەیە بۆ ئەنجامدانی کارە قۆڕ و ساختەکارییەکانی. سێ کەرپووچی ناو دووکەڵکێشەکەی لەقاندووە. کارێکی بەدفەڕە، دەزانن؟» کەچی ئەوەی کەرپووچەکانی لەقاندبوو من بووم، من لە شوێنی خۆیاندا هەڵمکێشابوونە دەرەوە، بەڵام لە نێوان هەندێ پارچەی دی قەتیس مابوون و نەکەوتبوونە خوارەوە.

ڕۆژێک بەر لە جەژنی قەشە پەترۆس بەڕۆژوو بووین، لە سۆنگەی ئایینەوە جۆرێک خواردنمان خوارد تایبەت بوو بەو بۆنەیەوە- شۆربای کەڵەم لەگەڵ کوارگی وشک و گاگۆز و کەڵەمی سوێرکراو. من حەزم لەو جۆرە خواردنە نەبوو، بۆیە چەند هێلکەیەکم قرتاند و وام کرد کارەکەم بەدکاری مشکەکان تێ بگەن، بەڵام هەڵبەتە من هێلکەی خاوم نەدەخوارد.

بۆیە بڕیارم دا شوێنێکی تایبەتی لەنێو دووکەڵکێشەکەدا دروست بکەم، بەو ئومێدەی هێلکەکانی تێدا ببرژێنم، بەڵام بەر لەوەی ئەو شوێنە تاقی بکەمەوە، جنۆکەکە خراپی کردبوو. ئەو کارەی بووە هۆی کوشتنی خۆی و منیش بڕوام بە بوونی جنۆکە نەما.

دەعبایەکەی ماڵەوە نەما، بەڵام جنۆکەی بچووکی دی مانەوە. بەدکارییان لە هەموو شوێن دەکرد: لەژێر زەمین و لە نهۆمی خوارەوە و لە کۆگاکەی بنمیچدا و لەنێو هەموو ژوورەکاندا. سەرپۆشی حەوزەکان و بیریان هەڵدەداوە و جورج و مشکیان لەنێو سوێراوکی خەیاریان دەخنکاند، پاڵیان بە پشیلان وەدەنا لەژێر پێی خەڵکدا و ئامرازی بچووکی وەکو مەقەست و کلیل و ئەمووستیلەی دورمانیان دەدزی و دەشاردەوە و وایان لە خەڵکەکە دەکرد لێرەو لەوێ بکەونە دوایان و لێیان بناورێنەوە:

«جنۆکەی جوان، ئەو شتەی تۆ یاریت پێ دەکرد، کوا؟ دە بیهێنەوە بۆم!» ئەو جنۆکانە شتی ئاسایی و بێ نرخ و بێ ڕەنگ بوون و منیش زۆر لێیان بێزار بووم.

ئەوان تەنیا لەنێو چیرۆکەکانی داپیرە پێکەنینخەر و خەمڕەوێن بوون، بەوانەوە ئەو دەیزانی چۆن چیرۆکێک ڕێک بخا، چیرۆکەکەش دەربارەی هەرچی با، وشەکانی تا ئێستاش جێگای خۆیان لە هزر و دەروونمدا کردۆتەوە. گۆرانی و هۆنراوە خۆشەکانی و هەروەها چیرۆکەکانی دایەنم (نانی)یش هانیان دام بۆ داهێنانی سەیر و سەمەرەی لەو جۆرە. نانی لە جنۆکان دەترسا و لە ترسی بۆق و مشک و بوونەوەری وا قێزەون دەیزیراند.

باپیرەش چیرۆکێکی لە بارەی کاری سەیر و سەمەرەی قەشەو پیاو چاکان دەزانی کە زۆر بە پەرۆشەوە دەیگێڕایەوە: جارێک قەشە جنۆکەیەک لەنێو قاپشۆرکەی ناندینەکەوە دەگرێ و سواری دەبێ و دەیفڕێنێ لە مۆسکۆوە بۆ فەلەستین بۆ ئامادەبوون لە فیستیڤاڵێکی ئایینی. ئەو ڕێگایە دوورە بە کەمتر لە ساتێک دەبڕێ.

جا ئەو گۆرانی و چیرۆکە میللییانە چیان پێ بەخشیم؟ من باسم لەوە کرد کە هەستێکم لا دروست ببوو کەوا گیانەوەرێکی ئەفسانەیی هەبوو، هەموو ئەو چیرۆک و گۆرانییانەی داهێنابوو.

دەشێ گیانەوەرێکی هێندە بەهێز نەبووبێ، وەلێ زۆر زیرەک و هۆشیار و ئازاو سەرکەش بووبێ و هەموو شت و هەموو کەس بەسەرکەشی خۆی بەزاندبێ. من ناوی دەنێم گیانەوەر، چونکە پاڵەوانەکانی نێو ئەو هەموو چیرۆکە میللییانە کە لەم چیرۆک بۆ ئەو چیرۆک دووبارە دەبوونەوە تەنیا یەک وێنەی لە هزرمدا پێک دەهێنا.

ئەو گیانەوەرە کتومت جیاواز بوو لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەگەڵیاندا دەژیام و چەند گەورەتر دەبووم هێندە ڕوونتر جیاوازیم بەدی دەکرد لەنێوان چیرۆک و ژیانی بێزراوی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە چاو برسییەو دڵڕەشەی کە هەمیشە تەنیا بۆ خۆیان دەنووزانەوە. لە نێو چیرۆکەکاندا خەڵک لەسەر قالیچەی ئەفسووناویدا دەفڕین و بە پۆتینی ئەفسووناویدا دەڕۆیشتن و بە ئاوی ئەفسووناوی مردوویان دەپرژاند و زیندوویان دەکردنەوە و بە شەوو ڕۆژێک چەندان کۆشک و تەلاریان قیت دەکردەوە و چیرۆک بەگشتی پەنجەرەیەکی بچووکیان بۆ کردبوومەوە بۆ ناو جیهانێکی تر کە هێزێکی تێدابوو ئازاد و بێ ترس کە دەیویست ژیان خۆشتر بکات و بەو پێیەش ڕەفتار بکات. خاڵێک کە پێویست بە گوتن ناکات ئەوەیە هۆنراوەی زارەکی خەڵکانی کارکەر لەو سەردەمەی کە کرێکار و شاعیر یەکبوون و هەمان کەس بوون، ئەو هۆنراوە نەمرەی کە ئەدەبی نووسراومانی هێنادی زۆر یاریدەدەرم بوو بۆ پەی بردنم بە سیحر و دەوڵەمەندی زمانەکەمان.

تەمەنم لە دەوری دوازدەدا بوو کە پرسیارم لە باپیرم کرد ئەو جنۆکانە لەنێو قاپشۆرکەی ناندینەکەدا چییان دەکرد؟ جنۆکە ماسی نەبوو و بێ گومان حەزی لەناو ئاو مانەوە نەبوو. ئەوجا ئەگەر جنۆکە بوونەوەرێکی نەبینراو بێ، چۆن دەگیرا و سواری دەبوون؟ مەسەلەکە ئاڵۆز و نادیار بوو. ئێستا لەنێو چیرۆکدا دەبێ بەو شێوەیە بێ: لەوێ خەڵک بە قالیچەی ئەفسووناوی دەفڕین و بە پۆتینی ئەفسووناویش دەڕۆیشتن...

باپیرم لە وەڵامدا گوتی: «چەند گەوجی». لە دواییدا شەپازللەیەکی لێدام و لە ژوورەکە دەری کردم. من تازە کەوتبوومە کار وەکو شاگردێک لە کۆگایەکی پێڵاوان کە دەستەکانم لەوێ بە شۆرباى کولاو سووتا، داپیرم بۆمی بەستەوە و وردە وردە بەرەو چاکبوونەوە دەچوو، بەڵام خورانی پێستەکەم زۆری ئازار دەدام. وەبیرمە تاوی دا دەرەوە بۆ نێو هەیوانەکە و لە دەرگا ڕاوەستام بەر لە چوونە حەوشە باران بە تەوژمێکی ئەوتۆ دەباری کە پەردە ئاسا دەرگاو حەوشەکەی لێک جیا کردبۆوە.


دەستە بەستراوەکانم خستە ژێر بارانەکەوە کە دەسبەجێ خورانەکەی دامرکاند و ئازارم نەما. دەشێ هەر ئەو دەم بووبێ کە ڕێزم بۆ باپیرم و بایەخ و ئارەزووم بۆ سەیر و سەمەرە و ئەفسانەی قەشەکان نەما. پاڵەوانەکانی چیرۆکە میللییەکان لەلام. زۆر بەچێژتر کەوتن دوا بە دوای ئەوەی ژیانی قەشەکانم خوێندەوە تێگەیشتم ئەو ئەفسانانەی لە کڵێساوە دەردەچوون لە کۆنەوە لە چیرۆکە دێرینەکانیان وەرگرتبوون، ئینجا لێرەدا هەروەکو لە هەموو شتی تردا ئەندامانی کڵێسا لەسەر حیسابی تەندروستی و هزر و هێزی داهێنانی خەڵکانی کارگەر دەژیان.

**سەرچاوە:**
**کتێبی Maxim Gorky on Literature**

# ئاوازی نوێ، شیعری نوێ لە دەڤەری هەورامان

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(بەلخە - هەورامان)

هەڵبەتە ئەو کاروانە شیعرییەی لە دەڤەرەکانی دی ئاریزانتەکاندا سەری هەڵداوە، ئەوە نیشانە و بەڵگەی زیندووی ئەم نەتەوەیەی ئێمەن، کە لەو ساتەوەختەوە تا ئەمڕۆ کە بەرەو هەزارەی سێیەم دەڕۆین و دنیا بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، ئەو کاروانە نوێخوازەی شیعری وڵات بەرەو نوێتر هەنگاو دەنێت، دیارە هۆرامانی مێژینە و ئاهورایی، لەو دەلاقە ئەدەبییە، لە ڕەوڕەوەی شیعری نوێدا دوانەکەوتووە، بە هەورامانی بەرگری لەو فەرهەنگ و کولتووره کردووە. عادل محەمەد پوور لە کتێبی شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکاندا لەلاپەڕە «١٠٤»دا دەڵێت: (ئەگەر ئەو هۆرامانە نەبوایێ تا ئێستا هەندێ لە ئاسۆی مێژووەکەمان نادیار و پێوار دەمایەوە، ئەم مەسەلەیە تەنیا شیعر و کەلەپوور ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ چەمکی شارستانیەت و مەدەنیەت مەزاتی تری ئەمڕۆی ئەگرێتە خۆ)«١» کەواتە ئاوازی گۆرانیش هارمۆنییەکی تەواوی ئەو شیعرانەیە، کە لەو وەختەوە ئاواز، یان شیعر، بەشێوەی مەبەست بە هەردوو بابەتەکە دەدات، چونکە سۆز و ئەوین لە ئاواز و شیعرەکەدا ئاوێتەی یەکدی دەبن، ئەگەر وانەبێ ئەوە نە ئاوازەکە، نە شیعرەکە، نابنە تەواوکەری یەکتری، بەڵکو دەبێ هەردوو بابەتەکە لەناو یەکدیدا بتوێنەوە، کەواتە شیعری نوێخواز، لەگەڵ ئاوازی سەردەم هاوواتای یەکترین. دەبێت ڕەگەزی هونەری «شیعر و مۆسیقا» لە یەک ئاستی هونەریدا بن، ئەوەش کەوتووەتە سەر هونەرمەندە گۆرانیبێژەکە. دەبێت چ هونەرمەند و چ شاعیر هەردەم لەبیری پێشکەوتنی ئەو هونەر و ئاوازانەدا بن، لەکوێوە سەرچاوە دەگرن و چۆن پەرە بە هونەری ڕەسەن دەدرێت، تاوەکو هونەری شیعر و ئاوازی



عوسمان هەورامی

نوێ نەبنە بناغەی هونەری سەرکەوتوو.

لەم ساڵانەی دواییدا، واتە لە هەشتاکاندا شیعری نوێ لەگەڵ ئاواز و گۆرانیدا هاتە مەیدانی نمایشەوە، کەواتە هەر لەو ساڵانەدا پێشتریش شیعری نوێی هۆرامان لەلایەن مامۆستا «ئوسمان هەورامی» شاعیرەوە بناغەی نوێبوونەوەی شیعری نوێخوازی دارشت، کە لە ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٢ز) یەکەم بەرهەمی شیعری نوێخوازی خۆی نووسی و بەمەش بوو بە بناغە دارێژی قوتابخانەی شیعری نوێخوازی هۆرامان، ئەمەش نموونەیەکە لەو شیعرە نوێخوازەی کە لە ساڵی (١٩٧٢)دا لە شاری (تەوێڵە) دایناوە، بەناوونیشانی (ئێر و دڵی)، کە من بە ئاوازی خاو ئەم شیعرەی مامۆستا (ئوسمان محەمەد هۆرامی)یەم کردووە بە گۆرانی، ئەمەش نموونەی شیعرەکە، کە دەڵێ:

**(هۆرامانا**
**ئێر و دڵو گردیمانا**
**شۆق و کڵپە و ئاتەشگەکا**
**مژدە و پەشتا و پەشتیمانا**
**گۆرەتەرین نیتراتییا**
**بانگەوازە فرە ڕۆشنکەر و**
**تاخە پاکە و یەزدانییا،**
**ئایرمانا**
**سەیرانگە و میتراییناسان**
**دڵما گەسا، وەشیمانا**
**سەرانسەر تادما هەناسە**
**مەڵبەند و گرد پاک و خاسان**
**قوچە گەشە و ئارمانی**
**هەر ئاهەنگاو شادمانی**
**هەردەم گەشگەش**
**گەشە کەرو**
**چەنی ڕوزگاری و دۆرانی**
**پەیام یاونو**
**مژدە مژ و،**
**لووتکەی سەرکەشمانا ڕووگەو**
**واتە و پەیامی نوورانی،**
**جەسەر زەمینی پیرۆز و**
**پەیاپەی، پەی گشت جیهانی**
**ورشە و سەرچەمەی ڕۆشنی**
**بانگەوازا**
**کۆڕ و پیرا ئوورومونی**
**ناڵەشا وەشتەرین سازا!**
**هەرپا ڕازە شیرینەنە**
**ئەشقما پەڕاو**
**جە وینوگەی گەشوینەنە**
**چریکەما بەرز و سەروازا)**«٢»

دیارە ئەم هۆزانڤانە مامۆستا (ئوسمان محەمەد هۆرامی) ئا لەو ساتەوەختەدا بە دەستپێشخەری دەڤەری هۆرامانی ئاهورای دادەنرێ، ئا لەو چەمەنە جوانەی خانەقاو چلانەی واراوەر و مالێدەری ئاویسەر و دەرە و تەرتیب داراوەری بانگش هوردا.

دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ئەو قوتابخانەیە لە شاری تەوێڵەی دەرەی (تەرتیا) سەری هەڵدا و پەلی بۆ گوند و شار و شارۆچکەکانی هەورامانی دەلال هاویشت. لە گوندی دزڵی ئەستێرەیەکی تر سەری هەڵدا، ئا لەو دەربەندەدا مامۆستایەکی تری لێهاتوو خامەی ڕەنگینی خۆی تاودا، بە هۆزانی نوێخواز کتێبێکی بەناوونیشانی (هورپرای گەچ و تەختەی) بلاوکردەوە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا (١٥) هۆنراوەیە، بەشی دووەمی کتێبەکە (١١) هۆنراوەیە، ئەم کتێبە لەساڵی (١٣٨٣)ی هەتاویدا لە سنە چاپ کراوە، لەلاپەڕە ١١-١٢ دەڵێت:

**(من وەڵاتم تەوەرگەنە**
**- شەماڵ و ژیان!**



**کولسووم عوسمانپوور**

**بێڵوو**
**بوغزێ مەراقێنێ و**
**جە هەناسە و بەزمێ پوویای**
**هۆرمەیاوە**
**من وەڵاتم تەوەرگەنە**
**باڵا ڕامایم لێزمە کۆن و**
**بریناوێم! دەنگ و باسێ**
**- شەماڵ دژیان!**
**زەڕە و زەنگوو تەلەفوونی**
**مەمەی تاسیا**
**زۆقمو دەسو نامەبەری**
**پروو کنەرو خەڵقە و ڕەنگی**
**ئێ ڕەقەنە**
**کوا ریشە**
**کوا سۆزو**
**کوا گەڵان؟!**
**- شەماڵ دژیان!**
**گۆراڵێوە؟!**
**جە گۆراڵێ!**
**چەمە برکێش تەمەرێژە،**
**تیکەی گیریان**
**سیاچەمانەیچ**
**- شەماڵ دژیان!**
**سەمەر ڕێزا دووره وەڵات**
**سەمەر ڕێزا،**
**من وەڵاتم تەوەرگەنە**
**هەوره تریشقەن**
**دەسگیرانە!!**
**- وەهار دژیان؟!)** «٣»

ئەم شیعرەی مامۆستا ڕووف مەحموود پوور، هۆنراوەیەکی نوێیە، لەگەڵ ئاوازی نوێ و گیانی سەردەم و دەنگی ناسک و هەستی نیشتمانپەروەری و موزیکی هاوچەرخ فره بە باشی دەلوێت. من کردوومە بە گۆرانی، ئەگەر هەنگاوی باش بۆ نوێبوونەوەی ئاواز و هۆزانی نوێ بنرێت، هونەرمەندە دڵسۆزەکان بە ئاگاییەوە گوێ لەو هونەره بگرن، ئەوە بێ گومان ئەو هونەره لە کاروانی چەقچەقەی ژیواری دواناکەوێ، ئەگەر هۆنراوەی هەورامان بەش بەش بکەین، ئەوە ئەو دیاردەیە بە چەند قۆناغێکی جیا جیا ڕەگوڕیشەی لە وڵاتی ئاریان واچدا داکوتاوە.

شیعر لە دەڤەری هەوراماندا بەسێ قۆناغی جیاجیا سەری هەڵداوە، ئەوەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کە هەورامان لە ڕووی جوگرافیاوە جێگایەکی زۆر دێرینە، بۆیە شیعری بە سێ، یان چوار قۆناغی جیاجیا دەست پێ دەکات. لە کتێبی عادل محەمەد پوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، لە لاپەڕە (٣٣-٣٧) دەڵێت: (ئەلف، هەڵبەستێ هیجائی هورمزگان توێژەرانی ئەم دەقە سوورن لەسەر ئەوەی کە بەسەر پێستە ئاسکێک نووسراوە، بێ گومان ئەم دەقە پێگەیەکی ئەستووره، بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نوویسیاری کوردی، بۆ ئەوەی هەڵگری تۆخمی «کرکە» پرەنسیپی ڕەسەنایەتی شیعری کوردییە:

**هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە گەوره گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور**
**گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور**
**شەن و کەوێکان وەدیل بەشێنا**
**مێر و ئازا تلێی وەڕووی هونینا**
**ڕەوشت زەردەشترە، مانۆ وە بێ کەس**
**بەزیکا نەیکا، هورمز وەهیچ کەس)** «٤»

ئەم ڕاوبۆچوونانەی کە لەسەر نووسین، بەتایبەتی لە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا نووسراون هەر هەموویان بە

پێـــچـــەوانەی ئەم ڕاو بۆچوونانەن، چونکە نووسین لە سەردەمی سەلجووقییەوە سەری هەڵنەداوە، بگرە نووسین پێشتر هەبووە.

لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: (ب، ماریفەت و پیرشالیاری، پیرشالیار لە موغە زەرتوشتییەکانی هۆرامـــانی تەخت بووە، هەڵگری هەندێ ســـرووت و تقووسی، ئامۆژگاری و ئەخلاقی تەنانەت نهێنی:

**گۆشت جەواتەی پیرشالیار بۆ**

**هۆشت جەکیاستەی زانای سیلاربۆ)** «٥»

دیارە ئامـــۆژگـــاری دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیـــان پێوەندی بە فەلسەفەی ئەو زانا و سیما و موچیاری کەرانەوە هەیە. لایەنی دووەمیان پێوەندی پەیامێکە بۆ هۆشیاری ئەو مرۆڤانەی دەوروبەر، بۆ ئەوەی لەسەر یاسا و دەستوور، ئەو ئامۆژگارییانە جێبەجێ بکەن.

هەمان سەرچاوەی پێشوو دەڵێت: (ج، ئوورامن، یان فەهلەویات (پەهلەویاتی) بابا تاهیر، سەدەی چوارەمی کۆچی: ئورامن چەشنێک وتنەوە و گۆرانییـەک بووە بە پارسییەکان، کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی هێجایی پەهلەوی، فەهلەویات کۆنترە لە زانستی کێش ناسی عـەروز بوون، کـە پاش ئیسـلام زانا عـەروزییەکـان بۆ ئەوەی پاساوی شیعری عەروزی بدەنەوە لەسەر تەفعیلەی مفاعیلین، فعولن (ب---، ب---، ---ب-) بەحری هەزەجییان داناوە...) «٦».

بەڕای من هەر میللەتێک زووتر نیشتەجێ بووبێ، ئەوە دیارە باری ژیاری و شارستانیەتی کۆنترە، هەروەها ئایینی ئاسمانی بۆ هاتبێ، یان پەیامبەری بۆ هاتبێ، ئەوە ئەو مـــیللەتە زیاتر بە یاسـا و دەســـتـــوور و دابونەریتەوە پابەند دەبێ. ئەو سێ قۆناغە بە سێ ڕەنگی ناو بەفر و ئاو و باخـات، دواتر دارستـان چرۆی کـرد و شیـعری نوێ و ئاوازی نوێ هاتە مەیدانی ژیان. دیارە هەورامان هەر لە زێد زادەی مرۆڤی کەژی شاهۆ و دیرۆکە دێرینەکەیەوە، تا ئەمرۆ مەڵبەندی فەرهەنگ و کولتووری هەزاران ساڵەی ئاهورا مەزدا بووە، چونکە دەتوانم بڵێم هەموو قەواڵە و قەرانپووەکان لە هەورامانەوە لەنگەری گرتووە.

لە کتێبی گرێ شیعری، کولسوم عوسمان پوور، لەلاپەڕە (٥٢- ٥٤)دا دەڵێت:

**(پلووسکەوارانی،**

**خواڵە گیان**

**چوار فەسڵەکەت**

**یۆ شۆنەو یۆی**

**چی وازم چەند نمارا**

**وەهار مێ**

**هەر ژەرەژێ**

**جەسەر کلاوەکا چرا**

**سەرپۆش و شەرم و من دڕا**

**پلووسکەوارانی سپەرێم**

**چۆپی دەشۆ**

**بە شمشاڵە و کوڕە سەر شێتەو وەهاری**

**هەر هور پڕا**

**هامن، قاقرە و بێ کەسین**

**هەرمەڵێ و هەنجیر و هەنار**

**گەلاوێژە هەواڵێتو**

**هەسێڵ و نامی فێنکین**

**پاییز ئامان و خەم زیان**

**دوور بۆ جە تۆ**

**دوور بۆ جە تۆ**

**سنجەی و نەرەو مرۆ و دڵیچم بێزیان**

**تاجێوە زەرد و سووری شیعری پاییزی**

**خاتوون و زاماش ڕازنان**

**هۆ هۆ، کوڕە سەیادەکە**

**زمسانو تۆن**

**مزگانیێ هەزار هەزار**

**یا پیر خدری هەورامی**

**زمسانو دووری تۆ بلۆ**

**گنمێ وەهار)** «٧»

ئەم شـیـعـرە باسی چوار وەرزی ســاڵ دەکـات، چۆن هەریەک لەو وەرزانە، بە جۆرێ ئاڵووالای خۆی دەنوێنێ، تا سەری دووری ئازیزان لەسەر خەندەی لێوی خاتوونان دەتۆرێنێ. دیارە واتای هۆزان لەواتای ڕاســتـەقــینەی بوونەوە، بەرەو ئاقــارێکی چاک دەبات، ئەگــەر واتای هەبوون، لە شیعردا بە واتایەکی ڕاستی بێ، نەک بەرەو هەڵدێرێکی وا کـە مـانای بوونیش لە هەبوونەوە، بەرەو نەبوون بکات، بەڵام ئەمەش دیارە لە هونەری واقیعبینانە هەرگیز نابێتە ئاوێنەی ڕاستەقینە، تا ئەو وێنانە، بەرەو ئاقارێکی ڕاستیـودروستیـدا نەڕوات، ئەگەر نمایشی

نەتەوەیی لەناو شیعردا، بەرەو هەبوونێکی ئامانجدار تێپەڕ بکات، ئەوە شیعر دەبێتە پایەیەکی گرنگ بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، دیارە ئەو کۆمەڵانەی هەروەکو ئامـاژەم پێدان زووتر نیشتەجێ بوون، زیاتر هونەروفەرهەنگیان پێش دەکەوێت. کە ئەمەش هەبوون و حەتمیەتی بوونی شیعر لە هەوراماندا زیاتر پتەو و پێگەدارتر دەکات.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٤٣) دەڵێت: (یاسا یاسایەکی کۆنکرێتی و واقیعی نییە، لێرەدا یاسای خودی «بوون»ە، واتە «بوون» هەمیشە خاوەنی مەرجی خۆیەتی بۆ دەرکەوتن، مرۆڤ دەبێت بە یاساکانی«بوون»دا بڕوات. نەک «بوون» بە یاساکانی خۆیدا بڕوێنێت)«٨»

دیارە ئاواز و شیعری نوێ بە پێی یاسا دەبێت، ئاوازی گۆرانیش لەگەڵ هەموو جۆرە شیعرێکدا دەگونجێت، بەڵام شیعری وا هەیە لەگەڵ ئەو ئاوازانەدا بە ئاسانی نۆتەی موزیکی بۆ ناکرێت، بەڵام ئامێری تەنبوور کە دیرۆکی زۆر کۆنە. لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٥) مەنوچێهر جیهانی دەڵێت: (مەقامەکانی تەنبوور لە دوو بەش پێکهاتوون:

١- مەقامەکانی کەلام، یان نەزمی حەقانی.

٢- مەقامەکانی بێ کەلام، یان باستانی.

مەقامەکانی کەلام ئەو «٧٢» مەقامەن، کە بەشێوەی سەمبولێک لە ڕابردووەوە ماونەتەوە تەنیا بە تەنبوورەوە لێ دەدرێن و بەپێی جۆری بۆنە و مەجلیسەکە لەگەڵ شیعرگەلی هیجایی لە وەسفی پێغەمبەران و ئەولیا و پیاوچاکان لە ڕێوڕەسمی زیکرخوێنیدا جەمخانەکان پێشکەش دەکرێن...)«٩».

هەروەها ئامێری تەنبوورە، لەسەر مەزاری پیرشالیاری زەردەشتی (بەتایبەتی لەو جەژنەدا (٣٥) ڕۆژ زستان دەمێنێ، هەورامییە دانیشتووەکانی ئەو دێیەی کە گۆڕستانی پیرشالیاری تێدایە، لە خانووەکەی خۆیدا هەموو ساڵێک سێ ڕۆژ جەژن دەکەن، خواردن ئەو خواردنەیە کە لەو سەردەمەدا خواردوویانە وەک گۆشت و برێش)«١٠»

ئاوازێکی خۆم بە شیعری نوێ، خۆم کردوومە بە ئاواز لەگەڵ ژەنینی لولێو و دەف، ئەو ئاوازە دەچڕم ئەمە چەمکی شیعری خۆمە بە ئاوازی نوێ دەیڵێم بە ناوونیشانی نەووەهاری نۆ:

**(نەو وەهاری نۆ**
**پەی دیاو تۆ ئامانی**
**دیم کناچێوە واچێ!**
**ئیساڵ ئەژاڵە کەزەنێ**
**ولی هانا سەوزە نییەن**
**کەش و کۆسار تاراش نیا**
**ئەرێ ئازیز**
**چرپە و ناڵە و بووە و هەناسەیت خەمێوی نامۆن**
**ئەرێ ولە هەنار!**
**چی پیسە و جارا گوڵت سورنیا**
**ئۆخەی بووە و هانا**
**ئیساڵ کە مێو واران وارا**
**بن درەختەکاش کەردەن هەڕە**
**ئی باخانێ**
**ئاسمان پەیشا گرەۆ**
**پەی بێ وارانی**
**هەورامان وێرانا**
**هەراو هوریا**
**گیان لەرزانە**
**ئەچی باخانە**
**چی فاریان؟**
**قریوە و هەرزەکارا تەرپوونیا**
**لارە و لەنجە و کناچا**
**تاسەی بێ هامتا**
**ئی هۆرامانە**
**باخەوانیش نییا**
**کناچێ پیسە و جارا مەچڕا گۆرانی واچێ**
**ئی هۆرامانە**
**خولیا و گرد و دنیای**
**کەچی وشکاو**
**دڵ مەردەن**
**گەڵاو وەهاری**
**پاییز خەزانا)**«١١»

دیارە ئاوازدانان ئەوەندە کارێکی سانا نییە، هۆزان دانان بۆ ئاواز کارێکی ئێجگار زەحمەتە، هەروا ئاواز و شیعر ئامێتەی یەکدی نابن، ئەگەر ئاواز لەگەڵ هۆنراوەکەدا هاوتای یەکدی نەبن، دیارە هونەرمەندی

ڕەسەن ستایلی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها دەبێت هونەرمەند ڕۆشنبیرییەکی تەواوی هەبێت، چاک شارەزای ئاواز و گۆرانی ئەو ستایلەی خۆی بێت. دەبێ بە گیانێکی نێونەتەوەیی لە ئاوازەکاندا نوێکاری بکرێت، هەروەها دەبێت ئاگامان لە جۆری ئەو ئاوازە بێت، کام جۆرە شیعری لەگەڵدا بەکاردێت. نابێت ئاوازەکە هی میللەتانی دی بێت، هەروەها ئاگامان لە ڕەسەنایەتی ئاوازەکە بێت، مەرج نییە ئاوازەکان هەر فولکلۆر بن، بەڵێ فۆلکلۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر لەو تایبەتمەندییە لای دا، ئەوە ڕەسەنایەتی نامێنێت.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٥) لەلاپەڕە (٣٣)دا دەڵێت: (گۆرانی سەرکەوتوو بە چوار ڕەگەز دەبینم: دەنگی خۆش، وشەی خۆش، ئاوازی خۆش، ئەدای چاک)«١٢» بەڕای خۆم گۆرانی دەبێ یەکەم جار هەڵقولاوی ناو جەماوەر بێت، ئەدای جوان لەلایەن موزیکژەن و گۆرانیبێژەکەوە بەهەردووکیان ئەدای بکەن، واتە تای تەرازوو لاسەنگ نەبێت، شیعری شیاو بۆ گۆرانی شیاو هەردوو بابەتەکە تەواوکەری یەکتری بن. لەسەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: (ئێمە کلاسیکمان هەیە، ئەو کلاسیکانە بەلای منەوە بریتین لە لاوک، بەیت، حەیران، قەتار و ئەڵڵاوەیسی و سیاچەمانە و هۆرە، ئەو شتە کلاسیکییانە بەڕاستی نەمرن، لە هەموو زەمانێکدا دەست دەدەن و وەکو ئۆپێرا و موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا وان، ئەوەش جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە)«١٣»

هەرچەندە ڕۆژئاوا لەم سەدانەی دواییدا هونەر و ئاوازی گۆرانی خۆیان پەرە پێ دا، بەڵام هونەر و ئاوازی ئێمەی ئاریان زەمین چەند سەدە پێش ئەوان، چ لە ڕووی هونەرەوە پێشکەوتوون، بە تایبەتی گۆرانی بەرزە چڕمان وەک سیاچەمانە و هۆرە، چ شیعرمان کە ئاماژەم پێدا قۆناغ بە قۆناغ زەمینەی خۆی سازاندووە. هەرچەندە ئەم ئاواز و شیعر و گۆرانییە ئێستا، لەلای زۆر هونەرمەندان لە ستایلی خۆیان لایان داوە، ئەمەش هەر لەناو میللەتی ئێمەدا ئەم دیاردەیە ڕووی نەداوە، بگرە لەناو میللەتانی جیهاندا زۆر بە تەواوی ئەو هونەرەی خۆیان لەدەست داوە، بەڵام هونەری سیاچەمانە و هۆرە و لاوک و حەیران، ئەمانە قوتابخانەی بنەمای سەرەکی ئاریزانتەکانە، لەو ساتەوەختەوە تا ئەمڕۆ ژینگەی خۆی پاراستووە و لە دەستی نەداوە..

نموونەیەکی تری ئاوازی نوێ بە شیعری نوێ بەدەنگی هەموو هونەرمەندێکی ڕاستەقینە ئەم شیعرە دەکرێت بە گۆرانی، ئەمەش چەمکی شیعرەکەیە کە دەڵێت:

**(ئاواز و ئێمە وەشتەرا**
**داستانیوی هەورامانین**
**بڵێسە و سوزیوی پاکا**
**گڵوە و سیاچەمانە چڕی پاکتەرا**

**جە هەوار و ئاتەشگەدانە**
**بە ئاشنایی هەورامانیم**
**بەدەنگی بەرز ماچۆ سیاچەمانە**
**سەرچە و عەشقیمانە ئی هۆرامانە**

**گۆرانی یەزن یەزنی بژنەوە**
**واتە و واچەی زەردەشتیا**
**پەند و موچیاری هورمزگانە**
**کڵپە ئێری ڕۆشنایمانە**

**ئەی حاوای ئاتەشگاکەم**
**سەراپا و یانەم وێرانەن**
**جە ناحەقی ئی دەسەڵاتیە**
**گۆرانی ئێمە کەم مژنەوینە**
**ئینا سوقاتیوی خەمینەنە**
**بە سۆزیوی عەشقی پاکی**
**ئی گۆرانیێ ڕاز و نیازا**
**بەگڵوە و گۆرانی واچی خاسی**
**ئاسۆ پەی ڕۆجیاری مرماتا)**«١٤»

ئەم شیعرە بۆ ئاوازی نوێ، بۆ هونەرمەندی ئاوازدانەر، بۆ ئەو کەسەی کە گۆرانییەکە دەڵێ زۆر وشەی جوان، زۆر ئەدای جوانی تێدا بەدی دەکرێت، ئەم شیعرە بۆ ژینگەی خۆی، بۆ سۆزی دەروون، بۆ هاواری ناڵەی بڵندی سەرکەش، ئەم شیعرە بۆ پۆلێن کردنی ئاوازەکە فرە بە چاکی دەلوێ، گۆرانیبێژ بە ئاسانی دەتوانێ شیعرەکە لەگەڵ ئاوازەکەدا بڵێت، چونکە برگەکانی کورتن، هونەرمەند زۆر ماندوو ناکات.

هونەری گۆرانی نابێت هەر لە بارێکی کەمدا بمێنێتەوە

و گەشە نەکات، دەبێت هەوڵ و کۆششی هونەرمەند و دەسەڵات تەواوکەری یەکتری بن، ئەگینا هونەر بەشێوەیەکی گشتی گەشە ناکات. لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٥)دا دەڵێت: (ئەگەر سەیری مێژووی ئەورووپا بکەی لە دوای تەمەنە تاریکەکان و ئەمانە وردە وردە ئەورووپا لە خەو هەڵسا و ڕێنیسانس دەستی پێ کرد، ڕێنیسانس بەمانای دووبارە لە دایک بوونەوە و ڕابوونەوەیە..)«١٥».

نابێت هونەرمەند، یان شاعیر خۆی بە ئاستێکی کەم بزانێ و گۆشەگیر بێت، دەبێت زۆر چاپووک و زۆر چالاکانە کار بکات. نابێت هونەرمەند سەرلێ شێواو بێت، دەبێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی هونەری سەربەرزی نەتەوەکەی پلە و تایبەتمەندی بەخۆی و هونەرەکەی بدات. لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٤٣)دا دەڵێت: (لە ڕاستیدا دەبێ مرۆڤ گوێ بۆ مۆسیقایەک هەڵبخات کە (چرکەی مۆسیقایی، لەلا دروست بکات)«١٦».

ئەمە پوختەی ئاواز و شیعری نوێ بوو کە دەبێت زۆر بە سانایی هونەرمەند لەگەڵ هەموو بوارەکانی شیعر و هەموو جۆرەکانی ئاوازدا سەودا و مامەڵەی چاک بکات.

**سەرچاوەکان:**


**١- عادڵ محەمەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨ز، ل١٠٤.**

**٢- عوسمان محەمەد هۆرامی دەسنووس، ساڵی ١٩٧٢ز.**

**٣- ڕەووف مەحموودپوور، هورپڕای گەچ و تەختەی- چاپی یەکەم- سنە، ساڵی ١٣٨٣ هەتاوی، ل١١-١٢.**

**٤-عادڵ محەمەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨ز، ل٣٣-٣٧.**

**٥- محەمەد مەلا صاحب، کتێبی پیرۆزی پیرشالیاری زەردەشتی، چاپی یەکەم- سلێمانی، ساڵی ١٩٧٠، ل٧.**

**٦- عادڵ محەمەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨ز، ل٦٧.**

**٧- کولسوم عوسمان پوور، گرێ شیعر، چاپی یەکەم، سنە، ساڵی ١٣٨٣ هەتاوی ل٥٢-٥٤.**

**٨- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ١٤٣، ساڵی ٢٠٠٩ز، هەولێر.**

**٩- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ١٤٥- وتاری (تەمیرە) مەنوچێهر جیهانی، ساڵی ٢٠٠٩ز، ل١٤٣-١٤٥.**

**١٠- محەمەد مەلا صاحب، کتێبی پیرۆزی پیرشالیاری زەردەشتی، چاپی یەکەم- سلێمانی، ساڵی ١٩٧٠، ل١١.**

**١١- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، شیعری نوێ، چاپ نەکراوە.**

**١٢- گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٤٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند هۆمەر دزەیی- ساڵی ٢٠٠٩ز هەولێر، ل٣٣.**

**١٣- هۆمەر دزەیی، سەرچاوەی پێشوو- ل٣٥-٣٦.**

**١٤- دارا محەمەد عوسمان، شیعری نوێ، چاپ نەکراوە.**

**١٥- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ١٤٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆمەر دزەیی، ساڵی ٢٠٠٩ هەولێر، ل٣٧.**

**١٦- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ١٤٣، سەعید سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩ز. هەولێر، ل١٢٦-١٢٩.**

# تیۆرەکانی واتا

لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)

ڕۆژئاوابییەکان تیۆرگەلێکیان لەبارەی واتاوە هێناوەتە ئاراوە، کە وەسفی واتا و شرۆڤەیەک بە سروشتی واتا دەدات، لەهەمان کاتیشدا ڕاڤەی بۆ چەندین جۆر دەکەن، کە ئەمیش بەپێی چەند پێوانەیەکی هەمەجۆر، جا ئەمانە چەند تیۆرێکن لەو تیۆرانە: (تیۆری هێما، تیۆری ڕەوشتکاری، تیۆری بەکارهێنان،... تاد)، ئێستاش هەر یەکە لەم تیۆرانە باس دەکەین:

**١- تیۆری هێما**

ئەم تیۆرە بۆ چەند بنەمایەکی فەلسەفی و لۆجیکی و سایکۆلۆژی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە تیشک خستنەسەر لایەنەکانی ئەم تیۆرە پێویستی بە ناسین و زانینی هەندێک چەمکی فەلسەفی و لۆجیکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١-١: پلەکانی بوون**

فەیلەسووف و لۆجیکناسان لەسەر ئەو ڕایەن، کە بوونی شتەکان لەچوار جۆردا بەرجەستە دەبێت:

أ - بوونی هزری، ئەمەش بوونی ئەو شتەیە کە لە هزردا باسی لێ دەکرێت، کە لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێت، کە ناوهێنانی وشەی (مرۆڤ) وات لێ دەکات، وێنەیەکی ڕەها و ڕووتی ئەو شێوانەت لەلا پوخت بێتەوە، بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە ژیانتدا بینیوتن.

ب - بوونی دەرەکی شت، ئەمەش لەجیهانی دەرەکیدا بۆ نموونە بوونی تاکەکانی مرۆڤە بەهەموو ڕەگەز و ڕەنگ و شێوە و ڕواڵەتەکانیانەوە.


ج - بوونی زارەکی: ئەمەش بوونی دەنگەکانی ئەو وشانەیە، کە ئاماژە بۆ وێنەی هزری دەکەن و لە هزر و مێشکدا بانگهێشتی دەکەن، بە هۆی ئەم دەنگانەوە لە جیهانی دەرەکیدا ئاماژە بۆ تاکەکانی ئەو شتە دەکرێت،

هەروەکو وشەی (مرۆڤ).

د – بوونی نووسراوی، ئەمەش بوونی پیتە نووسراوەکانە، کە ئاماژە بۆ وشەی مەبەستدار دەکەن، وەکو پیتەکانی وشەی (مرۆڤ).

زانایانی کولتوور ئاماژەیان بۆ ئەم چوار جۆرە کردووە، هەروەک لەڕوونامەکەی (غەزالی)دا دیارە، کە پلەکانی ئاخافتن بەپێی پلەکانی بوون دەخاتەڕوو(١)، هەروەها پلە و پێگەکانی بوونی واتاکان لەم سێ گۆشە واتاییە لەلای (حازم قرتاجنی) کە بەهەمان شێوەی کولتوورناسان ئاماژەیان بۆ کردووە(٢)، بەڵام تەنیا سێ جۆری یەکەمی ئەو جۆرانەی کە باسمان کردن، لەلای زانا واتاییەکان و زمانەوانان بەگشتی باو و کارپێکراون، چونکە ئەوان وا نابینن، کە نووسین بەشێکی سروشتی زمانی مرۆڤی ئاسایی بێت، بەڵکو نووسین لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرۆسەیەکی زاراوەسازی پیشەسازییە بۆ هێمای وشەکان، کە بۆ دەنگە درکێندراوەکان بەکارناهێنرێت، لەم ڕووەوە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) ئەو دوو زانا پێشەنگەن، کە ئەم سێ جۆرە بوونەیان لەشێوازی سێگۆشەیەک خستۆتەڕوو، کە بە (سێگۆشەی واتایی) ناسراوە.

وێنەی هزریی (ب)



هێما بۆ کراو – سەرچاوەی دەرەکی (ج)　　دەربڕین – هێما (ا)

جا هەرچەندە، کە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) زاراوەی (بیر) یان (هێما)یان بۆ لایەنی (ب) سێگۆشەکە بەکارهێناوە(٣)، کەچی بەکارهێنانی وشەی چەمک یان وێنەی هزری باشترە بۆ بەکارهێنان، چونکە لەگەڵ شتگەلە باوەکانی کولتوور شیاوتر و گونجاوترن، نەخاسمە لەهەردوو بواری لۆجیک و فەلسەفەدا.

### ١–٢: جیاکردنەوەی هێما و حەواڵەکردن

بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە واتاسازیدا باوە، هەندێک لەزمانەوانەکان جیاوازی نێوان (هێما reference)و (حەواڵە denotation)یان کردووە، لەبەرئەوەی هێما بریتییە لەپێوەندی نێوان ئاخافتن (دەربڕین) و ئەو شتانەی کە ئاماژەیەکن بۆ ئەو پلەو پێگانەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێن(٤).

حەواڵەکردنیش پێوەندی ئاخاوتنەکەیە (دەربڕین) بەو چەمکە گشتییەوە کە بۆ هزری بەرانبەر حەواڵە دەکرێت، جا ئیتر پێگەکەی یان ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەی کە تێیدا هاتووە هەرچییەک و هەر چۆنێک بێت. گرنگی ئەم جیاکردنەوەیەش لەو گوزارشتانەدا بەرجەستە دەبێت، کە مانایەکی گشتییان هەیە، بەڵام مەبەستیش لەو بەکارهێنانە، ئەو تەسک کردنەوەیەی چەمکە گشتییەکانە، هەروەکو لەو فەرموودەیەی خوای گەورەدا دەردەکەوێت، کە لە چیرۆکی (ئیبراهیم) پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کە دەفەرمووێ (وتی: گەورەی بتەکان ئەم کارەی ئەنجام داوە). کە حەواڵەکردنەکانی لە چەمکە گشتییەکاندا چڕدەبێتەوە، بۆ دەرک پێ کردن و تێگەیشتنیان لەبارە زمانەوانییەکە دەست نیشان دەکرێت. جا مەرامەکانیشیان تەنیا بەشیتەڵکردنی هێماکانیانە، واتە بەدەست نیشانکردنی سەرچاوەی ئەو هێمایانە ڕوون دەبێتەوە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە حەواڵەکردنەکان بەباری زمانەوانییەوە پەیوەستن، واتە ئەم حەواڵەکردنانە لەتوێی ماناکاندان نەک لەتوێی ئەو مەرامانەی کە بەڕوونکردنەوەی هێما نەبێت دەرناکەون.

جا لەو نموونانەی کە دەتوانین لەبواری جیاوازی نێوان هێماو حەواڵەکردن بیهێنینەوە، ئەو بەڵگانەن کە ئەم گوزارشتانە ئاماژەیان بۆ دەکەن: (سەروەری پێغەمبەران) (چاکترینی بوونەوەران) (خودی – دوایەمینی پێغەمبەران). جا حەواڵەکردنی ئەم گوزارشتانە خودی مانا دانراوەکانیانە بە جیا لەمەرام و مەبەستەکانیان، هەرچی هێماکانیانە واتای شرۆڤەدانیەتی، ئەویش بەڕوونکردنەوەی مەرام و مەبەستە دەستنیشانکراوەکەیە بە وردی کە ئەویش پێغەمبەر محەممەدە (د. خ).

کەواتە ئەوەی کە بۆی حەواڵە دەکرێت کەسێکە بەوە وەسف کراوە کە پلەی پێغەمبەرایەتی هەیە و باشترینی بوونەوەران و دروست کراوانە و پاش ئەویش هیچ پێغەمبەرێکی دی نییە، هەروەها سەروەری گشت پێغەمبەرانە، بۆ زانینی ئەم خەسڵەتانەش سیستمەکانی باوەڕ، مشتێک زانیاری لەم بارەیەوە پێبەخشیوین، کە بۆ زانین و شارەزابوونی هەموو ئەو گوزارشتانە سوودی لێ دەبینرێت.

لەکۆتاییدا دەشێ ئەوە بڵێین کە زۆر گرنگە دەرک بە پێوەندییەکانی نێوان حەواڵەو باری دانان و زمان و واتا و ڕستەو ئاخافتن بکەین، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئاماژەو بەکارهێنان و ئاخافتن و مەرام و وتەو بەکارهێنانەکان.

| هێما | حەواڵەکردن |
|---|---|
| بەکارهێنان | بار – دانان |
| ئاخاوتن | زمان |
| مەبەست و مەرام | واتا |
| وتە | ڕستە |
| بەکارهێنان | دەربڕین |

## ١–٣: دەستنیشانکردن، دیاریکردن

هەندێک ئاخافتنی زمانەوانی هەن، کە جۆرە تەمومژییەکیان بەسەرەوەیە، بەشێوازێک کە ماناکانیان ڕوون نین، تەنیا لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەوە نەبێ کە تێیاندا دروست دەبن، جا ئەو کردەیەی کە مەرامی ئاخافتنەکانی تێدا دەستنیشان دەکرێت زاراوەی (دەستنیشانکردن)ی (diesis)پێ دەوترێت، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١– دەستنیشانکردنی کەسەکان (persondeixis)، ئەویش بەگێڕانەوەی (جێناوە) جۆراوجۆرەکان بۆ ئەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن.

٢– دەستنیشانکردنی کات (timidities)، ئەویش بە دەستنیشانکردنی مەرامی ئەو ئاخافتنانەی کە بەڵگەن لەسەر کات، وەکو (سبەی)، (هەفتەی داهاتوو)، (مانگی داهاتوو)، (دوێنێ)، (ساڵی پێشوو)، (ئەوکاتە)، (ئێستا)، (پێش ئەوە) و (پاش ئەوە)... تاد.

٣– دەستنیشانکردنی شوێن (place)، ئەمەش بەنیشاندانی مەرامی شوێنەکان دیاری دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەی تێیدا هاتووە. زۆر ئاخافتنی شوێن هەن کە تەمومژیان لەسەرەو ڕوون و ئاشکرانین، (ئێرە)،(ئەوێ)، (ژێر)، (پێش)، (ئەو شوێنە)، (ئەم مەسەلەیە)... تاد.....

لە دیاریکردنی ئەوەشدا ئاشکرایە کە دەستنیشانکردنی ئەو شتە ئاماژەپێکراوانە زۆر گرنگ و پێویستە، هەروەها گواستنەوەی ئاخافتنەکان لەچوارچێوەی حەواڵەکردنەوە بۆ چوارچێوەی ئاماژەکردن بۆ ئەو دوو چەمکەی پێشووی هەردوو زاراوەکە زۆر گرنگ و پێویستن.

## ١–٤: جیاوازی نێوان ناولێنراو و واتا

جیاکردنەوەی نێوان ناولێنراو (nominate)واتا (meaning) بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی (کۆتلەب فریجە) دەگەڕێتەوە، کە واتای بەم شێوەیە پێناسەکرد «واتا ئەو شێوازەیە کە گوزارشتی لەشتەکان پێ دەکرێت» (٥). لەکاتێکدا کە ناولێنراوەکە ناسراوە و شتەکەی پێ ناو لێنراوە، جا ئەم جیاکردنەوەیە لە تێبینی کردنەکەی (فریجە)دا لە هەردوو گوزارشتی (ئەستێرەی بەیانیان) و (ئەستێرەی ئێواران) سەری هەڵداوە، کە ئاماژەیە بۆ یەک شت، کە (ئەستێرەی زوهرە (ڤینۆس venues)ە، بەڵام ماناکەی هەرجیاوازە، جا ئەم جیاوازییە لە بواری تێگەیشتنی دیاردەی هاوواتای ئاماژەییدا (یان هاوواتای ناولێنراوەکاندا) سوودی لێ دەبینرێت، مەبەستیش لەم شتە ڕێککەوتنی ئەو سەرچاوانەیە کە ئاخافتنەکە لەگەڵ ماناگەلی ئاخافتنە بەکارهێنراوەکە لە ئاماژەکردندا بۆی جیاوازن.

ئەم نموونەیەی کە لەم بوارەدا دەیهێنینەوە، ئاماژەکردنە بە (ئادەم) پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت، بەم گوزارشتانەی خوارەوە:

١– یەکەمینی پێغەمبەران.
٢– یەکەم دروستکراوی مرۆڤ.
٣– باوکی نەوەی مرۆڤ.
٤– باپیرە گەورەی مرۆڤایەتی.
٥– هاوسەری حەوا.

جا هەموو ئەم ئاخافتنانە لە ڕووی ئاماژەکردنەکانیانەوە، واتە (ناو لێنراوەکانیانەوە) ڕێک و سازن، بەڵام لەحەواڵەکردنەکانیان و واتاکانیاندا جیاوازن.

## ١–٥:– جیاوازی نێوان چڕی و بەرفراوان کردن

جیاکردنەوەی نێوان (چڕی intension)و (بەرفراوان کردن extension)بە (کارناپ carnap)ەوە پەیوەستە، کە ئەویش جیاکردنەوەیەکی نزیکە لە جیاکردنەوەکەی

(فـریجـه) کـه لەنێــوان ناولێنراو و واتابـوو، لەبەرئەوە (کارناپ) باس لەجیاکردنەوەکەی فریجە دەکات و دەڵێ کە ئەو جیاکردنەوەی ئەو بوو کە جیاوازی لە نێوان واتا و ناولێنراوی لەمێشکدا بۆ دروست کرد، چونکە ئەو دوو زاراوەیە لەفـەلسـەفـەی گـریکی و ئیسـلامـیـدا چەندین سـەدەیە ناسـراون، مـەبەسـتـیـشی لە (ناوێکە) هەروەکـو لایبنز دەڵێ: ئەو تایبـەتمەندی و خـەسـڵـەتە زەقـانەیە کـە لەسـەر ئەو ناوە پراکـتـیــزە دەبێ، وەکــو وەسـفــەکــان (ئاژەڵێکی دوو پێ و بەبێ پەڕ) کــە لەســەر هەمــوو مرۆڤێک پراکـتـیـزە دەبێت،کـە جیـاوازی دەگـەڵ چەمکی (ئاژەڵی قسـەکـەر)دا هەیە، بەڵام لەجیـهـانی دەرەکـیـدا ئامــاژە بۆ هەمــان تاکـەکــان دەکــەن، چونکە هەمــوو ئاژەڵێکی دووپێ و بەبێ پەڕ) (ئاژەڵێکی قسـەکـەرە)، ئیـتر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو گوزارشتە لەڕووی مـــاناو چەمکەوە جـــیـــاوازن، بەڵام لەڕووی (فــــراوانکردن)ەوە وەکـــو یەکن، واتە هاوواتـان، بەو مـانایەی کـە ئەو تاکـانەی ئەم دوو چەمکەیان لەسـەر جێبەجێ دەبێت.

### ١-٦: خاسیەتەکانی تیۆری هێما

ئەو چەمکە تیۆریانەی کە تیـۆری هێـما لەتوێژینەوەی هەندێک لەو لایەنە واتایـیــانەی ئەنجــامی دا کــە سروشتێکی لۆجیکییـان هەیە، بەتایبەتی هاوواتا -syn onymy دژواتا antonym، گـرتنەوە hyponymy، پێـچـەوانە inversion، لەژێربوون inclusion، دژاودژ، دژەناکۆک و کێڵگە فـەرهەنگییـەکان lexical fields. جا پێوەندییەکانی حەواڵەکردن و پێوەندییەکانی ناسنامە (sense)، پانتـاییـەکی فـراوانی لە ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە هەبوو، جا مـەبەست لە پێـوەندییـەکانی حەواڵە ئەو پێوەندییەی نێوان یەکەیەکی فەرهەنگی و ئەو شتە حەواڵەکراوانەیە لە جیـهانی دەرەکییـەوە، هەروەک چۆن ئاخافتنی وشەی (پیاو) بۆ ئەم گوزارشە (مرۆڤێکی باڵغ و نێر) جۆرێکە لە حەواڵەکردن، بەڵام پێوەندییـەکانی ناسنامـە پێـوەندییـەکـانی یەکـەیەکی فـەرهەنگیــە بە یەکەکـانی دیکەی فـەرهەنگیـیـەوە، کە لە توێی زمـاندا بەدی دەکـرێت، چونکە ئەم پێــوەندییــە زۆر ســوودی لەجیـاکـردنەوە و جیـاکـاری چەمکەکـاندا هەیە لەگـەڵ یەکدی، بۆ نموونە وشەی (پیاو) مانایەک دەگەیەنێت کە (ئافرەت)، یان (منداڵ) نایگەیەنێت، بەم شێوەیە یەکە فەرهەنگییـەکان چوونە بەکارهێنانی هاریکارییەکەوە بۆ بەرەو پێشـبـردنی مـاناکـە لە (ئافـرەت) و (منداڵ)ەوە تا دەگــاتە (پیــاو)، هەروەک چۆن لەدێرزەمــانەوە وتراوە (شتەکان بەهاودژەکانی خۆیان دەناسرێنەوە).

١-٧ : ئەو ڕەخنانەی کـە ئاراسـتـەی تیـۆری هێـمـا دەکرێن

تیـۆری هێماکان بەو شێوەیە واتا دەستنیشـان دەکەن، کە شتێکی ئاماژە پێکراوە، واتە واتاکان ئەو شتانەن کە ئامـاژەیان پێ دەکـرێت، بەڵام ئەم بۆچوونە سـەبارەت بە واتا چەند ڕەخنەیەکی ئاراسـتـەکـرا، کـە گـرنگـتـرینیـان ئەمانەن:

١- گـەر واتا شـتێکی ئامـاژەپێکراو بوایە، ئەوە ئەو درکـاوە هەمـەجـۆرانەی کـە ئامـاژە بۆ یەک درکـاو دەکـەن (وەک ئەوانەی کـە لە نموونەی پێـشــوودا ئامـاژەیان بۆ (ئادەم) پێـغـەمبـەر دەکـرد)، لەڕووی واتـاوە هاو واتان، بەڵام ئەم شتە ڕاست نییە.

٢- جـا گـەر واتـا ئامـاژە پێکراو بێت، ئەوە هەمـوو شـتێک کە گـوزارشتی ئاماژەپێکراوی لەسـەر جێبـەجێ ببـێت، لەسـەر واتاش جـێـبـەجێ دەبێت، واتە بۆ نموونە خواردنی سێو دەبێتە خواردنی واتا.

٣- ئاخـافتنە ڕووت و ڕەهاکـان وەکو خۆشەویسـتی و دادپەروەری و پیت و ئامرازەکانی وەکو (لەلایەن، بەڵام) هیچ بوونێکی دەرەکـیــان نیـیـە کـە واتا ئامـاژەیان بۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر واتان.

٤- ناکرێ واتاکان بەپێی سەرچاوەکان چڕ و فـرە بن، ئەویش لە جیـهـانی دەرەکـیـدا، چونکە نـاکـرێ واتاکـان بەگوێرەی هەموو دانەکانی سێو لە جیهاندا دەستەبەر بن.

### ٢- تیۆری ڕەوشتکاری

قـوتابخـانەی ڕەوشـتکاری زمـانەوانی درێژە پێـدەری قوتابخانەی ڕەوشـتکارییە لە زانستی دەروونناسیدا، کە (واتســـۆن – wattson) پێـــشـــەنگی دەکـــات و (بلۆمـفـیلد)یش (Bloomfield)کـە خـاوەنی کـتـێـبی (زمـان)ە (Language)، بە بازنەیەکی پەیوەست بوونی نێـوان ئەو دوو قـوتابخـانەیە لە قـەڵەم دەدرێت، چونکە بەگوێزەرەوەی هزری ڕەوشتکارییەکان لە بواری: زمـان و پراکـتـیـزەکـردنی لەسـەر توێژینەوە زمـانەوانیـیـەکـاندا دادەنرێت(٦).

ڕەوشـتکارییـەکـان بەوە ناسـراون کـە ڕەخنەی توندیان

ئاراستەی عەقڵانییەکان کردووە، جگە لەوەی کە سەرجەم ئەو توێژینەوانەیان بەکەم و کورت زانیوە کە پەیڕەوی ڕەوشتکارە دەرەکییەکان ناکەن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەموو ئەو کۆششانەی وەسفێک، یان شرۆڤەیەک بە چالاکییەکانی هزری مرۆڤ دەدەن، چەند پێشبینییەکن،کە دوورن لە ڕەوشی بابەتی و زانستییەوە، لەبەر ئەوە لێرەدا هیچ شوێنگەیەک لە بواری تیۆری هێماکاندا نییە بۆ وێنەی هزری کە ناتوانرێت توێژینەوەیەکی زانستی ڕەسەن و بابەتییانەی سەبارەت ئەنجام بدرێت.

تیۆری ڕەوشتکاری لەسەر هەردوو چەمکی وروووژێنەر stimulus و وەڵامدانەوە response کە هەردووک لە زانستی دەروونناسی ڕەوشتکاریدا ناسراون، هەروەها وروووژێنەر (یان وروووژێنەری قسەکەرەکە the speaker's stimulus هەروەک لە زانستی زماناسیدا ناوزەد کراوە)، بەو ڕووداوانە دەگوترێت کە لەپێش قسەکردندا ڕوودەدەن، پاشانیش دەبنە هۆکاری زارکردنەوەی قسەکەرەکەو ئاخافتنی، بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە پاش قسەکردن ڕوودەدەن، بە وەڵامدانەوەی گوێگرەکە ناوزەد دەکرێت the hearer response بەم شێوەیە هەڵوێستی قسەکەرەکە بەگوێرەی ئەم پێکهاتەیە دەبێت:

أ- ڕووداوە کردەییەکانی پێشووی پرۆسەی قسەکردن.

ب – قسەکردن.

ج – ڕووداوە کردەییەکان پاش قسەکردن(٧).

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زانیاریانە بلۆمفیلد ئەم نموونەیە پێشکەش دەکات:

أ- (جاک) و (جیل) لە چوارچێوەیەکی پەرژینداردا هاموشۆ دەکەن، (جیل) برسیەتی و سێوێک لەسەر درەختەکە دەبینێت (وروووژێنەرەکە).

ب – چەند دەنگێک لەگەروو و زمان و هەردوو لێوی دەردەکات (قسەکردن).

ج – (جاک) پەرژینەکە دەبەزێنێ و سەر درەختەکە دەکەوێ و سێوەکە لێدەکاتەوە، پاشان بۆ (جیل) دەهێنێ، دەیداتە دەستی و ئەویش دەیخوات(٨) (وەڵامدانەوە).

ئیتر بەم شێوەیە وتوێژەکە بەردەوام دەبێت بەشێوەیەک هەموو قسەیەک وروووژێنەری وەڵامدانەوەی قسەیەکی ترە، بەم جۆرە ئاخافتن، یان بنیادی زمانەوانی (linguistic form) هەروەک بلۆمفیلد ناوی لێناوە – دەبێتە مەسەلەیەکی گشتگیر بۆ (ئەو هەڵوێستەی کە تێیدا قسەکەرەکە ئەو بنیادە زمانەوانییەی تێدا دەدرکێنێ و ئەو وەڵامدانەوەیە لەگوێی گوێگردا دروست دەکات)(٩).

جا هۆکاری بەکارهێنانی بلۆمفیلد بۆ زاراوەی بنیاد لەباتی واتا یان وشە بۆ چەند مەسەلەیەکی پرۆگرامی دەگەڕێتەوە کە تیۆری ڕەوشتکاری لەسەری دامەزراوە،کە لە دوورکردنەوەی مانادا لەتوێژینەوە زمانەوانییەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- دژواری و سەختی مامەڵەکردن لەگەڵ واتادا، چونکە ئەم کارە پێویستی بەزانینی هەموو شتێکی جیهانی قسەکەرەکەوە هەیە، ئەمەش کارێکە دژوارەو هەرگیز مەیسەر نابێت.

٢- جیاوازی واتاکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بۆ نموونە لەزمانی ئەڵمانیدا (نەهەنگ) هەر ماسی پێ دەوترێت، (شەمشەمەکوێرە)ش (مشک)ی پێ دەوترێت.

٣- جیاوازی کەسایەتی قسەو وێژەکان و جیاوازی لەمێژوو و ڕۆشنبیری و ئەزموونی هەریەکە لەوانە، ئەمەش مەسەلەیەکە پاشان مۆرکێکی کەسی و تایبەت بەماناکە دەبەخشێ و وادەکات کە زانینی مەخسەدی قسەکەرەکە زەحمەت بێ.

٤- مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا پێویستی بە هەڵێنجان (introspection) هەیە، واتە سپی کردنەوەی ماناکانی ناو دەروون و ناخی مرۆڤ، ئەوەش لە بڕواو بۆچوونی ڕەوشتکارییەکاندا پرۆگرامێکی بابەتی نییە.

### ٢- ١: خەسڵەتەکانی تیۆری ڕەوشتکاری

تیۆری ڕەوشتکاری ڕەدووی پرۆگرامێکی بابەتی یەکلاکەرەوە دەکەوێت،کە وای لێ دەکات لە پراکتیزەکردنەوە نزیکی چەمکی وردی زمانەوانی بێت، کە ئێستا هەروەک پێشتر بەوە پێناسە دەکرێت کە توێژینەوەیەکی کردەیی زمانە، بەڵام ئەم پرۆگرامە بابەتییە یەکلاکەرەوەیە لەسەر توێژینەوەی گرنگی ئەم زانستە بنیاد دەنرێت، هەروەک لەم برگەیەی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

### ٢-٢: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری ڕەوشتکاری کراون

قوتابخانەی ڕەوشتکاری هەروەک بینیمان لەسەر

دوورکــردنەوەی واتا لە توێژینەوە زانســتــیــەکــان دامەزرێنراوە، ئەمەش بۆ گرفتی مامەڵەکردن لەگەڵ واتادا چارەسەرێک نییە، لەبەرئەوە ئەم هەڵوێستەیان دووچاری چەندین ڕەخنەیانی کرد، کە لەلایەن عـەقڵانییـەکانەوە ئاراستە دەکرێت، جگە لەوانیش لایەنگرانی مامەڵەکردن لەگەڵ واتا بەهەمان شێوە ڕەخنەیان ئاراستە دەکەن، جا ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستـەی ڕەوشتکارییـەکان دەکـرێت ئەمانەن:

١- نەوام چۆمسکی Noam Chomsky

یەکــێکە لەوانەی کــە زۆر دژی هەڵـوێســتی ڕەوشـتکارییــەکـانە، لەو بـاوەڕەدایە کـە بایەخنەدان بە سیـستـمـە قـووڵەکـانی شرۆڤـەی ڕەوشـتکاری مـرۆڤ، گـوزارشتێکە لە نیـازمەندیان بۆ بایەخدان بەتیۆریزەکردن و شرۆڤەدان)(١١).

چۆمسکی لەو باوەڕەدایە کە پابەندبوون بە بابەتییەوە لەخودی خۆیدا مەبەست نییە لەبەرئەوە پابەندبوون پێوەی چ ســوودێکی هەیە گــەر تۆزقــاڵێک هۆشــیــاری و دەرککردنمان لەبارەیەوە نەبێ(١١).

٢- (جـون لاینز) دەڵێ (کـە هیـچ پەیوەست بوونێک لەنێوان وشـەکان و ئەو هەڵوێستـانەدا نییە کە تێـیاندا بەکــارهێنراون، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانرێ پێــشــبــینی بەڕوودانی وشــەگــەلێکی دیاری کــراو بکـەین وەک دەرەنجامێکی کۆنترۆڵکراو لە هەمبەر پێشبینییەکانیشی والا بێت، ئەویش لەگوزەرگای هەڵوێستەکانەوە(١٢).

٣- تیۆری بەکارهێنان

تیۆری بەکارهێنان (contextualtucory) بەزمانزانی بەریتـانی (جۆن ڕۆبەرت فـێرس)ەوە پەیوەستـەو بەوەوە ناسراوە، ئەم تیۆرە لەسەر ئەو تێڕوانینە بەندە بۆ واتا بەو وەسفـەی کە (ئەرکی بەکارهێنان)(١٣) ئەنجام دەدات، ئەم ڕەوشـە گـۆڕانکارییـەکی بنەڕەتی لە بۆچوونەکـانی سەبارەت بەمانا دورست کرد ئەویش لەپێگەی پێوەندییە عــەقڵــیــیــەکـانی نێـوان ڕاسـتــەقـینەکـان و هێـمـا ئاماژەکارەکانی سەری، هەروەک (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) لە سـێگۆشـە واتاییـە ناسـراوەکـەی خـۆیاندا ئامـاژەیان پێــــداوە بـۆ (پێکـهـــــاتەیەکی پێـــــوەنـدییـــــە بەکارهێنانییـەکـان)(١٤)، ئەویش بەپێی گوزارشـەکەی (فێرس).

بەکـــارهێنان لـەم تیــــۆرەدا بە چەمکێکی فــــراوان بەکـارهێنرا بەشـێـوەیەک کـە بەکـارهێنانی دەنگی و داتاشراوی و ڕێزمانی و فەرهەنگیش بگرێتـەوەو مانای جـێـی مــەرامی قـــســەکــەریش دەرناکــەوێت، تەنیــا بەڕەچاوکــردنی فــەرمــانە واتاییــەکــانی ئاخــافــتنە بەکارهێنراوەکان نەبێت، لەبەرئەوە (فێـرس) ئەرکەکانی بۆ پێنج ئەرکی سەرەکی پۆلێن کرد، کە واتا پێکدەهێنن:

١- ئەرکی دەنگی phonetic function

٢- ئەرکی داتاشراوی morphdogical function

٣- ئەرکی پێکهاتەیی syntactical function

٤- ئەرکی فەرهەنگی lexical function

٥- ئەرکی واتایی semantical function(١٥)

جـا هەر ئەرکـێک لەم ئەرکـانە لە بـواری پرۆگـرامـێک دەسـتنیـشـان دەکـرێت،کە بە پرۆگرامی (جێگۆڕکێ - method of substitution) ناسـراوە، جگە لەوەی کـە توخـمی زمـانەوانی لەسـەر هیچ ئاسـتـێکی ئەم پێنج پۆلێنکراوەی پێـشوو دەرناکەوێت مـەگـەر بەجیـاکـارییـە بەکارهێنانەکەی نەبێت، ئەویش لەو هەمبەربوونانەی کە لەوانەیە بکەونە شـوێنگەی بەکـارهێنانەکـانی خـۆیان، ئینجا ئەگەر جێگۆڕکێیەکی بەکارهێنانی بۆ ئەو توخمە زمـانەوانییـە لە ئارادا نەبێت، ئەوە ئیـتر خـاوەنی هیچ مـانایەک نابێت، دەشـتـوانین ڕوونکردنەوەیەک سـەبارەت بەم مـەسـەلەیە بـخـەینەڕوو کـە لە توێژینەوە کـولتـوورییـە عەرەبییەکاندا بەنموونەی بەدووکەوتن ناسراوە.

لەم حـاڵەتەدا وشـەی دووەم لەتوێی هەردوو وشـەکـەی بەدووکــەوتندا هیـچ مــانـایەکی ئەوتـۆی نابێت، چونکە بوونی ئەم وشـەیە لەبەکـارهێناندا چڕدەبێـتـەوە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکیش نییە کە جێی بگرێتەوە.

وشــەی (بـسن) لەم نموونەیەدا کــە نمرەی (١)ی پێ بەخـشـراوە هیـچ مـانایەکی نیـیـە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەرکێکی بەکارهێنانی ئەدا ناکـات، چونکە ئەرک دەبێ ئەلتـەرناتیڤێکی شیـمانەکراوی وشەگەلی دی بێت، کە لێــرەدا هیچ وشـەیەک لەباتی نیــیــە، لەبەر ئەوە هیچ مانایەکی نییە.

١- ئەمە باشە (بسن)، بەڵام لە (٢)دا هەر توخمێک مـانای هەیە، چونکە وشەی دی لەباتی هەیە کە لەهەمان بەکارهێناندا بەکاربهێنرێ، لەسـەر ئاستی فەرهەنگیش وشـەی (ئەو ئافرەتە ئامادەبوو) جێگۆڕکێیـەکی تەواوی بەرانبــەرەکــانی دی شــیــمــانەکــراوی وەکــو: نەهات، بەسەرکەوت،کەوت... تاد. دەسـتـەبەر دەکات، هەروەها وشـەی (١٠) بووە ئەڵـتـەرناتیـڤی (٩) و (٨) و (١١)

تاد.

وشەی مامۆستا ئافرەتەکان: ئەلتەرناتیڤی (قوتابییە کچەکان) (فەرمانبەرە ئافرەتەکان)ە... تاد. ئەویش لەسەر ئاستی داتاشراویدا، کە وشەی (ئامادەبوو) بەشێوازی (کردی - کار) بەکارهێنرا لەباتی ئەوەی بەشێوازی (یفعل) (افعل) (فاعل) (مفعول)... تاد. بەکاربهێنرێت، ئەویش بۆ ئاماژەکردن بە (فعل ماضی) و شێوەی (مامۆستا ئافرەتەکان) بەشێوازی (إسم الفاعل) لەباتی هەر شێوازێکی دی، کە شیمانەی واتا بەخشینی (إسم الفاعل) ی هەبێ، پاشان (ات) لەباتی (ین) وەکو واتایەک هێنرا بۆ واتابەخشینی (جمع المؤنث السالم).

٢- (دە مامۆستای ئافرەت ئامادەبوون)

کاتێک کە رستەیەک لە شوێنگەو پێگەیەکی گوتاربێژی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، ئەوساتە وەختە ئەرکە واتاییەکەی جێبەجێ دەبێت، ئەو پێگەیەش لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت، یان وەک ئەوەی (مالینۆفسکی Malinowski) بەبەکارهێنانی هەڵوێست ناوزەدی کردووە، (context of situation) گۆڕانکارییەکەش لەڕووی ئەو مانایەوە بێت کە بۆی دانراوە، بۆ مانایەکی تر، وەک ئەوەی کە لەمانای (گوزارە) هوە بۆ (فەرماندان) دەری بێنێت یان بیگۆڕێت بۆ (پرسیارکردن)،هەروەها (جیڤری ئیلز Jeffrey El-lis) جیاوازییەکی خستە نێوان بەکارهێنانە هەنووکەییەکان instinctual context، یان کردەییەکان (actual) و مانای ئەو بەکارهێنانانەی کە شیمانە کراون یان لەناویدا هەن (potential) جا ماناگەلی بەکارهێنانە هەنووکەییەکان دەزانرێت و دەرکی پێ دەکرێت، ئەویش لە نموونەیەکی تایبەت و شوێنگەیەکی تایبەت و لە دەقێکی تایبەت و لە پێگەیەکی دیاری کراودا، هەرچی مانای بەکارهێنانی گریمانەکراویشە هەموو ئەو مانا بەکارهێنانییە شیمانەکراوانەی یەکە زمانەوانییەکەن، لەکاتێکدا لەو دەقانەی لەناویدان رووت و رەها دەکرێن(١٦)، لەهەمان کاتیشدا مانا بەکارهێنانە رووتەکان بەرستەوە پەیوەستن مانا بەکارهێنانییە شیمانەکراوەکان یان لەناو کرۆک و ناخەکانی ناو وتەکانن، گەر ئەو بەکارهێنانانە لەشوێنگەیەکی گوتاری دیاری کراودا پراکتیزە ببێت، ئەوە ئیتر دەرەنجامەکەی دەبێتە وتەیەکی کردەیی.

هەروەها (هالیدای) پێوەندییە بەکارهێنانییەکان دەکاتە دوو بەشی پێوەندییە ناوخۆییەکانی توخمە زمانەوانییەکان لەنێوان یەکدیدا، پێوەندییە دەرەکییەکان کە توخمە زمانەوانییەکان بەو شتانەوە دەلکێنن کە ئەو واتایانەی دەرەوە ئاماژەی بۆ دەکەن.

ئەو لەو باوەڕەدایە کە هەموو یەکە زمانەوانییەکان بەیەکەوە پەیوەستن یان لەهەمبەر بوونەوە داخراوەکاندا (closed contrasts)، ئەویش گەر لەو توخمە ڕێسایانە بن هەروەک هەمبەر بوونەوەکانی نێوان (ڕابردوو) و (ڕانەبردوو)یان لەهەمبەر بوونەوە والاکاندا (open contrasts) ئەویش گەر لەتوخمە فەرهەنگییەکانی بن هەروەک چۆن لەنێوان (ئافرەتە مامۆستاکان) و (ئافرەتە قوتابییەکاندا) لەو نموونەیەی پێشوودا بەدی دەکرا(١٧).

### ٣-٢: هاوڕێیەتی

جا لەبەرئەوەی تیۆری بەکارهێنان گرنگی پێوەندییە دەرەکییەکانی کەم کردەوە، واتە پێوەندی توخمە زمانەوانییەکان بەو شتانەی کە بۆی حەواڵە دەکرێن یان ئاماژەی بۆ دەکەن لەدەرەوەدا، جۆرە گرنگییەک درا بەپێوەندییە ناوخۆییەکان درا، ئەم گرنگی دانەش لەوەدا بەشێوەیەکی روون بەرجەستە بوو کە (فێرس) ناوی لێنا هاوڕێیەتی (collocation)، ئەویش مانای پەیوەست بوونی ئاسایی وشەیەکە لەزمانێکدا بەچەند وشەیەکی دی دیاری کراو لە ڕستەکانی سەر بەو زمانە(١٨).

گرنگی هاوڕێیەتی لەوەدا بەرجەستە دەبێت،کە وشەی (ئازا) بۆ نموونە بە هاوڕێیەتی (پیاو) دەردەکەوێت و هەندێک لەماناکانی وشەی (پیاو) بەهاوڕێیەتی وشەی (ئازا) دەردەکەوێت، بەم شێوەیە زاراوەی هاوڕێ بوون (collocation) دەبێتە هاوواتای زاراوەیەکی فەرهەنگی(١٩) - هەروەک لاینز دەڵێت : کە لە هزری زۆر کەسدا بەو واتایەوە پەیوەستە کە وشەکە لە دەرەوەی چێوەی زماندا ئاماژەی بۆ دەکات.

### ٣-٢: بەکارهێنانی هەڵوێست

(فێرس) لەو باوەڕەدایە کە بەکارهێنانی هەڵوێست زاراوەیەکی فراوانەو تەنیا لەبەکارهێنانە زمانەوانییەکاندا بەدی ناکرێت بەڵکو بەکارهێنانە ڕۆشنبیرییەکان و وتاری قسەکەرەکان و ناقسەکەرەکان و

کـردارەکـانیـان و هەمـوو شـتـە پێـوەنددارەکـانی و وتە بەکـارهێنراوەکـان و کـاریگەری ڕووداوی زمـانەوانیش دەگرێتەوە.

هەروەها (جـیـڤـری ئیلز) لەو باوەڕەدایە کـە چەمکی بەکـارهێنانی هەڵوێست لەگـرنگـتـرینی ئەو دەسکەوتانە بوو کە (فێرس) لەتیـۆرە بەکارهێنانییەکەیدا پێشنیـاری کردووە(٢٠).

جـا گـەر تیـۆری (فـێـرس) پشت بە پراکـتـیـزە بەکـارهێنانیـیە یەک بەدوای یەکـەکـان و لەسـەر ئاسـتە زمانەوانییە هەمەجۆرەکاندا دەبەستی و لە بەکارهێنانی دەنگی و داتاشـراوی و ڕێزمـانی و فـەرهەنگـیـیـەوە تا دەگـاتە بەکـارهێنانی واتایی، بەڵام بەکـارهێنانی هەڵوێست فـاکـتـەری دوایەمـینە و یەکـلاکـەرەوەی کێشەکەیە لەڕووی ماناوە.

### ٣-٣: خاسیەتەکانی تیۆری بەکارهێنان

گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە تیۆرێکی لادەر نییـە لە بنیـادی زمـان و بەکـارهێنانی ڕۆشنبیـری دەوروبەری پرۆگـرامـە بەکـارهێنانیـیـەکـەش دەرفـەتی والاکردنی ڕێچکەی بۆ ڕەخساند، کە سەرقاڵبوونی زمان گرنگی بەتوخمە زمانەوانییەکان بدەن و ئاوڕ لەو لایەنانە بدەنەوە کە دەچنە ژێر ڕکێفییەوە لەباتی گرنگی نەدانیان بە پێوەندییە دەروونییەکانی نێوان زمان و هزر و دەرەوە، یان گرنگیدان بەکردە دەروونییەکانی ناو مێشک.

بەهەمان شێوە گرنگیدان بە بەکارهێنان و ڕەچاوکردنی خەسڵەتە چێنراوەکانی ناو سروشتی زمان دەگەیەنێت، کـە ئەویش ئادگـارێکی کـەڵەکـە بووە و لەتوخـمـە زمـانەوانیـیـەکـان پێکهـاتووە، چونکە لەم حـاڵەتەدا دەرفـەتێک بۆ زمـانناسـان دەرەخسـێت کـە لە ڕێگەی گرنگی ئەم ئادگارەوە لایەنە پراکتیزەکراوەکانی کە ئەو ڕۆڵە واژی ببـێت کـە پەیاپەی بوونی توخـمـە زمانەوانییەکان ئەدای دەکات و یەکانگیر و ئاوێتەش بن لە هەردوو کـردەی تێگەیشتن و تێگەیاندن، کـە زۆر پێویستن بۆ کردەی وتوێژی زمانەوانی.

هەروەها لەتوێی جـیـاکـارییـەکـانی ئەم تیـۆرە جەختکردنیەتی لەسەر لایەنە ئەرکییەکانی زمان، کە زۆر بەگـرنگی دادەنرێت، ئەویش لەبەرئەوەی ئەرکـە زمانەوانییەکانن کە زمانی مرۆیی بۆیان داهێنراوە، بەو وەسفەی گرنگترین ئامرازەکانی تێگەیاندنە.

### ٣- ٤: ئەو ڕەخنانەی ئاراسـتەی تیـۆری بەکـارهێنان دەکرێن

پشت بەسـتنی ئەم تیـۆرە بە بەکارهێنان وای لێ کـرد، کە مـەیلی ڕۆچوونی لە بواری ڕۆڵی بەکارهێناندا هەبێ، ئەویش لە دروسـتـکردنی واتادا، تا ئەو ئاسـتـەی کـە فەرمانی حەواڵەکردنی لاپەراوێز بێ.

جگە لە ئەرکە هێماییەکانی وشەکان بەهەمان شێوە پەراوێز دەبن، ڕسـتـە زمـانەوانیـیـەکـانیش کـاتێک لەحـیـسـاباتی خـۆیاندا حـەواڵەکـردنەکـانی وێنە هزرییـەکـانیـان لابرد، ئەو ئامـاژانەی ڕاسـتـەقـینە دەرەکییـەکانیـان پەراوێز خست، ئەویش لەسەر ئاستی وشەکان، هەروەک چۆن ڕێژە دەرەکییەکان و ئەو بەمەرج گرتنانەی ڕاستی و دروستی ڕستەیان پەراوێز خست کە لە توێژینەوەی پێوەندییەکانی نێوان وتە فەرهەنگییەکان و ڕسـتـە زمـانەوانیـیـەکـاندا گـرنگـیـیـان دەردەکـەوێت، بەهەمان شێـوەش لەنێوان ڕستە زمانەوانییەکانی وەکو هاوواتاکـان و گـرتنەوە و پێـچـەوانەو هاودژ و دژواتا... تاد. ڕوویان دا.

جـا لەباتی ئەوەی ئەم تیـۆرە ڕۆڵی بەکـارهێنان لە تەوزیمە باشترەکەدا ببینێت کە لەدەست نیشانکردنی واتا مەبەستەکەدا دەردەکەوێت و واتا مەبەستەکان لابەرێت، دەبینین بەکـارهێنانەکـە دەکـاتە سـەرچاوەیەک بۆ هەڵگۆزینی واتا لە توخـمە زمـانەوانییەکانی وشە وەک ئەو ئاوە نیـیـە کـە ڕەنگی ئەو دەفـرە وەربگرێت کـە تێیدایە، بەڵکو وەکو ئاژەڵی (الحرباء- مارمێلکە) وایە کـە ڕەنگی شـوێنەکـە وەردەگـرێت، واتە وشـە وەکـو (الحـرباء) وایە، کـە توانای تایبـەتی هەیە و لەهەر شـوێنێکدا جـۆرێک لەو توانایانەی دەردەکـەون، واتە تواناکانی بەگوێرەی ئەو کاریگەریانەن کە لەدەرەوە گوشار دەخەنە سەری(٢١).

٤- تیۆری کێڵگە واتاییەکان

مـەبەست لە کـێـڵـگەی واتایی (semantic field) کۆمەڵە وشەیەکی نزیکی یەکدین، ئەویش لەڕووی ماناوە کە خـاڵی هاوبەش لەنێـوانیـاندا هەیە، تیـۆری کـێـڵـگە واتاییەکان (theory of semantic fields) گرنگی بە ئاوێتـەکـردنی یەکـە فـەرهەنگـیـە هاوبەشـەکـان دەدات ئەویش لەپێکهـاتە واتاییـەکـانیـدا و لەناو بۆتەی یەک کێڵگەی واتاییدا، وەکو: سەوز، سوور، شین، ڕەش... تاد. کـە لەبواری ڕەنگەکـاندا هاوبەشن، هەروەها وەکـو:

باوک و دایک و باپیـــرو داپیـــرو کـــورو کچ و براو خوشک...تاد. کە لەبواری خزمایەتیدا هاوبەشن.
خاسیەتەکانی ئەم تیۆرەش لەوەدایە کە پراکتیزەکردنی لە بوارەکـــانی فـــەرهەنگ و (ڕەخنەی ئەدەبی) و (لۆجیک)دا هەیە.

**٥: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا**

تیـۆری شیـتـەڵکاری پێکهـاتەیی واتا Theory of componential analysis of meaning
گرنگی بە دابەشکردنی یەکە فەرهەنگییەکان دەدات، بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی خۆیان (تایبەتمەندییەکانی - یان کۆڵەکەو بنەماکانی) پێکهاتەکانی مرۆڤ، بۆ نموونە ئەمانەن (+ ئاژەڵ + عاقڵ)، پێکهاتەکانی پیاو ئەمانەن (+ ئاژەڵ + عـاقـڵ + نێـر + باڵغ)، پێکهـاتـەکـانی ژن (ئاژەڵ + عاقڵ + مێ + باڵغ).
سوودەکانی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات بۆ گـەیشتن بەدەسـتنیـشـانکردنی جۆری پێوەندییـەکـانی نێوان مانای یەکە فەرهەنگییەکان (کە ئایا هاوواتایە - یـان گـــــرتنـەوە، یـان لە نـاوەرۆک گـــــرتـنـە)، یـان پێـوەندییـەکـانی مـانـا بە شـێـوازێکی وردو زانسـتی لێ بکۆڵێتەوە، هەروەها دەبینین کە پراکتیزەکاری لە بواری ڕێزمان و ئاماژەدا هەیە.
٦: تیۆری کارەکانی ئاخاوتن
تیـۆری کـارەکـانی ئاخـاوتن بۆ (ئۆستن J. L. Austn )دەگـەڕێتـەوە، و سـەرجـەم ئەو وانانەی کـە لە زانکۆی (هارڤـارد) سـاڵی (١٩٥٥) وتراونەتەوە لەکـتـێـبـێـکدا کۆکراونەتەوەو بەناوی (شتـەکان چی لە وشەکان دەکەن) پاشان (جۆن سیرل John Searle) و براگماتیکەکانی دیش لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا پێشڤەبردنی ئەم تیۆرەیان گرتە ئەستۆ.
تیـۆری کـارەکـانی ئاخـاوتن (Theory of speech acts) وادەڕوانێتە زمان کە ئەداکردنی چەند کاروبارێکە لەیەک کاتدا، وتەش یەکێکە لەکاروبارەکان، جا کاتێک کە قسەکەر قسە دەکات ئەوە هەواڵێکت پێ دەگەیەنێت، یان لێدوانێکت دەداتێ، یان فـەرمـانێک دەردەکـات، یان دەست لە شتێک دەدات، یان مەلەوانی دەکات، یان زەم دەکات یان ستایش دەکات یان گرێبەستێکی بازرگانی مۆر دەکات، یان ژن دەهێنێت، یان تەڵاق دەدات...تاد.
تیـۆری کارەکانی ئاخاوتن وا دەڕوانێتە کردەی وتووێژ کـە قـسـەکـردنێکە بەهەڵوێسـتـێکەوە پەیوەسـتـە کـە گوزارشتی لێ دەکات و داواکردن گوزارشت لەئارەزوویەک دەکات، ستـایش کـردن گوزارشت لە ڕەزامـەندی دەکات، سـوپاس گـوزارشت لەسـوپاسگوزاری دەکـات، پۆزش گـوزارشت لە پەشـیـمـان بوونەوە دەکـات و سـەرکـەوتنی وتووێژیش بەپێی ئەم تیۆرە بەدۆزینەوەی وەرگرەکە بۆ ئەو هەڵوێسـتـە گـوزارش کـراوە لە ڕێگەی قـسـەکـەرەکـەوە دەپێورێ.
ئۆستن کارەکانی ئاخاوتن دەکاتە سێ بەش:
أ- کـاری ئاخـافتن (lectionary act)، مـەبەست لەم زاراوەیە کـردەی درکـاندنە بۆ ڕسـتـەی مـانـا بەخـشـی کـە لەگەڵ ڕێزمانی زماندا یەک بگرێتەوە.
ب - کـاری نادرکـاو illocutionary act، مـەبەست لەم زاراوەیە ئەو ڕووداوەیە کـە ئاخـافـتنکار لەتوێی ڕستەدا مەبەستێتی وەک فەرمان و ئامۆژگاری.
ج - کاری وەرگێڕاو لەدرکاندنەوە elocutionary act ئەم زاراوەیەش مـانـای ئەو کـاریگەرییـە دەبەخـشـێت کـە ڕووداوی زمـانەوانی لەوەرگـردا دروست دەکـات، وەکـو ملکەچ بوون بۆ فـەرمـانـەکـان، یان قـەناعـەت هێنان بەئامـۆژگـاری، یان باوەڕکـردن، یان باوەڕپێ نەکـردن بەئاخافتنەکان.
جا ئەم تیـۆرە سەرنجی زۆر کەسی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە زمـان تەنیـا بۆ هەواڵدان و گـواسـتـنەوەی بیـرو هزرەکـان نییە، بەڵکو وەزیفەی کاریگەری کۆمەڵایەتیش بەهەمان شـێـوە ئەدا دەکـات، ئەویش لە ڕێگەی شـێـوازی گـرێبـەسـتـەکـان (یان شێـوازی دانانی) بەشێـوەیەکی گشتیش شێوازەکان دەکرێنە دوو بەشەوە:
**شێوازی بڕیارەکان و شێوازی دەسکەوتەکان:**
واباشـتـرە کـە ناوبژیوانان ڕێسـاکـان و بڕیارەکـانیـان وەربگیرێت، هەروەها ئەوی دی شێوازی گرێبەستییەکانە، وەکو ئەوەی کە بەژنەکەی خۆی بڵێت (تەڵاقتم دا)، یان تۆ (تەڵاق درای) یان بۆ هاوسەرگـیـری یەکێک بڵـێـیت (قبوولم کرد)، یان بۆ فرۆشیـار بڵێیت (فرۆشتم) و بۆ کڕیاریش بڵێیت (کڕیم)، هەروەها بڕیارەکانی دامەزراندن یان درکاندنی بڕیاری زیندانی، ئەم شێوازانە سەرناگرێت و جێبـەجێ ناکرێت، مـەگەر لەلایەن قسـەکەرێکەوە بۆ گوێگرێک لەشوێنکاتێکی دیاری کراودا دەربچێت.
هەروەها تیــۆری کــارەکــانی ئاخــاوتن گــرنگی بە پۆلێنکردنی ڕووداوەکـانی ئاخـاوتن دەدات و دەیکاتە

چەند جۆرێک وەکو جیاوازی نێوان کارەکانی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دانراوی و گفتوگۆیی و پیتی و ناپیتی و توێژینەوەی ڕێچکەکانی بە سەرخستنی ئەو کارانە، یان نشوست هێنانیان و گۆڕینی مانای ڕستەکان، ئەویش بەپێی بەکارهێنانەکان وەک گۆڕینی هەواڵ بۆ هۆنینەوەی پەخشان(٢٢).

هەروەها لەو تاقیکردنەوانەی کە (ئۆستن) داینا، ئەویش بۆ جیاکردنەوەی نێوان ڕستە وەسفسازەکان (یان ڕستەی هەواڵگەیاندن) و (ڕستە پەخشانییەکان) ئەوەیە کە قسەکەر دەڵێ (١) بۆ نموونە (سلفی ئۆتۆمبیلەکە ناجوولێنێت)، بەڵام کە دەڵێ (٢) ئەوە پەیمان دەدا و دەشڵێ (٣) ئەوە سوپاسی دەکات... تاد.

١- سلفی ئۆتۆمبیلەکە ئیش پێ بکە.

٢- پەیمانت دەدەمێ جارێکی دی سەردانت بکەم.

٣- سوپاست دەکەم بۆ ئەم میواندارییەت.

لەتایبەتمەندییەکانی دیکەی شێوازی گرێبەستییەکان ئەوەیە کە (جێناوی) کاری سەرەکی تێیاندا، یان ئەو شتانەی کە لەباتیان بەکارەکان دەکەن، (جێناوی قسەکەر)ن، هەرچەندە چەند نموونەیەک هەن کە لەم ڕێسایە بەدەرن، هەروەک لە (٤) داهاتووە:

٤- تۆ تەڵاق درایت

لەو پۆلێنکردنانەی کە تیۆری کاری ئاخافتن هێنایە کایەوە، جیاکردنەوەی سێینەیە لە نێوان:

أ- ڕستەی هەواڵگەیاندن (Declarative sentences) کە بۆ ئاشکراکردن و لێدوانەکان و سکاڵاکان و گێڕانەوەی چیرۆک... تاد. بەکاردێن.

ب - پرسیارکردن (interrogative) کە بۆ داواکردنی وەڵامی درکاوی لەگوێگرەوە بەکاردێت.

ج - داواکردن کە ئاماژەیەکە بۆ حەزی قسەکەر لە کاریگەربوون لەسەر کارەکانی داهاتوو، داواکردن بەکاردەهێنرێن، دەرکردنی فەرمانەکان و پێشنیازەکان... تاد(٢٣).

## ٧- تیۆری دانراوی لۆجیکی لەمانادا

ڕوانگەی ئەم تیۆرە بۆ مانا، چ مانای تاک و چ پێکهاتە بەدرێژەدەری زانیاری هزرە پێشووەکانی خۆی هەژمار دەکرێت.

جا (مۆریس شیلیک) و (نیۆرس) و (هامبل) و کارناب و وایزمن بە پێشەنگانی ئەم تیۆرە هەژمار دەکرێن، هەروەها تیۆری (شیلیک) بە تایبەت بەتیۆری ئەزموونی مانا ناوزەد کرا، ئەویش لە دەسپێکی ئەو بۆچوونەوە کە مانای مەسەلەیەک ئەوە ڕێچکەی پراکتیزەکردنیەتی، ئەویش بەدەستەبەربوونی مەرجەکانی ئەم پراکتیکارییە، (واتە: جێبەجێبوونی مانا بۆ سەر واقیعە پراکتیکییەکە، کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ ڕاستی و دروستی دۆزەکە)، بەم شێوەیە ئیتر دۆزەکە ڕاستگۆ دەبێت، ئەم زانایە سێ پێوانە دادەنێت کە وای دەبینێ نیشانکەری مانای وشەکەیە، ئەویش: ئاماژەیەکە بۆ ناولێنراوە دیاریکراوەکەی جیهانی دەرەکی و هاوکوفی و هاوواتایی، ئەم پێوانەیەش ئەو وشانەی پێوە تایبەتمەندە کە بە هەڵگرێکی ئەزموونگەری هەژمار دەکرێت، وەکو (چوارگۆشە) و (درەخت) و هەرچی پێوانەی سێیەمە، بەکارهێنانێکە لەتوێی بەکارهێنانێکی دیاریکراودا، ئەم پێوانەیەش گرنگی بەو وشانە دەدات کە بەهەڵگری ئەزموونگەری هەژمار ناکرێت وەکو ئامرازەکان و (ئاوەڵکارەکان)، یان ئەوەی کە پێکهاتەییەکان بەجۆرە داخراوەکان ناوزەدیان کردووە.

لێرەدا ئاماژە بۆ (نیۆرس) و (هامبل) دەکەین، کە لە بۆچوونەکانیاندا لەگەڵ (شیلیک) جیاوازییەکیان هەبوو، ئەویش لەبواری بۆچوونی ئەم زانایە لە تێڕوانینی بۆ ئەو واقیعە ئەزموونگەرییەی کە دەیکاتە دەسپێک بۆ گەیشتن بە مانا، هەردووڵا (نیۆرس) و (هامبل) لەو باوەڕەدان کە ئەم دەستنیشانکردنە پێویستە لە پرۆتۆکۆلێکەوە دەست پێ بکات، واتە لە تۆمارکردنێکی وردی ئەو سەختیانەی کە قسەکەرەکە لە بواری پەیداکردنی شارەزاییدا بینیویەتی، لەم بەکارهێنانەدا بەمەرج گیراوەکە ئەداکردنە زمانەوانییەکان (جێناوی قسەکەر) بەکاربهێنێ، هەروەها دوای پێکهاتە درکاوەکان دەکەون، ئەویش بەپێی ڕێکسازبوونی لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو پرۆتۆکۆلەی کە پێشوەخت ڕاستگۆییەکەیان قبووڵ کرد.

## ٨- تیۆری پراگماتیکی

ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری بەکارهێنان لەبوارێکی گرنگدا یەک دەگرێتەوە، ئەویش پشت بەستنە بەتێبینی هەستیاری ڕاستەوخۆ و لەواقیعی بەکارهێنانی ئەزموونگەریدا ماناکەی پراکتیزە دەکات، ئەم تیۆرە پێی وایە کە وێناکردنی ئێمە بۆ شتێک لە وێناکردنمان بۆ

ئاسەوارە کردەییەکانی پێکدێت، چونکە مۆرکی ئەرک ئامێزی شتێک خۆی ئەو بۆچوونەی کە پەیڕەوی دەکەین، دەستنیشانی دەکات، بۆ نموونە مانای (کارەبا) ئەو شتەیە کە دەیکات و ئەنجامی دەدات نەک ئەوەی کە تەزوویەکی نەبینراوە لەوایەرێکی کارەبادا، جا گرنگترین ناودارانی ئەم تیۆرە (چارلس پیرس)ە، کە زۆر گرنگی بەمەسەلەی چەسپاندنی هاوکێشەی مادی شتەکانی داوە ئەویش بۆ ئەوەی ماناکەی پراکتیزە ببێت، هەرچەندە کارەبا بینراو نییە، ئێمە ناتوانین بڵێین کە بوونی نییە، بەڵکو پێویستە بڕوانینە ئەو ئاسەوار و شوێنەوارانەی کە بەجێی دەهێڵێت، لەبەر ئەوە ئەو بۆچوونانەی کە شوێنەوار بەجێیان دەهێڵێت، هیچ مانایەکیان نییە، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین کە (پیرس) یەکێکە لە گرنگترین ئەو بیرمەندانەی کە واتاسازییان دامەزراندووە یان (signi fics) بۆیە پاشانیش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەو کۆششانەی کە لەبواری هێماسازیدا خرانەگەڕ، وەکو کۆششەکانی (ڕۆمان یاکۆبسن) و (چارلس مۆریس).

لەوانە گرنگترین شتێک کە ئەم تیۆرە ڕوونی کردبێتەوە، ئەو پێوەندییە پەیوەستدارەی نێوان هێما و ئاماژەکان لەلایەک و ئەو وەرگر و بۆ نێردراوەیە لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە هێما ڕەمزێک بێت یان وشەیەک کە ئاماژە بۆ مانایەک دەکات و هێمای بۆ دەکات، یان پیتێکی نووسراو کە ئاماژە بە فۆنیمی دەنگی دەکات، یان ڕستەیەک ئاماژە بۆ بیرۆکەیەک دەکات. لەوانەشە هێماسازی بێت، واتە ڕەمزێکی گوزارشت لێکراو کە ئاماژە بەخودی خۆی بۆ ئەو شتە ڕەمز لێکراوە بکات، واتە هیچ ڕەمزێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی هۆکارانە لەنێوانی و لەنێوان ئەو شتەدا هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکات، یان هاوەڵەکەی، کە ئەویش ئەو کۆمەڵە پێوەندیانەن کە مانا تایبەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە تاکو لەکاتی پێکهاوردنیاندا بەکەڵکی مانا مەبەستەکە بێن، وەکو پێوەندی (ئاماژە) و (تایبەت کردن) و (ڕێژە)، ئەم پێوەندیانەش یاوەڕبوونی مەعنەوین، سەرباری ئەو باوەڕبوونە زمانەوانیانەی کە دەنگسازی و داتاشین پێشکەشە بەزانستی ڕێزمان دەکەن لەڕووی یاوەربوونە دەنگییەکان، یان داتاشراوییەکانەوە، وەکو (جووڵەکان) و پیتەکان و بنیادەکانی دابەشکردن و بنیادەکانی داتاشین، واتە یاوەڕبوونە درکاوییەکان ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ ئاماژەیان بۆ بکەین، لەکاتی باسکردنی هێمادا جوداکردنەوەی ئەم توخمانەیە، کە زۆر توند نییە، لەوانەیە هێماکە خۆی لەکاتی کردەی پەیوەست بوون هێمایەک بێ، یان یاوەرێک بێت، بۆ نموونە (دووکەڵ) لەوانەیە هێمایەک، یان یاوەرێکی سروشتی بێت کە ئاماژە بۆ ئاگر بکات، یان ئاماژەیەک بێت خەتەرناکییەک، یان مەترسییەک، یان لەوانەیە ڕەمزێکی گەیاندن بێت، هەروەک لەلای هیندییە سوورەکان هەبوو(٢٤).

### ٩- تیۆری مۆر

ئەم تیۆرە بە ناوی (جۆرج مۆر)ەوە ناولێنراوە، کە بڕوای وابوو وێناکردنی مانای وشەیەک، یان پێکهاتەیەک لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکی شیتەڵکارییەوە ڕەو دەکات، کە لەسەر دوو پایەی دابەشکردن و جیاکارییەوە دادەمەزرێت. ئەویش لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سێ پێوانەکە: (هاوکوف بوونی لۆجیکی، وەرگێڕان، هاوواتابوون)، دابەشکردن لە ڕوانگەی ئەم زانایە بریتییە لە شیتەڵکاری وێنەکانی مانا بۆ پێکهاتەکانی خۆی، واتە وێناکردنی مانا لە وێناکردنە کەرتییەکان پێکهاتووە، ئەمەش وا دەکات کە ئەم تیۆرە لە داهێنەرانی تیۆری شیتەڵکاری پێشوو نزیک ببێتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە دابەشکردنی مانای وشەکان بۆ سەر پێکهاتە ئادگارییە واتاییەکانی خۆی زۆر پێویستە.

هەروەها جیاکاری لەلای ئەو لە بەکارهێنانی وشەکە بە بەکارهێنانە زمانەوانییەکەیدا پەیوەستە، ئەویش بەژماردنی کۆمەڵی ئەو بەکارهێنراوە ڕەخساوانەی ئەو وشەیەی کە وێنای ئەو مانایە هەڵدەگرێت، کە مەبەستمانە بیدۆزینەوە، لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی کە لەو مانایە جیایان دەکاتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین، جا چ بۆ وشەیەک، یان بۆ پێکهاتەکە بێت، گەر ئەم شتە دروست بێ ئەوکاتە وێنای ماناکە لەوێناکانی دی جودا دەبێتەوە(٢٥).

جا ئامانجی پێوانەکانی شیتەڵکاری دروست، دۆزینەوەی هاوکێشەی واتایی مانایە، پێوانەی هاوکووفی لۆجیکی لەڕووی ئەم تیۆرەوە مانای شیتەڵکارییەکی نزیکی وێنای ئەو مانایەیە کە دەمانەوێ توێژینەوەی دەربارەی سازبدەین، ئەویش بۆ کۆمەڵی ئەو

وێنایانەی کە هاوکووفی ئەون بۆ توێژینەوەی ڕاستو دروستی ماناکە.

هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بەپێوانەی وەرگێڕان و گواستنەوە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی نادات، بەڵام مانای وەرگێڕان لەبۆچوونێکەوە بۆ بۆچوونێکی دی دەگەیەنێ، کە لەگەڵیدا بگاتە ئاستی هاوکووفی، کە دەرەنجام ماناکەی بۆ شیتەڵکاری و بۆ بابەتەکەی یەک ئاست دەبێ، کە دەتوانین لە هاوواتا ناوزەدی بکەین، واتە وەرگێڕان بەم بۆچوونە بۆ هاوکوفی بوون پەلکێشمان دەکات،کە دەرەنجامیش بەرەو هاوواتایی ڕێچکە دەکات.

## ١٠- تیۆری کواین

ئەم ناولێنانە بۆ ناوی ئەو زانایە دەگەڕێتەوە، کە بیروڕاکانی ئەم تیۆرەی بڵاوکردەوە، ئەو زانایە پێی وابوو کە وێناکردنی مانا هاوردنی بۆچوونی دیکەیە کە لەڕووی لۆجیکییەوە هاوکوفی بن.

جا مانا بەرهەمهاتووەکە بە هاوواتا ناوزەد دەکرێت، کە تیۆرە ئاکارییەکە دەکاتە پاڵپشتی خۆی کە پشت بە پرنسیپی وروژێنەر و وەڵامدانەوە دەبەستێت، بەو مانایەی کە مانا پێکهاتە زمانەوانییەکان بەهەموو ئاستەکانییەوە (تاک، یان کۆ) سەبارەت بە وەرگر کۆمەڵە ئاگادارکەرەوەیەک دەست نیشان دەکات، کە دەبنە پاڵنەری وەرگرتنی ڕستە، یان پێکهاتە درکاوەکە، جا هەر پێکهاتەیەکی دروست بوو لە وشەیەک ،یان کۆمەڵە وشەیەکی گونجاو پێکهاتبێت، بەهاوواتا هەژمار دەکرێت، بەو مەرجەی کە یەک حاڵەتی وەڵامدانەوەیی دەستەبەر بکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە لەڕووی گشتگیرییەوە نوقسانە، کە پێویستە توێژینەوە زمانەوانییەکان بیانگرێتەخۆ، چونکە هەموو وشەکان و پێکهاتە ڕستەییەکان ناگرێتەخۆ، چونکە بنەمای بۆچوونەکان لەلای کواین پێش هەموو شتێک دەروونییە، بۆیە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە.


**تێبینی: ئەم وتارە لەم دوو کتێبە وەرگیراون :**

*** د.محمد محمد یونس علي، مقدمة في علمي الدلالة و التخاطب، دار الكتاب الجديد المتحدة، لبنان - بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص ١٧- ٣٣ .**

*** د.يحيي عبابنة و د. امنة الزعبي، علم اللغة المعاصر، مقدمات و تطبيقات، دارالكتاب الثقافي،الأردن، اربد،٢٠٠٥، ص ٩٨-١٠١ .**

**١- ابو حامد الغزالي، معيار العلم في فن المنطق، ط ٤، بيروت، دارالاندلس،١٩٨٣، ص٤٦-٤٧ .**

**٢- حازم القرطاجني، منهاج البلغاء و سراج الادباء، تحقيق محمد الحبيب بن الخوجة، ط٣، بيروت، دار الغرب الاسلامي،١٩٨٦ ،ص١٩ .**

**3- ck ogdden and la Richard ,Thoughts ,words and things in donald E. hayden and E. p. alworth (eds) , classics in semantics (london vision press limited , 1965,pp.250-252.**

**4- Lyons, 174: 1977.**

**5- R. carnap, meaning and Necessity (Chicago. The University of Chicago press, 1956), pp. 118-119.**

**6- Bloom field, language (new York: Holt, Rinehart& Winston 1933- 16 .**

**7- Bloom field 23: 1933-17.**

**8- Bloom field 22: 1933-18 .**

**9- Bloom field 139: 1933.**

**10- Chomsky, N. aspects of the theory of syntax Cambridge (mass: the mit press, 1965), p. 193, note (1).**

**11- Chomsky 20: 1965.**

**12- Iyons, John, language and linguistics: an introduction (Cambridge: cambridge university press 1981) , pp: 5 ? 6.**

**13- C. E. bezel, J. C. cat ford. M. a. k. holiday and R. H robins (ends) in memory of J. R firth (Longman, 1969) . p. v.**

**14- j. R. firth, papers in linguistics 1934 ? 1951(London: oxford university press (1957), p. 19.**

15- firth 26: 1957 ? 7.
16- see: J. Ellis, on contextual meaning in bezel and other sleds in memory of j. R. firth, (Longman, 1979), p. 81.
17- see: M.A. k. Holiday, lexis as linguistic level in bezel and others (ends) in memory of j. r. firth, (Longman, 1979), p. 160.
18- R. H. Robins, central Linguistics: an introductory survey and end, (London: Longman, (1978) p. 63
19- j. Lyons, firth's theory of meaning.. In betel and others (ends) in memory of j. R. firth, (hangman 1979) p. 195.
20- Ellis 79: 1979.
٢١- محمد محمد يونس علي، وصف اللغة العربية، دراسة حول المعني والظلال (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، ١٩٩٣ ) ص ١٠٥ – ٦.
٢٢- بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ:
J.L. Austin, how to do thing with – words (cambridge, mass: Harvard university press, 1962).
- Searle, j. (1969) speech acts: an essay in the philosophy of language, Cambridge,eng: Cambridge university press.
- Strawson ,p. F. , intention and convention in speech acts, philosophical Review (1964) 73: 43 ? 60.
Tsohatzidis, S. L. , ed, foundations of Speech Act Theory: philosophical and Linguistic perspectives,London;Routledge. (1994).
23- Sadock and Zincky (1985:160)
٢٤- منقور عبدالجليل، علم الدلالة، اصوله و مباحثه في التراث العربي، انترنيت .
٢٥- هەمان سەرچاوە .

# سەردەمی زانیارییەکان

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

جیهانی نوێی زانیارییەکان لەم سەدەیەدا دەرفەتی ئەوتۆ دەڕەخسێنێ نەک تەنیا بەوەی لە ڕووی گیانەوە جیهانی بین، بەڵکو پێوەندی پتەویش لەگەڵ خەڵکی دیکەی جیهانیدا دروست بکەین، جیهانییەکان پسپۆڕیی ئاڵوگۆڕ دەکەن و ڕاستەوخۆ لە سەرتاسەری دنیادا پێوەندی بە یەکترەوە دەکەن. جیهانگیری لە مێژووی مرۆڤایەتی پرسێکی کۆنە، بەڵام لەسەردەمی زانیارییەکاندا ئاراستەی نوێ دەگرێتەبەر و هێز و ڕەهەندی تری لێدەکەوێتەوە. جیهانگیری دوو بزوێنەری هەیە (بە بۆچوونی ڕۆند لۆبرز سەرۆک وەزیرانی پێشووتری هۆڵەندا)، کە بریتین لە داهێنانی تەکنۆلۆژی لەبواری تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن، هەروەها هەژموونی لیبرالیەتی نوێ، مەبەست لێی سەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای ئابووری بازاڕی ئازاد و شێوازی بەکاربردن و میدیای کات بەسەربردن و خەسخەسەیە. (بیل گێتس) دەڵێ: "ئێستا وڵاتان لە ململانێدان بۆ هەژموونکردنی زانیارییەکان، پێشتر وڵاتان بەپێی دەوڵەمەندییان بە ماددەی خاوو داهاتە پیشەسازی و مرۆییەکان بەراورد دەکران، بەڵام ئێستا پێوەری دەوڵەمەندیی تایبەتی، یان نیشتمانیی بریتییە لە بڕی خاوەندارێتی زانیاری، هەرچەندە زانیاری شتێکی بەرجەستە نییە، یان ناپێورێ". بەڵام زانیاری لەم سەردەمەدا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە مامەڵەو ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ، دەکرێ پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری پێشکەوتوو سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی زانیاری بێت.

پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان فرە جۆری و گۆڕانکاری لە سەردەمی زانیارییەکاندا هەیە کە دوو مەرجی پێویستن لە مەرجەکانی پێشکەوتن لە سەردەمی زانیارییەکاندا، ئەوەی دانیان پێدا نەنێ ئەوە دەکەوێتە دەرەوەی ئەم سەردەمەوە. فرە جۆری لە خودی خۆیەوە خۆراک وەردەگرێ و بە بەردەوامی ئاستەکانی زانیاری کە

سیستمەکە پێویستی پێ دەبێ، بەرز دەبێتەوە. گۆڕانکاریش لەئاکامی جووڵەی شتەکان بە خێرایی لەم سەردەمەدا دێتە ئاراوە، بەمەش هەر فرە جۆرییەک دەبێتە مایەی گۆڕانکاری، بە پێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی فرەجۆری. ناکرێ کولتوور و زانیارییەکان لێک جیا بکەینەوە، کاتێک تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان تەوەرێکی بنەڕەتی لە تەوەرەکانی گەشەپێدان پێکدەهێنا، کولتووریش ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بینی. سەردەمی زانیارییەکان بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێی خستە بەردەم کولتوور، بەتایبەتی کە هەندێ وای لە تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان ڕەچاو کرد کە کۆتایی زۆر لە بنەما کولتوورییەکانە وەک مامۆستا، میتافیزیکا، یادەوەری، نێوەندیارەکان...تاد. بەداخەوە سەرکەوتن و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە جیهان هاوزەمانە لەگەڵ هەندێ خاوی ڕوحی، ئەمەش ئەرکێکی نوێ دەخاتە ئەستۆی سیستمی کولتوور لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە کە لەنێوان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و ژیانی ڕوحی و بەها ئاکارییەکانی مرۆڤایەتی دروست بووە.

چەمکی تەکنۆلۆژیای گەیاندن ژمارەیەکی زۆر لە پرسە ناکۆکەکانی هێنایە ئاراوە، لەوانەیە یەکێک لە دیارترینەکانی ئێستا بریتی بێ لە ژمارەیەک لەو پێوەرە ئاکاریانەی هاوەڵی سەردەمی ئەلیکترۆنین کە کردەکان لەناو ئەم سەردەمە ژمارەییە گەورەیەدا دیاری دەکات. ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە گەورەیە لە زانیارییەکان وای کردووە بۆ هەمووان دەستەبەر بێ، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا تەنگژەی ویژدان لە بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە و زۆرجار قۆستنەوە وێرانکەرەکەی دەخاتەڕوو. سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی بواری پێشکەوتنی زانیاری، شۆڕشی زانیارییەکان لایەنە خراپەکانی ئاشکرا کرد، لەمیانەی هەڵقولانی زانیارییە چەواشەکەرەکانەوە، یان ئەوانەی کە ئایین و بەهاکان لەکەدار دەکەن و جۆرێکی نوێ لە تیرۆریستان پەیدابوون کە ڤایرۆسی وێرانکەری کۆمپیوتەر بەکاردێنن و هەڕەشەی وێرانکردنی بنەمای داتاکان دەکەن، لە گرنگترین ئەم پرسانەش:

١- ئازادی دەربڕین و سانسۆر:

یەکێک لەگرنگترین ئەو ناکۆکییانەی کە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دروستی دەکات، بەکارهێنانی پۆستی ئەلیکترۆنییە، کە هەندێ کەس دەتوانێ بۆ ناردنی پەیامگەلی ئەلیکترۆنی بەکاری بێنێ کە هەندێک جار زمان پیسی و گاڵتە پێکردنی تێدایە وەک دەربڕینێک بۆ تووڕەیی و شەڕ پێ فرۆشتن، بە قۆستنەوەی ئەوەی کە لە پۆستی ئەلیکترۆنیدا زەحمەتە خەسڵەتە یەکلاکەرەوەکانی کەسایەتی نێرەر ڕوون ببێتەوە کە دەکرێ نازناو و ناوی خوازراو دوور لە ناوی ڕاستەقینە بەکار بهێنرێ، یاساکانیش کە تاک لەکاتی بەکارهێنانی تەلەفۆن، یان گوێگرتن لە ڕادیۆ، یان تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دەپارێزن، بەهەمان شێوە لە زمان پیسی نامەکانی پۆستی ئەلیکترۆنی بیپارێزێ کە خزمەتگوزارییە ڕاستەوخۆکان لەمیانەی ئینتەرنێتدا ناتوانرێ دەستی تێوەر بدات، بەو پێیەی تایبەتمەندێتی بۆ دەستەبەر دەکات، تەنیا ئەگەر پڕۆگرامگەلێک بەکارهێنرا کە دەربڕینە ناشیرینەکان بدۆزێتەوە و هۆشداری بداتە بەکارهێنەرانی بە پێویستی سڕینەوەی، ئەگەر نا نامەکانیان سانسۆری دەخرێتە سەر. ئەم پرسە چەندین پرسیاری ئاڵۆز دەورووژێنن لەبارەی ڕەفتار و ئازادی بیروڕاو قەبارەی سانسۆر، بەتایبەتی لەمیانەی ژوورەکانی گفتوگۆوە لەڕێی ئینتەرنێت (چات) کە دەکرێ وێنەی ڕووت و هەندێ گفتوگۆی سێکسی تێدابێ، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە زانستییەکان دووپاتیان کردۆتەوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە لاوان پەنا بۆ ئینتەرنێت دەبەن بۆ تێرکردنی پێویستییە لێ هەڵهاتووەکانیان لەمیانەی کردنەوەی ماڵپەڕە بەڕەڵڵاکانەوە.

٢- مافی خاوەنداریبوونی تاکەکەس:

شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیا کێشەیەکی تر دەخاتەڕوو کە پەیوەستە بە ئاکارەکانی سەردەمی کۆمپیوتەر، ئەویش مافی خاوەنداری بوونی فیکرییە و بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە مافەکانی بڵاوکردنەوە و دانانەوە (Copy Rights) پاراستنی خاوەنداریبوونی فیکری لەسەردەمی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکاندا پرسێکی زۆر گرنگە، چونکە کۆپیکردنی پڕۆگرامەکانی کۆمپیوتەر لەسەر دیسک دەکرێ لە چەند چرکەیەکی کەمدا ڕوودات و گۆڕانکاری بۆ بەکارهێنانی ئامێری دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی هەڕەشەی ئاڵۆزبوونی کێشەکە دەکات، یاساکانی ئێستاش بۆ مافی بڵاوکردنەوە و دانان، مافی بڵاوکردنەوە و دانانی ماددەکانی سەر خزمەتی کۆمپیوتەر ڕاستەوخۆ ناپارێزێ. چەندین پرسی ناکۆک پەیوەستن بە کێشەی مافەکانی بڵاوکردنەوە و دانانەوە، لە دیارترینیان:

- هاککەری پڕۆگرام و تۆڕەکان:

واتا دزین، یان دابەشکردن بەبێ ڕێپێدان، یان مۆڵەت وەرگرتن، یان بەکارهێنانی ماددە، یان پڕۆگرامێکی کۆمپیوتەر کە مافی بڵاوکردنەوەو دانانی هەبێ، یان بەڵگەنامەی داهێنان، ئەویش بە شێوازگەلی جیاواز وەک کۆپیکردنی پڕۆگرامێک لە سیدی بۆ سیدییەکی تر، یان داونلۆدکردنی پڕۆگرامێکی کۆمپیوتەر لە تۆڕی

ئینتەرنێتەوە، یان دابەشکردنی ماددەگەلێک لە شێوەی دەستەگەلی دیجیتالی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەم بارەیەوە.

– خاوەنداریبوونی وێنە و دەنگەکان:

تەکنیکی ئامێرەکانی رووپێوی رووناکی و ئامێرەکانی وێنەگرتنی دیجیتالی و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بە کێشەگەلێک پەیوەست کرا، وەک راستکردنەوەی وێنەو دەنگەکان و توانای سەرلەنوێ چاککردنەوەی لەمیانەی کۆکردنەوەی دیجیتالی، بۆئەوەی بۆ وێنەیەکی نوێ بگۆرێ کە بکرێ بسڕدرێتەوە، یان بخرێتە نێو سیستەمێکی کۆمپیوتەر تاکو لە چوارچێوەیەکی نوێدا دابنرێ.

کارتێکردنی تەکنیکی زانیارییەکان لەسەر بەها مرۆڤایەتییەکانە، (جێمس مۆر) لە گرنگترین بیرمەندانی ئەم بوارەیە کە دەڵێ: "تەکنیکی زانیارییەکان زۆر بەهێزە، چونکە زۆر نەرمە" بەهێزییەکەی لە نەرمییەکەیدایە و ئەم نەرمییە بۆ جێبەجێکردنی هەر چالاکییەک توانای گونجاندنی دەداتێ، کەواتە تەکنیکی زانیارییەکان بە کردار بە ئامرازێکی جیهانی دادەنرێ و هێزو نەرمییەکەی وای لە زۆر لە بیرمەندان کردووە بە یەکێک لە دەرەنجامی ئەو تەکنۆلۆژیا نایابەی دابنێین کە لێیەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنەرەتی لەدایک دەبێ. هەروەها (مۆر) ئاماژە بۆ جێبەجێکردنە تازەکانی تەکنیکی زانیارییەکان دەکات کە زۆرجار چەمکی شپرزە دروست دەکات و پێویستی بە روونکردنەوە هەیە. دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە پرسیاری ئاکاری پێوەند بە تەکنیکی زانیارییەکان دادەنرێ و بەتایبەتی پرسیارگەلێک لەبارەی بەها مرۆڤایەتییەکان. وەک: کار و کایە و ئازادی و دیموکراسی و ئەنجامدانی خود و دادوەری هەموو ئاماژەن و جەخت دەکەنەوە کە تەکنیکی زانیاری جێگەی پرسیاری ئاکارە، شۆڕشێکی راستەقینەیە.

کارکردن لە دوورەوە دەتوانێ رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی لە دیاردەی کاردا بەشێوەیەکی کارتێکراو بگۆرێ، بەڵام پێوەندی لەگەڵ خەڵک لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە زۆر جیاوازترە، کە بەهۆی وردبوونەوە لە بینین و ناردنی دەقەکان بۆیان، بۆ کارکردن لە دوورەوە بە روونی کار دەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسەکان، بە سروشتی ناکرێ هەموو کارێک لە دوورەوە بکرێ، هەندێ فرمان وەک پیشەسازی و بەرهەمهێنان پێویستی بە کارگە، یان شوێنی کۆکردنەوە و جێبەجێکردن هەیە، بەڵام هەندێ لەم فرمانانە لەرێگەی مرۆڤە ئامێر و ئامێرە دیجیتاڵەکانی ترەوە جێبەجێ دەکرێ. تەکنیکی زانیارییەکان بیرۆکە و چەمک و بەهای کار بە خودی دەگۆرن، ئیتر کار نابەسترێتەوە بەشوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە، لە کاردا ئامێر و دەزگای دیجیتالی لە جیاتیمان بەکار دەهێنرێن، سوودەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە کردن و خاوەنداری فەرمانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کارتێکردنی تەکنیکی زانیارییەکانی لەسەر بووە.

کاریگەرییە باشەکانی شۆڕشی زانیاری لەسەر مرۆڤایەتی مەزنە و زەحمەتە بژمێردرێ، مرۆڤایەتی تامەچێژ لە باشی و دەسکەوتەکانی دەبینێ کە تۆڕی ئینتەرنێت کورتی دەکاتەوە لەوەی پێشکەشی دەکات:

– لەبواری زانستیدا، ئینتەرنێت هاوکار بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی کاری ئەکادیمی زانکۆیی و ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم توێژینەوەی زانستی سەرجەم لقەکاندا کردەوە. ئینتەرنێت وەک چۆن یارمەتی رێکخراو و حکومەت و رێکخراوەکانی سەر بە ئەو دەدات، هاوکات یارمەتی هێزە ئۆپوزسیۆنەکان دەدات لە بەیەکگەیاندن و خۆ رێک خستنەوەیان.

– ماددەی دەوڵەمەندی پێشکەش کرد و زانیاری لە زۆر بواری ژیان فەراهەم کرد وەک: رابواردن، گەشتوگوزار، ئەمە وێرای مونتەدای گفتوگۆی ئەلیکترۆنی کە هاوکارە لە هاندانی کارلێک و بەیەکگەیاندنی نێوان مرۆڤەکان.

– شۆڕشی زانیاری کاریگەری گەورەی لەسەر چالاکی بازرگانی بۆ سەرجەم کۆمپانیاو دەزگا بازرگانییەکاندا هەبوو، بەمەش بازرگانی ئەلیکترۆنی گەشەی کرد بە پلە یەک پاڵی بە پسپۆڕانەوە نا بیر لە دەرکردنی دراوێکی ئەلیکترۆنی بکەنەوە، بەمەش شێوەیەکی نوێ لە شێوەکانی چالاکی ئابووری دێتە ئاراوە.

– رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە سەردەمی زانیارییەکاندا رۆڵێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و رۆشنکردنەوەی بیر و بە یەکگەیاندن لەنێوان مرۆڤەکاندا دەگێرێ.

– تۆڕی ئینتەرنێت هاوکارە لە هەرمێن بەخشین و فرۆشتنی هەموو جۆرە کتێبێک و یارمەتی خستنەرووی ئەو ئەدەبیاتە دەدات کە حکومەتە ستەمکارەکان قەدەغەیان کردووە.

بەڵام کاریگەرییە خراپەکانی تەکنۆلۆژیای زانیارییە بریتییە لە:

– بەردەوامبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی و مەعریفی لە نێوان خەڵکدا جا لەناو یەک دەوڵەتدا بێ، یان لەنێوان وڵاتاندا و بوونی خەڵکی پەراوێزخراوی نەخوێندەوار لە جیهانی شۆڕشی زانیارییەکاندا.

– واقیعی گریمانەیی واتە ئەو واقیعەی کە لەسەر تۆڕی

جاڵجاڵۆکەیی هەیە هێنایە نێو ژیانی مرۆڤ، ئەم واقیعە گریمانەییە بوار بە سوودمەندان و وەبەرهێنەرانی ئەم شۆڕشە دەدات یاری بە ڕاستییەکان بکەن و کار بکەنە سەر لاوازەکان، لەو وڵات و تاکانەی کە خاوەن بڕێکی کەمتر لە زانیارین.

– کاریگەری تۆڕی ئینتەرنێت لەسەر منداڵان و تەنانەت لەسەر گەورەکانیش، دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و ئەو بڕە زۆرەی زانیاری کە دەستیان دەکەوێ، گوشارێکی دەروونییان لەسەر دروست دەکات و ئەعسابیان ماندوو دەبێ و زیاتر نامۆ دەبن، بەتایبەتی کاتێک دەگەڕێنەوە ناو واقیعی کردەیی، واتە تۆڕی ئینتەرنێت مرۆڤەکان دەباتە نێو پێوەندی ناواقیعی و وای لێدەکات وا لێک بدەنەوە کە پێویستییان بە پێوەندییە کردەییەکان نییە. ئەمە جگە لەوەی پێوەندییە کۆنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، واتە بەشدارە لە داڕشتنەوە و نوێ بوونەوەی نوێیەکی خەڵک.

– تۆڕی زانیاری توانی وردترین زانیاری لەبارەی ژیانی تایبەتی تاکەکان و پەیوەست بە خۆی بزانێ، لەڕێگەی چوونە نێو دۆسیە و داتا تایبەتییە هەڵگیراوەکانی سەر کۆمپیوتەر، ئەمەش بەزاندنی سنووری تایبەتمەندیی تاکەکان و مافی پاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانە.

– گۆڕانکاری ڕیشەیی لە چەمکی کاری وەزیفی دروست کرد، بەهۆی کۆمپیوتەر و شۆڕشی زانیارییەکانەوە مرۆڤ دەتوانێ بەردەوام بێ لە کارکردن تا دوا ساتی ژیانی و کریکارانی پەرتەوازە کرد و ئاستەنگی خستە بەردەم یەکبوونیان، هەروەها لە هەندێ بواردا ژمارەی وەزیفە فەراهەمبووەکانی کەم کردەوە.

– پێکهاتەیەکی نوێی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەم نەهێنا کە لە ڕووی جۆرەوە لەوەی پێشتر باشتر بێ، هەروەها بەشێوەیەکی یاسایی هێشتا میکانیزمێکی دیموکراتی باشتری بەرهەم نەهێناوە لەوە باشتر بێ کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی.

– بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری هەیە لەسەر تایبەتمەندی کەسی و وڵاتان، تەنانەت هەندێ وای دەبینن کە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و کۆمەڵگەکان و جۆرێکی تر لە تاوان دروست بووە کە بە (تاوانی کۆمپیوتەر) ناودەبرێ و شۆڕشی زانیاری هەلی نوێی بۆ سیخوڕی کردن لەنێوان کۆمپانیا و وڵاتاندا بەهەموو جۆرەکانییەوە فەراهەم کردووە.

– بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت بەهۆی ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسەی کە بڵاوی دەکاتەوە مەترسی و کاریگەری خراپی هەیە، کە ژاوەژاو دەخاتە سەر تەلەفۆن و فڕۆکەوانی و لەوانەیە هەندێ نەخۆشی لێ بکەوێتەوە کە هێشتا نەناسراوە، بۆیە پێویستە لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەرزش بکرێ و پشوو هەبێ.

– شۆڕشی زانیاری کار دەکاتە سەر مەسەلەی مافی دانەر و بڵاوکەرەوە، کە کۆپی کردن و لاسایی کردنەوە زیاد دەکات، بۆیە هەندێ ماڵپەڕ ئاستێکی بۆ ئەم پرسە داناوە و بەربەستی ماددی لەبەردەم تەماشاکردنی زانیاری دیاریکراو داناوە.

– شۆڕشی زانیارییەکان لەگەڵ ئەوەی هاوکارە بۆ باشکردنی ئەدای پۆزەتیڤی سەرجەم جۆرەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانییەکان، یارمەتیدەریشە بۆ چالاکییە ڕووخێنەر و خراپەکانی وەک، بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و سێکس و ڕاکێشانی منداڵ بۆ نێو جیهانی سێکس و تاوان لەمیانەی ماڵپەڕەکانی چاتەوە، کە پاڵی بە خزمەتگوزارانی ئینتەرنێتەوە ناوە کۆتوبەند بخەنە سەر چوونە نێو ئەو مونتەدایانەی مۆرکی سێکسی بێ پەردەی پێوە دیارە، هەرچەندە ئەم هەنگاوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە بەوەی فەزای ئەلیکترۆنی موڵکی هیچ کەسێک نییە و هەموو شتێک تێیدا ڕێی تێدەچێت.

– خراپترین کاریگەرییەکان ئەوەیە کە بە (مافیای کۆمپیوتەر) ناسراوە، کە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە وردە وردە دەچێتە نێو کۆمپیوتەرە تایبەتی و گشتییەکانەوە، بۆئەوەی پڕۆگرامگەلێکی تێدا بڵاو بکاتەوە کە لە کاری بخات، بۆیە ناوی لێنراوە (کرم)، یان (ڤایرۆس)، لە بەرابەردا تۆڕێکی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە پێکهاتووە.

**سەرچاوەکان:**

**– د. حنان يوسف، تكنولوجيا الأتصال و مجتمع المعلوماتية، ط٢، اطلس لنشر والأنتاج الأعلامي، القاهرة، ٢٠٠٦.**

**– سوزان القليني، تكنولوجيا الأتصالات و نظم المعلومات، دار النهظة العربية، القاهرة، ١٩٩٩.**

# کۆمەڵێک شیعری عاشقانەی میسری کۆن

هاشم سەڕاج

«هەروەک شەراب لە ئاودا» ناوونیشانی کتێبێکە و کۆمەڵێک تێکستی شیعری سەردەمی فیرعەونەکانی میسری دێرینی لەخۆ گرتووە، یان چامەگەلێکی لیریکی و ئیرۆتیکی بە چەند هەزارساڵێک بەر لە دایکبوونی «مەسیح» لە ڕووی پاپیرۆس و لەسەر گۆزەڵەی گڵین و دیواری بەردینی ئەشکەوتەکانی میسر نووسراون، خاتوو «بەیان عەزیزی» ئەم کتێبە بەنرخ و دەگمەنەی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە پێشەکییەکی کورتیش زانیاریگەلێکی زۆری دەربارەی ژیاری فیرعەونەکان و چۆنیەتی پەرستنی خوداوەندەکان و تەقسی مەرگ و مۆمیاکاری و جیهانی دەقە شیعرییەکان و خەتی «هیرۆگلۆفی»ی خستۆتە ڕوو، ئەگەر بە وردی لە فەزای ئەم شیعرانە ڕامێنین، هەست بە نەوای حەزو ئارەزوویەکی ئاگرین دەکەین بەو پەڕی شەیدایی لە ڕوحی تێکستەکانەوە هەڵدەقوڵێت و گوزارە لە چرکەکانی عیشق و ئیرۆتیک دەکات، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لەلایەن کچە شاعیرانی سەردەمی «ئەخناتوون» و «نەفەرتیتی» و «تووتان خاموون» و «سەرخاخان» نووسراون، کە هەریەکێک لەم «شا» و «شابانوو»یانەی ئەوکاتە خوداوەندێکی تایبەتیان پەرستووە، لەوێ لەسەردەمی فیرعەونەکان و شاری میسردا، مرۆڤگەلێک پێش چەند هەزار ساڵێک لە دەشتە بەپیتەکاندا کاری کشتوکاڵییان ئەنجام داوەو شەوانەش لە مەیخانەکانی کەناری ڕووباری -نیل-دا شەرابیان نۆشیوەو کچان و کوڕانیش لە مێرگ و دەشتاییەکان عاشقانە ژیاون و لە چرکە ئیرۆتیکییەکاندا ڕوح و جەستەیان ئاوێزانی یەکدی کردووە، بۆیە زمان لەم تێکستە شیعرانەدا لە کۆمەڵێک هێمادا چڕکراوەتەوە و چەندین کۆدی تایبەتیشی خوڵقاندووە، هاوکات دەقەکان زیاتر هەستەکی و ئیرۆسی و ئێستێتیکین و سەرتاسەری ژیان لە ئیقاعە خرۆشاوەکانی جەستەدا کۆدەکەنەوە و عیشق و بەختەوەریش لە چرکە



ئیرۆتیکییەکاندا دادەگیرسێت و چەمکی شیعر لە جوانییەکانی جەستە و هێزە بە پیتەکانی سروشت سەرچاوە دەگرێت و بەچێژ و چەشەوە لاوژە حەسرەتاوییەکانی دەچڕێت و عیشق و سێکس چوون خەسڵەتی بەخشندەیی- ئاو- گوزارەیان لێدەکرێن و بوون لە میان گەمە لەززەتاوییەکانی جەستە پێناسە دەکرێت، هەروەها کەناری ڕووبار و باخ و دارستانەکان هەمیشە جێ ژوانی کچ و کوڕ، یان دڵدار و دڵبەرەکان بووە و عیشق و ئیرۆتیکیان تێدا ئەنجام داوە، لەم تێکستە ئیرۆسییە وا لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو، کچێکی شۆخ لە ڕووباری- نیل-دا مەلە دەکات و جوانییەکانی جەستەی نیشانی دڵدارەکەی دەدات و بەشەیداییش داوای لێ دەکات خۆی بخزێنێتە نێو ئاوەوە تا یارییەکی ئیرۆتیکی ئەنجام بدەن و چێژ لە چرکە کەمخایەنەکانی خۆشی وەربگرن.

**مەلەکردن لەبەرچاوی تۆدا**
**دەرفەتێکە و بەختێک**
**کە من چاوەڕوانی بووم**
**بۆ پیشاندانی جەستەم**
**بەو چاوانەی پێم هەڵدەڵێن**
**جلی مەلەکردنی من لە باشترین پارچەکانە**
**ناسکترە لە حەریر**
**تەڕم ئێستا لە ئاو**
**هەستێکی شەفاف و سەیر**
**جەستەمی داگرتووە**
**ئیزن بدە بێنە ژوورەوە**
**من تۆم چەندە دڵرفێن دیوە**
**من مەلە دەکەم و دوور ئەبمەوە**
**بەلام**
**زوو دەگەڕێمەوە**
**ئاوت پیا دەپرژێنم و دەتریقێمەوە**
**بۆ هاتنە نێو ئەم میوانیەتانەوە**
**هەزار بیانوو دێنمەوە**
**بروانە! ماسییەکی سوور لە بەینی سەرپەنجەکانمدایە**
**ئاها چۆن دەڕوا**
**بۆ ئەوەی، باشتر بیبینیت،**
**لێم نزیک بەرەوە!**

ئیرۆسیەت لای «فرۆید» چالاکییە سێکسی و عاتیفییەکانی جەستەیە و بەغەریزەی ژیانیش ناوزەدی دەکات، ئەوە ئیرۆسە هێزی عیشق و چێژی جوانی جەستە و ئارامی و ئاسوودەیی ژیاندۆستیمان پێدەبەخشێت، هەر ئەو هێزە سایکۆلۆژی و شاراوەیەش تاقە وشە و مۆرفیمە جۆراوجۆرەکان لە ناوکۆیی ڕستەدا بە بارگاوی کراوی ڕووەو لێکترازانی شیعرییەت ڕادەماڵێت و نیشانەکانی چێژ و ئازار لە تاقە مۆرفیمێکدا ئاوێتەی یەکدی دەکرێن، بۆیە ئیرۆس وەک هێزێکی دەروونی و لاوژەکانی خەیاڵگە، پانتاییەکی لە ڕادەبەدەری لە کتێبی عاشقانەی «هەروەک شەراب لە ئاودا»ی داگیرکردووە. زۆربەی تێکستەکان بەحەز و ئارەزووی ژیاندۆستی و چێژی ئاگرینی ئیرۆتیکی نووسراون و بە ڕاشکاوی حەزو ویستە شاراوەو چەپێنراوەکانی نێو دڵ و دەروون خراونەتە ڕوو، بۆیە ئەدەب لای «فرۆید» [دەربڕینێکی شاراوەیە بۆ ئەو ئارەزووە کپکراوانەی لەوە پێش بواری دەربڕین تێرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتووە]، بەلام ئەم حەز و ئارەزووە ئیرۆتیکییانەی مرۆڤ لە تێکستە شیعرییە فیرعەونیەکاندا بە ئاشکرا گوزارەیان لێ کراوە، ئەم حاڵەتەش پێوەندی بەو سەردەمەی کۆمەڵگەی سەرەتایی و لیریکییەی مرۆڤایەتییەوە هەیە کە تێیدا چەمکی عیشق و سێکس و هۆگری چوون خەسڵەتی بەخشندەیی ئاو بە زولالی و خۆرسکی لە دڵ و دەروون و زەینەوە هەڵدەقولا و جەستە بەرانبەر نهێنییەکانی سروشت سەمای دەکرد و ڕوح گۆرانی دەچڕی، جارێ دەسەلاتی نەبینراوی ئایین و مۆرال و دابونەریت بە تەواوی خۆی نەسەپاندبوو تا ئاگری حەزو چێژو ئاسوودەیی خامۆش بکرێت، عیشق و ژیان مانەندی ئاو و شەراب ئاوێتەی یەکدی ببوون و سروشتیش بەسەرجەم دنیا جوانەکەی باوەشی بۆ مرۆڤ ئاوەلا دەکرد:

**ژن:**
**لای تۆ لە «مێرتۆ»**
**دەڵێی لە «هێلیۆ پۆلیس»م**
**دەگەڕێینەوە بۆ ئەو باخە پڕ درەختە**
**باوەشێک گوڵ دەچنین**
**خۆم دەبینمەوە لە ئاوێنەی ئەستێلی ئارامدا**
**باوەشم پڕە لە گوڵ**
**دەتبینم بە ئەسپایی دێیت**
**بۆ ماچکردنم لە پشتەوە دێی**
**پرچەکانم نوقم دەبن لە عەتردا**
**دەستی تۆ ئاڵقە دەبێ لە کەمەرم**
**ئەگەر وابێت**
**هەست دەکەم یەکێک لە فیرعۆنەکانم**

ئیرۆس بزوێنەری سەرەکی نێو تێکستەکانە و بەشێوازێکی لیریکی حەز و چێژ و ئارەزووەکانی مرۆڤ و مەرگەساتە شاراوەکانی بوون دەخاتە

ڕوو «ئیرۆس هێزێکی ڕوحییە، کە شەیدای جوانییە، ئەو هەستە ڕوحییەش هەستێکی خوداوەندانەی شێتانەیە» ئیرۆس لای- نیتشە- لە تراژیدیادا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوە تراژیدیایە کە مرۆڤ هان دەدات تاموچێژی خەیاڵە بەرزەکان بکات، ئیرۆس بەندە بە خودی هەستی ژیان، بەدیدی نیتشە جەستەش هەر ڕوح دەگەیەنێ، ڕوحی هەڵوەدا هەمیشە لە بەرانبەر کەڤاڵی جوانیدا ئاسوودەییەکی نیگەران و غەمگینییەکی قووڵ دایدەگرێت و بە هەستێکی نهیلیستی چێژ لە پرشنگە ئاڵۆز و جوانەکانی جەستە وەردەگرێت، چێژێک وەک لەتە حەشیشێکی ئێستێتیکی پەرشی نێو دڵ و گیان بێت و سەرلەبەری بوون مەست بکات، یان مانەندی حەزێکی شاراوەی ئیرۆتیکی بڵاوەی پانتایی تێکست بێت و کەینوونەی زمان بەرەو مەستی و لێکترازانی شیعرگەرایی و ماسکی ئێستێتیکی بەرێت.

**عەشقی تۆ**
**لە جەستەی مندا بڵاوە دەکات**
**هەروەک شەراب لە ئاودا**
**شەراب و ئاو**
**کە چۆن ئاوێتە دەبن**

جوانی هەمیشە ڕوح پرووکێنە و هەستێکی نادیار دەوروژێنێت پڕاوپڕ لە پرشنگەکانی ترس و ئیرۆتیک و خەفەت و ئارامی، یان هەستێکی شینی ئاڵۆز و ئاوێتە گوزارە لە چێژەکانی دڵنیایی و غەمگینی وجوود دەکات.. نەخاسمە ئەو چرکەساتەی کە ڕوخساری درەوشاوەی «یار» دەردەکەوێت، زمان توانستی دەربڕینەکانی لە دەست دەدات، چاو هێزوتینی بینایی.

**دیتنی ئەو**
**سەیرکردنی کاتێ دێتە پێشەوە**
**ئەم جۆرە جوانییە**
**چ خۆشییەکە لە دڵی مندا!**
**زەمان هەرگیز ناتوانێ لێم بستێنێتەوە**
**ئەو دیارییەی ئەو لەگەڵ خۆی**
**بۆ منی هێنا**

ڕەگەزەکانی سروشت و باڵندە کێوییە جۆراوجۆرەکان بەشێکی زۆریان لە پانتایی تێکستەکاندا داگیرکردووە، بۆ نموونە ڕووبار و چەم و کەنار و شەپۆل، دەشت و مێرگ، کازیوە و چێشتەنگاو، قاز و قورینگ و پەرەسێلکە و مراوی کێوی، کەواتە پرۆسەی نووسین لە کۆمەڵگەیەکی دێرین و سەرەتاییدا هەوڵی داوە لە ڕێگەی وشەگەلێکی سەر بەرەگەزەکانی سروشت و دنیای باڵندە و ئاژەڵ و ڕووەکی جۆراوجۆرەوە حەز و سۆز و مەینەت و ئارەزووە ئیرۆتیکییەکانی مرۆڤ بەشێوازێکی لیریکی دەربڕێت و چەمکی عیشق و ژیاندۆستی لە ڕوحی بوونەوەرەکاندا بدرەوشێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی دەقەکان بە ڕوحێکی کەرنەڤاڵی نووسراون و تێیاندا جەستە بەلەنجەوە جوانییە شاراوەکانی و چێژە ئیرۆسییەکانی دەردەخات، زۆرجاریش جیابوونەوەی دڵدار و دڵبەر مەینەت و پەژارەیەکی قووڵی لێ دەکەوێتەوە و دڵبەر ئامادەیە دووبارە درێژە بەکردەکانی عیشق بدات و ڕووبەڕووی دڵدارەکەی ببێتەوە.

**لە خەمی لە دەستدانی عەشقێک**
**نیوەی پرچەکانم وەرین**
**من بەڵام**
**پرچەکانم دەهۆنمەوە و زیوەری**
**تازەی پیا دەکەم**
**ئامادەم**
**ئاخۆ دیسان چی ڕوویدات...**

برێک جار کردەی عیشق لە تێکستەکاندا دەگاتە ڕادەی پەرستن و کۆیلایەتی و حاڵەتە شاوەتی و ئێستێتیکییەکانی- داندی- ئەوە - ئیرۆس-ە وا لە مەعشووق دەکات چێژ لە عەتری پۆشاکی عاشق وەربگرێت و بە ئاستی پەرستن شەیدای بۆنوبەرامەی جەستە بێت.

**ئەگەر بۆ مانگێک**
**جل شۆری ئەو بوومایە**
**دەمتوانی لە جلەکانی بشۆرمەوە**
**من دەتوانم**
**بە کەمتر لەوانەش ڕازی بم**
**ئەگەر تەنیا**
**ئاڵقەیەک بوومایە یان نیشانەیەک**
**بەسەر پەنجەیەوە.**

ژیان لەم تێکستانەدا ئاوێتەی عیشق و جوانی و شەراب و چرکە چێژ بەخشەکانی جەستەو ئیرۆتیکایە، کوڕ بەشێوەیەک شەیدای کچە حەز دەکات لەنێو ڕوح و جەستەیدا بتوێتەوە، کچیش بە هەمان شێوە، بۆیە ئەوەی سەرنج دەدرێ زۆربەی دەقەکانی ئەم کتێبە لە ڕێگەی هێزی ئاگرینی عیشقەوە نووسراون و زمان بەوپەڕی ئازادی گوزارەی لە جوانییەکانی جەستەی یار و ئەنگێزە سێکسییەکان کردووە، بەتایبەتی ئەو چرکەساتە ئیرۆتیکیانەی کە ڕوح بەچێژە سێکسییەکان و نەشئەکانی شەراب

مـەست و مـەنگە و جـەسـتــەش بە شاوەتەکانی ئیرۆس.

**کوڕ دەڵێ:**

**ئەم بیرە چ تامێکی خۆشی هەیە**
**کاتێ بەلای ئەوەوە**
**دانیشتووم و دەستەکانم**
**نەوازشتی دەستەکانی دەکات**
**سروە هەڵدەکات**
**ئەو کاتەی دڵم ئاوا دەڵێت:**
**«بێڵە پێکەوە سەرخۆش ببین**
**بەم شەرابە**
**چونکە خواوەندەکان**
**منیان بۆ تۆ**
**موقەدەر کردووە»**

هەڵبەتە لە ئەدەبیاتی فیرعۆنەکاندا وشەی- خوشک- لە بری وشەی -یار- بەکارهێنراوە، بۆیە لە شیعرەکاندا دڵدار بە خوشک بانگی یارەکەی دەکات

**شاعیر**

**کاتێک دەبینە ماڵی خوشکەکەتەوە**
**لەو زەمانەدا کە بەتەنیایە**
**حەزی سووتێنەرت دامرکێنە**
**لە داوی عەشقی ئەودا ئارام بگرە**
**شنەبایەکی خۆش لە ماڵەکەدا هەڵدەکا**
**ماڵەکە ڕووناک دەبێت....**

وشەی -برا-ش بەهەمان شێوە لە بری دڵدار بەکار بردراوە.

**کیژ**

**دەنگی باڵندە دەڵێت**
**«ڕۆژ گەیشتە کۆتایی**
**ئەی کەی دەگەڕێتەوە؟»**
**بێدەنگ بە باڵندە، سەرکۆنەم مەکە**
**دۆزینەوەی براکەم لە جێوباندا**
**دوو ئەوەندە دڵم شادمان دەکات**
**هاودەنگ پێکەوە بڕیار دەدەین!**

**کوڕ**

**خوشکەکەم، یارەکەم هاتووە بۆ لام**
**دڵشاد بووم**
**ئامێز دەکەمەوە**
**کە تێر لە باوەشی بگرم**
**دڵ لە سینەمدا وەها گەرم و سەرخۆشە**
**وەک مەلەی ماسییەکی سوور**
**لە حەوزێکدا**
**ئای... شەو تۆ هەمموو هی منی**
**چونکە یارە دڵفڕێنەکەم**
**عاشقانە هاتووە بۆ لای من**

تا دێ توخمەکانی سروشت و ڕووەک و گژوگیاو دار و درەخت و جۆرەها گوڵ مامەڵەی شیعریان لەگەڵدا دەکرێت و ئاوێزانی بنیادی تێکست دەکرێن، بەتایبەتی لە لاوژەکانی- باخ-دا. وەک دارهەنار، دار هەنجیر، نێلۆپەر، دارچنار، لاولاو، دار خورما، گوڵە باخ، گیا، مێهرگیا، گیای تێت، کافیشە، گوڵەهاتی،...... هاوکات لە ڕێگەی عیشق و جوانی و ئیرۆتیکاوە ڕوح چێژەکانی جەستە و نیگەرانییەکانی بوون و حەسرەتەکانی دابڕان دەنووسێتەوە و دەقەکان لە چەپکێک ستران دەکەن کە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن و ئاراستەی چرکە خۆشەکانی ژیان و مەینەتەکانی زەمان دەکرێن.

**کیژ**

**دڵی من نیوەی دڵی تۆی لەخۆ گرتووە**
**ئەو کاتەی لە باوەشی تۆ دام**
**هەرچیت بوێ بۆت ئەنجام دەدەم**
**دوعاو نیاز ئارایشتی چاوەکانمە**
**دیداری تۆ ڕووناکی چاوم**
**لێت نزیک دەبمەوە باش ببینم**
**ئەو عەشقەی من کە لە دڵتدایە**
**پاشا و ئەمیری دڵم، یارەکەم**
**چەن خۆشن ئەو کاتانەی**
**لەگەڵ تۆ بەسەریان دەبەم**
**لەو کاتەوە بۆ یەکەم جار پێکەوە خەوتین**
**زەمان بۆ هەمیشە لای من ڕاوەستاوە**
**چ لە خەمدا و چ لە چێژ بردنەکاندا**
**تۆ دڵی منت یەکجار بەشکۆ کردووە**
**هەرگیز جێم مەهێڵە**
**تکا دەکەم**
**هەرگیز**

**سەرچاوە**

**ناوی کتێب: هەروەک شەراب لە ئاودا**
**بابەت: شیعر**
**وەرگێرانی: بەیان عەزیزی**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٨**
**کوردستان: سلێمانی**

# ڕێسا
# بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی

جەلال سنجاوی




«ئەلفوبێ کلیلی خوێندنەوە و نووسینە، نووسینیش دەفری زمان، ڕۆشنبیری، کەلەپوور و مێژووە، زمانی دایک کە ناسنامەی نەتەوەییە، بۆ کورد زۆر گرینگ و ژیوەرییە و بابەتێکی فرە هەستیارییە و پێویستە بە هەند هەڵبگیرێ و بایەخی پێبدرێ بە ئومێدی گەیشتن بە زمانی ستانداردی کوردی- زمانی یەکگرتوو- ئەم کتێبە هەنگاوێکی کارایە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، خاڵی سەرەتاییە بۆ خوێندنەوە و گەیشتن بە دیالێکتەکەی دی، بەرەو زمانێکی یەکگرتووی خاوەن یەک ئەلفوبێ، بۆ ئەوەی لە ئێستا و داهاتوو یەکتر بخوێنینەوە و نەوە دوای نەوە کولتووری نەتەوەییمان دەوڵەمەندتر بێت» پێشەکی ئەو کتێبە کە لەلایەن (محەمەد وەسمان) نووسراوە بەم پەیڤانە دەست پێدەکات.

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە. لەم ماوەیەدا کتێبی: (ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی) لە دوو توێی (٧٨) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ و لە ئامادەکردنی «محەمەد وەسمان» لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێری پایتەخت چاپ و بڵاوکرایەوە و کەوتە بەر دیدی زمانزانان و ئاشقانی ڕێنووسی لاتینی و کەلێنێکی لە کتێبخانەکان پڕ کردەوە. هیوادارین ئەم کتێبە هەنگاوێک بێت بۆ هێنانەدی هیوایەکان، چونکە ئامانجی سەرەکی لە چاپدانی بۆ خزمەت کردنی زمانی شیرینی کوردی و منداڵە ڕوح سووکەکانی کوردە، هەرچەندە ئەم ئەلفوبێیەش وەک ئەلفوبێیەکانی دیکە بێ کەموکورتی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا فێربوونی پێویستە بۆ ئەوەی لەم کەلەپوورە ڕەسەنە دانەبڕێین کە بەم ئەلفوبێیە دەنووسرێت، بۆیە هەموومان بەیەک دەنگ کۆکین لەسەر ئەوەی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ببێ بەوانەیەک و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت، چونکە تەنیا پیتە لاتینییەکان دەتوانن دەنگ و فۆنیمەکانی زمانی کوردی

وەک خۆیان بگوازنەوە سەر کاغەز و کێشەی شێوەزاری پارچەکانی کوردستان چارەسەر بکات و زمانی یەکگرتووش لە دایک ببێ، ئێ خۆ هەتا سەریش کوردستان هەروا بە پارچە پارچەکراوی نامێنێتەوە و زوو، یان درەنگ کوردستانی گەورەی یەک پارچە هەر دروست دەبێ، ئەوکات کێشەی ڕێنووسی کوردیمان نابێ، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زمانی کوردی زمانێکی بێ کێشە و گرفتە، بەڵام پیتە عەرەبییەکان گیروگرفتی بۆ دروست دەکەن، بە تایبەتی لە ڕێنووسی زاری کرمانجی ژووروودا. لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی دوو منداڵە کورد (کوڕ و کچ) دەبینرێ کە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییان پۆشیوە و بەڕاوەستاوی کتێبی (ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی) دەخوێننەوە، ئەمەش بەڵگەیە کە بۆ ئەوەی کورد چەند پەرۆشە بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی.

لەم بارەیەوە نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: «شایانی باسە (عەبدوڵلا جەودەت- ١٨٦٩-١٩٣٢) لە گۆڤاری ڕۆژی کورد ژمارە یەک ساڵی ١٩١٣ داوای بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی کردووە، بە هەمان شێوە (شوکری فەزڵی) لە گۆڤاری (لغة العرب) لە ١٩١٣دا بە پیتی لاتینی وشە کوردییەکانی نووسیوە، هەروەها مێجەرسۆن لە ١٩١٣ کتێبی ڕێزمانی کرمانجی بە پیتی لاتینی نووسیوە، سەرەڕای هەوڵی کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی (پێشوو)، بە تایبەتی قەناتی کوردۆ و حاجی جندی کە لە ساڵی ١٩٣١ (کتێبا ئەلیفبا)ی دانا»ل٤.

ئاشکرایە پرسی بە لاتینی کردنی ڕێنووسی کوردی بەر لە پتر لە نیوسەدە لەسەر دەستی (میرجەلادەت عالی بەدرخان) لە ولاتی شام هاتە ئاراوە، ئیدی بەم داهێنانە زمانی کوردی بە تایبەتی زاری کرمانجی ژوروو لە کۆمەڵێک گیروگرفتی ڕێنووسی و زمانەوانی ڕزگار کرد و هەر خۆیشی لەگەڵ میرانی بنەماڵەکەیدا کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاوکراوەی وەک: (هاوار، ڕۆناهی، ستێر، ڕۆژا نوو..تاد) بەم ڕێنووسە دەرکرد و شۆڕشێکی بلاوکردنەوەی کوردی لە ولاتی شامدا بەرپاکرد کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش بڵێسە گڕە نارنجییەکەی لە برەو دایە.

لە بارەی بیرۆکەی دارشتنی ئەم پیتانە و بەلاتینی کردنی ڕێنووسی کوردی، میرجەلادەت بەدرخان دەفەرمووێ:

«ئەم ئەلفوبێیەی لە ئارادایە و پێی دەنووسین لە ئاکامی کۆششێکی زۆرەوە لە ساڵی ١٩١٩ هاتۆتە ئاراوە، لەو کاتەی بە چیاکانی (مەلاتیە)دا ڕەت دەبووین لەنێو ئێلی ڕەشوون، عەقیدی ئینگلیزی (میجەر نوئیل)مان لەگەڵدا بوو کە دیالێکتی سۆرانی دەزانی، لە هەمان کاتدا خوازیار بوو دیالێکتی کرمانجی بزانێت، لەبەر ئەوە هەر وشەیەکی ببیستایە دەینووسییەوە، منیش لای خۆم دەمنووسییەوە، چ پەندی پێشینان بوایە، یان چیرۆکی کوردی، هەندێ جار بەیەکەوە دەمانخوێندەوە بۆ بەراورد کردن، تێبینی ئەوەم کرد (عەقید نوئیل) دەستنووسەکەی لەمن ڕەوانتر دەخوێندەوە، بەڵام من لە دەربڕینی هەندێ لە پیتەکان تووشی گرفت و دژواری دەبووم، کەچی ئەو زۆر بەجوانی وشەکانی دەردەبڕی، ئەوەیان هانی دام لە هۆی ئەم دژوارییەم بکۆڵمەوە، دواتر بۆم دەرکەوت کە نهێنییەکە لەوەدایە (نوئێل) بە پیتی لاتینی دەنووسێت، بۆیە بە ئاسانی بۆی دەخوێندرێتەوە، منیش کە پیتی عەرەبیم بەکارهێناوە وانەبووم، لەبەرئەوە بڕیارم دا ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئامادە بکەم.»

هەروەها (محەمەد وەسمان) ڕۆڵی جوامێرانەی زانایانی ڕۆژهەلاتناس و دۆستی کوردانی فەرامۆش نەکردووە کە لە قۆناغی پێش میر جەلادەت بەدرخان و پاش ئەم زاتەش بە کوردەوە هەوڵ و کۆششی سەرکەوتنیان داوە و تارادەیەکی گونجاو ئامانجەکانیان پێکاوە، بۆ نموونە «ئەگەر بایەخدانی گارزۆنی M-Garzoni لە ساڵی ١٧٨٧دا بەزمانی کوردی بە سەرەتای دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی دابنرێت بە کتێبەکەی لە مەڕ ڕێزمانی کوردی و بایەخدان بە نووسینەوەی زمانی کورد و فۆنەتیکی زمانی کوردی و دروست کردنی ئەلفوبێی گونجاو لەگەڵ دەنگەکانی، دەکرێت بە سەرەتای بایەخدان بە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی بژمێردرێت».

کەچی لە شوێنێکی دیکەدا نووسەر دەڵێ:

«ڕێڕەوە سەرەتاییەکانی دارشتنی

ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی زانای زمانزانی ئەرمەنی (مورگولوف درەسپیان)ی دۆستی کورد کە ئەلفوبێیەکەی لە ساڵی ١٩٢١ دانا بۆ ئەو کوردانەی لە کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتیدا بوون و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ کە بە فەرمی ڕێگایان پێدرا لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بەزمانی کوردی بخوێنن، ئەم ئەلفوبێیە کاری پێ دەکرا».

هەر لە پێشەکییەکەدا لە (ل٥) نووسەر دەڵێ:

«لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین سەرکەوتووترین ئەلفوبێ ئەوەیە کە لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی زمانەکە دامەزرابێت و پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین) ئەم فۆنیمانەی لە زمانی کوردی دەست نیشان کردووە..».

هەروەها باسی فۆنیمەکان و پیتە بزوێنەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لە ڕستەکاندا کراوە و چەند نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، پاشان لە لاپەڕە (١١، ١٢، ١٣، ١٤) پیتە لاتینییەکان بە هەردوو شێوەی گەورە و بچووک (کەپیتەڵ و سمۆڵ) نیشان دراوە بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ و بەرانبەر هەر پیتێک وێنەیەکی گونجاو بە پیتەکە کراوە لە خشتەیەکی ڕێکوپێکدا کە هەر خشتەی هەشت پیت بە وێنەوە لەخۆ دەگرێ، جگە لە خشتەی لاپەڕە (١٤) کە حەوت پیتی تێدایە، بەم جۆرە ژمارەی پیتەکان دەگاتە (٨+٨+٨+٧= ٣١) پیت.

دوا بەدوای خشتەکان، لە لاپەڕە (١٥ هەتا لاپەڕە ٥٠) پیتەکان بە هەردوو شێوەی گەورە و گچکە نووسراون و بۆ هەر پیتێک بە وێنەکانییەوە لاپەڕەیەک تەرخان کراوە. پاش ئەوەی خوێنەر بە پیتەکان و شێوەی بەکارهێنانیان لە ڕستەکاندا ئاشنا دەکات، ئینجا (محەمەد وەسمان) لەلاپەڕە (٥١ تاکو لاپەڕە ٧٦) چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی (حامدی ئوزبورت) بە دیالێکتی ژێری و ئەلفوبێی لاتینی دەنووسێتەوە بەناوی چیرۆکی (دیڤدیڤ- DIVDIV) چیرۆکەکە باسی لەوە دەکا کە:

(ڕۆژێک دیڤدیڤ و هاوڕێکانی دەچنە چیا بۆ دارهێنان، بەڵام دەکەونە قسە و باسان تا ڕۆژئاوا دەبێت، دنیا تاریک دادێت، ئیدی ڕێی خۆیان بزر دەکەن، ڕێگای گوندی ون دەکەن، لەناکاو ئەشکەوتێک دەبینین و بۆ شەو بردنە سەر دەچنە ناو ئەشکەوتەکە و پاشان دێوێکیان لێ بەدەردەکەوێت و دەیەوێ بەشەو بیانخوات، بەڵام ئەوان بە زیرەکی خۆیان دەتوانن ڕزگار ببن...تاد) لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکەکە و بۆ پتر سەرنج ڕاکێشان، لە هەر لاپەڕەیەک وێنەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ کراوە لە شێوەی ئەو وێنانەی لە گۆڤارەکانی منداڵاندا دەکرێن.

جێگای ئاماژەیە کە نووسەر لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا سوودی لە سایتە کوردییەکانی ئینتەرنێت وەرگرتووە بە تایبەتی سایتەکانی:

www.dibistanikurdi.com

www.kurdistanweb.org

هەروەها سوود لە کتێبی هەڵبژاردە لە ئەلفوبێی کوردی کرمانجی (kirmanci) بەشە چیرۆک وەرگیراوە کە سایتەکە لە ئامادەکردنی کەمال ماڤانە و فیرۆز ماڤانەیە. جگە لەوەش وانەکان لە سایتی ئەلفوبێ لە فێرگەی کوردی وەرگیراون کە لینکی کرمانجی باشووری سایتی دبستانی کوردییە و لە ئامادەکردنی (ڕێواس ئەحمەد و میران ئەمین و ئاسۆ گەرمیانی و سەرکۆ ئەمین)ە.

# فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

## ئەدەبی شوانکارە– Pastorale

لە ئەدەبی جیهانیدا کە باس لە ئەدەبی شوانکارە دەکەین، ڕاستەوخۆ سەرنجمان بۆ تیۆکرات–Theocrite و ڤیرژیل– Virgileی سەرەتای هەزارەی یەکەمی زایینی دەڕوات، بەڵام گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشەی ئەدەبیاتی شوانکارە، کارێکی ئەوەندە سادە و سانا نییە، ئەدەبی شوانکارە، وەک دیاردەیەکی ئەدەبی و هونەری و زمانەوانی، ڕەنگە بە هەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێین زیاتر وەک دیاردەیەک لەناو میللەتانی هیند و ئەورووپایی– کە کوردیش دەگرێتەوە هەیە، یەکێ لە خاسیەتە کولتوورییەکانی ئەوان بێ. لە بنچینەی سەرهەڵدانی خێڵ و کلان (خێزانی گەورەی فیۆداڵ) بە تایبەتی لەو جۆرەی لەناو میللەتانی هیند و ئەورووپایی هەیە و پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بە خاکەوە هەبووە، هێزی بەرهەمهێنان و مانەوەیان لەسەر خاک بووە نەک لەسەر پێوەندی خێڵایەتی، ئەدەبی شوانکارە وەک بەرهەم هێنان و جۆرێکی ئەدەبی میللی و سادەی ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەیە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی زانست و مۆدێرنیزم وردە وردە وەک جۆرێکی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردی نووسراو و نەنووسراودا لەناوچووە، ئەم جۆرە ئەدەبییە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری.

لە میتۆلۆژی یۆنانی کۆن، ئەپۆلۆ خوداوەندی لیر–lyre–ە (شەشتار) هێرمێس– Hermes خوداوەندی مەڕەکانی ئەرکادی– Arcadie–یە، بەڵام ئەرکادی بە گوێرەی «سروودێک بۆ هێرمێس» بە داهێنەری لیر–دادەنرێ، کە بەرانبەر بە «مانگا نەمرەکانی» وەک نرخێک بە براکەی داوە. لە ئیلیاد– Iliadeدا هاتووە ئەپۆلۆ شوانی مێگەلی لاوۆمێدۆن– Laomedon بووە، هەروەها هی ئەدمێت–یش بووە لەکاتی شوانیدا شمشاڵی ژەنیوە.

سەرەنجام لە ئەدەبیاتی زۆر لە میللەتاندا، ئەفسانە و بەیت و حیکایەت و فۆلکلۆر هەبووە. لە هەموو لایەکیش، لەناو ئەم ئەدەبیاتانەدا شوانەکان هەردەم شاعیر و موزیکژەنی نایاب بوونە.

بۆ یەکەمین جار خەسڵەتەکانی ئەدەبی شوانکارە لە سەدەی چوارەمی پێش زایین تا سەدەی یەکەم لەلای ئەسکەندەرییەکان دەردەکەوێ، هەڵبەت لە یۆنانی کۆندا، بەڵام گوایە ئەم خەسڵەتانە هێشتا کۆنترن و لە شیعرەکانی هێزیۆدۆس ئەم خەسڵەتانە زۆر دیارن کە باس لە ژیانی کشتوکاڵی و چاندن دەکەن. هۆمیرۆس لە داستانی ئیلیاد، گەلێک نموونە و خەسڵەتی شیعری شوانکارەی تێدایە. لە شانۆگەریشدا ئەم خەسڵەتە بەدەردەکەوێ، بە تایبەتی لە Cyclopo– ئۆرپیدۆس (Cyclope واتە کۆلۆسی یەک چاو)، هەروەها لە

(شـوون هەڵگرەکـانی)ی سـۆفـۆکلیس- Sopbocle. پێـوەندییـەکی بەهێـزیشی لەگـەڵ ئەدەبی (شـیـعـری) سـاتیـریکی و تراژیدی یۆنانی کـۆن هەیە، هەروەها لە هیندی کۆن، کریشنا بە یەکێ لە ڕوخسارەکانی شوانکارە دادەنرێ.

لە بارەی جۆری شیعری شوانکارە لە سەردەمی کـۆن زۆر نووسراوە و گـفـتوگـۆ کـراوە، هەندێک بە داهێنانی تیـۆکـراتی دەزانن، چونکە لەلای ئەو وەک جـەژنێکی ئایینی و مـیللی پیـشـان دراوە، شـوانەکـان لە دەورەی سەردارەکەیان دەخولانەوە، دواتر ئەم دیاردەیە لەلای زۆر لەوانەی لەپاش ئەو هاتوون دووبارە کـراوەتەوە، وەک هۆمیرۆس و ڤیرژیل.

لەسـەردەمی هاوچەرخـدا، لە ئەدەبیـاتی ئەوروپایی نوێدا، ئەدەبی شـوانکارە بایەخ و جـێگایەکی تایبـەتی وەردەگـرێ، بە تایبـەتی لە سـەدەی پازدە و شـازدە و حـەڤـدەمی زایینی، هەڵبـەت دوای ئەوەی لەلایەن هیومانیستەکان وەک دیاردەیەک کاری لەسەر دەکرێ و زیندوو دەکرێتەوە.

لە ڕووی تیـۆرییەوە ناکرێ ئەدەبی شوانکارە کـە زیاتر لە شیـعر و داسـتـانی شیـعـریدا بەرجـەستـە بووە، بە جـۆرێکی ئەدەبی سـەربەخـۆ لە قـەڵەمی بدەین، بەڵکو زیاتر وەک تایبەتمەندییـەک، ئەتمۆسـفێرێک، سیـمـایەک وایە، ئەمـەش دەشێ لەناو زۆر جـۆری دیکەی ئەدەبیـدا هەبێ، وەک داستـان، شیـعـری، گـۆرانی، حیکایەت، شـانۆگـەری بدۆزرێتـەوە. لەسـەدەی شـازدە کـۆمـەڵێک ڕۆمـانمان هەیە کـە ڕوخـسـارێکی دیار و بەرچاوی شـوانکارەییـان هەیە. وەک: لە ڕۆمـانی دیانا-ی مۆنتمایۆر- Montmayor، زۆری تر.

ئەدەبی شوانکارە لە ژینگەیەک دەدۆزرێتەوە و گەشە دەکا کە سروشتێکی ڕووت و قـووتە و هیچ دەسکاری نەکراوە، هێشتا شارستانی پێی نەگەیشتووە، سەر بە پێوەندییەکی ئایینی سادە و ساکارە. سروشت بە هەموو هێزی خۆی وەک ئیدیالێک تێیدا دەردەکەوێ. کە باس لە سـیـمـا و ئەتمۆسـفـێـری ئەدەبی شـوانکارە دەکـرێ، مەبەست لێی ئەوەیە سروشت و ئاشتی وەک دوو هاوواتا دەکەونە بەرانبەر یەکتری. ئەمەش زیاتر سـەرنجـمـان بۆ سروشتێکی دەسکاری نەکراو و سروشتێکی مرۆڤانەی سادە دەباتەوە کـە تەبایە لەگـەڵ خـۆی لەناو سـروشت. پاڵەوانی سەرەکی ئەدەبی شوانکارە، شوانەکانن، ئەمەش لە سادەییاندا کەسایەتییەکە مانای ناکۆکی و جەنگ و ڕاووڕووت نازانێ، کە ئەمەیان زیاتر لە شیعری تراژیدی و کۆمێدی و داستانەکاندا هەیە.

یەکـێکی تر لەو بابەتانەی کـە لە ئەدەبی شـوانکارەدا دەدۆزرێتەوە، بابەتی خۆشەویستییە، دەشێ بڵێین ئەدەبی شـوانکارە ئەدەبێکە تێـمی خـۆشـەویسـتی بابەتی سـەرەکـییـەتی. ئەم خـۆشـەویسـتـیـیـەش هەردەم وەک ڕەمـزێکی بێ تاوانی و سـادەیی سـەیرکـراوە. هەندێ جـاریش وەک ئازادییـەکی ڕەها لێکدراوەتەوە. گـەلێ جـاریش ئەم بۆچـوونـە بە دیاردەیەکی ئـۆتـۆپی لێکدراوەتەوە، بەو مانایەی ئەو ئازادییە لەسەردەمێکی زۆر دوور، بوونی هەبووە، سەردەمی زێڕینی مرۆڤـایەتی، کـە شـوانەکـان هەردەم وەک جیـهـانێکی لە دەست چوو سەیریان کردووە، بەو مانایەی ئۆپۆزیسیۆنێک نەبووە لە نێوان مانا و یاسا ئەخلاقییەکان، چونکە لەو سەردەمەدا شتێک نەبووە بەناوی یاسای ئەخلاقی. کەواتە ئەو بێ تاوانی و سـادەییـە کـە هاوواتای خـۆشـەویسـتی بووە، بوونی بۆ نەبوونی یاساکان دەگەڕێتـەوە. لەو سەردەمەدا شـتـێک نەبووە بەناوی یاسـا، یان چەمکی تەجـریدی یاسا، بەڵام ئەو جۆرە خۆشەویستـیـیـەی هەبووە هەردەم ناکۆکییـەکی لەپاڵ بووە، لەنێوان دووکەس و زیاتر بووە. خـۆشـەویسـتی شـوانەکـان هەردەم وێڕای ناکـۆکـیـیـەک گـەیشـتـۆتە ئەنجام، هەندێ جـاریش قـەت نەگـەیشـتـۆتە ئەنجام، سەرەنجـام وەک شیـعری لیریکی درێژەی بەخـۆی داوە.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەدەبی شوانکارە مێـژوویەکی هەیە، ئەمەش نەک هەر لە ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆری کوردیدا بە دەردەکەوێ، بەڵکو لە ئەدەبیاتی نوێشدا وەک سیـمـا و ئەتمۆسـفـێرک هەیە. بۆ نموونە لە چیـرۆکـەکـانی حـەسـەن قـزڵجی، بەتایبـەتی لە کـۆمـەڵە چیـرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا لە ڕۆمانەکـانی فـەتاحی ئەمیـری، عەزیزی مەلای ڕەش، لە شیعری سوارەی ئێلخانی زادە، هەتا لە شـیـعـری گـۆران و ئەوانەی دوای گـۆرانیش دەردەکـەوێ، لە کـۆنەکـان لەلای فـەقـێی تەیران و وەلی دێوانە و ئەحـمـەدی خانی، لە داسـتـانی مـەم و زین. لە ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆری لە هەموو بەیت و داستانە مـیللییـەکـاندا ئەم سیـمـاو ڕوخسارە دیارە. سـەرەنجـام ئەمڕۆ، دەشێ کەمێک سەختتر ئەم ڕوخسار و خەسڵەتە ئەدەبییـە بدۆزرێتـەوە، چونکە ژیانی نوێ و هێـرشی گۆڕانەکان و هێرشی مۆدێرنیزم زۆر فۆڕم و تایبەتمەندی ئەدەبی و کولتووری و شارستانی لەناو دەبا و دیاردەی تر جێگای دەگرێتەوە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی ١٤ ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ڕامان دەرفەتێکی وای ڕەخساندووە کە زۆرترین قەڵەمی جۆراوجۆر لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن

**هاشم سەڕاج**

گۆڤاری ڕامان پێی نایە چواردە ساڵی تەمەنی خۆی، یادگاریم لەگەڵ ئەم گۆڤارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە ڕازاوەیە، بۆ ژمارە (١)ی گۆڤاری -تێڕامان- دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە ئێوارە وەختانێکی درەنگ بوو، لە قاوەخانەی -مەچکۆ- دانیشتبووم، برادەرێک لەپڕ لە گۆڤاری تێڕامان دوا و منیش لەخۆوە گوتم تۆ بڵێیی ئەم پێشگری «تێ»یە زیاد نەبێت، ڕامان بە تەنیا جوانترە! ئەو دەمە گۆڤارەکە لە شارۆچکەی -پیرمام- بڵاودەکرایەوە، منیش لە هەولێر مانگانە موتابەعەم دەکرد، دواتر توانیم چەند تێکستێکی شیعریی تێدا بڵاوبکەمەوە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لەبارەی کۆمیدیای خوداوەندی دانتی ئەلێجیری کە بە سێ ئەڵقە بڵاوکرایەوە، لەوساوە پێوەندییەکی ئەدەبی و ڕوحیم لەگەڵ ئەم گۆڤارە دروست کردووە، ئێستاش مانگانە بەخوێندنەوەی کتێب و تێکستی شیعری بەشداری تێدا دەکەم، سەرەڕای ئەوەش دۆستایەتییەکی باشم لەگەڵ سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە هەیە، بۆیە زۆرجار بێ ئەوەی بەخۆم بزانم خۆم لە -تەلاری ڕامان-دا دەدۆزمەوە، بەردەوام لەگەڵ کاک - ئازاد عەبدولواحید-ی سەرنووسەر لە بارەی شیعر و ڕەخنە و ڕەوتی گۆڤارەکە دەدوێین. ڕامان مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە و تائێستا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دیزاینێکی تایبەت و لە کات و ساتێکی دیاریکراودا دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران، وێڕای بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی هەر ژمارەیەک لە سایتێکی تایبەت بە گۆڤاری ڕامان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، هاوکات ڕامان وەک گۆڤارێکی ڕۆشنبیری توانیویەتی زۆرترین تێکستی ئەدەبی لە شیعر و چیرۆکی کوردی و بیانی و توێژینەوەی ڕەخنەیی و بابەتی هەمەجۆری مەعریفی و ئەنجامدانی دیمانە و دیالۆگ لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیران بڵاوبکاتەوە و تینوێتی خوێنەران بشکێنێ. ڕامان هەمیشە هەوڵی داوە ئاستی ئەدەبی و هونەری خۆی بپارێزێت. کەم جار ڕێکەوتووە دەقی کرچوکاڵ ڕاستەوخۆ بەبێ فلتەری ئیستێتیکی و نرخ و بەهای ئەدەبیدا تێبپەڕێت، بۆیە دەتوانم بڵێم گۆڤاری ڕامان بەو ١٤٨ ژمارەیەی توانیویەتی تارادەیەکی باش بەشداری لە بووژاندنەوەی فەرهەنگی کوردیدا بکات، چونکە دەرفەتێکی وای ڕەخساندووە کە زۆرترین قەڵەمی جۆراوجۆر لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان بەشداریی تێدا بکەن.

لە کۆتاییدا خوازیارم ڕامان وەک پانتاییەکی ئیبداعی هەمیشە وەک ئێستای ڕووی لە کرانەوە و پێشکەوتنی ئەدەبی و هونەری بێت و تازەترین دەقی وەرگێڕدراو لە بواری شیعر و چیرۆک و تیۆری ئەدەبی، تێدا بڵاوبکرێتەوە و چەند لاپەڕێکی ڕەنگاوڕەنگیش بۆ کار و بابەتە هونەرییەکان تەرخان بکات.

**٢٠٠٩/٧/٣٠**

# نامەی ڕەفیق حیلمی بۆ دکتۆر مارف خەزنەدار

برای شیرینم کاک مارف خەزنەدار

ڕۆژتان باش

زۆر بەخۆشییەوە نامەشیرینەکەتانم خوێندەوە، باوەڕ بکە کە زۆر کەم هەلی وا پیرۆزم بۆ هەڵکەوتووە و نامەی وا بەنرخم بۆ هاتووە، ئەمەش بە پیرۆزی (طالع) دەژمێرم و خۆم بە بەختیار دەبینم کە لە نەدیدە دەتوانم هاوڕێ و هاوبیری وەکو ئێوە بۆ خۆم بدۆزمەوە و دڵ و هۆشی بەلای خۆمدا ڕابکێشم. بەڕاستی ئەو ساتەم لا زۆر پیرۆز بوو کە هاودەمێکی وەکو ئێوەم دۆزییەوە و لە دەفتەری چاو و سینەمدا جێگەم بۆ کردەوە. هیوام وایە کە ئەم برایەتییە زۆر بەهێز و بەردەوام بێت.. وتارە بەنرخەکانی کە لەو ڕۆژنامە خۆشەویستەکەی هەولێردا بڵاوی دەکەنەوە، تا بفەرموون جوانە و جێگەی سوپاسی هەموو کوردانە، بەتایبەتی بەندە زۆر بە ئیشتیاق دەیانخوێنمەوە، بەهەڵکەوت یەک دوو نسخە (ژمارە)ی نەگەیشتبووە دەستم و لای برای خۆشەویست کاک شێخ یووسف لەگەڵ باسی خزمەتی هونەروەرانەی ئێوە داوای ئەو ژمارانەم لێ کردبوو. زۆر زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەرکتان کێشاوە و بۆتان ناردووم. هەر کاتێک وەرم گرت، بۆت دەنووسم، ڕەنگە سبەینێش ژمارەیەک لە (دراسة في الشعر الكردي)تان بەناوی خۆتانەوە پێشکەش بکەم. هەرچەندە ئەمە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەچاپ دراوە و دوور نییە کە لەلای جەنابیشتان هەبێ و خوێندبێتتانەوە، بەڵێ هەرچەند شتێکی بەنرخیش نییە و ئەوە هەڵناگرێت کە بە دیاری بۆ ئەدیبێکی وەکو ئێوەی بنێرم، بەڵام چونکە نیشانەی دۆستی و برایەتی تازەمان دەبێت و بەتایبەتی بەناوی خۆتانەوە پێشکەش دەکرێت. هیوام وایە کە بە چاوی لوتف تەماشای بکەن و لە قوژبنێکی کتێبخانە بچووکەکەتاندا هەر بۆ یادەوەری و مێژووی برایەتیمان بیشارنەوە. لەوە زیاتر سەرتان نایەشێنم. بۆ هەموو ئەمر و سەفارشێکتان ئامادەم. بە ئیشتیاقەوە چاوەنواڕی (مەلحەمە)کە دەکەم. ئیتر خۆشی و بەرزی و پێشکەوتنتان ئامانجمە.

ئیحتراماتی تایبەتیم لە ڕووی لوتفەوە بە هەموو برادەران و بەتایبەتی بە کاک شێخ یووسف بگەیەنن ڕوحەکەم.

**ئیمزا**
**برای موخلیست**
**ڕەفیق حلمی**
**بەغدا ١٩٥٢/٨/٩**

**ئا: ڕامان**








# کتێبەکەت چۆن چاپ دەکەیت

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

دڵنیام بە خێرایی و بە پەلە پەل چاپکردنی کتێب هەڵەی تێ دەکەوێت، بەوەش کتێبخانەی کوردی ناشیرین دەبێ، یان بڕوا پێ بوونی وەک سەرچاوەیەکی زانستی لاواز دەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕەزمی ژیان خێرابووە، بەڵام پرۆسیسی کتێب چاپ کردن هێشتا هەر لەسەرەخۆیە، ئەم لەسەرەخۆبوونەش لەبەر پشتگوێ خستن، یان کەمتەرخەمی نییە، بەڵکو بۆ بە جوانی و پوختی و (کواڵەتی) باشی کتێبەکەیە.

هێشتا هیچ بیرۆکەیەکم لە بارەی چۆنیەتی پرۆسێسی کتێب چاپ کردن لە ڕۆژئاوا نەبوو، کە زانکۆی ئەلبیرتا دوای خوێندنەوەی کتێبەکەم لەلایەن دوو پرۆفیسۆری بواری ئەدەب و نووسینی تێبینییەکیان، ڕازی بوو لەسەر ئەرکی خۆیان بۆمی چاپ بکات، پەلەم بووم، وامدەزانی وەک خواردنی خێرا «فاست فود» کتێبەکەم زوو چاپ دەکرێت، بەڵام (ئیدتەر)ی چاپخانەی زانکۆ گوتی: «چاپ کردنی کتێب لێرە ساڵ و نیوێک تا دوو ساڵی دەوێت» بەوە زانیم خواردنی خێرا لە ڕۆژئاوا هەیە، بەڵام کتێب چاپ کردنی خێرا نییە. وشەی «ئیدتەر» ئینگلیزییە و بە ڕێنووسی کوردی نووسیومە، چونکە ئەو کارەی ئەو دەیکات نە (هەڵەبڕە) نە ئەوکەسەیە بە کتێبەکەدا دەچێتەوە، نە (محرری عەرەبیشە)، زۆر دڵنیاش نیم کە بتوانم ئەوەی ئەو کارە دەکات بە ئەندازیاری ساختومانی تێکستی بچوێنم.

دێمەوە سەر پرۆسێسی چاپ کردنی کتێبەکەم، «پیتەری ئیدتەر» ڕاستی گوت ئەوە ساڵێکە کتێبەکەم لە پرۆسێسە دواجار دراوەتە نووسەر و ئیدێتەرێکی نێونەتەوەیی بەناوی (ئانە) لە ئەفریقای خوارروو و تا دوا (ئیدتینگی) بۆ بکات و تێبینی خۆی بنووسێ و بۆ چاپخانەی بنێرێتەوە، منیش ئیش لەسەر تێبینییەکانی بکەم «ئەگەر هەیبێت» پێش چوونی بۆ پرۆسێسی چاپ کردن، جارێکی تر کتێبەکە دەدرێتەوە خۆم، نەوەک بمەوێ شتێکی لێ زیاد و کەم بکەم، ئینجا دەچێتە ژێر چاپ.

بۆ بەرگ «چاکەتی کتێبەکەشم» بە هەمان شێوە لەلایەن «دیزاینەری» پسپۆڕ ئیشی بۆ دەکرێت. دوای ئەو پرۆسێسە وردەی دەست کەسانی پسپۆڕ دڵنیام کتێبەکە بەشێوەیەکی زۆر جوان دێتە بازاڕ کە دڵم پێی خۆش دەبێت. یادەوەری و ئەو کتێبانەی زانیاری بنچینەییانەن بۆ نووسین (نەنفیکشن) بەو پرۆسە درێژخایەنەدا تێدەپەڕن، بەڵام چاپ کردنی شیعر و فەنتاسی (فیکشن) پرۆسەکەیان خێرایە، بەڵام زۆریش نا.